# گەلاوێژی نوێ

## گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕووناکبیریی

## بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژە

ژمارە (25) ساڵی 2001 ئازادی .. داهێنان .. عەقڵانیەت

**خاوەنی ئیمتیاز:**

بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ

**سەرنووسەر:**

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

**بەڕێوەبەری نووسین:**

لەتیف هەڵمەت

**دەستەی نووسەران:**

عەتا قەرەداغی سەڵاح محەمەد

**سەرپەرشتیاری هونەری:** بەختیار سەعید

**مۆتیف:** سەرچڵ شەوقی

**پەیوەندی لەڕێگەی سەرنووسەرەوە دەبێت**

**ژمارە یەکی گەلاوێژی نوێ لە (مایسی ١٩٩٧)دا دەرچووە**

ئەدرەس: سلێمانی – شەقامی سالم – بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ - ت: ٢٣٨٥٦

کلیلی گەلاوێژی نوێ لەسەر ئینتەرنێت: http://home.bip/hawre/


پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە: سەنتەری سلێمانی (تەلەفۆن ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٤) (فاکس ٠٠١٢١٢٨٩٦٣٣٠٥)

تایپی کۆمپیوتەر: سوڵماز ناسر – مۆنتاژو فەرز: (جلیل حسین) - چاپخانەی داناز – چاپی بەرگ: ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناو وڵات (١٠) دینار – بۆ هەندەران (٧) دۆلار

## بابەتەکانی ئەم ژمارەیە


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| رێبین رەسوڵ ئیسماعیل<br>ئەنترۆپۆلۆژیاو زمان | ٤ |
| بەختیار کەریمی<br>قوتابخانەی فرانکفۆرت | ٣٦ |
| ئەحمەد شەریفی<br>وشەی کورد | ٤٠ |
| کامیل محەمەد قەرەداغی<br>ئاوەزو رەوایی دەسەڵات لە بزوتنەوەی رۆشنگەریدا | ٤٤ |
| نیهاد جامی<br>نووسەرو نوسینەوەی زمان | ٥٤ |
| فەرهاد ئەکبەری<br>نەورۆز | ٦٥ |
| فوئاد تاهیر صادق<br>نەتەوایەتی نەك مۆزایەتی | ٧٤ |
| محەمەد عەلی قەرەداغی<br>مامۆستا حەسەنی عەلانی | ٨٣ |
| محەمەد کەریم<br>خوێندنەوەیەك بۆ کلیدەر | ٨٦ |
| کەیوان ئازاد<br>دەرکەوتنو بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستاندا | ١٠٥ |
| کەمال نوری<br>وتووێژەکەی بەڕێوەبەری شوێنەوارو روونکردنەوەیەك | ١١٢ |
| رزگار سەعید<br>قەیرانی رووناکبیریی | ١١٦ |
| عەتا قەرەداغی<br>پاڕانەوە لەئاو | ١٢٢ |
| حەسەن ئازدار<br>ئەفیونی ئاوێنە رەشەکە | ١٢٩ |
| نەسرین جەعفەری<br>ئاوێنە | ١٣٤ |
| رێبوار ژوان<br>ئیسماعیل | ١٣٦ |
| عەبدولکەریم شوانە<br>بەناوی خۆرەوە | ١٤٤ |
| عەبدولقادر سەعید<br>یەکسانی | ١٤٨ |
| عەبدوڵڵا ئەحمەد<br>ئەدرەسێکی سپی | ١٥٠ |
| دڵشاد خۆشناو<br>چاوپێکەوتنێك لەگەڵ محەمەد کەمانگەردا | ١٥٦ |
| شێنێ مەحمود<br>گفتوگۆی سەلمان روشدیو گۆنتەرگراس | ١٦٨ |
| مەم بورهان قانع<br>دیدارێك لەگەڵ فاروق عەلی عومەردا | ١٧٤ |
| سیروان هەورامی<br>لەگەڵ دەرهێنەرە ناودارەکانی جیهاندا | ١٩٢ |
| عومەر عەبدولکەریم<br>رۆژە رەشەکانی کورد | ٢٠٠ |
| دڵشاد مستەفا<br>یادەوەری بینین | ٢١٠ |
| کەنارەکان | ٢٣٠ |




وزەو توانای نووسەرو هونەرمەند بێسنوورە، هەموو کاتێ بیریان لای خەونەکانی ئایندەیانە، بۆ ئەو خەونانەو جێبەجێکردنیان بێئارامدەبن. نووسەر و هونەرمەند بێئارامییان چەند لە شتە تایبەتییەکانی خۆیان سەرچاوە بگرێت دوو ئەوەندە سەرچاوە لە چۆنیەتی مەیسەکردن و جێبەجێکردنی خەونە رۆشنبیرییەکان وەرئەگرێت. حەقە بەرامبەر ئەمە، خوێنەرو بینەرو گوێگر لە کاتی حوکمدان و هەڵسەنگاندا بە ئینسافەوە مامەڵە لەگەڵ بەهرەو وزەو داهێناندا بکەن و گەورەو بچووک مامناوەندی و گەشەسەندوو لەگەڵ یەکتر تێکەڵاو نەکەن.

لەم رۆژانەدا، ئێوارانێك ئەدیبێکی ناسراو بە تەلەفون گفتوگۆیەکی لەگەڵ کردین و لە میانەی قسەکانیا هاتە سەر بابەتێك پەیوەندی بە هەڵسەنگاندو جیاکردنەوەی تواناو داهێنانەکانەوە بوو وتی: جا ئێمە بە هەموو کەسێك کە لە سەرەتای یەکەم هەنگاویدایە بڵێین شاعیری گەورەو هونەرمەندی گەورەو چیرۆکنووسی گەورە ئەی بەو ئەدیب و هونەرمەندە بە توانایانە بڵێین چی کە تاقیکردنەوەیەکی زۆریان لە نووسین و هونەرو گۆرانییا هەیە.

جا قسەی ئەو ئەدیبە زۆر راستە، ئێمە ئەگەر بە گۆرانیبێژێك کە ساڵێك نابێت دەستی بە گۆرانی وتن کردووەو لەو ساڵەشدا شتی وای نەوتووە، ئەگەر بە گۆرانیبێژێکی وا بڵێین هونەرمەندی گەورەو کەڵە هونەرمەند، ئەی بە گۆرانیبێژێکی وەك سەید عەلی ئەسغەر و مەزهەرو عەلی مەردان بڵێین چی چ پلەیەك بۆ ئەوان بهێڵینەوە؟ گەورەیی پەیوەندی بەجۆری تەرحکردن و تاقیکردنەوەی درێژو هەمەچەشنەوە هەیە. هەر لێرەوەیە زۆرجار گوێگرو خوێنەر سنووری نێوان تواناکان دەسڕنەوە یاخود تێکەڵاوی دەکەن و لەو تێکەڵاوکردنەیشدا جۆرێك لە بێئینسافی بەرامبەر بە نووسەرو هونەرمەندە چاکەکان دەرئەچێت.

زۆرجار ستەم بەرامبەر داهێنەران و جیانەکردنەوەی داهێنانەکانیان لە بەرهەمی کەسانێك کە ئەوەندە بەهێز نین، لە لایەن نووسەران، چ رەخنەگر بن یا هەر ئەدیبی نێوەندە ئەدەبییەکە بن، روو ئەدات، زۆرجاریش لە گوێگرو بینەران و خوێنەرانەوە دەرئەکەوێ واتا لە جەماوەرەوە.

بێئینسافییە رەخنەگرو گوێگر بە باشی مەوداکانی تاقیکردنەوەی هونەرمەندێکی وەك بەهجەت یەحیا، یا دیاری قەرەداخی، دەستنیشاننەکەن ببورن کە ناوم هێنا، چونکە ئەم دووانە تاقیکردنەوەیان جیهانێکی تایبەتییە، تۆ هەستەکەیت لە پاڵ هەڵبژاردنی وشەی گۆرانییەکانیان و شێوازی تەرحکردنیانا رۆشنبیرییەك هەیە، کەچی سەما بۆ شتێکی ئاسایی دەکات ئەمە زەوقە، کەسانێك وادەڵێن، راستە زەوقە بەڵام زەوقێکی سەقەت.

بەڵێ ئەدیب و هونەرمەندی وا هەن ئەیانەوێ جیهانێکی تر بخەنە روو، بەڵام جەماوەر هەندێك جار دەیانەوێ رایانکێشنەوە بۆ باوەشی قاڵبە سواوەکە. ئەمەش جۆرێکە لە غەدرکردن و بە حاڵەتێکی دروست لە قەڵەم نادرێ.


سەرنووسەر

زمان بریتیه لە سیستەمێك ئاماژەو هێماو دالی ڕێکخراو، هەر ئاماژەو دالێکیش خاوەنی مانای دیاریکراوی تایبەتی خۆیەتی ولەسایەی نەسەقی دامەزراوی زمانەوە مانابەخشن و شێوازێکە لەشێوازەکانی دەربڕین و گەیاندن و تێگەیشتن لەنێوان مرۆڤداو تایبەتمەندیەکی مرۆڤایەتیانەیە.
لەبەر ئەوەی زمان مۆرك و سیمای مرۆڤ دیاری دەکات بۆیە بە بوونەوەرێکی زیندوو دادەنرێت، واتازمان بوونەوەرێکی زیندووە بۆخۆی لەسایەی مرۆڤەوە لەدایك دەبێت و سیستەمێکی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت و بەپێی ئەم سیستەمەش ڕەفتارو هەڵس و کەوت دەکات و بەپرۆسەی گۆڕانی بەردەوامدا تێپەڕدەبێت، مادامەکی زمان بوونەوەرێکی زیندووەو گەشەدەکات، ئەوە دیارە دووچاری مردن و فەنابوون و لەناو چوونیش دێت.
ئەوە پێناسەیەکی سادەی زمان بوو، بەڵام ئەگەر لەروانگەیەکی فەلسەفی قووڵەوە بڕوانینە زمان و بەدوای پێناسەیەکی پڕ چەمك و مانادا بگەڕێین ئەوە دیارە زمان سیستەمێکی ئاماژەکاری هەموو سروشتێکی فیزیاییەو لەکرداری چالاکی مرۆڤایەتیانەدا فرمانی مەعریفی و بەردەوامبوون بەدی دێنێت، دەکرێت زمان دوو جۆر یان دوو شێوەبێت، زمانی سروشتی و زمانی دەستکرد[1].
زمانی سروشتی زمانی ژیانی ڕۆژانەیە وەکو شێوازێك بۆ بەردەوامبوون لەنێوان خەڵك و شێوازێك بۆ دەربڕینی هزر بەکاردێت، زمانی دەستکردیش زمانێکە مرۆڤ بۆ خۆیان لەبەرهەندێك پێداویستی ژیاری تایبەت دروستیانکردووەو دایانهێناوە وەکو (زمانی ڕەمزی ماتماتیکی، زمانی تیۆرە فیزیاییەکان، سیستەمە جیاجیاکانی ئاماژەو ڕێنماییکردن ...... هتد).
زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لەسایەی پێشڤە

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

# ئەنترۆ پۆلۆژیا و زمان

چوونی بەرهەمی کۆمەڵایەتییەوە دێتە بوون و بەلایەنێکی دانەبڕاو لەلایەنی کۆمەڵایەتی، دادەنرێت، لەلایەنی فسیۆلۆژییەوە زمان وەکو سیستەمێکی دووەمی ئاماژەیی کاردەکات [٢]. زمان شێوەیەکە لەشێوەکانی بوونی هزرو شێوەیەکە بۆ دەربڕینی هزرولەهەمانکاتیشدا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لەپێکهێنانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەبەرئەوەی هۆشیاری لەنێو زماندا خۆی دەردەخات ئەگینالە دەرەوەی زمان و سیستماتیکی هێماکانی زمانەوە ئەستەمە بوونی بەرچاوو دیاری هەبێت، بۆیە هێمای زمانەوانی وەکو زاراوەیەك دەلالەت لەدالیك دەکات بەپێی سروشتی مادی و کۆمەڵایەتییەوە خۆی دەردەخات. زمان بۆئەوەی بێتەبوون لەیەککاتدا پێویستی بەکۆمەڵێك توخم هەیە ودەبێت ئەم توخمانە بوونیان هەبێت تا وەکو سەرجەمی ئەم توخمانە زمان پێکبهێنن، ئەم توخمانەش لەنێو گیاندارانداتایبەتمەندی مرۆڤایەتین، واتا مەسەلەیەکە پەیوەستە بەمرۆڤ و گیاندارانی تر لێی بێبەشن، یەکەمیان عەقڵ یاهزرە کە شتەکان پۆلین دەکات وهزر بەرهەم دێنێت وپەیوەندی نێوان شتەکان دیاری دەکات و دواتریش رەمزی فۆنەتیکی دەخاتە سەر خودی ئەم شتانە، دووەمیان بوونی ئامرازی قسەکردنە لەنێوان جەستەی مرۆڤدا کەلە ئامرازی هەناسەدان و دەم و مێشك و زمان پێکدێت، لێرەدا لەگەڵ ئەوەی گیاندارانیش زۆربەیان ئەم ئامرازانەیان هەیە، بەلام لەسەر شێوەی ئامرازی مرۆڤدا نیەو بەقەبارەو بارستایی ئەونیە، سێیەم ژیان وگوزەرانکردنە لەنێو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیانەدا، چونکە مرۆڤ لەکاتی منداڵیدا لەنێو خێزانی خۆیدا بەبۆماوە فێری زمان دەبێت، خۆئەگەر بەتەنیاو دوورە پەرێز ژیا ئەوە فێری قسەکردن و زمان نابێت بەڵکو بۆخۆی بەتەنیا هەندێك دەنگ دەردە بڕێت.



چۆمسکی

ئەم سێ توخمە بەیەکەوە بەتەنیا لەنێو مرۆڤدا بوونیان هەیەو تایبەتمەندی و خاسیەتی مرۆڤایەتین، بەتایبەتیش هەردوو توخمی یەکەم و دووەم، بۆیە دەبینین فەلسەفەکاری گریکی مەزن (ئەرستۆ)مرۆڤ وا پێناسە دەکات گوایە ئاژەڵێکی قسەکەرەو خاوەن زمانی ئاخافتنە، واتا قسەکردن و ئاخافتن سیفات و خاسیەتی گەوهەری جیاکەرەوەیە مرۆڤ لەگیاندارانی تر جیادەکاتەوە، لەم بارەیەشەوە سەرجەم ئەنترۆپۆلۆژستەکان لەگەڵ ئەم پێناسەیەی (ئەرستۆ) دا کۆك و تەبان. لەپاڵ ئەوانەشدا زمان شێوازێکە بۆ پاراستن و گواستنەوەو کەڵەکەکردنی مەعریفەو ئەنجامدانی پرۆسەی گواستنەوە لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، جگەلەوەی زمان دەتوانێت لەسایەی سیستماتیکی بوونیادو پێکهاتەی خۆیەوە یارمەتی بوونی هزری ئەبستراکت کراوبدات بۆیە ئامادەگی زمان مەرجێکی بنەڕەتیە بۆ چالاکی بەگشتی کردنی هزر، لەگەڵ ئەوەشدا زمان و هزر دووشتی جیاوازن و ناکرێت وەکو یەك حیساب بکرێن، چونکە پاش ئەوەی زمان دێتە بوون و سەرهەڵدەدات و جۆرەسەر بەخۆییەك وەدەست دێنێت ئەوە پەیوەستی هەندێك یاسای جۆرایەتی تایبەت بەخۆی دەبێت کەتایبەتمەندی بوونیادو میکانیزمی زمانن و زۆر جیاوازن لەئاست یاساو تایبەتمەندیەکانی هزر. زمان خاوەنی سیستەمێکی دیاریکراوی ناوەکی داڕێژراوە، بۆیە هێمایەك یان وشەیەکی زمانەوانیلەدەرەوەی سیاق و سەمتی سیستماتیکی خۆیدا بەدیبکرێت ئەستەمە بتوانێت مانای دیاریکراو ببەخشێت. هەر زمانێك جگەلە سیستەم و بوونیادی ناوەوەی خۆی، بەڵام بەگشتی دەگەڕێتەوە سەریەك زمانی رابردووی کۆن و لەسیمای بنەڕەتیدا زۆر لەیەکتری نزیکن، لەهەمان کاتیشدا جیاوازە لەگەڵ خودی ئەو زمانانەی ئەندامن لەخێزانی زمانیدا بۆیە خێزانە زمانیەکان [٣] بەپێی جوگرافیای زمانی دابەش دەکرێن، جوگرافیای زمانی کارو فرمانی ئەوەیە دەستنیشانی شوێنی جوگرافی زمانەکان بەگشتی بکات و خێزانە زمانیەکانیش بەتایبەتی و دەستنیشانکردنی شێوە زارەکانی نێو زمانەکان و کارلێککردنیان لەگەڵ یەکتریەوە، لەبەرئەوەی دیارە زمان لەپرۆسەیەکی بەردەوامی پێشڤە چوون و گەشەکردندایە، بۆیە ئەم گەشەکردنە تا رادەیەکی زۆر پەیوەستە بە خوازەی زمانی، خوازەی زمانی واتا وەرگرتنی هەندێك سیماو وشەوپێکهاتەو مانای رێزمانی بەشێوەیەك لەنێو زمانی بنەڕەتیدا بوونیان نیە، خوازەی زمانی مەسەلەیەکە پەیوەستە بەسەرجەم زمانەکانی سەر رووی زەوی بەتایبەتیش نزیکی ناوچەی جوگرافی لەمێژووی کۆندا رۆڵی دیاری هەبووە، ئێستاش پێشکەوتنی شێوازەکانی گەیاندن وپەیوەندی و پەخش و بڵاوکردنەوە ئەم سنوورە جوگرافیانەیان بەلاوە ناوە، ئەم پرۆسەیەی پێشکەوتنی بەردەوامی شارستانیەت و ژیار ئەو گۆڕانە زمانەوانی و خوازە زمانیەکان دەکات بەپێداویستیەکی مێژوویی لەبەر ئەوەی لەسایەی جیهانگەراییدا مرۆڤ بەردەوام پێویستی بەوە هەیە زاراوەو وشەو مانای نوێ وەربگرێت و ئاوێتەی زمانی بنەڕەتی خۆی بکات.


**((زمانزانی لەسەر نەخشەی ئەنترۆپۆلۆژیادا))**

زمانزانی بەشێکە لە کلتووری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و راستەوخۆ دەبێتەبابەتی ئەنترۆپۆ لۆژیا، (د.شاکر مصطفی سلیم) لەنێو فەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆژی خۆیدا[٤] بەم شێوەیە لەروانگەو رەهەندی ئەنترۆپۆلۆژیاوە پێناسەی زمانزانی دەکات و دەڵێت:

(زمانزانی لقێکی ئەنترۆپۆلۆژیای شارستانیە(کلتووری)و بەشێوەیەکی زانستیانە لەرەگ وریشەی مێژوویی و بونیادو شێوەو پێشڤەچون و پەیوەندی نێوانیان لەزمانەکان دەکۆڵێتەوەو دەبێتە سێبەش (زمانزانی مێژوویی، زمانزانی وەسفی، زمانزانی بەراووردکاری) [٥].

بەم شێوەیە دەبینین ئەنترۆپۆلۆژیا وەکو زانستێکی مرۆییانە چەند بایەخ بە توێژینەوە زمانەوانیەکان دەدات. لێرەدا بۆساناترکردنی شوێن و

لەتوێژینەوەیەکی تایبەت بەشێوەزارو موفرەدات و لێکۆڵینەوە لەزمانە بەرایی‌و کۆنەکان، ئەوەلەپاڵ ئەنجامدانی چەندین جۆرە بەراوردکاری و لێکچواندن




پێگای زمان بەپێی ئەم هێڵکاری‌و نەخشەیەی خوارەوە شوێنی زمان لەنێو نەخشەی گشتی زانستە ئەنترۆپۆلۆژیەکان دیاری دەکەین[٦]:

لێرەدا دیارە ئەنترۆپۆلۆژیای کلتووری دەکەین بەسێ بەشی یەك لەدوای یەك (ئەتنۆلۆژیا، زمانزانی، ئەرکۆلۆژیا) زمانزانی بەپێی ئەم دابەشکردنە بریتیە

لە نێوان زمانەبەراییەکان و مەزندەی ئەو مرۆڤە بەراییانە لەگەڵ ئاستی ئێستای زمانی کۆمەڵگای پێشکەوتوو مەزندەکانی، بەمانای ئەوەی ئەنترۆ پۆلۆژیای زمانەوانی لەو بونیادو نەسەقە زمانیە باوانەی نێو کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە، ئەو توێژینەوانەی زانایانی ئەتنۆگرافیا دەربارەی زمانە نائەوروپیەکان

ئەنجامیاندا، بوو بەپردێك بۆگۆڕینی فیقهی بەراوردکاریانەی زمان بۆ توێژینەوەی نوێی زمانزانی هاوچەرخ، تەنانەت لەزۆر لەزانکۆکانی جیهاندا زمانزانی هاوچەرخ وەکو لقێك لەئەنترۆ پۆلۆژیا دەخوێندرێت، چونکە ئەنترۆ پۆلۆژیا لەبنەڕەتدا زانستێکە تایبەتە بەعەقڵانیەتی ئەورووپی و تێڕوانینی بۆئەوی تری بەرامبەر، بۆیە ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانی لەلای ئەواندا پەیوەستە بەتوێژینەوە لەزمان و کلتووری گەلانی نائەورووپیو بەتایبەتیش ئەو گەلانەی مێژوویێکی نوسراوو تۆمارکراویان نیەو تابەم دواییەش نوسینیان نەزانیوە. ئەنترۆپۆلۆژستی مەزن (مالینۆفسکی) پێی وایە ئەو پەیوەندییە هزری مرۆڤ بەرایی و زمانەکەی بەیەکەوە پەیوەست دەکات، بەڵام ئەم پەیوەست بوونە بواری ئەوەمان پێدەدات لەکێشە لۆژیکی و سایکۆلۆژیەکان بکۆڵینەوە چونکە ئەبستراکت بونی زمانەوانی و شێوازە عەقڵیەکان مەسەلەی پڕ بایەخن[٧]، هەروەها توێژینەوە لەچۆنیەتی کارکردنی هزر لەڕێگای بەکارهێنانی زماندا لە زۆربەی کلتورەکاندا هێشتا بایەخی پێنەدراوە لەنێو کلتوری زمانەوانیدا، بۆیە دەکرێت هەریەك لە ئەنترۆپۆلۆژیای زمانەوانیو ئەنترۆپۆلۆژیای وەزیفی مەسەلەی گەوهەری بخەنە ئەستۆی خۆیان و لێی بکۆڵنەوە بەتایبەتیش مەسەلەی چۆنیەتی کارکردنی زمانی بەرایی و شێوازو بەرجەستەکردنی و چۆنیەتی پەیوەندی نێوان زمان بە ڕێکخستن و بونیادی کۆمەڵایەتی و پەیوەستبونیان پەیوەندیان لەگەڵ دیاردەکانی نێو کۆمەڵگا وەکو ئاین و سیحرلە نێو کۆمەڵگا بەراییەکاندا، جگەلەوەی پەیوەندیەکی گرنگ لەنێوان ئەنترۆ پۆلۆژیای زمانەوانی و ئەنتۆ لۆژیادا هەیە.

هەندێك توێژەری ئەنترۆ پۆلۆژی لەکاتی توێژینەوەکانیاندا جەخت دەکەنە سەر زمان و لەپەیوەندی نێوان زمان و شارستانیەت دەکۆڵنەوە وەکو چۆن بنەچەو پێکهاتەی ڕێزمانی و یاسا فۆنەتیکیەکان دەخەنە روو، ئەوە جگە لەوەی لەپەیوەندی نێوان زمان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵە مرۆڤایەتیەکان دەکۆڵنەوە لەلایەنی ئەنتۆلۆژیەوە، ئەوەلە پاڵ ئەوەی جەخت لەسەر بابەتی جۆراو جۆر دەربارەی ناوەڕۆکی سایکۆلۆژیانەی زمان دەکەن، ئەم بوارەش لایەنێکی تایبەتە لەنێو ئەنترۆ پۆلۆژیای زمانەوانیداو بە(سایکۆلۆژیای زمانەوانی) ناوزەد دەکرێت. هەندێك لێکۆڵەرەوە هەربە ئەوەندەش ناوەستن، بەڵکو لەوەش زیاتر ڕۆدەچنە نێو مێژوو بەمەبەستی ئەوەی قۆناغەکانی پێشڤەچوونی زمان راڤە بکەن و بیخەنە روو، هەرلەزمانی ئاماژەی سادەی مرۆڤی بەراییەوە تادەگاتە پێکهاتەی فۆنەتیکی و وشەو رستە، ئەوانە لەدووئاستەوە لەزمان دەکۆڵنەوە، واتالە پاڵ ئەوەی لەمێژووی زمانی کۆن و کۆمەڵگا بەراییەکان دەکۆڵنەوە ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەنی زمانی نووسین نین و تەنها زمانی ئاخافتن دەزانن، بەشێوەیەکی هاوشان و هاوسەنگ لەگەڵ زمانی کۆمەڵگا پیشەسازیە پێشکەوتووەکاندا [٨].

هەندێك توێژەرەوەی زمانەوانی تایبەت هەن دوور لەتێڕوانینی ئەنترۆ پۆلۆژی و بەتەنهاو بەشێوەیەکی ئەبستراکت لەزمان دەکۆڵنەوەو بەناوی (زمانەوان) ناوزەد دەکرێن، ئەوانەش راستەوخۆ گەرەکیانە یاسا خودی و بابەتیەکانی زمان بەشێوەیەکی ئەبستراکتی بدۆزنەوەو لەلایەنی ڕێزمانی وفۆنەتیکەوە لەبوونیادی زمان دەکۆڵنەوە.

## زمانزانی

زمانزانی ئەو زانستەیە کە میتۆدێکی زانستی بۆ توێژینەوە لەزمان پەیڕەو دەکات و یەکێکە لەلقەکانی ئەنترۆ پۆلۆژیای کلتووری وەکو ئەوەی لەم نەخشەیەی سەرەوە ئاماژەمان بۆکردووە چونکە زمان توخمی سەرەکی بونیادنانی کلتورە، زمانزانی

بەسەر چەند بەشێك دابەش دەكرێت گرنگترینیان ئەمانەن (زمانزانی وەسفی، زانستی بنەچەی زمانەكان)، زمانزانی وەسفی كارلەسەر زمان دەكات بەمەرجێك پەیڕەو لە سیستەمی كات و شوێن دەكات و ڕەچاوی ئەم دوو ڕەهەندە دەكات، واتا توێژینەوە لەزمان و شیكردنەوەو ڕاڤەكردنی بونیادو پێكهاتەو فۆنەتیك و سینتاكس و وشەكان لەنێوكات و شوێنێكی دیاریكراودا، لەوەش پشت بە میتۆدی وەسفكردن دەبەستێت، زمانزان لەنێو توێژینەوە زانستیەكاندا پشت بە زمانی ئاخافتن و قسەكردن دەبەستێت، بۆیە دەبێت تاوەكو كارەكەی جوان و میتۆدی بێت گوێبیستی ڕێژەیەكی زۆری ئاخافتن بێت، بەتایبەتیش كاتێك كارلەسەر زمانە نەنوسراوەكان دەكات، زمانزان دێت ئەم زمانە نەنوسراوەلە ڕێگای بەكارهێنانی زمانێكی ڕەمزی دەنوسێتەوە، زۆربەی هەرە زۆری ئەم توێژینەوانە لەنێو كۆمەڵگا دواكەوتوو بەراییەكاندا ئەنجام دەدرێت كەهێشتا فێری نوسین و خوێندن نەبوون، یاپەیڕەو لەسیستەمی خوێندن و نوسین ناكەن، بەڵام خاوەنی زمانێكی دیالۆگین چونكە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەرچەندە دواكەوتوش بێت بەڵام بەبێ زمانی ئاخافتن نیە.

زانستی بنەچەی زمان زیاتر خۆی خەریكی توێژینەوەی مێژوویی وبەراووردكاری دەكات، بۆیە دێت لەو پەیوەندیە دێرین و مێژووییانەی نێوان زمانەكان دەكۆڵێتەوە كەدەكرێت لەڕێگای بەدواداچوون و ئەركۆلۆژیادا بەڵگەی نوسراودەستبكەوێت و بدۆزرێتەوە تاوەكو لەم توێژینەوانەدا پشتیان پێ ببەسترێت، لێرەشدا زمانزان شێوازو ئامرازی تایبەتی خۆی هەیە و پەیڕەودەكرێت تاكو بتوانێت لەپەیوەندی مێژوویی ئەم زمانانە بگات و ڕادەی نزیكی و دوورییان و كاریگەرییان لەسەر یەكتریەوە دیاریبكات بەمەبەستی ئەوەی بتوانێت ئەم توێژینەوانە ئەنجام بدات، جا توێژینەوەی زمانەوانی وەسفی بێت یا بنەچەی زمانەكان ڕاستەوخۆ هاوكاری ویارمەتی لەئەنترۆپۆلۆژیای كلتووری و سەرجەم لقە ئەنترۆپۆلۆژیەكانی تر وەردەگرێت، چونكە ئەنتۆلۆژست و ئەنترۆ پۆلۆژستی كۆمەڵایەتی دوورلە زانستی زمانەوانیانەوە لەزمانی كۆمەڵگاكان دەكۆڵنەوە، لێكۆڵینەوەش لەزمان واتا توێژینەوەلە پرنسیپەكانی زمانزانی، بۆیە پەیوەندیەكی بەتین لەنێوان هەردوولادا سەرهەڵدەدات و توێژینەوەكانیان تا ڕادەیەكی زۆر كارلەیەكتری دەكەن و دەرەنجامەكانیشیان لەخزمەتی یەكتریدایە[٩]، بەڵام وەكوئەوەی ئێستا لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا تێبینی ئەوەدەكرێت كەبابەتی زمان لەنێو زانكۆكاندا كۆلیژی تایبەتی بۆكراوەتەوەو لەبابەتی ئەدەبی و كلتووری جیاكراوەتەوە بەمەبەستی ئەوەی زۆربەووردی وبەقوڵی بتوانرێت دورلەم لایەنە لاوەكیانەوە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت بۆیە ئێستا میتۆدو ئامرازی واورد بەكار دێت لەم توێژینەوانەدا ڕێگا خۆشكەرە لەبەردەم هەڵهێنجانی یاسای گشتی وردو سەرنج ڕاكێش كەتوێژینەوە زمانەوانیەكان شتی وایان تائەوكاتە بەخۆیانەوە نەبینیبوو، چونكە زمان وەكو بابەتێكی هەمەكی گشتی لەنێو سەرجەم پەیوەندیە گەردونیەكاندا توێژینەوەی لەسەرئەنجام دەدرێت، توێژینەوەكانی ئەم دواییەی(نائوم چۆمسكی) گەواهی ئەم ڕاستیەن كەبابەتی زمان چەندە بەقوڵی و بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت و لێی دەكۆڵدرێتەوە.

## زمان و مانا

گرنگترین و كاریگەرترین فرمان كە زمان لەنێو كۆمەڵگا مرۆڤایەتیەكاندا ئەنجامی دەدات بریتیە لەسانا كردنی كرداری پەیوەندی ولەیەكگەیشتن لەنێوان تاك و كۆمەڵدا، گرنگترین توخمیش لەكرداری پەیوەندیكردندا بریتیە لەو مانایە كۆمەڵایەتیانەی

رستەو گوتەکان لەنێو کرداری ئاخاوتندا لەکاتی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی ئەنجامی دەدەن، چونکە ئەو مانایانەی گوتەکان هەڵیدەگرن بریتیە لەوێنەو هەڵوێستی زەینی و سایکۆلۆژی دیاریکراو کە تاکەکانی کۆمەڵگا ئیدراکی پێدەکەن، لەبەر حوکمی رون و دیاری ماناکانیش لەنێو زەین و پەیوەستبونیان بەهەڵوێست و رەوتی تاکەکان لەلایەنی بەهاو سایکۆ لۆژیا ئەنگێزەی کاردانەوەی هاوشان و هاومانای نزیك لە یەکتری دەکەن، ئەو گوتەیەی هەڵگری مانای پیاهەڵدانە کاتێك ئاراستەی کۆمەڵە کەسێك دەکرێت لەناخەوەدا ئەنگێزەی هەستێك بەشانازیو لەخۆڕازیبون دەکات، بەپێچەوانەشەوە رەخنەو سەر زەنشتکردن لەنێو دەروونی تاکدا هەستی رق و کینەو توڕە بوون ئەنگێزە دەکات. بەم پێیەش یەکێتی و تەبایی و کۆکی ماناکان لەنێو زمانی هەر کۆمەڵگایەکدا بریتیە لەدەرەنجامی پەروەردە کردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کەهاوشان و گونجاوە لەبەرئەوەی دەچێتە ژێر باری پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان، ئەو پێوەرانەی خێزان وەکو بەهای کۆمەڵایەتی لەنێو دەروونی منداڵەکان ونەوەکانیدا دەیچێنێت، ئەم شێوازە رێك و گونجاوە لەچەسپاندنی وشەو ماناکانیان لەنێو زەین و وشیاری منداڵ لەسەر شێوەی قاڵبی فۆنەتیکی و یەك مانایی دەبێتە هۆی ئەوەی زمان ببێتە شتێکی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاداو ببێتە فاکتەرێکی کۆمەڵایەتیو شارستانی کەپاڵپشتی لەیەکێتی مەعنەویو مانایی کۆمەڵگا دەکات و رۆڵی رێکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبینێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هاوشانیو هاوتەباییەی نێو ماناکان هاوشانی راستیەکی ترە ئەویش ئەوەیە زمان لەنێو واقعی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەتەنها قاڵبی زەینی و هزریو فۆنەتیکی ئەبستراکت کراو نیە، بەڵکو تۆڕێکی ئاڵۆزە لەکاریگەری هاوبەش دەبێتە هۆی ئەوەی لەژیانی رۆژانەدا خەڵك رێکبخات

تا وەکو لەسایەیەوە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ئاراستەبکات و رێکبخات لەبەرئەوەی ئەو تاکەی لەگەڵ تاکێکی تردا کاردەکات لەسایەی کارلێکردنەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان وەکو پرۆسەیەکی سروشتی بەرێگای خۆیدا دەڕوات، چونکە مرۆڤ لەکاتی ئاخافتن و مامەڵەکردندا ناچارە ئەو وشەو زاراوەو دەستەواژانە بەکار بێنێت کەلایەقی کەسی بەرامبەریەتی تاکولە سایەی ئەم زمانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لەهەمانکاتیشدا شوێن و پێگای کۆمەڵایەتی هەردووکیان لەنێو کۆمەڵگادا دیاری دەکات، وەك ئاشکرایە گوتەو رستەی ئاماژە بەئاراستەکردن و رێنماییکردن دەکەن بەردەوام لەوکەسانەوە دەردەچێت کەلەلایەنی تەمەنی زەمەنیەوە گەورەن و بەردەوامیش ئاراستەی ئەوکەسانە دەکرێت کەتەمەنیان لەلایەنی زەمەنیەوە بچوکترە، ئەوەش پرۆسەیەکی بەردەوامەو لەرستەو گوتەی باوکان و مامۆستایان رەنگ دەداتەوە، جگە لەوەی چونکە زمان پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتیەو زۆر فراوانە بۆیە تایبەتمەندی کاتی و شوێنیش لەخۆیەوە دەگرێت لەبەرئەوەی کۆمەڵگا زۆر گوتەو رستە لەکات و شوێنی دیاریکراودا بەکار دێنێت، بەوەش ئەم گوتانە تایبەتمەندی تایبەتی و شوێنکاتی لە خۆیانەوە دەگرن، ئەوەتا گوتەی تایبەت بە ئاهەنگەکانی شادی و خۆشیو پرسە و ناخۆشی هەیە و بە هیچ شێوەیەکیش قەبوڵناکرێت ئەم گوتانە ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت چونکە دەبنە هۆی لەدەستدانی مانای گوتاری ئاراستەکراو یا دژە رەوتی کۆمەڵایەتی باو خۆیان نمایش دەکەن، بۆیە مرۆڤ لەگەڵ پرۆسەی پەروەردە بوون و گەشەکردندا راستەوخۆ ئەم گوتەو رستانەش وەردەگرێت، زمان بەردەوام لەلایەنی مانایەوە دوولایەنەیە، واتا لەناوەڕۆکدا گوتەو رستەکان بەردەوام لەپاڵ مانای دیارو ئاشکرایاندا مانای نادیارو نائاشکراش لەخۆیانەوە دەگرن و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆمەسەلەی

تر دەکەن، ئەوەش بەوردی لەپەندو قسەی نەستەقدا دەردەکەوێت، چونکە پەند باس لەبابەتێکی دیاریکراو دەکات کە زۆرجار هیچ پەیوەندی بەو بابەتەوە نیە کەقسەی لەسەردەکرێت، بەڵام پەندلەناوەوەی خۆیدا جۆرە بەگشتی کردنێك لەخۆی دەگرێت و دەبێتە ئاماژە بۆمانای نادیار بەشێوەیەك لەسەر زۆر حاڵەتی تری هاوشێوە پراکتیك دەکرێت. ئەوەجگەلەوەی زمانی ئەدەبی لەنێو پرۆسەی نوسینی ئەدەب و هزردا بە روونی ئەم بابەتە دەردەخات و ئاشکرای دەکات، ئەوە بوولەم لایەنەوە چەندین ستراتیژیەت و تیۆرو میتۆدی ئەدەبی و هزری بەردەوام تائێستا لە سەرهەڵداندان تاوەکو بتوانن ئەو مانا نادیارانەی گوتەو رستەکان ئاشکرا بکەن.

زمان لە پاڵ ئەم دولایەنیەی مانادا کلیلی تێگەیشتنی واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایە، چونکە رۆڵێکی بەرچاو و مەزن دەگێڕێت لەلێڕاهاتن و گونجاندنی هزرمان لەتەك کێشە کۆمەڵایەتیەکان و کردارەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ تەنیالە نێو جیهانی بابەتیدا گوزەران ناکات، واتا جیهانێکی ئەبستراکت کراو نیە تەنها کرداروکاری کۆمەڵایەتیانە ئەنجام بدات، بەڵکو لەوکاتەی ئەم کارانەش بەئەنجام دەگەیەنێت ئەوە لەهەمانکاتیشدا دەچێتە ژێر باری کاریگەری هزریو هەڵچونی زمانی کەئامرازی دەربڕینی کێشەو گیرو گرفت و قەیرانە کۆمەڵایەتیەکانە، مرۆڤ ناتوانێت لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی خۆیدا بە شێوەیەکی گەوهەری بگونجێت بەبێ ئەوەی پەنا بباتە بەر زمانی وتووێژو دیالۆگ، دیارە زمانیش ئامرازی چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانە، بەڵام هەر زمانێك لەم رووەوە سیمای دیاریکراو و جیاوازی تایبەت بەخۆی هەیە بەشێوەیەك ئەستەمە بتوانین دوو زمانی سەربەخۆ بدۆزینەوە کەلەم سیما تایبەتیانەدا هاوبەش بن لەبەر ئەوەی زمان پەیوەستە بەواقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە، ئەم سیمایانەش دەربڕی ئەم واقیعەن بۆیە تاوەکو زمان بتوانین واقیعی کۆمەڵایەتی دەربڕێت، دەبێت خاوەنی سیماو مۆرکی تایبەتی خۆی بێت[10]، کەواتە ئەستەمە ئێمە بتوانین لەسیماو مۆرکی زمانێك بگەین بەبێ ئەوەی لەسیماو مۆرکی ئەو کۆمەڵگایە بگەین کەخاوەنیەتی. زمان ئامرازێکی کاریگەرە بۆ تێگەیشتن لەواقیعی کۆمەڵایەتی بۆیە ئەنترۆ پۆلۆژست و دەروونزان و کۆمەڵناسەکان تاکو بتوانن رۆ بچنە نێو هەموو کون و کەلەبەرو سوچەکانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەبێت پشت بە زمان ببەستن، لێرەدا رۆڵی زمان یاساناکارە یا رێگرە لەبەردەم تێگەیشتن لەبواری پەیوەندیدا، شێوازی تایبەتی کۆمەڵایەتیانە لەئاستی دەربڕین سیمبولی شێوازو رەفتاری دیاریکراون لەنێو کۆمەڵگادا، ئەم سیمبولانەش بایەخێکی لەرادەبەدەریان هەیە بۆئەو توێژەرە کۆمەڵایەتیانەی گەرەکیانە لەهەڵوێستی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کەسایەتی تاکەکان و دەستنیشانکردنی ئاماژەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیو شارستانی و سایکۆلۆژی، بۆیە لێکۆڵەرەوە روبەروی رێگرو بەربەستی گەورە دەبێتەوە ئەگەر تەنها لەروانگەی کردارە رەفتاریو هەڵسوکەوتیەکانەوە گەرەکی بێت و لایەنەکانی پەیوەست بەزمان و خوێندنی زمان و تێگەیشتنی فەرامۆش بکات بەتایبەتیش تێگەیشتنی زمان لەلایەنی ئاستە ئەنترۆ پۆلۆژیەکانەوە، چەندین ئەنترۆ پۆلۆژستی مەزن ساڵانێکی زۆری تەمەنیان لەنێو هۆزە بەراییەکان بەسەر برد تاوەکو لەبنەچەی زمان و ماناو چەمك و دەلالەتەکانی ئەم زمانە بەراییانە بگەن، ئینجا دواتر لێکۆڵینەوە ئەنترۆ پۆلۆژیەکانیان لەسایەیەوە تەواوترو پوختتر بکەن، بەوەش سەرکەوتنی مەزنیان لەلێکۆڵینەوەکانیاندا بەدەستهێناو بوون بە سیمبولی مرۆڤی کارا.

## بنەچەی زمان

وەکو ئاشکرایە ئەو ئەرکۆلۆژستانەی بەدوای شوێنەواری رابردوی بەرلەهەزارەها ساڵەی شارستانیەتە مەزنە کۆنەکاندا دەگەڕان گەیشتنە ئەو بڕوایەی تەنها ماوەی چەند هەزار ساڵێکە نوسین بەرهەم هاتووە بۆیە زمانی ئاخافتن بەرلەم چەند هەزار ساڵە هیچ پاشماوەیەکی لە دوای خۆیدا جێنەهێشتووە، واتا بەرلەم چەند هەزار ساڵەدا مرۆڤ هیچ شێوازو رێگایەکی نوسین و تۆمارکردنی نەدەزانی، ئێمەش کاتێك لەم توێژینەوە ئەنترۆ پۆلۆژیەماندا خۆمان لەقەرەی بنەچەی زمان و سەردەمی سەرهەڵدانی دەدەین دیارە دان بەوەدادەنێین بەڵگەیەکی راستەوخۆو کاریگەرو یەکلا کەرەوەمان بەدەستەوە نیە تاوەکو بتوانین بگەینە ئەو سەردەمەی تیایدا بنەچەی سەرەکی زمانی ئاخافتن هاتۆتە بوون، یابتوانین بە وردی دەستنیشانی سەردەم و زەمەنی سەرهەڵدانی نووسین و تۆمارکردن دیاری بکەین، کێشەی بنەچەو سەرهەڵدانی زمان کێشەیەکی ئاڵۆزو تێکەڵاوە لەبەرئەوەی زمان روداوێکی ئاسایی نیە لەشوێنکاتێکی دیاریکراودا هاتبێتە بوون و دواتر پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیبێت، بەڵکو زمان لەبەرئەوەی تایبەتمەندیەکی مرۆڤایەتیانەیە بۆیە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ئەستەمە شوێنکاتێکی دیاریکراوی هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەنێو توێژینەوە ئەنترۆ پۆلۆژیەکاندا وەکو هەوڵ و کۆشش بۆ سەرهەڵدانی زمان پشت بە دوو گریمان دەبەستین، یەکەمیان لاساییکردنەوەی گیاندارانە، دووەمیان بانگەوازو هاوارکردنە.

لایەنگرانی بانگەوازو هاوار کردن لەسەر ئەوە کۆك و تەبان ئەو بانگکردن و هاوارکردنانەی بەبێ ویستی مرۆڤ بووەو لەناچاریو کاتی کێشەو گیرو گرفتدا بۆتە زمانێکی هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا چونکە ئەم بانگەواز و هاوار کردنانە لەنێو زمانە نوێیەکانیشدا زۆر لەیەکەوە نزیکن لەلایەنی فۆنەتیکیەوە، کەواتە ئەوانە کۆمەڵێك زاراوەو دەستەواژەی بانگکردن و بانگەواز کردن بوون مرۆڤ لەنێو ژیانی رۆژانەیدا پەنای بۆبردووە تاکو لەدوورەوە یەکێکی‌تر بانگبکات یاداوای یارمەتی لێبکات یاخەڵك ئاگادار بکاتەوە گوایە توشی گیرو گرفت هاتووە، هێدی هێدی لەگەڵ رۆژگاردا ئەم شێوازانەی دەربڕینی فۆنەتیکی بانگکردنەکان لەقاڵبدراون تاوایان لێهاتووە هەرجۆرە دەربڕینێك جۆرە مانایەکی جیاواز لەخۆیەوە بگرێت و بۆشێوازێکی تایبەتی بانگکردن و ئاگادار کردنەوە بەکارهاتووە، بەم شێوەیەش لەنێو شارستانیەتە کۆنەکاندا بەگشتی کراون.

گریمانی دووەم لەوباوەڕەدایە ئەم بانگەوازکردنانە نابنە هۆی سەرهەڵدانی زمان و وشەو گوتەو رستەی پڕمانا، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ چونکە لەسەرتای ژیانیدا لەباری سروشتی و لەنێو دارستانەکاندا ژیاوە ئەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئاژەڵان، وەکو ئەوانیش کاتێك هەوڵیداوە شێوازێك بۆئاخافتن بدۆزێتەوەلاسایی ئەوانی کردۆتەوە، لەسایەی لاساییکردنەوەدا هێدی هێدی وشەو زاراوەی نوێی داهێناوەو زمان هاتۆتە بوون[11]. چاوخشاندنێك بەنێو مێژووی کۆنی مرۆڤ ئەوەمان بۆدەردەخات کەئەم دووتیۆرو گریمانە لەگەڵ ئەوەی لەراستیەوە بەدەرنین بەڵام ناکرێت وەکو دوو تیۆرو گریمان بۆ سەرهەڵدانی بنەچەی زمان وەریان بگرین. لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە رەچاوی داڕشتنە رێزمانیو زمانەوانیەکان بکەن و بەلاوەیان ناوە، چونکە بانگەوازکردن ئەگەرچی راستەکاردانەوەیەکی راستەوخۆی پاڵپێوەنەرێکی بەهێزە، بەڵام هەرگیز ناچێتە خانەی وشەیەکی دەربڕاوو نوسراو، بۆیە بانگکردن و هاوارکردنی بێ ویستی مرۆڤ لەخانەی زمان بەدەرە لەبەرئەوەی منداڵی تازە لەدایکبوو بەبێ ئەوەی هیچ شتێك بزانێت هاوار دەکات، بەڵام

هاوارکردن وەکو وشەو زمان مەسەلەیەکی ترەو مرۆڤ لەسایەی پرۆسەی گەشەکردنەوە فێری دەبێت، بۆیە ناکرێت ئێمە ئەم وشانەی لاساییکردنەوەی گیاندارانە لەگەڵ ئەم وشانەی دارێژراون بەیەك چاو سەیر بکەین، بەڵام تاوەکو تێبگەین و بزانین چۆن زمان هاتۆتە بوون دەبێت هەرلەسایەی توێژینەوە ئەرکۆلۆژی و ئەنترۆ پۆلۆژیەکانەوە لەو داب و نەریتانە بگەین کەمرۆڤ پشتی پێ بەستبوون، ئەو داب و نەریتە تەقلیدی و عەشوایانەی هەرئاوا بەبێ لێکدانەوەیەکی لۆژیکی ماقوڵ و پاساوێکی زانستیانە بەرلە دەیان هەزار ساڵ هاتونەتە بوون تاوەکو بتوانین ئەزمونی دەنگ و ئاخافتن لەگەڵ ئەزمونێکی تری هاوارکردن وبانگەوازکردن یالاساییکردنەوەی ئاژەڵان پەیوەست بکەین، ئەم تێڕوانینەش بۆ سەرهەڵدانی زمانی ئاخافتن ناکۆکە لەگەڵ لاساییکردنەوەو بانگەوازکردن چونکە لەلایەنێکی کۆمەڵایەتی قوڵترەوە خۆی دەخاتە نێو مەسەلەکەو سەرهەڵدانی زمان وەکو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکات.

ئەم تێڕوانینە لەروانگەی فرە زمانیەوە دەڕوانێتە حاڵەتەکە چونکە ئەگەر مرۆڤ لاسایی ئاژەڵانی کردباوە ئینجا زمان هاتبوایە بوون ئەوە دەبوایە زمانی هەموو شارستانیەتە کۆنەکان ئەگەروەکو یەکیش نەبوایە خۆ دەبوایە سیماو مۆرکی هاوبەشیان هەبێت. لەگەڵ پێشڤەچوونی توێژینەوە زمانەوانیەکان زانایانی زمانزانی گەیشتنە ئەوباوەڕەی مرۆڤ کاتێك بەدوای بنەچەی زماندا دەگەڕێت دەبێت پشت بە شیکار کردن و راڤەکردنی زمانەهاوچەرخەکان ببەستێت و رادەو ئاستی پێشڤە چوونیان دیاری بکات تاکولەسایەی ئەوەوە تیۆرێك بۆ پێشڤە چوونی زمان بێتەدیو بکرێت بەسەر زمانە کۆنەکانیشدا پراکتیك بکرێت، لەراستیدا ئەم توێژینەوانە گەیشتنە هەندێك دەرەنجامی گرنگ بەها وەکو ئەوەی توخمەکانی قسەکردن و ئاخافتن وەکو وشەو رستەو گوتە بریتین لەرەمزی عەشوایی، واتا ئەم گوتەو وشانە سەرەتا بەعەشوایی دارێژراون و بەشێك نین لەراستیەکی رەها یا شارەزاییەکی تۆکمەو ئاماژەبەم وشانە بکەن، بۆیە سەرجەم رەمزە زمانەوانیەکان بەعەشوایی دارێژراون ئەوەش سیماو مۆرکی کۆمەڵایەتیانە دەبەخشێتە زمان، واتا کۆمەڵێك مرۆڤ ئەم دارشتنە زمانەوانیەیان لەئەستۆی خۆیانەوە گرتووە نەوەکو مرۆڤێکی بلیمەت و زانا هەمووتەمەنی خۆی بۆ داتاشین و داهێنانی وشەبەسەر بردبێت و پرۆسەیەکی مەعریفی بوبێت، نەخێر سەرهەڵدانی زمان مەسەلەیەکی عەشوایی بوەو بەپلەی سەرەکیش پەیوەستی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و ناوچەی جوگرافی و بارو ژیانی کلیما تالۆژی و نیکۆلۆژی بووە، نمونەش ئەوەیە زمانی ئەسکیمۆ ئەوەندەی وشەو زاراوەی دەربارەی بەفرو باران و سەرماو شەختەو بەستن تیادایە بەهیچ شێوەیەك هیچ وشەو زاراوەیەکی تری تیادا نیە.

ئەنترۆ پۆلۆژستە کلتوریەکان لەسەرئەوە کۆك و تەبان کە زمانی ئاخافتن و دیالۆگ کۆنە وەکو کۆنی کلتورلە سادە ترین شێوەیەوە کەبریتیە لەئامێری سادە و ساکاری وەکو تەورو داری هەڵکەندن، زانای ئەنترۆ پۆلۆژی (هۆیجەر) دەڵێت:-(دەبێت زمانی ئاخافتن وەکو کۆنی ئەو ئامێرە کلتوریانەی دۆزراونەتەوە کۆن بێت، زمان ئەوکاتە دەستی پێکردووە کەکلتور خەریکبووە بەشێوەیەکی بەردەوام لەم چرکەیەوە گەشەیکردوە)[١٢].

(هۆیجەر)ی ئەنترۆ پۆلۆژست سێ تێبینی تۆمار دەکات تاوەکو ئەم راو بۆچونەی خۆی لەسایەیەوە بسەلمێنێت:

١) وەك دیارە هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانی ئێستا بەلایەنی کەم زمانێکیان هەیە، ئەوەش سەبارەت بە کۆمەڵگا کۆنەکانی مرۆڤایەتیش هەرراستە، واتا چۆن کۆمەڵگای مرۆڤایەتی

ئێستا خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیانن، ئەوە کۆمەڵگا بەراییەکانیش لەسەردەمی رابردودا خاوەنی زمانی خۆیان بوون.

٢) زمانە نوێیەکان بەرادەیەکی زۆر فرە زمانن و ژمارەیان دەگاتە چەندین هەزار زمان ئەنترۆ پۆلۆژستە کلتوریەکان و زانایانی زمانزانی پۆلینیان دەکەن و کۆمەڵ کۆمەڵ لەیەکتریان جیادەکەنەوە وهەرکۆمەڵێك بەخێزانی زمانی ناوزەد دەکەن، ئەمرۆش لەو سەردەمەی ئێمەدا سەدان خێزانی زمانی بونیان هەیە، لەوکاتەی کەنزیکی و لێکچون و کاریگەری هاوبەش لەنێوان ئەم زمانانەدا هەیە کەوا ئەندامی یەك خێزانی زمانین، لەهەمانکاتیشدا لێکچون و کاریگەری دیارو بەرچاولەنێوان ئەو زمانانەدانیە کەسەربە دوو خێزانی زمانی دیاریکراون، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کەبنەچەی ئەم زمانانە زۆر کۆنەو ئێستا ونبووەو نادیارە، ئەم جیاوازیە بەرچاوو دیارەی نێوان زمانە زیندوەکان ئەوە دەسەلمێنێت کەزمان زۆر کۆنە، بەتایبەتیش توێژینەوە زمانەوانیەکان ئەوەیان دەرخستووە کەزمان زۆرلەسەرەخۆ و بەهێمنی گۆرانی بەسەردا دێت ئەگەر لەگەڵ سیستەمە کلتوریەکانی تریەراورد بکرێت، بۆنمونە ئێمە لەسایەی لێکۆڵینەوەی مێژوییەوە گەیشتینە ئەوەی نزیکەی دووهەزار ساڵ دەبێت زمانی ئینگلیزی و زمانی ئەڵمانی دووزمانی سەربەخۆن، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی و سیمای هاوبەش و لێکچوو لەنێوهەردوو زماندا هەرماوەتەوە، بەم شێوەیە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی جیاوازی مەزنی نێوان خێزانە زمانەوانیەکان بەڵگەیە لەسەر کۆنی زمان چونکە سەرهەڵدانی جیاوازیەکی لەم جۆرە لەنێو زمانەکاندا پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە تاوەکو بێتەدی و گەشە بکات.

٣) ناکرێت زمانەکان لەسەر بنەمای گەشەکردنی کلتوری پۆلین بکرێن، بەمانای ئەوەی زمانی سەرەتایی و زمانی پێشکەوتوو بونیان هەیە، ئەوە ئەگەر تایبەتمەندیە بونیادیەکانی زمان رەچاو بکەین. هەموو زمانێك سیستەمێکی رون و دیاریکراوی فۆنەتیکی ئاشکرای هەیە بەشێوەیەك ژمارەی دەنگەکان دیاریکراوە بۆیە سانایە هەردەنگێك لەیەکێکی تر جیا بکرێتەوە، ئەم دەنگانە لەنێو زماندا بە(فۆنیم) ناسراون، لەرێگای کۆکردنەوەی ئەم دەنگانەوە وشە دروست دەبێت کەلە نێو زماندا بە(مۆرفیم) ناسراون، وشەش بەپێی رێزمان و یاسایەکی دیاریکراو لەنێو رستەدا رێکدەخرێن و ریز دەکرێن، ئەم سیستەمە لەنێو هەموو زمانێکدابوونی هەیە جائەم زمانە بەرایی وسەرەتایی و کۆن بێت یاپێشکەوتوو، ئەم دیاردەیە سەبارەت بە موفرەداتیش هەر راستە، بەڵام زۆری و کەمی رێژەی موفرەدات لەنێو زمانێکی دیاریکراودا پەیوەستە بەئاستی کلتوری کۆمەڵگاوە چونکە هەر چەندە ئاستی کلتوری کۆمەڵگا لەبەرزبونەوەدابێت ئەوەموفرەداتیش زیاتر دەبێت و موفرەداتی نوێ سەرهەڵدەدەن و دێنە بوون لەبەر ئەوەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان بەرەو ئاڵۆزی دەچن و زیاتر کۆمەڵگا بەرەو چەسپاندنی تایبەتمەندێتی هەنگاو دەنێت و داهێنانی هزری زیاتر دێتە بوون ئەوەش پێویست بەداهێنانی موفرەداتی نوێتر دەکات، ئەوەش مانای وایە کەژمارەی موفرەداتی هەرزمانێك پشت بەسروشتی خودی زمان نابەستێت بەڵکو پشت بەهەندێك توخمی کلتوری تر دەبەستێت، بەم جۆرە دەکرێت بەپێی پێداویستی کۆمەڵگا موفرەداتەکانی هەر زمانێك زیاتر بکرێت و دەوڵەمەند تر بکرێت ئەگەر داهێنانی نوێ بوونی هەبێت، ئەوە جگە

لەوەی هـەموو زمانـەکان خـاوەنی سیستـەمێکی رون و دیـاریکراوی رێزمـانین، ئەگـەر چـاوێك بـەزمانی (پۆشمـن)[١٣]دا بگـێڕین کـە زمـانـی هۆزەکـانی (پۆشمـن)ەو سـادەترین کۆمەڵـەی بـەرایی هاوچـەرخن دەبینـین ئـەوانیش خـاوەنی رێزمانی تایبەتی خۆیانن وەکو چۆن زمانـەکانی تریش خـاوەنی ئـەو تایبەتمەندیـەن وخـاوەنی سیسـتـەمی رێزمـانین، ئـەم لێکچونـە لەتایبەتمـەندی بونیـادی زمـانی کۆمـەڵگا مرۆڤایەتیـە جۆراو جۆرەکـان بەڵگـەی ئەوەیـە کەئـەم زمانـە جـۆراو جۆرانـەی ئێستـا لـەم سـەردەمەدا بوونیـان هەیـە لەبنەچـەدا دەگەڕێنەوە سەر زمانێکی زۆر کۆن[١٤].

## پێکهاتەی زمان

زمـان وەکو هـەر دیاردەیـەکی تـری شارسـتانی نـاکرێت تێبینـی بکرێـت ولێـی بکۆڵدرێتـەوە تەنهابـە چاودێریکردن و لێکۆڵینـەوەی وشـەکان نـەبێت، ئـەو وشـانەش راسـتەوخۆ پێکهاتـەی بونیـادی زمـان دەردەخـەن، ئـەم وشـانەش دەبێـت لەسـەر زاری ئەوکەسانە وەربگیرێت کەخاوەنی خودی ئەو زمانـەن توێژینـەوەی لەسـەر ئـەنجام دەدرێت لەبەر ئـەوەی شـێوازی دەربڕینـی فۆنەتیکـەکانی لـەدەرەوەی خاوەنی زمانەکانەوە جیاوازە لەگـەڵ ئـەو مرۆڤانـەی خـاوەنی زمانەکـەن، هەریەکەیـەکی سـەربەخۆی ئاخافتن بـەدەربڕین ناوزەد دەکرێت، واتـا دەربڕیـن بریتیـە لەیەکەیـەکی سـەربەخۆی ئاخـافتن، ئـەم یەکەیـەش لـەنێو خـودی خۆیـدا تـەواو و کامڵـە و لەکۆمـەڵێك دەنگ پێکدێت کـە هیچ یەکەیـەکی تـر نایبڕێت، هەندێك لەم دەربڕینانە رەنگە زۆر کورت بن و هـەندێکی تریشـیان درێژتـرن، هەندێکیشـیان زۆر درێژن و لەکاتی ئاخافتن و وانەگوتنـەوەو گوتـاردانـدا دەردەکـەون و بـەدییان دەکـەین، یەکـەم هـەنگاو بۆتوێژینەوە لەزمان بریتیـە لەکۆکردنـەوەی زۆرترین رادەی دەربڕین لەسەر زاری قسەکەری بنەڕەتی ئـەو زمانەی توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، واتائـەو مرۆڤانەی خاوەنی خودی زمانەکـەن، کـاتێکیش ئـەم کارە ئەنجام دەدەیـن راسـتەوخۆ ئـەوە بەدیدەکـەین کەدەربڕینەکان تەنـها لەلایـەنی درێـژی و کورتییـەوە جیاوازنین، بەڵکو لەلایەنی بونیادی دارشتنەوەش زۆر جیاوازن.

رستە بەردەوام دابەش دەکرێتە سەرهەندێك بەشی بچوکتر کەبە نیمچە رستەو وشەناوزەد دەکرێت، بۆیە دەکرێت واپێناسەی وشەبکەین کەبریتیە لـەبچوکترین یەکـەی نێـو رستـەو دەکرێت بەتـەنیاش دەربـبڕێت وماناش لەخۆیەوە دەگرێت، بەڵام نیمچە رستە ئـەوە لەدوو وشەیان زیاتر پێکدێت، دوو وشـەیان زیـاتریش نابێتە رستە بەڵکو دەبێتـە پێکهاتـە، دیـارە هـەندێك لـەم پێکهاتانـەش زۆرجـار رۆڵـی رسـتە دەگـێڕن و هەندێك جاریش رۆڵی نیمچە رستە دەگـێڕن، هـەموو رستەیەك لەلایەنی پێکهاتەییەوە لـە وشـەیەك زیـاتر پێکدێت، بگرە هەندێك رستەی درێژ هەیە دوو نیمچـە رستە لەخۆیانەوە دەگرن، بـەڵام سنوری درێـژی و کورتـی رسـتـە تارادەیـەکی زۆر پەیوەسـتـە بەهـەڵبژاردنی کۆمـەڵ یـان تـاك، واتاپەیوەستە بـەو بارودۆخـە کۆمەڵایـەتی و ئیکۆلۆژیـەی باسمـان لێیـەوەکرد، بۆیە ئەستەمە بتوانین لـەم بارەیـەوە پێناسەیەکی وردو رون دابهێنین ولـە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ یـەکێکیتر جیاوازەولـە گۆڕاندایـە، فەرهـەنگی تایبـەتی هـەر زمـانێك بۆخـۆی بریتیـە لـەکۆگای سەرجەم موفرەدات و وشەو زاراوەو دەستەواژەکانی زمانەکـە، زمـانیش لەمەسـەلەی قـەبارەی موفرەداتـەکاندا زۆر لەیـەکترەوە جیـاوازن ئـەم جیاوازیـەش رەنگدانـەوەو دەرەنجـامی جیـاوازی شارستانی و کلتوری کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانە، ئەگەر شارستانیەتێك لێکـدراو بێـت واتـا ئاوێتـەو تێکـەڵاوی شارسـتـانیەتێکی تریێـت وەکـو ئـەو کلتـورو شارستانیەتانەی پەیرەوی زمان و رێزمانی ئینگلیزی

یافەرەنسی یا ئیسپانی دەکەن ئەوە دیارە لەلایەنی موفرەدات و وشەو زاراوەوە لەژێر کاریگەری ئەم زمانانەدا دەوڵەمەند دەبێت، بەلام لە نێو شارستانیەتێکی سادەی وەکو(ئەسکیمۆ) ئەوە موفرەداتەکان بەرادەیەکی بەرچاو و دیار کەم دێنەبەرچاو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە بەهەڵە خرایەوە کە پێی وابوو زمانی ئەم کۆمەڵگا بەراییانە زمانێکی بچووکە یاتەنها چەند سەد موفرەداتێك و وشەیەکی تیادایە، زمانی بچوك و گەورە نیە، زمان هەر زمانە چونکە سادەترین پێداوێستی شارستانی پێویستی بەرێژەیەکی زۆر لەموفرەدات و وشە هەیە بۆ ژماردنی ئەوشت و مەك و کەل وپەلانەی رۆژانە بەکاریان دێنێت، جگە لەوەی زمان بۆ خۆی خاوەنی پێوانەی تایبەتی خۆیەتی و زمانێك بوونی نیە بلێ بۆبابەتێکی هزری یا عەقڵی و فەلسەفی و زانستی بەکارنایێت و دەست نادات و تەنها زمانێکی سادەیە، بەڵکو دەکرێت بەردەوام لەم زمانە سادانەشدا موفرەدات و وشەی نوێ داتاشرێت و بێتە بوون. پێکهاتەی وشەلەزمانێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، لەنێو هەندێك زماندا وەکو زمانی (چینی) زۆربەی هەرە زۆری وشەکان یەك برگەیین، کەچی لەزمانێکی تری وەکو ئینگلیزیدا لەگەڵ ئەوەی وشەیەك برگەییش کەم نیە بەلام ژمارەیەکی زۆر وشەش هەیە دووبرگەو سێ برگەییە، بەرادەیەکی کەمتریش وشە هەیە لەسێ برگەش تێپەڕدەکات، بەپێچەوانەی ئەوەشەوە لەنێو زمانی ئەسکیمۆدا وشەی فرە برگە گەلێك زۆرە، بگرە وشەهەیە لێکۆڵەرەوە ئەنترۆپۆلۆژیەکان دەڵێن لەهەژدە برگە پێکدێت [١٥]. کاتێك برگەکان بۆ پێکهێنانی وشەلێکدەدرێن و وشەکانیش لەنێو رستە یانیمچە رستەدا لێکدەدرێن ئەوە لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی رستە پێکبهێنن دەچنە ژێر بارو یاسای رێزمانی تایبەت و رێکخراو بۆیە هەندێك برگە بەردەوام رۆڵی پێشگرو هەندێکی تریش رۆڵی پاشگر دەگێڕن لەنێو رستەو گوتەکاندا. ئەو یاسایەی پێکهاتەی وشەلە نێو رێزماندا رێکدەخات بەمۆرفۆلۆژیا ناوزەد دەکرێت و بەشێکی رێزمانەو دەکرێت وایپێناسە بکرێت کەبریتیە لەرێکخستنێکی سود بەخشانەی دارشتنە زمانەوانیەکان، بەشی دووەمیش لەرێزمان بریتیە لە سینتاکس کەکار لەسەر چۆنیەتی رێکخستنی وشە دەکات لەنێو رستەکاندا و چۆنیەتی پێکهاتەی رستەو نیمچە رستە.

## فاکتەرەکانی گۆڕانی زمان

زمان بەردەوام لەژێرکاریگەری دووفاکتەری سەرەکی گۆڕانیبەسەردادێت، یەکەمیان فاکتەریپەیوەندیەشارستانیەکانە، واتا کارلێکردن و ئاوێتە بوون لەگەڵ شارستانیەتی دەورو بەری سنوری جوگرافی شارستانیەت و ئاوێتەبوونی وشەو زاراوەو دەستەواژەی بێگانە لەگەڵ زماندا. دووەمیان فاکتەری گۆڕانی خودی زمانە، واتا لەبەر ئەوەی زمان ئامرازی تێگەیشتن و پەیوەندیکردنە بۆیە بەردەوام لەناوەخۆیدا پرۆسەی پێشڤە چوون و گۆڕان براکسیس دەکات، لێرەدا یەکە بەیەکەی ئەم دوو فاکتەرە دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

١) فاکتەری پەیوەندیە شارستانیەکان/ ئەم فاکتەرە لەسەردەمی هەرە کۆنەوە تاوەکو ئەمرۆش رۆڵی گەورەو کاریگەری هەبووە لەسەر ئاراستەکردن و گۆڕینی زمان، دیارترین دیاردەکانی کارتێکردن و پەیوەندی شارستانیش لەگەڵ شارستانیەتەکانی تردا لەلایەنی زمانیەوە لەوە خۆی دەردەخات کەزمان ناچاردەبێت هەندێك وشەو زاراوەی بێگانەو نامۆ لەبابەتی فەرهەنگی و ئەدەبی نێو خۆیدا بەکاربێنێت، ئەم وشانەش بەردەوام بە(زاراوەی خوازراو)[١٦] ناوزەد دەکرێن، نمونەی ئەم وشەو زاراوانەش ئەوەندە زۆرو دیارو بەرچاوە پێویست بەنمونەو ژماردن ناکات، بەلام ئەم کار لێکردنە

شارستانیە زۆر بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەدا دێت کە بەرەومەدەنیەت هەنگاو دەنێن بۆیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاناڕاستەوخۆ پەیوەندی شارستانی و کلتوری لەگەڵ شارستانیەتی بێگانەی دەرەوە دەبەستن، ئەم پەیوەندیەش ناهاوسەنگە لەبەرئەوەی شارستانیەتی دەرەوە شارستانیەتێکی کامڵ و هەمەکیە لەکاتی پەیوەندیدا وشەو زاراوەی خۆی دەسەپێنێت و هەوڵی بەجیهانکردنیان دەدات، ئەنترۆ پۆلۆژستەکان کاتێك لەمەسەلەی کاریگەری شارستانیان کۆڵیەوە گەیشتنە ئەوباوەڕەی دەکرێت کاریگەری شارستانیەتێك لەسەر یەکێکی تر بەچڕی و زۆری ئەو وشەو زاراوانە پێوانە بکرێت کەهاتونەتە نێو زمانی شارستانیەتی رەسەن، بۆیەکاتێك کارلێکردنی شارستانی رووڵە زیادبوندایە واتا کارلێکردنی شارستانیەتێك لەگەڵ زیاتر لەیەك شارستانیەتدایەو بەرەو سێ و چوارو زیاتر دەڕوات ئەوە بێگومان سەرچاوەکانی کاریگەری شارستانی وکلتوریش لەلایەن شارستانیەتەکانی دەرەوە لەزیادبوندا دەبێت.

٢) فاکتەری گۆڕانی خودی/ ئەوەش یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی گۆڕانی زمان و سەربەخۆیە، واتا فاکتەری پەیوەندی و کارلێکردنی شارستانیش بوونی نەبێت، فاکتەری گۆڕانی خودی وەکو پرۆسەیەکی کلتوری و کۆمەڵایەتی کاری خۆی دەکات و لەپێشڤە چوونی بەردەوامدایە چونکە زمان بونەوەرێکی زیندوەو لەگەشەکردنی بەردەوامدایە،ئەم گەشە کردنەش گۆڕان بەرهەم دێنێت لەبەر ئەوەی هەندێك فاکتەری ناوەکی هەن کەزمانزانان ناوی دەنێن نەسەقی فۆنەتیکی، ئەم نەسەقە فۆنەتیکیە لەنێو هەندێك لەدەنگەکانی زماندا گۆڕان بەرهەم دێنێت بەشێوەیەك لەدەرەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانی دەنگی و بونیادی دیاریکراو لەهەندێك لایەنی زمانەوە بەرهەم بێنێت، بەم شێوەیە هێدی هێدی دەنگەکان لەکاتی دەربڕین و ئاخافتندا دەگۆڕێن، ئەم گۆڕانانەش گۆڕانی تر لەگەڵ خۆی بەرهەم دێنێت[١٧]، ئەنترۆ پۆلۆژستی کلتوری کاتێك لە ئەنترۆ پۆلۆژیای زمانەوانی دەکۆڵێتەوە پێویستە بەرلە هەمووشتێك پشت بەمێژوی ئەو زمانە ببەستێت کە توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دەدات و ئەو زانیاریانە کۆبکاتەوە کەئاماژە بەم گۆڕانانە دەکەن لەنەسەقی فۆنەتیکی زمانەوە تاکو بتوانێت ئاراستەکانی گۆڕانی زمان دیاری بکات. توێژینەوە ئەنترۆ پۆلۆژیەکان ئەوانەی تایبەتبوون بە زمان وەکو دەرەنجامێك ئەوەیان بەدەستهێنا کەتۆڕی گشتی زمانی شارستانی کۆمەڵگایەك دواتر لەنێو پێرستی زمانی ئەو شارستانیەت و کۆمەڵگایەدا دەردەخات، بۆیە سەرەتا دەبێت لەو زمانە شارستانیەی کۆمەڵگا بکۆڵێتەوە تاوەکو دواتر بزانێت گۆڕانەکان لەکوێوە سەریان هەڵداوەو بەرەوکوێ چون و چیان بەسەر هاتوە، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی زمان و توێژینەوەی تەنهابەپشت بەستن بەزمانی ئەو سەردەمەی ئێستاماندا نابێت، توێژینەوەی رەسەن پشت بەئەرکۆلۆژێیکی بەڵگەیی و مەعریفی دەبەستێت، ئەرکۆلۆژیای بەڵگە خوازو مەعریفیش واتا تێگەیشتن لەسەمتی زمانی کۆن و شارەزایی لەسەر زمانی سیمبولی کەلەنێو نوسینەکۆنەکاندا بەکارهاتوە، لێکدانەوەو راڤەکردن و هەڵوەشاندنەوەی کۆدی زمانی سیمبولی واتا والاکردنی دەرگا لەبەردەم دەستنیشاکردنی فاکتەرەکانی گۆڕان و ئاڕاستەکردنی زمان.

هەمومان زۆرچاك دەزانین وشەی دەربڕاوی دەمی مرۆڤ چۆن دەگۆڕێت و دەكرێتە وشەی نوسراو، ئەوەش دەزانین چۆن وشەی نوسراو دەخوێندرێتەوەو دەكرێتەوە سەرزارەكی بە شێوەیەك واهەست دەكەین نوسین شێوەیەكە لەشێوەكانی زمان، لەگەڵ ئەوەی مەسەلەكە ئاوا سانانیەو ناكرێت بەم شێوەیەش تێی بڕواندرێت چونكە نوسین وەكو ریكۆردەرێك وایە،شێوازێكی دەرەكیە مرۆڤ بۆئەوە دایهێناوە تاوەكو لەسایەیەوە بەردەوام ئاخافتن و قسەی سەرزارەكی بپارێزێت بۆیە تۆماریان دەكات، وەكو دیارو بەرچاوە ئاخافتن جۆرێكی زۆرتایبەتی زمانە، واتا رەفتارو ئەدگارێكی زۆر تایبەتە، ئەدگارێكی دەربڕینكارییە، كەچی نوسین وانیە بەڵكو كردارێكی فرە جۆرەو لەسایەی دەستەكانمانەوە ئەنجامی دەدەین ، بەڵام هەركاتێك فێری رێساكانی ئەم وازییە بوین ئەوە سانایە لەوە بگەین چۆن شتی دەربڕاوی سەرزارەكی لەسایەی دەستەكانمانەوە و بەبەكارهێنانی هەندێك كەل وپەلی تری پێویست دەگوازرێتەوە و دەبێتە نوسراو، ئەوەش راستەوخۆ گۆڕینێكی مەجازیانەی كرداری ئاخافتن و دەربڕینە.


(جان جاك رۆسۆ) لەكتێبی (هەوڵێك لەبنەچەی زمانەكان)[١٨]دا بەئاشكرا بانگەشەی ئەوە دەكات گوایە گوتەی دەربڕاوی سەرزارەكی شێوەی بنەڕەتی وڕاستەقینەو گونجاوترە لەگەڵ حاڵەتی سروشتی زمان، لەم روانگەیەشەوە گەیشتە ئەو باوەڕەی نوسین جێگای دڵنیایی نیە، بەپێچەوانەوە ئەنگێزە كەری گومان و دڵەراوكێیە، بگرە لەوباوەڕەشدابوو كە دەربڕین لاوازتر دەكات، ئەم بۆچونەی (رۆسۆ) ئەوكاتە بایەخی زۆری پێدرا، چونكە راستەوخۆ پەیوەستی سروشتی مرۆڤایەتی بوو،ئەوەبوو دواتر زمانزانانی تر بە تایبەتیش لەم سەدەیەدا زۆر بەوردی راو بۆچونەكانی (رۆسۆ) یان لێكدایەوەو راڤەكرد، تەنانەت (جاك دریدا) لەسایەی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە[١٩] كەی خۆیدا گەیشتە ئەو باوەڕەی كە (رۆسۆ)لە زۆر شوێندا دژكارو ناكۆكە لەگەڵ قسەو راوبۆچونەكانی خۆیدا، واتا(دریدا) جۆرە دژكاریەكی راستەقینەی لەنێو گوتارەكانی (رۆسۆ) دا دۆزیەوە، دژكاریەك كەقسەكانی (رۆسۆ) پوچەڵ دەكاتەوە، مەبەستمان لەقسەكانی ئەو پێشینەیی دەنگ و ئاخافتنی سەرزارەكی نیە، نەخێر ئەوە شتێكی رون و بەڵگە نەویستە، مەبەستمان ئەنگێزە كردنی ئەو هەموو گومانەیە لەئاست نوسیندا، (سۆسێر) لەكتێبی(زمانزانی گشتی)دا جەخت لەسەر سێنترالیزمی وشەی دەربڕاو دەكات، ئەوەبوو (دریدا) كاتێك ئەم بۆچونەی (سۆسێر)ی لێكدایەوە گەیشتە ئەو بڕوایەی (سۆسێر) مەبەستی ئەوە بووە نوسین بخاتە پەراوێزی بوون و ئامادەگی تاوەكو ئاخافتن و وشەی سەرزارەكی ببێتە سێنتەری بوون و چەقی ئامادەگی چونكە (سۆسێر) پێی وابووە مەبەست لەشیكاری زمان شیكاركردنی شێوەی نوسراونیە، بەڵكو مەبەستی وشەی دەربڕاوە، لێرەدا نوسین شێوازێكی لاوەكیە بۆ پیشاندانی ئاخافتن و نمایشكردنی، شێوازێكی تەكنیكی و یارمەتیدەرێكی دەرەكیە بۆیە پێویست بەشیكاركردن و لێكدانەوە ناكات، ئەم بیرۆكەیەی (سۆسێر) رەگ و ریشەی قوڵی لەنێو فەلسەفەی ئەوروپیدا داكوتاوە، چونكە ئاخافتن وەكو شێوازێكی سروشتی راستەوخۆی پەیوەندی سەیركراوە كەچی نوسین شێوازێكی داهێنراوە ولە نێو سروشتی مرۆڤایەتیدا نیە، لەكاتی ئاخافتندا قسەكەرو گوێگر هەردووك ئامادەن و بوونیان هەیە، كەچی لەكاتی نوسیندا ئەوە نوسین بەبێ ئامادەگی خاوەنەكەی فرمانی خۆی ئەنجام دەدات، (ئەفلاتون) لەدیالۆگی (فیدرۆس)دا رەخنەلە نوسین دەگرێت گوایە شێوازێكی ماڵیكراوی پەیوەندیەو رێگا بەلێكدانەوەی فرەوهەڵە دەدات

چونکە قسەکەر لەوێدا بونی نیە تاوەکو بۆچونە هەڵەکان ڕاست بکاتەوە[٢٠]، (نیتشە)ش کاتێك باس لە(سوقرات)دەکات پێی دەڵێت (سوقرات ئەو پیاوەیەکە نانوسێت). ئەنترۆ پۆلۆژستەکان لەنێو لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا لە زۆر ناوچەی جیاوازی ئەم جیهانەدا چەندین زمانیان دۆزیەوەکە بەهیچ شێوەیەك ئامرازی نوسینیان نیە و نانوسرێنەوە واتا بەتەنها زمانی ئاخافتن و سەرزارەکین و تۆمار نەکراون و ناکرێن لەبەر ئەوەی ئەم کۆمەڵگایانە پەیڕەولە شێوازی نوسین ناکەن، بەڵام دەبێت دان بەوەشدا بنێین کە لەڕوانگەی ئەنترۆ پۆلۆژیاوە زمان نوسراو بێت یاسەرزارەکی ئەوە بەهیچ شێوەیەك لەبایەخ و بەهای زمان کەم نابێتەوە بۆیە ئەنترۆ پۆلۆژستەکان بەشێوەیەکی سەرەکی وەکو بیریاران و فەلسەفەکاران بایەخ بەمەسەلەی نوسینەوەو تۆمارکردنی زمان نادەن، کەواتە نوسین توخمێکی شارستانی و جیاکەرەوەیە لە زمان و خاوەنی بنەچەو مێژوی تایبەت و جیاوازی خۆیەتی وەکو نوسین لەبەرئەوەی مێژوی زمان جیاوازەو مێژوی تۆمارکردن و نوسینیش جیاوازە، لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی نوسین لەئاست زمانی دەربڕین و ئاخافتندا ئامرازو شێوازێکی نوێیە، لێکۆڵەرەوە ئەرکۆلۆژستەکان لەوباوەڕەدان مێژوی سەرهەڵدانی زمانی سەرزارەکی مرۆڤ نزیکەی یەك ملیۆن ساڵ دەبێت واتا سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شارستانیەتی مرۆڤ و جیا بونەوەی لە ژیانی سروشتی کەچی نوسین تەنهاو تەنها بەپێی ئەم توێژینەوانە لە سەرەتای سەردەمی بڕۆنزی ولەلای ژمارەیەکی کەمی شارستانیەت و کۆمەڵگاکاندا هاتۆتە بوون[٢١]، تەنانەت لەنێوئەم کۆمەڵگایانەشدا بۆچەندین سەدەو هەزاران ساڵ تەنها پەیوەستبووە بەچەند کەسانێکی کەم ڕەنگە زۆرکات لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕیان نەکردووە، کەچی زۆرینەی کۆمەڵگا لەم هونەرە بێبەش بون و نەیانزانیوە، بۆیە هونەری تۆمارکردن و نوسین تاسەردەمی سەرهەڵدانی چاپ بەشێوەیەکی وابڵاو نەبۆوە خەڵك بتوانن براکسیسی بکەن.

وێنەو نوسین . . . . . . نوسینی وێنەیی

زۆربەی هەرە زۆری توێژەرە ئەنترۆ پۆلۆژیەکان لەسەر ئەوە کۆك وتەبان کەهونەری نوسین وەکو پرۆسەیەکی مێژویی لەبنەچەدا لەهونەری وێنەکێشانەوە سەریهەڵداوەو هاتۆتەبون و دواتر گەشەی کردووە لەبەر ئەوەی هەموو شێوە نوسینەکۆنەکان ئاماژە بەوەدەکەن و چەندین وێنەوەکو ئاماژەو هێما لەخۆیانەوە دەگرن، بۆیە نوسینی کۆن وا دیارە یاوێنەیە یا نوسینێکی وێنەییە[٢٢]، وەك ئاشکرایە هونەری وێنەکێشان هونەرێکە دەکەوێتە زەمەنی بەرلە سەرهەڵدانی زمان بۆیە بۆتە شێوازی گەیاندن و پەیوەندی و جۆرە نوسینێکی وێنەیی، بەڵام ئەنترۆ پۆلۆژستەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کەوێنە لەخودی خۆیدا شێوەیەك نەبووە لەشێوەکانی نوسین واتا وێنەکان بەمەبەستی نوسین بەکارنەهێنراون بەڵام ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەربون بۆگێڕانەوەی ڕوداوە ڕابردوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کۆمەڵگای بەرایی وێنەیان وەکو مانا بۆنوسین بەکارهێناوە تاکو ببێتە ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکانی تردا و گێڕانەوەی ڕوداوی ڕابردوو، لەم حاڵەتەشدا کاتێك وێنە فرمانی نوسین دەبینێت ئەوە دیارە دەبێت زۆر بەپەلەو لاوەکیانە کێشرابێت و هێدی هێدیش کورتکرابێتەوەو شێوەیێکی تەواو تەقلیدی لەخۆ گرتبێت لەبەر ئەوەی ئەم بابەتانەی وێنە کێشراون بەجوانی وەکو خۆی دەرنەبڕاوەو وێنەی نەکێشراوە بەڵکو بەچەند هێمایەك دەربڕاوە، ئەم هێمایانەش هەرئاوا لەخۆڕایی هەڵبژێر دراون، بۆ نمونە کاتێك باسی ئەسپ دەکەن هێمایەك دەکێشن لە ناڵی ئەسپ دەچێت، هێمای گامێش هێمای بازنەیەکی خڕی بچوکە، هێمایگوندو

جێگای نیشتەجێبون بەهێمایەك كەلە شێوەی ژمـارە هەشت دایە كێشراوە...... تـاد. پـەیوەندی نێـوان هێمـای دەربـڕاو و بابـەت پەیوەندیـەكی عەشـوائیە وەكو ئـەوەی لـەم نوسـینە وێنەییـەی خـوارەوەدا نمایشی دەكـەین، ئـەم وێنـە ڕەمزیـەی دەبینـین نوسـینێكی وێنەییـە بۆئـەوە كێشـراوە تـاوەكو ڕوداوێكی دیاریكراو بگێڕێتەوە.




(وێنەی ڕاوكردنی گامێش)[٢٣]

ئـەوەی لـەم وێنـەدا بـەدی دەكرێـت سـادەیی و ڕاستگۆیی شـێوازی وێناندنـە، وەك دیـارە وێنـەكێش ئـەوەندە بایـەخی بـەو وێنـەی وردو واقیعـی نـەداوە، بـەڵكو ئـەوەی لـەلای ئـەو گرنـگ بـووە ئـەوە بـووە كەبـــەكورتترین شـــێواز چـــیرۆكێك بگێڕێتـــــەوە كەكۆمەڵەكەی بەسـەریاندا هـاتووە، زۆر جـار ئـەنترۆ پۆلۆژستەكان لەسەر جۆری ئەم وێنانە ناتەباو ناكۆك دەبن چونكە هــەندێكیان ئـەم وێنانــە بەنوسـینی وێنــەیی نـاو زەد دەكـەن، كـەچی هــەندێكیتریان لەوباوەڕەدان ناوی نوسینی وێنـەیی ناسـەپێتە سـەر ئـەم جۆرە وێنانـە لەبـەر ئـەوەی چـیرۆكی وێنـەیی پەیوەستی وشەو گوتەی دیاریكراونیە بەڵكو دەكرێت بەهەر شێوەیەك كەمرۆڤ گەرەكی بێت ڕاڤەیان بكات و لەلایـەنی زمانەوانیـەوە بەچـەندین شـێوە نوسـین ومانـا لێكیـان بداتـەوە، بـەڵام نوسـینی ڕاسـتەقینە پەیوەستە بەبونی وشەی تایبەت یاكۆمەڵە وشەیەكی دیاریكراو، نوسینی ڕاستەقینە بونی نـابێت تەنــها ئەوكاتە نەبێت كە ڕەمزی بەكارهێنراو شوێنی وشەی تایبەت و دیاریكراو دەگرنـەوە لـەنێو زمـاندا بـەوەش جێگەی گوتـەیوا دەگرێتـەوە كـەدەكرێت بەچـەندین شـێوە دارشـتنی زمـانی پێـی بنوسـرێت وبــەكار بهێنرێت، بۆیـە وێنـە دەكرێـت بنەچـەو سـەرچاوەی نوسـین بێـت بـەڵام وەكـو وێنـە ئـەوەناتوانێت ڕۆڵــی مانای دیاریكراوی زمان ببەخشێت و بگێڕێت.

ئەم وێنەیەی سەرەوە دەڵێت:

(١) ئێمە لەخێوەتگایەكدا دەژیـن كەلـە(١٣) سـێزدە خێوەت پێكهاتووە.

(٢) خێوەتمـان لەسـەر لێـواری ڕوبـارێك هـەڵداوە لـە نزیك ئەو شوێنەی ڕوبارێكی تری دێتە ناو،

(٣) هەشت(٨) سوار بوین بۆڕاوكردن كەوتینە ڕێگـا، هەر ڕەمزێكی ( ⊂ )بریتیە لەسوارێك ـ.

(٤) دووشەو بەڕێگاوە بوین.

(٥) بەوئاراستەیەدا ڕۆیشـتین كـە.........بۆمـانی دیاریكردبوو.

(٦) لـەوێدا چـەند گامێشـێكمان بینـی كـەژمارەیان دەگەیشتە (١٣) سێزدە گامێش.

(٧) گامێشەکان کەوتبوونە ئەوبەری روباری دووەمی لای گوندەکەی خۆمان، هەندێکمان راوکردو گوشت و عارەبانەو گالیسکەی خشۆکەمان دروستکرد.

(٨) لەکاتی گەڕانەوەماندا شەوێك لە رێگا ماینەوە).

ئەم وێنەیەی سەرەوە بەم شێوەیە روداوێکی راوکردنی ئاسایی دەگێڕێتەوە تاوەکو ببێتە شێوازێك بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵ و خەڵکانی تردا، لەهەمانکاتیشدا نەخشەیەکی جوگرافی جوانی ناوچەکە دەکێشێت لەلایەنی روبارو دەشتایی و شوێنی خێوەتگای خۆیانەوە، تەنانەت ماوەی زەمەنی هاتوچۆش دەستنیشان دەکات بۆیە کاتێك یەکێکی تر چاوی بەم وێنەیە دەکەوێت لەوەحاڵی دەبێت کەگەیشتنە روباری یەکەم لەلای خێوەتگای خۆیانەوە چەند ماوەی کاتی گەرەکەو روباری دووەمیش چەند ماوەی تری گەرەکەو لەدوای ئەم دوو روبارەوە رەنگە ئاژەڵی تریش هەبن کە دەکرێت لەداهاتوودا راوبکرێن، سانا کردنی ناسینی شوێن بەپێی ئەم وێنەیە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم شوێنەی نێو وێنەکە ببێتە ناوچەی نان پەیدا کردنی بەردەوامی خەڵکی ئەم خێوەتگایە لەبەر ئەوەی لەم نوسینەوێنەییەدا گێڕەرەوە ئاماژەبە هیچ تەنگ و چەڵەمەو ترسناکیەك ناکات کەدوچاریان هاتبێتەوە.

### نوسینی رەمزیی .......... لۆگۆ گرافیك

ئەستەمە مرۆڤ بگاتە زانین و دەستنیشانکردنی ئەو چرکە مێژووییەی تیایدا وێنەی نوسراو گۆڕاوە بە نوسینی راستەقینە، بەڵام وەکو لەتوێژینەوە ئەرکۆلۆژیەکاندا دەرکەوتووە کە شێوە نوسینە کۆنەکانی لەم بابەتەی نوسینی وێنەیی بەپێی پرۆسەیەکی مێژوویی قوڵ و درێژ گۆڕان، ئەم گۆڕانەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی نوسینی رەمزی ـ لۆگۆ گرافیك، واتا نوسینی رەمزی دەشێت قۆناغێکی مێژویی بێت بکەوێتە نێوان هەردوو قۆناغی نوسینی وێنەیی و نوسینی رەمزی، رەمز ـ وێنەی رەمزی قسەیەکە لە چەند وێنەیەك و هێمایەك پێکدێت بەمەبەستی ئەوەی شتێك دەرببڕێت، لێرەدا رەمز دەبێتە هێمای ئەو شتەی ئاماژەی بۆ دەکات لەبری ئەوەی وێنەی خودی شتەکەبێت، چیرۆکی وێنەیی نابێتە چیرۆکێکی راستەقینە تەنها ئەوکاتە نەبێت کەتیایدا وێنەکان وازلەوە دێنن یادەوەری روداوێك بهێننەوە خەیاڵی بینەر، بەڵکو بەرەو ئەبستراکت بون دەچێت و دەبێتە رەمزی ئەو بابەتەی دەری دەبڕێت، لەنێو توێژینەوە ئەرکۆلۆژی و ئەنترۆ پۆلۆژیەکاندا ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کە هێندیە کۆنەکانی ئەمریکا بەردەوام وێنەی (٨)یان وەکو خێوەت و ماڵ و خانوو و رەشماڵ یاهەر بیرۆکەیەکی تری هاوشان بەکارهێناوە ـ لەوێنەکەدا ئاماژەی بۆکراوە ـ کەدەکرێت لەسایەی وشە و ئاخافتنیشەوە دەرببڕێت لەگەڵ ئەوەشدا هەرنوسینێکی وێنەییە، بەڵام ئەگەر دواتر هاتن هێمای(٨) یان وەکو رەمزێکی ئەبستراکت کراو بەکارهێنا تەنها و تەنها مانای خانوی دەبەخشی ئەوە دیارە هەنگاوێکی گەورەیان هاویشتووە بۆ دەستە بەرکردنی نوسینێکی راستەقینە لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی وێنەیەك ئاماژەبەشتێکی دیاریکراو دەکات کەنمایشی دەکات ئەوەدیارە ئەوکاتە ئەو شێوەیە پەیوەستی شێوە رێکخستنێکی زمانەوانیەو کاردانەوەی خوێنەرەکانیش بەشێوەیەك لەشێوەکان زمانەوانی دەبێت و والێکدەدرێتەوە، رەنگە خودی وشەش سەرەتا هەر ئاوا هاتبێتە بون، لەشێوەی رەمزو ئەبستراکت بونی ئەم رەمزەدا، بەم شێوەیە ئەو نوسینەی لەشێوەی رەمزدا دەنوسرێتەوە بەنوسینی رەمزی ـ لۆگۆ گرافیك ـ ناوزەد دەکرێت، هەر رەمزێك کەتەنها ئاماژە بەیەك شتی دیاریکراو و تایبەت دەدات بە ـ لۆگۆ گرام ـ واتا هێمای نوسراو ناوزەد دەکرێت، زۆربەی زۆری ئەم شێوە نوسینەکۆنانەی میسری کۆن و نوسینی (مایا)[٢٤] بەم شێوەیە بون، بگرە لەوەش زیاتر ئێستاش

نوسینی چینی ئەم ڕەمزانەی لەخۆیەوە گرتووەو بەکاریان دێنێت لەنێو نوسیندا. ئەو وێنانەی ئەبستراکت دەکرێن و دەبن بەهێما دواتر بە شێوەیەکی کلاسیکی تەقلیدیانە خۆیان دەردەخەن، کاتێك لەنێو نەخشەی زەینی کۆمەڵگادا جێگیر بوو ئەوەبەردەوام نەوەلەدوای نەوە بەهەمان شێوەو بەهەمان مانا دوبارە دەنوسرێتەوە، کاتێکیش ئەم پرۆسەیەی ئەبستراکت بونی ڕەمزەکان سەرهەڵدەدات ئەوە دیارە هەندێك لەشێوەو وێنەکانیش لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت بەبێ ئەوەی ڕەچاوی ئەم وێنە ڕەسەنانە بکات کەلێیەوەوەرگیراون.

قورسی بەکارهێنانی ڕەمز لەوەدایە کەچۆن دەتوانین ئەو وشانەی پێ بنوسین کەناتوانرێت بە سانایی ماناکەی دەربـبڕدرێت، بەڵام کۆمەڵگا بەراییەکان ئەم کێشەو گیرو گرفتەیان هەریەکە بەشێوەیەك چارەسەرکرد، ئەوەبوو میسریەکۆنەکان کاتێك هەوڵیاندا ڕەمزێك بدۆزنەوە تاکو دەلالەت لەژمارەی(١٠٠,٠٠٠)سەدو هەزار بکات[٢٧] زۆر گەڕان و سوڕان تاوەکو لەبری ئەم ژمارەیە وێنەی بێچوە بۆقێکیان وەکو هێمای ژمارەی سەد هەزار کێشا، دیارە لەوەش مەبەستیان ئەوەبوە کەبێچوە بۆق ئەوەندە بەزۆری زاووزێ دەکەن و لەدایك دەبن، زۆری لە ڕادەبەدەرولەژمارنەهاتنی بێچوە بۆق بوە هۆی ئەوەی وێنەی بۆق ببێتەهێمای ئەم ژمارەیە، کەچی نوسینی چینی کۆن شێوەی تری گرتەبەر بۆیە کاتێك گەرەکیان بو ڕەمزی بەختەوەری بدۆزنەوە هاتن وێنەی ئافرەت و منداڵیان بەیەکەوە بەستایەوە، واتا ئافرەتێك و منداڵێك، لەوەش مەبەستیان ئەوبوو کەئەو کەسەی خاوەنی ئافرەتێك و منداڵێك بێت ئەوە دەبێت بێگومان بەختەوەریش بێت لەژیانی خۆیدا [٢٥]، لێرەدا دەبێت ئەوەش بزانین کە خێزان ڕۆڵێکی گەورەو شوێنێکی پیرۆزیشی هەبوە لەنێو کۆمەڵگای چینیدا بۆیە بەم شێوەیە ئەبستراکت کراوەو بۆتە هێمای بەختەوەری.

توێژینەوە مەیدانیەکانی نێو کلتورە بەراییە هاوچەرخەکان ئەوەیان دەرخست کە هەندێك کلتور لەکاتی ژماردندا ژمارەی لەپێنج گەورەتر نازانن، واتالەلای ئەوانەدا ناوی ژمارەکان لەیەکەوە دەستپێدەکات تادەگاتە پێنج، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەم کلتورانە دەتوانن تاوەکو چەند سەدێکیش بژمێرن بەڵام وشەی سەربەخۆی تایبەت بەژمارەی سەد بۆدەربڕین بەکارناهێنن، بۆنمونە دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا کاتێك دەیانەوێت بڵێن ژمارە پێنج ئەوە دەڵێن (دوو - دوو - یەك، باکولا - باکولا - نگوار) کاتێکیش دەڵێن (١٠) ئەوە ئاماژە بەپەنجەکانی هەردوو دەست دەکەن، بۆ ژمارە (٢٠)یش هەموو پەنجەکانی دەست و پێی بەکار دێنن[٢٦].

ئەنترۆ پۆلۆژستەکان لەوباوەڕەدان کەبەکارهێنانی وشە بۆ دەلالەتکردن لەشتەکان لەپێش دانانی ڕەمز بوە بۆهزری ئەبستراکت، واتا بەرلە ژماردن و بیرکاری، بۆیە دەگەنە ئەوبڕوایەی کەداهێنانی ڕەمزێك بۆ دەلالەتکردن لەژمارە (سفر) بالاترین و مەزنترین کرداری عەقڵیە کەمرۆڤی کۆن پێی گەیشتوەو دایهێناوە چونکە (سفر) ئاماژەیەبە هیچ واتا نەبونی شتێك، بێگومان مەزندەکردنی (سفر) دەلالەت و بەڵگەیە لەسەر توانایەکی عەقڵی مەزن و شارەزاییەکی زۆریش لەکرداری بەرەمزکردندا، توێژینەوە ئەرکۆلۆژیە ئەنترۆپۆلۆژیەکان ئەوەیان ئاشکراکرد کە داهێنانی ژمارە (سفر) لەسێ شوێن و سێ شارستانیەتی جیاوازو سەربەخۆدا بوە، دواتر لەم سێ شوێنەوە بەنێو جیهاندا بلاوبۆتەوە، یەکەمیان لەلای (بابلیەکان) لە میزۆپۆتامیادا، دووەمیان لە لای (مایا) کان لە ئەمریکا سێیەمیان لەلای (هیندۆسەکان) لەوڵاتی هیند، دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکرێت کەکاتی سەرهەڵدانی ژمارە (سفر) ئەوکاتەبوە کەمرۆڤ شارستانیەتی بە کۆمەڵیان

داهێنــاوەو براکسیســی کشــتوکاڵیان کــردووەو شارستانیەتی جێگیریان هەبووە.

### مردن و فەنابونی زمان

لەدەسپێکی ئــەم لێکۆڵینەوەیــەماندا ئاماژەمــان بۆئەوەکرد کەزمان بونەوەرێکی زیندوە لەدایکدەبێت و گەشەدەکات و گــەورە دەبێت، بــەڵام زۆرجــاریش لەزۆرکات و شـوێندا دوچاری مردن و فــەنابون دێت بەتایبــەتیش لــەرۆژگاری ئــەمڕۆماندا ئــەنترۆ پۆلۆژستەکان جەخت لەسەر ئــەوە دەکەنــەوە گوایــە زمــان زۆر بەپەلــە لــەناو دەچــن و دەمــرن، ئەوەتا(جیمس جــیری) تایبەتمــەندو پسپۆر لــەبواری زمانەکان لەو باوەڕەدایە کەوا هەردوو هەفتــە جارێك زمانێك دەمرێت و لەناو دەچێت، مرۆڤ کــاتێك گوێی لــەم راوبۆچونــەی (جــیری) دەبێــت رەنگــە بۆیەکــەم سات بڕوانەکات یان وابزانێت کەزیادەڕۆییەکی مەزنی پێوەیــە، بــەڵام ئەوەراســتیەکی بــەرچاووددیاربوو، ئــەوەبوو ئــەم ئاگادارکردنەوەیــەو بانگەشــەکردنە رێکخراوی یونسکۆی ناچارکرد پەنابباتە بەر چــەندین توێــژەری زمانــەوانی و ئــەنترۆ پۆلۆژســت تــاوەکو لیژنەیەکی تایبەتی پێکەوەنا ئــەم لیژنەیــە توانــی لــە ساڵی(١٩٩٧)دا نەخشــەیەکی جیهانی تایبــەت بــەو زمانانــە چێبکــات کەلــە ســەرلێواری مــردن و فــەنابوندابون، ئەتڵەسی یونسکۆ زۆر بــەوردی ئــەو زمانانــە دیــاری دەکــات کەلــەماوەی داهــاتوودا لەناودەچن.

کارێکی قورس وئەستەم و زەحمــەت و کێشــەیەکی هەرەمەزنە دانانی ئەتڵەسێکی زمانەوانی بۆ سەرجەم زمانــە زینــدوو و مردوەکــان چونکــە ئاوالــەبارەگای یونسکۆوە ئەستەمە مرۆڤ بزانێت چ زمــانێك مــاوەو زینــدووەو چ زمــانێکیش فــەنابووەو مــردووە، بــاڵو بونــەوەی نەخۆشی ئــەنفلۆنزا لــەفنزویللا لــە ســاڵی (١٩٦٢) بــووە هــۆی ئــەوەی ئەوکەســانەی بــەزمانی (ترومــوی) دەئــاخفتن دابــەزێت و بگاتــە تەنــها (١٠)کــەس، واتــا نەخۆشــی ئــەنفلۆنزا هۆکــارو فاکتەرێکی راستەوخۆی لەناو بردنی زمانی (ترومۆی) بووە، بەپێی سەر ژمێری ئەنترۆ پۆلۆژی لەپەنجاکانی ئەم سەدەیەدا زمانی (تلنجت) کــەزمانی دانیشــتوانی باشوری ئەلاسکاو کەنەدایەو زمــانی هــۆزی (تلنجت) بولە ساڵی(١٩٩٧) داتەنها (٥)کەس مابونەوە کەبــەم زمانــە دەئــاخفتن، ئــەو (٥)کەســەش هــەمویان تەمەنیان لەسەروی (٦٥)ساڵیەوە بوون کەواتە زمانی (تلنجت) لەسەر لێواری مردندایە چونکە ئــەم پیرو بەساڵاچوانە بۆ خۆیان بەمردوحیساب دەکرێن[٢٧].

زانای زمانزان و ئەنترۆ پۆلۆژست (کرستال) کــاتێك لەســاڵی(١٩٨٥)دا ئینسکلۆبیدیای زمانــەوانی خــۆی نوســی لــەوباوەڕەدابوو هێشــتا زۆر شــوێن مــاوە سەرژمێری زمانــەوانی تیــادا نــەکراوە، بگــرە جــەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە گوایە ناوچە هەیە لەلایــەنی زمانیەوە هیــچ توێژینەوەیــەك و ســەرژمێریەکی تیــادا ئــەنجام نــەدراوە، ئــەوەبوو دواتــر ئــەو لێکۆڵینــەوە جوگرافیانەی لەدۆڵی روبــاری ئــەمازۆن کــران ئــەو راو بۆچونــەی (کرســتال) یــان ســەلماندو چــەندین زمــانی نوێتریش دۆزرانەوەو خرانە سەرنەخشــەی زمانــەوانی جیــهان. کێشــەی ســەرەکی و مەترســیداری زمــان لەوەدایــە کەدەچێتــە ژێربــاری یاســای زمانی گــەورە زمانی بچوك قوتدەدات چونکە لەسەدەی (١٩) هەمدا زیاتر لەهەزار زمانی هیندی لــەوڵاتی بــەرازیل هــەبوو، کــەچی لــەنێو ئەتڵەسی یونسکۆدا تەنــها(٢٠٠) زمــان بــەدی دەکرێــت، لەنێوئــەم (٢٠٠)زمانــەی کــە ماوەتــەوەش تەنهایــەك زمــان هەیــە ژمــارەی ئەوکەســــانەی گفتوگـــۆی پێدەکــــەن و بەکاریدەهێنن(١٠,٠٠٠) دەهەزار کەس تێپەڕ دەکات ئــەگینا ژمــارەی ئــەندامانی ســەرجەم زمانــەکانی تــر زۆرلــەم ژمارەیــە کــەمترە، ســەرجەم ئەوکۆمەڵــە زمانــەش بەیەکــەوە لــەژێر هەڕەشــەی راستــەوخۆی مردن و لەناو چوندان.

کاتێك دۆزەرەوە سپی پێستەکان گەیشتنە ئوسترالیا لەساڵی (١٧٨٨)دا ژمارەی زمانەکان تیایدا لە (٢٥٠) زمان تێپەڕی دەکرد، کەچی بەپێی ئەتڵەسی یونسکۆی ساڵی (١٩٩٧) تەنیا (٢٠) زمانی تیاداماوە، لەم ماوەیە زەمەنیەدا نزیکەی(٢٣٠) زمان مردن و لەناو چون، ئەتڵەسی یونسکۆ بەسەرپەرشتی (جیمس جیری) لیستەیەکی راگەیاند تیایدا ئەو زمانانە ئاشکرا دەکات کەلەژێر هەڕەشەی مردندان وەکو زمانی (سلتی) لەبەریتانیاو زمانی (لابی) لەولآتانی ئۆسکندەنافیاو هەندێك زمانی تر لە رۆمانیاو کۆمارەکانی تری پاشماوەی یەکێتی شورەوی کۆن و زمانی (خواسان و هۆتنتۆن و بشمن) لەئەفریقیاو هەندێك زمانی چینی لەهەرێمی (یونان و فنگان)و هەندێك زمانی ناوچەیی لەنیپاڵ و مالیزیاو لەئاسیاداو هەندێك زمانی تریش کەدەگەڕێنەوە سەرخێزانی زمانی ئەسکیمۆ و خێزانی (ئەمیراندی) لەئەمەریکای باکورو زۆر زمانی ترلە کیشوەری ئەمەریکادا، هەروەها لیستەکە کۆمەڵێك زمانی تریش دەخاتە روو کەدوچاری مردن بونەتەوە و دەکەونە سەر زەریای هێمن، وەکو ئاشکراشە ناوچەی دەوروبەری زەریای هێمن یەك لەسەر پێنجی زمانی جیهانی تیادایە. لەبەرامبەر ئەو هەڕەشەیە گەورەیەی لەناو چونی زمانیشدا هەندێك هەوڵ و کۆششی جیدی بۆئەوە دەدرێت تاوەکو ئەم زمانانە لەفەوتان و مردن رزگاربکرێن، لەگەڵ ئەوەی زۆرجار ئەم هەوڵو کۆششانە سەرکەوتو دەبن، بەلآم زۆر جاریش شکست دێنن، ئەوە بوو کاتێك زمانی (ئانۆ)لەژاپۆن دوچاری مردن هات دەوڵەتی ژاپۆنی وەکو هەوڵێك بۆ زیندوکردنەوەی بڕیاریدا بیکات بەزمانی رەسمی هەرێمی (هۆکایدۆ) بەوەش ئەو زمانە لەمردن دەرباز بوو، لەولآتی نیوزیلەندا زمانی (ماوری) بەرادەیەکی زۆرخێرا بەرەو مردن هەنگاوی دەنا ئەوەبوو لەساڵی(١٩٩٥)دا قسەکەرانی ئەم زمانەتەنها (١٠,٠٠٠) دەهەزار کەس بون، بەلآم لەسایەی پرۆسەیەکی مەزنەوەو لەسایەی بونیادنانی (هێلانەی زمانەوانی )یەوە توانرا ئەم زمانە لەمردن دەرباز بکرێت، پرۆسەی(هێلانەی زمانەوانی )زۆرتر لەو شوێنانەدا پەیرەو دەکرێت کەزمان تیایدا دوچاری لەناوچوون دێت، لەنێو ئەم هێلانانەدا کەلە شێوەی پۆلی قوتابخانەدایە خەڵك منداڵی خۆیان رەوانەی ئەو هێلانانە دەکەن و حکومەت پەروەردەکرن و گەشەکردنی بەردەوامیان بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەگرێتە ئەستۆی خۆی بەمەرجێك لەم ماوەیەدا منداڵ تەنها دەبێت بەزمانی (ماوری) دیالۆگ و ئاخافتن ئەنجام بدات تادەگاتە ئاست و تەمەنێکی دیاریکراو دواتریش حکومەتی نیوزیلەندی بڕیاریدا ئەم زمانە بکرێتە زمانی رەسمی دەوڵەت لەپاڵ زمانی ئینگلیزیدا بەم شێوەیە ئەم زمانەش لەمردن و فەنابون دەربازکرا.

ئەتڵەسی یونسکۆ کاتێك سەرژمێری زمانەکانی جیهانی کرد ئاماژەی بەوەدا کە سەرجەم زمانەکانی جیهان ئەوانەی ماون و زیندون و قسەیان پێدەکرێت و بەردەوام بەکار دەهێنرێن دەگاتە(٦٥٢٨) زمان و بەم شێوەیەی خوارەوە کەلەم نەخشەیەدا دیارە کیشوەر بەکیشوەر دابەشیان دەکات[٢٨].

| | | |
|---|---|---|
| کیشوەری ئاسیا | ٢,٠٣٤ | ٪٣١ |
| کیشوەری ئەفریقیا | ١,٩٩٥ | ٪٣٠ |
| زەریای هێمن | ١,٣٤١ | ٪٢١ |
| ئەمریکا | ٩٤٩ | ٪١٥ |
| ئەوروپا | ٢٠٩ | ٪٣ |
| | ٦٥٢٨ | ٪١٠٠ |

**((نەخشەی دابەشکردنی زمانە زیندوەکانی جیهان بەپێی ئەتڵەسی یونسکۆ ساڵی ١٩٩٧))**

لەلایەکی تریشەوە (کرستال) لەساڵی (١٩٨٥) دا لیستەیەکی خستە بەردەست کەتیایدا ناوی ئەو

بیست زمانە زیندوو و کاریگەرە بڵاو دەکاتەوە زۆری خەڵکی سەرگۆی زەوی بۆ کاروباری خۆیان کەگوایە لەپێشەوەی ئەم زمانانەن و ژمارەیەکی بەکاریان دەهێنن بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ناوی زمان | ژمارە بەملیۆن | ناوی زمان | ژمارە بەملیۆن |
|---|---|---|---|
| ١) چینی | ١,٠٠٠ | ١١) فەرەنسی | ٧٠ |
| ٢) ئینگلیزی | ٣٥٠ | ١٢) بنجابی | ٧٠ |
| ٣) ئیسپانی | ٢٥٠ | ١٣) جاوی | ٦٥ |
| ٤) هیندی | ٢٠٠ | ١٤) بوهاری | ٦٥ |
| ٥) عەرەبی | ١٥٠ | ١٥) ئیتالی | ٦٠ |
| ٦) بنگالی | ١٥٠ | ١٦) کۆری | ٦٠ |
| ٧) روسی | ١٥٠ | ١٧) تلوکۆی | ٥٥ |
| ٨) پرتوگالی | ١٣٥ | ١٨) تامیلی | ٥٥ |
| ٩) ژاپۆنی | ١٢٠ | ١٩) مراتی | ٥٠ |
| ١٠) ئەلمانی | ١٠٠ | ٢٠) ڤێتنامی | ٥٠ |

((ناوی زمان و ژمارەی ئەوکەسانەی قسەی پێدەکەن بەپێی نەخشەکەی(کرستال) لەساڵی (١٩٨٥)دا ))

کەچی دەبینین لەساڵی (١٩٩٧) دا نەخشەی زمانەکان هەم لە رێژەو ژمارەو هەم لەلیستی ریز بەندیەوە گۆڕانی بەسەرداد‌ێت، ئەوەتا ئەتڵەسی یونسکو بەم شێوەیە لیستەی زمانەکان بەپێی زۆری قسەکەران و هاوڵاتیان دیاریدەکات:

| ناوی زمان | ژمارەبەملیۆن |
|---|---|
| ١) مندارین | ٧٢٦ |
| ٢) ئینگلیزی | ٤٢٧ |
| ٣) ئیسپانی | ٢٦٦ |
| ٤) هیندی | ١٨٢ |
| ٥) عەرەبی | ١٨١ |
| ٦) پرتوگالی | ١٦٥ |
| ٧) بنگالی | ١٦٢ |
| ٨) روسی | ١٥٨ |
| ٩) ژاپۆنی | ١٢٤ |
| ١٠) ئەڵمانی | ١٢١ |

((ناوی زمان و ژمارەی ئەو کەسانەی قسەی پێدەکەن بەپێی نەخشەی یونسکۆ ساڵی(١٩٩٧) )).

لێرەدا ئەوجیاوازیەی لەنێوان ئەم دوولیستەیەدا دیارو بەرچاوە ئەوەیە کەوا زمانی چینی بەمانا فراوانەکەی زمانی منداریش لەخۆیەوە دەگرێت بەڵام بەناوی زمانی چینی دانەبەزیوە، زمانی ئینگلیزی کەزمانی رەسمی زیاتر لەیەك ملیارو چوارسەد ملیۆن کەسە کەچی تەنها(٤٢٧) ملیۆن کەس بۆ ئاخافتنی

ڕۆژانەی ژیانیان بەکاریدەهێنن، زمانی هیندی زمانی زیاتر لە(٧٠٠) ملیۆن کەسە تەنها(١٨٢) ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن، کەچی لەولاشەوە دەبینین هەردوو زمانی بنجابی و جاوی کە لە نێو لیستی سەرەوەدا هەبوون و ژمارەی (١٢و١٣)یان داگیر کردووە زمانی بەرەسمی ناسراوی نێو هیچ دەوڵەتێك نین.

پەیوەندی زمانی ......پەیوەندی نازمانی

ئێمە لەنێو سەرجەم تەوەرە رابردوەکانی ئەم توێژینەوە ئەنترۆ پۆلۆژیەمان بۆ زمان بەپێی میتۆدی ئەرکۆلۆژی - ئەنترۆ پۆلۆژی کارمانکرد و پشتمان بەو زانیاریانە بەست کەلە هەڵکوڵینە ئەنترۆ پۆلۆژیەکاندا دەستمانکەوت، بەڵام لێرە بەدواوە پشت دەکەینە ئەرکۆلۆژیای کۆن و بەشێوەیەکی ئەنترۆ پۆلۆژی هاوچەرخانە کارلەسەر زمان دەکەین، واتا زمان وەکو مێژوونا، بەڵکو زمان وەکو ئێستای خۆی، وەکو شێوازێك بۆ سەرجەم پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان بۆیە دێین کار لەسەر شێوازەکانی پەیوەندی دەکەین، لەو باوەڕەداین کەپەیوەندی بەردەوام دەبێتە دوو شێوازی سەرەکی، پەیوەندی زمانی - پەیوەندی نازمانی، مەبەستمان لە پەیوەندی زمانی پەنابردنە بەر زمانی ئاخافتن و نوسینە بۆلێکحاڵی بوون و تێگەیشتن، کەچی مەبەستمان لەپەیوەندی نا زمانیش پەنابردنە بەرشێوازی ئاماژەو هێماکاری و زمانی چاوو جەستەیە کە دوور لەدەربڕینی زمانی کاردەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەبەستیان ڕاپەڕاندنی هەمان ئەو ئەرکانەیە کەزمانی ئاخافتن و نوسین ئەنجامیان دەدات.

هەموو لەسەرئەوە کۆك و تەباین کەئێمە ئافرێدەکراوێکین دەتوانین جگە لەشێوازی پەیوەندی زمانی براکسیسی شێوازی تریش بکەین بۆیە پەیوەندیکردن وەکو شێوازی نازمانی کەبریتیە لەئاماژەو هێماو سیمای دەم و چاو و جوڵەی جەستە، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کەئێمە وەکو بونەوەرێك خاوەنی کۆمەڵێك هەستی جیاوازین، لەسایەی ئەم هەستە جیاوازانەوە دەتوانین ببیستین و ببینین و بۆن بکەین، ئەم فرەهەستیە وامان لێدەکات کۆدە ئاراستە کراوەکان سەرجەم کۆدەکان وەرگرین ئەگەر ئەم کۆدانە کۆدی دەربڕاوی زمانیش نەبن، مەبەستمان بریتی بون لەئاماژە و هێماو جوڵەی جەستەیی یائاماژە سروشتیەکانیش وەرگرین.

کەواتە ئێمە جگە لەپەیوەندی زمانی لەسایەی هەستەکانمانەوە توانای پەیوەندی نازمانیشمان هەیە ئەوەش مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوەیەو کەس گومانی لێناکات لەبەر ئەوەی خودی مرۆڤ زۆر جارکاتێك ئامرازی دەربڕین و ئاخافتن لەدەستدەدات پەنادەباتە بەر ئاماژەی جەستەیی. ئێمە ئەگەر لەگەڵ مرۆڤەکانی نێو سنوری جوگرافی و ئەتنی خۆماندا دەتوانین لەسایەی پەیوەندی زمانیەوە ئاخافتن بکەین و دیالۆگ ئەنجام بدەین، بەڵام لەگەڵ خەڵکانی تری دەرەوەی سنوری جوگرافی و ئەتنی خۆماندا ئەبەد ناتوانین زمانی ئاخافتن بەکاربهێنین تەنها لەیەك حاڵەتدا نەبێت ئەویش ئەوکاتەی یائێمە زمانی ئەوان دەزانین یائەوان زمانی ئێمە دەزانن، بەڵام جگەلەم حاڵەتە ئەوە ئێمە ناچارین پەنا ببەینە بەر سیستەمی ئاماژەو هێمای جەستەیی تاوەکو بتوانین لێیان حاڵیبین، مرۆڤ لەسایەی ئەزمونەوە دەتوانێت پەرەبەم زمانەی یەکەمی خۆی بدات و گەشەی پێبکات چونکە ئاماژەو هێما زمانی یەکەمی مرۆڤە دواتر پەیوەندی زمانی دەبێتە زمانی دووەم، جگەلەوەش ئێمە بەردەوام لەکاتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئاژەڵە ماڵیکراوەکاندا سیستەمی ئاماژەو هێماو کۆد پەیڕەو دەکەین بەشێوەیەك ئاژەڵ لەبەر ئەوەی خاوەنی زمانی دووەم نیەوتەنیا لەزمانی یەکەم دەگات بەساناتر لەئاماژەو کۆدەکانی ئێمە دەگات و بەپێی ئاماژە جەستەییەکانی ئێمە رەفتاردەکات، ئەوەش مەسەلەیەکی دیارو ئاشکراو

بەرچاوە بەتایبەتیش لەنێو گوندو ناوچە کشتوکاڵیەکانەوە بەرونی دیارەو دەکرێت بەوردی توێژینەوەی زیاتری لەسەر ئەنجام بدرێت.

مرۆڤ بۆخۆی تارادەیەکی زۆر توانای بەکۆدکردنی هەیە لەبەرئەوەی سیستەمی بەکۆدکردن سیستەمێکی هزری و رەمزی و ئەبستراکت کراوەو مرۆڤیش خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە مەزنانەیە، دەنگ لەگەڵ هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوەدا دروست دەبێت و دەردەبڕێت بەشێوەیەك بەبێ بونی پرۆسەی هەناسەدان کارێکی ئەستەمە بۆیە زمانی ئاخافتن بریتیە لەنمونەی دەنگێکی سەپێنراو بەسەرهەناسەداندا، بیرۆکەی ئەم نمونەیە بایەخێکی هەمەکی هەیە لەبەرئەوەی بەنمونەکردن وا دەکات مومکین بێت شێوەی دەربڕینی زمانی لە شێوەیەکەوە بگۆرێت بۆ شێوەیەکیتر، گۆرینی شێوەکانی دەنگ لەسایەی هەناسەدانەوەیە لەبەر ئەوەی هاوارکردن پێویستی بەهەناسەیەکی درێژەو قسەی نەرمیش هەناسەیەکی کورت بۆیە مرۆڤ لەئاگایی بێت یالە نائاگایی لەکاتی ئاخافتندا رەچاوی ئەو نمونانە دەکات، ئێمە لەکاتیئاخافتن و دەربڕیندا دەتوانین بەتەواوی مانای هەر دەربڕینێك و وشەیەك بگەیەنین، کەچی ئەوەخاسیەتێکە نوسین ونیدەکات و لەدەستی دەدات بۆیە نوسین فرەمانا تر خۆی نمایش دەکات، ئێمەلەکاتی ئاخافتندا ناچارین رەچاوی سیستەمی هەناسەدان بکەین و لەکاتی هەناسەدانیشدا رەچاوی سیستەمی دەربڕین و ئاخافتن بکەین، ئەگەر رەچاوی ئەم دولایەنە پەیوەست بەیەکتریە نەکەین ئەوە ئاخافتنیش وەکو نوسین فرەمانا خۆی دەردەخات و سیستەمی دەربڕینیش دوچاری شێوان دێت و جەستەشمان لەلایەنی فسیۆلۆژیەوە هەربەم شێوەیەکاردەکات، ئێمەلەکاتی تاریکی و لەناکاو کارەبابڕاندا لەنێوماڵەکانی خۆماندا بەسانایی رێگای ژورەکان دەدۆزینەوە چونکە توانای بەکۆدکردنمان هەیەو پێشتر ئەم شوێنە لەنێو زەینماندا تۆمارکراوە وەکوچۆن نوسین لەسەر کاغەز تۆمار دەکرێت، ئێمە لەسایەی هەستەکانمانەوە پرۆسەی بەکۆد کردن ئەنجام دەدەین دواتریش کۆدەکان کەوەریاندەگرین هەرلە سایەی هەستەکانمانەوە بۆمان دێت و دەچێتە نێو زەینمان.

هەندێك کاردانەوەو وەڵامدانەوەی هەستی هەن بوونەتە بەشێك لە سروشتی ئێمە چونکە هەندێك هێما هەن راستەوخۆ لەناوەوەماندا کاردانەوەیەکی وا ئەنجام دەدەن کەرەنگە دور لەویستی ئێمەبێت و بەدەربێت لەویستەکانمانەوە، بۆنمونە ئەگەر پەنگرە ئاگرێك بگرینە دەست و نەزانین گەرمە ئەوەراستەوخۆ بەبێ هیچ لێکدانەوەیەك پەنگرە ئاگرەکە فرێدەدەین، ئەوەش کاردانەوەیەکی هەستیە لەقولایی ناوەوەی فسیۆلۆژی مرۆڤدا سەرهەڵدەدات، بەم پێیەش زۆر لەوئاماژەو هێمایانەی رۆژانە بەکاریاندێنین کاردانەوەی میکانیکین لەبەرامبەر ئاماژەو هێمای کارلێکەردا.

## سیمۆ لۆژیاو زمان - زمانی سیمۆلۆژی

هەمو مرۆڤێك بەپێی ژینگە و فاکتەرە سروشتیەکانی کۆمەڵگای خۆی فێری سیستەمی ئاماژەو هێماکاری باوو باڵادەستی نێو کلتورو شارستانیەتی خۆی دەبێت، لەم لایەنەشەوە پەروەردە لەسایەی نەخشەی زەینیەوە رۆڵی مەزن و باڵادەست دەگێرێت چونکە نەخشەی زەینی داڕێژراو لەلایەنی سەلەفەوە وەکو بۆماوە بەردەوام هەمان سیستەمی ئاماژەو هێمای پێشوتری سەلەف دوبارە دەکاتەوە، مرۆڤەکانی سەربەیەك کلتورو یەك شارستانیەت تاڕادەیەکی زۆر خاوەنی یەك سیفات و ئاماژەو هێماکارین و پەیڕەولەهەمان سیستەمی ئاماژەیی داڕێژراو دەکەن کە نەخشەی زەینی دایڕشتوە، بۆنمونە کاتێك یەکێك بەڕێگادا دەڕوات و لەدورەوە یەکێکی تر ناوی دێنێت و دەستی

بەرزدەکاتەوەو ئاماژەی سڵاوی لێدەکات، ئەو کەسە لەهەرحاڵەتێکدا بێت راستەوخۆ وەکو کاردانەوەیەکی میکانیکی وەڵامی کەسی تر دەداتەوە، خۆئەگەر نەتوانێت بەزمانیش وەڵامی بداتەوە ئەوە لەسایەی دەست هەڵبڕینەوە ئاماژەی بۆدەکات.ئێمە بۆخۆمان وەکو کورد لەلایەنی سۆزیەوە تارادەیەکی زۆر پەیوەستی یەکترین، ئەگەر بۆماوەیەکی زۆر هاوڕێیەکی خۆمان نەبینیبێ، کاتێک بینیمان راستەوخۆ هەردووک دەست دەکەینە ملی یەکتری و یەکتری ماچ دەکەین، کەچی ئەگەر ئێمە لەئەوروپا یاله ئەمریکادا هاوڕێیەتی مرۆڤێکی ئەوێ بکەین و پاشماوەیەك دوری، یەکتری ببینینەوە و دەست بکەینە ملی و ماچبارانی بکەین، ئەوە ئەوکەسە دوچاری سەرسوڕمان دێت چونکە لەنێو نەخشەی زەینی دارێژراوی ئەواندا شتی وابونی نیە، ماچکردنی هاوڕێ بونی نیە، ئەوپەڕی دەستت دەگوشێت و سڵاوێکت لێدەکات، ئەگەرکاری پێت نەبێت هەروو بەزوو تێدەپەڕێت و ناوەستێت، مرۆڤێکی ئەوروپی کەلەکاتی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ هاوڕێکانیدا تەنها دەستی یەکتری دەگوشن، ئەگەر دوچاری مرۆڤێکی چینی بو زووبەزوو دەستی گرت و گوشی ئەوە لەوحاڵەتەدا مرۆڤە چینیەکە دوچاری سەرسوڕمان دێت، چینیەکان دەستی هاوڕێیان ناگوشن، بەڵکو بەسەر سڵاو و ئاماژە بۆیەکتری دەکەن، یان دەستیان دەخەنە سەر سینگیان. ئەم ئەدگارو رەفتارانە ئەگەر کاردانەوەیەکی دەربڕاویشی لەگەڵدا بێت (چۆنی...چاکی) بەڵام بەرادەی سەرەکی پەیوەستی زمانی یەکەمە کەزمانی ئاماژە و هێمای جەستەییە. بۆیە هزرڤانێکی مەزنی ئەم سەردەمەی وەکو (پۆل ریکۆر) پێی وایە تێگەیشتن لە جیهانی ئاماژە و هێماکاری شێوازێکە بۆ تێگەیشتن لەخودی مرۆڤ، هێمابەپێی پێناسەی کلاسیکی بریتیە لە هەرشتێك کەئاماژە بۆ ئاراستەدەکات، کەچی هێما لەلای زمانزانی گەورەی سویسری (فردیناند دی سۆسێر) بریتیەلە دووبەش دال - مەدلول، کەچی بەرلەئەویش هزرڤانی مەزنی ئینگلیزی (تۆماس هۆبز) ئاماژە بۆئەوە دەکات کەهێما بریتیە لەو شتەی دەکەوێتە بەرشتێکی تری دوای خۆی، واتا ئەویش هێما دەکات بەدووبەش و هەمان مانای دال و مەدلول دەبەخشێت [٢٩]، لەلایەنی سیمۆلۆژیەوە هەموو ئاماژەیەك دەبێتە دال و هەموو مانایەکی دواوەی ئاماژەش دەبێتە مەدلول، کەچی ماوەی نێوانیان دەکرێت بەنەسەقی هێماکان ناوزەد بکرێت چونکە ئەگەر دال سەرەتابێت ئەوە مەدلول دەبێتە کۆتایی، لەم روانگەیەشەوە زمانەکانی مرۆڤ دیاری دەکرێت لەبەرئەوەی زمانی یەکەمی مرۆڤ زمانی ئاماژەو هێمایە، زمانی دووەمیش زمانی ئاخافتن و دیالۆگە.

## کۆدی پەیوەندی

یەکێك لەو سیمادیارو بەرچاوانەی ئاخافتنی ئاسایی جیادەکاتەوە ئەوەیە کەوایەك لەدوای یەکە، مەبەستمان ئەوەیە وشەکان یەك لەدوای یەك لەدەممان دێنە دەر، هەرکاتێکیش قسەو ئاخافتن دەگوازینەوە بۆ نوسین ئەوە ئەم یەك لەدوای یەك هاتنەی وشەکان بەرجەستە دەکەین، هەموو زمانێك بەپێی ئەم میکانیزم و سیستەمە دەگوازرێتەوە سەرکاغەزو دەنوسرێتەوە، کاتێك زیاد لەپێویست جەخت دەکەینە سەرنوسینی ئاسایی ئەوەزەینمان بەلای ئەم لایەنەوە زیاتر خەریك دەبێت و هۆکارو فاکتەرەکانی تر پشتگوێ دەخەین. مەرج نیە مانای هەرگوتەیەك بەهەمەکی و بەتەواوی بخرێتە سەرکاغەز، واتا مەرج نیە لەلایەنی سێنتاکسییەوە پێکهاتە وشەییەکان لەنوسیندا مانای زیاتر ببەخشن، بەڵام لەکاتی ئاخافتندا تەنها مانای دیاریکراوی خۆیان دەبەخشن[٣٠]، بەرزیو نزمی دەنگ، جۆری وشەی بەکارهێنراوی، دەربڕینی دەنگەکان سیمای دەم وچاو، ئاماژە جەستەییەکان، هەموئەوانە

دەبێت حیسابیان بۆبکرێت، لەکاتی گوێگرتندا ئێمە ناچارین وەڵامی ئەم هەموو ئاماژەو هێما جەستەییانە بەهەمان ئاماژەو هێمای جەستەیی بدەینەوە، کاتێك وشەکان تۆمار دەکرێن و دەنوسرێنەوە ئەوە ئەم لایەنە لەدەست دەدەن کەچی خوێنەری بەتوانا و وشیارو شارەزا لەزمان دەتوانێت مەزندەیان بکات و بیانگێڕێتەوە، بەڵام کاتێك دەنگ و گوتەو وشەکان دەبن بەکۆدو ڕەمزو ئەبستراکت دەکرێن ئەوکاتە پێویستە مرۆڤ زیاتر خۆی ماندوو بکات تاوەکو بتوانێت لەزمانیپەیوەندی کۆدی بگات، ئێمە ڕۆژانە چەندین جار لەسایەی کۆدەوە کاردەکەین بەبێ ئەوەی زۆر جار هەست بەوەش بکەین چونکە بۆ خۆمان ئەوەندە بایەخ بەم مەسەلانە نادەین، بەڵام لەنێو توێژینەوە زمانەوەری و ئەنترۆ پۆلۆژیەکاندا جێگای بایەخن، بۆنمونە کاتێك لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر سەفەر دەکەین ئەگەر پێشوتر بەم ڕێگایانەدا سەفەرمان نەکردبێت ئەوە دەبێت لەسایەی کۆدی پەیوەندیەوە ڕێگاکان بدۆزینەوە، واتا لەسایەی ئاماژەو هێما بەکۆدکراوەکانی سەرشەقام و گۆڕەپان و ڕێگاکاندا، لەڕێگادا ماوە ماوە ڕووبەڕووی کۆدی پەیوەندی دەبینەوە کە ئاراستەی ڕێگاو ماوەی نێوان ئێمەو شوێنی مەبەست بەپێی کیلۆمەتر دیاریدەکات، ئێمە بەردەوام والێراهاتووین، بەڵام مرۆڤێکی ئەورووپی هەرگیز بەم شێوازەی کارکردن و بەڕێگادا ڕۆیشتنی ئێمە ڕازی نیە لەبەر ئەوەی ئەو جگە لەو ئاماژە و هێمایانەی سەر ڕێگا کاتێك مەبەستی سەفەرکردن بێت بەپلەی سەرەکی پشت بەنەخشەی ڕێگاو جوگرافیای شەقامەسەرەکیەکان دەبەستێت و بەپێی نەخشەی داڕێژراو ڕەفتاردەکات. لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نیە گوایە ئەولەئێمە زیرەکترو بەتواناترە، نەخێر مەسەلەکە پەیوەستە بەڕاهاتن و فێر بون، ئەوان بەبێ نەخشە سەفەری شوێنی نامۆ ناکەن، ئێمەش نەخشەمان گەرەك نیەو پشت بە ئاماژەکانی سەر ڕێگا دەبەستین و لەو زمانە بەکۆدکراوەی پەیوەندی سەرشەقام دەگەین، ئەوەی ئێمە کارکردنێکی عەشوایی وبێ سیستەم و بێ ڕێکخستنە، ئەوەی ئەوان بەپێی سیستەمی کۆدو ئاماژەیە، ئەوان فێری ئەوە بون چۆن نەخشەیەکی جوگرافی ڕێگاکان وەکو کتێبێکی نوسراو بخوێننەوە، کەچی ئەوەلەلای ئێمە باوی نیەو بونی نیە، ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەزۆر فاکتەرو بوارو لایەنی تری ژیاری و شارستانیەوە هەیە ولێرە دەرفەت نیە خۆمانی لەقەرەبدەین.

مەسەلەیەکی تر ئێمە زۆر بەڕونی لەنێو (ئەنترۆ پۆلۆژیای شوێن) [21]. خستومانەتە ڕوو ئەویش چۆنیەتی خوێندنەوەی کۆدەکانی شوێنە بەتایبەتی لەکاتی گواستنەوە لەکلتورێکەوە بۆ کلتورێکیتری نامۆ، خوێندنەوەی کۆدەکان پەیوەندی لەنێو شارستانیەتی نامۆدا ڕەنگە لەفێربونی زمانیش گرنگتر بێت چونکە مرۆڤ بازمانیش بزانێت بەڵام ئەگەر نەتوانێت بەپێی ناوچەو شوێن ڕەفتارو مامەڵە بکات ئەوە دوچاری هەڵەی زەق و گەورە دێت کەڕەنگە بەزمانیش چارەسەر نەکرێت، مەسەلەیەکی تریش هەیە ئەویش مەسەلەی چۆنیەتی خوێندنەوەی کۆدەکانی شوێن و پەیوەندیە چونکە ئێمە دەزانین منداڵ بەشێوەیەك کۆدەکانی شوێن و پەیوەندی دەخوێنێتەوە کەلەگەڵ مرۆڤی گەورە زۆرجیاوازە، تەنانەت لەنێو گەورانیشدا خوێندنەوەی کۆدی پەیوەندی و شوێن لەمرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکیتر بەپێی ئاستی پەروەردەو مەعریفە جیاوازەو لەگۆڕاندایە. ئێمە لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا بەجیا لەزمان لقێکی تایبەتمان هەیە سەبارەت بە ئەنترۆ پۆلۆژیای پەیوەندی، ئەنترۆ پۆلۆژیای پەیوەندی لەشێوازو چۆنیەتی بونیادو پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی پەیوەندی دەکۆڵێتەوە جائەو پەیوەندیە تاکەکەسی بێت یاکۆمەڵی، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوەش بزانین پەیوەندی بەردەوام لەسەر

دوو شێوه خۆی دەردەخات بۆیە کۆدەکانی پەیوەندیش لەسەر دوو شێوه دەردەکەون، یەکەمیان شێوەی ناوخۆیی کلتوورو شارستانیەتێکی تایبەتە، دووەمیان پەیوەستەبە شێوازی پەیڕەوکراوی نێوان سەرجەم کلتوورو شارستانیەتە مرۆڤایەتیەکان، کۆدەکانی پەیوەندی لەسەرچەندین ئاست خۆیان دەردەخەن لەبەر ئەوەی کۆدی هەستێن و لەسایەی هەستەکانمانەوە وەریان دەگرین، بەلام بە دووشێوه خۆیان دەخەنە نێو زەینمان ئەوانیش شێوەی بینراو وبیستراون، ئێمە یائەوەتا کۆدەکان بەدیدەکەین و لەلای خۆمانەوە لێکیان دەدەینەوە و لەنێو زەینماندا لەسەر شێوەی لاپەرەیەکی نوسراو بەدیاندەکەین، یاتەنها گوێبیستیان دەبین و لەنێو زەینماندا دیسان وەکو لاپەرەیەکی نوسراو بەدیاندەکەین، لەهەردوو حاڵەتدا ئێمە کۆدەکان وەکو رەمز وەردەگرین بەلام وەکو لاپەرەیەکی نوسراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین[٣٢].

ئەگەر چاوێك بەوانەی ماتماتیکی نێو خوێندنگاو قوتابخانە ناوەندیو دواناوەندیەکانی خۆماندا بخشێنین دەبینین تەختەرەش لەم پۆلانەدا شوێنی تایبەتی چوارگۆشەکراوی لەلای چەپی خوارەوەی تەختەکانداتیادایە، وانەی ماتماتیك لەهەندێك لەم قۆناغە ناوەندیو دواناوەندیانەدا راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەبێتە دوبەش (جەبروئەندازە)، ئەم شوێنە دابەشکراوو چوار گۆشەیە تایبەتە بەهەندێك بابەتی ماتماتیکی چونکە ماوەی لای هەرچوارگۆشەیەك بەپێی سانتیمەتر دیاریکراوە و ئەم هێڵانەش بەهێڵی رونکردنەوە ناوزەد دەکرێن، لەهەندێك بابەتی ماتماتیکیدا پێویست دەکات بابەتەکان لەسەرتەختەی رەش ولەسەرکاغەز هەنگاولەدوای هەنگاو لەدوای یەکدا بنوسرێتەوە تاوەکو بەدوا یەکدا هاتنی یاسا پراکتیك کراوەکان نەشێوێت، بەلام هەندێك بابەتی ماتماتیکی تر هەن پێویست دەکات لەسەر هێڵی رونکردنەوە بکێشرێن و دیاریبکرێن، لێرەدا گرنگ ئەنجامدانی ئەم کردارەنیە، گرنگ ئەوەیە بابەتەکان لەسەر هێڵی رونکردنەوە دەبن بەکۆدو رەمزی ماتماتیکی و تەواو ئەبستراکت دەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا قوتابی دەتوانێت ئەم کۆدانە بەشێوەیەکی ئاسایی بخوێنێتەوە ولێکبداتەوە وەکو ئەوەی کاغەزێکی نوسراوی پرلەوشە بخوێنێتەوە چونکە ئەو فێری خوێندنەوەی کۆدە ماتماتیکیەکان بووە، بەلام مرۆڤێکی ترئەگەر خوێندەواریش بێت یاتەنانەت خاوەنی بڕوانامەیەکی بەرزیش بێت لەبوارێك دورلە ماتماتیك زۆر زەحمەتە بتوانێت کۆدەکان راڤە بکات و بخوێنێتەوە لەبەر ئەوەی یاسای گۆرینی کۆدەکان نازانێت. ئەم خوێندنەوەیەی کۆد لەبواری مۆسیقاشدا بەرچاوە، مۆسیقابە دوو شێوه براکسیس دەکرێت لەسایەی بیستنەوە یالەسایەی نوسینەوە، مۆسیقاش وەکو ئاخافتن لەسەر شێوەی زنجیرەیەك دەنگی رێکخراوی لەدوایەکەوەدەردەکەوێت، لەکاتی نوسیندا ئێمە هەمان شت تۆمار دەکەین بەلام لەتۆمارکردندا بەپێی کۆدو رەمزی مۆسیقی کاردەکەین، کۆدە مۆسیقیەکانیش وەکو رستەی نوسراو لەسەرهێڵی تایبەت و دیاریکراودا ریزدەکرێن و دەنوسرێنەوە، بەلام ئایا هەموو کەسێك دەتوانێت کۆدە مۆسیقیەکان (نۆتە) بخوێنێتەوە؟

بێگومان نەخێر چونکە خوێندنەوەی نۆتەو کۆدی مۆسیقی پێویستی بەمرۆڤی مۆسیقازان و شارەزا هەیە بزانێت چۆن کۆدی مۆسیقی دەکرێت بەئاواز.

راستە نوسین بەهایەکی مەزنتری هەیە لەئاخافتن و نەنوسین بەلام وادیارە کەوا هێڵی رونکردنەوەو نوسینی ناهێڵی و نازارەکی و نۆتەیی و کۆدی دەکرێت وەکو نوسین لەکاتی پەیوەندیدا خزمەتێکی زۆری کلتوری مرۆڤایەتی بکەن وەکو چۆن تائێستاش کردویانە، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە مرۆڤ خوێندەوار بێت تابتوانێت کۆدەکان راڤەبکات و بخوێنێتەوە چونکە ئەنترۆ پۆلۆژستەکان ئەوەیان

ئاشکرا کردوە کەلە نێو شارستانی بەرایی هاوچەرخدا بەتایبەتیش لەنێو دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیادا مرۆڤ هەرچەندە بەمانای وشەی نەخوێندەوار ـ نەخوێندەوارە لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو چیرۆکە وێنەییەکاندا کۆدو وێنەو ڕەمزی زۆر ئاڵۆز دەخوێنێتەوە وراڤە دەکەن کەرەنگە مرۆڤی خوێندەواری شارستانیەتێکی تر بەماوەیەکی زەمەنی زۆر درێژ تێی نەگات و نەتوانێت لێکی بداتەوە، چونکە دواتر ئەنترۆ پۆلۆژستەکان پاش ئەوەی فێری شێوازی دەربڕینی کۆدەکانی پەیوەندی شارستانیەتە بەراییەکان بون توانیان بەسانایی لەکۆدەکان تێبگەن بەتایبەتیش (مالینۆفسکی ولیڤی شتراوس) خوێندنەوەی ئەو کۆدو ڕەمزانە ئەوەدەردەخەن کەسەرجەم شێوازەکانی پەیوەندی مرۆڤ هەرچەندە جیاواز و ناکۆك و ناتەبابن بەڵام لەسایەی سیستەمێکی بەکۆدکردنی خاوەن ڕێساو یاسای دیاریکراو کاردەکەن و هەمووشیان لەلایەنی سیستەمی دەربڕینەوە هاوشێوەو هاو مانای خودی زمانی ئاخافتن و نوسینن.

## کۆدی پەیوەندی نازارەکی

هەرلە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ئەنترۆ پۆلۆژستەکان خەریکی توێژینەوە بوون بۆ دۆزینەوەی ئەو کۆدانەی نازارەکین بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو سیستەمی پەیوەندی لەنێو کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا کاردەکەن، ئەم سیستەمە بۆپەیوەندی لەسایەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە خۆی دەردەخات، ئەوەش شێوازێکی نوێ بوو ئەنترۆ پۆلۆژیا گرتیەبەر تاوەکو لەسایەی لێکۆڵینەوەو تێڕوانینی نوێوە لەراستیە کۆمەڵایەتیەکان بکۆڵێتەوە، ئەم هەوڵ و کۆششە نوێیەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەناوی (کلۆدلیڤی شتراوس)ی ئەنترۆ پۆلۆژست و هزرڤان. ئێمە لەدەسپێکی ئەم توێژینەوە ئەنترۆ پۆلۆژیەماندا ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کەئاخافتن بریتیە لەنەسەقێکی پەیوەندیکردن بەپشت بەستن بەکردارێکی بنەڕەتی بایۆلۆژی ئەویش هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنە، کەچی کارەکەی(شتراوس) لەلێکۆڵینەوە پشت بەدوکرداری بنەڕەتی تری بایۆلۆژی دەبەستێت ئەوانیش خواردن و پەیوەندی زایەندین[٣٣]، لەنێو سەرجەم کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکانیشدا ئەوکردارانەی پەیوەست بەخواردن و زایەندن خاڵی بنەڕەتین بۆ بایەخدانی کلتوری و داهێنانی ڕەمزی پەیوەندیەکان، یەکەمجار لەبەر ئەوەی وەکو زمان یارمەتی ئەوەدەدات پەیوەندیەکی تۆکمەو پتەولەنێوان تاکەکاندا بێتە بون، چونکە بەشداریکردن لەخواردن و خواردنەوەو ڕێکخستن و بەشداریکردن لەئاهەنگە تایبەتیەکانی بووك گواستنەوەو ژن و ژنخوازی لەنێو هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکاندا مانای جەختکردنە لەسەر پەیوەندی دۆستانەی ڕێزگرتنە لەو پەیوەندیە دۆستانەیە.

دووەمیش ئەوکارو چالاکیانە وەکو دەستنیشانکاری زەمەنی کۆمەڵایەتی و شوێن وپێگای کۆمەڵایەتی کاردەکەن. ئێمە لێرەدا خاڵی دووەم بەلاوە دەنێین چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەلێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە نیەو لەنوسینی تردا باسی لێوە دەکەین، بەڵام خاڵی یەکەم ئەوە وەکو کۆدی پەیوەندی نازارەکی تەماشای دەکەین و دەیخەینە ڕوو.

کاتێك قسەلەسەر پەیوەندی زایەندی دەکەین دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەین کە جیاوازی نێوان نێرو مێ جیاوازیەکی گەوهەری مەزنە چونکە ئەم جیاوازیە جگە لەوەی دەستنیشانی کارو فرمانی زایەندی هەر دوولا دەکات بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەستنیشانی فرمانی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگاش دەکات،(ئەدمۆندلیتش) ئەم جیاوازیە وەکو جیاوازی نێوان پیتی بزوێن و پیتی نەبزوێنی نێو زمان نمایش

دەكات، گوایە سیستەمی زایەندی سیستەمی زمانەو نێرو مێش پیتی بزوێن و نەبزوێنن[٣٤]، دیارەلەم لایەنەشەوە هەریەك لەنێرو مێ كۆمەڵێك فرمانی جیاوازیان هەیە و فرمانەكانیش لەفرمانەكانی پیتی بزوێن و نەبزوێنی نێو زمان دەكات، چونكە سیستەمی زمان بەكارهێنانی پیتەكان دیاری دەكات، سیستەمی زایەندیش دەستنیشانی فرمانەكانی نێرو مێ دەكات، لەنێو سیستەمی زایەندیدا كۆدی رەفتارو هەڵس و كەوتێك رەنگدانەوەی رەفتار وهەڵس و كەوتی ئەوچین و توێژەیە كەمرۆڤەكان ئەندامن تیایدا بۆیە ئەم كۆدانە لەگەڵ ئەوەی نازمانین ئەوە جیاوازیشن، ئەوجیاوازیە بەتەنها لەنێو كلتورە جیاوازەكاندا نیە بەڵكو لەنێو خودی یەك كلتوریشدا بونی هەیە چونكە دەستنیشانی شوێن و پێگای مرۆڤەكان دەكات، لەنێو هەر پێگایەكدا رەنگە كۆمەڵێك وشەو زاراوەی زمانی هەبێت باسكردنیان قەدەغەبێت و تابۆی لەسەربێت، كەچی لەنێو پێگایەكی تردا ئەم وشەو زاراوانە قەدەغە نین و بەشێوەیەكی ئاسایی لەنێو دانیشتنەكاندا باسیان لێوە دەكرێت، كاتێكیش قەدەغەو تابۆدەكرێن و باسیان لێوە ناكرێت ئەوەوەكو كۆدو رەمزی نازمانی لەسەر شێوەی ترو مانای نادیاریتر خۆیان دەردەخەن، جگە لەوەش هەندێك پەیوەندی زایەندی هەن لەنێو زۆركۆمەڵگا قەدەغە كراوەو قەبوڵناكرێت وەكو هەردوو سیستەمی زەواجی ناوەخۆو دەرەكی[٣٥]، یاهەندێك پەیوەندی تری زایەندی كەدەكەونە دەرەوەی سیستەمی زەواج، ئەگەرچی لەنێو هەندێك كۆمەڵگای تر ئەم پەیوەندیانەی دەرەوەی سیستەمی زەواجی كۆمەڵایەتی قەبوڵەو بۆتە بەشێك لەبراكسیس كردنی ئازادی تاك وكەس بۆی نیە قەدەغەو تابۆیبكات.
لەنێو هەندێك كۆمەڵگادا لەكاتی دامەزراندنی پەیوەندیەكی شەرعیانەی زایەندی و زەواجدا لەنێوان نێرو مێیەكدا مەسەلەی پەردەی كچێتی مەسەلەیەكی سەرەكی و پرپایەخەو زۆرجار لەدەستدانی ئەم پەردەیە لەلایەن مێینەوە لەشەوی پەردەدا كارەساتی گەورەی لێكەوتۆتەوە، كەچی لەنێو زۆر كۆمەڵگای تری مرۆڤایەتیدا پەردەی كچێتی ئەو بایەخەی نیەو كەمجار حیسابی بۆدەكرێت.

چاوێك بەنێو كۆمەڵگا جیاوازەكاندا بگێڕین دەبینین دامەزراندنی كۆمەڵایەتیانەی سیستەمی زایەندی دامەزراندنێكی ئاڵۆزە و ناچێتە ژێر یاساو رێسایەكی ئاشكرا.

كاتێك باس لە خواردن و خواردنەوە دەكەین مەسەلەكە وەكو زایەند ئەوەندە قەدەغەكاری تێناكەوێت وساناترە سیستەمەكە وەكو كۆدی پەیوەندی نازارەكی راڤەبكەین و بخەینەبەرچاو، لێرەدا گرنگ ئەوەنیە كێ لەگەڵ كێدا نان دەخوات، بەڵكو ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو خواردنە چیە كە ئامادە دەكرێت؟ چۆن ئامادە دەكرێت؟ بە چ شێوەیەك دەخورێت؟ لەبەر ئەوەی جۆری خواردن بەردەوام لەنێو كۆمەڵگا جۆراو جۆرەكاندا پلەو پێگای كۆمەڵایەتی نێو كۆمەڵگاو پتەوی سیستەمی پەیوەندی دەردەخات[٣٦]، بەپێچەوانەشەوە هەر راستە، ئێمە كاتێك دۆستێك و هاورێیەكی خۆشەویستی خۆمان داوەت دەكەین هەوڵدەدەین بەپێی توانا باشترین و بەچێژترین خواردنی بۆ ئامادە بكەین تاوەكو بەشێوەیەكی نازمانی و ناڕاستەوخۆ دڵسۆزی و خۆشەویستی و رێزی خۆمان بۆ ئەو كەسە دەربڕین، ئەویش لەبەرامبەر ئەوەلەو كۆدە رەمزیە دەگات كە ئێمە ئاراستەی ئەومان كردوە، بەم جۆرە خواردن دەبێتە سیستەمێك بۆپتەوكردنی پەیوەندی دۆستانە. جۆرو شێوازی خواردن لەكلتورێكەوە بۆكلتورێكی تر جیاوازە بۆیە مرۆڤ دەبێت رێز لەم كلتورە جیاوازانە بنێت و بەچاوی سوك و گاڵتەجاڕیەوە تەماشایان نەكات لەبەرئەوەی هەركلتورێك خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، هەندێك خواردن هەیە هەندێك كۆمەڵگا بەكولاوی و

سوركراوەيی دەيخۆن، كەچی هەندێك كۆمەڵگای‌تر بەخاوی دەيخۆن يا ئەم خواردنە هەرناخۆن، ياهەندێك خواردن و جۆرە گۆشتێكی ئاژەڵان دەخۆن كەلەلای كۆمەڵگای ترەوە نەوەكو ناخورێت بگرە قەدەغە كراويشە لەلايەنی ئاينيەوە چونكە ئاين تاڕادەيەكی زۆر ئاراستەكانی دەستنيشانكردنی خواردن دياری دەكات[٣٧]. بۆنمونە من بۆخۆم ماوەيەك لەگەڵ كۆمەڵێك كرێكاری ڤێتنامی كارمكردوە، خواردنی ئەوان لەگەڵ خواردنی ئێمەدا زۆرجياوازە، يەكێك لەكرێكارە ڤێتناميەكان هاورێم بو بەيەكەوە كارمان دەكرد ناوی (ل)بوو، ڕۆژێكيان داوەتی نانخواردنی ئێوارەی كردم لەلای خۆيان، كەچوم بينيم سەگێكيان كوشتوەو گۆشتەكەيان خستۆتە سەرئاگرو زۆريش دڵشاد بوون، كەپێمراگەياندن گۆشتی سەگ ناخۆم زۆر دڵگران بون چونكە منيان بۆيە بۆخواردنی گۆشتی سەگ داوەت كردبوو لەبەر ئەوەی خواردنی گۆشتی سەگ لەلای ئەوان پلەو پێگای كۆمەڵايەتی چين و توێژی سەروی كۆمەڵگای ڤێتنامی دياری دەكات. بەم جۆرە هەركلتورێك بەشێوەيەك لەشێوەكان خواردن تابۆو قەدەغە دەكات، ئەگەر زياتر بەنێو مێژوی كۆمەڵگا بەراييەكاندا ڕۆبچينە خوار دەبينين زۆر كۆمەڵگا هەبون گۆشتی مرۆڤيان خواردووە، يا گۆشتی مرۆڤی مردويان خواردووە ئەگەر چی لەهەمانكاتدا بەڵام لەناوچەو شوێنی جوگرافی تردا دەبينين كۆمەڵگا بونيان هەبوە گۆشتی مرۆڤيان بۆخواردن قەدەغە كردوە، ئێمە لەكاتی ناچاريدا خوێنی جەستەی خۆمان دەدەين بەمرۆڤێكی تر كەپێويستيەتی ئەوەش لەسايەی كردارێكی پزيشكيانەدا، بەڵام هەمان ئەو كەسەی كەخوێنی پێدەدەين بەوە رازی نيە گەربڵێن دەبێت ئەم خوێنە بەدەمەوە بخواتەوەو قەبوڵی ناكات، وەكو ئاماژەمان بۆكرد ئەم بابەتانەی دەستنيشانكردنی جۆری خواردن و خواردنەوە زياتر پەيوەستی لايەنی ئاينيە چونكە ئاين بەپلەی سەرەكی دەستنيشانی خواردنی حەرام وحەڵاڵ دەكات، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵگاكان لاساری لەم ڕێنماييە ئاينيانە دەكەن و زۆر خواردن و خواردنەوە دەخۆنەوە كەلەگەڵ ئەم ياسا ئاينيانە ناكۆكن، كەواتە سروشتی خودی مرۆڤ وەكو تاك لەگەڵ يەكێكی تردا جياوازە، ئەم جياوازيەش لە دەرەنجامدا جياوازی كۆمەڵايەتی لەنێو كۆمەڵگاكاندا بەرهەم دێنێت.

((پەراوێزو سەرچاوەكان))

١. الموسوعة الفلسفية/ م.روزنتال - ي. يودين /ترجمة - سميركرم /بيروت -١٩٨٠ - ص٤١٠.

٢. مەبەست لەسيستەمی دووەمی ئاماژەيی ئەوەيە كەمرۆڤ بەپێی دووسيستەمی ئاماژەيی كاردەكات و رەفتار دەكات، يەكەميان سيستەمی ئاماژەيی نازمانيەو پەيوەستەبە جەستەو دووەميشيان سيستەمی ئاماژەيی زمانيەو بريتيە لەئاخافتن، مرۆڤ بەرلەوەی فێری قسەكردن و ئاخافتن ببێت بەپێی زمانی يەكەمی ئاماژەيی جەستەيی كاريكردوە بۆيە زمان دەبێتە سيستەمی دووەمی ئاماژەيی و لە دوای ئەم سيستەمە جەستەييەوە هاتۆتەبون.

٣. خێزانی زمانی بريتيە لەكۆمەڵێك زمانی جياواز بەڵام لەبنەڕەتدا لەيەك زمانی بنچينەييەوە هاتون و لەيەكتريەوە نزيكن لەسيما گشتيەكانەوە وەكو(خێزانی زمانە هيندۆ ئەوروپييەكان و خێزانی زمانە ئەفريقی و ئاسيەويەكان).

٤. قاموس الأنثروبولوجيا/ د.شاكر مصطفى سليم /١٩٨١ -الكويت - ص٥٦٩.

٥. (د.شاكر مصطفی سليم) لەم پێناسەيەدا زمانزانی بەلقێكی ئەنترۆپۆلۆژيای شارستانی دادەنێت وئێمەش بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەكەينەوە كەلقێكی بنەڕەتی ئەنترۆ پۆلۆژيای

کلتوریه، بەڵام خوێنەر دەبێت لەوە ئاگاداربێت کەجیاوازی نێوان کلتورو شارستانیەت جیاوازیە لەنێوان قوتابخانەی ئەمەریکی و بەریتانی.

٦. بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم نەخشەیە دەگەڕێتەوە بۆ (فلکس کیسنگ)ی ئەنترۆپۆلۆژست، بەڵام ئێمە نەخشەکەمان ئاوێتەی پێناسەکەی (د.شاکر مصطفی سلیم) کردوە تاوەکو زۆربەوردی شوێن و پێگای زمانزانی دیاری بکەین.

٧. الأنثروبولوجيا العامة/ د.قباری محمد أسماعيل/ مصر -١٩٨٥ - ص٢٥.

٨. المدخل الى علم الأنسان/ د.قيس النوري/ بغداد -١٩٨٢ - ص٢٦.

٩. الأنثروبولوجيا الثقافية /د. عاطف وصفي /بيروت -١٩٧١- ص٣٢.

١٠. المدخل الى علم الأنسان /د.قيس النورى /بغداد -١٩٨٢- ص٢٩٩.

١١. الأنسان والحضارة والمجتمع / هاري. ل. شابيرو/ ترجمة - عبدالكريم محفوظ/ ١٩٧٨- دمشق.

١٢. الأنثروبولوجيا الثقافية /د. عاطف وصفي /بيروت -١٩٧١- ص٢٥٦.

١٣. بۆشمن هۆزێکی گەورەی ئەفریقیان و ئەنترۆپۆلۆژستەکان بایەخی زۆریان بەکلتورو رەفتاری تاکەکانی ئەم هۆزە داوەو لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر بڵاو کراوەتەوە.

١٤. الأنثروبولوجيا الثقافية /د. عاطف وصفي /بيروت -١٩٧١- ص٢٥٨.

١٥. الأنسان والحضارة والمجتمع / هاري. ل. شابيرو/ ترجمة - عبدالكريم محفوظ/ ١٩٧٨- دمشق.

١٦. زاراوەی خوازراو لەنێو هەموزمانەکانی جیهاندا بونی هەیە بەڵام رێژەی کەمی و زۆری پەیوەستە بەبونی پەیوەستکاری سیاسی یائاینی یاپەیوەستە بەدرێژی ماوەی پەیوەستبون.

١٧. المدخل الى علم الأنسان /د.قيس النورى /بغداد -١٩٨٢- ص٣٠٠.

١٨. محاولة في أصل اللغات / جان جاك روسو/ تعريب - محمد محبوب / بغداد -١٩٨٦.

١٩. سەبارەت بەستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەی (جاك دريدا) بەهاوکاری هاورێی بەڕێزم کاك (نیهاد جامی) کتێبێکی هاوبەشمان بەناوی (هەڵوەشاندنەوەی گوتار) نوسیوەو لەنزیکترین دەرفەتدا بەچاپی دەگەیەنین.

٢٠. التفكيكية بين النظرية والتطبيق /كريستوفر نورس / ترجمة - رعد عبدالجليل/ سوريا - ١٩٩٦.

٢١. الأنسان والحضارة والمجتمع / هاري. ل. شابيرو/ ترجمة - عبدالكريم محفوظ/ ١٩٧٨- دمشق.

٢٢. نوسینیوێنەیی شێوەیەکی سادەو ساکاری نوسینەو لەچەند وێنەیەکی سادەپێکدێت، بۆنمونە لەبری وشەی(پیاو) وێنەی پیاوێك دەکێشرێت، لەبری ئەوەی بنوسێت دووشەوو دوورۆژ وێنەی دووخۆر دەکێشرێت، نوسینی وێنەیی قۆناغێکە دەکەوێتە بەرلە سەرهەڵدانی نوسینی (هیرۆگلیفی) و لەمیزۆپۆتامیاو ئیسپانیا دورگەی کریت ناسراوبوە، تەنانەت ئێستاش هەندێك هۆزی بەرایی لەئەفریقیاو ئەمریکادا بەکاریدێنن.

٢٣. ئەم وێنەیەم لەکتێبی (الأنسان والحضارة والمجتمع) وەرگرتوە، ئەویش لەلێکۆڵەرەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی وەرگرتوە بەناوی (ئارنست.ت. دانیغ) کەلە نێو ئەرشیفی کتێبخانەی ئەتنۆلۆژیای ئەمەریکی سەربە دەزگای (سمیت سونیان)بووە وەرگیراوە.

٢٤. یەکێك بووەلە شارستانیەتە کۆنە هەرە مەزنەکانی هەرێمی (یوکاتان) کەدەکەوێتە نێوان وڵاتی (هندۆراس)و(گواتیمالا)و (مەکسیك) لەئەمەریکای ناوەڕاستدا، پاشماوەیەکی کلتوری و شارستانی زۆریان لەدوای خۆیان جێهێشتوە بەتایبەتیش ئەو هەرەمانەی کەبەرزاییان دەگاتە(٣٠٠) پێ، گەلی(مایا) لەماوەی بەرلەزاینی تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی یازدەی دوای زاینی ژیاون، نوسین و خوێندن و ماتماتیکیان دەزانی و خاوەنی زمانێکی تایبەت بون کەزمانی (مایا) بووە وبەوە ناسراون کەمرۆڤیان کردۆتە قوربانی.

٢٥. الأنسان والحضارة والمجتمع / هاري. ل. شابيرو/ ترجمة ـ عبدالكريم محفوظ/ ١٩٧٨ـ دمشق.

٢٦. الأنثروبولوجيا الثقافية /د. عاطف وصفي /بيروت ـ١٩٧١ـ ص٢٦٢.

٢٧. أسرار اللغات /مجيد الماشطة / الحكمة ـ٦ـ ١٩٩٩.

٢٨. ڕێکخستن و دانانی ئەم نەخشانە دەستکردی خۆمە، بەڵام سەر ژمێری و ژمارەکانم لە (أسرار اللغات)/مجيد الماشطه ـ الحكمه/٦ـ ١٩٩٩ وەرگرتووە.

٢٩. فلسفة اللغة عند باختين / باسم الصالح/ الطليعة الأدبية / عدد (٢) ١٩٩٩.

٣٠. اللغة والنثر وبولوجيا/ ادموندليتش / ترجمة ـ باقر جاسم، عباس جودة /الثقافة الأجنبية/ العدد(٣) ١٩٩٤.

٣١. ئەنترۆپۆلۆژیای شوێن / ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل / ڕامان ـ٣٠ ـ١٩٩٨.

٣٢. اللغة والأنثروبولوجيا/ ادموندليتش /الثقافة الأجنبية / العدد ـ٣ ـ ١٩٩٤.

٣٣. هەمان سەرچاوە.

٣٤. هەمان سەرچاوە.

٣٥. سیستەمی زەواجی دەرەکی بریتیە لەو سیستەمەی هۆزو خێڵەکان پەیڕەوی لێدەکەن ورێگا نادەن کەسێکی ناو خێڵ ئافرەتێکی نێو خێڵەکەی خۆی بخوازێت گوایە مارەییان لەیەکتری نایەت و سەربەیەك تەوتەمن بۆیە بەردەوام ئافرەتی خێڵەکانی دەوروبەری بۆپیاوەکانی دەخوازن کەچی سیستەمی زەواجی ناوەخۆ بەپێچەوانەی دەرەکی ڕێگا نادات پیاوانی خێڵ ئافرەتێکی تر لەدەرەوەی خێڵەکەی خۆیان بخوازن تاوەکو یەکێتی خوێن و ڕەگەزی خۆیان بپارێزن.

٣٦. اللغة والأنثروبولوجيا/ ادموندليتش /الثقافة الأجنبية / العدد ـ٣ ـ ١٩٩٤.

٣٧. لەنێو خێڵە بەراییەکانیشدا ئەگەرچی ئاین بەم شێوەیە بڵاو نیە بەڵام ئەوان پەیڕەو لەئاینی تەوتەمی دەکەن بۆیە گۆشتی ئەو ئاژەڵە یاخواردنی ئەو ڕووەکە قەدەغەوتابۆدەکرێت و کەس بۆی نیە بیخوات.

لە ساڵی ١٩٣٠ ـ ١٩٣٥ز. بۆ یەکەم جار ئاشنایەتیم لەگەڵ قوتابخانەی فرانکورتدا پەیداکرد. دوای ئەو ئاشنایەتیە بڕیارمدا ئەو بەرهەمانەی کە لە سەربنەمایەکی تیوری ئەزموونییەوە دامەزراون ـ لەبەرامبەر کارە زەینیەکان ـ دا بخوێنمەوە.

لەساڵی ١٩٦٠ز دا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە خەریکی شیکردنەوەی وتارەکەم بە ناونیشانی ((عەقلانیەت و شۆڕش)) بوو. داوایان لێکردم توێژینەوەیەکم ببێ لەبەراقی((توبنیگن))دا. پێمیان ڕاگەیاند کە ئادرنۆ(یەکێ لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفورت) وەڵامی وتارەکەم دەداتەوە. هەربەم بۆنەوە هەوڵێکی زۆرمدا بۆ موتالای بەرهەمەکانی قوتابخانەی فرانکفورت و بەتایبەت بەرهەمەکانی ئادرنۆ.

زۆربەی بەرهەمەکانی ئادرنۆ لەسێ گروپ دا دەتوانین پۆلبەندی بکەین: سەرەتا چەند وتاری سەبارەت بە مۆسیقاو ئەدەبیات و فەرهەنگ هەیە. کە گرنگییەکی زۆریان لای من نیە. پێم وایە ئەم بەرهەمانە لاسایی کردنەوەیەکی ناشارەزایانەی بەرهەمەکانی نووسەری ڤینیزی((کارل کراسە))کە لەتایبەتمەندەیە ڕوحیەکانی((کارل)) بە دوورن. لە ڤیەندا شارەزاییم سەبارەت بەو بەرهەمانە بوو لە دڵەوە لێیان بێزار بووم. بەرای من ئەوبەرهەمانە تووش بێبایەخی فەرهەنگی بوون. وئەم لاوازیە لەلایەن کەسانێکەوە خۆیان بەبەلیمەتی فەرهەنگی دەزانن ڕووی داوە. وهەروەها یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی ئەو بەرهەمانە ئەوەیە کەلەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا پێوەندیان نیە.

گروپی دووهەم لەکتێبەکانی ئادرنۆ سەبارەت بە مەعریفەناسی و فەلسەفەیە. وئەمانە دروست هەرئەو

کارل ریمون پوپر

لە فارسیەوە: بەختیار کەریمی – زانکۆی تاران

# زانیاریەک سەبارەت بە قوتابخانەی فرانکفورت


## لەدەر بڕینی ناپاکیەکانی جیهاندا زێدەرەوی نەکەین

شتانەن کە ئێمە لە بەریتانیا پێی دەڵێین:((گوتاری کلول)). ئەڵبەت پێش ئەوەی کە مارکسیست بێت لایەنگری هیگڵەو منیش دژی هەردووکیانم و، بەتایبەت هیگیلیزم. هەرچەندە بەلای منەوە مارکس وەکو بیریارو کەسێ کە دەیویست جیهانێکی نوێ بینابنێ رێزی هەیە، بەلام من و ئەو لەسەر هێندێ خاڵی گرنگ هاوبیرنین.لەتیوریەکانی بەقووڵی رەخنەم گرتووە. ناسینی مارکس کارێکی ئاسایی نیە. بەلام هەوڵی تەواوی ئەوە بووە کە بەباشترین شێوە بیناسن. مارکس شتێکی بۆ گوتن هەیە، بۆیە لەجەماوەر داوادەکات کە بیناسن. بەلام سەبارەت بەئادرنۆوە من لەگەڵ بەشێکی زۆرلە فەلسەفەی ئەودا نەهاوبیرم ونە دژیشی رادەوەستم. هەرچەندە هەوڵێکی زۆرم بۆدەرکی فەلسەفەی ئەو داوە بەلام وادێتە بەرچاوکە تەواوی ئەوانە تەنیا کۆمەڵێ وشەن. ئادرنۆ شتێکی بۆگوتن نیەو هەروەها بەزمانی هیگڵەوە دەدوێت. گروپی سێیەم لەبەرهەمەکانی هاوئاهەنگێکی زۆریان هەیە لەگەڵ سەردەم دا.


ئەم بەشەی لەبەرهەمەکانی پرپایەخ و بەنرخن، وئەم بەرهەمانە نوێنەری راستەوخۆی ترسی ئەون:

کەدڵنیگەرانی و پەژارەیەکی قووڵ کەتایبەت بەخۆیەتی ناویان لێدەنێ. ئادرنۆ کابرایەکی رەشبین بوو و دوای ئەوەی کە هیتلەر دەسەلاتی گرتە دەست(ئادرنۆ دەڵێ ئەو روداوانە ئەوی وەکو بیریارێکی سیاسی گێژو مات کرد) ئادرنۆ هیوای بە رزگاری مرۆڤ نەماو، هەروەها ئەوجۆرە رزگاریەکە مارکسیم بانگەشەی دەکرد. بەرای من ئەو وتارانە زایەڵەی هاواری نائومێدی ئەون. هاوارێکی تراژدیایو دڵتەزین. لێرەدا رەشبینیەکەی ئادرنو فەلسەفیەو ناوەرۆکی فەلسەفەکەی هیچە.

ئادرنو شارەزایانە دژی روناکی راوەستا. ئەوتەنانەت لە شوێنێك دا کەئاماژە بە دەستەکەی



ئادرنۆ



مارکس

گۆته دەکات، هەوڵدەدات کە بە لایەنگری کردن لە داخوازەکانی مارکس شیلر زۆرتر باسی جەهل و تاریکایی بکات. دەرکی ئەم مەسەلەیەزۆر موشکیلەیەکە چۆن دەبێ کابرایەکی مارکسیست وەکو ئادرنۆ لایەنگری ((تاریکایی زۆرتر)) بێت. مارکس ئاشکرایانە لایەنگری رۆشنگەری بوو. بەڵام ئادرنۆو هورکهایمر کتێبێکیان بەناونیشانی ((دیالیکتیکی و رۆشنگەری)) بڵاو کردەوە. بەڵام بەداخەوە لەوکتێبەدا هەوڵیان داوە کەبڵێن زۆربەی ((بیرۆکەکانی رۆشنگەری)) لەگەڵ دژایەتیە دەروونیەکاندا کەوتوونەتە داوێنی جەهل و تاریکایی، جەهلێ کەبەوتەی کەسانێ ئێمە تێیدا دەژین. ئەڵبەت ئەمە بیرێکی هیگیڵیە. دووبارە جێی سەرسوڕمانە بۆ من. چۆن دەبێ سۆسیالیستێك یان مارکسیستێ یان ئۆمانیتێکی وەك ئادرنۆ دەگەڕێتەوە سەر تێڕوانینێکی و، هەروەها داخوازی تاریکایی زۆرتر. ئەو بۆ داسەپاندنی ئەم بیرە رووداکاتە دەقێکی لێڵ ونادیار. ئەم نموونە تەنیا لە نەریتی سەدەی نوزدەهەمی فەلسەفەی ئەڵمانیادا پەیدا دەبێو هەروەها لەکتێبی ((کۆمەڵگای بان))دا ناوم ناوە پەرەوگەشەی قوتابخانەی ئایدیالیستە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا. مارکسیش پەروەردەی (دەست پەروەردەی) ئەم شێوازە بوو بەڵام بەتەواو هێزەوەلە سەرئەم شێوازە مایەوەو لەکتێبی ((سەرمایەدا)) سەبارەت بەم شێوازە و دیالیکتیکە چەند خاڵی خستۆەتە رووکەمن زۆربەیانم قبوڵ نییە.

مارکس لەکتێبی سەرمایەدا گوتویەتی: لە شێوەی ئەفسوناویەکەیدا دیالیکتیك شێوازی چەسپاوی ئەڵمانیایەو هێشتاکو ئەم نەریتە لەشێوەیە ئەفسوناویەکەیدا ماوەتەوە.ئەمەوێ سەبارەت بەهورکهایمر روونکردنەوەیەکم ببێت. بەلای منەوە بەرهەمەکانی هورکهایمر لەبەرهەمەکانی ئادرنۆ روونترن بەڵام تیوریە رەخنەگەرانەکەی بێناوەڕۆکن وئەم لاوازیە لە لایەن ویراستاری کتێبەکەیەوە قبول کراوە، هەربەم بۆنەوە ویراستارەکەی ئەڵێ: ((ئەگەر بمانەوێ چەمکەکانی هورکهایمر بڕژێنینە ناو رەستەگەلێکی ساناوە بەراستی کارێکی ئەستەم دەبێ))، لەبەرهەمەکانی هورکهایمردا جۆرێ مێژووگەری (کە تایبەت بەمارکسە) لێڵوبێ بناغە دێتە بەرچاو. هورکهایمربۆ بەرەنگاری لەو شتانەی کە پێشتر بە باشی نەگوترابێ، هیچ شتێکی نوێ ناڵێ. وئەو گومانەش هەیەکە بگوترێ تێبینیەکانی ئەو لەباری بوونی دەرەکیەوە، زۆر بەرچاونین و منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام. ئەو لەچاپی دووهەمی کتێبی((تیوری رەخنەگەرانە)) دوای ئەوەی کە ئارمانجخوازی رەت دەکاتەوە ئەڵێ: پێکهێنانی کۆمەلگای داهاتوو وەکو کومەلگایەك بۆ مرۆڤی ئازاد، بابەتێکە کەدەبێ ئێمەپێی پابەندبین.

منیش لەگەڵ ئەو بۆ چونەدام. واتا بیری دامەزراندنی کۆمەڵگایەك لەمرۆڤی ئازاد، هەروەها پابەند بوون بەو باوەڕە. ئەمە رایەکە. کەلەکاتی شۆرشی فەرەنسەو ئەمریکا پێکهات. بەداخەوە هورکهایمربچوکترین رێنوێنی ناکات کە چۆن ئەم بیرە بەئەنجام بگەیێنین. هورکهایمربێ هیچ پرس و شرۆڤەیەك، هەروەها بەلەبەرچاونەگرتنی رووداوە مێژوییەکان، ئیمکانی چاکسازی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکەمان رەت دەکاتەوە. ئەم کارەی ئەو بەو مانایەکە: رێگە بدە تاکو بەرەیحازر لەرەنج و دەردا بمێننەوەو لەناوبچن، واتا تەواوی ئەو شتەیکە ئێمە دەتوانین بەئەنجامی بگەێنین ئەمەیەکە لەم جیهانەی کە تێیدا دەژین رێگە بە ناپاکیەکان و ناراستیەکان بدەین و هەروەها رێگە بازبکەین بۆ زاڵمەکان((بۆرژواکان))بۆ بەئەنجام گەیاندنی

کردەوەی نالـەبار.ئەمەیە نـاوەڕۆکی تـەواوی تیـوری رەخنـە گەرانـەی قوتابخانـەی فرانکفـورت. رەخنـەی مارکسمان ئەدا بەژیانی کۆمەڵگای ئێمە. لای مـارکس تیـوری هـەلگری مـژدەی داهاتوویـەکی باشـە. بـەڵام تیوریێ کە خالی دەبێتەوە لـەمانا، وبەرامبـەر ئـەرکی خـۆی بەرپرسـیار نـەمێنێت بێسـود دەمێنێتـەوە. هەروەك ئەو کارەی کە ئـادرنۆ وهورکـهایمر بەرامبـەر بەتیوری کردیان وهۆی ئـەوەی کـە لای ئـادرنۆ ژیـان بێ نرخ بووهەرئـەم مەسـەلەیە بـوو. لەراستیدا ژیـان کاتـێ مانـای راسـتەقینەی خـۆی پـەیدا دەکـات و پڕبایەخ دەبێت کەئێمە بتوانین لەرێگای دامـەزراندنی جیـهانێکی باشـتر چ لەئێسـتاوداهاتوودا هـەنگاو هـەڵێنین. بەراسـتی جینایەتـە کـە لـەدەربڕینی ناپاکیـەکانی جیـهاندا زیـدەڕەوی بکـەین. ئەمـە ناپەسـەندە بـەڵام تـا رادەیـەکی زۆریـش جوانـە، کردەوەیـەکی نامرۆڤانەیـەو لەهـەمان کاتیشـدا مرۆڤانەیـە و بنـەمای جیـهانێکی بەختـەوەرو چـاك رووبـەرووی مەترسـی هـەرە زۆر دەبێتـەوە. مـەزنترین مەترسیەکان. شەڕی جیهانیە و ئەویتریش زۆر بوونی رادەی کۆمایە. بەڵام دلنیام کەجیهان شتی باشیشـی تێدایە: لەم جیهانەدا ملیۆنەها کەس هەن کەبووبوونە نـانی جیهانکی پڕلـە شـادی و خۆشـی رووبـەرووی مەترسی ببنەوە. ئەمێستاکە تارادەیەکی زۆر، توانای درێژکردنـی دەردو رەنجـەکانی، مرۆڤانمـان هەیەولـە هـەمووی ئەمانـە گرنگـتر دیـاری هێنـانی ئـازادی بـەربڵاوە بـۆ مرۆڤـەکان. بۆبونیادنـانی ژیـانێکی سـەربەرزانەبۆ مـرۆڤ قـەد نابـێ چـاوەڕوانی سـەرهەڵدانی (رب النوعـی)یـان شۆرشـێ لەمێژووداببیسـتن. چونکـە مێـژووو شـۆرش بـێ دەسەڵاتمان دەهێلنەوە. وهەر ئـەم مەسـەلەیە خـاڵی لاوازی قوتابخانـەی فرانکفـورت بـوو، ئـادرنۆی نائومێدکرد. ئێمە دەبێ لەزەینماندا بـیرێ پـەروەردە بکەین بۆ ئەوشتەی کە ئەمانەوێ بەئەنجامی بگەێنین و لـەکۆتاییدا باسـەکەم بەوتەیـەکی رەیمـون ئـارون تەواو دەکەم کە ئەڵێ:

من نووسـراوەکانی قوتابخانـەی فرانکفـورت(مکتـب فرانکفورت) وەکو موخەدرێ بۆ رۆشنبیران دەزانم.

# وشەی کورد،

# دەدەقە کۆنەکانی مێژوودا

ئەحمەدی شەریفی

وشەی کورد ، کەنگێ پەیدا بووە؟ بە چە مانایە کە؟ کورد کێن و لەکوێ دەژیان ؟ئەمە پرسیار گەلێکی زۆر گرینگی مێژووین ،کە ئەو، زۆر بەکورتی دیاردە یان بۆدەکەم و بەڵگە مێژوویەکان دەکەمە ،دەساویزی وڵام دانەوەی ئەوان پرسیاران.

دەزمانی سانسکریت دا، کەبە دایکی زمانە ئارییەکانی هیندو ئەوروپایی لە قەڵەم دەدرێ و کۆن ترین زمانی دونیایە ،وشەی کورتای KURATA هەیە ، بەمانای چەرم فرۆش وکەوش درو .[1] ئەم وشەیە کۆن ترین واژە یەکە ،وە وشەی (کورد) دەچێ ،بەڵام مانای گشتی هەیە و بەمانای خێڵ وتایە فەو هۆز نییە.

شولگی sholgi، یەکێك لە پادشایانی سێوە مین دەوورەی بنەماڵەی (ئوور uwir) کەلە ساڵی ٢٢٢٦ی پێش زایین هەتا ٢٢٧٢ فەرمانڕەوایی کردووە ، لەبیست و هەشتوومین ساڵی حکوومەتیدا ،پەلاماری زنجیرە چیای زاگروسی ئەمڕۆ دەداو بڕیکارە کەی گیمیل سین Geymil sin فەرمانڕەوایی سەرزەوی وولاتی کاردا kardaدەدا بەسەرداڕێك بەناوی (وارادن نیز wara dinnir وکە تیبە و لەوحەیەك لەم بارەوە دەنووسێ) . لەو کەتیبەو لەوحەی شولگی دا، کەلەم بارەوە بەجێ ماوە[2] وچوار هەزار سال قەدە مەتی هەیە ،وشەی کاردا ،کەناوی ناوچەو هەرێمێك لە چیاکانی زاگروس دابووە، زۆر وەك وشەی (کورد) ی ئێستا دەچێ. ڕۆژ هەڵات ناسێك ،بەناوی توروودان ژن Ture dancin کە ئەو کەتیبە ولەوحەی خوێندوێتەوە، پێیوایە سەرزەوی کاردا ،هاوسای وڵاتی سو su بووە، لەکوردستانی تورکیەدا. شەرەفخانی بدلیسی ، مێژوو نووسی کورد دەڵێ قەڵای سوی suy ئێستاش ماوەو لە نزیك بدلیسی یە[3].

هەزار ساڵ پاش ئەو لەوحە وکەتیبەیە، یانی

سێ هەزار ساڵ لەمەوپێش ،تیگلات پەلاسەری Tiglath pileser ئاشووری لەگەڵ قەوم و هۆزێك بەناوی کورتیkurti لەچیاکانی ئازو Azuدا،دەجەنگێ. ڕۆژهەڵات ناسی فەرانسەوی درایور Driver دەنووسێ: چیاکانی ئازو ،هەمان کوێستانی هازو Hazuی نزیك شاری مووشی کوردستانی تورکیەن. ئەم واژەی (کورت kurt) ش ـ هەتارادەیەکی یەجگار زۆر ، وەك وشەی کورد دەچێ .تەنیا تۆفیرو جیاوازییان دەپیتی (ت)و (د) دایە. کارنامەی ئەردەشێری بابەکان کە نزیك ١٧٥٠ ساڵ لەمەوپێشدا نووسراوە، وشەی کوردی بەپیتی (ت) تۆمار کردووە.

لەسەرەتای هەزارەی ئەوەلی پ. ز، دا، دەولەتی ماننا Mannaلە سێ گۆشەی گۆلی ورمێ، سنەو زاو (زاب) دا پێکدێ. پرفسور دیاکۆفوف ماد ناسی بەناو بانگی رووسی بەدوورو درێژەوە باسی ئەو حکوومەتە دەکاو دە نووسێ ماننا کان و ناوچەکەیان ،چەندین جارورا، کەوتۆتە بەر پەلاماری وەحشیانەی ئاشوریەکان و هەموو جارێ تووشی زەرەرو زیانێکی گەورەی بوون. ئەوپەلامارە بەردەوامانە، ماننا کانی هانداوە، هەتا لەگەڵ خێلات و هۆز گەلی تری هەرێمەکە یەکگرن و سەرەنجام بەسەرۆکایەتی دیاکۆ Dyako فیدار سیۆنێکی گەورە و حکوومەتی ماد دامەزرێنن و دژی ئاشوریەکان یەکبگرن .پروفسور سایس sayce دەلێ : مادەکان هۆزگەلێکی کورد بوون کەلە رۆژهەڵاتی ئاشوردەژیان [٤] ...ئاریایی نەژاد بوون [٥]. لەسەدەی شەشەمی هەزارەی ئەوەڵی پێش زایین ،حکوومەتی مادئیدی تەنیا حکوومەتێکی ناوچانە نەبووە و بۆتە زلهێزێکی مەزن و لەساڵی ٦١٢ دا، ئیمپراتوری حکوومەتی ئاشوورلێك هەڵدەوەشێنێ . ئەگەرچی هێندێ وشەی زمانی مادی دە مێژووی هیرودۆت وکە تیبە ولەوحەکانی هەخامنشی دا تۆمارکراوان و پێوە ندێکی نزیکی زمانی مادی و کوردی نیشان دەدەن، بەلام دەناو خێلات و تایەفەگەلێکی کە فیدراسیۆنی ماد پێکدێنن، وشەیەکی وەك (کورد) نابینن. یەکێك لە حەوت خێڵی گەورە، کە فیدراسیۆنی ماد پێکدینن تایەفەی (ئاریزانت) ەکان بوون .ئەم وشەیە، زۆروەك (ئارێز) کەناوی کەل و گەردەنە یەکە لە نزیك سنە، دەچێ و (زانت) یش وەك زەند دەچێ کە تایەفەیەکی کوردی ئیستایە.

کاتی حکوومەتی ماد لێکدە ترازێ و هەخامنشیەکان لەسەدەی (٥) بە رزاین دا دەسەلاتداری پەیدادەکەن ،دژایەتێکی گەورە دەنێوان، ئەردەشێری دووەم و کوروشی گچکە دا پەیدا دەبێ .ئە ردەشێری دووەم سپایەکی دەهەزار کەسی یونانی بەسەرۆکایەتی گزنفون، بە کرێ دەگرێ. پاش شەرو شورێکی بێ ئامان ، گزنفون و سپاکەی بەرەو یۆنان دەگەرێنەوە. لەکاتی گەرانەوەیان دا، لەساڵی (٤٠١)ی پێش زایین، لەچیاکانی کوردستان ، لەگەڵ بەرەنگاری وبە رخودانی قەوم و تایەفەیەك بەناوی (کاردوك/کاردۆخ) رووبەرووەبن . وەرگێرانی ئینگلیزی و فارسی ئەم سەفەرنامەیە ئەو قەومە ،بەگەلی کورد لەقەلەم دەدەن [٦].ئەم وشەیەش ، هەتا رادەیەکی زۆر ،وەك وشەی (کاردا) ی ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەری کەتیبەی شولگی دەچێ .

وشەی کاردا، لەسەرچاوە ئارامیەکان دا بۆتە (قردو qirdu/ قورت qurt). بە گوێرەی کەتیبەکەی (شولگی) و (گیمیل سین) (قورتی) /یان/ (کورتی) ناوی سەرزەوی یەکەو (کاردا) ناوی قەوم و گەلەکەبووە. هەروا ، کەتیبەکەی (تیگلات پەلاسەر)یش نیشانی دەدا کە کورتی kurti هۆزێك بووە کەلە کوێستانە کانی (ئازو) دا ژیاون و ئارامیەکان بەو ناوچەیەیان گوتووە (بیت قردو Beth qurdu) یانی وڵات و خاکی قردو / کاردو.

جوغرافیا نووسی یۆنانی (ئەسترابۆن) (بیت کاردو / قردو) بەکوێستانەکانی نێوان مووش mus و

دیاریکردەزانێ [٧]. ناوی کۆنی شاری جزیرێ، کە شاعیری گەورەی کورد مەلای جزیری لێهەڵکەوتووە ،(گزر تا دووقردو GizirTa du qirdu) بووە [٨].

( بلازەری و یاقووتی حەمەوی وتە بەری و کورپی ئەسیر) جوغرافیا نووسانی سەردەمی ئیسلامی ناوچەی جزیرێ یان بە (بلوك بقردی ) ناو بردوە [٩].

پرفسور مینورسکی دە نووسێ، یۆنانیەکان بە خەڵکی ئەو ناوچەیان وتووە کوردخوی .(خوی) عەلامەتی جەمع و کۆیە دە زمانی ئەرمەنی دا. ئەسترابۆن و گزنفون لە سەرئەم باوەڕەن کە / لاوانی پارسی وا پەروەردەدەکران کەلە سەرماوگەرما ،باو باران، ترس باکیان نەبێ وەك (کردوك kirduk) بژین و کردوك ـ یش بە مانای پیاوی ئازاو جەنگی یەو دە زمانی ئاشوریدایانی، قارەمان و پاڵەوان [١٠].

سەرزەوی (بیت کاردا/ یان/ بیت کردا ـ قردو ) لەدەووڕانی پارثی‌یەکان دا، ناوی بە (کوردونە korduene) تۆمارکراوە و لەساڵی ٦٥ی پێش زایین دا، لەژێر دەسەڵاتی پادشایانی پارثی دا بووە [١١].

مۆلۆن MoLon فەرمانڕەواو ساتراپی ماد لە ساڵی ٢٠٢ی پیش زایین دا، دژی سلوکیە کان رادەپەڕێ و هیوای هەرەگەورەی لەوشەڕانە، قەلماس هاوێژ و قۆچەقانی ئەندازانی کۆرتی بووە [١٢]. پروفسۆر مارت Mart (کورتی) وکوردبەیەك وشە دەزانێ و [١٣] لەسەرئەم باوەڕەیە کە ،(کرتیو kirtiu ) و (کرتین kirtin) باپیرە گەورەی کوردانی ئەمڕۆن‌و تەنانەت مینورسکی [١٤] و واسیلی نیکەتین ـ یش ،لایەنگری لەم بۆ چوونە دەکەن [١٥].

لەساڵی ٢٢٠ ـ ١٧١ پ . زدا، چریکە کانی کورتی لە جەنگەکانی نێوان ڕۆم و سلوکیەدا چالاکانە بەشداری دەکەن . لەجوغرافیای کۆنی ئەرمە نستان دا، ناوەکە بۆتە کرت چخ kirtcekh. ئادونتس Adonts پێی وایە ئەم ناوە تەرکیبێکە لە (کرت+ چخ) کە لە سەدەی چوارومی پاش زاین دا، ناوی ناوچەی سلماس وجولە مێرگ و جزیرێ بووە. پاش تربووە بە کوردون korduene و گوردونە GorduEneو لەسەرچاوەکانی سەریانی دابە (بیت قردو/ کردو ) مەشهوربووە [١٦] و گوردونە/ گوردیانە بەشێك لە وڵاتی پارثی بووە [١٧].

لەسالی ٣٦٢ پێش زایین دا، داتام Datam ناوێك دژی ئەردەشیر رادەپەڕێ .لەو شەڕانە دا، سێ هەزار چریکی کورداس kurdas بەشداری دەکەن .مشیرو دەوڵەی پیرنیا دەڵێ، کرنلیوسی رومی ،وشەی کرداك/ کردوك ـ ی بەکورداس تۆمارکردووەو مەبەستی کوردی ئەمڕۆیە [١٨]. ناوی وڵاتی (کردوکان) لە دەورانی ئەشکانی و ساسانی دا کوردون گوردون بووە [١٩] و لەساڵی ٩٢ی پێش زایین دا ، ئەردەوانی دووەم شارەکانی (ئەدیابنە و گوردینە) لە ناوچەمان / بین النهرین /دا گیردەکا [٢٠].

وشەی کورد، لەکار نامەی ئەردەشێری بابەکان بەشێوەی (کورت) هاتووە. تەبەری مێژوونووس دەڵێ، کاتێ ئەردەشێری بابەکان دەسەڵاتی گرت ،ئەردەوانی پێنجەم نامەیەکی بۆ شاندوبە (کورتی) لەقەڵەم دا [٢١]. یاقووتی حەمەوی دەنووسێ، ئەردەشێر کاتێ تیسفوونی ئاوەدان کردەوە، گەڕەکێکی ناو نا کورد ئاوا.

خودالیٚ خۆش بوو ئەمین زەکی بەگ ،سە بارەت بە پێشینەی وشەی کورد دەنووسێ:

سومیریەکان و ئاکادییەکان بەم وشە یان وتووە / گوتی

ئاشوری‌و ئارامیەکان وتوویانە /گوتی ،کوتی ،کورتی ،کارتی ،کاردو ،کاردا.

ئەرمەنیەکان ، بە شێوە گەلی ،کورداس ، کورتچیخ ، کورچیخ ، کردوخ ، کاردوخ ، کرفی‌و کورتی ـ یان بە کارهێناوە.

لەلای عەرەبان بووە بە کوردی ، کاردوی ، با کاردا ، کارتایە وجودی [٢٢].

سەرجەم بەم ئاکامە دەگەین کە وشەی کورد ، بە شێوە گەلی جۆربەجۆر ، لە٤٠٠٠ ساڵ لە مەوبەرەوە ،

بۆقەوم و گەلێك بە كارهاتووە، كەلە سەرزەوی كوردستانی ئەمرۆ دا ژیاوە . ئەم وشەیەش ،لە پاش ئیسلام سیمایەكی روونتری پەیدا كردووە و سەرەڕای نكۆڵی هێندیٚ دە مارگران ، رۆڵێكی گەورەی دە مێژووی مرۆڤایەتی دا هەبووە.


سەرچاوەكان :

١. شرفنامە بدلیسی . چاپ تهران . محمد عباسی . مقدمە

٢. شرفنامە بدلیسی . چاپ تهران . محمد عباسی . مقدمە

٣. كورد و كوردستان .محمد امین زكی بگ. بغداد ١٩٣١ .ص ٤٠

٤. كورد و كوردستان .محمد امین زكی بگ. بغداد ١٩٣١ .ص٧٥

٥. كورد و كوردستان .محمد امین زكی بگ. بغداد ١٩٣١ .ص٧٥

٦. بازگشت دە هزاربونانی. جفری هاوس هولد . ترجمە دكتر منهوچهر امیری. تهران

٧. تاریخ ریشە ونژاد كرد و پیوستگی نژادی او . رشید یاسمی گوران. ص ٩١

٨. تاریخ ریشە ونژاد كرد و پیوستگی نژادی او . رشید یاسمی گوران. ص٩٠

٩. تاریخ ریشە ونژاد كرد و پیوستگی نژادی او . رشید یاسمی گوران. ص٨٩

١٠. تاریخ ایران باستان .ج ٢ص ١٠٧ مشیرالدولە پیرنیا. تهران ١٣٦٢

١١.تاریخ ایران. الفردفن گوتشمید. ترجمە كیكاووس جهانداری .ص ١٣٠ ـ ١٣١

١٢.تاریخ ریشە و نژاد كرد. ص ١٥٩

١٣.ژیانی كوردە واری . تومابوا ، ترجمە اوار زنگنە. لاپەرە ٣٢ ـ ٤٣ بەغداد ـ ١٩٨٠

١٤.كورد . مینورسكی . ترجمە معروف خزنەدار . ل٤٦ . بەغدا ١٩٨٤

١٥.كرد و كردستان . واسلیی نیكتین. ترجمە محمد قاضی .ص ٣٤ ـ ٣٥ تهران ١٣٦٦

١٦. كیهان هوایی. شمارە ١٢١٠ ـ سال ١٣٧٥ تهران

١٧. میراث ایران باستان . ریچارد فرای ـ ترجمە مسعود رجب نیا ـ ص ٣٠٢ تهران ١٣٧٤

١٨. تاریخ ایران ازدوران باستان تا سدە هیجدهم . گروهی از مولفین شوروی . ترجمە كریم كشاورز . ص ٥١ تهران ١٣٤٥

١٩.تاریخ ایران باستان . پیرنیا. ص ١١٤٥ ج٢

٢٠.تاریخ ایران باستان . پیرنیا. ص١٥٤٤ ج٢

٢١.تاریخ طبری ج ٢ص ٥٧

٢٢.كورد و كوردستان . زكی بگ .ل ٧٩ ـ ٨٠

بابەتی (مێژووی ئاوەزو دەوڵەت) لە هزری رۆشنگەریدا تەنها بابەتێکی فەلسەفیانەی روت نیە، بەڵکو خۆمان وەك تاك و وەك هاوولاتیش لەهەرکات و شوێنێك بین ئەو بابەتە تایبەتە بە خۆمان. ئێمە ئەمرۆ واسەیری ئەو راستیە دەکەین کە هەریەکە لە ئێمە تاکە کەسێکە و هاوولاتیشە. ئەمە بەڵگە نەویستێکە یان مافێکی سروشتیە ئەگەرچی لە هەندێکی ولاتەکانماندا یەکێکمان بەسەر ئەویترماندا زاڵ بێ. ئەگەر هەرەشەیەکیش بۆ یەکێکی ئەو مافانە، یان هەردووکیان دروست بو، ئەوا ئێمەش بەرگری لە خۆمان و کەسوکارمان دەکەین. بە پێی مافی تاکەکەس و هاولاتی داوا دەکەین. پێش رۆشنگەری و پێش دروستکردنی دەوڵەتی نوێ، لە رۆژئاواو لە ولاتانی ئێمەش نە تاکەکەس هەبوونە هاوولاتی هەموو رەشۆکی بوین و هاوولاتی نەبوین، بونمان پەیوەست بو بە ئەندامێتیمانەوە لە گروپێکی برواداروو بەزەیی فەرمانڕەواوە.

رێگەی گواستنەوە لە باری رەشۆکییەوە بەرەو باری هاوولاتی، بە پەرەسەندنی ئاوەز و چەمکەکانی سیستەمەکانی فەرمانڕەواییدا تێپەڕدەبێ. پوختەی ئەو پەرەسەندنەش لە بزوتنەوەی رۆشنگەریی ئەورووپیدا دەبینین. مێژووی دەربازبونی ئاوەز لە ژێردەستەلاتی لاهوتی و غەیبی، مێژوی وەرچەرخانە لەباری رەشۆکیەوە بەرەو باری هاولاتی بون. لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی بۆ ئێمەش ئەم توێژینەوەیە لە پەرەسەندنی بیرۆکەی ئاوەزی چاخی رۆشنگەرییەوە دەست پێبکەین و پاش ئەوەش هەندێ بەوردی باس لە مێژووی گرنگترین ئەو بەشداریانە بکەین کە لە سەرئاستی هزری یاسایی دەستیان لەم وەرچەرخانەدا هەبوە.

من لەم توێژینەوەیەدا لە پاڵ دەقە ڕەسەنەکانی بیریارەکانی بابەتی توێژینەوەکەوە کە لە


و: کامیل محەمەد قەرەداغی

# ئاوەز و رەوایی دەسەڵات لە بزوتنەوەی رۆشنگەریدا

فەرەنسیەوەو وەرمگێراون پشتم بە چوارکتێبی سەرەکی بەستوە، ئەوانیش ئەمانەن: (قۆناغەکانی هزری سۆسیۆلۆژی)ی ڕێمۆن ئارۆن. (مێژوی دامەزراوەو روداوەکۆمەلایەتیەکان)ی پییێر کلیمەنت تامبال و ئەندرێ کاستالدۆ. و (مافی سروشتی و کەرامەتی مرۆیی)ی ئارنست بلوخ. و (مێژووی فەلسەفە) کە ئینسلیکۆپیدیایەکی مێژووییەو فرانسوا ئاتلێ سەرپەرشتی ئامادەکردنیی کردووە.

## ئاوەز وەرگرتن

تا سەدەی حەڤدە، ئاوەز شتێکی تەمومژاوی بو توێژینەوەکان لە سەر چێیتی ئاوەز بون، تۆ بلێی ئەو چێیتیە خەلاتێك بێ بە مرۆڤ بەخشرابێ و بەشێك لە رەوانی پێك بهێنێت؟ ئەو کاتە تێکەلکردنێکی نێوانی ئاوەزو رەوان هەبو. جیاکردنەوەی نێوانی (ئاوەزو وەرگێران ـ العقل و النقل) لەگەل لیبنتزدا و لە سەدەی حەڤدەوە دەستی پێکرد ئەم جیاکردنەوە، یان هەلاواردنەش لە بەرژەوەندیی ئاوەز بو، چونکە رێکەوتنێکی وا هاتە ئاراوە کە ئاوەز توانای پێکەوە گرێدانی نێوانی راستیەکانە، بە تایبەتیش ئەو راستیانەی کە ئاوەز خۆی بەبێ یارمەتییەکی دەرەکی دەتوانێت پێیبگات. دوژمنانی ئاوەز بەم پێناسەیە هەلچون، بۆیە دەبو لیبنتز بوارنەدات خۆی بکەوێتە تەلەزگەیەکەوە بەرەو کورەکانی بەرن. هات وتارە ناودارەکەی (رێکەوتنی نێوان بڕواو ئاوەن)ی نوسی. ئەوی فەیلەسوف و دیبلۆماسی ئەوروپیی ناسراو رونی کردوە کە دەکرێ بڕواداری و ئەزموون بەیەکەوە بەراورد بکرێن، لەبەر ئەوەی بڕواداریش سەبارەت بەو هاندەرانەی کە ئاشکرای دەکەن و راستیەکەی دەسەلمێنن، پەیوەست دەبێ بە ئەزموونی ئەو کەسانەوەی کە موعجیزەکانیان



بلوخ

بینیوه، ئەو موعجیزانەی کە بڕواکەیان لەسەر دامەزراوە). ئەمەش مانای وابو کە دەربازبون لە ئەزمون شیاونیە، ناکرێ. ئاوەزیش لە ئەزمون لە پێشترە، چەن راستیەکی بەدەر لە هەستەوەرەکانی هەیە. ئەم لە پێشتر دانانەی ئاوەز لە لیبنتزەوە هاتوەو رێگەیەکی پان و فراوانی لەبەردەم ئیمانۆیل کانت و بیرۆکەی رۆشنگەری و فەیلەسوف و بیریارەکانی سەدەی هەژدەدا کردۆتەوە.

بە مانایەکی تر لەوێدا ئاوەز قۆناغێکی گەورەی بڕی کە لیبنتز رونیکردەوە لێپێچینەوە لە ناکۆکیەکانی نێوانی وەرگرتن و ئاوەز تەنها بۆکامینەکانی کلێسەقۆرخ نیە و پێویستە ئەوانیش مل بە پێویستبوونی ئەزمون بدەن. لەوێشەوە کە گفتوگۆ کردنی ئەرك و کرۆکی ئاوەز، مەرج نیە تۆمەتی بێبڕوایی ئیلحادو پرس و بەدواداچونەکانی ئیلحادی بدرێتە پاڵ. بە مانایەکی ساکارتر کردەی بڕواداری لەلای لیبنتز دەبێتە ئەزمونێکی وەك هەر ئەزمونێکیتر. لێرەوە دەتوانین پێوەرمان دابنێین و بڵێین بڕواداریش ئەزمونێکە.

بەم لۆژیکە سەلیقەدارو ئازایانە بڕواداریش بو بە رەوشێکی رێژەیی. واتە ئەو قەڵاو سەنگەر بەندیی پیرۆزییانەی کە لە دەوری بڕوادارییەوە ئاڵێنرابون کەوتنە بەر ئەگەری غەزو کردن و یەکالا کردنەوە، واتە بە تەواوی وەك قەڵاکانی خانەدانە وردەکانیان لێهات کە ئەمانیش کەوتنە بەر هەڕەشەی بزوتنەوەو بازرگان و کاسب کارەکان. کە دەکاتە هەڕەشەی هەمو ئەوانەی کە بەهێزی کاروسەرمایەیانەوە پەیدابونی توێژی کۆمەڵایەتیی نوێیان رادەگەیاند، نەك بەو پەیوەندیی بنەچەداری و کۆیلایەتیەی کەبە سەر زەوی و زارو کۆلاکیی خۆیاندا دەیان سەپاند گومانێك لەوەدا نیە کە فاکتەرەکانی جەنگەکان و گومان کردن لە راستیی و تەزاکانی دامەزراوە ئاینیەکان کەبۆ برەودان بۆ ئەو شەڕانەوە دەکران، دامەزراوەکانی هزری تەقلیدیانەی سەدەی حەڤدەیان لەرزاند.

هەروەها گومان لەوەشدا نیە کە هەستکردن بە نەزۆکیی دیالەکتیکی نێوانی زەینکاری و ئاوەز گەشتوە بەوەی نەك هەر گومان لە هەموو ئەو بیروباوەڕە کلاسیکیانە بکرێ، بەڵکو ئارەزویەکی راستەقینە بۆ دانانی سنورێك بۆ ئەو مشت و مڕە نەزۆکانەش بێتە ئاراوەو ئارەزویەکی راستەقینە بۆ گەڕان بەدوای رێگەیەکی تری پێشکەوتندا دروست ببێ.

کەوابێ ئەوە شتێکی سروشتی بۆ ئاوەز، بە تایبەتیش پاش دیکارت بکەوێتە ئەوەی کە دان بەیەك یەقینی بەراییدا بنێ، ئەویش یەقینی گومان کردنە. واتە قایلبون بە سنورەکانی ئاوەز، و پاشانیش قایلبون بەو بیرۆکە پراکتیکیەی کە دەڵێ لەبەر ئەوەی چەسپاندنی رێورەسمی بیرکردنەوەی ئاوەزکاری لەسەر بنەمای یەقین موستەحیلەو ناکرێ، کەواتە چارێکی تر نیە، جگە لەوەی بکەوینە ئەوەی گریمان دابنێین، واتە رێسایەك دابنێین ئەگەری چاککردنەوەو گۆڕانی تێدابێ. قایلبون بەم کردە ساکارە هەنگاوی یەکەمی سەر رێگای ئەو شۆڕشە مەزنانە بو کە لە بوارەکانی بیرکاری و فیزیا و یاسارێژیدا بەرپابون. قایلبون بە پرنسیبی گریمانەکان و رەتکردنەوەی رەهایی و گومانکردن لە (راستیە نەگۆڕەکان) هەموی ئەو مانایەی گەیاند کە ئیتر ئاوەز کامڵ بوەو دەتوانێ بە تەنهاو بە ئامرازەکانی خۆی کاربکات و پشت بە دەربازکەرێکی دەرەکی نەبەستێ. واتە وایلێهات خۆی (تێبینی)ی ئەو مەسەلانە بکات کە هەستەکان تۆماریان دەکردن، بەبێ ئەوەی پێشەکی مانایان پێ ببەخشێت خۆی راڤەیان بکات واتە لە بری ئەوەی پشت بە چەند پرەنسیبێکی پێشینە ئامادەکراو ببەستێ، ئاوەز پەیوەست تر بو بەو واقعی مادییەوە و بۆجیا کردنەوە و کۆکردنەوەو سازدانەوەی ئارامانەی رەگەزە جۆراوجۆرەکانی ئەم واقعە (شیکردنەوە) بەکار بێنێ. ئەمە قۆناغی یەکەمی کارەکە بو،

قۆناغی دووەمیشی بەراوردکاری و دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی نێوان رەگەزە جۆراوجۆرەکان و هەڵێنجاندنی یاساکان بو.

هەموو ئەمانە مانایان وایە ئیتر جێگایەك نەمایەوە و تاکە رێگای بەرەو ئەبستمۆلۆژیا ئەو کارکردنە پەیرەودارەیە کە بوار بە ئاوەز دەدات ئەو مەسەلانە کۆبکاتەوە کە تالە نزیکەوە لێیان نەکۆڵێیتەوە و راستیی پەیوەندیەکانی نێوانیان نەدۆزێتەوە لێیان تێناگات. ئاوەز شتێکی دۆزییەوە، زەینکارەکان نایزانن. ئەوشتە (ئەزمون)ە. واتە ئەو کردەیەیە کە بواری بەرپاکردنی چەندان دەستهاتی مەزنی رەخساند و ئەو دەستهاقانە ئەمرۆ ئەستونی هەموو بیرکردنەوەیەکی زانستیانەن. کەوابێ ئەزمون دابینکاری راستەقینەی دروستیی بیرکردنەوەیە، لە رێگای نێوان ئەنجامی کاتی و دوا ئەنجامدایە.

ئەزمون قەلایەکە لەدژی هەڵە چارەسەرێکی شیاوە بۆ روبەرو بونەوەی بزرکاندنەکانی خەیاڵ و فەرامۆشی و لاژویی. ئەزمون ئەو هێزەیە کە لە بەرامبەریدا هەڵەو ساختەیی هەرەس دەهێنن.

### خەونەکەی دیدرۆ

دیدرۆ لە رۆمانی (گەوهەرە ئاشکرا کراوەکاندا)، (مانگۆگۆڵ)ی پاڵەوانی وا دەخەملێنێت کە کەسێتییە کە بەو مەسەلانە رادەبوێرێ پەیوەندییان بە فەلسەفەوە نیە، لەگەڵ ئەوەشدا حەزی بە هەمو ئەو شتانە هەیە پەیوەندییان بە ئاوەزو ئەزمونەوە هەیە. دیدرۆ خەونێکی لەو شێوەیەی مانگۆگۆڵ دەخەملێنێت کە گوزارە لە خۆشەویستی و حەماسی هەمو ئەو شتانە دەکات پەیوەندییان بە ئەزمونەوە هەیە. مانگۆگۆڵ لە خەویدا دەچێتە تەلارێکی نامۆوە. ئەم تەلارە هیچ بنچینەیەکی نیەو و ستونە لەرزۆکەکانی بەرەو ناکۆتایی بەرز بونەتەوە لە کۆتاییدا گەشتون بەچەند قوببەیەکی کونتێکراو. ئەو خەلکەش کە لە بەر دەروازەی تەلارەکەدا کۆ بونەتەوە چەند شێوەیەکی لەیەك جیاوازیان هەیە. بەڵام هەمویان لەوەدا بەشدار بون کە دەمارو هێزیان نەبو. بەڵکو لە شێوەی گۆزەی فودراودا بون. مانگۆگۆڵ بەناویاندا رادەبورێ و دەگات بە سەکۆیەك کە جاڵجاڵۆکە تەونی خۆیانیان بەسەردا رایەڵ کردووە پیرێکی ریش سپی لەسەر ئەم سەکۆیەدا دانیشتوە. پیرەکە فودەکات بە پوشێکدا و چەند بڵقێك لە پوشەکەوە دەچن بە ئاسماندا. لە دورەوە منداڵێك پەیدا دەبێ، وردە وردە نزیك دەبێتەوە، منداڵەکە گەورە دەبێ. بەدوربینێك سەیری ئاسمان دەکات و بەندۆڵێکیش بۆ پێوانی بەربونەوەی تەنەکان بەکار دەهێنێت، قورسیی با، بە ستونێکی جیوە دەپێوێ. منداڵەکە دەبێ بە قەببەیەکی ناقۆلا، سەری دەگات بە ئاسمان و قاچەکانیشی دەگەن بە قولایی زەوی، کە هەردوو باسکی درێژبکات، جەمسەرەکانی زەوی دەگرێ، ئەمجا بەدەستی راستی مەشخەڵێك بەرزدەکاتەوە،



رۆسۆ

ئاگر بە قولایی دەریا و شوێنە نەناسراوەكانی زەوییەوە دەنێ ئەم منداڵە قەببەیە ئەزمونە لەو تەلارە نامۆ دێرینە نزیك دەبێتەوە كەستونەكانی دەلەرزن و بە ناڵەیەكی گەورەی ترسناك دەتەقنەوە.

## خسێوەكانی پیترۆڤیری

دیدرۆ بە مانای ئەكادیمیانەی (فەیلەسوف) نیە. باشتروایە بڵێین تێكۆشەرێكی پێناوی ئاوەزو. ئەنگە لە (كانت) هەستەوەرتر بوبێ، هەرهیچ نەبێ بەدەست سانسۆرو شوراو رێبەندە كۆمەڵایەتی و مێژوییەكانی سەپێنراوی سەر ئاوەزەوە زۆری چەشتوە. هەستەوەریەكانی ئەو كەلە (كانت) زۆرتربو لەوەوە هاتبون كە پێویست بۆ ئەم لەو هەمو قەلایانە بدات. شێوازە ئەدەبیەكەی ئەو، هەر تەنها روی لە ئاوەزی ئێمە نیە، بەڵكو ئەویش وەك پیترۆ ڤێری (١٧٢٨ - ١٧٩٧) رۆشنگەری گەورەی ئیتالی كە لە ساڵی ١٧٦٤دا وتارە ناودارەكەی (پەرستگەی نەزانی)ی نوسیوە، ویژدانمان دەدوێنێ.

ڤێری بە شێوەیەك (نەزانی) دەخەملێنێت كە لە قەلایەكی كۆنی وێرانی بونیاد قوچەكیدا دانیشتبێت، بۆ دەروازەش دەمێكی گەورە دروست كرابێ، باوێشك بدات. برێكی زۆری رەوتەنی ئەو شوێنە (بینایە)یان پڕ كردبێتەوە. ئەو برە خەڵكەش كۆمەڵە گەمژەیەكی زۆربلێی سەرسام بن و نەبزانن فاوی خواوەندی ئەو پەرستگایە چیەو نەناوی شوێنەكەش بزانن كە لێی دانیشتون. بەسەر دیوارەكانی ئەم پەرستگایەوە وێنەی دەربڕی كارەسات و شەڕی ناوخۆو نەزۆكی و وێرانی هەبن. لە كونجێكیەوە سەكۆیەك هەبێ. پیرەژنێكی چاوپڕوپوشاوی هەبێ بەسەر سەكۆكەوە بقیژێنێت و چەند قسەیەكی رێك چەند بارە بكاتەوەو بڵێ (لاوان، لاوان، گوێم لێبگرن، متمانە بە خۆتان مەكەن. پشت بە ئاوەزی خۆتان مەبەستن، ئەوەی لە ناخ و ئاوەزی خۆتاندا هەستی پێدەكەن تەنها وەهمەو هیچی تر، گوێڕایەڵی نزیكەكانی خۆتان بن، چونكە هەر ئەوە باشە كە پێشینانمان كردویانە) لە دوری ئەم پیرەژنەوە پیرێكیتر لە نێوان رەوتەنیەكاندا دێت و دەچێ و شێتانە هاواردەكات (خەڵكینە، ئاوەز وەهمە، ئەگەر ویستتان چاكە و خراپە لەیەكتر جیابكەنەوە، دوای بۆچونی، زۆرینەو قەرەباڵەغی بكەون، هێی خەڵكینە، ئاوەز، وەهمە، وەهم)

## ئاوەزكاریی كانت

هەموو ئەم وێنە وێژەییانە وەك چەند هەنگاوێكی بەرایی بەرەو ئازادبونی مرۆڤ و ئاوەزی مرۆڤ بون لە كۆتی پێشینیان و داب و تەمەڵی و پشت بە خەڵكی تر بەستن. بێگومان ئەم هەنگاوە (هونەرییە) پێشرەوانەش بون كە لە كاتی خۆیاندا رێگەیان بۆ چەند بیریارو فەیلەسوفێكی وەك (كانت) خۆشكرد لە گوتارێكی هزری و زەینیی رووندا ئەو شتە بڵێن كە هونەرمەندانی سەردەمەكە لە گوتارە وێژەیی و وێنە شێوەكارییەكانی خۆیاندا دەیانگوت.

باپێش پێشكەشكردنی ئەو بەشدارییە گەورەیەی كانت بۆ تۆزێك راوەستین و تەنها دیمەنێك لە ژیانی ئەم مرۆڤە بگێڕینەوە. كە ئەوەش دیمەنێكە پەیوەندییەكی پتەوی بە بەهایەكەوە هەیە، بۆ چاخەكە نوێ بو، تێكەڵێكە لەرێزگرتنی تاكی مرۆڤ و رەوشتی شارستانیانە.

شەش رۆژ پێش ئەوەی كە كانت بمرێت، پزیشكەكەی كە هاورێیەتی، سەردانی دەكات ئەو كاتە نەخۆشیی پزەی لێ بڕیبو، چاوەكانیشی لەوەدابون كوێرببن، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا بە لاوازی و لەرزۆكیەوە لەبەر پزیشكەكە هەستاو دانەنیشتەوەو چەند قسەیەكی نەبیستراوی بڵماند. پزیشكەش تێگەیشت كە كانت پێش ئەو دانانیشێتەوە، بۆیە لەسەر كورسییەك دانیشت و كانتیش رێگەی بە خزمەتكارەكەی دا دایبنیشێنێتەوە سەركورسیەكەی خۆی. كاتێكیش



کانت

هەندێك توانای بە بەر خۆیدا هێنایەوەو توانی قسە بکات بە میوانەکەیی وت (هێشتا هەستی مرۆڤایەتیەکەم بەجێی نەهێشتوم). هاورێکەی خەریك بو دەست بکات بە گریان. وشەی مرۆڤایەتی لە سەدەی هەژدەداو لە مانادا هەندێك لە مانای ناسکی و لوتف و زمانشیرینی بەهێزتر بو. هەر ئەو وشەیە بەلای کانتەوە مانایەکی قووڵتری هەبوو. ئێمە لەم روداوەوە کە هەستکردنی ئەم مرۆڤە پیشان دەدات لە نێوان ئەو پرنسیپانەدا کە هەمیشە بانگەشەی بۆ کردون، واتە ئەوانەی مرۆڤایەتی، و ملوانی هەمان مرۆڤ بە نەخۆشی و تێکشکان و هەمو ماناکانی وشەی ((مەرگ)) ویستمان بڵێین ئەمە ئەو مرۆڤەیە کە باسی ئاوەزو ئەزمونمان بۆ دەکات. با ئێستا قسەکان بدەین بەزاری ئەو، و پاشان بە درێژی دەگەڕێینەوە سەرمانای (مرۆڤایەتی) لای کانت و فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدە.

**کانت لە (رەخنەی ئاوەزی پوخت)دا دەڵێ:**

ئەوە گومانی تێدانیە کە هەمو مەعریفەکەی ئێمە بە ئەزمون دەست پێدەکات. چونکە جگە لەو شتانەی کە هەستمان دەوروژێنن و لە لایەك چەند شێوەیەکمان بۆ بەرهەم دەهێنن و لە لایەکی دیکە توانای زەینیمان بۆ بەراورد کردن و پێکەوە گرێدانی و جیاکردنەوەی شێوەکان دەوروژێنن و کەرەستەی خاوی ئینتباعە هەستیەکان گەڵاڵە دەدەن بۆ ئەوەی ئاشنابون بەشتەکان و ئەزمونیان لێ پەیدا ببێ، چیتر هەیە توانای ئەبستمۆلۆژییانەمان بێدار بکاتەوە و پاڵی پێوە بنێت بەرەو کارکردن؟ کەوابێ هیچ ئەبستمۆلۆژیایەك نیە لەسەر ئاستی زنجیرەبەندیی زەمەنی پێش ئەزمون بکەوێ. هەمو ئەبستمۆلۆژیاکان بە ئەزمون دەست پێدەکەن.

بەڵام کە ئەبستمۆلۆژیاش بە ئەزمون دەستی پێکرد، ئەوە مانای وانیە ئەبستمۆلۆژیا لقێك بێت لە ئەزمون. چونکە دەبێ خودی ئەبستملۆلۆژیا ئاوێتەیەك بێت لەو ئینتباعە هەستیانەی کە وەرمان گرتون و، بەرهەمەکانی توانای خۆمان، واتە ئەو شتەی کە خۆمان دەیخەینە سەر کەرەستە خاوەکەو تا نەکەونە بەر سەرنجمان لە یەکیان جیا ناکەینەوە، واتە بە پراکتیکێکی درێژخایەن دەتوانین کەرەستەکەو تواناکەی خۆمان لێك جیابکەینەوە.

ئەمەش مەسەلەیە کە بە پەلە چارەسەر ناکرێ و پشکنینێکی وردی لە ئێمە دەدوێ. ئەمجا دەتوانین بزانین ئایا مەعریفەیەکی لەو شێوەیە هەبوە کە بە تەواوی لە ئەزمون و لە هەمو ئینتباعە هەستەوەریەکان دابڕاوو، بێ پەیوەندیی بێ. مەعریفەی لەو شێوەیە پێیدەوترێ مەعریفەی بەرایی و دەتوانین لە مەعریفە ئەزمونگەرییەکانی جیابکەینەوە و دەکرێ سەرچاوەکەشیان هەر ئەزمون بێ.

بەڵام باسکردنی ئێمە لەم مەسەلەیە هێندە تایبەتمەندانەو دیاریکراو نیە کە جەخت لەسەر مانای

ناوەڕۆکی ئەو مەسەلە پێشنیار کراوە بکەین. چونکە سەبارەت بە زۆری مەعریفەکان دەگوترێ لە سەرچاوەی ئەزمونگەرییەوە هاتون و ئێمەش بە پرەنسیب بە دەستمان هێناون، چونکە خۆمان لە ئەزمونێکی راستەوخۆوە دەرمان نەهێناون، بەڵکو لە بنەمایەکی گشتیەوە هەڵدەقولێن، بنەماکەش دەچێتەوە سەر ئەزمون. بۆ نمونە کە پیاوێك بنچینەی خانوەکەی تێك دەدات، دەگوترێ ئەو پیاوە لەروی پرەنسیپەوە زانیویەتی خانوەکەی دەروخێت، ئیتر پێویستی بەوە نەبوە چاوەڕوانی ئەو ئەزمونە بکات تا بە چاوی خۆی ببینێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پیاوە نەیتوانیوە هەر لە روی پرەنسیبەوە و بە پرەنسیب ئەوە بزانێت، بەڵکو دەبو پێشتر بە ئەزمون بزانێت کە تەنەکان قورسن و کە پاڵپشتەکانیان نەمان تەنەکان دەکەون. واتە پێش روخانی خانوەکە ئەزمون فێری ئەوەی کردوە. لێرە بەدواوە مەبەستی ئێمە لە مەعریفە بەراییەکان ئەو مەعریفانە نیە کە لە ئەزمونەوە هەڵناقولێن، بەڵکو ئەو مەعریفانەیە کە پەیوەندییان بە هیچ ئەزمونێکەوە نیە. ئەم مەعریفە پرەنسیپیانە پێچەوانەی مەعریفە ئەزمونگەرییەکان (ئیمبریکیەکان)ن، هەروەها پێچەوانەی ئەوانەشن کە بەبێ ئەزمون نایەنەکایە. بەلام لە نێوانی مەعریفە پرەنسیپیەکانیشدا چەند مەعریفەیەکی دیکەهەن دەتوانین پێیان بڵێین مەعریفە (پوختەکان) واتە هیچ شتێکی ئەزمونگەریی تێکەڵ نابێت، نمونەی ئەمەش ئەم وتەزایەیە (هەمو گۆڕانێك هۆیەکی هەیە)، ئەمە و تەزایەکی پرەنسیپیە، بەلام تەواو پوخت نیە، چونکە گۆڕانیش چەمکێکە بەبێ ئەزمون نایەتەکایە.

کەواتە دەبێ پێوەرێك هەبێت بوار بدات، بە دڵنیاییەوە هەلاواردن لە نێوان مەعریفەی رووت و مەعریفەی ئەزمونگەریدا بکرێ. ئەزمون فێرمان دەکات کە هەرشتێك شێوەو رێگەی خۆیی هەیە، بەلام هەرگیز پێمان ناڵێت، کە هەر ئەو شێوەو رێگەیەی هەیە و هیتری نیە، ئەمەش مانای وایە:

یەکەم:

ئەگەر وتەزایەك هەبێ، ناوەڕۆکە هزریەکەی فەرمانێکی زەروریی تێدابێ، ئەوا دەکەوینە بەر ئەگەری حوکمێکی مەبدەئی. سەرباری ئەوەش ئەگەر ئەم وتە زایە لق و پەلی هیچ وتەزایەکی هاوکوفی خۆی نەبێ، ئەوا خۆی بە شێوەیەکی رەهاو، وەك وتەزایەکی زەروری دەبێتە وتەزایەکی مەبدەئی.

دووەم:

ئەزمون هیچ مورکێکی گەردونی سەراپاگیر ناداتە حوکمەکانی خۆی، بەڵکو حوکمەکان بە شێوەیەکی گریمانی و رێژەیی خۆیان گەردونی و سەراپاگیرن. بەو مانایەی کە تێبینیەکانی ئێمە چەند زۆربن تا ئێستا لەم رێسایە دەرنەچون. ئەنجامی ئەمەش هەرحوکمێك بە شێوەیەکی گەردوونی سەراپاگیر تێرامانی لەسەر کرابێ، واتە هیچ ناوازەیەکی نەبێ، ئەوە حوکمێکە لە ئەزمونەوە هەڵنەقولاوە، بەڵکو لەروی پرنسیپەوە تەواوە. کەوابێ گەردونیی ئەزمونگەریی بەرز کردنەوەی حوکمدەرانەی بەها، بەولاوە چیدیکە نیە. ئێمە زۆربەی جار هەر رێسایەك راست بێ، دەیکەین بە یاسایەك بەسەر هەمواندا پیادەببێ، وەك وتەزای (هەمو تەنێك کێشی هەیە) بە پێچەوانەشەوە کاتێك حوکمێك هەبێ گەردونی و سەراپاگیربێ ئەوە دەزانین ئەوە حوکمێکە لە سەرچاوەیەکی تایبەتیی مەعریفەوە هاتوە، ئەو سەرچاوەیەش توانای خۆمانە لە مەعریفەی پرەنسیپدا. پێویستی و، گەردونیی سەراپاگیر دوو خەسڵەتی گومانهەڵنەگری مەعریفەن، هەردوگیان بە شێوەیەك پێکەوە گرێدراون کەلێك جیانەبنەوە) (Critique de la raison pure .p.u.f. 1971. pp 31.32.33) مەبەستم لە وەرگێڕانی ئەم دەقە دەرخستنی چەند مەسەلەیەکە، کە لە تیۆزی گشتیی چاخی رۆشنگەریدا تایبەتبون بە گرینگیی چەمکی ئەزمون و رێژەیی مەعریفەوە. چونکە ئەم دارشتنەی کە کانت بۆ چەمکی ئەزمونی

کردوه، له سەر ئاستی زانستە مرۆییەکان و لەسەر ئاستی بیرکردنەوەو ڕێبازی زانستەکاندا پێشکەوتنێکی دوولایەنەی هێناوەتەکایە.

خۆئەگەر کانت وەك زۆربەی بیریارەکانی سەدەی هەژدەش مولحید نەبوبێ، ئەوا بەشدارییە ئاوەزکارییەکەی چەند مەرزێکی رونی بۆ هزری غەیبی داناوە. ئەوەتا ئاوەزکاری و ڕێبازەکانی بردۆتە ناو میتافیزیاوە، ئەمەش وەك سیستمێکی نوێی هزر وابوەو، بە تەواوی بە هزرە خوازراوەکانی چاخەناوینەکان ناکۆك بوەو لە لایەکی تریشەوە وەك ئەو ڕێسا نوێیە بوە کە بە هەڵپەوە هەردوو هزری مرۆیی و زانستی چونەتە سەری.

کانت لە ڕێگەی گۆڕینی میتافیزیا بۆ زانست و (لەوەش گرنگتر) کردنی بە زانستێکی شیکار کاری Immanente لە زانستێکی باڵاییەوە کە سنوری زانستە شیکارکاریەکە بە پێی سنوری ئاوەزبێ، واتە بە پێی ئەو هەوڵە بێ کە مرۆڤ بە خۆی و بە ئاوەزی بەرەو مەعریفە دەیدات ئەگەرچی ئەو مەعریفەیە مەعریفەی خواناسینیش بێ، بەم گۆڕینە هزری مرۆیی لە بێهودەیی و نەزۆکیی دیالەکتیکی ئەزەلیی نێوان ئاوەزو خواستن دەرهێنا.

ئێستە بەبێ ئەوەی سەرکێشییەکی گەورە بکەین دەتوانین بڵێین، بەلای کانتەوە ڕێگای دەربازبونی مرۆڤ و ئاسودە بونیشی برێتیە لە ئاوەز. ژیان و کارەکان و سیستمە هزریەکەی کانت رونترین بەڵگەی ئەوەن. چونکە وەك ئەوەی خۆی لە پێشەکیی (ڕەخنەی ئاوەزی پوخت)دا دەڵێ تا تەمەنی لە شەستساڵی نزیك نەبۆتەوە، سیستمە هزریەکەی بە تەواوی کامڵ نەبوە. دەبێ کرۆکی ئەم سیستمە و پایەکانی چی بن؟ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە کرۆکی بیرۆکی رۆشنگەریشمان بۆ رون دەکاتەوە. واتە گرێدانی نێوانی تاك و کۆمەڵگە لە یەکەیەکی گەردونی تەواوداو لەسەر ئاستی ئاکارو سیاسەت.

کانت میتافیزیاڕەت ناکاتەوە، بەڵام پێشنیار دەکات شێوازە خوازراوە کۆنەکانی لێ بپاڵێورێ بۆ ئەوەی لەسەر چەند بنەمایەکی نوێ بنیاد بنرێتەوە، یان بەرنامەیەکی وردتر، بۆ ئەوەی لەناو چێوەی هەردوو لقی بەرایی‌و ئەزمونگەریی مەعریفەی ئاوەزیدا سنوردار بکرێ. واتە لەناو چێوەی مەعریفەی رەخنەگرانەیان پراکتیکیدا دابنرێ.

ئەو بەدانانی مەرجەکانی خستنەگەڕی فیزیا دەست پێدەکات و بەوەش لێیەردەچێت کەناکرێ مەعریفە مەرزەکانی ئەزمونی شیاو تێپەڕێنێت. گرفتەکە لەوەدایە کە مەسەلەی میتافیزیا دەکەوێتە دەرەوەی سنوری ئەزمونەوە. رەسەنایەتی بیرۆکەی رۆشنگەری لای کانت لە هەوڵی تێپەڕاندنی هزری میتافیزیاییدا بۆ گەشتن بە مەعریفەی میتافیزیایی لە ڕێگەی مومارەسەی عەقڵەوە. بەڵام کانت لە میانەی ئەم مومارەسە عەقڵییە پراکتیکییەوە دەیسەلمێنێت کە لە باڵا دەستیی مومارەسەی عەقڵانیانەی رەخنەگرانە بەولاوە باڵا دەستییەکیتر لە ئارادانیە. ئەگەر فەلسەفەش ئەو مومارەسە عەقڵیە رەخنەگرانەیە بێت، کەواتە فەلسەفە تاکە چارەسەری نامۆبونی ئەو مرۆڤەیە کە خۆی ناناسێت. واتە هەتا بە مۆرکی تێروتەواوی ئاوەزی مرۆیی ئاشنانە بێت، فەلسەفە چارەسەرەبۆی. نامۆبون لای کانت دووباری هەیە: ١- ئەوەی مرۆڤ ئاوەزی خۆی دابەزێنێت و لەیەك ئەرکی (براگماتی) بەولاوە داوای هیچی لێنەکات، ئەویش خۆشنودیی خۆیەتی. ٢- ئەوەی داوا لە ئاوەزی بکات، و چاوەڕوانی ئەوەی لێبکات مەعریفە ((تیۆرییەکان))ی دەربارەی ئەوە پێبدات کە ئایا چی لە پشتی هەست پێکراوەکانەوە هەیە؟ ئەمەش شتێکە ئاوەز ناتوانێت پێشکەشی بکات. لە هەر دووبارەکەدا مرۆڤ بەرامبەر بە ئاوەزی خۆی کردەیەکی زۆرەملەیی فەرمانڕەوایانە دەکات، واتە لەوێوەی کە فەرمانێکی پێدەدات، هیچ بەهانەیەك نیە، تەنها بەهانەی بونی

خۆی نەبێ (وەك فەرمانێكی زۆرەملە) بۆیە كردەیەكی نائاكارییە و هزری كانتیارەتی دەكاتەوە. ئەمەش مانای رەتكردنەوەو رسواكردنی داوایەكی ئاكاریانەی وەك خۆشنودی، یان ئاشنایی پەیداكردنی دەربارەی شتەكانی دەرەوەی گەردون نیە، بەڵكو ئەوە مانای وایە ئەوە خواستێكە ناكرێ ببێت بە ئەبستمۆلۆژیایەكی ئاوەزی. دەستنیشانكردنی وردی ئەم جیاوازییە بریتیە لەو (رۆشنگەری)یەی كە فەلسەفەی رەخنەگرانە پێشكەشی دەكات.

ئەگەر مرۆڤ ئەم رۆشنگەرییە ئاوەزكارییەی پەسەند كرد و بێ هیچ مەرجێك وەریگرت و چوە قاڵبیەوە، ئەوە ئەو مرۆڤە جێگەی خۆیی لەم جیهانەدا دۆزیوەتەوەو خودی جیهانیش وای لێدێت بێ مانا نەبێ.

## رۆشنگەری و مافەكانی مرۆڤ

كانت ئەم دەستەواژەیەی هەڵبژارد لەسەر گۆڕەكەی بنوسرێت، كە دوا دەستەواژەی پوختەی (رەخنەی ئاوەزی پراكتیكی)یەو دەڵێ: (ئاسمان بە ئەستێرەكانیەوە لە سەرمەوەو، یاسای ئاكاریش لە دڵمدا. ئەمانە ئەو دوو شتەن كە هەمیشە پێیان سەرسام بوم، هەرچەند تێیان رامام رێزم بۆیان زیاتری كردوە)

هەرچی قسەیەكی ئەم چاخەی سەر ئاسمان و ئەستێرەكان هەبوایە قسەكەرانی دەبردەوە سەر نیوتن، هەرچی قسەیەكی سەریاسا ئاكارییە كۆمەڵایەتیەكان هەبوایە، دەیگەڕاندەوە سەر ژان ژاك رۆسۆ. كانتیش لە بەرامبەر هزری ئەواندا هەستی بەرێزو خۆشەویستیەكی زۆر دەكرد. گەردون لەگەڵ نیوتندا مۆركەرێك و وردەكەی خۆی وەردەگرێ، ئاسمان پێش ئەو پڕ بو لە پوچگەری و تەمومژ. بە هۆی نیوتنەوە ئەو رون بۆوە كە هەرچی رەگەزەكانی گەردون هەیە بە شێوەیەكی رێكخراو لە خولگەی خۆیاندا دەسوڕێنەوە. رۆسۆش یەكەم كەس بو كەوتی لەناو شێوە جۆراوجۆرەكانی مرۆڤایەتیدا، هەمیشەیەك مۆرك هەیە، ئەویش مۆركی مرۆڤایەتیەو هەمیشە مۆركێكی چاكەكارە و خراپ نیە، بەڵام بە گەندەڵ بونی پەیوەندییەكان گەندەڵ دەبێ. لای كانت رێككاریی گەردون و سروشتی چاكەكاریانەی مرۆڤ، بەرزترین قۆناغەكانی باڵابونن. رەنگە ئەم باڵابونە بگات بە بڕوای بونی كەینونەیەكی مەزن، بەڵام بە رێگای ئاوەزدا، نەك بە رێگای زانیاریە گوازراوەكاندا.

ئەمە پوختەیەكە نزیكە لەوەی كە (جیۆردانۆ برۆنۆ) پێیگەیشت و بە هۆیەوە سوتێنرا بەڵام لەوەدا ئەوەی برۆنۆ تێدەپەڕێنێت كە ئامرازەكانی كانت بۆ گەشتن بە ئەم تەواوكاریەی نێوان گەردونە گەورەو گەردونە بچوكەكە (برۆنۆ وا ناوی ناون) ئاوەز توانای سازدان و رێكخستنی پاش ئەزمون و تێبینی كردنە.

ئەگەر پێویست بو ئاشنایی ئەم یەكێتییەی نێوان سیستماتیكی گەردون و مۆركی مرۆڤ ناوبنێین زانستی (میتافیزیا) ئەوە با وابێ، بەڵام ئەم میتافیزیایەیان لەوەدا لە كۆنەكە جیاوازە كە ئەمیان پشت بە ئاوەز دەبەستێ، نەك زەینكاری.

لایەنێكی تری هزری كانت هەیە كە بە شێوەیەكی تایبەتی سەرنجمان رادەكێشێت، ئەویش ئەو لایەنەیە كە پێشكەوتنی هزری فەلسەفی و رۆڵی مرۆڤی بە ئاوەز لە كۆمەڵگەكەیدا بەیەكەوە گرێ دەدات. كانت لەزۆر نوسینیدا دەڵێت سەرەتا بەوە دەستی پێكردوە كە هەموو ئومێدێكی بە پێشكەوتنی زانستەكان بوە، بەڵام خوێندنەوەی رۆسۆ قایلی كرد بەوەی كە مەرج نیە ئەو پێشكەوتنە مانای ئەوە بێ مرۆڤ لە جارانی باشتربێ، یان ئاسودەتر بێ لەوەی كە دەیووت:

(من مەیلی تۆژەریم هەیە. لە توێژینەوەدا هەست بە تینوێتی مەعریفە و نیگەرانیی پێشكەوتن دەكەم. هەرچەند مەعریفەیەكی نوێ بەدەست بهێنم هەست بە پەسەندیدەیی ماوەیەكی زۆریش لەو بڕوایەدا بوم

ئەمە بۆ مرۆڤ شەرەفمەندانەیە. رقم لەو لاژوە دەبو کە هیچ شتێکی نەدەزانی. بەڵام ئەم ئیمتیازە وەهمییە هەڵوەشایەوەو وام لێهات کە وابزانم بێسود دەبم ئەگەر قایل نەبم بەوەی کە ئەو هزرە تیۆرییەی من کاری تێدا دەکەم، بەها دەداتە هەموشتەکانی دەوروبەرم، ئەو بەهایەش مافەکانی هەمو خەڵکە.)) ئەم دەقە چەند کاریگەریی و رۆسۆو بانگەشەکەی ئەوی بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ سروشت پێوەدیارەو شکۆ لە مرۆڤی ساکار دەنێ، ئەوەندەش دەربڕی رۆڵی هزرە لە کۆمەڵگەداو دەربڕی رۆڵی فەیلەسوفە بە تایبەتی. ئەم رۆڵە هەر تەنها یاسارێژکردنی ئاوەز ناگرێتەوە، چونکە ئەوە هەنگاوی یەکەمەو فەلسەفەش زانستێکی هەیە لە پەیوەندیە نهێنییەکەی نێوان ئەبستمۆلۆژیاو ئامانجە کرۆکییەکانی ئاوەزی مرۆیی دەکۆڵێتەوە. ئامانجی مەزنی ئاوەزی مرۆیی زانینی دوا ئاراستەی مرۆڤە، فەلسەفەی ئەو مەعریفە تایبەتەی دوا ئاراستەی مرۆڤ ناوی ئاکارە Morale . کەوابێ لە روی گرنگییەوە لەسەروی هەمو دەستکەوتەکانی تری ئاوەزەوەیەو هەر ئەویشە بەهانەی یەك ناسنامەیی فەیلەسوف و بیریاری ئاکاری دروست دەکات.

لە تێبینیەکانیدا سەبارەت بە جوانی و باڵابون Obseravations sur le beau etle sublIve کانت دەڵێ: (ئەگەر زانستێك هەبێ، مرۆڤ پێویستی بێت، ئەو زانستەیە کە فێری دەکات چۆن لەناو بونەوەرەکاندا جێگری خۆی بدۆزێتەوە و بگرێ. ئەو زانستە ئەوەیە کە مرۆڤ لێوەی فێردەبێ پێویستە چی بێت؟ بۆ ئەوەی مرۆڤ بێ) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ دووقایل بونی بنچینەیی لای ئەم فەیلەسوفە رۆشنگەرەمان هەن، ئەوانیش:

١) فەلسەفە تەنها بۆ ئەرستۆکراتیەتی قوتابخانەکان قۆرخ نیە، بەڵکو هەموو مرۆڤێك دەگرێتەوە.

٢) فەلسەفە، بە پلەی یەکەم ئاکارییە.

سەرەتای (رەخنەی ئاوەزی پوخت) سەرسامیی کانت بەو توانایەی مرۆڤ دەردەبڕێ کە لە گۆڕەپانی ئەزمون و تێبینیکردندا دەتوانێ حوکم بدات. ئەمەش بەڕای ئەو توانایەکە لە توانای حوکمدانی تیۆری باڵاترە.

لەسەر بنەمای دانانی حوکمی پراکتیکی لە پێشی حوکمی تیۆری، کانت دەگاتە ئەوەی کە فەلسەفە وەك عەقیدەیەکی حیکمەتکاری، لە فەلسەفەیەك باشترە کە زانستێکی تیۆری بێ، کەوابێ فەلسەفە حیکمەتکارییەکە لە سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێت کە توانای پراکتیکیانەی عاقڵ بونە، ئەمەش لەم روەوە لە لای کانت یەکسانە بەئاکار.

پەراوێز:

ئەم وەرگێڕانە تا ئێرە بەشی یەکەمی وتارێکی درێژی (مصطفى ابراهيم مرجان)ی سکرتێری نوسینی گۆڤاری (المنار)ە، لە گۆڤاری (المنار) ژمارە (٣١)ی مانگی تەمموزی ١٩٨٧ (ساڵی سێیەم)ەوە کردومە بە کوردی. بە نیازم بەشی دووەم و کۆتاییشی پاشتر بڵاوبکەمەوە.

# نووسەر و نووسینەوەی زمان

**نیهاد جامی**

نووسین دووانە لەنهێنی ئاشکرانەکراو، کە نووسەر دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە دەروازە بۆ جیهانێکی تر بکاتەوە، تاوەکو ڕەهەندێکی تریە ماناکانی بوون ببەخشێت ، بەڵام بوونە نووسەری کارێکی قورسە، دەبێ لەناو نووسین دەسبەرداری دەرەوەی خۆت ببی و لەناو نووسین دەست بەنووسینەوەی خۆت بکەی، دواتر پێوەندی خۆت لەگەڵ کۆمەڵگا (خوێنەر) ڕێك بخەیتەوە، ئەوەی فرمان بەنووسەر دەدات لە گوتاری ڕەخنەیی کە نووسین ڕەنگدانەوەی تەواوی ژیانی نووسەرە چەمکێکی ناتەواوە، چونکە نووسین پێوەندی نوسەرە بە زمانەوە، زمان توانای خوڵقاندنی بێ سنوری هەیە، دەتوانێ وێنەی جیهانێکمان بۆ بخوڵقێنێت کەلە دەرەوەی ژیانی نووسەرەوەبێت، ئەوەش سحری زمانەو نووسەر دەیخوڵقێنێت، کاتێ (فلۆبێر) پێمان دەڵێ((من خاتوو بۆڤاری))م، مەبەستی لەوەنیەکە ئەو پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خۆی بۆ (بۆڤاری) دەگوازێتەوە، بەڵکومەبەست لە لەدایکبوونێکی نوێیە ئەمجارەیان نووسینی (فلۆبێر) لەڕێگەی(بۆڤاری)ەوە دێنێتە بوون، بوونی ئەو زمان وێنای دەکات. بۆیە دەتوانین لەدیدی (جۆرج پۆلیە) ئەو گوتارە تەقلیدیەی ڕەخنە هەڵوەشێنینەوە کاتێ ئامادەگی گوتاری ڕەخنەیی پەیوەست دەکات بە پێك گەیشتنی ویژدانی نێوان (نووسەر)و (رەخنەگر).

ویژدانی رەخنەگر بەمانای ئەو پاشخانە ڕۆشنبیری و فکری و مەعریفیەی کە ڕەخنەگر هەڵگریەتی وتوانای هەیە لەناودەقدا دەقێکی تر بنووسێتەوە، بۆیە ئەوە ویژدانی ڕەخنەگرە کەوای لێدەکات قسە لە هەموو دەقێك نەکات، بەڵکو ئەو لەودەقانە دێتە دوان کەتوانای ڕۆشنکردنەوەی ئاسۆ فکریەکانی ئەوی هەیە، ڕەخنەگر ئەوکاتە دەتوانێ پێوەندی خۆی لەگەڵ نووسەر دروست بکات، کەتوانای بینینی ئەو جەستە نوێیەی هەبێت کەناوی دەقە. بەواتای رەخنەگریش کاتێ هەڵدەستێ بەپرۆسەی نووسین ،دەیەوێ ئاسۆیەکی ڕوون بەجەستەی نووسین ببەخشێت و درێژە بەو بوونە بدات ،تاوەکو لە مردن ڕزگاری بکات.

ئەوەش پێوەندی نووسەرو ڕەخنەگر دەکات بە پێوەندیەکی دیالەکتیکی لەسەر ئەوبنەمایەی کەدەقی نووسراو سەراپای ئەو ڕووبەرەیە پێوەندی نێوانیان دەخوڵقێنێت بۆ پێکگەیشتنی ویژدانەکان ،بۆیە باشترین شت بوونی کەسایەتی ڕەخنە گریشە لەناو نووسەرەکە، چونکە لەوکاتەدا ئەو شوناسێکی رەخنەیی بەدەق نابەخشێت، بەڵکو دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە (نووسەر - ڕەخنەگر) لەنووسینی سەردەمیانە دووردەکەوێتەوە و دیدگا زاتیەکانی خۆی دەنووسێتەوە، ئەوەش نووسینەوەی دیدگایە نەك سەردەم(١). چونکە دەکرێ پرسیارەسەردەمیەکان بەهاتنی سەردەمێکی تر

ماناودەلالەتی خۆیان بەتەواوی لەدەست بدەن، بەڵام دیدگا زاتیەکان خەونی مرۆڤە بەدرێژایی بوونی لەسەر زەوی ، کەئەوەش دەبێ بەچەمکێکی نەمر. بوونی (دیدگای ئەفرێنەر) ئەوخاڵەیە نووسین نابێ فەرامۆشی بکات، نووسەر دەبێ ڕەچاوی بکات، تاوەکو هەوڵی بەرهەم هێنانەوەی گریمانە سەردەمیەکان نەدات، ڕەخنەگریش پێویستە ئەو دیدگا ئەفرێنەرەی هەبێت، کەبتوانێ (دەق) لە (سەردەم) جیا بکاتەوە ، وەك دیدگایەکی زاتی نووسەر ڕەفتاری لەگەڵدا بکات ،ئەوەش دیدگای ڕەخنەگرە لەدەق، بەواتای ڕەخنەگر ئەوکاتە قسە لەنووسەرناکات، بەڵکو قسەکردنی ئەولەدیدگای ڕەخنەگرانەیەتی بۆ نووسەر، کەهەرئەو دیدگایەشە لە(ڕەخنەی نوێ)دا لەهەندێ کاتدا لە دەقی نووسەر دووردەکەوێتەوەو دیدگایەکی خودییانەی خۆیمان پێشکەش دەکات. ئەوەش قووڵبونەوەیە لەناودەقدا کەلە شوێنێك دیدی ڕەهای نووسەر کۆناکاتەوە، بەڵکو دیدگای خۆیمان پێ ئاشنا دەکات لەبەرامبەر دەقدا. ئەوەش بەجۆرێکی تری لەدایکبوونی نووسینێکی تر ناودەبرێت کە نووسینەوەی دیدگای زاتی ڕەخنەگرە، وەك چۆن نووسەر دیدگای زاتی خۆی لەناودەقدا دەنووسێتەوە، بۆیە (بارت) لەچیرۆکی (سارازین)ی بلزاك بەنووسینێکمان ئاشنادەکات کەبەخشینی چەمکێکی قووڵی مانایە، بەجیالەوەی بلزاك نووسیویەتی.

ئەوەش ڕزگارکردنی ڕەخنەیە لەوەی ببێ بەپاشکۆی دەق، بەڵکو دەبێ بەنووسینێکی سەربەخۆ. نووسینێك خۆی نەکردووە بەپاشکۆی (دەقی یەکەم) بەوەی قسەلە (وتراوەکان)بکات ، بەڵکودێت لەو دەقەوەنووسینی بەرەوتەئویلی زاتی خۆی دەبات ،ئەوەش دەمانگەیەنێتە سەر بۆچوونە ڕەخنەییەکەی ڕەخنەگری فەرەنسی خاتوو(مارت ڕۆبێر) کەدەق بەتەنیا نوێنەرایەتی نووسەر ناکات ،بەڵکو جیهانێکی فراوانترە لەجیهانی نووسەر، بەواتای نووسین گەردوونێکی نەدۆزراوەیەو نووسەر دێت کێشوەرێك لەو گەردوونە دەستنیشان دەکات، بۆئەوەی جیهانبینی خۆی تیاوەدەست بێنێ و کەشفی نهێنییە گەردوونیەکان بکات، ئەوەش بەدوای تێڕامان و دۆزینەوەی خاڵی پێك گەیشتن، دیدگایەکی نوێ دەخاتە سەرتێڕامانی خوێنەر بۆدەق ،لەسەر ئەو بنەمایەی (دیدگا نووسینەوەی دەقە) کەنووسەر لەڕێگەی دیدگاوە جارێکیتر دەق دەنووسێتەوە. بۆیە لەنووسینەوەی دەقدا دەبێ ئەو پرسیارەی تائێرە فەرامۆشمان کردو کەچی لێرە بوونی دەبێ بە حەتمیەتێکی نووسین ئەویش:

نووسەر کێیە !؟ چۆن نووسەر بناسین!؟ لەناو نووسینەکانیدا لەدوای بگەڕێین، یاخود لەدەرەوەی نووسین بزانین ئەوکێیە !؟ دیارە ڕەخنەی نوێ یەکێك لەو کارە سەرەکیانەی خۆی جیاکردنەوەی (نووسەر) بوو لە(نووسین) ئەوجیاکردنەوەیە لەلای



(بارت) بە(مەرگی نووسەر) کۆتایی دێت، ئەوەش لەوپرسیارەی کەقسەکەری ناو نووسین پاڵەوانی نێو دەقەکەیە یاخود نووسەرە، هەر بۆیە لەبارەی چیرۆکی (سارازین)ی بلزاك و ئەوپیاوە خەسێنراوەی دەمامکی ژنانەی پۆشیووە ودەنگێك لەچیرۆکەکەدا باس لە حاڵەتی دەروونی و غەریزەیی ئافرەتەکە دەکات بۆیە (بارت) دەپرسێت : ((ئەمە کێیە بەم جۆرە دەدوێت؟ ئایا پاڵەوانی چیرۆکەکەیەکە خۆشاردنەوەی ئەوپیاوە خەسێنراوەی بەلاوە مەبەستە لەبەرگی ئافرەت دا؟ یان بالزاکی مرۆڤ خۆیەتی کەئەزموونی تایبەتی خۆی، فەلسەفەیەکی بەرامبەر ئافرەت لادروست کردووە، یان بالزاکی نووسەرەو ڕاو بۆچوونی (ئەدەبی)ی بەرامبەر بەمێینە ئاشکرا دەکات ؟یان ئەمە حیکمەتی گەردوونیە ؟یان سایکۆلۆژیای ڕۆمانێکە ؟))(٢)

ئەگەرواز لەپرسیارەکان بێنین، چونکە وەلامدانەوەی پرسیارەکان بۆ خۆی باسێکی ترە،بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە جەوهەری پرسیارکردنی (بارت)ە لەوەی نووسەر کاتێ لەناو نووسین دەدوێ ،ئەوسا خۆی دەمرێ و نووسین دەست بەگەشەکردن دەکات، ئەوەی گەشەبەنووسین دەدات زمانەکە شوێنی نووسەر دەگرێتەوە ،چونکە زمان هەڵگری سیستمی تایبەتی خۆیەتی ،هەرئەو سیستمەشە لەتوانایدا هەیە، کەنووسەر دەمرێت ببێ بەپاڵپشتێك بۆ نووسین، چونکە (بارت) پێی وایە ئەوەزمانە دەدوێت نەك نووسەر، بەواتای وێنەی نووسەر لەبازنەی مەرگدا بەجێ دێلێ، تاوەکو ئەو وێنەیە ببەخشێتە خوێنەر، دواتر(میشیل فۆکۆ) بە پرسیاری: نووسەر کێیە ! ؟(٣) جارێکیتر نووسەر دەخاتەوەناو پرسیارەوە، (فۆکۆ) ئەوەبەدەرکەوتنی (بەتاکبوون) ناودەبات، کە ئەوەش بەڕێکخەرێك دەزانێت کەشوناس بەنووسین دەبەخشێت. چونکە نووسین وەك بابەتێکی سەربەخۆ سەیردەکرێت، توانای بزاوتی ڕەگەزەکانی ناو خۆی هەیە، ئەوەش خوڵقاندنی پانتایی نووسینە، بوونی نووسین بەواتای توانەوەی نووسەر، چونکە نووسینە بەهادەست نیشان دەکات (رامبۆ، بۆدلێر ، لۆتریامۆن) کێ دەیناسن، ئەگەر نووسینەکانیان نەبوایە ! ؟ ئایا (شکسپیر) نووسەرێکی گەورەیە، یا (هاملێت، شالیر ، مکبث) نووسینیمەزنن و نووسەرگەورە دەکەن ! ؟

ئەگەر قسە لەوەبێت ئەوانووسەر بەرهەمی هێناون ،بەڵام خۆئەگەر نووسین نەبوایە ئەوانیش ئەوداهێنەرە نەدەبوون، ئەگەر چی لەڕۆشنبیری ئێمەدا بەردەوام نووسەر دەکەوێتە پێش نووسین، نووسەرە والەئێمە دەکات نووسین بخوێنینەوە، بۆیە نەبوونی هۆشێکی ڕەخنەیی لە ڕۆشنبیری کوردیدا بۆئەوخاڵەدەگەڕێتەوە، کەنووسەر لەپێش نووسین دانراوە، لەکاتێکدا ئەوە نووسینە نووسەرمان لاگەورە دەکات.

بۆیە ڕۆشنبیری کوردی دەبێ بەجدی جارێکی تر لە تێڕوانینی مێژوویی (فۆکۆ)وە بپرسێت: نووسەر کێیە ! ؟

تالەو پرسیارەوە بگەڕێینەوە سەردەقە فەرامۆشکراوەکان، هەر ئەو پرسیارەیە دواجار دەیگۆڕین بە پرسیاری ناونان بەوەی: مەحوی کێیە ! ؟

ئایا بەپیرۆز ڕاگرتنی (مەحوی) لەدنیای نووسینی کوردیدا تەنیا ئەو هۆکارە لەپشتیەوە نیە، کەتوانای کرانەوەی زمانی نووسینی نیە. ئێمە دەبێ لەناو نووسین نووسەر لەیاد بکەین، چونکە بەلە(یادنەکردنی) نوسەر، ئەوا نووسین پرۆژەیەکە بۆسڕینەوە، سڕینەوەش خوڵقاندنی ئەو چەمکە ناتەواوەیە کەتوانای نیە نووسینی (جزیری) بخوێنێتەوە، بۆیە بۆفەیلەسووف بوون کورتی دەکاتەوە، ئەوەش لەیادکردنی نووسین و گەورەکردنی قەبارەی نووسەرە، بۆ خۆدزینەوە لەنووسین، ڕاکردنە لەساتی هێزی فەردانیەتی نووسەر، وازهێنانە لە بیرکردنەوە، تەنیا

بیرکردنەوەیە بە(حاجی قادری کۆیی) دەنوسێت ،نووسینیش کزبوونی توانای نووسەرەو لەشوێنیدا زمان پێوەندی لەگەڵ نووسین دروست دەکات.

ئەوەش چوونە نێو سیستمی نووسینە کەبیرکردنەوەکان ئیدی لەدەرەوەی (نووسەر) ەوەن و لەناودەقدا لە کاردادەبن، بەرهەم هێنانەوەی ئەو فکرەی کەجارێکی تر زمان لەناودەقدا دەیخولقێنێتەوە، وەك ئەوەی (هایدگەر) پێی وابوو(نووسەر) زمان دەنووسێتەوە، (زمان)یش فکربەرهەم دێنێت، ئەگەرچی (ڕێبوار سیوەیلی)لەوباوەڕەدایە کە(ناسنامە)ش لەپاڵ زمان توانای نووسینی هەیە، بەڵام (ناسنامە) خۆی بەرلەنووسین دەچێتە ناو کۆمەڵێك پرسیار بەوەی: کام ناسنامەیە داکۆکی لەبوونمان دەکات!؟ ناسنامەی ئێمە چیە!؟ ئایا بەبێ ناسنامە توانای نووسینمان نیە!؟ یاخود بردنی ناسنامە بۆ نێو نووسین بەرپرسیاریەتی نووسەرە، ئایائەگەر وەك (ڕێبوار)لە زمانی (ئێدوارد سەعید) دەینووسێتەوە کەنووسین ((تاقەماڵێکە لەئارادا مابێت، دەناله هەموو شوێنێکی تر (ماڵ) بۆ هەمیشە لەدەست دەرچووەو وێرانە))(٤).

ئایائەو نمونە هێنانەوە بەبێ ناسنامەو تەنیابە زمان پێمان نانووسێت!؟

یاخود بوونی ناسنامەی ئێمە لەناوزماندا خۆی حەشارداوە!؟

ئەگەر(سیوەیلی) مەبەستی لەناسنامە کلتووربێت، بەوەی لەتاراوگە ئەو کلتورە ناسنامەی نووسەر دەستنیشان دەکات ،نابێ نووسەر بیخاتە دەرەوەی نووسین و بەزمان بنووسێت، بەڵکودەبێ بەو کلتورە هەوڵی نووسین بدات ، ئێمە جارێکی ترلەوێدا دەکەوینە پرسیار، بەوەی ئەگەر ئێمە ئەوانەی لەناو ماڵەکانماندابن هەست بەبوونی ئەوماڵەنەکەین بەزمانی (ئادۆرنۆ) ((شتێکی ئەخلاقیە مرۆڤ لەماڵی خۆیشیدا هەستنەکات خاوەن ماڵە))(٥) چۆن لەتاراوگەدا هەستی نێوماڵ دروست دەبێتەوە!؟ ئاخۆ تەنیا لەهەڕەشەی ماڵەکانی ترەوەیە، بەوەی هەرماڵێك خاوەن ناسنامەیەکی تایبەتی خۆیەتی و دەبێ ئێمەش بەبردنە نێو نووسین پاریزگاری لەوناسنامەیە بکەین !؟ بۆیە ناسنامە لەنووسیندا دەکەوێتە موفارەقە بەوەی بۆ خۆ ون نەکردن لەتەك زمان دابوونی دەبێ بەپێویستیەك، بەڵام کاتێ لەدەرەوەی تاراوگەوبەڵکو لە(ماڵەکەی) خۆمان هەست بەنامۆ بوون دەکەین. ئەوسابوونی ناسنامەش کلتورێکە دەکەوێتەدەرەوەی ئێمەی نامۆو ڕەنگە نووسین بەتەنیا بەزمان بێت ،کەنووسەر زمان لەناو نووسین ئازاددەکات. ئەو ئازادکردنەی لەلای (شێرکۆ بێکەس) لەقەسیدەی (دەربەندی پەپوولە) دادەبینین، نووسین بەدوو ئاراستە کاردەکات ،ئەوەش فرەڕەهەندی زمانە، ڕەهەندێك کەئاراستەکەی لە(نوسەر)ەوە بۆدەرەوەی (نەتەوە) دەنووسێتەوە، ئەوەش مێژووی ئێمە.. ڕابردووی سڕینەوەی ناسنامە دەخاتە ناودەق و لەڕێگەی نووسین دەیەوێ مانا بەمێژوو ببەخشێت، ڕەهەندی دووەمیش سەیرکردنی (شێرکۆ)یە بۆتراژیدیایەکی مێژوویی، نەك وەك ئەوەی هەیە، بەڵکووەك ئەوەی شاعیرەداهێنەرەکەمان دەیبینێت ئەوەش پێوەندی زاتی نووسەرە، بەواتای ئەو نەهاتووە تراژیدیای ساتەوەختێکی مێژوویی بگێڕێتەوە، بەڵکودەیەوێ زمان ئازادبکات بەوەی لەناو نووسین فکربەرهەم بێنێتەوە، بەوەش ئەو زمانەی لای(گۆران) ڕۆڵی دەبێ بەڕەسم کردنەوەی سرووشت و دەیەوێ بەتەنها گەشە بەفۆرمی شیعری بدات و نەیتوانی خولقێنەری زمان بێت و لەتێگەیشتنی ساکار جیابێتەوە، بەواتای (گۆران) تەنیا((مەبەستی وەسفکردنی دیمەنی سرووشتی بووە، ئەم وەسفەش بەهەڵاتن لەواقع وژاوەژاوو کێشمەکێشی واقیع دادەنرێت، بەمەش دۆخێکی ساکارو هێمنی بۆ خوێنەر پێکهێنا))(٦) ئەو توانایەی نەبوو ئەو

دوالیزمەی نێوان (خوێنەر/ دەق) بڕووخێنێت ،ولە سیستمێکی تردا ئەوپێوەندیە ڕێکبخاتەوە، بەواتای زمان هەردیلی نێو دەق دەبێت، ئەوەی گۆڕانی تیاڕوودەدا ئەوا ئیدراك كردنی شاعیرە بەسرووشتەوە، وەك چۆن (ڕوانگە)ش گەمەکەی (گۆران) دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەجۆرێکی تر بەوەی (سروشت) دەگۆڕێ بۆ(ئایدۆلۆژیا)، هەربۆیە لەبەرامبەر ڕوانگەدا (عەبدولمتەلیب عەبدوڵڵا)پێی وایە ((شاعیرانی ڕوانگە شیعریان کردە زمان حاڵی ئایدۆلۆژیاو ئایدۆلۆژیا وەك سیستمێکی سانسۆرکاری تیادەکرد ، بیرکرنەوەی شاعیریش ، بیرکردنەوەیەکی ئاراستە کراوو مەبەستدارە))(٧) بۆیە شێرکۆ ئەو زمانە دیل کراوەی لەلای گۆران و ڕوانگە هەیە ئازادی دەکات. بەتایبەت کاتێ لە(خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێ) ئەو پێوەندیە زمانەوانیە فراوان دەکات، زمان لەو قەسیدەیەدا دەچێتە ناو فرەتەئویلی ماناو بەوەش ئەو چەمکەی(سروشت) لای گۆران و (ئایدۆلۆژیا)لای ڕوانگە، بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەگەر چی لە(بۆننامە)دا زمان چەمکی قوڵایی خۆی لەناو نووسین ون دەکات، کاتێ وێنەکان تەئویل دەدۆڕێنن و شێرکۆ بەگەیشتنی ڕەوان بە خوێنەری دەگەیەنێت، ڕەنگە ساکار بوونی ئەو پێوەندیە زمانیە بۆساتەوەختێکی مێژوویی بگەڕێنێتەوە، بەوەی ڕووداوە مێژووییەکان دەبێ گەیاندنی حەقیقەت بن لەناو نووسین ئەگەرچی (حەقیقەت) بەشیعریەت دەگۆڕێت، بەئاڵ و گۆڕ کردنیشیان، بەواتای نووسەردەیەوێ نووسین شوێنێکی تریشی بۆ بگرێتەوە، تاوەکو وەزیفەیەکی تر بە نووسین ببەخشێت ،لەوکاتەدا ناچاردەبێت قوربانی بە بەشێکی ئەوپێکهاتەیە بدات کە سیستمی نووسین ڕێك دەخەن، بۆیە نووسین ئەوسیستمە سەربەخۆیەکە دەبێ لەگەڵ بونیادی دەرەکی ولەدەرەوەی سیستەم تێکەڵ نەکرێت.

ئەگەر بەدوای تەواوبوونی دەق، نووسەر توانی پێوەندی و گەمەیەکی زمانەوانی بەرهەم بێنێت، کەتەسلیمی داخستن نەبێ، بەڵکو چێژێك لەخوێندنەوە پەیوەستمان بکات بەزمانەوە، تاوەکو هەوڵی کرانەوەی زمان بدەین، ئەوا نووسین دەمانگەیەنێ بەپلەی باڵا لەچێژ کەبەرهەم هێنانەوەیەکی تازەی نووسینە، نووسینی ڕەخنەییکە پێوەندی شتەکان بەدال دەبینێ ،لەو ڕووبەرە کۆمەڵێك دەلالەت ئاشکرا دەکات، توانای درك کردنی بۆ ئەوانەش دەبزوێ کەلە دەرەوەی دەلالەتەوەن، کرانەوەی زمان لەناو نووسین دۆزینەوەی مانایە، بەبێ سەپاندنی تاکەگریمانەیەك، چونکە سەپاندن کوشتنی ماناکانە، بەوەی دەرگا لەفرەمانایی دادەخەین ،خەوشێکی گەورەی خوێندنەوەیە مانابسەپێنینە سەریەك واتای دەست نیشانکراو، چونکە ئەوکاتە سنورێك بۆدەق و ئاستی چێژو فرەیی دەلالەتدادەنێین، کەبەجۆرێکیتر دەستمان دەبێ لەپرۆسەیەکی کوشتن، هۆیەکەشی ئەوەیەکە ناتوانین نووسین بەسیستەمێکی سەربەخۆ سەیر بکەین، بەڵکوبۆ ئاشکراکردنی پێوەندیەکان دەمانەوێ بەپێوەندیەکانی ناو واقیعی ببەستینەوەو بمانگەێنێ بەئاماژەیەکی واقیع، ئەوەش بەمەبەستی کۆکردنەوەی گەمە زمانەوانیەکانی نووسەرەبۆ سەریەك دەلالەت، نەبوونی توانایە بۆدەرکردنی ڕووداولەناو مێژوودا،بەوکارەش هەموگریمانەکان یەقینی پێ دەدرێت و دواجار نووسین هیچ شتێکی نوێ بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو تەنیا سەلەفیەتی خۆی بەیان دەکات، چونکە ئەگەر نووسین پرۆسەیەکی ئیبداعی بیرکردنەوەبێ ، ئەوا خوێندنەوە گەمە کردنە بە (دال) ی نووسەرو گۆڕینی ئاماژەیە بۆ (دەقی نەنووسراو).

خوڵقاندنەوەی دەقە بەدوای کوشتنی ئاماژەکان و دۆزینەوەی ئاماژەی شاراوەی نووسینی نەنووسراو، نەنووسراو بەرهەمی خوێنەرە لەنێوهەڵوەستەی

وەرگرتن دا. کەوابێ: چ نووسینێکە ئەودەقە وێناکراوەی کەخوێنەر دەبنووسێتەوە !؟ ئایا نووسینێکە کارەکتەرەکانی ناودەق پاڵەوانەکانین، یان دەقێکە سنورێکی ناکۆتا وەردەگرێ وخۆی ئازاد دەکات لەوسنورانە !؟

بۆیەدەبێ لەناو نووسین پێوەندی خۆمان بەزەمەن بووەستێنین و بەرەو یادەوەری دەق بگەڕێینەوە، یادەوەری ئەرشیفکراو، ئەونهێنیەی تانەهاتینە نێو نووسین هەوڵمان نەداوە بەدوایدا بگەڕێین، بەڵام نووسین هەوڵ دەدات نهێنیەکانمان پێ ئاشکرا بکات، ئاشکرا کردنیش بەهۆی نووسینەوەیە، نووسین تاوانێك ئەنجام دەدات ئەویش کوشتنی (مەبەست)ە(٨). نووسین هەوڵدانێکە بۆ ئازادکردنی کارەکتەر، بەواتای نووسین کاتێ (مەبەست) دەکوژێت، پرۆژەی ئازاد بوونی پێیە بۆناو دەق ،بۆیە( کوشتن) ناچێتە ناو کردەیەکی ناونان کە بکوژ تاوانبار بکرێت، چونکە ئازاد کردنی کارەکتەر لەدیلیەتی دەق خولقاندنی پرسیارە لەناو ڕووبەری نووسراو، ڕووبەرێك خاڵی نیە لەبۆشایی نێوان دەق و خوێنەر، کە(سارتەر) ئەوەبەبۆشایی زمانەوانی ناو دەبات، پەیوەستە بەکرانەوەی زمانی دەق، نەبوونی ئەوبۆشاییە لەنێوان (خوێنەری نووسەر)و (دەقی نووسراو) نووسینی لەدایکبوو دەکاتە سەرەتای مێژوویەکی تاریك ،کەزات ناتوانێ لێی دەرباز بێت، ئەوەش پرۆژەیەکە بۆ خۆکوشتن، بەڵام بوونی ئەو بۆشاییە بەواتای دەست پێکردنی نووسین لەڕووبەری نەنووسراودا، وەك لەڕۆمانی (ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا ) دا (کاروان عومەر کاکەسوور) دەیەوێ خوێنەر ئەو ڕووبەرە لەیادەوەری خۆی بنووسێتەوە، ئەوەش نووسەر هەرلە سەرەتاوە ئەودەسەڵاتە لەخۆی دەسەنێتەوەو دەیەوێ خوێنەر بەشداربێ لەپرۆسەی نووسین، ئەو دەقێکمان دەخاتەبەردەست (سەرەتا - ناوەڕاست - کۆتایی) ڕووبەری نەنووسراون و دەرفەتی بەشداری کردنی بەئێمەداوە سەرەتاو کۆتایی تەواو بکەین ، تەنانەت ناوەڕاستی ڕۆمانەکەشی بەچەند دێڕێکی نەنووسراو بۆمان جێ هێشتووە ،هەر بۆیە ئەولەدوا ڕستەی نووسراو هەوڵیداوە وەك ئەو ساتەی نووسین بێ کەدەستی بەڕۆمانەکە کردووە، بەواتای ئەو چیرۆکێکمان بۆدەنووسێ کەسەرەتا و کۆتاییەکەی لەدەستی ئێمە دایە، خوێنەرەبەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خۆیەوە، ڕووبەرە نەنووسراوەکان دەنووسێتەوە، چونکە سەرلەبەری ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە بەرەنجامی ئەو جیهانەیەکە خوێنەر بەشدارە تیایدا،نووسەر لەو ڕۆمانەدا ئەگەرچی ڕووداو بەدەوری (نەوال)دا دەسوڕێنێتەوە، بەڵام (نەوال) ئەو ئاماژەیەی نێو نووسینەکە هەموومان بەشدارین لەگۆڕانکاریەکان، ئەوڕۆمانەتوانەوەی نووسەرە لەناو نووسین بەوەی ئەنفال تراژیدیای بەشەریەت، تاوانی بێوێنەی بەرامبەر نەتەوەیەکی بەپەراوێزکراو تاوانێکە کۆتایی نەهاتووە ولە ئەمڕۆدا تارماییەکەی لەگەڵماندا دەژیت، بەڵام بێ ئەوەی بنووسین زەق بێتەوەو هستریاش نووسەرەکەی بگرێت، بەڵکو ئەنفال لەناو نووسیندا دەبێتە ئەو دنیا نەووتراوەی (کاروان) بەگەشبینیەوە دەڕوانێتە ژیان، کە دەکرێ جارێکی تر لەناو تراژیدیاکانەوە سەیری دەرەوەی خۆمان بکەین، نەك تەنها لەناوەوە بیرلە دیمەنی جەستە سووتاووفەنا بووەکانی خۆمان بکەینەوە.

بۆیە نووسین هەوڵی گەڕانەوەی نووسینی سەرجەستە دەدات، ئەوەی زات لە ئاخاوتنەوە دەیگوازێتەوە بۆ نووسین، بۆئەوەی ئەوانەی لە ڕۆژگارێکدا لەدەستیان دەدەین، یان هەڵەیەکی بێ وێنەمان بەرامبەر دەکرێ ،دەبێ لەسەر جەستەی زات بنووسرێتەوە.

نووسینەوەی ناوی (دایکی نەوال) لەسەر دەستی (سیامەند) نووسینەوەی یادەوەرییە، یادەوەرییەك کۆمەڵگا لەڕێگەی نەریتە سەپاوەکانی بەزاتی دەدۆڕێنێت، یاخود ئەوەی لەدوێنێدا ڕوویدا

ئەفسانەیەك نیە وحیكایەتێكە ئێمە قوربانیەكەین، بۆیە دەبێ بنووسرێتەوە ، كاتێ خكاندنی جەستەی كوردی كیمیا باران دەیكات بەبووكە شووشە دەبێ بەو یادەوەرییەی كەدەكرێ لەناو نووسین جارێكی دی بیدۆزینەوە.

((تاقە شتێ لەم بازاڕەدا شایانی ئەوە بێت فرمێسكیان بۆبڕژێت و من دڵم پێی خۆشبێت، بووكە شووشەكانن))(٩)

تەنیا بووكە شووشەكانن ئەوانەی بوونەتە یادەوەری ئێمە هەرئەوانن، ئەوڕابردووەی شایانی ئەوەبن فرمێسكیان بۆبڕێژین، بۆیە نووسین ئەوپارچە لێكترازاوانەیە ،دەبێ جارێكی تر خوێنەر لەپرۆسەی خوێندنەوە هەوڵی ڕێكخستنەوەی ئەوبەشە هەڵوەشاوانەی بدات ،هەڵبەت ڕێكخستنەوەش بەندە بەئاستی ڕۆشنبیری خوێنەرەوە،بەلام خوێنەر ئەوكاتەی توانی بگاتە ئەوئاستەی نووسین بنووسێتەوە، بەواتای كاتێ ئێمە (بووكەشووشە) دەكەینە ئاماژە بۆقوربانیانی كیمیاباران، هەرهێندە بەس نیە ودەكرێ بڕواپێ هێنەرنەبێت ،بەڵكودەبێ ئەو بەشانەی تریش دەست نیشان بكەین، ئەوانەش بەواتای ئەوەی بەدواشیدا دەگەڕێین هەرنووسینە، وەك كاتێ لەگۆڕستانەكەدا لەسەر كێلەكان نووسراوە (شانزەی سێ) ئەو نووسرا بەسە بۆئەوەی ئاماژە بۆ خنكاندنی ئەو جەستانە بكات، كەلە چاوتروكانێكدا بوونە بووكە شووشە، نووسین لەودیو بووكە شووشە هەڵگری پرسیارێكی ئەخلاقیە لەو سیستەمەی ئەو تراژیدیایە بەڕێوەدەبات، ئەوەش هێنانەوەی یادەوەری لەناو نووسین بۆئەوە نیە ئێستای پێ زیندوو بكەینەوە، بەڵكو بۆئەوەیە یادەوەری پێ بكەینە ئەو دەستپێكەی میكانیزمی پرسیاری ئەخلاقی بەرهەم دێنێت، بوونی پرسیاری ئەخلاقی بەرپرسیاری نووسەرە لەبەرامبەر نووسین دا، كە نووسینەوەی، ئەو تراژیدیا كوردیە، بۆخۆی دەبێتە پرۆسەیەكی ئەخلاقی كەنووسەر خۆی لێ نادزێتەوە، ئەوەش ئەوبەرپرسیاریەتەیەكە نابێ نووسین لە كاری ئەخلاقی دەركەینەدەرەوە، هەربۆیە قسەكردن لەژنیش بۆخۆی بەشێكە لەوئەخلاقەی نووسین هەرئەوەشە وامان لێدەكات بەرلەكۆتایی ئەولێكۆلینەوەیە هەڵوەستەیەك لەسەرژن و نووسین بكەین.

ئەگەر نووسین به مانا گشتیەكەی ڕووبەرێك بێ بۆخۆدۆزینەوەو گەڕان بەدوای ڕزگاربوون ،ئەوابێشك نووسین بۆژن دەبێ بەوتاكە ئومێدەی كەتەنیا لەوێ دەتوانێ هەڵچوونە ناخیەكانی بۆ حاڵەتی ئەفرێنەر بگۆڕێت، بەوەی ئەولەناو نووسین نەئەوكائینە لاوازەیەكە كۆمەڵگا سەیری دەكات، و نەبووكە شووشەیەكە بۆڕازانەوەی كۆبوونەوەكان ، بەڵكوئەوە نووسینە پێوەندی لەگەڵ ئێمە دروست دەكات(١٠)، نووسین جیاوازی ڕەگەزی و توانای جەستەیی لادەبات ،نووسین بۆژن نەمانی جیاوازیە لەوەی ئازادبێ چۆن بیردەكاتەوە، بەلام كاتێ ئەو قەڵەمانەی شەرمنانە بنووسن ئەوەنەبوونی بوێری نووسەرەكەیە، نایەوێ لەو خەونەدا براكسیسی ئازادی بكات، یاخودئەو بەهۆشیاریەكەوە دەچێتە ناو نووسین، بەوەی نووسین بەیۆتۆپیا ناودەبات، لەدەرچوون لەویۆتۆپیایە، ئازادیش كۆتایی دێت، ئەو دەبێتەوە بەكۆیلەكەی جاران ،ئەو خاڵە یەكێكەلەو هۆكارانەی لەناو نووسیندا ژن درەنگ ئامادەبووە وپیاو لەشوێنی ئەویش كاری كردووە، (بێكەس)ە داوادەكات (پەچە) فڕێ بدەن ،ئەو داواكردنەوەی پیاو وەڕس بوون بووە لەو گوتارە پیاو سالارییەی كە (نیچە) ئاسا سەیری ژنی كردووە، بەوەی ئەو بۆئەوەی ناپاك و درۆزن نەبێ ،دەبێ منالی ببێت و ئامرازێك بێ بۆدامركانەوە.

(بێكەس) ئەوكاتەی داوا دەكات پەچەوعەبا فڕێ بدەن دەیەوێ هانی بدات بۆ ئازاد بوون، بەوەی تێكەڵی كۆمەڵگابێت ،چیدی دووره پەرێز نەبێت،

ئەگەرچی لەودەساڵەی دوایی کەم نین ئەوقەڵەمە ژنانەی دەنووسن، بەڵام ئیشکالیەتی نووسینەکان لەدووخاڵدا کۆدەبێتەوە. یەکەمیان شەرمی قەڵەمەکان وڕێزدانان بۆ سیستمی پیاو، ئەویتریشیان ئەوەیە کەنووسین لەناو دنیایەك چاو دەکاتەوە، کەهەمان وێنەی بەرهەم هاتووی واقیعە، دەقی داخراون لەناو وەڵامەکانی خۆیان دەخنکێنەوە توانای پرسیارکردنیان لەدەست داوە، دەگمەنن ئەودەقانەی توانای ئەوەیان هەیە، نووسین دەقێکی تری تیا بخولقێنێت، بەڵکو نووسین دەیەوێ حیکایەتێکمان بۆ بگێڕێتەوە، حیکایەتی کلتوری ژن، ئەوکلتورەی لەهەرەمەکانەوە چاو دەکاتەوەو گوتارێکی دۆگما بەرهەم دێنێ، ئەوەش گواستنەوەی حیکایەتە خورافیەکانی نێوپەرستگاکانە، دەبێتە جەستەیەك بۆهەڵگرتنی ویستی بەرامبەرەکان، جەستەیەك کەدەقێکی نەخوێنراوەیە، ژن بۆ خۆی دەبێ ئەودەقە بنووسێتەوە، تاوەکو توانای خوێندنەوە لەناومان بخولقێنێ چونکە ئەو خاوەن کلتورێکە کەبوونی زیادلە دەلالەتێکی هەیە ((کۆیلەی پیاو..شەرەفی نەتەوە..ئەهریمەنێکی فریودەر)) بەواتای جەستەی ئەرکاتێك کۆیلەی پیاوە، کەچی لەهەمان کاتدا هەرهەمان جەستەیە دەبێتە هەڵگری شوناسی ئابڕووی (خێزان.. خێلْ.. نەتەوە) هەر ئەوجەستەیەشە کەکۆیلەی پیاوە، دواجار بەئەهریمەنێکی فریوودەر ناو دەبرێ، ئەهریمەنێك کەتوانای هەیە پیاو فریوو بدات، بەوەش هەر بە کارێك هەڵناستێ ،بەڵکو ئەوکارە دەبێتە لەکەدارکردنی هەموو ئەو پێوەندیە ئەخلاقیانەی کە پیاوانی سەرداری ئەو دەبەستێتەوەو لە ناو پێوەندیە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا کۆك بوونە، بۆیە پرسیاری نووسین لەو جەستە نەنووسراوە، لەوە سەرچاوەدەگرێت، چۆن جەستەی ژن لەناو نووسین ڕزگار دەکەین!؟ بەوەی ئازادبێ لەپاشکۆ بوونی پیاو. ئازاد بوون لەکۆیلەتی ڕەگەزی بەرامبەر، بەواتای سڕینەوەی ئەوشوناسەی ئابڕوو کەبەتەنیا لەسەرپایەکانی ئەو وەستاوە، نووسین دەبێ ڕەهەندی فراوان بەو جەستەیەببەخشێت ،کەڕۆڵی لەناوکلتوری ئێمەدا تەنیایەك وەزیفەی پێ دراوە ئەویش وەزیفەی سێکسیە.

ئەوەش لەوکاتەی چۆن لەبەرامبەر جەستەی دەرەوەی پێوەندیەکانی خێزان دەبێ بە ئابڕووبردنی نەتەوە، کەچی لەهاتنە ژێربار بۆجەستەی بەرامبەر، ڕازیبوون بەوپێوەندیە هاوسەریەی کەدەسەڵاتی خێلْ بەسەری دەسەپێنێ ،شوناسی(عاقڵ..زیرەك..بەئابڕوو) وەردەگرێت، بۆیە نووسین هەربەتەنیا ڕۆڵی نابێ بەوەرگرتنەوەی ماهیەت و نووسینەوەی ئەوجەستەیە کەکۆت کراوە، بەڵکو نووسین دەبێ بەدەروازەیەك بۆهەناسەدان و بیرکردنەوە، بیرکردنەوەلەو کلتورەی شورەیەکی بەدەوری جەستەدا کێشاوە، پرسیاری ڕزگار بوون لەوکلتورە، پرسیارە لەناو نووسین دا، چونکە ((نووسین تەقینەوەی شتە چەپێنراوەکانی جەستەیە))(١١) جەستەلەڕێگەی نووسینەوە چەپاندن دەتەقێنێتەوە ،تەقاندنەوەش ڕۆڵی ئیدراك کردنی جەستەیەبە ئازادی زاتی ،ئەو ئازادیەش تەنیا ژن بۆخۆی دەتوانێ نوێنەرایەتی بکات، (کۆلن ولسن) پێی وایە نووسەر ناتوانێ باس لەمناڵی بکات، چونکە ئەولەکاتی لەدایکبوون ئیدراکی نیە تائەمڕۆ باسی ئەو چرکەیەمان بۆ بکات، وەك چۆن ناتوانێ باسی مردنیش بکات، چونکە ئەوکاتەی دەمرێت توانای نووسین لەدەست دەدات.

بۆیە ئەو ئازارەی مناڵ بوون کەژنێك دەتوانێ باسی بکات، سەدان داهێنەری پیاو وەك ئەو ناتوانێ باس لەو حاڵەتە بکات ،مناڵ ئەو دەقەیە لەجەستەی ژندا بەتەنیا ژنە تێڕامانی شاعیرانەی بۆکردووە وتابەرهەم هێنانی دەق (مناڵ) ژانی پێوە گرتوە، دواتر هەرخۆی دەتوانێ جارێکی دی ئەو دەقە بەدەلالەتی تر بنووسێتەوە، ڕاستە پیاو بکەری

ئەودەقەیە، ئەوەسکی ژنەی پڕکردووە، بەلام ئەو هەرگیز هەست بەئازاری بوونی دەقەکە ناکات ، ئەو لەبڕی ئازار پرۆسەی سێکسی لەزەتی بۆبەرهەم دێنێت ، ئەودەتوانێ ئەو چێژە بنووسێتەوە، بەلام کردەی لەدایکبوون بەدەقێکی نەنووسراو دەمێنێتەوە، ئەگەر ژن بۆخۆی نەینووسێتەوە، ئەو کلتورەی کەبووە بەمێژووی ژن کلتورێکی سەپاندنی هێماکانی پیاوسالاریە، ئەوەش نووسینەوەی مێژووی پیاوە، مێژوویەك کەژن دەکاتە دەرەوەی نووسین، دیارە لای هەموان ڕوونە ئەوەپیاوە خۆی نووسیوەتەوەو(نیچە)و (فرۆید)ن دەیکەن بەپاشکۆی پیاو، بەلام ئەو دیدەی (فرۆید) دەینووسێتەوە، هەمان دیدگای هەڵەیە کە(د.نوال السعداوي)ش دووبارەی دەکاتەوە، بەلام بەمیکانیزمی تر. ئەو ژن نانووسێتەوە هێندەی دەیەوێ بە دژی ئەو کلتورە بوەستێتەوە بەوەی پێش ئەوەی باوك دەسەلات بگرێتەدەست، کۆمەلگای سەرەتایی کۆمەلگای‌دایك بووە، بەوەی ئەو دەبێتە بەرهەم هێنەری منال و گۆشکردنی ، تەنانەت پێی‌وایە لەمیسری کۆندا ژن مافەکانی وەك پیاو یەکسان بوو، کەدەگەیشتە پلەی یەزدانیش وەك چۆن پیاویش پێی دەگەیشت، بەوەی یەزدان بوون تەنها کارێکی نێرایەتی نەبوو ئەوە جگەلەوەی لەسەردەمی فیرعەونیەکان ژن خەریکی کارکردن و چنین و کاری‌بازرگانیە، لەکاتێکدا پیاوەکان خەریکی ڕاوکردنی ئاژەلانن(١٢).

بۆیە لەبەرامبەر ئەو دوو تێڕوانینە هاودژەدا کەدواجار دوو دیدی وەك یەك بەرهەم دێنن ،بەوەی هەریەکە دەیەوێ داکۆکی لەڕەگەزەکەی خۆی بکات، وئەوی دی بکاتە پاشکۆ، بەوەش هەولی هەلچوونی ڕەگەزەکانی بەرامبەر یەکتری دەنووسنەوە، نەك نووسینەوەی جەستەی زات. چونکە(د.نوال) دەیەوێ لەدیدی بایەلۆژییەوە جەستەی ژن بکاتە ئەو پەرستگا پیرۆزەی ڕێگالە پرسیاردەگرێت ،وەك چۆن (نیچە) لەڕەهاییەکەوە قسەدەکات کەدواجار بەرامبەربە حەقیقەت ڕەهابوونەکەی تێك دەشکێت، حەقیقەتی ئەوەی ((جەستەی ژن جوگرافیایەکی هەمەجۆرە بۆ بەدەستخستنی چێژ، پیاوسەرچاوەی چێژوەرگرتنی ڕیز پەڕانە لەچووکدا کۆبۆتەوە، لەکاتێکدا ژن زیاتر لەکۆئەندامێکی هەیە کە فریای دەکەون بۆ دەستخستنی چێژ))(١٣) ئەگەرچی ئایدیالیزم دەیەوێ ئەو فرە ئەندامیەی چێژ لەژن وەرگرێتەوە، وەك پیاو کۆیبکاتەوە سەریەك ئەندام، بەوەی ئەو ڕێگا بۆ ترازانی پێوەندی هاوسەری خۆش دەکات، ئەوەش تەنها هەولدانە بۆبچوك کردنەوەی چێژلە ئەندامەکانی جەستەی، چونکە ئەو کاتە لەبڕی ترازانی پێوەندی بەلکو ئیرۆسیەتی جەستە پێوەندیەکە بەهێزتر دەکات، ئەو چڕبوونەوەیە لەخالی جەستە بۆ دوورکەوتنەوە نەبووە لەنووسین بەلکو ڕێگا خۆشکەرێکی تر بوو، تاتۆزێکی ترلە ناو نووسینی ژن بمێنینەوە، بۆیە ئەو نووسەرانەی کە دواجار گەشە بەنووسین دەدەن، ئەوانەن کەدەیانەوێ زمان خەونەکانیان بنووسێتەوە بەبێ شێواندنی سیستەمی نووسین، چونکە هەموو نووسراوێك توانای بەرهەم هێنانی دەلالەت و نووسینەوەی جەستەی‌نیە، جەستەی کۆت کراو کەنووسین بیەوێ ئازادی بکات، دیارەلە ناو نووسینی ژنی کوردیدا (کەژال ئەحمەد) لەزۆربەی هاوڕەگەزەکانی زیاتر توانیویەتی پێوەندیەکان بخاتە ناو نووسین وپارێزگاری لەسیستەمی نووسین بکات وبتوانێ دەلالەت بەرهەم بێنێت، دەلالەتی ژن بوون.

نووسین دەبێ بە شتە چەپێنراوە ناخیەکان، کەبەبێ ترس لەدەمامکەکان دەنگی یاخیانەی خۆی لەناو نووسین دەتوێنێتەوە، ئەودەنگە ئەگەر بەدرێژایی ئەو پانزە سالە ویستبێتی بەنووسینێکی یاخیمان بناسێنێ کەنەیەوێ دەستەمۆبکرێت،ئیدی بەدوای ئەوئەزمونە ئەودەیەوێ لەناو نووسین پرسیارمان لابخولقێنێت پرسیار لەزمان ،ئەو زمانەی کەهەڕەشە لەفکری دۆگما دەکات، ئەوەش بە

دەقئاویزانێك لەناو دەقی (گۆران)دا، مانایەکی تازەبە نووسینی گۆران دەبەخشێت ودەلالەتی نوێش بۆنووسینی خۆی بەرهەم دێنێت.

((ڕێکەوت لەجادەیەکی چۆڵدا/ بەلای گۆراندا ڕەتبوم و/لەدرزی پەچەکەمەوە/ چاوێکم لێ داگرت/ ئەو بەپایزی ناساندم/ ئەومارەی بڕیم لەشیعر/ ئەو وتی وەك خۆت بە، هەمیشە وەك منالْ/ بەردەوام هاروهاج/ سوێند دەخۆم وا جوانیت))(١٤)

منالْ بوونەوەی کەژاڵ ئەو دیدە زاتیەی نووسەرە کە دەیەوێ لامان بکاتە چەمکێکی ڕەها بەوەی ئەوە(گۆران)ە پێی دەڵێت بەردەوام وەك منالْ هارو هاج بە، بۆیە ئەگەرئەو دیدە بە تەواوی لەیادەوەری ئێمەدا جێگیر ئەبێ ،ئەوجارێکی تر لەدەقی(( بچووکێ حەیف گەورە بوو))(١٥) جەخت دەکاتەوە سەری، بەوەی دەبێ حەیف بۆ بچووکی بخۆین، کەپرسیاری بۆچی گەورە بووین بکاتە ڕووبەرێکی تری نووسین، چونکە مادامەکی گەورە بوون سنورێك بێت بۆتەسك کردنەوەی سەربەستی مرۆڤ لەلایەك و لەلایەکی تر لەڕووی بایەلۆژی جەستەوە گەورە بوون ئیدی ڕێگای نادات لەژێر گەڵایەکی درەختی (مەطاطا) خۆی بشارێتەوە، ئەولێرەدا چەندە قسەلەیادەوەری منالی دەکات، هێندەش باسێکە بۆ گەمە حەرامکراوەکان.

ئەوباسانەی گەورەبوون دەرمان دەکاتەدەرەوە، خۆشاردنەوە لەژێر گەڵایەکی درەختی (مەطاطا) دەکرێ دەلالەتی چێژ بەخشینی زاتی بەرهەم بێنێ، بەوەی کاتێ جەخت لەوە دەکاتەوە(داری مەطاط لەپاڵما خۆی حەشار دەدات) چونکە خوێندنەوەی کتێب بۆزات و خوێندنەوەی زات بۆکتێب ،خوێندنەوەی جەستەیە، گەڕانەوەیە بۆماچەکانی منالی ((من کتێبم دەخوێندەوە ڕوومەتم سور هەڵدەگەڕا)) ئەوەش ئازادی نووسینە لەناو دەق کە چەمکی ئازادی دەبێتە بەرهەم هێنەری ماناکانی جەستە، مانای ئازادی لەڕابردوو، کۆت کردنی لە ئێستادا بە هۆی گەورەبوون، بەوەش دەبێ ئەوشاعیرەمان لەوانی دی جیابکەینەوە، بەوەی نووسەر لەناو نوسین منالْ دەبێتەوە تا لەناو زمان ببێتەوەبە دلۆپە ئاوێك وئەمجارەیان بە تەنیا زمان ئەو ئاوەدەبێ کەلە ناو نووسین فرمان بەبونیا دەکانی دەق دەکات، چونکە ئەوکاتێ ئازادی خۆی لەناو نووسین وەدەست دێنێ ،بەواتای زمان ئازاد دەکات لەوەی دەینووسێت، بەڵام ئەوەی گرنگە و هەرگیز ئامادە نیە ئەو سیستمە ئامازەکاریەی نووسین فەرامۆش بکات، کە دەبێتەهۆی بەرهەم هێنەری دەلالەت، و بۆ جێگۆڕکێی دەلالەت، زمان شوێن بەنووسەر لەق دەکات، تاوەکو نووسین بکات بەکایە یەکی سەربەخۆ، ئەوەش توانای ژن بوونە لەناو نووسین، چونکە بەتەنیا جورئەت بەس نیە، ئەمرۆ کەم نین ئەوقەڵەمانەی بەجورئەتەوە دەنووسن، بەڵام لەوێ نووسین تووشی ئیشکالیەت دێت کە: چۆن جارێکی ترئەو جورئەتە دەگوازینەوە ناو سیستەمی ئامازەکاری نووسین ئەوەی کەژال جورئەتە دەگوازێتەوە نێو نووسین ،لەناو نووسین جورئەتێك هەیە، ئەویش شاعیرەکەمانە کە(جادە)ی لەپیاو خۆشتر دەوێ ،چونکە (جادە) پرسیاری ئەوەی لێ ناکات بەرەو کوێ دەڕوات؟ یا لەکوێوە هاتۆتەلای ئەو!؟

سەرباری ئەوەی کەئەو پیاسەی لەگەڵ دەکات، هەرگیز بیرلە تیرۆرکردنی ناکاتەوە لێرەدا (جادە) و (پیاو) دەبنە دووئامازەی هاو دژ لەناو نووسین کەیەکیان دەبێتە ئامازەی تیرۆریست و ئەوی دی ئامازەی پەریزادەیی، یەکەم دەلالەتی (دەنگ)ی ئەو دەسەپێنێتە سەر دەنگی تۆ، ئەویتر دەلالەتی (بێدەنگی) دەدات بە تۆتا بەهەردووکیان هێمنی نەشێوێنن، بێ ئەوەی هیچ داوایەکی دەسەڵاتانەی بەسەردا بسەپێنێ .

((جادەکە هیچ داوایەکی لێم نەبوو/ کەچی هەموو جوانیەکی پێشکەش کردم/ ئەو دەستە درێژو

زیرەکانی / بەخوێنی هیچ ژنێ سوورنەبوو/ بۆیەکە دەگەمە وێستگەی ژن کوژان/ واهەست دەکەم/ جادەم لەپیاو خۆشتر دەوێ))(١٦).

کەجادە ژن نەکوژێت و وەفای بۆ جوانیەکانیش هەبێ و ڕۆژێك خوێنی بە پەنجەکانی خۆیەوە نەدیبێت، بۆیە لەکۆتایی جادەکاندا، ئەو لەسەرەتاوە خەون دەبینێت و ئومێدی ژنان دەخوازێت، ئەگەرچی هەست دەکات ئەو ڕێبوارێکی تەنیایە، بەلام ئومێدێك دەمێنێتەوە لەناو نووسین، ئومێدی ژیانی ژن بوونە، هەر ئەو ئومێدەش وادەکات جادەی خۆشتر بوێت لەپیاو.

ئەوەش بەتەنها لەناو نووسین نووسەر دەتوانێ زمان بنووسێتەوە، تاوەکو لەوڕێگەیەوە لە(خۆکوشتنی نووسەر) خۆشبێت، خۆکوشتن لەوکاتەدا دەبێتە نەمریەك کە نووسین وەدەستی دێنێت.

پەراوێزو سەرچاوەکان

(١) فصام الناقد.. فصام الكاتب/ د. مهند يونس/ الموقف الثقافي العدد (٣)/١٩٩٦

(٢) مەرگی نووسەر/ ڕۆلان بارت وەرگێرانی (ئازاد بەرزنجی) سەراب ژمارە(٣ ـ ٤) زستانی/١٩٩٦

(٣) مناقشة لسؤال ميشال فوكو: ماالمؤلف؟ عالم الفكر المعاصر/ العدد (٧ ـ ٨) /١٩٨٠

(٤) نوسین و بەرپرسیاری / ڕێبوار سیوەیلی لەبلاوكراوەکانی گۆڤاری بینین (ئەمریکا) /١٩٩٧

(٥) هەمان سەرچاوە

(٦) ئاگایی زمان ،زمانی ئاگایی/ عەبدولمتەلیب عەبدوللا/ کتێبی سەردەم (١١)سلێمانی/ ١٩٩٩

(٧) هەمان سەرچاوە

(٨) دەبێ لەناو نووسین ئیتر (مەبەست) لە(مانا) جیابکەینەوەو یەکێك لەهەرە هەڵەکانی نووسینەکانمان ڕاڤەکردنی ئەو دووانەیە بەیەك دەلالەت

(٩) ئای لەڤیلیا لە ڤیلیا / کاروان عومەر کاکەسوور کتێبی سەردەم (٦٢) سلێمانی /٢٠٠٠

(١٠) کاتێ نووسینی ژن پۆلین دەکرێ لەناو نووسین و ناوی (ئەدەبی ئافرەتان)ی لێ دەنرێ ، ئەوەکەم کردنەوەیە لەنووسین، بەوەی ژن خاوەن توانایەکی دەست نیشان کراوەو نابێ تێکەڵ بەجیهانی داهێنەری پیاو بکرێت، ئەوەش پێشنیارێکە لەلایان پیاوەوە ناوی لێ دەنرێت .

(١١) ژن و نووسین/ محەمەد نورەدین ئەفایە وەرگێرانی (هەڵکەوت عەبدوڵلا) گۆڤاری سەردەم ژمارە (١٢)

(١٢) الأنثى هي الأصل / د.نوال السعداوي المؤسسة العربية للدراسات والنشر- بيروت -

(١٣) ژن و نووسین/ محەمەد نوردین ئەفایە (هـ.س.پ)

(١٤) سفر/ کەژاڵ ئەحمەد شیعرستان /ژمارە (٥)

(١٥) بچووکێ حەیف گەورە بوو/ کەژاڵ ئەحمەد ـ کوردستانی نوێ (ئەدەب و هونەر) ژمارە (٢١٧٣)پێنج شەممە ٢٠٠٠/٦/١٥

(١٦) جادەم لەپیاو خۆشتر ئەوێ / کەژاڵ ئەحمەد ـ کوردستانی نوێ (ئەدەب و هونەر) ژمارە(٢٢٣٣)پێنج شەممە ٢٠٠٠/٨/٢٤

تێبینی :

ئەم نووسینە بەشێکە لەپرۆژەی کتێبێکی دەستنووس لەژێر ناوی ((فارما گۆن)) کەبە هاوبەشی هاوڕێی ئازیزم (ڕێبین ڕەسول) نووسراوە.

فەرهاد ئەکبەری/ سنە

# نەورۆز

جارێکی دیکە بە چاو لێکنانێك دیتمان کە ساڵێکی دیکە تێپەڕی و ساڵی کۆن بەرگی رزیوی خۆی فرێداو جلوبەرگی لاوەتی لەبەر کرد. داروگوڵ و گیا بەدەست سەرماو زوقمی زستانەوە رزگاریان بوو و بۆ پیرۆزبایی لە بەهار خۆیان رازاندەوەو بە پیرییەوە چوون. خونچەکان ئامادەن تا بەیەکەم چریکەی بولبولان بپشکوێن و مەلان چاوەڕێی بارانی بەهارین تا بەدەنگی بلاوێنی خۆیان عەرد و ئاسمان پڕکەن، ساڵێکی دیکە دێ و وەچە دوای وەچە دێن و دەچن، نوێیەکان شوێنی کۆنەکان دەگرنەوە، لەو نێوەدا ئەوەی دەمێنێتەوە جگە لە کارو کردەوەی ئینسانەکان، فەرهەنگ و مێژووە، مێژوویەك کە بیرو بۆچوونی وەچو بەرەی کۆن بۆ وەچوبەرەی نوێ و ئەوانەی داهاتوو دەگێڕێتەوە.


لە فەرهەنگی هەر کام لە گەلانی جیهاندا کۆمەڵێك رێو رەسم و جەژن و ئاهەنگی جۆراوجۆری ئایینی و نەتەوایەتی دەبینرێن کە نەخشێکی گەورەیان لە پتەوتر کردنی پایەکانی هەستی نەتەوایەتی ئەو گەلانەدا هەیە. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی کەلتووری هەموو گەلانی دنیاو هەر بوونی ئەو پەیوەندییە گیانییە هاوبەشانەشە کە یەك یەکی ئەندامانی ئەو نەتەوانە لێك گرێدەدا.

جەژن و بۆنە نەتەوەییەکان هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵانی خەڵکن و رەگو ریشەیەکی قووڵیان لە نێو چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵدا هەیە و لە هەستی نەتەوەیی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرن و لەوێ را بە نێو چینەکانی سەرووتری کۆمەڵدا بڵاودەبنەوە.

جەژنی نەورۆز یەکێك لەو جەژنانەیە کە نیشانەی هاوپەیوەندی و هەستی هاوبەشی گەلی ئێمەیە کە بە ناو هەزاران رووداوی مێژووییدا تێپەڕیوە، تا گەیشتۆتە ئێرە و بۆتە لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە کەلتووری نەتەوایەتیماندا.

جەژنی نەورۆز نوێنگەیەکی روونی کەسیەتیی نەتەوەیی، فەرهەنگی و تایبەتمەندییەکانی گەلەکەمانە و نیاز لە بەڕێوەبردنی، دابینکردنی ئاواتە بەرزە ئینسانییەکان، یەکیەتی، دۆستایەتی و چێژ وەرگرتنی پترە لە ژیان.

گەلانی ئاریایی لە کۆندا زۆر جەژنی جۆراوجۆریان گێڕاوە، لە نێویاندا دوو جەژنی نەورۆز (سەرەتای وەرزی گەرما) و میهرەگان (سەرەتای وەرزی



سەرما) و بە تایبەت نەورۆز بایەخێکی تایبەتی هەبووە و تەنانەت پاش ئەو هەورازو نشێوە زۆرەی کە لە هەزاران ساڵ پێشەوە بڕیویەتی، هێشتا گرنگیی خۆی هەر پاراستوە و وەك یەکێك لە مەزنترین جەژنەکانی ئەو گەلانە ماوەتەوە و تەنانەت بۆتە هێمای خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی لەنێو میللەتی کورددا.

لەبارەی چۆنیەتیی پەیدا بوونی جەژنی نەورۆزەوە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە زۆر بیروباوەڕی جیاوازدەکەن و گەلێك ڕووداوی مێژوویی (چ ئەفسانەیی یان ڕاست) دەکەنە سەرەتای پەیدابوونی نەورۆز. لەم وتارەدا تێدەکۆشین ئەوەندەی پێویستە ئاماژە بەو بۆچوونە جیاوازانە لەبارەی نەورۆزەوە بکەین و چەند دیمەنێك لە کەلتووری نەورۆز لە کوردستاندا بخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز.

نەورۆز واتە ڕۆژی نوێ، ئەویش دوو نەورۆزە، یەکێکیان نەورۆزی گشتییە، ئەویتریان نەورۆزی تایبەتییە. نەورۆزی گشتی ڕۆژی یەکەمی خاکەلێوەیە کە هەتاو لە سەرەتای کەلوو (برج)ی حەمەل ((حمل))ە، واتە ڕاست لە ئەوەڵی بەهاردایە. بە بڕوای هێندێك، خوای گەورە لەم ڕۆژەدا دنیای بەدیهێناوە، هێندێکی دی دەڵێن، چونکە خودا لەم ڕۆژەدا ئادەمی خوڵقاندووە، بۆیە نێوی نراوە نەورۆز، دەستەیەکی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن کە جەمشید لە سەرەتاوە ناوی ((جەم)) بووە، خەریکی گەشت و گەڕان بووە کە گەیشتۆتە ئازەربایجان یا بە پێی وتەیەکی دیکە وڵاتی بابل، فەرمانی داوەکە تەختێکی خەملێو بە زێڕو گەوهەری لەسەر بەرزاییەك بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ دانێن، ئەوجار تاجێکی لەسەر داناوە و لەسەر تەختەکە دانیشتووە، کاتێك خۆرهەڵاتووە یەکەم تیشکەکەی لە تەختەکەی جەمی داوە و خەرمانەیەکی درۆشاوەی لە دەوری تەختەکەدا ساز کردووە، خەڵك بە دیتنی ئەو دیمەنە شاد بوون و وتوویانە ئەمە ڕۆژێکی نوێیە، چونکە لە زمانی پەهلەویدا بە تیشك دەڵێن ((شید)) جەمیان کردووە بە جەمشید و ئەو ڕۆژەی کە جەمشید چۆتە سەرتەخت ڕۆژی شەشی خاکەلێوە بووە کە بە نەورۆزی تایبەتی ناودێرکراوە.

لە مێژووی تەبەریدا هاتووە کە جەمشید هەموو زاناکانی سەردەمی خۆی کۆکردەوەو لەسەر نهێنی (سری) بەردەوامی و ڕاوەستاویی دەسەڵات پرسیاری لێکردن، زاناکان وتیان! خزمەتکردن لە کاتی دەسەڵاتداریدا و دادپەروەری لە نێو خەڵکدا، هۆکارەکانی مانەوەی دەسەڵاتن. ئینجا دەستی بە دادپەروەری کردو داوای لێکردن (زاناکان)، کە بۆ سەقامگیرکردنی دادپەروەری یارمەتی بدەن.

لە دەقە ئەفسانەییەکاندا هاتووەکە یەکەمین شەمەی مانگی یەکەمی ساڵی١٧٦٧ی پێش زایین، زەردەشت لە دایك بووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیان بەنەورۆز ناوبردوە.

هەروەها بە پێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە، نەورۆز رۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاک (ئەژی دەهاك)دا سەرکەوت و خەڵك بەهەڵکردنی ئاور ئەو رۆژەیان کردە جەژن، یان دەڵێن نەورۆز رۆژێکە کە ئاور دۆزرایەوە یان ئەو رۆژەیە کە شەو و رۆژ یەکسان دەبن.

لە کتێبە ئاسمانییەکانی وەك ئاوێستا، تەورات و قورئاندا هاتووە کە یەزدان دنیای لە شەش رۆژاندا بە دیهێناوە، گەلانی ئێرانی باوەڕیانوابووە کە یەزدان ئەم کارەی لە رۆژی یەکەمی مانگێکدا ئەنجام داوە کە رۆحەکان لە ئاسمان را گەڕاونەتەوە بۆ زەوی، ئەم مانگە ناوی فرووهەر( فروهر) بووە، لەم مانگەدایە کە یەزدان رۆحی مردووەکان دەگێڕێتەوە نێو کەسوکاریان و ئەو میوانداریەش (١٠) رۆژان دەخایەنێ. بۆیە خەڵك لەم رۆژانەدا ماڵەکانیان خاوێن دەکەنەوە، جلوبەرگی نوێ لەبەر دەکەن و بۆنی خۆش بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکەنەوە، و ماڵەکانیان بەشینایی و گوڵ، دەنگی مۆسیقی و رووناکی کەیلی شادی و خۆشی دەکەن. شینایی و سکە (پارەی ئاسن) و شیرینی و ئاوو رووناکی کە دەبنە هۆی کەیف و خۆشی لەسەر خوانی ئەم میوانانە (مردووەکان)دا دادەنێن. چونکە رۆح (فروهەر)ی مردووەکان بۆ بینینی ئازیزانیان دەگەڕێنەوە.

ئەمانە چەند بۆچوونێکبوون کە لە سەرچاوە مێژوویی و دەقە ئەفسانەییەکاندا بە هۆکاری پەیدابوونی نەورۆز زانراون.

لە سەرچۆنیەتی بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆزلەسەردەمی فەرمانڕەوایی هەخامەنشییەکان و ئەشکانییەکان و پێش لەواندا، زانیارییەکی ئەو تۆمان لەبەر دەستدا نیە، بەڵام سەرچاوەکان هێندێ شتمان لە سەردەمی ساسانییەکان پێ دەڵێن، مێژوونووسان دەڵێن، ساسانییەکان هەموو ساڵێك شەش رۆژی نێوان نەورۆزی گشتی تایبەتیان دەکردە جەژن و لەو ماوەیەدا داخوازییەکانی خەڵکیان جێبەجێ دەکردن، زیندانییەکانیان بەردەدا، لە تاوانی تاوانباران خۆش دەبوون و دەیانکردە جەژن و شایی. بە پێی هێندێ سەرچاوە گۆیا لە سەردەمی ساسانییەکاندا جەژنی نەورۆز وەك جەژنە ئیسلامییەکان سووراوە و هەموو جارێ لە دەسپێکی بەهاردا نەبووە.

## چۆنیەتی بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆز لە سەردەمی ساسانییەکاندا

لە حەساری کۆشکی پاشادا دوازدە کڵیان لە خشت سازدەکرد و لەسەر هەر کام لەو کڵانە جۆرە دانەوێڵەیەکیان دەچاند، ئەو دانەوێڵانەیان تا شەشەمین رۆژی نەورۆز نەدەدروونەوە، پێیان وابوو کە هەرکامیان باشتر هەڵبدا، ئەو ساڵە بەرهەمی ئەوجۆرە دانەوێڵەیە لەوانیدی زۆرتر دەبێ. پاشا بە تایبەت چاوی لەجۆ دەکردو تەمەننای خێرو بەرەکەتی دەکرد.

ساسانییەکان پێنج رۆژی سەرەتای خاکەلێوەیان بە نەورۆزی گشتی ناودێر کردبوو، سەرەتا پاشا خۆی بەڕێو رەسمێکی تایبەت دەیکرد بە جەژن و لەو رۆژەدا جەژنە پیرۆزەی لە خەڵکی رەشۆکی دەکرد. رۆژی دووهەم تایبەتی ئەو کەسانە بوو کە پلەو پایەیان لە رەشایی خەڵك بەرزتر بوو. واتە جووتیاران و پاسەوانانی ئاتەشگاکان، رۆژی سێهەم تایبەت بوو بە سوارەکان و پیاوە ئایینییەکان، رۆژ چوارەم بۆ کاربەدەستانی وڵات و رۆژی پێنجەم بۆ کوڕ و کچ و خزمانی نزیکی پاشا تەرخان کرابوو، ئەمانە هەرکام بە گوێرەی پلەو پایەیان رێزیان لێ دەگیرا و خەڵات دەکران و پاشا ئەرکی خۆی بەرامبەر بەوان بەجێ دێنا. رۆژی شەشەمیش تایبەتی پاشا خۆی بوو جگە لەوانەی شیاوی هاوڕازی و هاونشینی تەنیایی پاشا بوون کەس بۆی نەبوو لە پاشا وەژوورکەوێ.

بەگشتی جەژنی نەورۆز لە سەردەمی ساسانییەکانیشدا بەیەك جۆر نەگێراوە، کاتی وابووە

کە لە رۆژی یەکەمی بەهار تا شەش رۆژ پشوودانی گشتی بووە، هێندێك جاریش یەکەم مانگی بەهاریان کردووە بە جەژن، لە سەردەمی بڕێك لە دەسەڵاتدارانی ساسانیدا (٢٢٦ تا ٦٥١)ی زایینی هەموو مانگی خاکەلێوە جەژن بووە، بەمجۆرە کە ٣٠ رۆژی مانگی خاکەلێوەیان بەسەر شەش بەشی پێنج رۆژیدا دابەش کردبوو، پێنج رۆژی یەکەم لە لایەن پاشاوە بۆ پیاوە گەورەکانی وڵات تەرخان کرابوو، پێنج رۆژی دووهەم بۆ نەورۆزانە دان و نەورۆزانە وەرگرتن، پێنج رۆژی سێیەم بۆ گزیر و بەردەستەکانی و پێنج رۆژی چوارەم بۆ خزم و کەس و کاری پاشا خۆی، پێنج رۆژی پێنجەم بۆ فەرماندەکان و پێنج رۆژی شەشەمیش بۆ خەڵکی ئاسایی تەرخان کرابوو.

### خوانی حەوت سین بەر لە ئیسلام

یەکێکی دیکە لە رێورەسمەکانی بەر لە ئیسلام راخستنی خوانی حەوت سین بوو، بۆ رازاندنەوەی سفرەی نەورۆزی لەو سەردەمەدا، لە حەوت جۆر دەفر (ئەمان)ی چینی بۆ رێز گرتن لە حەوت ئەمشا سپەند (حەوت فریشتە) کەڵکیان وەردەگرت و ناوی ئەو فریشتانەیان لەسەر دانابوون، بۆیە خوانی نەورۆزی بە حەوت سینی یا حەوت چینی ناوی دەرکرد. پاشان ((ی)) سینییەکەیان فڕێداو بووبە حەوت سین. بەڵام بە پێی چەند بیروڕایەکی دیکە ئەو حەوت سینە لە بنەڕەتدا حەوت شین بووە، بە پێی ئەو بیروڕایانە لە کۆندا لەسەر سفرەی نەورۆزی، لە شیرو شەکەرو شیرینی و.. کەڵك وەرگیراوە، دەڵێن چونکە خوای مەزن مرۆڤی لە نەورۆزدا بەدیهێناوە بۆیە بە کۆرپە و ساوا دەژمێردرێ و دەبێ مرۆڤ لەو رۆژەدا شیر بخواتەوە.

وێڕای هەموو جۆرە میوە و خواردەمەنییەك لە سەرخوانی نەورۆزیدا دەبوا شینایشی لەسەر بایە، چونکە بەشتێکی باش و بە نیشانەی نەمری و بەختەوەرییان دەزانی، شتێکی دیکەش کە دەبوا لەسەر خوانەکە دانرابا گۆزەیەکی پڕ لە ئاو بوو کە کچێك لە کانیی گوند یا شاردا دەیهێنا، چونکە ئاو و کچێنی لە لای ئارياييەکان گرنگییەکی تایبەتی هەبووە.

### نەورۆز لە سەردەمی خەلیفە موسڵمانەکاندا

رێورەسمی جەژنی نەورۆز دوای ئیسلام بەرادەیەك لاواز ببوو کە هێدی هێدی بەرەو فەوتان دەچوو. هەروەك جورجی زەیدان نووسیویەتی، ئێرانییەکان لە سەردەمی ((معاويه ابن ابی سفیان)) دا (١٠ میلیۆن) دێرهەم زیویان دا تا رێگایان بدەن جەژنی نەورۆز بگێڕن. بەڵام دواتر میری موسڵمانەکان لە لایەك بۆ زیادکردنی داهاتی خۆیان، جەژنی نەورۆز و وەرگرتنی نەورۆزانەیان باو کردەوە و تەنانەت خەلیفەکانی بەنی ئومەیە دانی نەورۆزانەیان بەسەر خەڵکدا سەپاند. ـ حەجاجی کوڕی یووسف یەکەم کەس بوو کە خەڵاتی نەورۆز و میهرەگانی کردەباو ـ لە لایەکی دیکەوە بە هۆی نفووزی گەلانی ئێرانی لە نێو حکوومەتە ئیسلامییەکاندا، جەژنی نەورۆز دیسان بووژایەوە، بە جۆرێك کە ئومەوییەکان و عەباسییەکان و تورکەکان لە نەورۆزدا جلوبەرگی جوانیان لەبەر دەکردو شاعیرە عەرەبەکانیش بە نەورۆزیان هەڵدەگوت.

### نەورۆز لە کوردستاندا

لە نێو میللەتی کورددا زیاتر دوو بیروبۆچوون لەسەر نەورۆز هەیە، یەکەم ئەو چیرۆکە ئەفسانەییەیە کە لە بارەی راپەڕینی کاوەی ئاسنگەر دژی زوحاك (ئەژی دەهاك) و سەرکەوتنی بەسەر ئەژی دەهاك دایە کە بە کورتی بەمجۆرەیە:

١) دەگێڕنەوە کە گۆیا پیاوێکی ستەمکار بە ناوی (ئەژی دەهاك) بەسەر خەڵکدا حکوومەتی دەکرد، ئەو پیاوە دوو مار لەسەر شانەکانی رووابوون، بۆ ئەوەی بەدەست ئازاری ئەو

مارانەوە ئاسوودەبێ، پیاوەکانی هەموو ڕۆژێ دوو لاویان دەگرت و دەیانکوشتن و مێشکەکانیان دەرخواردی مارەکان دەدا، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە زۆربەی دایك و باوکەکان ڕۆڵەکانی خۆیان لە دەست دابوو. هێندێك لە لاوان لە ترسان پەنایان بردبووە بەر شاخەکان، کاوەی ئاسنگەریش کە حەڤدە کوڕی ببونە قوربانی، خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو دژی ئەژی دەهاك ڕاپەڕین و تەختی دەسەڵاتی ئەژی دەهاکیان سەرەوژێر کرد و لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی دەماوەندا زیندانیان کرد و ئەو سەرکەوتنەیان کردە جەژن و شایی.

٢) کوردستان وڵاتێکی شاخاوی و سەختە و زستانێکی یەکجار تووش و ساردی هەیەو تەنانەت بەفری هێندێك لە چیاکانی بە درێژایی ساڵ ناچێتەوە و بەفری تازەی بەسەردا دەبارێ، بۆیە خەڵکی کوردستان نەك هەر دەستیان لە کاروبار هەڵگرتووە، بەڵکو زۆرجاریش و ئێستایشی لەگەڵدا بێ سەرما و سۆڵە زیانی گیانی وماڵییان لێ دەدا و ئاژەڵ و مەڕوماڵاتیان دەفەوتێنێ، بۆیە دەسپێکردنی وەرزی گەرماو خۆشبوونی هەواو دەرکردنی مەڕوماڵات لە ماڵ مزگێنییەکی خۆش بووە بۆ خەڵکی کوردستان.

ئەودوو بۆچوونەی سەرەوە لەسەر نەورۆز ئەوە دێنن کە جەژنیان بۆ بکرێ، بەڵام لێرە بۆ سەلماندنی ئەوە کە بۆچوونە ئابوورییەکە بەسەر لایەنە ئەفسانەییەکەی نەورۆزدا زاڵترە، بیرورای مامۆستا هێمن لەو پەیوەندییە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز:

مامۆستا هێمن دەڵێ: (( من پێم وایە ئەو ڕۆژە و ئەو جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات، پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە.))

جا ئیجازە بدەن بە کورتی لەو بارەوە بدوێم تا بزانن منی کەڕە کرمانج، کەنگێ و لە کوێم دەرسی ئیقتیساد (اقتصاد) خوێندووە تاقسەی وا زل بکەم.

ئەم گەلانە (گەلانی ئاریایی) هەموویان شوانە وێڵەومەڕداربوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین و بەستەزمانانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە، دابین کردوە.

ڕوونتر بڵێم خۆراکیان لە شیرو پۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بە دوای هەوارو لەوەڕگەدا وێڵ بوون و گەڕاون. نە زۆر شارەزای نووسینەکانی ((هیرۆدوت))، ((تەبەری)) و ((گزنفون))، ((فردوسی))، ((مینورسکی)) و ((زونوف)) و ئەوانەم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کاردۆخ و ماد و نازانم کێ و کێ؟!

((بەڵام دەزانم کوردیش یەکێك لەو گەلانەیە لە پێشدا شوانە وێڵەبووە، ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێ بگەڕێ کەیفی لە شوانەتییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمڕۆ دامداری و دامپەروەری دەناڵێ)).

((ئێستاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بە داخەوە زۆرکەم بووەو دامپەروەرەکان کاتی بەران تێ بەردانیان گۆڕیوە، بەڵام ئەودابە هەر نەگۆڕاوە، هەرکەس کرتکە مەڕێکی بێ، ئەو ڕۆژە بەران دەمەڕی دەکا، میوانداری لە جیرانان دەکا. مێوژ و خورما و شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆرباش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە نێو مێگەل)) بەڵام دوور نیە هەر بە بیری منی مەڕدار لە ئاخرو ئۆخری مانگی میهر بەرانیان دەمەڕکردوە و جێژنی میهرەگانیان بۆ کردوە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریانگرتووە و کردویانە بە میهرجان و بەهەموو ڕۆژی خۆش دەڵێن میهرجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ، پێشینان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕۆحی وەبەردێ و مەترسیی بەر ئاوێتن کەم دەبێتەوە، جەژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن ((بلێن دانا)) پەیوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پایزو سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕ دێ، جێژنی هەرەگەورەی مەڕدارە)).

((ئەوەیەبۆ چوونی منی کەڕە کرمانج کە لە ژیانی باوکم بەسەرمەڕدا ڕادەگەیشتم و گەرمێن و کوێستانم دەکردو بە پسپۆڕی ناوبانگم هەبوو)).

لە نیوەی ڕەشەمە بەم لاوە، خەڵکی کوردستان هێدی هێدی وەخۆ دەکەون و خۆیان بۆ جەژنی نەورۆز ئامادەدەکەن، پیاوان جلوبەرگی تازەو پێداویستییەکانی جەژن دەکڕن و ئامادە دەکەن، ژنانیش گەنم دەکەنە ناو دەوری و ئاوی دەدەن، بەرۆژ ئەگەر هەتاو بە دەرەوە بێ لەبەر هەتاو دای دەنێن کەباران بوو دەیبەنە ژوورەوە و لەسەر کورسی دای دەنێن. ئەو گەنمە چەکەرە ئەکاو وردە وردە سەوز ئەبێ، هەتا ئەکەوێتە ڕۆژی نەورۆز بە تەواوی سەوز ئەبێ و هەڵدەدا. ئیتر وردە وردە لای دەبەن، چونکە سەرەتای سەوزی و سەوزەڵانی لە دەرودەشت پەیدا دەبێ.

نزیکی نەورۆز واتە لە حەوتووی کۆتایی ساڵدا ماڵ خاوێن دەکەنەوە، چونکە بەپێی بیروباوەڕی گەلانی ئاریایی، لە سەرەتایی ساڵی تازە و لە مانگی خاکەلێوەدا، ڕۆحی مردووان بە سەردان دێنەوە بۆ نێو کەسوکاریان و ئەگەر زانییان کە کەسوکارەکانیان ئەوانیان لەبیر نەکردووەو ماڵەکانیان خاوێن کردۆتەوە، دوعای خێریان بۆ دەکەن شادی و خۆشی و پیت و بەرەکەتی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازن، بەڵام ئەگەر تەپوتۆزی ماڵەکانیان نەتەکێنن و خاوێنیان نەکەنەوە دەکەونە بەر تووکی ئەوانەوە.

لەم ڕۆژەدا پیاوان و ژنان خۆیان دەڕازێننەوە و شیرینی و میوە و ئاجیل و مەلیس و هەرچی لە خواردەمەنی پێویستە دابینی دەکەن و هێلکان دەکوڵێنن و بەرەنگی زەرد و سوور ڕەنگیان دەکەن. هەروەها لە یەك دوو ڕۆژی پێش نەورۆزدا شتومەکی ئاگربازی وەك تەقە، فیشەکەشێتە، نارنجۆك، و گۆزەو... دەکڕن.

### چۆنیەتی دیاریکردنی نەورۆز لە کۆندا

خەڵکی کوردستان لە کۆندا حیسابیان ڕادەگرت کە لە چ کاتێکدا بورج دەگۆڕێ، واتە لە بورجی ((حووت)) دەچێتە سەر کەلووی ((حەمەل))ەوە کە ئەوە ڕوویدا وەرزی بەهار دەست پێدەکا.

هەروەها جانەوەرێك هەیە پێی دەڵێن ((هەرلە)) لە شوێنی نمدار دا دەژی، ئەو گیانلەبەرە پێ زۆرن کە دەستی پێوە دەدەی خۆی گرد ئەکاتەوە و وەکو موورووی لێدێ، ئەم جانەوەرە لە غەیری ئەم شەو ڕۆژەی نەورۆزدا زۆرە، لە نەورۆزدا بە دوایدا دەگەڕێن زۆر بە دەگمەن دەست دەکەوێ، ئەم جانەوەرەیان بۆ ئەوە دەوێ کە لە کاتی گۆڕانی بورج دابیخەنە ناو مستیانەوە، چونکە باوەڕیان وایە بەم کارە ڕۆزی ئەو ساڵەیان زۆر دەبێ و ساڵێکی پڕ پیت و بەرەکەتیان دەبێ.

### کوڵە چوارشەمە

مامۆستا عەلادین سەجادی لە کتێبی کوردەواریدا دەڵێ: لە کوردەواریا ئاخر چوارشەمەی مانگی سەفەر پێی ئەڵێن ((کوڵە چوارشەمە)) یا ((چوارشەمە سووری)) لە بیرەوەریی خەڵکی کورددا مانگی سەفەر مانگێکی شوومە، تا بۆیان بکرێ کاروان و سەفەریشی تیا ناکەن.

کە کەوتە ڕۆژی ئەو چوارشەمەیە، هەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە زۆر بە پارێزەوە دەست ئەبەن بۆ هەموو شتێك و بە پارێزەوە ئەچن بە شوێن ئیش و کارا، تا بۆیان بکرێ خۆیان لە قسەکردن ئەپارێزن نەوەك تووشی کێشەوسەرئێشەبن.

لە هەندێ لە گوندەکانی کوردستان لە شەوی کوڵە چوارشەمەدا کچان گۆزەیەکی تازە دەبەنە سەر کانی و رووبارەکان و پڕی دەکەن و پاشان سێ جار بە سەریدا تێدەپەڕن، هەروەها نیتۆکیان دەکەن و لەگەڵ چەند تاڵ لە قژیان دەیخەنە ناو ئاوی رووبارەکەوە، ژنانیش چاویان دەڕێژن و کەمێك لە ئاوی گۆزەکە بۆ پیت و پێز دەخۆنەوە، هێندێ جاریش گۆزەکەیان لە ئاوی حەوت کانی پڕ دەکەن و دەم و چاوی پێ دەشۆن، ئینجا بەرەو ماڵ دەبنەوە.

بورهان ئەیازی لە کتێبی ئاوێنەی سنە (آئینە سنندج)دا لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی رێو رەسمی چوارشەمە سووری دەنووسێ: لەم رۆژەدا ژنان بۆ ئەوەی بە چاوەوە نەبن یا لەبەر چاوی مێردەکانیان شیرین بن یا بۆ گەیشتن بە خۆشەویستەکەیان لە ئاوی دەباخانە کەڵکیان وەردەگرت. ئەو دابەشیان بەم شێوەیە بەجێ دێنا:

لە دوایین چوارشەمەی ساڵدا زۆربەی هەرە زۆری ژنانی شاری سنە لە هەر پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتیدا بوایەن دەچوونە حەمام و جلوبەرگی تازەیان لەبەر دەکرد و خۆیان دەڕازاندەوە و لە کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ بەو لاوە لە هەموو گەڕەکەکانەوە روویان دەکردە دەباخانەی شارو بە پێ خواسی دەچوونە نێو حەوزەکانییەوەو نییەتیان دێناو هێندێك لەو ئاوەیان بەسەروچاوو جلو بەرگی خۆیاندا دەکرد. دەتگوت گوڵاو لە خۆ دەدەن. هێندێکیان وا خۆیان لە ئاوەکە هەڵدەکێشا دەتگوت لە ئاوی دەریایان داوە. زۆربەیان دەفرێکیشیان لەگەڵ خۆیان دێنا لە ئاوی دەباخانەیان دەبردەوە و بە چوار دەوری ژوورو حەوش و بەرەو شوێنی کاروکاسپییەکەیاندا دەکرد تا هەموو جۆرە نەهامەتی و کوێرەوەرییەك لە خۆیان و ماڵەکانیان دوورەکەنەوە و ساڵی نوێ بەخێرو خۆشی دەست پێبکەن.

هەروەها هەر لەو رۆژەدا تەواوی ژوورەکانیان قانگ دەدا وگەسکە کۆتەرەی ماڵەکەشیان دەسووتاند.

### هەڵکردنی ئاگری نەورۆز

ئێوارەی نەورۆز هەر ماڵێك لە سەربانی ماڵەکەی خۆی، داروپووش و شتومەکی ئاگربازی ئامادە دەکاو ئەو ئاجیل و شیرینییەی کە بە پێی توانای خۆی دابینی کردوە لەناو دەفرێکی گەورەدا دای دەچنن و لەگەڵ گۆزەیەك ئاوی رووندا لە لای دەرگای ژوورەکەیانەوە دای دەنێن.

کاتی بانگی شێوان دەچنە سەربان و ئەو داروپووشەی کە پێشتر ئامادەیان کردوە، ئاوری تێ بەردەدەن. ئەوجار بەو ئاگرە شتومەکی ئاگر بازییەکە دەتەقێنن، بەو جۆرە تا نیوەشەو دەیکەنە بەزم و شایی و هەڵپەڕکێ.

### بۆ لە نەورۆزدا ئاور دەکەنەوە؟

جگە لەو بۆچوونەی کە گۆیا ئاوری نەورۆز بە بۆنەی سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکدا دەکرێتەوە، خەڵکی کوردستان پێیان وایە روحی مردووان لە دوایین شەوی ساڵدا دەگەڕێنەوە نێو کەسوکاریان، ئەگەر چرا و کوانووی منداڵەکانیان رۆشن بێ، شاد دەبن و دەگەشێنەوە، بۆیە لەشەوی نەورۆزدا خەڵك لەسەر بانەکانیان ئاگر دەکەنەوە و هێندێ ماڵیش شیربرنج دروست دەکەن و بەسەر هەژاراندا دەیبەشنەوە، چونکە پێیان وایە کە رۆحی مردووەکانیان بە بۆنی ئەو شیربرینجە شادمان دەبێ.

### حەوت سین (حەوت شین)

لە هێندی لە ناوچەکانی کوردستاندا خوانی حەوت سین (حەوت شین) رادەخرێ و خواردەمەنی جۆراوجۆری وەك سرینچك (سنجوو)، ماس، سێو، هەنار، هێلکە و ئاوێنە دادەنێن و بە پێی هەندێ

سەرچاوە خەڵکی کوردستان لە گوندا (حەوت شین) یان لە سەر سفرە (خوان)ی نەورۆزی دادەنا کە نوێنگەی حەوت فریشتە (ئەمشا سپەند) بوون، وەك شیر، شەکەر و شیرینی و... شایانی باسە کە ئێستاش کوردانی ئێزیدی و ئەهلی هەق باوەڕیان بەو فریشتانە هەیە.

### شاڵ داخستن

هەروەك پێشتر باسمان کرد، هەر بنەماڵەیەك چەندی بۆی بلوێ لە هەموو چەشنە شیرینی، میوە و ئاجیلێك وەك ناوکە کوولەکە، ناوکە شامی، پستە، نۆکەقەنی، بادام، مێوژ، سنجوو، گوێز و باسوق لەناو دەفرێکدا ئامادە دەکەن و ئەوانەی کە بۆ جەژنە پیرۆزە یان نەورۆزانە روو لەو ماڵە دەکەن لەو ئاجیلەیان دەدرێتێ.

یەکێك لە دابەکانی وەرگرتنی نەورۆزانە شاڵ داخستنە، ئەویش بەمجۆرەیە کە لاوان لە کلاو رۆژنەی ماڵانەوە شاڵەکەیان دادەهێلێن ئەو رستانە بە تایبەت لە موکریاندا دووپات دەکەنەوە: هەلاوە و مەلاوە، کوڕتان ببێ بە زاوا، شتێکمان بۆ بخەنە ناو تاوا یان دەڵێن: هەتەرێ و مەتەرێ، شتێکمان بۆ بخەنە ناو چەپەرێ. خاوەن ماڵەکەش نەورۆزانە یان بۆ لە سەرێ لە شاڵەکەیان گرێ دەدا و ئەمانیش هەڵی دەکێشنەوە. ئەم دابە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا باوبووە.

### کۆسەی نەورۆزی

یەکێکی دیکە لە رێورەسمەکانی تایبەتی نەورۆز، دروستکردنی کۆسەی نەورۆزییە، بۆ دروستکردنی کۆسە، شوانی ئاوایی جلوبەرگێکی سەیر لە بەردەکاوریش و سمێڵێك لە لۆکە یا خوری بۆ خۆی سازدەکا یەکێك لە لاوانی ئاوایی دەکاتە کچ و جلوبەرگی ژنانەی لەبەردەکاو زنگۆڵەیەك بە لاقییەوە دەبەستێ، جا ئەوجار ماڵوماڵ دەگەڕێ و خەڵك دێنێتە پێکەنین و نەورۆزانە وەردەگرێ. هەروەها هێلکە شکانی و میرمیرێن و... ئەو یاریانەن کە لە سەروبەندی نەورۆز دا دەکرێن.

### سێزدەبەدەر

سەرما هەڵاتووە، کوێستانان خاڵخاڵ بوونەتەوە، کانیاوەکان تەقیون، دەشت و دەر رایەخی کەسکی راخستوە، گوڵان جامیان بە دەستەوە گرتوە و بولبولانیش سەرمەستن. بووکی سروشت خۆی رازاندۆتەوە، و چاو لەسەیری تێر نابێ، دوازدە رۆژ لە بەهار رابردوە، سێزدەبەدەر، کاتی شایی و گۆرانی چڕین و رەشبەڵەکە.

لە بەیانی رۆژی سێزدەبەدەردا، خەڵك بە تێکرا شتومەکی گەشت و سەیران لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن، و دەچنە نێو باوەشی سروشت و لە قەراخ چۆم و رووباران بەسەیر و سەفا رای دەبوێرن و خەم و ناخۆشی زستان بە بادەدەن و لە نێو گوڵ و گوڵزاردا بە هەموو جۆرێك شایی دەکەن. ئێوارە لە کاتی گەڕانەوەدا گەورە و چووکە سێزدە بەردان هەڵدەگرن و بە دوای خۆیاندا فڕێیان دەدەن، و لەگەڵ فڕێدانی هەر بەردێکدا یەکێك لەو رستانە دووپات دەکەنەوە و دەڵێن: ((سێزدەبەدەر بەدەربە)) یان دەڵێن: ((باوکم بەرەحمەت، دایکم بە بەهەشت)) سەر لە ئێوارەش بەرەبەرە، بەرەو ماڵ دەبنەوە.

### نەورۆز لە ئەدەبی کوردیدا

نەورۆز لەنێو فۆلکلۆر، ئەدەب و لە شیعری شاعیرانی کوردیدا بە شێوەی بەرین رەنگی داوەتەوە و زۆربەی شاعیرانی کوردیش بەم بۆنەیەوە بە سەدان پارچە شیعری جوان و پڕ نێوەرۆکیان هۆنیوەتەوە و جوانیی بەهارو سروشتی دڵڕفێنی کوردستانیان وەسف کردوە.

لێرەدا تەنیا دووپارچە شیعری بەهاری لە مەولەوی تاوەگۆزی و سەیدا ئەحمەدی دەهێنینەوە.

**وەهارەن، تەشریف خاڵ خاسان پەی هەرد**
**کەم کەم جوانیش ئاوەرد، پیریش بەرد**
**جەم جەم سۆسەنان جەتاق تەوق وەردان**
**سەردان نەهەردان پەرێ هامەردان**

وەرووی زاخان دا چنوور لوول وەردەن
پەی پای گیان تۆردام ئامادە کەردەن
بەرەزا بەو چین توغرای تا تاوە
شەماڵ مشانۆش یانی: وەی لاوە
نەرگس وە مەس مەس مدیۆ کین ئەوکەس
گۆشەی چاك دڵ وەرنەدۆجەدەس
مەعدوومی، غەفلەت تا چەند و پەی چی
گۆش دەروەناڵەی سەحەرێ‌ی نەیچی
دڵەوادەی صوبح نەو وەهارانەن
وەخت ئاگاهی‌ی دەردە دارانەن
هەرکەسێ دانش نەفامش نەبۆ
بینی‌ی عیرفانیش زوکامش نەبۆ
گوروفتی دەماخ نەدابۆ پەرداخ
پەی پەی بۆی ئازیز مەیۆش وەدەماخ
جەی بۆی گیان بەخشە بێ بەش مەمانە
ئەی صوبحە خاسە وە فرسەت زانە
تۆ دیای وەشۆن چەند صوبح نۆدا
کەو چەند صوبح بدیۆ وەشۆن تۆدا.
((مەولەوی))

حوران کرە مەسکەنێ خوە جەننەت
بێ پەردەو، بێ مەلال و میننەت
دوشیزە و دوختەر و روالان
پاکیزە عوژار و زلف و خالان
ئەتراب و کەوا عیبێ د عەزرا
موردان و مورا هیقێ د زیبا
ئەصحابێ قوباشێ لوگفێ روخسار
ئەربابێ مەتاعێ حوسنێ دیدار
وان لێك دەکرن مەتاعێ یەك عەرز
تەخمین دەکرن ب گول وەالعەرچ
سەودا گەرێ عێشق بون د بازار
هەم بایعێ حوسن و هەم خریدار
سەر سالی و باکیرو روالان
صەد سالی و جوان و پیرو کالان
سەرسال ل رەسم و راهێ مەعهود
گیرا ل جیە و مەقامێ مەحمود
((ئەحمەدی خانی))

دەورا فەلەکێ ژبەختێ فەیروز
دیسان کونوما ژنوڤە نەورۆز
مەبنی ل وێ عادەتێ موبارەك
شەهری یو سوپاهی‌یان بە جارمك
باژێر و کەلات و خانی بەردان
تەشبیەب نەژدییان و جەردان
صەف صەف د مەشینە کوهو دەشتان
رەف رەف دخوشینە سەیروگەشتان
ئە صنافێ ئومەم صیغار و کوببار
ڤەگعا ڤەنەما د شەهرێ دەییار
هندەك ب پەیایی چونە باغان
هندەك بە سواری چونەراغان
هندەك ب تەبایی و ب کەپرەت
هندەك بە هەڤالی و ب وەحدەت
رابونە ڤە خانم خەواتین
وان ژی، تژی گول کرن بە ساتین

سەرچاوەکان
١. گۆڤاری ((گزارش)) ژمارە ١١٠ و ١٠٩.
٢. گۆڤاری ئاوێنە ٣ و٢.
٣. آئینە سنندج/ برهان ایازی.
٤. کوردەواری/ عەلادین سەجادی.
٥. گۆڤاری ((آرش)).
٦. لغت نامە دهخدا بەرگی چواردەهەم.
٧. چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز.
٨. فرهنگ معین جلد چهارم.
٩. دیوانی مەولەویی تاوەگۆزێ.
١٠. مەم و زین ئەحمەدێ خانی.
١١. گوتاری ((خسرو باقرپور)) نوروز در گسترده تاریخ و علم. ئینترنیت.

فوئادی تاهیر سادق

# نەتەوایەتی نەک هۆزایەتی

NATIONALISM NOT TRIBALISM

**هۆزگەری کاروانگەیەکی دواکەوتووی پێش نەتەوایەتی‌یە**

**نیشتمان سەرجەمی ناوچەکانی نەتەوەیە**

**ناوچەگەری دواکەتنەو تەگەرەی نیشتمانپەروەری‌یە**

لە سەردەمی کۆندا، ژمارەی نیشتەنی‌یانی *INHABITANTS* هەرو لاتێك بەپێی ڕووبەرەکەیەوە زۆر کەم بووە. لە سەرەتادا کۆمەلانی مرۆڤایەتی هەر یەکەیان لە شوێن‌و دەڤەروو لاتی خۆیاندا، هۆبە هۆبە پەرش‌و بلاو ژیاون.. ژیانی کۆمەلایەتی ئەو سەردەمانە ساکار بووەو بە شێوەی کۆمەڵەیی ــ هەرەوەزی ( *communnism–cooperative* ) ژیاون.. دەروبەر هێمن‌و حەسانەوەو پالدانەوە زۆر.. کارو چالاکی بەرهەمهێنان کە بەشی زۆری ئاژەڵداری‌و کشتوکالی سەرەتایی بووە، شمەکی بەکارهێنان بای پێویستی خۆیان بووە. ئاستی ڕۆشنبیری نزم‌و تەسك بووە: بیری ئەفسانەو ئەندێشە، زمانی ساکار، زانیاری کەم‌و شێواوو تێکەڵو باوەڕو ئەفسانەو ئەندێشەی دواکەوتووو نادروست، داب‌و نەریت‌و بەهای کۆمەلایەتی‌و ڕەوشتی ساکار. دەسەلاتی سەرەك خێڵ‌و هۆزو دەرەبەگ‌و ئاخوند بووە.

لە ئەم سەردەمەدا ژیانی کۆمەلایەتی فراوان‌و ئالۆز بووە. پێکهاتن‌و دەزگاکانی کۆمەڵ کشاون‌و بەیەکداچوون‌و گۆڕاون.. باری ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و دەسەلاتی ڕامیاری‌و پێکهاتنەکانی ڕۆشنبیری پەرەیان سەندووەو پێشکەوتوون. زۆربەی کۆمەلانی مرۆڤایەتی لە ئابووری سروشتی‌یەوە کە کشتوکالی سەرەتایی ــ ئاژەڵداری‌یە، بۆ ئابووری بازرگانی ــ دارایی ــ ڕاژەکاری ـ پیشەسازی ـ کشتوکالی پێشکەوتووتر گواستیانەتەوە.. لە هۆزگەری ـ ئابووریی سروشتی بۆ نەتەوایەتی ــ شارستانێتی ــ ئابووری پێشکەوتوو.. لە ڕۆشنبیری‌یەکی سەرەتایی دواکەوتوو بۆ ڕۆشنبیری‌یەکی دەوڵەمەندی ئاست بەرز.. لە دروستکاری ساکار بە ئامرازو دارو گڵ‌و کەرەستەی سەرەتایی بۆ ئاوەدانکردنەوە بە

نەخشەو پسپۆڕی ئەندازیاریو ئامێرو بگێڕی کانزاییو تێکنۆلۆجیاو کەرەستەی دروستکراوی پێشکەوتوو.

چەند هۆکارێك کۆمەلانی مرۆڤایەتی پێکهێناوە.. جیاوازی جۆرو ئاستی ئەو هۆکارانە، جیاوازی دەروبەری سروشتیو کۆمەلایەتی، کۆمەڵی جیاوازی پێکهێناوە. بێگومان هۆکار هەیە سەرەکییەو هەشە لاوەکییە. بارو چۆنێتی دەروبەری نەتەوانو نیشتمانیان لە ڕووی شوێنو ئاوو بادو گەرمیو ساردیو ساماندارى سەرچاوە سروشتییەکان،و ەك یەك نین.. بێجگە لە ئەوانەشەوە، نەتەوان هەموویانو ەك یەك تووشی داگیرکردنو شالاوی دوژمنو دراوسێی دڕو خراپ نەبوون..و ەك یەك لە لایەن بیانییەوە بەربەرەکانی نەکراونو کۆتو تەگەرەی پێشکەوتنیان بۆ دروست نەکراوەو دابەش نەکراون! !

کۆمەلانی مرۆڤایەتی بەتایبەتی لە سەردەمی نوێدا لەیەك کاروانگەی پێکهاتنی کۆمەلایەتی ـ ئابووری تین.. هەن سەدان ساڵ پێش کۆمەلانی دیکە کەوتوون. هۆکارەکانی دەروبەری سروشتیو شوێنو بڕشتی زەوییەکەیو جۆرو هەندی ئاژەڵو کانزاو زێیو دەریا بۆ پەرەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵ کاریگەرن.. هەروەها باری ئابووری، هەندو جۆری بەرهەمهێنانو چالاکی گۆڕینەوەی شمەكو بەهاو ڕاژەکان، دابەشبوونو بەکارهێنانیان، هۆکارێکی بنچینەیی پێکهێنانی کۆمەڵو دامەزرانی شارستانێتییە.. بێجگە لە ئەوانەش جۆرو ئاستی پێکهاتنی کۆمەلایەتیو ئاستی ڕۆشنبیریو باری دەسەلاتی رامیاری بەشدارییەکی گەورەی ئەو کردەیە دەکەن.

پێکهاتنی کۆمەلایەتی نەتەوەی کورد لە ئەم سەردەمەدا بە ئەم شێوەیە: سەرجەم کۆمەڵێکی شارستانی پوخت نییە، بەڵکو کۆمەڵێکی شارستانی ـ هۆزگەرییە، چونکە هەرچەندە زۆر لە هۆزەکانی لە بۆتەی نەتەوایەتیو شارستانێتی تواونەتەوە، بەلام بەشێکیو ەك هۆز ماونەتەوەو بەهۆی پێشکەوتنو پەرەسەندنی باری ئابووری ــ کۆمەلایەتی ــ ڕامیاری ــ ڕۆشنبیری ئەوانیش بیانەوێتو نەیانەوێتو ەك ڕووداوێکی هەربوونی مێژوویی بەرەو هەڵوەشان دەڕۆن. ژمارەی ئەو هۆزانەی کە لە باشووری کوردستان ماون بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.. پتەویو هاوبەندی جارانیان نەماونو و ردەو ردە تێکەڵی ژیانی شارستانی دەبنو تەزووی نەتەوایەتیو بۆتەی نەتەوە دەیان توێنێتەوە.

سەرەك هۆزو دەرەبەگی کورد کە سەدان ساڵ چینی دەسەلاتدار بوون لە کوردستاندا، زۆربەیان نەخوێندەوارو دواکەوتوو بوون.. نەك هەر نەیان زانیوەو نەیان توانیوە ڕاژەی نەتەوەی خۆیان بکەنو کوردستانی نیشتمانیان پێش بخەن، بەڵکوو ەك پێویستو شایستەی ژیانی شارستانیو پێشکەوتوو ڕاژەی خۆشیان پێ نەکراوە.. تەنانەت هەندێکیان لەبەر گەمژەییو ساویلکەییو نەزانی، نۆکەرو داردەستی داگیرکەرانی کوردستان بوونو و ەرزێرو جووتیاری کوردیان چەوساندۆتەوەو کردوویاننەتە سووتەمەنی شەڕەکانی داگیرکەرانی کوردستان. لە لایەکی دیکەوە ناکۆکیو شەڕەکانی نێو خۆیان باری کوردی دواکەوتووترو ئاڵۆزترو گرانتر دەکرد.

شارو شارستانێتی، نەتەوەو نەتەوایەتی تا دامەزراونو پێکهاتوونو پێگەیشتوونو گەشاونەتەوە بە چەندین سەردەمو کاروانگەدا تێپەڕیون.. لە هۆبە هۆبەوە بۆ خێڵ پێکەوەنانو هۆز پێکهێنان.. لە کۆچەرییەوە بۆ نیمچە کۆچەریو نیشتەجێ بوونی گوند..و ردەو ردە گوند بووەتە گوندی گەورەو پاشدان هەندێ گوندی گەورە بەهۆی شوێنو فراوان بوونی بازاڕو و پتربوونی پیشەو کارو گوزەران بوونەتە شارچە.. هەندێ شارچەش بەهۆی هۆکارەکانی ئابووریو کۆمەلایەتیو ڕامیاریو ڕۆشنبیری بوونەتە شار. بە دروست بوونی شار، پێویستیو ڕاژەو دامەزرە شارستانییەکان دابین کراونو سازدراونو دامەزرێنراون. بە ئەو شێوەیە لایەنەکانی ڕێبەریو یاسادانانو داد

دەستەبەر کراون و لایەن و مەرجەکانی شارستانێتی پێکهێنراون.

کاروانگەی شارستانێتی و نەتەوایەتی، کاروانگەیەکی پێشکەوتووی پەرەسەندنی کۆمەڵانی مرۆڤایەتییە.. هەرچی هۆزگەرییە، کاروانگەیەکی دواکەوتووی پێش نەتەوایەتی و شارستانێتییە. لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا، لە ئەم سەردەمە هاووڵاتی ئەوتۆمان هەیە بەهۆی نەزانی و بێئاگایی بێت دەربارەی ڕەوەن و کاروانی چۆنێتی پێشکەوتنی نەتەوە و پێکهاتنەکەی یان نا، شانازی بە ئەوە دەکەن کە هۆزگەرن و ڕۆڵەی هۆزێکن!.. لێرەدا حەز دەکەم ئەوانەی کە تەگەرە و کۆتن لە ڕێی گەیشتنی کۆمەڵێك بە ئاست و ڕادەی پێشکەوتنی هاوچەرخ، گەیشتنی بە شارستانێتی و نەتەوایەتی بیان خەمە ڕوو کە ئەمانەن: هۆزگەری، ناوچەگەری، تیرەگەری، بازرگانی کردن بە ئاین.. ئەمانە و سەرباری نەخوێندەواری و نەخۆشی و هەژاری و تەمەڵی و گەندەڵی هەموویان هۆکاری دواکەوتنن.

ئاشکرایە کە هۆزگەری لەچاو شارستانێتی و نەتەوایەتی، هەروەك تمان، کاروانگەیەکی دواکەوتووە.. هۆزگەری لە ژیانی هۆبە هۆبەوە ـ خێڵ ـ هۆزەوە، لە ژیانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی سەرەتایی،و اتا ئابووری سروشتی، پێکهاتووە و گەشاوەتەوە. هۆز و هۆزگەری، پێش ژیانی شارستانی ـ ڕۆشنبیری ـ ڕاژەکاری پێکهاتوون.. پێش گەشانەوەی باری ئابووری و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییە.

هەرچی شارو شارگەری و ناوچەو ناوچەگەرییە، کاروانگەیەکی دواکەوتووی پێش نیشتمان و نیشتمانپەروەرین.. لە هەمان کاتدا کاروانگەیەکی دواکەوتووی پێش نەتەوە و نەتەوایەتییە. ئەوها بووە کە لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك هەموو مەرجەکانی نەتەوەو بوون بە دەوڵەتی هەیە، هاووڵاتی ئەوتۆی بووە بەهۆی بەرژەوەندخوازی و بیرتەسکی و ئاسۆتەنگییەکەیەوە شارگەری یان ناوچەگەری کردووە نەك نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی. بە ئەم هەڵوێستە لاوازەو کەسێتییە بچووکە، خاوەنەکەی پێ بزانێت و پێی نەزانێت زیان بە نیشتمان و نەتەوەکەی خۆی دەگەیەنێت. ئەم جیاوازی کردنە، جیاوازی کردن لە نێو شارو ناوچەکانی کوردستان ڕاژەی مەرامە گڵاوەکانی داگیرکەران دەکات و دارخستنە بەر پێچکەی ڕەوەنی پێشکەوتنی نەتەوەکەمانە و ڕێگرتنە لە گەیشتنی بە ئاواتەکانی لە ڕزگاری و یەکخستنەوە و کامەرانی. ئێمەی کورد بۆمان هەیە تەنیا جیاوازی لە نێو هاووڵاتییانی شارو ناوچەکانمان بکەین لە ڕووی ئەوەی کامیان دڵسۆزەو کامیان نادڵسۆزە بۆ وڵاتەکەی، کامیان ڕەنج و بەخت کردنی بۆ نەتەوەکەی هەیەو کامیان نییەتی، کامیان پێشکەوتووەو سوودی بۆ نیشتمانەکەی خۆی هەیەو کامیان ئەوها نییە، چ ناوچەیەکی بەرهەم هێن و دروستکارو بەکەڵکە چ ناوچەیەکی لەکارهێنی ڕووت و بێسوودو بێ ئاوەدانکارییە.

لە لایەکی دیکەوە تیرەگەری، هەرچەندە لە نێو ڕۆڵانی نەتەوەی کورد کەمە، تەسکی بیروباوەڕ دەگەیەنێت و تەگەرەی یەکبوونی ڕۆڵانی نەتەوەی کوردە لە ڕووی بیروباوەڕی نەتەوەیی و یەکخستن و ڕێکخستنی ڕیزەکانییەوە.. جۆرە دابڕاندنێکی هاووڵاتییانە لە یەکدی بەهۆی جیاوازی ئاکارو بیرو بیرکردنەوەیان کە بە خراپ کار دەکاتە ڕەوەنی کاروانگەی شارستانێتی و نەتەوایەتییەکەی.. نەتەوەیەك ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیارییەکەی بەرز بێت، هەندێ جیاوازی باوەڕ کار لە یەکێتییەکەی ناکات و نابێتە تەگەرەی یەکخستن و یەکبوونی. لە نێو کورددا لە ڕووی باوەڕەوە موسڵمان و مەسیحی و یەزدانی هەن.. موسڵمانەکانی سوننی و شیعەیان هەن. هەرچەندە ئێمەی کورد، بەتایبەتی خوێندەوارەکانمان، بایەخ بە ئەم جیاوازییە نادەین و جیاوازی لە نێو هاووڵاتییانمان ناکەین، لە ئەو ناوچانەی کوردستان کە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی نەتەوایەتی بەرز نەبن بە خراپ کاری کردۆتە ڕەوەنی بزاڤی ڕزگاری سەرجەمی کوردستان.. بۆ نموونە ئەم دیاردە ناپەسەندە، کەم و

زۆر، لە خۆرهەڵاتو ناوچەی دەرسیمی باکووری کوردستان کاری کردۆتە سەر هاووڵاتی ساویلکەو ناهۆشیارو لە ئەنجامیدا کاری کردۆتە سەر یەکگرتنو یەکبوونی سەرجەمی کورد لەو دەڤەرانە.. هەر بۆیەشە دەبینین کە کوردایەتی (نەتەوایەتی)و وەك پێویست لە ناوچەکانی کوردستانو وەك یەك پەرەیان نەسەندووەو نەگەشاوەتەوە. ئەو ناوچانەی کە زۆری هاووڵاتییەکانی شیعەن، شیعێتییان (تیرەگەرییان) بەسەر کوردایەتییان زاڵە کە ئەمە بەخۆی تەگەرەی نەتەوایەتییە. چەند ئاستی ڕۆشنبیریی نەتەوەیەك بەرز بێتو هۆشیاریی نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتیو ڕامیارییەکەی پێش بکەونو بگەشێنەوە، ئەوەندە کاریگەری جیاوازی باوەڕ کەمو تەسك دەبێتەوە.

ئاشکرایە کە خواناسی بێ ئەفسانەو سەرباری دروستکراوو بێجێ.. خواناسی بە ڕەوشتی بەرزو ڕەفتاری چاك.. خواناسی بە نیشتمانپەروەریو نەتەوەپەروەریو خۆشویستنی نەتەوەی خۆ.. خواناسی بە ڕێزگرتنی خۆو باوەڕ بە خۆو نەتەوەی خۆکردن بێ هەست بەکەمی کردن بەرامبەر بە بیانی.. خواناسی بێ نۆکەریو پاشکۆخوازیو خۆ بە کەمزانی، دیاردەو ڕەوشێکی دروستو چاکەو سوود بە ژیانی نەتەوەو ئایندەکەی دەگەیەنێت.. بەڵام بازرگانی کردن بە ئاینو خۆبەستنەوە بە بیانیو لە ژێر پەردەی ئاینەوە، بوون بە داردەستی بیانیو لەتکردنو پەرت کردنی ڕیزەکانی نەتەوە نەك هەر تەگەرەی شارستانێتیو نەتەوایەتییە، بەڵکو زیانی گەورە بە نەتەوەو نەتەوایەتیو پێشکەوتنیان دەگەیەنێتو بەرەو دواوەیان دەبات.. بازرگانی کردن بە ئاین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی — باوەڕی دواکەوتووی توێژێکی ناڕۆشنبیری تەمبەڵو تەڵەکەبازو مشەخۆرو درۆزنی کۆمەڵەو زیان بە ڕەوەنی شارستانێتیو نەتەوایەتیو نیشتمانو نەتەوە دەگەیەنن.

لە ئەم دواییانەدا ئەوەی لە ئەم بەشە ئازادەی باشووری کوردستان ڕەچاو دەکرێن، دوو ئاکارو دروشمو جووڵە هاتوونەتە کایەوە: یەکیان یەکێتیو کارکردنی ئافرەتان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیانو پاراستنیان.. بە شوودانیان راو ئارەزووی خۆیانی تێدا بێت.. یەکسانی بوونیان لە مافو ئەرکدا.. ستەم لێنەکردنیان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە.. نەکوشتنیان لەسەر نامەردی بەڵکو لەجیاتی ئەو تاوانە هاوسەر بۆی هەیە دەستبەرداری بێت.. نەهێشتنی ژن بە ژنو کچ بە شوودان پێش تەمەنی پشکوتن.. هاوسەری هاوتا بێتو هاوچەشنی ئەمانە.

هەرچی دووەم ئاکارە: هاندانی بازرگانانی ئاینو بوژاندنەوەی هۆزگەرییەو کارێکی دواکەوتووەو پێچەوانەی شارستانێتیو کوردایەتییە! لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمانو بزاڤی رزگاریخوازییەکەی نییە. ناو بە ناو لە ئەم بەشە ئازادەی باشووری کوردستان لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن گوێمان لێ دەبێت کە کاربەدەستێك پێشوازی هەندێ لادێی دەکات، بە ناوی ((خزمانی ئەم هۆزو ئەو هۆز ناویان دەبەن!!)) لە کاتێکدا کە ئەو هۆزانە،و ەك گۆیا هۆزی جافو هەمەوەندو کۆیو کێی دیکە، دەمێکە لە بۆتەی نەتەوایەتیو شارستانێتی تواونەتەوە! ئاکاری یەکەم بایەخدانە بە یەکسانی پیاوو ئافرەت لەمافو ئەرکدا گاڤێکی چاكو پیرۆزە.. گاڤی دووەم کارێکی بێ جێیەو چاولێکەرییەکی خراپو دواکەوتووە!

زۆربەی گەلانی سەرەتایی بە توندی مل کەچی هۆزەکانی خۆیانن نەك هی نەتەوەکەیان.. لە سەدەکانی پێش زاییندا، دانیشتووانی شاری ئەثینس (ئەثینا)و سپارتا مل کەچو دڵسۆزی دەسەڵاتی شارەکانیان بوون. لەو وڵاتی دیکەو لە ئەو ڕۆژگارانەدا، نیشتەنییان ملکەچی شاو میرەکانیان بوون.. بۆ نموونە ڕۆمانەکان بۆ کیسرایەکانیان.. فەرەنساییەکان لە سەدەی شانزدەمدا ملکەچی شا شارلی پێنجەم (١٣٦٤ ــ ١٣٨٠) بوون.

لە ڕاستیدا پێش سەدەی هەژدەم هەستی نەتەوایەتی زەقو جیا دەرنەکەوتو باو نەبوو..

کەسان پێش ئەو سەدەیە جۆرەها ملکەچی‌یان بووە کە بەیەکداچووو تێکەڵ بوون : ملکەچی ئاین‌و دەرەبەگو کەنیسە بوون. کەمینەیەکی زۆر کەمی ئەوروپایی‌یەکان، بەتایبەتی ئەڵمان‌و فەرەنسی‌و ئینگلیز، نەتەوەو نەتەوایەتی‌یان دەزانی‌و ملکەچی بوون. کەسێکی‌و ەك ((جان دارك)) (١٤١٢ ــ ١٤٣١) کە ئافرەتێکی قارەمانی ئاخوندی مەسیحی بوو، شاپەروەرێکی نانەتەوەیی بوو بۆ ماوەیەکی زۆر هێمایەکی پیرۆزی فەرەنسا بوو. ئەوەی راستی بێت ، نیشتمانپەروەر یان نەتەوەیی تەواو پاش سەدەی هەژدەم دەرکەوت. ((جان دارك)) بۆ گەڕاندنەوەی شا شارلی حەوتەم (١٤٢٢ ــ ١٤٦١) بۆ سەرتەخت ڕەنجی دەدا، نەك بۆ نەتەوەو نەتەوایەتی.

نەتەوە پێکهاتنێکی کۆمەڵایەتی ــ جۆگرافی ــ مێژوویی ــ ڕۆشنبیری ــ دەروونی‌یە.. ڕەگو توخمەکانی بە زاوزێ‌و خێڵ‌و هۆز، بە خوێن‌و سروشتە (*INSTINCT*) دەستی پێکردووە.. لە ئەنجامی پەرەسەندن‌و پێشکەوتنی باری ئابووری ــ کۆمەڵایەتی ــ ڕۆشنبیری ، بە پێشکەوتنی شارستانێتی پێکهاتووەو گەشاوەتەوە. نەتەوە لە ئەنجامی تێکۆشان لەپێناو مان‌و سەروەری‌و لات پەرەی سەندووەو پێگەیشتووە. نەتەوایەتی پێویستی‌یەکی گشتگری کۆمەڵ‌و ژیانی کۆمەڵایەتی‌یە.. هاونیشتمانی‌و هاوبەرژەوەندو هاوڕۆشنبیری‌و هاودەروونی ڕۆڵانی، نەتەوە یەك دەخەن‌و نەتەوایەتی‌یەکەیان پێك دەهێنن‌و لە ئەوانەی نەتەوانی دیکەیان جیا دەکاتەوە.

نەتەوایەتی دڵسۆزی‌و ملکەچی‌و هاوبەندی‌و پابەندی‌یە بە سەرجەمی نەتەوە، نەك بە توێژێکی یان بە چینێکی یاخود بەشێکی‌و ەك هۆز یان دانیشتووانی ناوچەیەکی نیشتمان.. بەڵکو هاوبەندی‌یە بە گشت نیشتمان! نەتەوایەتی خۆشویستن‌و پابەندی‌یە بە نیشتمانی هاوبەش ، بەرژەوەندو گوزەران‌و ژیانی هاوبەش ، ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی هاوبەش کە زمان گرنگترین توخمیتی ، پێکهاتنی دەروونی هاوبەش کە ڕەفتارو کردە ژیری‌یەکانی هاوولاتی‌یان دەگرێتەوە.. نەتەوایەتی‌و یستەو ئارەزووی سەربەخۆیی نەتەوەو نیشتمانەو سەروەری‌و دەسەلاتو پایەی دەگەیەنێت. نەتەوەو نەتەوایەتی بەری کەڵەکەبوون‌و پەرەسەندن‌و پتەوبوونی توخمەکانی پێکهێنانی نەتەوەیە کە کردەیەکی پەرەسەندن‌و پێگەیشتنی کۆمەلایەتی ــ مێژوویی‌یەو هەزاران ساڵی خایاندووە.

راپەڕینە (*RENAISSANCE*) مەزنەکەی سەدەی شانزدەمی ئەوروپا کە سەرەتاکەی لە ئیتالیاوە دەستی پێکرد، ڕۆشنبیرانی بەگشتی‌و بیرمەندەکانی بەتایبەتی بەشداری‌یەکی چاکیان لە ڕەوەنی پەرەسەندن‌و پێشکەوتنی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی لە هەموو رووێکەوە کردو گاڤی گەورەی بەدواوە هات. کێشوەری ئەوروپا لە سەردەمی نوێدا، هەروەك لە زۆر مەیداندا ڕابەر بووە، هەروەها لە رووی پێکهاتنی نەتەوەو گەشانەوەی نەتەوایەتی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە پێش بووە.. لەو لاتێکی‌و ەك ئیتالیا خۆشویستنی ((دانتی)) هۆنەر (١٢٦٥ ــ ١٣٢١) بۆ ئیتالیای نیشتمانی ناوبانگی هەیە.. هەڵبەستەکانی پترارك (١٣٠٤ ــ ١٣٧٤) دەربارەی ئیتالیا خۆشەویستی‌یەکەی بۆ نیشتمان دەردەخات کە دەڵێت:

ئەی ئەمە (واتا ئیتالیا) لانەی من نی‌یە ؟
خۆراکی لێ‌و ەردەگرم‌و ژیانم دەداتێ
ئەی ئەمە زەوی‌یە خۆشەویستەکەی من نی‌یە
کە تیایدا دایك‌و باوك‌و خوشك‌و برامی
لە خۆ گرتوون ! *[1]

لە سەرەتای سەدەی چوارەمدا "ڕۆبەرت گلۆستەر" دەربارەی ئینگلتەڕای‌و لاتی دەڵێت: ((ولاتێکە دڵخۆش دەکاتو چاکترین‌و لاتانی جیهانە)). لە کۆتایی سەدە ناوەندی‌یەکاندا شا ((هێنری حەوتەم))ی ئینگلیز (١٤٨٥ ــ ١٥٠٩)) دەسەلاتی ناوەندی بەهێز کردو دامەزرەو یاسای نەتەوەیی دانا. لە ئیسپانیا "جوان دی ماریانا" (١٥٣٦ ــ ١٦٢٤) بۆ یەکەم جار مێژووی ئسپانیای بە زمانی لاتینی دانا. لە کۆتایی سەدەی شانزدەمدا

مالومێکی جوو بەناوی "لادی بن بەزالیل"، دووسەد ساڵێك پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٧٨٩ی فەرەنسا، دەربارەی چەمکی هاوچەرخی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" نووسیویەتی‌و دەڵێت: "هەموو گەلێك سروشت‌و تایبەتەو قاڵب‌و شێوەی خۆی هەیە.. هەر گەلە هێزی تایبەتی خۆی هەیەو دەبێت ملکەچی گەلێکی دیکە نەبێت.. دەرووبەری سروشتی خۆی‌و مافی ژیانی تێیدا هەیە.. دەبێت بەپێی بۆچوونی مافی هەڵبژاردنی خوای خۆی بێت."*[٢]

لە ئینگلتەرا شۆڕشی "کرۆمویل ئۆلیڤەر" (١٥٩٩ ـــ ١٦٥٨) لە داستانەکەیدا دەربارەی "گەلی هەڵبژاردە" هەندێ تۆخمی تێدایە کە مۆرکی نەتەوەیی‌یان هەیە. و شەی "نیشتمانپەروەر" دەستی کردە دەرکەوتن کە مەبەست "ئەو کەسەیە نیشتمانی خۆی خۆش بوێت‌و خۆی بۆ تەرخان بکات".. بەو اتایەکی دیکە ڕازەی بەرژەوەندی گشتی بکات.

((فیختە))ی بیرمەندی نەتەوەیی ئەڵمان (١٧٦٢ ـ ١٨١٤) لە ئاخاوتنەکانی بۆ نەتەوەکەی لە ساڵی ١٨٠٧داو توویەتی: ((هاوولاتی لە سەربەخۆیی نەتەوەکەیەوە نەمری خۆی دەبینێت))*[٣]

یۆنانی‌یەکان لە ساڵی ١٨٠٠دا ((کۆمەڵی دۆستانی یۆنان))یان بۆ دەرکردنی تورکەکان پێکهێنا.. هەر ئەندامێکی ئەم کۆمەڵە ئەم سوێندەیان دەخوارد: ((قینێکی توند دژی ئەوانەی ستەمیان لەو لاتەکەم کردووە دەیخەمە دەروونم.. هەموو ڕێبازێك دەگرم زیانیان لێ بدەم.. سوێند بە ئەو ئازادی‌یەی کە ڕۆڵانی نەتەوەکەم لە ئایندەدا بەدەستی دەهێنن خۆم بۆو لاتەکەم بەخت بکەم.. لەمەو دوا بیرکردنەوەم لای نیشتمانەکەم دەبێت.. بەختیاری نەتەوەکەم پاداشتی ڕەنجەکانمە"*[٤] سروودی "گاریبالدی" هەمان بۆچوونی هەیە کە سکاڵاکردنە لە ستەم‌و ئازادیخوازەو دەڵێت: "مێژوو ڕیسوای کردووین، چونکە بەسەر خۆمان دابەش بووین. با لەسەر هیوای هاوبەشمان یەك بگرین".*[٥]

بەهۆی ئەوەی کە زمان مەرجێکی بوونی نەتەوەیەو بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی‌یەو یەك لە لایەنە سەرەکی‌یەکانی جیاکردنەوەی نەتەوانە لە یەکدی‌و بەهۆیەوە ڕۆشنبیری‌و هۆشیاری بڵاو دەکرێتەوە، ئەوروپایی‌یەکان لە سەردەمی زووتر بایەخیان بە زمانی نەتەوایەتی‌و پێشخستنی داوە. لە ساڵی ١٤٥٠دا خوێندن بە زمانی ئینگلیزی لەجێی زمانی لاتینی‌و فەرەنسی لە ئینگلتەرا دەستی پێکرد.*[٦] لە ساڵی ١٥٣٩دا لە فەرەنسا بڕیار درا کە زمانی فەرەنسی لە جێی زمانی لاتینی بکرێتە زمانی‌و لاتەکە.*[٧]

شا "هێنری چوارەم"ی فەرەنسا (١٥٨٩ ـــ ١٦١٠) تۆخمی نەتەوەیی‌و مژدەو نیشانەی پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە یەك لە ئاخاوتنەکانی بۆ نوێنەرانی ناوچەکانی دەوڵەتەکەی دەردەکەوێت کەو توویەتی: ((شتێکی بەجێیە کە ئێوە هاوولاتی شای فەرەنسان چونکە بە فەرەنسی دەدوێن.. من لەگەڵ ئەوەم کە زمانی ئسپانی بۆ ئسپانی‌یەکان بێت‌و زمانی ئەڵمانی بۆ ئەڵمانەکان.. هەرچی دانیشتووانی ئەو ناوچانەن کە بە فەرەنسی دەدوێن دەبێت بۆ من بێت!"*[٨]

لە ماوەی سەدەی شانزدەم‌و حەڤدەمدا زمانە نەتەوایەتی‌یەکانی ئەوروپا بەکار دەهێنران‌و زمانی لاتینی تەنیا لە کەنیسە مایەوە. زمانی فەرەنسی لە سەدەی هەڤدەمدا لە زمانی ئینگلیزی ڕوونتر و چەسپاوتر بوو بەهۆی نووسینەکانی "کۆرین" (١٦٠٦ ـ ١٦٨٤)، "لافۆنتین" (١٦٢١ ـ ١٦٩٥)، "مۆلێیر" (١٦٢٢ ـــ ١٦٧٣)، "ڕاسین" (١٦٣٩ ـ ١٦٩٩)و هتد. لە ساڵی ١٦٩٤دا ئەکادیمیای فەرەنسا یەکەم فەرهەنگی زمانی فەرەنسی دانا کە ئەمە نیشانەیەکی پێگەیشتنی هەستی نەتەوایەتی بوو.*[٩] "ڤۆلتێر" (١٦٩٤ ـ ١٧٧٨)و توویەتی: "لە سەردەمی لویسی چوارەمدا (١٦٣٨ ـ ١٧١٥) ڕەوانبێژی زمانی فەرەنسی گەشایەوەو ستوونەکانی زمان چەسپان".*[١٠]

ئینگلیز درەنگتر لە فەرەنسی‌یەکان دەستیان دایە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە نووسیندا.. شێوەزمانی (*DIALECT*) هەرێمی ناوەندی خۆرهەلات کە ناوچەی ئۆکسفۆردو کەمبریجو لەندەن دەگرێتەوە، بوو بە زمانی یەکگرتووی ئینگلیز.. فەرەنسیو لاتینیو ردەو ردە ئاوا بوون. لە ساڵی ١٣٨٨دا بۆ یەکەم جار "ویکلف" لەگەڵ کەسانی دیکە، مێژووی سەردەمی کۆنیو وەرگێرایە زمانی ئینگلیزی. لە ئەو ماوەیەشدا دەستکرا بە خوێندن بە زمانی ئینگلیزیو دەست لە فەرەنسی هەڵگیرا.*[١١]

ئەوها بووە کەمینەیەك بایەخی زمانی نەتەوەییو کارتێکردنی لە هۆشیاریی نەتەوەییو یەکبوونی نەتەوەی زانیوە. زمانی هاوبەش هاوبەندێکی بەتینی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەیە.

پەیداکردنی هۆشیاریی نەتەوایەتی بەهۆی بڵاوبوونەوەی رۆشنبیریو پێشکەوتنی شارستانێتی بوو.. مرۆڤ بە سروشت کە لە دایك دەبێت نەتەوەیی نی‌یە،و ئەوا هۆشیاری رەچەڵەکی نی‌یە، بەڵکو پەیداکراوە.. هۆشیاری بەگشتیو هۆشیاریی نەتەوایەتی بەهۆی باری ئابووریو کۆمەڵایەتیو رامیاریو رۆشنبیری پەیدا دەکرێت. نەتەوەو نەتەوایەتی بوونەتە شێوەی باوی رێکخستنی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی نوێدا، چونکە رۆشنبیری بە دامەزرەکانی‌یەوە ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی لە ژیانی خێزانو هۆز زۆر بەرزترو گەورەتر کردووە.

دەسپێکی ئایندەی ئەو سەردەمە لە نووسینەکانی سەدەی هەژدەمدا دەرکەوت.. نامەو سکاڵایەکانی فەرەنسایی‌یەکان لە ساڵانی ١٧٨٨ــ ١٧٨٩ ئەوەی دەردەبری.. نووسینەکانی ((جان جاك رۆسۆ)) (١٧١٥ ــ ١٧٧٨) نموونەی ئەو نووسینانە بوون. هەستی نەتەوایەتی لە نێو گەلانی ئەوروپا بڵاوبۆوە کە پەلەی لە رووداوەکانی شۆرشی فەرەنسیو سەردەمی ناپلیۆن کرد. بزاڤی رۆشنبیریی نەتەوایەتیو راپەرینەکانی، گۆرانی گرنگی لە بواری بیردا هێنایە کایەوە، لەوان:

١) پتر بوونی هۆشیاریو وەك پێویستی‌یەك بۆ یەکبوونی نەتەوە

٢) هەڵوەشانی دەرەبەگایەتیو کزبوونی ناوچەگەریو هۆزگەری

٣) باوەرهێنان بە یەکسانی هاووڵاتی‌یان لە مافو ئەرکدا

٤) باوەرهێنان بە پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی

٥) دانەوەی زمانو کەلەپوور لە رۆشنبیریی نەتەوایەتیدا

پەرەسەندنو پێشکەوتنی باری ئابووری ــــ کۆمەڵایەتیو پێگەیشتنی سەرمایەداری تەوقی دەرەبەگایەتیو چێوە تەسکە ناوچەیی‌کەیو هۆزگەری شکاندو بیرو ئاسۆی مرۆڤی کشاند تا ئەوهای لێهات سەرجەمی نەتەوەو هەموو لایەنەکانی نیشتمانی گرتەوە. هەروەك ئاشکرایە سروشتی سەرمایەداری بە شێوەیەکە کە پێویستی بە ئازادی کارو بەرهەمهێنانە، پێویستی بە گشت بازارەکانی نیشتمانو بازاری دەرەوەشە!.. لە چێوەی دەرەبەگایەتی‌یەك یان ناوچەیەکی بچووکی هۆزێك نامێنێتەوە. سەرمایەداری ئازادی بیروباوەرو بڵاوبوونەوەی رۆشنبیریو پەیداکردنی جۆرەها پسپۆری لە بوارەکانی شارستانێتی دەوێت..ئازادی گەشتو گوزارو کرینو فرۆشتنو پێوەندیو راگەیاندنی دەوێت.. پێویستی‌یەکانی بازرگانی (*COMMERCE*) بازارکاری (*TRADE*) ناوخۆو دەرەوە، راژەو شێوازی ئاخنینی (*WAREHOUSE*) گەورە، گواستنەوەو سیگۆرتە (*INSURANCE*)و بانککاری (*BANKING*) دەوێت. سەرمایەداری ناشێتو ناکرێت بۆ دەرەبەگایەتی‌یەك یان ناوچەیەکی بچووکی هۆزێك بمێنێتەوە. بەرژەوەندی دەسەڵاتی رامیاریو هاووڵاتی‌یان لە پێرۆی سەرمایەداریدا جیاواز لە پێرۆی دەرەبەگایەتیو هۆزگەری، گشتگریو

سەرجەمی ڕەنج و هاریکاری و هاوکاری و هاوڵاتییانی دەوێت.. سەرجەمی کارو بەرهەم هێنان و بازاڕو سەرچاوە سروشتییەکان و ڕاژەکانی و ڵاتی دەوێت.

سەرمایەداری لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنی دەرەبەگایەتی و هۆزگەرییە.. هەروەها سەرمایەداری بوو بە هۆی نەهێشتنی زاڵی پەرستگەو پیاوانی ئاین بەسەر کاروباری دەسەڵاتی ڕامیاریی و ڵاتان. چینی نیمچە دەوڵەمەندو توێژی ڕۆشنبیران ، لە ئەوان بیرمەند ، بەشداری لە دەسەڵاتی ڕامیاری و پشتگیری لە دەوڵەتی نەتەوەیی و ئازادی و پاراستنی خاوەنێتی کرد. بە ئەم شێوەیە دەوڵەتی نەتەوەیی دەربڕی بەرژەوەندی هاوبەشی سەرجەمی ڕۆڵانی نەتەوەیە.. ئازادیخوازانی سەدەی هەژدەم کە زۆریان لە چینی ناوەند بوون ، باوەڕیان ئەوها بووە کە ئەو جۆرە پێڕۆیە (*REGIME*) لە ڕێی سەرجەمی ڕۆڵانی نەتەوەوە دادەمەزرێن. دڵسۆزی بۆ دەسەڵاتی نەتەوەیی بە نیشتمانپەروەری دانرا.

کەسان بەهۆی نەتەوەو نەتەوایەتییەوە دەتوانن ژیانێکی شاکارو داهێنەر پێك بهێنن.. هەست بە هاوبەندی بە نەتەوەو خەون و ئایندەکەی بکەن.. بگرە بەهۆیەوە لە ناخی خۆیاندا هەست بە نەمری دەکەن. بەهۆی نەتەوایەتییەوە هاوڵاتییان و ەك بڕاو خۆشك لەپێناوو ەدیهێنانی ژیانێکی شایستەو سەربەرزو کامەران کار دەکەن و ڕەنجی بۆ دەدەن. هەر بە هۆیەوە سەردارانی نەتەوە دەتوانن ڕێزو پایەو ناوبانگو هێزو ەدەست بهێنن.. هەروەتر بەهۆیەوەو بە ئەوپەڕی جۆش و گوڕو دڵسۆزییەوە هاوڵاتییان خەباتی ڕزگارکردنی نیشتمان و بەرگری کردن لێی و دروستکردنی دەکەن.

((خۆشویستی))و ((ڕق))و ((قین)) سێ پێکەرن لە دەروونی ڕۆڵانی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی جێگیر بوون.. خۆشویستنی نیشتمان و نەتەوەی خۆت.. ڕق لێ بوونەوەی داگیرکەری نیشتمان و ستەمکارو دوژمنانی نەتەوەکەت.. قین بۆ نەهێشتنی باری داگیرکردن و لەناوبردنی ستەمکارو دوژمنان.

یەکخستنی نەتەوەو نیشتمان لە دەوڵەتێکی سەروەر.. بەهێزکردن و پێشخستنی یەکگرتنی نەتەوەو شکۆدارکردنی.. ئەمانە بوار بۆ ڕاژەکردن و ەدیهێنانی سەربەرزی بۆ هاوڵاتی پێك دەهێنن. هەروەها دەبنە ئامانج بۆی و لە پێناویاندا دەژی و دەمرێت..ئەم ئامانجانە بۆ مرۆڤ مان و نەمرییە !

نیشتمانپەروەری ڕێزگرتنێکی پێکڕای هاوڵاتییانە بۆ خۆیان.. هەست کردنە بە هاوکاری کۆمەڵ لەپێناوو ەدی هێنانی سەروەری و پایەو خۆشی.. هاوڵاتییان بە نیشتمانپەروەری دەتوانن پتر بەختیاری و سرەوت و دڵنیایی و ەدەست بێنن. نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری هەستی بەرز لە گیاندا دەڕوێنن، ئەوها لە کەسان دەکەن خۆیان بەهۆیەوە لە سەرووی مرۆڤی ئاسایی دابنێن. نەتەوەپەروەر ترس نازانێت.. هەست دەکات کە مردن لە شەڕی بەرگری کردن لە نیشتمان و ئازادی نەتەوە ، سەربەرزی و خۆشی و نەمرییە. نەتەوەپەروەری شێوازێکی ڕێکی هاریکاری و هاوکاری و یەکگرتنی گشت هاوڵاتییانە.. بە هۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئەوەی بیەوێت و ەدەستی بهێنێت.. هەست کردنە بە هاوبەندی بە نەتەوەو سەربەرزی.. نەتەوایەتی دڵنیایی و پایەی کۆمەڵایەتی و هیوا بە ئایندە بۆ هاوڵاتییان ساز دەدات.

پەروەردەو خوێندن و خوێندنەوە کردەو تەوژمی ڕۆشنبیرین بۆ بەهێزکردن و قووڵ کردنی هۆشیاری بە گشتی و هۆشیاریی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بەتایبەتی. بە شێوەیەکی گشتی دایك و باوکی نەتەوەیی بە بیرو ڕاو بۆچوونە نەتەوەییەکانیانەوە کار دەکەنە بیرو بیرکردنەوەو هەڵوێستی منداڵەکانیان کە ئەوانیش نەتەوەیی بن.

ئەگەر هاتو کەرەستەکانی ڕۆشنبیریو چاپەمەنی لەپاڵ هۆیەکانی ڕاگەیاندن بابەتو ئاراستەکانیان نەتەوەیی بن ، بێگومان بەشداری لە دامەزراندنو چەسپاندنی بیری نەتەوەییو دروستکردنی هاووڵاتی نەتەوەیی دەکەن.. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە ئەگەر ئەو لایەنانە ئاینی یان نەتەوانی (*INTERNATIONAL*) بێ بە هەمان شێوە کاری خۆیان دەکەن.

چەند خوێندەواریو زانیاری ناوچەکانی کوردستان بە گشتیو ناوچە سەختو لاچەپەکانی بەتایبەتی بگرێتەوە.. چەند هۆیەکانی ڕاگەیاندنو چاپەمەنی.. چەند ڕێگەو پرد بکرێنەوەو دروست بکرێنو ڕاژەکانی فێرکاریو تۆشدەریو ڕێبەریو ئاسایشو پێوەندیو گواستنەوەو ڕاژەکانی دیکە.. چەند پیشەو پیشەسازیو بازرگانیو دروستکاریو کشتوکاڵو دامەزراندنی ڕۆڵانی نەتەوەکەمان لە دەزگا میرییەکاندا بکشێن، ئەوەندە خێراتر ئەو هۆزانەی بە هۆز ماونەتەوە زووتر لە بۆتەی نەتەوایەتیو شارستانێتی دەتوێنەوەو هاوچەشنی نەتەوایەتیمان پتەوتر دەبێت. پێشکەوتنی باری ئابووریو سەرجەمی گوزەرانو ژیانی هاووڵاتییانو ژیانی کۆمەڵایەتیو پتربوونی تێکەڵیو هاتو چۆو هاوسەری (*MARRIAGE*) ڕۆڵانی ناوچە جیاکانو گەشانەوەی چالاکییە بازرگانییەکان ، هۆزەکان ئاساییو ردەو ردە دەتوێنەوە. ئەوسا سەرجەمی هۆزگەران دەبنە شارستانی لە جیاتی ئەوەی پابەندو ملکەچی هۆزو هۆزگەری بن ،و ەك هاووڵاتییە شارستانییەکانیان دڵسۆزو ملکەچی سەرجەمی نەتەوەکەیان دەبن.

مرۆڤ بۆی هەیە شانازی بە پێشکەوتنی نەتەوەکەیەوە بکات لە ڕووی ئەوەی چەند لە مەیدانی شارستانێتیو ڕۆشنبیری گاڤی ناوەو ڕاژەی مرۆڤایەتی کردووە.. چەند ڕۆڵانی نەتەوەکەی بەرهەمهێنو چاپووكو کاران.. نەك بە ئەوە بنازێت ڕۆڵەی هۆزێکە کە دەمێکە سەردەمی بەسەر چووەو نیشانەی دواکەوتنو بەجێمانە لە کاروانی پەرەسەندنو پێشکەوتنی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی. مرۆڤ دەبێت بۆ سەرجەمی نەتەوەکەی کار بکات نەك بۆ بەشێکی بچووکی کۆمەڵەکەی کە بە دابڕاوی شتێکی ئەوتۆو ەدەست ناهێنێت شایەنیو تن بێت.. کوردی هۆشیارو شارستانی ، نیشتمانپەروەرو و لاتپارێز دەبێت نەك ناوچەگەرو شارگەر.. نەتەوەیی دەبێت نەك هۆزگەر.

دڵسۆزیو ملکەچی بۆ نەتەوە نەك بۆ هۆز..

بۆ سەرجەمی نیشتمان نەك بۆ ناوچەو شارێکی!!

*١ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢٢٤.

*٢ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢٣٢.

*٣ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢١٦.

*٤ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٤١٧.

*٥ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٤١٦.

*٦ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢٠٩.

*٧ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢٠٨.

*٨ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢١٠ ـ ٢١١.

*٩ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢١٠.

*١٠ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢١١.

*١١ بۆید شیڤەر القومیة نیویۆرك ١٩٦٦ لاپەڕە ٢٠٩.

محەمەد عەلی قەرەداخی

# مامۆستا محەمەد حەسەنی عەلائی

لەم وتارەدا سەر لە مامۆستایەکی کوردو شوێنەوارێکی دەدەین بەپێی ئاگاداریی من شتێکی ئەوتۆی دەربارە نەنووسراوە. سەرچاوەی ئەم وتارەم دەستخەتێکی خنجیلانەیە کەلەم ڕۆژانەدا سەردانێکی سلێمانیم کردو مامۆستایەکی خزممان هەلی دیتن و وێنەگرتنەوەی ئەو دەستخەتەی بۆ رەخساندم.

هەرلە سەرو سۆراخی ئەم باسەدا بووم مامۆستایەکی دی هەواڵی چەند دەستخەتێکی پێدام و بەڵێنی ئەوەی پێدام هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بیانبینم.دوای دوو ڕۆژ هەولی سەرو مڕ هەواڵێکی دڵتەزێنی بۆ هێنام. وام بە باشزانی پێش نووسینی باسەکەم پوختەی هەواڵەکە، بۆ مێژوو، تۆمار بکەم.

گەلێ جار باسی ئەو دەردو بەڵاو کارەساتانەم کردووە کە بەسەر کتێبخانەو شوێنەواری زانایانماندا هاتوون و باسی نموونە گەلم کردوە، بەڵام ـ دیارە ـ هەتا بگەڕێین زیاترمان بۆ دەردەکەوێت و، تا وردبینەوە کارەساتەکان سەختتر دەردەکەون. ئەم نموونەیش یەکێکە لەو دەیان و سەدان کارەساتە کە بەشی هەرەزۆریان هەر بە نەزانراویی دەمێننەوە.

ئەو برا بەڕێزە دوای گەڕان و هەوڵەکەی ئاوا ئەنجامەکەی بۆ گێڕامەوە؛

پیاوێك کۆچی دوایی کردووە ناوی مامۆستا مەلا عەزیز یان مام عەزیز بووە، کتێبخانەیەکی گەورەی لێ بەجێماوە، خێزانەکەی (پوورە حەبێ) دەڵێ: کتێبەکانی ئەوەندە زۆر بوون دەیاندا لە بنمیچی خانوەکە، منیش لەترسی دڵۆپەو تەڕبوون نەمدەزانی چییان لێبکەم، چەند کەسێك هاتن لێیان برد بۆ خۆیان، دوایی مەلا مەحموود ناوێك، کە زەلامێکی تەمەن ناوەندیی کەڵەگەت بوو، هات پڕکارتۆنێکی تەلەفزیۆنی لێهەڵبژارد، وتی: ئەیبەم خێری ئێوە لە مزگەوتێکدا دایاندەنێم ! !

هەروەها ڕۆژێکیش حەمەی مام برایم ـ کەخوشکەزای یان برازای پوورە ئامین و پوورە حەبێیە ـ هات چی مابوو خستیە پیکابێك و بردی، دوایی جوابی بۆ ناردین: کەئەو کتێبانە کتێبی مەدرەسەو مەنهەجیی بوون و ئێستە بەکەڵکی هیچ نایەن ! !

بەم جۆرە ئەو کتێبانە ـ کە مەگەر خوداو ئەوانەی دەستیان تێخستووە بزانن چیی تێدا بووە ـ تۆزی چوو بەئاسمانداو، ماوەی ئەوەیش نەدرا، پێش ئەوەی ئەو کارەساتەی بەسەردا بێت، شتێکی لەسەر بنووسرێت و ناوەڕۆکەکەی تۆمار بکرێت ! دێینەوە بۆ لای دەستخەتەکەی دەڵێین:

ئەم دەستخەتە ٦١ لاپەڕەیە و چەند نامیلکەو هۆنراوەی تێدایە بەم شێوە:

**یەکەم:** لە لاپەڕەی یەکەمدا چامەی (بانت سعاد)ی کەعبی کوڕی زوهەیر دەست پێدەکات و تا لاپەڕە حەوت دەخایەنێت و، لەوێدا ئاوا کۆتایی دێت:

((تمام شد حسب الأمر حضرت وسيلة الى الله، الوصل إلى مقام دوام التحير بين يدى قدرة الاله روحى وجسمى فداه، قرة عيون الواصلين، حضرت حسام الملة والدين، اوصله الله الى منتهى ما يتمناه آمين، بقلم عبد مملوك خاكسار خاطئى جانى محمد حسن بن أويس عثمانى، الهم يا رحمن يارحيم يا مبين أدم فيضان مددهم ورحمتهم على قلبي الحزين، في كل وقت وحين، آمين يا رب العالمين ١٣٢٦ هجريه دويم شهر شعبان المعظم.

**دووەم:** لەلاپەڕە هەشتدا سەرەتای ناميلكەيەكی دييە كە ئاوا دەست پێدەكات:

((تخميس قصيده هائيه كه راقم محمد حسن بن أويس عثمانى انشاء كرده اينست)).

ئەم چامە پەڕەيەكە و ديارە پێنج خشتەكيەكە دانراوی مامۆستا محەمەد حەسەن خۆيەتی، ناز ناوی شيعری (عەلائی) يەو ئاوای لەكۆتاييەوە نووسيوە:

((تم بيد الراقم الناظم العلائى حسب الامر حضرت روحى فداه، يا حسام الدين مدد)).

**سێيەم:** سەرەتای لاپەڕە دەيش ئاوايە:

((للحقير محمد حسن المتخلص بالعلائى استرحاما من حضرت خير الورى - صلى الله تعالى عليه وسلم -))

ئەمەيش لەلاپەڕە ١٢ دا تەواو دەبێت و، هەر لەو لاپەڕەدا سەرەتای پارچەيەك شيعری دی دەست پێدەكات و ئەويش هەر بە فارسييە و لەلاپەڕە ١٣دا تەواو دەبێت.

**چوارەم:** لەلاپەڕە ١٥يشدا سەرەتای پارچە شيعری( امن تذكر جيران بذى سلم) و تەرجەمەيشی بە شيعری فارسيی دەست پێدەكات، ناوی خاوەنی تەرجەمەكە نەنووسراوە، بەڵام لەدەستخەتێكی ديدا تەرجەمەيەكی فارسيی هەمان پاچە شيعرلە لايەنی مامۆستا شێخ محەمەد سەليمی ئەردەڵانييەوە نووسراوە.

ئەم شيعرانە تا لاپەڕە ٤٦ی دەستخەتەكە دەگرنەوە. لەوێيشدا دەنووسێ كەلە بەرخاتری شێخی حيسامەدين نووسيويەتيەوەو، مێژووی نووسينەوەكەيش ساڵی (١٣٢٧)ە.

**پێنجەم:** لەدوای ئەو بابەتە تەرجيعبەندێكی (طه نطه رائيمى)دێت و تالاپەڕە (٥٠ ) دەگرێتەوەو، ئاوای كۆتايی پێهێناوە:

((حرره الراجي رضى الرب والعفو الرحماني، العبد محمد حسن بن أويس الأشنوى العثماني، امتثالا لامر حضرة مراشدي ومن به اعتصامي اشاه محمد على حسام الدين الأورامي، في اليوم السادس من ربيع الأول سنة ١٣٢٧))

**شەشەم:** لەلاپەڕە (٥١ )يشەوە پارچەيەك شيعردێت كە دراوەتە پاڵ ئيمامی عەلی، هەر لەناو شيعرەكانيشدا دێڕبە دێڕ تەرجەمەكانيان بە فارسيی نووسراوە. ئەمەيش لەلاپەڕە (٥٢)دا بەم شێوە كۆتايی دێت:

((تم وبالخير عم، اللهم ارحمنا و اهدنا إليك بإهداء سيدنا حسام الدين، أنار الله تعالى برهانه، وأدام إحسانه، آمين والحمد لله رب العالمين)).

**حەوتەم:** لەلاپەڕە (٥٣) يشدا پارچە شيعری(قفا نبك من ذكرى حبيب ومنزل)ی (امرئ القيس) دێت و تاكۆتايی دەستخەتەكە دەخايەنێت و بەم جۆرە كۆتايی دێت:

((تمت القصيده بأنامل العبدالعاصى، محمد حسن بن أويس العثماني، حسب الأمر حضرت روحي فداه حسام الملة والدين، دام ظلال رأفته على الخواص والعوام أجمعين. اللهم أعنا على دوام ذكرك وشكرك وحسن عبادتك بامداداتهم آمين. وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين. في سيوم شوال المكرم ١٣٢٦ )).

دوابە دوای ئەم گەشتە بەم دەستخەتەدا وتم: با بگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەكانی لای خۆم با بزانم لەوێ هيچ بەدەست ناهێنم، لەسەرچاوە چاپەكانی وەك: يادی مەردان و، بنەماڵەی زانياران و، مەشاهيرەكەی مامۆستا رۆحانيی... هيچم دەربارەی ئەم مامۆستايە چنگ نەكەوت. دوای ئەوە چاوێكم بەكارتەكانی لای خۆمدا گێڕا، كە زانياريەكانيانم لە (د.ص) كۆكردوەتەوە، پاش چاوخشاندن بە كارتەكاندا ناوی دانراوێكی ئەم مامۆستام دۆزييەوەكە لە كتێبخانەی ناوبراودا بە

ژماره(٢/١٧٤٣٠)پارێزراوه. بۆیه جارێکی دی سەرم لە دەستخەتەکە دایەوەو هەندێ بەوردیی لە ناوەرۆکەکەیو ئەو زانیاریانەی لێی وەردەگیرێن وردبوومەوە، باش بوو لەم دەستخەتەیش هەندێك زانیاریی دیم وەرگرت، وا لێرەدا ئەنجامی ئەو گەشتەیش دەخەینە پاڵ زانیارییەکانی ناو دەستخەتەکە، بە هیوای ئەوەی لەمەولا زانیاریی زیاتری دەربارە بدۆزینەوەو، ناوی ئەمیش وەك زانایەکی ناودارو ناسراوی دی بخەینە پاڵ ناوی زانایانی دی.

بەڵام پێش ئەوەی بێمە سەرباسکردنی دەستخەتەکە دەبێ ئەوەش نەبوێرم کە مامۆستای عەلائیی بە خەتە خۆش و جوانەکەی لەنووسینەوەی کەشکۆڵی شێخی حیسامەدینیشدا بەشداریی کردووە. باسی ئەم کەشکۆڵەم لەژمارە(١٠)ی خولی پێنجەمی گۆڤاری نووسەری کورددا نووسیوە.

٢/١٧٤٣٠

فەرائیضی محەمەد حەسەنی حیسامیی

سەرەتاکەی:

قال الفقیرابه اویس السامی

وهو محمد حسن الحسامی

الحمدلله وصلی وسنما

علی محمد ومن بەانتمی

کۆتاییەکەی:

یاربنا فارحم بنا وعافنا

عن البلا وانفع بها وجازنا

بشرني الهاتف في تأريخ ذی

بقوله جاء جزاؤه خذی

١٣٢٢

تمت شد کتاب فرائض المنسوب الی شیخ محمد حسن الحسامی در قریه ساوان یازدەهم ربیع الثانی ١٣٤٥.

لەپەراوێزیشیەوە نووسراوە:

تمت الحاشیة الجلیة لجناب جلالتمآب ملا محمد حسن المتخلص بذي العلا ابه الشیخ العالم اویس العثماني المولی، الواقع،(!) علی مصنفه المسمی (بمنهیه!) بید أحقرالطلاب مالول،(!) البانی فی قریة ساوان، روزسە شنبه دوازدەهم ما مذکور در آخر کتاب ١٣٤٥.

لەم دانراوەی مامۆستای (عەلائی)یەوە چەند شتێکمان بۆ دەردەکەوێت، لەوانە:

یەکەم: ئەم مامۆستایە وەك شاعیربووەو شیعری عەرەبیو فارسیی هەبووە دانراوی زانیاریشی هەبووەو، رەنگە دانراویشی زۆر بووبن، بەڵام ئەم مامۆستا کەلەساڵی ١٣٢٢ دا ئەم دانراوەی دانابێت و، ئەو دەستخەتەیش کە ئێمە باسی دەکەین ساڵی ١٣٢٧ لەلایەنی مامۆستای (عەلائی)یەوە نووسرابێتەوە، دەبێ لەماوەی پێنج ساڵی نێوانی ئەم دوو مێژووەدا ئەم مامۆستا هیچ دانراوی دیکەی دانەنابێت؟ یان پێش ئەو مێژووەو دوای ئەو مێژووەیش بەرهەمی دیکەی نەبووبێت؟ بڕوا ناکرێت. بەڵام با جارێ هەروا چاوەڕوان بین.

دووەم: لەپەراوێزی سەرەتای ئەم کتێبەوە زنجیرەی پشتی ئەم مامۆستایە بەم شێوە نووسراوە:

محەمەد حەسەنی کوڕی مەلا ئوەیسی کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا مستەفای (النبلجی!) الخالدی.

سێیەم: وەك لە خاڵی دووەمەوە دەرکەوت ئەم مامۆستا لە بنەماڵەیەکی زانیارییەوە پشتاوپشت مەلاو مەلازادە بوون وبە مەلایەتییو خوێندەواریی هاتوونەتە خوارەوە.

چوارەم:وەك مامۆستا لە شیعرەکانیدا نازناوی (عەلائیی) بۆ خۆی داناوە نازناوێکی دیکەیشی بووە کە(ذوالعلا)بووە.

پێنجەم: ئەوەیش کە لە هەردوو دەستخەتەکەوە بە روونیی دیارەو سەرنجدانی ناوێ مامۆستای عەلائیی موریدو گیانفیدایەکی دڵسۆزی رێبازی نەقشبەندیی بووەو، بە دڵ و گیان لەژێر فەرمان و چاودێریی شێخ محەمەد عەلی حیسامەدیندا بووە.

# خوێندنەوەیەک بۆ (کلیدەر)

# درێژترین ڕۆمانی فارسی

محەمەد کەریم

### کورتە پێناسەیەك

ڕۆمانی ((کلیدەر))ی مەحمودی دەوڵەت ئابادی بریتییە لە ڕۆمانێکی (دە) بەرگی و کۆی سەرجەم لاپەڕەکانی بریتییە لە (٢٥٢٥) لاپەڕە، نووسەر لە ماوەی (١٥) ساڵدا نووسیوویەتی؛ واتە ساڵی (١٩٦٨) دەستی پێ کردووە و ساڵی (١٩٨٣) تەواوی کردووە. ئەم ڕۆمانە کە سەرجەم ڕووداوەکانی لە پارێزگای (خوراسان)دا ڕوو دەدەن کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ئێرانەوە بە ناوی زنجیرە چیایەکەوە ناونراوە کە دەکەوێتە ئەو پارێزگایەوە.


مەحمودی دەوڵەت ئابادی باوەڕی وابووە کە نووسەر لە تەمەنی (٢٠ ـ ٤٠)ساڵیدا کە تەمەنی چالاکی و بەتواناییە دەبێ شاکاری خۆی بنووسێ، هەربۆیە دەستی داوەتە نووسینی ڕۆمانی کلیدەر کە بە شاکاری ئەم ڕۆماننوسەمەزنەی ئێران دادەنرێ و هەتا بڵێی ڕۆمانێکی سەنگین و جوانە؛ بەندە دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوت کە ئەم ڕۆمانە مەزنە بخوێنمەوەو ماوەی (٤٥) ڕۆژی تەواو لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا ژیام، واتە (٢٠٠١/٣/١ ـ ٢٠٠١/٤/١٥) بەڵێ ماوەی (٤٥) شەوو ڕۆژ لەگەڵ گوڵ محەمەد و سەرچڵیەکانیدا ژیام و شەوو ڕۆژم خستە سەریەك بۆ ئەوەی هەرچی زووترە ئەم ڕۆمانە تەواو بکەم، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تەواو سەرسام بووم بە کەسایەتی گوڵ محەمەدی پاڵەوانی کلیدەر و زۆر شەو لە خەویشدا ڕۆمانەکەم دەخوێندەوەو لەگەڵ کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکەدا دەژیام. بۆیە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی خوێندنەوەیەك بۆ ئەم شاکارە مەزنەی ڕۆمانی فارسی بکەم کە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم بەهایەکی جیهانی هەیە؛ مەبەستم لە خوێندنەوەی ڕۆمانی کلیدەر لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە کە یەکەم ئەوەیە حەزدەکەم ئەم شاکارە مەزنەی دەوڵەت ئابادی بەو کەسانە ئاشنا بکەم کە فارسی نازانن و دووەمیش ئەوەیە ئەو کەسانە هان بدەم کە

فارسی دەزانن خۆیان لە چێژی ئەم ڕۆمانە بێبەش نەکەن چونکە پێم وایە ئەو فارسی زانانەی ئەم ڕۆمانە نەخوێننەوە وەك ئەوە وایە ڕوسی بزانن و تاوان و سزا و شەڕو ئاشتی نەخوێننەوە یان وەك ئەوە وایە تورکی بزانن و حەمە دۆك نەخوێننەوە یان عەرەبی بزانن و نزار قەببانی نەخوێننەوە و هتد.

ڕۆمانی کلیدەر ڕۆمانێکی درێژەو نووسین لەسەریشی دەکرێ درێژبێ، دەکرێ تەنها لەسەر کارەکتەرەکانی کلیدەر کتێبێك بنووسرێ یان لەسەر ئەسپ سواریی لە کلیدەردا لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژ بنووسرێ، بەڵام نووسینی لەو جۆرە ڕەنگە ماندووبوون و کاتی زیاتری بوێ، بۆیە هەوڵ دەدەم ئەوەندەی لە گۆڤارێکدا جێگەی بێتەوە و ئێسکی گران نەبێت بە شێوەیەکی چڕ و پڕ خوێندنەوەیەك بۆ کلیدەر بکەم، بەو ئومێدەی بەم خوێندنەوەیەم لە شان و شەوکەتی ڕۆمانەکە نەهێنمە خوارێ و بتوانم بە خوێنەری کوردی ئاشنا بکەم.

**بەسەرهاتی سەرەکی ڕۆمانی کلیدەر**

گوڵ محەمەد لەگەڵ بەڵقیسی دایکی و شیروی خوشکی و زیوەری ژنی و مارالی خاڵۆزایدا سەرقاڵی دروێنەی ئەو پەڵە گەنمەن کە بێبارانی نەیهێشتووە بە باشی پێبگات و باڵا بکات. لەم کاتەدا (عەلی ئەکبەر حاج پەسەند) پورزای گوڵ محەمەد بە خۆی و ئەسپەکەیەوە پەیدا دەبێت و داوای لێ دەکات کە لەگەڵ (مەدیار) خاڵی گوڵ محەمەد، (خان عمو) مامی گوڵ محەمەد، صبرخان (زاوای خان عمو)، خۆی (عەلی ئەکبەر) پێکەوە بچن بۆ گوندی چار گوشلی و لەوێ (صوقی) بفرێنن و بیهێنن بۆ مەدیار کە دەمێکە عاشقی بووە؛ گوڵ محەمەدیش بە قسەی عەلی ئەکبەر دەکات و لەگەڵی دەڕوات؛ بۆ ئەم مەبەستەش سواری ئەسپەکەی ماراڵ دەبێت کە ناوی ((قەرەئات))ە. ئەگەرچی قەرەئات ئەسپی دلاوەری دەزگیرانی ماراڵەو یەکەناسە بەڵام لەبەر ئەوەی گوڵ محەمەد سوارچاکەو لەیەکەی سوارەدا سەربازیی


مەحمودی دەوڵەت ئابادی

کردووە سواری قەرەئات دەبێت و رامی دەکات، ئیدی لەگەڵ عەلی ئەکبەر دەڕوات و گەنمەکە بە جێ دەهێڵێ. پێنج سوار واتە ((گوڵ محەمەد، خان عمو، صبر خان، عەلی ئەکبەر، مەدیار)) بەرەو گوندی چار گۆشلی بەڕێ دەکەون و دەیانەوێ صوقی خوشکەزای حاجی حسێن چار گۆشلی بفڕێنن کە بۆ کوڕەکەی خۆی داناوە، واتە (ناد عەلی)، شەو دەگەنە گوندی چارگۆشلی و دەیانەوێ صوقی بفڕێنن، صوقی دێتەدەرێ لەگەڵیان بڕوات، لەناکاو نەخشەکە ئاشکرا دەبێ لێیان دەبێ بە تەقە، لە ئەنجامدا مەدیار بە گوللەی نادعەلی کوڕی حاجی حسێن دەکوژرێ، گوڵ محەمەدیش تەقە لە حاجی حسێن دەکات و دەیکوژێ. پاشان ئازایانە تەرمی مەدیار دەردەکات و نایەڵێ بزانن کە ئەمان هاتوون و حاجی حسێن یان کوشتووە، هەر بەوشەوە مەلاپەیدا دەکات و بە شێوەیەکی ئوسوڵی تەرمەکەی خاڵی دەنێژێ، لێرەدا سوارچاکی و ئازایەتی گوڵ محەمەد دەردەکەوێ، پاش ماوەیەك ئەوە ئاشکرا دەبێت کە گوڵ محەمەد و چوار سوارەکەی تر شەو هێرشیان کردۆتە سەر گوندی چارگوشلی و ئەوەش ئاشکرا دەبێ کە گوڵ محەمەد حاجی حسێنی کوشتووە، لەبەر ئەوەی (ناد عەلی) شکاتی کردووە، لە دادگای (سبزوار) گوڵ محەمەد داوا دەکرێ و لێرەوە یاخی بوونی گوڵ محەمەد دەست پێدەکات.

ئەو ساڵە نەخۆشی دەکەوێتە ناو مەڕو ماڵاتەکەی (کلمیشی)یەوە واتە (باوکی گوڵ محەمەد)، گوڵ محەمەد هەرچەند هەوڵ دەدات ناتوانێ مەڕوماڵاتەکەیان لەو نەخۆشیە رزگار بکات و لە ئەنجامدا زۆربەی مەڕوماڵاتەکەیان مردار دەبێتەوە و لە (٥٠٠) سەر حەیوان لە (١٠) سەر کەمتریان بۆ دەمێنێتەوە، گوڵ محەمەد نایەوێ رێگری بکات و سەرقاڵی دارفرۆشی دەبێت، بیگ محەمەدیش کە برابچووکی گوڵ محەمەدە خەریکی رەنجبەری دەبێت بۆ بژێوی خێزانەکەیان. بەڵام خان عمو باوەڕی بەوە نییە و دەست دەکات بە رێگری و رووت کردنەوەی خەڵك و ئەو کەسانە رووت دەکاتەوە کە دەوڵەمەندن و رێ بەو کەسانە ناگرێ کە هەژارو نەداران. داوا لە گوڵ محەمەد دەکات تفەنگەکەی خۆی بداتێ بەڵام ئەو تفەنگەکەی ناداتێ، بۆیە خان عمو بە ئەسپەکەیەوە بە تێلاڕێ بە خەڵك دەگرێ و خەڵك رووت دەکاتەوە.


ئێوارەیەکی زستان دوو پۆلیسی سوارەکە کاریان کۆکردنەوەی باجی مەڕو ماڵاتە روو دەکەنە دەوارەکانی ماڵی گوڵ محەمەد کە تەنها ژنەکانیان لە ماڵەوەیە واتە بەڵقیس مارال ـ زیوەر ـ ماهك (کچی خان عمو)، گوڵ محەمەدیش لە نزیکی دەوارەکان سەرقاڵی ئیشە. دوو پۆلیسەکە لە دەوارەکان دەمێننەوە بە شێوەیەکی ناشیرین هەڵس و کەوت دەکەن، یەکێکیان هەندێ ئاماژە بۆ زیوەری ژنی گوڵ محەمەد دەکات ئەویش خێرا دەچێت و مەسەلەکە لای مێردەکەی باس دەکات، گوڵ محەمەد دێتەوە، لەو کاتەدایە کە خەریکە پۆلیسەکان دەڕۆن بۆ ئەوەی شەونەمێننەوە بەڵام گوڵ محەمەد وەکو کەسێکی میوان دۆست نایەڵێ بڕۆن و زۆر رێزیان دەگرێت، ئەگەرچی وەزعیان زۆرخراپە بەڵام هەرچی خواردنێکی باشیان هەیە دەرخواردی دوو پۆلیسەکەی دەدات و باوەڕ بە قسەکەی زیوەر ناکات کە ئەوان رەفتاری ناشیرینیان نواندووە. پاش نان خواردن کە دەکەونە قسەوباس دوو پۆلیسەکە داوای باجی (٥٠٠) سەر حەیوان لە گوڵ محەمەد دەکەن، ئەو هەرچەندە باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە نەخۆشی هەموو ئاژەڵەکانیانی کوشتووە ئەوان بڕوا ناکەن و داوا دەکەن کە بەیانی لەگەڵ خۆیان دا گوڵ محەمەد ببەن بۆ شار، ئەم هەرچەند باسی ئەوە دەکات کە خۆی لەو رۆژانەدا سەردانی شار دەکات و بۆ ئەو مەسەلەیەش دەچێتە لایان، ئەوان قسەکەی لێ وەرناگرن و هەرسوورن لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ شار، لە هەمان کاتدا باسی ئەوەش

فارسی دەزانن خۆیان لە چێژی ئەم ڕۆمانە بێبەش نەکەن چونکە پێم وایە ئەو فارسی زانانەی ئەم ڕۆمانە نەخوێننەوە وەك ئەوە وایە ڕوسی بزانن و تاوان و سزا و شەڕو ئاشتی نەخوێننەوە یان وەك ئەوە وایە تورکی بزانن و حەمە دۆك نەخوێننەوە یان عەرەبی بزانن و نزار قەببانی نەخوێننەوە و هتد.

ڕۆمانی کلیدەر ڕۆمانێکی درێژەو نووسین لەسەریشی دەکرێ درێژبێ، دەکرێ تەنها لەسەر کارەکتەرەکانی کلیدەر کتێبێك بنووسرێ یان لەسەر ئەسپ سواریی لە کلیدەردا لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژ بنووسرێ، بەڵام نووسینی لەو جۆرە ڕەنگە ماندووبوون و کاتی زیاتری بوێ، بۆیە هەوڵ دەدەم ئەوەندەی لە گۆڤارێکدا جێگەی بێتەوە و ئێسکی گران نەبێت بە شێوەیەکی چڕ و پڕ خوێندنەوەیەك بۆ کلیدەر بکەم، بەو ئومێدەی بەم خوێندنەوەیەم لە شان و شەوکەتی ڕۆمانەکە نەهێنمە خوارێ و بتوانم بە خوێنەری کوردی ئاشنا بکەم.

**بەسەرهاتی سەرەکی ڕۆمانی کلیدەر**

گوڵ محەمەد لەگەڵ بەڵقیسی دایکی و شیروی خوشکی و زیوەری ژنی و مارالی خاڵۆزایدا سەرقاڵی دروێنەی ئەو پەڵە گەنمەن کە بێبارانی نەیهێشتووە بە باشی پێبگات و باڵا بکات. لەم کاتەدا (عەلی ئەکبەر حاج پەسەند) پورزای گوڵ محەمەد بە خۆی و ئەسپەکەیەوە پەیدا دەبێت و داوای لێ دەکات کە لەگەڵ (مەدیار) خاڵی گوڵ محەمەد، (خان عمو) مامی گوڵ محەمەد، صبرخان (زاوای خان عمو)، خۆی (عەلی ئەکبەر) پێکەوە بچن بۆ گوندی چار گوشلی و لەوێ (صوقی) بفرێنن و بیهێنن بۆ مەدیار کە دەمێکە عاشقی بووە؛ گوڵ محەمەدیش بە قسەی عەلی ئەکبەر دەکات و لەگەڵی دەڕوات؛ بۆ ئەم مەبەستەش سواری ئەسپەکەی مارال دەبێت کە ناوی ((قەرەئات))ە. ئەگەرچی قەرەئات ئەسپی دلاوەری دەزگیرانی ماراڵەو یەکەناسە بەڵام لەبەر ئەوەی گوڵ محەمەد سوارچاکەو لەیەکەی سوارەدا سەربازیی


مەحمودی دەوڵەت ئابادی

کردووە سواری قەرەئات دەبێت و رامی دەکات، ئیدی لەگەڵ عەلی ئەکبەر دەڕوات و گەنمەکە بە جێ دەهێڵێ. پێنج سوار واتە ((گوڵ محەمەد، خان عمو، صبر خان، عەلی ئەکبەر، مەدیار)) بەرەو گوندی چار گۆشلی بەرێ دەکەون و دەیانەوێ صوقی خوشکەزای حاجی حسێن چار گۆشلی بفڕێنن کە بۆ کورەکەی خۆی داناوە، واتە (ناد عەلی)، شەو دەگەنە گوندی چارگۆشلی و دەیانەوێ صوقی بفڕێنن، صوقی دێتەدەرێ لەگەڵیان بڕوات، لەناکاو نەخشەکە ئاشکرا دەبێ لێیان دەبێ بە تەقە، لە ئەنجامدا مەدیار بە گوللەی نادعەلی کوڕی حاجی حسێن دەکوژرێ، گوڵ محەمەدیش تەقە لە حاجی حسێن دەکات و دەیکوژێ. پاشان ئازایانە تەرمی مەدیار دەردەکات و نایەڵێ بزانن کە ئەمان هاتوون و حاجی حسێن یان کوشتووە، هەر بەوشەوە مەلاپەیدا دەکات و بە شێوەیەکی ئوسوڵی تەرمەکەی خاڵی دەنێژێ، لێرەدا سوارچاکی و ئازایەتی گوڵ محەمەد دەردەکەوێ، پاش ماوەیەك ئەوە ئاشکرا دەبێت کە گوڵ محەمەد و چوار سوارەکەی تر شەو هێرشیان کردۆتە سەر گوندی چارگوشلی و ئەوەش ئاشکرا دەبێ کە گوڵ محەمەد حاجی حسێنی کوشتووە، لەبەر ئەوەی (ناد عەلی) شکاتی کردووە، لە دادگای (سبزوار) گوڵ محەمەد داوا دەکرێ و لێرەوە یاخی دوونی گوڵ محەمەد دەست پێدەکات.

ئەو ساڵە نەخۆشی دەکەوێتە ناو مەڕو ماڵاتەکەی (کلمیشی)یەوە واتە (باوکی گوڵ محەمەد)، گوڵ محەمەد هەرچەند هەوڵ دەدات ناتوانێ مەڕوماڵاتەکەیان لەو نەخۆشیە رزگار بکات و لە ئەنجامدا زۆربەی مەڕوماڵاتەکەیان مردار دەبێتەوە و لە (٥٠٠) سەر حەیوان لە (١٠) سەر کەمتریان بۆ دەمێنێتەوە، گوڵ محەمەد نایەوێ رێگری بکات و سەرقاڵی دارفرۆشی دەبێت، بیگ محەمەدیش کە برابچووکی گوڵ محەمەدە خەریکی رەنجبەری دەبێت بۆ بژێوی خێزانەکەیان. بەڵام خان عمو باوەڕی بەوە نییە و دەست دەکات بە رێگری و رووت کردنەوەی خەڵك و ئەو کەسانە رووت دەکاتەوە کە دەوڵەمەندن و رێ بەو کەسانە ناگرێ کە هەژارو نەداران. داوا لە گوڵ محەمەد دەکات تفەنگەکەی خۆی بداتێ بەڵام ئەو تفەنگەکەی ناداتێ، بۆیە خان عمو بە ئەسپەکەیەوە بە تێلاڕێ بە خەڵك دەگرێ و خەڵك رووت دەکاتەوە.

ئێوارەیەکی زستان دوو پۆلیسی سوارەکە کاریان کۆکردنەوەی باجی مەڕو ماڵاتە روو دەکەنە دەوارەکانی ماڵی گوڵ محەمەد کە تەنها ژنەکانیان لە ماڵەوەیە واتە بەڵقیس ماراڵ ـ زیوەر ـ ماهك (کچی خان عمو)، گوڵ محەمەدیش لە نزیکی دەوارەکان سەرقاڵی ئیشە. دوو پۆلیسەکە لە دەوارەکان دەمێننەوە بە شێوەیەکی ناشیرین هەڵس و کەوت دەکەن، یەکێکیان هەندێ ئاماژە بۆ زیوەری ژنی گوڵ محەمەد دەکات ئەویش خێرا دەچێت و مەسەلەکە لای مێردەکەی باس دەکات، گوڵ محەمەد دێتەوە، لەو کاتەدایە کە خەریکە پۆلیسەکان دەڕۆن بۆ ئەوەی شەونەمێننەوە بەڵام گوڵ محەمەد وەکو کەسێکی میوان دۆست نایەڵێ بڕۆن و زۆر رێزیان دەگرێت، ئەگەرچی وەزعیان زۆرخراپە بەڵام هەرچی خواردنێکی باشیان هەیە دەرخواردی دوو پۆلیسەکەی دەدات و باوەڕ بە قسەکەی زیوەر ناکات کە ئەوان رەفتاری ناشیرینیان نواندووە. پاش نان خواردن کە دەکەونە قسەوباس دوو پۆلیسەکە داوای باجی (٥٠٠) سەر حەیوان لە گوڵ محەمەد دەکەن، ئەو هەرچەندە باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە نەخۆشی هەموو ئاژەڵەکانیانی کوشتووە ئەوان بڕوا ناکەن و داوا دەکەن کە بەیانی لەگەڵ خۆیان دا گوڵ محەمەد ببەن بۆ شار، ئەم هەرچەند باسی ئەوە دەکات کە خۆی لەو رۆژانەدا سەردانی شار دەکات و بۆ ئەو مەسەلەیەش دەچێتە لایان، ئەوان قسەکەی لێ وەرناگرن و هەرسوورن لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ شار، لە هەمان کاتدا باسی ئەوەش

دەکەن کە گوڵ محەمەد حاجی حسێنی کوشتووەو دەبێ بیبەنە دادگا. ئەوسا گوڵ محەمەد تەواو لێیان پەست دەبێت و باوەڕ بەوەش دەکات کە ژنەکەی راستی کردووە. بەڵام جارێ هیچ ناکات و هەر خزمەتیان دەکات و دەڵێ بەسەرچاو بەیانی لەگەڵتان دێم بۆشار. لەبەر خۆشیەوە بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر ئەمشەو تەنیا نەبوایە دەیتوانی شتێ بکات و نایەوێ هەروا بە ئاسانی خۆی بخاتە زیندانەوە، باوەڕ بەوەش ناکات کە بە یارمەتی ژنەکان بتوانێ شتێ بکات. دوو پۆلیسەکە دەخەون و گوڵ محەمەدیش لە چادرێکی نزیکیان دەخەوێ بۆ ئەوەی هەر فەرمانێکیان هەبێ بانگی بکەن و بۆیان جێبەجێ بکات. شەوی زستانەو بەفر لە زەویدایە، گوڵ محەمەد لە خەیاڵاتدایە و خەوی لێ ناکەوێ. بیر لە خان عمو دەکاتەوە چونکە ئەگەر ئەو لە ماڵ بوایە پێکەوە دەیانتوانی هەموو شتێ بکەن، گلەیی لەوە دەکات کە خان عمو وەکو جنۆکە وایە و لە پڕ ون دەبێ.

نیوەشەو خان عمو لە رێگری دەگەڕێتەوە پوشێك خورماو شەکرو چاو حەبلێکی هێناوەتەوە، بەڵقیس و گوڵ محەمەد هێشتا بەخەبەرن مەسەلەکە بۆ خان عمو باس دەکەن، لەبەر ئەوەی خواردنەکەیان داوە بە دوو پۆلیسەکە بە خورما خۆیان تێر دەکەن، خان عمو لە باسەکە پەست دەبێت و چاوەڕێی گوڵ محەمەد دەکات. لەم کاتەدا یەکێك لە پۆلیسەکان (امنیە) بانگی گوڵ محەمەد دەکات، ئەویش دەچێت، پۆلیسەکە دەڵێت کە دەیەوێت کەلەپچەی بکات نەبادا رابکات، گوڵ محەمەد دەڵێت بەسەر چاو، واخۆی نیشان نادات کە یاخی دەبێ. داوا دەکات کە بچێت جێگایەك بۆ خۆی بێنێ و ئەوسا دەستی لەگەڵ دەستی پۆلیسەکەدا کەلەپچە بکرێ، کە دێتە دەرەوە بە دایکی دەڵێ دوو چارۆکەم بۆ حازرکە بە خان عموش دەڵێ ئەو حەبلەی هێناوتە بیکە بە دوولەتەوە، داوا دەکات ژنەکانی تریش خەبەر بکەنەوە. بە دووژن دەڵێ یەکی چارۆکەیەك بە دەستەوە بگرن، دووژنەکەی تریش یەکی پارچەیەك لە حەبلەکە. بە ژنەکان دەڵێ خەو لە چاوتان دەرکەن نامەوێ دەنگیان دەربچێ. خۆی و خان عموش خۆیان حازر دەکەن، بێ خشپە چادرەکەیان لەسەر لادەبەن و هەردووکیان دەخنکێنن و دەست و قاچیان دەبەستن و دەیاندەن بەسەر ئەسپەکانیان دا، برنەوە ئەڵمانیەکانی دوو پۆلیسەکە دەکەنە شانیان، فیشەکەکانیش دەدەن لە خۆیان، بەناو بەفرەکەدا بەرەو چاڵە خەڵوزەکانی نزیکیان دەکشێن. لای چاڵەکان سەروفیشەکی برنەو دەنێن بەسەری دوو پۆلیسەکەوەو دەیانخەنە دوو چاڵەوە پاشان سەریان دادەپۆشن و بەرەو چادرەکان دەگەڕێنەوە، گوڵ محەمەد دەڵێت ئەگەر سەعاتێکیتر بەفر بارینەکە بەردەوام بێت شوێن پێکانمان دەشارێتەوە. کە دەگەڕێنەوە تەماشا دەکەن چەند سوارێك هاتوون بە میوانیان. گوڵ محەمەد تەواو تووڕە دەبێت.


کە دەچنە پێشەوە تەماشا دەکەن سێ کەسن ((عمو مندلو ـ برادەری گوڵ محەمەد، عەلی ئەکبەر پورزای گوڵ محەمەد، شەیدا (کوڕی ئاغای گوندی قلعە چمن)) فیشەك و تفەنگ و (٢) ئەسپی پۆلیسەکان لەوان دەشارنەوە، بەڵام گوڵ محەمەد هەرنائارامەو پێی ناخۆشە بەو نیوەشەوە هاتوون، بەهەرحاڵ داوا دەکات چایان بۆ لێنێن، گوڵ محەمەد پێشان بە ژنەکانی وتووە کە هەرچی شتێ لە دوو پۆلیسەکە بەجێ ماوە بیان شارنەوە، کەچی عەلی ئەکبەر لە کاتی قسەکردندا لە ژێر جێگاکەی خۆی دا تاکێ پۆستاڵ دەردەهێنێ و نیشانی گوڵ محەمەدی دەدات. ئەویش ئەوەندەی تر دەشڵەژێ؛ ئیدی گوڵ محەمەد و خان عمو یاخی دەبن چونکە عەلی ئەکبەر بە درزیەوە پۆستاڵەکە دەبات و دەیکات بە بەڵگە لە دژیان و ئاشکرا دەبێ کە ئەوان دوو پۆلیسەکەیان کوشتووە.

دوای ماوەیەك دووركەوتنەوەی گوڵ محەمەد و خان عمو شەوێك دێنەوە بۆ ماڵەوە، ئەوشەوە گوڵ محەمەد تا درەنگ بە قسەوباسەوە لەگەڵ دایكی و باوكی و مامیدا سەرقاڵ دەبێ، نیوەشەو دەچێتە چادری ماراڵ ــ ژنە تازەكەیەوەو دەخەوێ، داوا دەكات بەیانی زووخەبەری نەكەنەوە، بەیانی زوو خان عمو دەردەچێت. پاشان عەلی ئەشكین كە ئەفسەری پۆلیسەو كابرایەكی ئازایە لە ناكاو بە خۆی و كۆمەڵێ پۆلیسەوە دەگاتە سەر چادرەكانی ماڵی كلمیشی و گوڵ محەمەد دەستگیر دەكات. پاشان لەگەڵ خان محەمەد دا كە براگەورەی گوڵ محەمەدەو تازە لە بەندیخانە بەربووە بەرەو زیندانی (سبزوار) دەیانبات، لە رێگە كە مەترسی نامێنێ خان محەمەد ئازاد دەكات و گوڵ محەمەد دەباتە زیندانی (سبزوار) لەوێ دلاوەری كۆنە دەزگیرانی ماراڵ و عبدوس (باوكی ماراڵ) بەندن، ستاری پینەدۆزیش كە كابرایەكی حیزبییە و پاشان دەبێتە هاوڕێی نزیكی گوڵ محەمەد گیراوە. دلاوەر زۆر رقی لە گوڵ محەمەدەو شەڕی پێ دەفرۆشێ لەبەر ئەوەی دەزگیرانەكەی ئەوی هێناوە، بەڵام گوڵ محەمەد خراپ لە دلاوەر دەدات و دلاوەریش زیاتر رقی لێ هەڵدەگرێ. گوڵ محەمەد لە یەكەم ساتەوە كە دەچێتە زیندانەوە بیر لە راكردن دەكاتەوە، لەبەر ئەوەی كوشتنی (٢) پۆلیسەكەی لەسەر بووە بە ماڵ و (عەلی ئەكبەر) پۆستاڵەكەی تەسلیم كردووە، بە نیازن بینێرن بۆ دادگای (مەشهەد) و بە تۆمەتی كوشتنی بە ئەنقەست لە سێدارەی بدەن. گوڵ محەمەد لە سێدارە و لە مردن ناترسێ بەڵام ترسی ئەوەی هەیە لە زینداندا ببزرێنن. شەوێك گوڵ محەمەد لەناو خەیاڵات دا دەخەوێ دلاوەر چەقۆی بۆ حازر دەكات و دەیەوێ سەری ببڕێ، ستاری پینەدۆز پێ دەزانێ و دلاوەر دەگرێ و چەقۆكەی لێ دەسێنێ، پاشان گوڵ محەمەد لەم كاتەدا خەبەری دەبێتەوە. ستار نەخشەی راكردنی بۆ دادەنێ و شەوێك بە یارمەتی موساو خان عمو و خان محەمەد لە دەرەوە زیندانەكە دەبڕن و گوڵ محەمەد و دلاوەر و شمل یاخوت و بەلوچی ئەفغانی رادەكەن، بەڵام ستار خۆی راناكات و ماوەیەك دەمێنێتەوە و دوایی بەردەبێ. دوای راكردنیان شمل و دلاوەر لێیان جیادەبنەوەو گوڵ محەمەد و دووبراكەی (خان محەمەد + بیگ محەمەد) لەگەڵ مامی و بەلوچی ئەفغانی، بۆشەوی دوایی سواری ئەسپەكانیان دەبن و بەچەكەكانیانەوە بەرەو گوندەكەی عەلی ئەكبەر حاج پەسەند دەكەونەرێ كە كوڕی گوڵ ئەندامی پوری گوڵ محەمەدە، دەوری ماڵەكەی دەگرن و دەیكوژن و تۆڵەی ئەو ناپاكیەی لێ دەكەنەوە كە لەگەڵ گوڵ محەمەد و خان محەمەد كردوویەتی، عەلی ئەكبەر دەوڵەمەند بووە و پێشان لەگەڵ خان محەمەد رانە مەڕێكیان دزیوەو ئەو خان محەمەدی بەگرت داوەو رانە مەڕەكە بووە بەهی خۆی. لەتەقەی ئەوشەوەدا بەلوچی ئەفغانی دەكوژرێ و گۆڕغەریب دەبێ، پاشان هەندێ لە ئاژەڵەكانی عەلی ئەكبەر دەبەن لەگەڵ ئەو تفەنگانەی لە حكومەتی وەرگرتووە بۆ پارێزگاری خۆی و لەگەڵ هەندێ پارەدا، سەیر لەوەدایە كە گوڵ ئەندامی پوریان بۆ عەلی ئەكبەری كوڕی دەگری و لەگەڵ خەجێی كچی عەلی ئەكبەردا شیوەن دادەبەستن گوڵ محەمەدو بیگ محەمەد لەگەڵ پوریاندا بۆ عەلی ئەكبەر و بەلوچی ئەفغانی دەگرین. ئەوشەوە لەگەڵ خۆیاندا محەمەد رەزای كوڕی گوڵ خانم دەبەن و دەیكەن بە هاوڕێی خۆیان كە شوانی عەلی ئەكبەر بووە. دوای كوشتنی عەلی ئەكبەر، گوڵ محەمەد بیر لەوە دەكاتەوە كە هێز پێكەوە بنێ و ژمارەیان زیاد بكات، واتە جگە لە خۆی و هەردووبراكەی و مامی كە هەرچواریان لە بنەماڵەی كلمشین و سەر بە تیرەی میشكالی (شوانكارە)ن، كەسانیتر بخەنە پاڵ هێزەكەیان. میشكالی تیرەیەكی كوردن و لە كوردەكانی ئێرانن لەسەردەمی سەفەویەكاندا

گوێزراونەتەوە بۆ خۆرهەڵاتی ئێران. دیارە گوڵ محەمەد دەزانێت بۆ زیادکردنی ژمارەی چەکدارەکانی پێویستی بەچەك هەیە بۆ ئەم مەبەستەش سەرەڕای چەکەکانی عەلی ئەکبەر بە مەبەستی دەسکەوتنی چەك روو لە گوندی سنگرد دەکات و دەزانێت نەجەف ئەرباب کۆمەڵێ چەکی زەمانی جەنگی لەلایەو حەشاری داوە، چەکەکان بەفیشەك و پێویستیەکانی ترەوە لە نەجەف ئەرباب دەسەنێ کە ئاغای سنگردە، ئیدی وردە وردە هێزەکەی زیاد دەکات و ناوبانگیشی بڵاو دەبێتەوە. ناویشی لە گوڵ محەمەدەوە دەبێت بە گوڵ محەمەد خان.

پاشان گوڵ محەمەد و بیگ محەمەدو خان عمو روو دەکەنە گوندی (قلعە میدان) لەپەڕی گوندەکەدا دەچنە ماڵی قوباد کە جوتیارێکی ئاساییە. دیارە خان محەمەد و محەمەدرەزا هەندێ لە مەڕو ماڵاتەکەی عەلی ئەکبەریان بردووە بۆ چادرەکانی کلمیشی. گوڵ محەمەدو براکەی و مامی بۆیە خانوە لاپەڕەکە هەڵدەبژێرن دەزانن نەجەف ئەرباب خەبەریان لێ دەدات، چونکە نەجەف بە دوژمنی خۆیان دەزانن. دوای نان خواردن بیگ محەمەد و خان عمو دەخەون و گوڵ محەمەد یەکەم حەرەس دەبێ و لە هەیوانی قاتی سەرەوەی باڵەخانەکەدا حەرەسیاتەکەی دەگرێ، کە تەواویش دەبێ دڵی نایەت مامی و براکەی خەبەر بکاتەوەو هەرخۆی هەتا دەمەو بەیانی حەرەس دەبێ. لەگەڵ تاریك و لێڵی بەیانیدا عەلی ئەشکین بەخۆی و هەشت پۆلیسەوە دەگاتە سەریان و چواردەوری ماڵەکە دەگرێ و داوای تەسلیم بوونیان لێ دەکات، ئەمان دەنگ ناکەن و لە ناکاو بیگ محەمەد تەقە دەکات و پۆلیسێ دەکوژێ یەکێکی تریش کە لە پشتەوە بەسەر سەربانەکاندا دێت دەکوژرێ. خان عمو دەیەوێ لەناو ماڵەکەدا بمێنێتەوە و گوڵ محەمەد و بیگ محەمەد سواری ئەسپەکانیان بن و بەغار لە ماڵەکە بچنە دەرێ بۆ ئەوەی گەمارۆکە بشکێنن، بەڵام گوڵ محەمەد لەناو ماڵەکەدا دەمێنێتەوەو براکەی و مامی بەڕێ دەکات. کە ئەوان بەدەم تەقەکردنەوە دەردەچن دوان لە پۆلیسەکان شوێنیان دەکەون و گوڵ محەمەد بە تەنیا لەناو ماڵەکەدا دەمێنێتەوە، عەلی ئەشکین بانگی خاوەن ماڵەکە دەکات و قوباد دێتە دەرەوە، ئەوسا پۆلیسێکی لەگەڵدا دەنێرێتە ژوورەوە بزانێ چیان بەجێ هێشتووە، قوباد نازانێ گوڵ محەمەد لە ژوورەوەیە و پێش پۆلیسەکە دەکەوێ، گوڵ محەمەد بە قۆناغە تفەنگ پۆلیسەکە دەکوژێ و بە قوباد دەڵێ کەوا بکات عەلی ئەشکین بێتە ژوورەوە، عەلی ئەشکین کە دەبینێ پۆلیسەکە نەهاتە دەرەوە هاواری لێ هەڵدەسێ و خۆی دەکات بە ژووردا، گوڵ محەمەد فیشەکێك دەنێت بە کڵاوەی ئەژنۆیەوە، عەلی ئەشکین پێی دەڵێت ((بۆچی گوللەکەت نەنا بە دڵمەوە؟)) گوڵ محەمەد دەڵێت ((ویستم داخت بکەم، ویستم نیشانەی گوڵ محەمەد لەسەر لەشی ئەشکین بێ نەك لەسەر لاشەی ل١٢٣٨)) پاشان زامەکەی بۆ دەبەستێ و نایەوێ بیکوژێ. پاش کەمێك خان عمو و بیگ محەمەد دێنەوە ناودێ پۆلیسێکیان کوشتووەو یەکێکیان بەدیل گرتووە. سەرجەم چوار پۆلیس کوژراون و (٢) پۆلیس بەدیل گیراون، خان عمو گوێی دوو پۆلیسە دیلەکە دەبڕێ و دەیخاتە دەستیانەوە، پاشان عەلی ئەشکین دەکوژێ و بە گوڵ محەمەد دەڵێ: ماری زامدار نابێ بەرەڵڵا بکرێ. پۆلیسەکانی تریش هەڵدێن.

لە پاش کوشتنی عەلی ئەشکین گوڵ محەمەد زیاتر ناوبانگ پەیدا دەکات و دەکەوێتە سەرزاری خەڵك و لە خۆشەویستیدا شیعری بەسەردا هەڵدەدەن و بە شێوەیەك باسی کوشتنی عەلی ئەشکین دەکەن کە بە سوپایەکەوە هێرش کردۆتە سەرگوڵ محەمەدەکان و سوپاکەی شکاوەو خۆشی کوژراوە. خەڵك گوڵ محەمەدیان کردووە بەوێردی سەرزاری خۆیان و گەلێ شیعریان بەسەردا هەڵداوە وەکو ئەم شیعرە:



((گوڵ محەمەد ویلایەتەکە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە))
((گوڵ محەمەد ملەکانی گرتووە))
((گوڵ محەمەدباج لە ئاغاکان دەسێنێ))
((گوڵ محەمەد دەستی لەگەڵ ئاغاکان تێکەڵ کردووە))
((گوڵ محەمەد سایەی سەری بێ کەسانە))
((گوڵ محەمەد ئومێدی دایکانە))
((گوڵ محەمەد، گوڵ محەمەد، گوڵ محەمەد))ل ١٣٨٥

دوای کوشتنی عەلی ئەشکین، خان نایب بە خۆی و هێزێکەوە دەکەوێتە شوێن گوڵ محەمەد و دەیەوێ بیکوژێ. خان نایب زۆر توندوتیژەو زۆر بە پەلەیە بۆ کوشتنی گوڵ محەمەد. کاتێ بەخۆی و هێزەکەیەوە دەگاتە چادرەکانی مەلامعراج کە ئاشنای گوڵ محەمەدەو گوڵ محەمەدی زۆر خۆش دەوێ، چادرەکانی دەسووتێنێو بەوەشەوە ناوەستێ و ریشی مەلامعراج دەسوتێنێ. گوڵ محەمەدو بیگ محەمەدو ستاری پینەدۆز بە دووربین تەماشای کردەوەکانی خان نایب دەکەن لەگەڵ مەلامعراج و خێزانەکەیدا. دوای ئەوەی خان نایب پاشەکشە دەکات گوڵ محەمەد ستار دەنێرێ بۆ هەواڵی مەلامعراج و پێی دەڵێ کە شەو خۆی و دەستەکەی دەگەڕێنەوەو نانی ئێوارە لای مەلامعراج دەخۆن. بەرەو پێشەوەی هێزەکەی خان نایب دەچن، شەو درەنگ دەگەڕێنەوە بۆ چادرەکانی مەلا معراج ئەسپەکەی خان نایب یان پێیە دوایی کە دەگەنە چادرەکان دەردەکەوێ کە بۆسەیان بۆ هێزەکەی خان نایب داناوەو کوشتوویانەو سەریان بڕیووەو کەللەکەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، بۆ ئەوەی مەلامعراج ببینێ و هیچی لەدڵدا نەمێنێ. خان محەمەد کەللەکەی دەخاتە ناو ئاگرەوە بۆ ئەوەی بتەقێ. حەیدەری کوڕی مەلامعراج حەیوانێکیان بۆسەر دەبڕێ و دەیخۆن. گوڵ محەمەد لەم شەڕەدا فیشەکێك بەر قاچی دەکەوێ و بریندار دەبێ، پاشان ستار گوللەکەی بۆ دەردەهێنێ و قاچی چاك دەبێتەوە. پاشان گوڵ محەمەد نازناوی سەردار ـ ی دەدرێتێ و لای خەڵك زۆر خۆشەویست دەبێ. لە گوندی (قلعه میدان) جێگیر دەبێ و دەبێتە خاوەنی ماڵ و سامانێکی زۆر، بەڵام ئیشکردنی گوڵ محەمەد بە شێوەیەکی سەیرەو لەبەر ئەوەی کابرایەکی نەخوێندەوارە بەرنامەیەکی روونی نییەو خۆشی نازانێ بۆچی یاخی بووە؟ لە لایەکەوە داکۆکی لە هەژاران دەکات و یارمەتیان دەدات و تا رادەیەك

نایەڵێ زوڵمیان لێ بکرێ. لە لایەکی ترەوە لەگەڵ ئاغاکاندا رێکدەکەوێ داوەتی دەکەن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، لەلای سێیەمەوە لێپرسراوی پۆلیسی ناوچەکە واتە (فریبخش) نامەی بۆ دەنێرێ و دۆستایەتی دەکات و لە نەخشەکانی حکومەت ئاگاداری دەکاتەوە. گوڵ محەمەد کاتێ لە قلعە میدان جێگیر دەبێ خۆی دەکات بە حاکمی ناوچەکەو کێشەکانی خەڵك چارەسەر دەکات. عەدالەت و رەوشت بەرزی گوڵ محەمەد وای کردووە کە هەمیشە لای خەڵك خۆشەویست بێ و لەسەر کاری خراپیش چاوپۆشی لە کەس ناکات. لەسەر ئەوەی مامی لەگەڵ بێوەژنێکدا بە شێوەیەکی ناشیرین دەبینێ پێی دەڵێت:

((خان عمو دەمکوشتی ئەگەر حەق و حوورمەتی باوکێکت نەبوایە لە ئەستۆمدا)) ل١٧٠

نەجەف ئەرباب بە شێوەیەکی خراپ دوژمنایەتی گوڵ محەمەد دەکات و بۆ ئەمەش دووکەس هان دەدات کە بە ناوی جەماعەتی گوڵ محەمەدەوە دزی بکەن. کاتێ گوڵ محەمەد دەیانگرێ یەکێکیان دەکوژێ و ئەوی تریان لەگەڵ جەماعەتەکەیدا رێك دەخات لەبەر ئەوەی راستگۆ بووەو پاشان دەیکات بە بەڵگەو دەیباتە رووی نەجەف ئەرباب و هەموو ئەو دزیانەی کردوویانە بە نەجەف ئەرباب دەبژێرێ و دەیداتەوە بە خاوەنەکانیان.

تا دێت ناوبانگی گوڵ محەمەد زیاتر بڵاودەبێتەوەو شکاتی ئاغاکانیش لای حکومەت زیاتر دەبێ بۆ لەناو بردنی گوڵ محەمەد (ئالاجاقی) کە ئاغایەکی گەورەی ناوچەکەیەو لە (سبزوار) دادەنیشێ دۆستایەتی لەگەڵ گوڵ محەمەد هەیەو پیلانیش بۆ لەناو بردنی دادەنێ بۆ ئەم مەبەستە خان عمو بانگ دەکات و (٢٠) هەزار تمەنی دەداتێ بۆ لەناو بردنی گوڵ محەمەد بەڵام خان عمو پارەکە وەردەگرێ و مەسەلەکەش بۆ گوڵ محەمەد باس دەکات، ئەویش پارەکە بەسەر چەکدارەکانیدا دابەش دەکات.

ئالاجاقی لە لایەکی ترەوە داوا لە گوڵ محەمەد دەکات کە (١٠٠) هەزار تمەن بدات بۆ ئەوەی (تەئمین) لە حکومەت وەربگرێ واتە ببێت بە پیاوی حکومەت و کار بۆ حکومەت بکات لەبەرامبەر ئەوەشدا حکومەت لێی خۆشدەبێ، ئەم راسپاردەیەش لە رێگەی جهن خان ـــ ەوە دەگەیەنرێ بە گوڵ محەمەد کە لە چایخانەیەك یەکتری دەبینن و دەستیان لەسەر تفەنگەکانیانە. لەبەر ئەوەی جهن خان ـ کۆنە یاخیەو ئێستا کار بۆ حکومەت دەکات و بە لووچە بۆیەگوڵ محەمەد تا رادەیەك حسابی بۆ دەکات چونکە دەڵێ کوردو بەلوچ لەیەك نەژادن و دەتوانن زەفەر بەیەك بەرن. بەڵام گوڵ محەمەد رازی نابێ ببێ بە پیاوی حکومەت و واز لە یاخی بوونی خۆی ناهێنێ. هەرچەندە بەلقیس و (قربان بلوچ) دۆستی گوڵ محەمەد، و خان محەمەدی برای داوای لێ دەکەن کە پشت لە ئاغاکان بکات چونکە ئەوان هەوڵی لەناو بردنی دەدەن، گوڵ محەمەد بەقسەیان ناکات و ئەو داوەتە قبوڵ دەکات کە لە لایەن ئالاجاقییەوە بۆی دەکرێ. واتە لە زەماوەندی (ئەسلان)ی کوڕی (بندار)دا حازر بێ کە ئاغای گوندی (قلعە چمن)ە. گوڵ محەمەد دەچێت بۆ زەماوەندەکەو لەوێ ئالاجاقی و فریبخش دەبینێ، ئالاجاقی داوای لێ دەکات ستار بکوژێ و نەجەف ئەرباب ئازاد بکات دیارە ماوەیەکی زۆر نەجەف ئەرباب بە سجنی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێ. دوای ئەوەش داوای لێ دەکات کە داوای تەئمین بکات. گوڵ محەمەد نەجەف ئازاد دەکات بەڵام نەستار دەکوژێ و نە داوای تەئمین دەکات. بەڵکو شەڕ لەگەڵ حکومەتدا هەڵدەبژێرێ.

دوای گەڕانەوە لە زەماوەندی (قلعە چمن) گوڵ محەمەد چوار سوارومامی دەنێری بۆ گوندی (خرسف) بۆ لای حاجی خرسفی لەبەر ئەوەی لە زەماوەندەکەی (قلعەچمن) دا بەڵێنی داوە لەیلای کچی بدات بە بیگ محەمەدی برا بچووکی گوڵ

محەمەد. کاتێ خان عمو بە خۆی و سوارەکانیەوە خۆی دەکات بە گونددا تەماشا دەکات کەس بە دەرەوە نییەو حاجی خرسفی چووە بۆ شار و کچەکەشی لەگەڵ خۆی بردووە تا شکات لە گوڵ محەمەد بکات کە بە زۆر دەیەوێ کچەکەی لێ بسەنێ و بەڵێنی داوە هەتا حکومەت مەسەلەی گوڵ محەمەد و جەماعەتەکەی یەکلایی نەکاتەوە نەگەڕێتەوە بۆ گوند. خان عمو لەوە تورە دەبێ و داوا لەو خەڵکە دەکات کە لە ماڵەوە خۆیان شاردۆتەوە بێن و عەمارەکەی حاجی بشکێنن و هەرچی دەغڵ و دانێکی تێدایە بیبەن بۆ خۆیان، خەڵکەکە دێن و لە ترسی خان عمو عەمارەکە دەشکێنن بەڵام لە ترسی حاجی خرسفی ناوێرن هیچ ببەن. خان عمو تووڕە دەبێت و داوا دەکات هەرچی دەغڵ و دانە بیکەنە جەواڵەوەو بە ولاخ بیبەن بۆ سەرچەمی نزیکی گوند پاشان ئەمر دەکات دەغڵ و دانەکە بدەن بەدەم ئاوی چەمەکەوە. هەر زوو لەم کارە پەشیمان دەبێتەوە چونکە بە کفری نیعمەتی دەزانێ، ژنێکی گوندی خرسف پێی دەڵێ جاران کە دەغڵ و دانمان نەبوو ئومێدمان بە حاجی خرسفی هەبوو بەڵام خان عمو تۆ ئەو ئومێدەشت بڕین. هەر ئەو ژنە لە جێگایەکی تردا پێی دەڵێ: ((ئەم کارەی تۆ کردت بەرهەمەکەی چی بوو)) ل٢٣٠٤. کە دەگەڕێتەوەو مەسەلەکە بۆ گوڵ محەمەد دەگێڕێتەوە ئەو یەکسەر دەڵێت: ((خان عمو ئێمە دۆڕاندمان)).

لەبەر ئەوەی فریخش نەیتوانیووە گوڵ محەمەد لەناو ببات نەقڵی دەکەن و سەرهەنگ بەکتاش لە شوێنی دادەنێن. ئەویش دوو پۆلیس دەنێرێ بۆ لای و داوای لێ دەکات لە ماوەی دووشەوو ڕۆژدا خۆی تەسلیم بکات. گوڵ محەمەد داوا دەکات خواردن بە دوو پۆلیسەکە بدەن و بەڕێیان بکەن، دیارە ئەوەش دەڵێ کە تەسلیم نابێت. بەر لەوەش (سید شرضا) کە کۆنە یاخیە و ئیش لەگەڵ حکومەت دەکات و دۆستی نزیکی گوڵ محەمەدە داوای لێ دەکات کە ئەگەر داوای تەئمین ناکات لەم ناوچەیە دوور بکەوێتەوە بۆ ئەوەی نەکوژرێ. سید شرضا ئامادەیی خۆی نیشان دەدات بۆ دوورخستنەوەی گوڵ محەمەد لە ناوچەکە، بەڵام گوڵ محەمەد داواکەی ڕەت دەکاتەوە، سید شرضا ئەوەی بۆ باس دەکات کە باوی یاخی بوون نەماوە و گوڵ محەمەد دوا یاخی دەبێ. لە وەڵامدا گوڵ محەمەد دەڵێ: ((بیەڵە با بەد ئاخر نەبم))ل٢٣٧٧.

پاشان سوارەکانی کە ژمارەیان (٢٧) کەسە هەموویان ڕەوانە دەکات بۆ ناو ماڵ و منداڵەکانیان چونکە دەڵێ حکومەت کێشەی لەگەڵ منە نەك لەگەڵ ئێوە بۆیە نامەوێ بکوژرێن. بەم شێوەیە خۆی و ستار و قوربان بەلوچ و بیگ محەمەدی برای و مامی و خان محەمەدی برای و زیوەری ژنی ڕووبەڕووی حکومەت دەبنەوە و بەم شێوەیە کۆتایی بە ڕۆمانەکە دێت.

## ڕەسەنایەتی لە ڕۆمانی کلیدەردا

گومان لەوەدانییە کە ڕەسەنایەتی لە ئەدەب و بە تایبەتی لە ڕۆماندا گرنگی خۆی هەیە. ئەوەی کە نابێ لێرەدا لە یاد بکرێ ئەوەیەکە مۆرکی ڕەسەنایەتی و خۆماڵیتی ڕێ لە بەجیهانیبوونی ئەدەب ناگرێ و بە پێچەوانەوە دەشێ ئەدەب بە مۆرکی ڕەسەنایەتی و خۆماڵیتییەوە بەرەو بەجیهانیبوون هەنگاو بنێ. ڕەنگە دیارترین نموونەی بەرجەستە بۆ ئەم مەسەلەیە ڕۆمانەکانی گابریل گارسیا مارکیز بێ کە لەو کاتەدا وەکو نموونەی ئەدەبی جیهانی ناسراون لە هەمانکاتدا مۆرکی کۆلۆمبیاشیان پێوەیە و ڕەسەنایەتی و خۆماڵێتی خۆیان لە دەست نەداوە؛ بۆ نموونە ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی) کەلە ساڵی ١٩٨٢دا خەڵاتی نۆبڵی بۆ مارکیز بەدەست هێنا. باس لە تەنیایی مرۆڤ دەکات و تەنیایی مرۆڤیش وەك دەزانین بابەتێکی جیهانییە بەڵام کارەکتەرەکانی ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیایی

خەڵکی کۆڵۆمبیان و مۆرکی رەسەنایەتی و خۆماڵێتی ئەو وڵاتەیان پێوەیە، ئەمەش زۆر بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێ و رێگەی لە بە جیهانیی بوونی ئەو شاکارەی گابریل گارسیا مارکیز نەگرتووە.

رۆمانی کلیدەریش مۆرکی رەسەنایەتی خۆی پێوەیەو بۆ هەر زمانێك وەربگێردرێ ئەو رەسەنایەتی و خۆماڵێتییەی خۆی لەدەست نادات. رۆمانی کلیدەر بە شێوەیەکی سەرەکی بەسەرهاتی بنەماڵەیەکی کورد باسدەکات کەلە سەردەمی سەفەویەکاندا گوێزراونەتەوە بۆ خۆرهەڵاتی ئێران و لە پارێزگای خوراسان جێگیر بوون و هەتا ئێستاش رەگ و ریشەیان ماوە و گوڵ محەمەدی پاڵەوانی رۆمانەکەش پاڵەوانێکی زادەی خەیاڵی دەوڵەت ئابادی نییە بەڵکو پاڵەوانێکی میللی کوردی ئەو ناوچەیەیە.

دیارە بێجگە لە گوڵ محەمەدی پاڵەوانی رۆمانەکە زۆربەی کارەکتەرە سەرەکیەکانی دیکەی رۆمانەکە کوردن وەکو بنەماڵەی کلمیشی کە بریتین لە مانە {سەرەڕای گوڵ محەمەد، کلمیشی خۆی (باوکی گوڵ محەمەد)، خان عمو، ماهك کچی خان عمو، بیگ محەمەدو خان محەمەد و شیرو خوشك و براکانی گوڵ محەمەد، بەلقیس دایکی گوڵ محەمەد} بنەماڵەی بەلقیس کە بریتین لە (براکانی بەلقیس عبدوس و مدیار، ماراڵ کچی عبدوس، گوڵ ئەندام خوشکی بەلقیس، عەلی ئەکبەر حاج پەسەند کوڕی گوڵ ئەندام) وەك وتمان رۆمانی کلیدەر بە شێوەیەکی سەرەکی باسی بنەماڵەیەکی کورد دەکات و یەکەم رستەی رۆمانی کلیدەر بەم شێوەیەیە ((اهل خراسان مردم کرد بسیار دیدەاند))ل١ واتە ((خەڵکی خوراسان خەڵکی کوردیان زۆر دیوە)) کەواتە لەیەکەم رستەی رۆمانەکەدا وشەی کورد هاتووەو بەشێکی زۆری رۆمانی کلیدەریش باس لە رەسەنایەتی و نەریت و خووی ئەو بنەماڵە کوردە دەکات. بۆیە لە رەسەنایەتی رۆمانی کلیدەردا تەنها باسی هەندێ لەو نەریتانە دەکەین کە رەسەنایەتی ئەو بنەماڵە کوردە دەردەخەن و بە شێوەیەکی بەرچاو لە رۆمانەکەدا بەدی دەکرێن؛ دیارە رەسەنایەتی ئەو بنەماڵە کوردەی لە رۆمانەکەدا دەبینرێ بەشێکن لە رەسەنایەتی نەتەوەی کورد بە گشتی. لێرەوە دەچینە سەر نموونەکان:

➢ گوڵ محەمەد لە ماڵی پوری بە گوڵ ئەندامی پوری دەڵێت:

((ئەگەر خۆمانەش حسابی نەکەی، من میوانی ئێوەم، تا ئێستا لە نێو کورددا عادەت ئەوە نەبووە کە بەم جۆرە زەهر بکەینە نانی میوانەوە!...))ل ٣٢١

دیارە میوان دۆستی و رێزگرتن لە میوان نەریتێکی کوردانەیە و گوڵ محەمەدیش لێرەدا ئەوە دوپات دەکاتەوە کە کورد میوان دۆستی و رێزگرتنی میوانی کردووە بە نەریت و وەکو نەریتێکی پیرۆز تەماشای دەکات. کەواتە کلیدەر لێرەدا ئاماژە بۆ رەسەنایەتی ئەو نەریتە کوردانەیە دەکات.

نەریتی ژن هەڵگرتن و رەدوکەوتن ئەگەرچی لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا شتێکی ئاساییەو دوای رەدوکەوتن وەکو خەڵکی ئەو هەندە ناوچەیە دەڵێن (مەسڵەت) دەکەن. بەڵام لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بە توندی دژی رەدوکەوتن دەوەستنەوەو لە زۆر ناوچەدا سزای کوشتن بۆ ژنەکەو ژن هەڵگرەکە دادەنێن و نایەڵن هەروا بە ئاسانی ئەو کردەوەیەیان بەسەرەوە بچێ. لە رۆمانی کلیدەردا شیروی خوشکی گوڵ محەمەد لە نیوەشەودا لەگەڵ (ماه دەروێش)دا دەڕوات و رەدووی ماه دەروێش دەکەوێت. ئەگەرچی ماه دەروێش شیرو مارە دەکات و بەرەسمی دەبێتە ژنی بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە لە سزای بنەماڵەی گوڵ محەمەد رزگاری بێت. هەرچەندە گوڵ محەمەد نایەوێ تۆڵەی ئەو کردەوەیە لە ماه دەروێشی بێ دەسەڵات بکاتەوە بەڵام ماه دەروێش لە رقی بیگ

محەمەدی برا بچووکی گوڵ محەمەد رزگاری نابێ و بیگ محەمەد لە سەر ئەو تاوانە نە لە ماه دەروێش نە لە شیرو خۆش دەبێت. ڕۆژێك بە سواری ئەسپەکەیەوە خۆی دەکات بە گوندی (قلعەچمن)دا و نافەکی ماه دەروێش و زوڵفی شیرۆی خوشکی دەبڕێت و هەردووکیان دەباتەوە بۆ باوکی و کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە نافەکی ماه دەروێش و زوڵفی شیرۆ لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەیەوێ نیشانی باوکی بدات. بەڵام بەڵقیس فرسەت دەهێنێ و زوڵفە بڕاوەکەی شیرو هەڵدەگرێو بۆنی دەکات و دەڵێت: ((خوایە، شیرۆ زوڵف براوبووی؟! ل٢١٦)) کلمیشی هەرچەندە پرچە بڕاوەکەی شیرۆ نابینێ بەڵام باوەڕ دەکات و کاتێ نافەکە بڕاوەکەی ماه دەروێش دەبینێ روو لە بیگ محەمەد دەکات و دەڵێت: ((کارێکی بەجێت کرد کوڕم، بەجێ. شیرت حەڵاڵ، عومرت بە کەماڵ. عومری منت کڕییەوە، خودایە، پەروەردگار، لە عومری من بگرە بیخەرە سەر عومری بیگ محەمەدم، پشتم راست بۆوە، سەرم بەرز بۆوە، سەرفرازت کردم بیگ محەمەد... ل ٢١٧)).

وەك دەزانین لەناو کوردەواری خۆماندا نافەك برین و زوڵف برین بۆ سوکایەتی پێکردن و سزادان بەکاردێن بۆیە بەم شێوەیە ماه دەروێش و شیرۆ لەسەر کردەوەکەیان سزا دەدرێن چونکە رەدوکەوتن وەکو وتمان لە گەلێ شوێن سزای قورسی هەیە. براکانی شیرۆ واتە گوڵ و بیگ و خان محەمەد بە شێوەیەك رق لە شیرۆ هەڵدەگرن دوای ئەوەی واز لە ماه دەروێشیش دەهێنێ و دەگەڕێتەوە بۆماڵی باوکی دایکی بەدزیەوە، دەیبات بۆ قلعە میدان بۆ ماڵی گوڵ محەمەد هەرچەندە لێیان دەپاڕێتەوەو هەرچەند داوایان لێ دەکات هیچیان، روو لە شیرۆ ناکەن و لەو تاوانەی خۆش نابن هەتا کار دەگاتە ئەوەی شیرۆ پێڵاوەکانیشیان ماچ دەکات بەڵام ئەوان هەر لێی خۆش نابن، پاشان گوڵ محەمەد دەڵێت نابێ خوشکەکەمان بەرەڵڵا بکەین و ئەم ماڵ و ئەو ماڵ بکات. بۆیە رێگەی دەدەن کە لەگەڵیان بژی بەڵام بە دەگمەن نەبێ قسەی لەگەڵ ناکەن.

جاران لای کورد رێگریی نەریتێکی باو بوو زۆربەی ئەو رێگرانەی بەدەست بوون و توانایان هەبوو لە کاتی رێگریدا شتیان لە خەڵکی نەدارو بە لەنگاز نەدەسەندو زیاتر کە رێگریان دەکرد ئەو کەسانەیان رووت دەکردەوە کە داراو دەوڵەمەند بوون. پەنجا شەست ساڵ بەر لە ئێستا لە سلێمانی کەسێك کە بچوایەتە داوای کچ دەیانپرسی کە زاوا دەتوانێت رێگری یان چەتەیی بکات ئەگەر وەڵام بەڵێ بوایە ئەوا کچەیان دەدایە، ئەگەر واش نەبوایە ئەوا ژنی بە نسیب نەدەبوو. بۆیە زۆر جار ماڵی زاوا بۆ ئەوەی خۆیان لەو پرسیارە بپارێزن پێشان دەیانگوت کە زاوا دەتوانێت چەتەیی بکات. دیارە ئێستاش ئەوەی بتوانێ بە شێوازی ئێستا چەتەیی بکات باشتر ژنی پێ بەخێو دەکرێ. بەهەرحاڵ خان عمو لەو ساڵەدا کە نەهاتی روویان تێ دەکات و زۆربەی حەیوانەکانیان بەهۆی نەخۆشیەوە تیادەچێت دەیەوێ رێگری بکات، بەڵام دیارە بەو شێوەیەی کە تەنها ماڵ لە داراکان وەربگرێ و دەوڵەمەندەکان رووت بکاتەوە. خان عمو دەزانێت باب و باپیری لەکاتی نەبوونیدا پەنایان بۆ چەتەیی و رێگری بردووە ئەوەتا بە گوڵ محەمەد دەڵێت ((... تۆ باوەڕت وایە باوو باپیری ئێمە لە ساڵانی ئاوادا چیان دەکرد؟ سەری یەکتریان نەدەخوارد! بەڵام دیارە کە بە جۆرێ سکی خۆیان تێر دەکرد، ماڵی غەیر! ئەمە نەریتی ئێمە مانانە. ئێستا نازانم تۆ چۆن ئەم قسەیە دەکەی؟ دەتەوێ نانی حەڵاڵ لە کوێ پەیدا بکەی؟ ل٣٨٧))

وەك دەزانین لە کوردەواری خۆماندا بەردەوام پیاوان سەرداری ژنان بوون و پیاوان هەمیشە ژنانیان چەوساندۆتەوە و حسابیان بۆ ژنان نەکردووە. دەرەبەگەکانی ئێمە نەك تەنها ژنەکانی خۆیانیان بە موڵکی خۆیان زانیووە بەڵکو ژنی جوتیار و

رەعیەتەکانیشان بە مولکی خۆیان زانیـوەو لەگـەڵ ئاژەڵەکانیاندا حسابیان بـۆ کـردون. سـەیر لەوەدایـە جوتیـارو رەعیەتـەکانیش مێردەزمـەی ژن بـوون و ئـەوانیش ژنانیـان چەوسـاندۆتەوەو لەگـەڵ ئـاژەڵدا ئەگەر هەیانبووبێ حسابیان بـۆ کـردوون. لـە ڕۆمـانی کلیدەردا ئەم راستیە زۆر بە جوانی لە زمانی زیوەری ژنی یەکەمی گوڵ محەمەدەوە ئاشکرا دەکرێ کاتێ دوو پۆلیس روو لـە چادرەکانیان دەکـەن و پیـاو لـە ماڵەوە نییـە زیـوەر دەڵێت: ((بـرا گیـان پیاوەکـانی ئێمە لە ماڵەوە نین. ئێمە غیرەتی ئەوەمان نییـە کـە بەبێ فەرمانی ئەوان ئاو بخۆینەوە. ئێمە، هەتا ئەوان لـە ماڵـەوە نـەبن، نـاتوانین جێگـەتان بکەینـەوە... ل٥٧٠))

سـەرەڕای زوڵـم و زۆر و چەوسـانەوە ژنـی کـورد زۆرجـار لەگـەڵ بـواردا بوونـی خـۆی سـەلماندووەو گـەلێك جـاران شـان بـە شـانی پیـاو لـە دژی دوژمـن شـەڕی کـردووە و چاپووکی و ئازایـەتی ژنـی کـورد هیچی لـە پیـاو کـەمتر نـەبووەو گـەلێ جـار شـێری مـەیدانی جـەنگ بـووە. لـە ڕۆمـانی کلیدەریشدا ژنـە کوردەکان گەلێك جار هەڵوێستی جەربەزانە دەنوێنـن و تا کەناری مەرگ دەڕۆن. لـە کـاتێکدا (جـهن خـان) بەخۆی و پیاوەکانیەوە هێرش دەکاتـە سـەر گونـدی قلعە چمن و پاش ئەوەی ماه دەرویش لە سەریانەوە هەڵدەداتـە خـوارەوەو پشـتی دەشـکێنێ، ئـەوە ئازایەتی شیرۆی ژنی ماه دەروێشە کـە دەبێتـە هـۆی دەستگیر کردنـی بـەلووچی ئـەفغانی و شـیرۆ تۆڵـەی مێردەکەی لـە بـەلووچی ئـەفغانی دەکاتـەوە، بـا ئازایـەتی شیرۆی خوشکی گـوڵ محەمـەد لـە زمـانی بەلووچی ئەفغانی خۆیەوە ببینین کە لـە زینداندا بـۆ هاوڕێکـانی بـاس دەکـات: ((... سـەیدە نەگبـەت (مەبەستی ماه دەروێشە) مەگەرچی کردبـوو کـە لـە سەریانەوە فڕێی بدەنە خوارەوەو کەفتەکاری بکەن؟ بەڵام ئەو سـیدە ژنێکـی عـەجیبی هـەبوو، شـێرە ژن بوو، چی دەکرد، ئەوهـەمان ئـەو ژنـە بـوو کـە منـی توشی ئەم ڕۆژە کرد. تاچوم خـۆم بپێچمـەوە و بـۆی دەرچم، چل تێلای تێ سرەواندم، لە ژیانمدا ژنـی وا چاپووکم نەدیبوو. ژنـی وا بـۆ لەشکر باشـە نـەك بـۆ ئەوەی لە ماڵەوە جل بشوات ل٩٨٨)).

لە جێگایەکی تردا مارالی ژنی گوڵ محەمەد وەکو شێرەژنێ خـۆی نیشـان دەدات و شـان بـە شـانی سوارەکانی تر لەگەڵ گوڵ محەمـەددا دەڕوات. کاتـێ دەچن بـۆ گرتنـی نەجـەف ئـەرباب مـاراڵ مناڵەکـەی دەکاتە کۆڵی و برنەو دەکاتە شانی و فیشـەك لـغ لـە خۆی دەدات و سواری قەرەئات دەبـێ و شانبەشـانی گوڵ محەمـەد و سـوارەکانی دەردەچێت، مـاراڵ لـە دواشەڕیشـدا دەیـەوێ شانبەشـانی گـوڵ محەمـەد لـە دژی دوژمنەکانی بجەنگێ بەڵام گوڵ محەمەد ڕێگـەی نادات بچێتە مەیدانی جەنگەوە.

بەلقیسی دایکی گوڵ محەمەدیش ئەو ورە بـەرزی و ئازایەتییەی دەینوێنێ بەراستی تەنـها لـە ژنـی کـورد دەوەشێتەوەو چەند جارێك لە رووی گـوڵ محەمـەدی کوڕیدا دەڵێت: ((بەرخی نێر بۆ سەربڕینە)). بەلقیس لە کاتی مـەرگی کوڕەکانیشیدا لەبـەردەمی دوژمنـدا نایکـات بـە شـیوەن و زاری و نایـەوێ لاوازی نیشـان بدات، چونکە دەزانێ دڵی دوژمن بەوە خۆش دەبێ.

زیوەری ژنی گوڵ محەمەدیش نموونـەی ژنـی ئـازاو چاونەترسەو پۆلیسێك بەدیل دەگرێ و تەسلیمی گوڵ محەمـەدی دەکـات و بـە تفـەنگی پۆلیسـەکە لـە دژی دوژمنـەکانی گـوڵ محەمـەد شـەڕ دەکـات هـەتا لـەو پێنـاوەدا دەکـوژرێ. کلیـدەر پـڕە لـە هەڵوێسـتی جوامێرانـەی ژنـی کـوردو دەتوانـرێ گـەلێ نموونـەی تریش باس بکرێ.

ئـەم نموونانـەی باسمـان کـردن و گـەلێ نموونـەی دیکەش ئاوێنەی ڕەسەنایەتین لـە ڕۆمـانی کلیـدەردا، وێڕای ئەمە ڕۆمـانی کلیـدەر بـە گـەلێ شـتی دیکـەش ئاشـنامان دەکـات کـە دەتوانـین بـە تایبەتمـەندی ڕۆمانەکەی لێك بدەینەوە. بۆ نموونە بە دوورو درێژی باسی ئەسپ سواریی دەکات و هەر کاتـێ سـوارەکان

دەگەنەجێ دەبێ ئەسپەکان پشوو بدەن و ئارەقی لەشیان وشك بکرێتەوەو دەسبەجێ ئالیك بۆ ئەسپەکان دابین بکرێ و بەدەگمەن نەبێ نابێ قەت دووکەس سواری ئەسپێك ببن و لە کاتی دەرچووندا دەبێ ئالیکی یەدەك بۆ ئەسپەکان هەڵبگیرێ، یان لە کاتی دابەزینی گوڵ محەمەد یان هەر شۆڕەسوارێکی دیکەدا دەبێ رەشمەی ئەسپەکەی بدرێتە دەست کەسێك هەتا تاقەت دەکرێ و دەبرێتە سەر ئاخوڕ. سەیر لەوەدایە دەوڵەت ئابادی لە کاتێکدا ئەو هەموو زانیاریەمان سەبارەت بە ئەسپ سواری دەداتێ خۆی یەکجار و تەنها چەند هەنگاوێ سواری ئەسپ بووە.

جگە لەمەش کلیدەر بە شێوەی ژیانی مەڕ داریی و دەوارنشینی و شارو لادێی ئەو کاتەی خوراسان ئاشنامان دەکات کە بریتییە لە زەمەنی چلەکانی سەدەی بیست و باسی رەفتاری شاو دەست و پێوەندەکانی و ئاغاکان و چەوسانەوەی جوتیاران دەکات. باسی پیرۆزی دەغڵ و دان دەکات لای جوتیاران و چۆن لە ناو تاریکایی نەخوێندەواریدا دەژین. کلیدەر رۆمانێکی درێژە باس لە گەلێ شت دەکات بۆیە هەوڵدان بۆ کورت کردنەوەی گەلێ ماندوومان دەکات.

## هەندێ لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی رۆمانی کلیدەر

١/ گوڵ محەمەد:

تەمەنی لە سەروو سیو پێنج ساڵەوەیەو لەبەشی سوارە سەربازیی کردووەو لە کاتی جەنگدا سەربازیی کردووەو لەشەڕدا خەڵکێکی زۆری کوشتووە؛ رەنگە ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی کەسێتی‌یەکی بەهێزی هەبێ و هەمووان حسابی بۆ بکەن بەر لەناو دەرکردنیشی. گوڵ محەمەد هەرچەندە نەخوێندەوارەو برای ناوەنجییە، کەچی حسابی براگەورەی بۆ دەکەن و باوکی و مامیشی گوێی لێ دەگرن و بە قسەشی دەکەن. بۆ خۆشی پیاوێکی بەمشوورو بە هەڵمەتەو دڵسۆزو خەمخۆری هەموانە و هەیکەلێکی تۆکمەی هەیەو نیگایەکی قووڵی وای هەیە کە کەم کەس دەتوانێ رووبەرووی بێتەوە. لە کاتی کێشەدا دەیەوێ رای کەسانیتر بزانێت و ئەوسا رای خۆی دەڵێت کە یەکلایی کەرەوەیە. لە کاتی ناو بانگ دەرکردنیدا زۆر ئینکارەو دەیەوێ رای خۆی فەرز بکات. بەڵام لە کاتی تەنگانەشدا بەرچاو روونەو بە تەنیا رووبەرووی کێشەکان دەبێتەوەو هەرگیز لە کاتی تەنگانەداوره بەر نادات و قەت ناترسێ و کوڕی رۆژی تەنگانەیە، کەسێکی خاکی و سەخی و بێ تەماعەو لە نارەحەتیدا لە پێشەوەیەو لە خۆشیدا لە دواوەیە. بە کورتی دەتوانین بڵێین کەسێکی نموونەییەو لە هەموو کاتەکاندا هەڵوێستی خۆی هەیە تەنها لە کاتێکدا نەبێت ئەویش ئەو کاتەیە کە لە چایخانەکەی مەلەك مەنسوور و بە بەرچاوی ئەوەوە جەلیل ئاغای کوڕی ئالاجاقی گوێی نادعلی دەبڕێ دەنگ ناکات ل٢٠٤٦. دەشێ ئەمەش هۆی خۆی هەبێت و ئەوە بێ کە گوڵ محەمەد لە نێوان ئاغاو رەعیەتەکاندا خۆی ساغ نەکردۆتەوە. بەڵام گوڵ محەمەد هەتا کۆتایی رۆمانەکەش دەستبەرداری رەفتاروکردارە نموونەییەکانی خۆی نابێت و وا خوێنەر شەیدا و سەراسیمەی خۆی دەکات، کە هەردەم دەستی لەسەر دڵی بێت و بزانێت گوڵ محەمەد چی بەسەر دێت. گوڵ محەمەد دوو ژنی هەیەو هەردووکیانی وەکو یەك خۆش دەوێ، گوڵ محەمەد نموونەی مرۆڤی سەر راست و قسە راستی ناوچەکەیەتی.

٢/ خان عمو

خان عمو برا بچووکی کلمیشییەو پیاوێکی خاوەن ئەزموون و ئازاو کون لەجەرگانەبووە. پیاوێکی کەتەی کەللە زلەو ئەسپەکەشی زەبەلاحەو زۆری ئەسپەکەی خۆش دەوێ. لە هیچ هەل و مەرجێکدا دەستەوسان نییەو هیچی نەبێ رێگری دەکات. حەزی لە پارەو سەروەت و سامانەو شرە خۆریش

دەکات بۆیە کاتێ عەلی ئەشکین دەکوژێ گیرفانی ئەو و پۆلیسەکانی دەپشکنێ و پارەکانیان دەردەهێنێ، پیاوێکی نەخوێندەوارە بەڵام تەجروبەی زۆرەو ئەوەندە بۆ برازاکانی دڵسۆزە لە یەکەم ساتی دەرگیر بوونی گوڵ محەمەدەوە هەتا دواشەڕ لەگەڵیدا دەبێت و پشتی بەرنادات و بەهیچ جۆرێ ئامادە نییە خیانەتی لێ بکات، کاتێك (۲۰) هەزار تمەنی دەدەنێ لە بەرامبەر کوشتنی گوڵ محەمەددا پارەکە وەردەگرێ و نەخشەکەش بۆ گوڵ محەمەد باس دەکات. خان عمو نایەوێ ژن بهێنێتەوەو حەز بە رابواردنیش دەکات. خان عمو پیاوێکی دڵ رەقە و رەحم بە دوژمنەکانی ناکات بۆیە کاتێك گوڵ محەمەد عەلی ئەشکین بریندار دەکات نایەوێ بیکوژێ خان عمو گوللەیەك دەنێ بە کەللەیەوە، لە کۆڵ ژیانی دەکاتەوە. خان عمو پێی وایە ژیانی ئەو بەبێ برازاکانی مەحاڵەو خۆشەویستی بۆ گوڵ محەمەد بە شێوەیەکە کە ئامادەیە لە پێناویدا سەری دابنێ.

٣/ ستاری پینەدۆز:

ستار کوڕێکی خوێندەوارە، سەرەتا نازانین کێیەو ئەسڵ و فەسڵی مایەی پرسیاری کارەکتەرەکانی دیکەی رۆمانەکەشە. سندوقێکی پێیەو دێ بە دێ و رەشماڵ بە رەشماڵ دەگەڕێ و کاڵاش و پێڵاوی خەڵك دەدورێتەوەو بەوە خۆی دەژێنێ. پاشان دەزانین کە ئەمە کەسێکی حزبییەو پێدەچێت ئەو حزبەی ئیشی تێدا دەکات ((تودە)) بێت. لە رێگەی چوونە ناو خەڵکەوە دەیەوێ شۆڕشێك لە دژی شا بەرپا بکات و لەو پێناوەشدا پشتیوانی لە گوڵ محەمەد دەکات و دەوری سەرەکی دەبینێ لە ئازادکردنی لە زیندان و رزگارکردنی لە سێدارە، لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی رۆمانەکە دۆستی دڵسۆزی گوڵ محەمەدەو جێگەی متمانەی بنەماڵەی کلمیشییەو کوڕێکی وریاو دڵسۆزو خەمخۆرە پاشان بۆمان دەردەکەوێ ستار تورکەو خەڵکی ئازەربایجانەو کەس و کاری هەموو لەو شارەدا بە فەرمانی شا کوژراون. لەبەر ئەوەی یاخی بوون.

٤/ بیگ محەمەد:

برابچووکی گوڵ محەمەدە، کوڕێکی گەنجی توندرەوە زوو هەڵدەچێ زوو بڕیار دەدات، سوارچاکەو دەیەوێ لاسایی گوڵ محەمەد بکاتەوە کەسێکی دڵسۆزو گوێڕایەڵە هەمیشە دەچنە هەر جێگایەك دەچێتە سەربان و دەبێت بە قەرەوڵ و هەرگیز لەو ئەرکەی خۆی ماندوو نابێ. لە کاتی هەڵگرتنی شیرودا ئەم سزای شیرو و ماه دەروێش دەدات. هەتا کۆتایی رۆمانەکە لەگەڵ گوڵ محەمەددا دەمێنێتەوە، ئەرکی سەرشانی بە دڵسۆزی ئەنجام دەدات و هیچ لادانێکی نییە.

٥/ خان محەمەد:

برا گەورەی گوڵ محەمەدە، کاتێ رۆمانەکە دەست پێدەکات خان محەمەد لە بەندیخانەدایەو لەسەر دزینی مەڕوماڵات گیراوە، خان محەمەد پیاوێکی دنیا دیدەیەو حەز بە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان دەکات. خان محەمەد پیاوێکی کینە لە دڵە لەم سیفەتەیدا لەوانیتر ناچێت ئەم رقی لە ئاغاکانەو دەیەوێ ئاغاکان لەناو بەرن، ئەم لە گوڵ محەمەد باشتر لە فرت و فێڵی ئاغاکان تێ دەگات بەڵام گوڵ محەمەد بە قسەی ناکات و بە عەقڵی خۆی ئیش دەکات. خان محەمەد ژنێکی هەیەو کوڕێکی لاڵیشی هەیە. خان محەمەدیش کە لە بەندیخانە بەر دەبێ هەتا کۆتایی رۆمانەکە لەگەڵ گوڵ محەمەد دەمێنێتەوە.

٦/ ماراڵ:

ماراڵ هەر لە سەرەتای رۆمانەکەوە دەردەکەوێ و لەبەر ئەوەی دەرفەتی لەبەردەمدا نامێنێ دوای دەستگیرکردنی باوکی و مردنی دایکی روولە ماڵی بەڵقیس دەکات، ماراڵ هەرچەندە دەزگیرانی دلاوەرە کە شوانی عبدوسی باوکی بووە، بەڵام کە دەچێت بۆ ماڵی گوڵ محەمەد لە رێگە ئەسپەکەی دەبەستێتەوە

و خۆی رووت دەکاتەوەو مەلـە دەکـات، بە ڕێکەوت گوڵ محەمـەد بـە سـواریی حوشـترەکەی لـەوێوە دەڕوات و لەش و لاری مارالّ دەبینێ ئیدی شەیدای دەبێت کە دەچێتەوە بۆ مالّیان گوڵ محەمەد ئـەوەی بەبیر دێتـەوە، هەرچەندە ژنیشی هەیـە حـەزی لیّ دەکات و رۆژێك لـە دەشت کـە هـەردووکیان دەبـن دەیکات بە ژن و پاشان دەیبات بۆ لای مـەلامعراج و مارەی دەکات و دەبێـت بـە ژنـی دووەمـی گـوڵ محەمەد. مارالّ لە گوڵ محەمەد کوڕێکـی دەبێ و لـە کۆتـایی ڕۆمانەکـەدا نـاوی دەنێـن. مـارالّ ژنێکـی دڵسۆزەو هـەتا سـەر بـە دڵسـۆزی گـوڵ محەمـەد دەمێنێتەوە ئەگەرچی گوڵ محەمەد زۆرجار گـوێ لـە قسەی راناگرێ و بەقسەی ناکات.

٧/بەڵقیس:

دایکی گوڵ محەمەدە، ژنێکـی دنیـادیدەی وریایـەو بە جوانـی ڕۆڵەکـەی بۆ دیـاریی کـراوە، وەکـو هـەر دایکێ لـە دووژنەکـەی گـوڵ محەمـەد مـارالّی خـۆش دەوێ لەبەر ئەوەی مارالّ سك دەکات و زیوەر منـاڵی نـابێت. وەك هـەر ژنـە کوردێکیتـر کارامـە و ئازایـەو تەنها ژنی گریان و شیوەن نییـە لـە کـاتی تەنگانـەدا زۆرکـاری قورسـی پـێ دەکرێ. ژنێکـی دەمـو لـەبز شیرین و میوان دۆستە لە کاری ناو ماڵدا بەدەست و بردەو بـە داوو دەرمـانی کـوردەواری گـەلیّ نەخۆشـی چارەسەر دەکات.

٨/ شیرۆ

شـیرۆ سـەرەتا عاشـقەو رەدووی مـاه دەروێـش دەکەوێ هەرچەندە لە خۆی گەورەترە، بـەڵام لەبـەر ئەوەی ماه دەروێش وەکو پێویست ڕێزی لیّ ناگرێ و ناتوانـێ پارێزگـاریی لیّ بکـات و بـە تایبـەتی کاتـێ پشتی دەشکێ دڵی لیّپیس دەکات واز لە مێردەکـەی دەهێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای ماڵی بـاوکی، شـەیدای کوڕی ئاغای قلعەچمن هەوڵ دەدات دەسـتی لەگەڵدا تێکەڵ بکات و تووشی لادانی بکات بەڵام شیرۆ لەبـەر ئەوەی ئازایە هەڕەشـە لـە شـەیدا دەکـات و ئـەویش ناوێرێ توخنی بکەوێ. ئەو شەوەی کـە بڕیـار دەدات مێردەکەی بەجێ بهێڵێ ماه دەروێش لە ماڵەوە نییـە و بە تەنهایـە، شـەیدا دەچێـت بـۆ لای و دەیـەوێ دەستی بۆ درێژ بکات بـەڵام شیرۆ چەقۆیـەکی بـۆ هـەڵدەگرێ و دەری دەکـات. کـە دەمـەو بـەیانیش بەرەو مـاڵی بـاوکی بـەڕێ دەکـەوێ چەقۆکـە لەگـەڵ خۆی دەبات و بە شەیدا دەڵێ: ئەگەر دوام بکەوی بە چەقۆ سکت رادەدەم. ئیـدی شـەیدا نـاوێری شـوێنی بکەوێ.

٩/ زیوەر:

زیـوەر بێوەژنـە دوای مردنـی مێردەکـەی شـوو بـە گـوڵ محەمـەد دەکـات تـا رادەیـەك سروشـتێکی شێتانەی هەیە، کـە مـارالّ دێتـە لایـان یەکسـەر دڵـی لێپیس دەکـات و دەزانـێ گـوڵ محەمـەدی لیّ زەوت دەکات. کە مارالّ شوو بە گوڵ محەمەد دەکات زیوەر ئەو شەوە تا بـەیانی خـەوی لیّ ناکـەوێ. لـە کـاتێکدا مـارالّ خـەوتووە بـەردێك هـەڵدەگرێ و دەیـەوێ بیکێشـێ بە سـەریدا و بیکـوژێ، بـەڵام کـە مـارالّ خەبـەری دەبێتـەوە باوەشـی پێدا دەکات یەکسـەر نەخشەکەشی پـێ دەڵێت و دەبێتـە دڵسـۆزی مـارالّ لەبـەر ئـەوەی گـوڵ محەمـەدی زۆر خـۆش دەوێ مارالّیشـی خـۆش دەوێ، ڕۆژێ کوڕەکـەی مـارالّ دەکاتـە باوەشـی و دەیبـات بـۆ سـەر بیرەکـەی تەنیشـتیان، مـارالّ لـە دوورەوە چـاودێری دەکـات چونکە ترسی ئـەوەی هەیـە کە بە سەرا کوڕەکـەی فڕێ بداتە بیرەکـەوە کـەچی دەسـت و دەم و چـاوی دەشـوات و دەکەوێتـە مـاچ کردنـی. مـارالّ کـە ئـەم دڵسۆزیەی زیوەر دەبینێ دەست بە گریان دەکات.

١٠/ کلمیشی:

پیاوێکی پەراوێزییە دەورێکی ئەوتۆی نییـەو خـۆی رووبـەرووی کێشـەکان ناکاتـەوە، حـەزدەکات کوڕەکانی لە کێشە بەدوور بن و لەسەر کوشـتنی دوو پۆلیسەکە ناتوانێ رووبەرووی گوڵ محەمەد ببێتەوە، بۆیە سەرزەنشتی خـان عمـو دەکـات کـە بۆچـی

هاوکاری گوڵ محەمەدی کردووە لە کوشتنی دوو پۆلیسەکەدا. کلمیشی هەروەکو منداڵ مامەڵەی کوڕەکانی دەکات و ئەوەی لەبیر چووە کە ئەوان گەورەن و ژن و منداڵیان هەیە. کلمیشی سەرەڕای بێ دەسەڵاتی بە تایبەتی لە ئاستی گوڵ محەمەددا بەسەر بەڵقیسدا زاڵەو لەبەر چاوی کوڕەکانی بەسەریدا دەخوڕێ. کلمیشی هەرچەندە تەواو پیربووەو هێندەی لە ژیاندانەماوە کەچی وەك هەر پیرەمێردێکی تر حەزی لە ژیانەو شتەکانی خۆی زۆر خۆش دەوێ. لە کاتێکدا کوڕەکانی رووبەڕوی مەترسی بوونەتەوە و ترسی ئەوەیان هەیە هێرشیان بکرێتە سەرو سەرقاڵی خۆئامادەکردن و راوتەگبیرن بۆ رووبەرووبوونەوە، ئەو خەمی رانە مەڕەکەیەتی و هەڵدەستێ و چرای بە دەستەوەیە کاتێ خان محەمەد لێی دەپرسێ بۆ کوێ لە وەڵامدا دەڵێت:

((دەڕۆم بۆ لای رانەکە، ئاخر خۆ ئەوان رانە مەڕەکەیان نەبردووە بۆ سرخس بۆ لەوەڕاندن، خەریکە شەو دادێ ل٢٤٠٠)) پاشان کە وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبێ کوڕەکانی زیاتر دەکەونە بەر مەترسییەوە کلمیشی خەمی هێسترەکەیەتی و لە هێسترەکەی دەپرسێ.

١١/ قدیر:

خەڵکی گوندی قلعە چمن ــ ە و کوڕی کربلایی خداداد ــ ە، قدیر نموونەی مرۆڤی ناپاك و زیان بەخشە، قدیر لە پێناوی پارەدا هەموو شتێ دەکات، بە حساب کاتی خۆی باوکی دەوڵەمەند بووەو پاشان لێکەوتووەو ئاغای قلعەچمن حوشترەکانی لێکرییووە و هیچی نەماوە. قدیر هێندە ناپاکە لەگەڵ ــ لا لا ـ دەستی تێکەڵاوکردووە کە ژنی خاڵی بووە بۆیە خاڵی کە بە مەسەلەکەی زانیووە ژنەکەی تەڵاق داوە. کاتێك جهن خان روودەکاتە گوندی قلعە چمن و بۆ شەیدای کوڕی ئاغا دەگەڕێ بۆ ئەوەی وەکو بارمتە بیبات هەموو گوندەکە دەزانن شەیدا لە کوێیە بەڵام کەسیان شوێنەکەی بە جهن خان ناڵێن کەچی قدیر بە ئاسانی شوێنەکەی پێ دەڵێ و ئەویش شەیدا دەگرێ و دەیبات لەگەڵ خۆیدا، هاوین خەڵکی گوندی قلعە چمن سەرقاڵی دروێنەن و دەغڵ و دان دەکەن بە خەرمان کەچی قدیر ئاگر لە خەرمان بەردەدات و دەیسووتێنێ و لە جیاتی ئەو چەند کەسێکی تر لە لایەن پیاوەکانی ئاغاوە دارکاری دەکرێن. ئەمەش لە کاتێکدا کە دەغڵ و دان بە لای خەڵکی گوندەکەوە زۆر پیرۆزەو نابێ بسووتێنرێ.

١٢/ عباسجان:

برای قدیرە و نموونەی خەڵکی جاسووس و سیخورەو لە پێناوی پارەدا هەموو شتێ دەکات و هەواڵ بۆ هەرکەسێ دەبات کە پارەی بداتێ، خۆی کار بۆ ئاغاکان دەکات، لە هەر چوار لاوە هەواڵیان بۆ دێنێ و هەرکاتێ دوو کەس قسە بکەن عباسجان گوێیان لێ دەگرێ دەزانێ چی دەڵێن. ئەوەندە شارەزایە لەوەرگرتنی هەواڵی نهێنیدا ئەگەر بە دەمی خۆی هاوار بکات و بڵێ فلان مەسەلە نازانم کەس باوەڕی پێ ناکات. هەتا بڵێی کەسێکی هەل پەرستەو ئامادەیە لە پێناوی گیرفانی خۆیدا هەمووشتێ بکات. باوکی کە پیاوێکی کوێری پیرە، عباسجان باوەڕی وایە پارەیەکی زۆری هەیەو نازانێ چۆنی لێ زەوت بکات دەیەوێ بیکوژێ و پارەکەی ببات، بۆ ئەمەش بیانو دەدۆزێتەوەو گومان لە دایکی دەکات کە دەمێکە مردووە گومانی ئەوەی لێ دەکات کە لەگەڵ پیاوێکی تردا دەستی تێکەڵ کردووە کەواتە بە پێی ئەم قسەیەی عباسجان کربلایی خداداد باوکی عباسجان نییە و دەتوانێ بیکوژێ و بەم شێوەیە دەیەوێ باوکی بکوژێ. ئەگەرچی ئەمە نەخشەیەکی زیرەکانەی نووسەرە بۆ رەوایی بەخشین بەکارەکە کە کوشتنی باوکە بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو پەڕی ناپاکی و هەلپەرستی عباسجان دەردەخات، کەچی

کاتێ دەیەوێ باوکی بکوژێ تەماشا دەکات بۆ خۆی مردووەو لە شوێنی خۆی رەق بووە.

١٣/ نادعەلی:

نادعەلی کوڕی حاجی حسێن چارگوشلییەو خوشکەزای بابقلی بنداری ئاغای گوندی قلعەچمن ـــ ە، لە دوای کوشتنی حاجی حسێنی باوکی نەگبەتی نادعەلی دەست پێ دەکات و صوقی کە دڵداری مدیار بووەو نادعەلی لای خۆیەوە حەزی لێ کردووە لە دەستی هەڵدێت، خۆی و ون دەکات، دەبێت بەراقصە. پاش ئەوەش ئالاجاقی لە رێگەی بنداری خاڵیەوە هەموو موڵك و ماڵەکەی نادعەلی بە پارەیەکی کەم زەوت دەکات، ئیدی نادعەلی وەکو شێتی لێ دێت، بەدوای صوقیدا وێڵ دەبێت و لە ئەنجامی ئەوەدا رق لە هەموو ژنێك هەڵدەگرێ. نادعەلی لە کاتێکدا تەواو سەرخۆشەو بوتڵێ عەرەقی بە دەستەوەیە دەستنوێژهەڵدەگرێ، دەیەوێ نوێژ بکات. کاتێك لە چایخانەی مەلەك سوڵتان صوقی دەبینێ لەگەڵ جەلیل ئاغای کوڕی ئالاجاقیدا دەیکات بە شەڕو لە ئەنجامدا جەلیل گوێچکەی دەبرێ. ئەوە بە بنداری خاڵی دەڵێ کەچی ئەو گوێی ناداتێ لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی بە ئالاجاقیەوە بەستراوە.

١٤/ بابقلی بندار:

بندار ئاغای گوندی قلعەچمن ـ ە دوو کوڕی هەیە بەناوی شەیداو ئەسلان و دووژنی هێناوەو ئەو ژنەی کەماویەتی (نورمهان) دایکی شەیدایە و دایکی ئەسلان مردووە، نورجهان نموونەی ژنی چەوساوەیە، بندار تەنها بۆ فەرش چنین بەکاری دەهێنێ، بندار دەستی لەگەڵ (لا لا) تێکەڵ کردووە کە دوای ئەوەی خاڵی قدیر تەلاقی دەدات بندار بۆ ئاسانکاری خۆی لە شوانەکەی خۆی مارەی دەکات. بندار پیاوێکی رێوی سیفەتەو لە کاتێکدا خۆی لەگەڵ ئالاجاقی رێك خستووە کە گەورەترین ئاغای ناوچەکەیە، پەیوەندی لەگەڵ گوڵ محەمەدیش هەیەو سەروەت و سامانی گوڵ محەمەد لای بندار و ئالاجاقییە. بندار لەناو هەموو ئاڵۆزیەکاندا دەتوانێ بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێ و هەرکەسێ دەسەڵاتی هەبێ ئەو دەیەوێ بیکات بە دۆستی خۆی، ئارەزووی تەنها کۆکردنەوەی سامانە، بەردەوام لەگەڵ ئالاجاقیدا لە پەیوەندی دایە، کاتێ جوتیارەکان لێی یاخی دەبن خۆزگە بە رەزا شا دەخوازێ و پێی وایە حەمە رەزاشای کوڕی ناتوانێ وەکو ئەو خەڵك سەرکوت بکات. ئەو کاتەی حکومەت لەشکر دەکاتە سەر گوڵ محەمەد، ئیدی گوڵ محەمەد مەترسی جارانی نامێنێ، هێزێك کۆدەکاتەوەو لەگەڵ لەشکرەکەی حکومەت دەکەوێتە دوای گوڵ محەمەد و جەماعەتەکەی. بە راستی بندار پیاوی رۆژە دەزانێ لە هەموو رۆژێکدا چۆن بەرژەوەندی خۆی بپارێزێ.

١٥/ ئالاجاقی

ئالاجاقی گەورەترین ئاغای ناوچەکەیەو لە شار دادەنیشێ، لەگەڵ دەسەڵاتی ناوچەکەدا پەیوەندی بەهێزی هەیەو لە رێی ئاغای وەکو بنداریشەوە سەروەت و سامانی گوندەکانی قۆرغ کردووە، ئالاجاقی لە بندار باشتر دەزانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ بۆیە لە سەرەتاوە پەیوەندی لەگەڵ گوڵ محەمەد بەهێزەو کە دەشزانێ حکومەت لەشکرکێشی دەکاتە سەر گوڵ محەمەد ئەمیش هێزی خۆی دەنێرێ. ئالاجاقی باوەڕی وایە ژیان بەبێ هاوکاری نێوان پۆلیس و رێگرو ئاغا ناگوزەرێ و بۆ ئەوەی ژیان ئاسایی بڕوات دەبێ هاوکاری لە نێوانیاندا هەبێ. ئالاجاقی دەڵێت: ((... لەسەر ئەم ئەساسە، جەنابی گوڵ محەمەد خان؛ لەسەر ئەم ئەساس و حسابە دەبێ ئێمە هەموومان چەرخی رۆژگار بخولێنینەوە، تۆ بە پیاوە تفەنگ بە

شانەکانت، سەرگورد فریبخش بە مەئمورەکانی و ئێمە مانانیش بەرەعیەتەکانمان، ئێمە هەمووەمان دەبێ لەم ویلایەتەدا بەیەکەوە بژین. کەواتە دەبێ لەزمانی یەکتری تێ بگەین... ل٢٢٠٤)).

کەواتە فەلسەفەی ئالاجاقی ژیان و پاراستنی بەرژەوەندیەکانێتی وەك هەر ئاغایەکی دیکەی دنیا.

١٦/ فریبخش:

سەرۆکی پۆلیسی ناوچەکەیە، پشتیوانیی لە گوڵ محەمەد دەکات و هەتا ئەو لە ناوچەکەیە لە نەخشەکانی حکومەت ئاگاداری دەکاتەوە، رەنگە خۆشەویستی فریبخش بۆ گوڵ محەمەد بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خۆی رقی لە شابێ و دام و دەزگاکەی شای بە دڵ نەبێ هەرچەندە خۆشی ئیشی تێدا دەکات، بۆیە هەتا فریبخش نەقڵ نەکرێ هێرش ناکرێتە سەرگوڵ محەمەد کاتێ نەقلیش دەکرێ، ماڵئاوایی لە گوڵ محەمەد دەکات.

١٧/ جهن خان

جهن خان بە لووچەو کۆن رێگربووە پاشان دەبێتە پیاوی حکومەت و بە پارە ئیش بۆ حکومەت دەکات. جهن داوا لە گوڵ محەمەد دەکات کە وەکو ئەو ببێتە پیاوی حکومەت بەڵام گوڵ محەمەد قبوڵی ناکات و جهن دەبێتە جێگای مەترسی بۆ گوڵ محەمەد، لە راستیدا ئەوەی گوڵ محەمەد حسابی بۆ دەکات و دەزانێ لەشکری دەکاتە سەری هەر جهن ـــ ە، چونکە گوڵ محەمەد دەزانێ دارپوازی لە خۆی نەبێ ناقلیشێ و جهنیش لەبەر ئەوەی نزیکی گوڵ محەمەدە هێرش دەکاتە سەری. لە رۆمانی کلیدەریشدا جهن دەوری کەوا سووری بەر لەشکری داگیرکەر دەبینێ. جهن کاتێ دەگاتە گوندی قلعە میدان بە شێوەیەکی ناشیرین و لە سوپا سەربازییەکە خراپتر رەفتار لەگەڵ کەس و کاری گوڵ محەمەددا دەکات.

١٨/ نەجەف ئەرباب

نەجەف ئەرباب ئاغای گوندی سنگردە، لەو کاتەوە کە گوڵ محەمەد چەکەکانی لێ دەسێنێ ئیتر رق لە گوڵ محەمەد هەڵدەگرێ و بە هەموو جۆرێ دژایەتی دەکات. خەڵك هان دەدات کە دزی و رێگری بکەن و بڵێن جەماعەتی گوڵ محەمەدین، لەسەر ئەم کردەوەیە گوڵ محەمەد دەچێتە سەری و شتە دزراوەکانی پێ دەبژێرێ. کەچی دوای رۆیشتنی گوڵ محەمەد بە قسەی حاجی خرسفی دوو نۆکەری خۆی لەناو کایەندا دەسووتێنێ و دەڵێت گوڵ محەمەد سووتاندوونی لەسەر ئەمە گوڵ محەمەد دەیگرێ، ماوەیەك لەگەڵ خۆیدا دەیگێرێ، دەیەوێ لە گوندەکەی خۆی، بە حوکمی خەڵك و لەبەر چاوی خەڵك لەسەرتاوانی کوشتنی دوو نۆکەرەکە بیکوژێ. کەچی لە شاییەکەی قلعەچمن دا لەسەر داوای ئالاجاقی ئازادی دەکات و پاشان نەجەف زیاتر دوژمنایەتی گوڵ محەمەد دەکات و لە لەشکرکێشیدا بۆ سەری بەشداری دەکات و ...

١٩/ حاجی خرسفی:

حاجی سلطانخرد یان حاجی خرسفی ئاغای گوندی خرسف ـ ە، بریار بووە لەیلای کچی بدات بە بیگ محەمەدی برای گوڵ محەمەد بەڵام لە بەڵێنەکەی پەشیمان دەبێتەوەو کچەکەی دەدات بە نەجەف ئەرباب لەبەر ئەوەی گوایە نەجەف ئاغایەو وەجاغ زادەیە. حاجی خرسفی بە سەختی دژایەتی گوڵ محەمەد دەکات، لە شاییەکەی قلعە چمن دا جارێکیتر بەڵێن دەدات کە لەیلا بدات بە بیگ محەمەد کەچی لەمەشدا درۆدەکات و لەسەرو ئەمەش دەچێت بۆ شارو شکات دەکات کە گوایە بەزۆر کچەکەی لێ دەسێنن.

٢٠/ صوقی:

صوقی خوشکەزای حاجی حسێن چارگوشلییەو دڵخوازی مەدیارە، لە پاش کوشتنی مدیار یاخی دەبێت و نادعەلی هەرچەندە دارکاری دەکات ملی بۆ نادات و نایەوێ ببێ بە هاوسەری نادعەلی لەبەر ئەوەی مەدیاری خۆش ویستووەکە ئەو دەکوژرێ نائومێد دەبێ، لە کاردانەوەی ئەوەدا دەبێت بە راقصەو دوای رخك ـ ی لۆتی دەکەوێ، لەگەڵ ئەودا خەریکی سەماو گۆرانی دەبێت. سەبارەت بە کارەکتەرەکان نەدەکرا لەوە زیاتر لەسەریان بڕۆم چونکە لە رۆمانی کلیدەردا زیاتر لە سەدوپەنجا کارەکتەر هەیەو نووسین لەسەریان بە درێژی پێویستی بە کتێبێك هەیە بۆیە بەوەندە دەستم هەلگرت و بیست نموونەم لێ هەڵبژاردن.

دواوتە:

لە راستیدا گەلێك لایەن ماوە لە رۆمانی کلیدەردا من خۆم لەقەرەی نەداوە وەکو شێوەی تەکنیك و دارشتن و وردەکاریی و گەلێ شتی تر بەلام لەبەر کەمی دەرفەت پێم باشبوو لەوە زیاتر درێژەی نەدەمێ، دەنا باسکردنی رۆمانێکی وا درێژ پێویستی بە کتێبێکی قەوارە گەورە هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێ هەموو لایەنەکانی شی بکرێتەوە و قسەی لەسەر بکرێ. وە نەبێ رۆمانی کلیدەر کە بە درێژی نووسراوە وردە کاریی تێدا نەکرابێ بە پێچەوانەوە پڕە لە وردەکاریی و رستەی ورد چنراو کە دەکرێ بە درێژی قسەی لەسەر بکرێ بۆ نموونە سەرنجی ئەم چەند دێرە بدە کە چەند بە جوانی و پڕ وردەکاریی نووسراوە.

((شیرۆ، وەکو سێبەرەکەی خۆی، بێدەنگ بوو، وەکو هەناسەی خۆی ئارام بوو، وەکو خۆی تەنیا بوو، تەنیایی و بیابان، سێبەری درێژو کشاوی شیرۆ لە پێش خۆیدا بە سەرزەویەکەدا دەکشاو دەرۆیشت...)).

ماوەتەوە بڵێم ئومێدم ئەوەیە کە رۆژێ لە رۆژان ئەم رۆمانە بە کوردی ببینم و ئەوانەی فارسی نازانن بە چێژی ئەم رۆمانە شادبن، وەرگێرانی ئەم رۆمانەش ئەوەندەی گرانی دەکەوێتە سەر چاپکردنی هێندە ناکەوێتە سەر وەرگێرانی و چەند وەرگێرێ دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا تەرجومەی بکەن بەلام کێ چاپی دەکات؟ بەهەر حاڵ هیوادارم فارسی زانەکان خۆیان لە چێژی کلیدەر بێبەش نەکەن.

٢٠٠١/٥/٤

کەیوان ئازاد ئەنوەر

# دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لەکوردستاندا

پێشەکی:

ئـاییني مەسـیحیەت کەبـە بەشـێك لـە ئایینـە ئاسمانیەکان و بیروباوەرە دەرکەوتووەکانی مێـژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت، رەگ و ریشەیەکی قوڵی لـەلای گـەلانی جیـهان بەگشـتی وگـەلی کـورد بەتاییـەتی دروست کردووەو بە یەکێك لەوئایینانـە دەژمـێردرێت کـەزۆر بـەخێرایی بەزۆربـەی ناوچەکانی کوردسـتاندا بڵاوبوونەوەی خۆی راگـەیاند وئـەو ناوچەیـەی کـردە مەڵبەندێك بۆ بڵاوبوونەوەی بەرەو خۆرهەڵات.

ئەم ئایینە کە سەرەتا لەلایەن پـەروەردگارەوە لـە چوارچێـوەی کتێبـی(ئینجیـل) نـێردرا بـۆ (عیسـای کـوڕی مەریـەم)ی کەسـایەتی ئـارامی شـاری (بیـت لـەحم)ی فەلەسـتینی تالـەرێگای ئـەوەوە وەك پەیامبـەرێك بۆ ئایینەکـە بـە سـەرجەم ناوچـەکانی جیـهاندا بـڵاوی بکاتـەوە. ئـەوەبوو(عیسـای کـوڕی مەریــەم) لەســالّی (٣٠ز)کۆچــی دوایی‌کــردو بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لەناوچەکانی دەرەوەی خاکی فەلەستین بەخوێندکارەکانی سپارد. ئەوەبو(تۆمـا)ی هـاوەڵ و خوێندکـاری بـەرەو هیندسـتان رۆیشـت و لەوسـەفەرەیدا بەکوردسـتاندا گـوزەری کـردو دۆسـت ولایەنگری بۆخۆی پەیداکرد. ئـەم رووداوەش کـە بـۆ سالّانی (٥٠-٥٢ز) دەگەڕێتەوە سـەرەتایەکی نوێیـان بۆ بڵاو بوونەوەی ئەو ئایینەی لەکوردستاندا دروسـت کرد.

لەلایەکی ترەوەئەوەشی خێرایی بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینەی بەسـەرجەم ناوچـەکانی کوردسـتاندا ئاسـان کرد دوو رووداوی مێژوویی بوون کە لـەم لێکۆڵینـەوە کورتەدا ئاماژەی پێ دراوە ئەوانیش:

یەکـەمیان: دەسـەڵاتداریەتی پارثیـەکان بـوو لەبەری خۆرهەڵاتی کوردسـتان کـە زۆر بایـەخیان بـە ئایینەکـەو لایـەنگرانی نـەداو نەکەوتنـە ئـازارو ئەشکەنجەدانیان بەوەش تا سالّی(٢٢٤ز) کوردستانی خۆرهـەڵات وباشـوور بـووە مەڵبـەندی بڵاوبونـەوەی ئایینەکـە و پەناگـەی ئەوانـەی لەترسـی سـتەم و چەوساندنەوەی بیزنتیەکان رایان کردبوو.

دووهەم: دانان بووبە مەسیحیەت لە ساڵی(٣١٣ز) لەلایەن ئیمپراتۆری بیزەنتی (قوستەنتین ی یەکەم) بەوەش زەمینەیەکی باش بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینەکە رەخسا لەبەرەی خۆرئاوا و باکوری کوردستاندا و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بوونەپەناگای ئەو مەسیحیانەی لەترس و چەوساندنەوەی ساسانیەکانی دوایی پارتیەکان کە جلەوی دەسەڵاتی خۆرهەڵاتیان بۆ بەجێما و رایان دەکرد.

ئەو رووداوانە زەمینەیەکی باشتری بڵاوبوونەوەی ئایینەکەیان رەخساند. ئەمەولەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە کاریگەری کوردستان کراوە بۆ پاراستن و پەنادانی مەسیحیە هەڵاتووەکانی ناوچەکانی ترو بڵاوبوونەوەی بەناوچەکانی ترو هەروەها باس لە کاریگەری ئایینەکە کراوە لەسەر ژیاری کوردستان و دانیشتوانەکەی. سەرباری ئەوانەی باس کران، هەوڵدراوە بەزمانێکی سادەو دوورلە لایەنگری بۆ هیچ ئایین و بەرەیەك راستیەکان بە پشتبەستن بەوسەرچاوانەی باس کراون بخەمە روو. خوازیارم کارەکەش شوێنی خۆی بگرێت.

**ئایینی مەسیحی:** بەیەکێك لەو ئایینە ئاسمانیانە دەژمێردرێت، کە لە سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینی دا، لەشاری (بیت لەحم)ی فەلەستینی سەری هەڵدا. پێغەمبەری ئەم ئایینە کەسایەتیەکی ئارامی بوو بەناوی(عیسای کوری مەریەم) لەلایەن پەروەردگارەوەوەك پەیامبەری ئایینی مەسیحی دانراو، بەوەش سەرەتایەك بۆ ئایینێکی تری ئاسمانی دەستی پێکرد، کە رەورەوەی رووداوەکانی مێژووی بەئاراستەیەکی تردا گۆڕی.

**دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لەکوردستاندا:**

یەکێك لەو ئایینە ئاسمانی وبیروباوەڕانەی مێژووی مرۆڤایەتی کە زۆر بەزوویی و بەخێرایی لە کوردستاندا بڵاوبوەوە(ئایینی مەسیحی) بوو. بەڵام یەکێکیش بوو لەو ئایینانەی کە پەیڕەوان و لایەنگرانی دووچاری ستەم و چەوساندنەوەو زەبرو زەنگی بێ وێنەی دەسەڵاتدارانی ئەو رۆژگارەبوون کە هەردوو دەوڵەتی ساسانی وبیزەنتی بوون.

سەبارەت بەدەرکەوتنی ئەم ئایینەش لەکوردستان و بڵاوبوونەوەی، بیروڕای جیاواز هەیەو هەر سەرچاوەیەك بۆ سەردەمێکی دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەو سەرچاوانەی مێژووی راستەقینەی دەرکەوتن وبڵاوبوونەوەی ئایینەکە دیاری دەکەن ئەوراستیە ئەسەلمێنن کە چ ئایینەکە کاریگەری‌لەسەر ژیاری کۆمەڵی کوردەواری و دانیشتوانی کوردستان دروست کردووە چ کوردستان کاریگەری لەسەرئایینەکە دروست کردووە، یەکەمین دەرکەوتنی ئایینەکەش بۆئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە یەکێك لەهاوەڵەکانی حەزرەتی مەسیح بەناوی(تۆما)ساڵی (٥٢ز) گەشتێکی بۆ هیندستان کردووە، ئەولەوگەشتەیدا بۆهیندستان، دەبێ‌بە کوردستاندا رەت بووبێ، دوورنیە لەو وڵاتە خەڵکیشی بۆ سەر ئایینی تازە جەم(تەعمید)کردبێ[1] هەروەها خۆرهەڵاتناس (جیو واید) پێی وایە سەرهەڵدانی مەسیحیەت بۆسەدەی یەکەمی زایینی دەگەڕێتەوە. ئەو پێی وایە مەسیحیەکان لە سەدەی یەکەمدا چەند بنکەیەکیان لە ناوچەکەدا دامەزراندبوو،ئەویش نەك هەر لەسەرووی نێوان دووزێ ـ جەزیرە، ئاویابینێ، بەڵکو لەفارس و خۆزستانیشدا.[2]

لەسەرەتای سەدەی سێهەمی زایینیشدا دووکەسایەتی مەسیحی بەناوەکانی (قەشەئەحەی و قەشە مارماری) روویان کردە کوردستان و دەستیان دایە بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا لەوانە(قردی، بایەزید، موسڵ، هەرێمی چیا، میسوپۆتامیا)[3] هەروەها (عەبدمەشیخا)، (١٩٠ـ ٢٢٥ز) کە دواقەشەی سەردەمی دەسەڵاتی ئەشکانیەکان بووە لەهەولێر، لە سەرتاسەری

کوردستاندا نزیکەی (٢٥)قەشەنشینی هەبووە، کە سەرپەرشتی کردوون[٤]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تەنها لە ماوەی دووسەدەدا ئایینەکە بەو رادەیە بڵاوبۆتەوە. کاتێکیش(تریدای سێهەمی پادشای ئەرمینیا) لەسەدەی چوارەمی زایینی مەسیحیەتی کردە ئایینی رەسمی دەوڵەتەکەی[٥] بەشێکی کوردستانی لەژێر دەسەڵاتدا بوو، لەم ئاڵوگۆڕەدا، کوردە دووردەستەکانی ئەو دەوڵەتە لەسەرئایینی زەردەشت مانەوە[٦] بەڵام شارنشین و پیشەوەران ئایینی مەسیحییان وەرگرت و چوونە سەرئایینی مەسیحی[٧] لەسونگەی ئەو راستیانەی سەرەوەش دەگەینە ئەوەی کەئایینەکە هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوەو پەیرەوان ولایەنگیرانی زۆریشی بۆ دروست بووە، بەرادەیەك کوردستان بە مەڵبەندێکی گەورەوگرنگی مەسیحیەکان و لایەنگرانی لەو رۆژگارەدا ناسرابوو، کە دواتر لە وێوە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری بڵاوەبووەوە و بەرەسمی لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە ناسرا.

١- **هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لە کوردستاندا:** کاتێك دەمانەوێت لەو هۆکارانە بکۆڵینەوە کە زۆربە خێرایی و بە بەربڵاوی ئایینی مەسیحی‌یان لە کوردستاندا بڵاوکردەوە. دەبێت بۆ ئەو هۆکارانە بگەڕێینەوە کە بارودۆخی ئەو رۆژگارەی کوردستانی پیا تێدەپەڕێ، تائەرووی بارودۆخی ئەو رۆژگارەوە بەوهۆکارانە ئاشنابین کە بڵاوبونەوەی مەسیحیەتیان لەکوردستانداخێراکرد.

٢- **بارودۆخی سیاسی:-** لەکاتێکدا ئایینی مەسیحی لە(بیت لەحم) سەری هەڵداوبە خاکی فەلەستین و ناوچەکانی دەوروبەری بە کوردستانیشدا بڵاوبووەوە، دووزلهێزی مێژوویی دەستیان بەسەر ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتبوو کە هەردوو دەوڵەتی (پارثی و بیزەنتی)[٨] بوون. پارثیەکان بەشی خۆرهەڵاتی ناوچەکەو کوردستان و بیزەنتیەکانیش بەشی خۆرئاوای ناوچەکەو کوردستانیشیان داگیرکردبوو[٩].بۆیە دابەشبوون و دابەشکردنی کوردستان لەنێوان دووزلهێزەو دووبنەمای‌شارستانی جیاواز، شێوازێکی زەبرو زەنگی سیاسییان لەسەر دانیشتوانی کوردستان دروستکردبوو، ئەمەو سەرای بوونی دەوڵەتی ئەرمینیا لە بەشی باکوری ناوچەکە کە بەشێکی کوردستانی لەبەری باکور بۆخۆی بردبوو[١٠] ئەم فشارە سیاسیەی ئەو زلهێزانە وایکرد پشتگیری هەمووئایین و سیاسەتێکی نوێ بکەن کە ئەودەوڵەتانە دژایەتی دەکەن لە رووی ئەوراستیانەوە کاتێك ئایینی مەسیحی سەری هەڵدا وگەیشتە کوردستان (دەوڵەتی بیزەنتی) گەورەترین دژایەتی کرد، تائەو کاتەی لەساڵی (٣١٣ز) (قوستەنتین ی یەکەم)ی ئیمپراتۆری بیزەنتی دانی بەئایینی مەسیحی داناو وەك، ئایینی رەسمی دەوڵەتەکە ناسی و کەوتە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەو دروست کردنی (کەنیسە) وڕێزگرتن لە پیاوانی ئایینی و پەنادانی ئەوانەی بۆستووری دەوڵەتەکەی دایان کردبوو[١١]. لەلایەکی ترەوە(پارثیەکان) کەتاساڵی (٢٢٤ز) فەرمانڕەوایەتی ناوچەکەیان کرد، نەبوونە رێگرلە بەردەم مەسیحیەکان و خودی ئایینەکە و بڵاوکردنەوەی (کاپێکێش) دەوڵەتی ساسانی(شوێنی) دەوڵەتی پارثی گرتەوە (ئەردەشێری کوڕی پایەکان) کەوتە زیندووکردنەوەی ئایینی زەردەشتی و بەرەسمی ناسینی ئایینەکە لەناو دەوڵەتەکەیدا[١٢] بەڵام سەرباری ئەوەش ئایینی مەسیحی قەدەغەنەکرا، بەڵکو لە پاڵ ئایینی زەردەشتی‌دا ئازادی بڵاوکردنەوەی پێدرا[١٣] .

بەڵام لەقۆناغەکانی دواتردا دژایەتی ئایینی مەسیحی کرا، ئەم سیاسەتەش بووە نەریتێکی باوی زۆربەی هەرەزۆری فەرمانڕەوایانی ساسانی کە لەزۆربەی قۆناغەکاندا دژایەتیان کرد[١٤] بۆیە

مەسیحیەکان ناچاربوون یان بەرگەی ئەو ئازارو ئەشکەنجەو چەوسانەوەیە بگرن، یان بۆ سنووری دەوڵەتی بیزەنتی وناوچە جیاجیاکان رابکەن. ئەمەش بە واتای ئەوەی (کوردە مەسیحیەکانی کوردستان) تارووخاندنی (دەوڵەتی پارثی) ناوچەکانی ئەو دەوڵەتەیان بۆ کرایە پەناگا کە بەزۆری بەشەکانی باشوورو خۆرهەلآتی کوردستان بوو. پاش رووخاندنی ئەو دەوڵەتەو هاتنەسەرکاری دەوڵەتێکی دی کە دژایەتی قورسی مەسیحیەکانی کردکە دەوڵەتی ساسانی بوو، زۆری نەبرد، دەوڵەتی بیزەنتی دانی بەوئایینەداناو بەرەسمی ناسی. ئەوەش ئاسۆیەکی روونی لەبەردەم مەسیحیەکاندا والآکرد. ئەمەو سەرەرای ئەوەی (تیردادی سێهەمی پادشای ئەرمینیا) لەسەدەی چوارەهەمی زایینی و پاش دەوڵەتی بیزەنتی دانی بە مەسیحیەت دانا[١٥] وناوچەکانی ژێر دەسەلآتی کردە مەڵبەندی بلآوبونەوەی مەسیحیەت و پەنادانی ئاوارە هەلآتووەکانی.

٢- بارودۆخی ئایینی: بەرلە سەرهەڵدانی مەسیحیەت، لە کوردستاندا چەندین بیروباوەڕی جیاجیا سەری هەڵدا، لەوانە(زەردەشتی و جوولەکەو بت پەرستی ویەزیدی) بۆیە دانیشتوانی کوردستان ئاگاداری ئایینە ئاسمانیەکان وبنەما ئایینیەکان بوون[١٦]. لە لایەکی ترەوە لەخودی (ئینجیل) دا ئاماژە بەراستیەك دراوە کە دەکرێت وەك ئەوە پێناسەی بکەین کە(دانیشتوانی کوردستان) ئاگاداری دەرکەوتنی مەسیح و پەیامەکەی بوون لەئینجیل داهاتووە(ئەڵێن پادشای یەهود لەدایك بووە) لەکوێیە؟ ئێمە ئەستێرەی ئەومان لە خۆرهەلآت بینیوە کە هەلآت و دەرەوشایەوە، بۆیە هاتووین تا کرنووشی بۆبەرین[١٧]. ئەمەش ئەوراستیە پشت ئەستوور دەکات کەبیرکردنەوەی دانیشتوانی کوردستان و گەرانەوەیان بۆلای ئایینەکان راستیەکی حاشا هەڵنەگرە، بەتایبەت ئاینێکی وەکو مەسیحیەت کە بەشێوازی ئاشتیخوازانە دەرکەوت وبلآوبووەوە، پێدەچێت ئەو بارودۆخە ئایینیەو ئەوسیفەتەی ئایینی مەسیحیش زەمینەی خێرای بلآوبوونەوەیان رەخساندبێت.

٣- بارودۆخی رۆشنبیری: سەبارەت بەبارودۆخی رۆشنبیری کوردستانیش بەر لەدەرکەوتنی ئایینەکەو لەسەردەمی بلآوبوونەوەشیدا، رۆڵی خۆی لە زوویی و خێرایی بلآوبوونەوەیدا بینی، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە (زمانیئارامی) لەزمانی(سریانی)زمانی مژدەدەرە مەسیحیەکان کە ئایینیمەسیحیان هێنایە کوردستان نزیك بوو. ئەو زمانەی لەسەردەمێکی کۆنەوە بەسەرتاسەری کوردستاندا بلآوبووەوە[١٨] ئەوەش کارئاسانی بۆ قەشە مەسیحیەکان لەلایەك و دانیشتوانی کوردستان لەلایەکی ترکرد، تا باشترو ئاسانتر لەیەك تێبگەن، قەشە و مژدەدەرە مەسیحیەکان پەیامەکەبەکۆمەلآنی خەڵك بگەیەنن و ئەوانیش بەئاسانی لێیان تێبگەن. ئەم بارودۆخەش هۆکارێکی گرنگ و کاریگەری بلآوبوونەوەی ئایینەکەبوو، سەرەرای بەرزی ئاستی رۆشنبیری بازرگانان و پیشەوەران و شارنشینەکانی کوردستان لەپاڵ زاناو رابەرە ئایینیەکاندا، هەربۆیە ئایینەکە لەسەرەتادا لەشارو لەناو بازرگان و پیشەوەراندا بلآوبووەوە[١٩] کەزیاتر لەتوێژەکانی تری کۆمەڵ بە هۆی ئالوگۆری کالآ بازرگانی و فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان تێکەلآو بەزمان و ئایینە جیاجیاکان بوون و شارەزای بوون و وەریان گرت.

٤- بارودۆخی ئابووری: کوردستان وەك تەوەریباسەکەمان و لەو رۆژگارەدا کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا ژێردەستەو داگیر کراوی زلهێزەکانی (پارثی و ساسانی) لەخۆرهەلآت و بیزەنتی لەخۆرئاواو ئەرمەنستان لەباکوور بوو. لە هەریەك لەم دەوڵەتانەشدا کۆمەڵێك باج و سەرانەی تایبەت بەسەر دانیشتوانی کوردستانەوە فەرز کرابوو، کە

لەزۆربەی کاتدا لە سەروو توانای کۆمەڵانی خەڵکەوە بوو. بەرادەیەك لەدەوڵەتی ساسانیدا باج لەسەر پیشەوەر و کاسبکار وەردەگیرا، سەرەڕای سەپاندنی باج بەسەر جوتیارو بازرگان و خاوەن موڵکەکاندا.[٢٠] ئەم دیاردەیەش لە دەوڵەتی بیزەنتی دا بێبەری نەبوو، بۆیە توێژەکانی بازرگان و پیشەوەرو زەحمەتکێشەکان بۆ رزگاربوون لەو باجانە و لەوکۆت و زنجیرە سەپێنراوانەدا، باوەڕیان بە ئایینی مەسیحی هێنا، تاله ژێر سێبەری ئەو ئایینەدا لە(باج و سەرانە) رزگاریان ببێت.

کوردە مەسیحیەکان و دەوڵەتانی (ساسانی و بیزەنتی): لەماوەی نێوان سەدەکانی یەکەم تا حەوتەمی زایینی، کەخۆی لەشەش سەدەدا دەبینێتەوەو لەم ماوەیەدا ئایینی مەسیحی لە کوردستاندا دەرکەوت و بڵاوبووەوە، قۆناغێکی نوێ لەبارودۆخی دانیشتوان کوردستان بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی دەستی پێکرد. قۆناغێك کە لەبەرداشی بە مەسیحی بوونی کۆمەڵێك لە دانیشتوانی کوردستان و هەڵوێست وەرگرتنی دەوڵەتانی دەوروبەرو بڕیاربە دەستی کوردستان دووچاری هاڕین و نامۆ بوون بوو بوو. ئالەوماوەیەدا بە شێوەیەکی گشتی هەردوو دەوڵەتیساسانی و بیزەنتی لەملمانێیەکی سەخت و دژواردا بوون لەسەر کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەر، کە خاڵێکی گرنگی ئەو ملمانێیەش هەڵوێست وەرگرتن بوو لە ئایینی مەسیحی و ئەوانەی باوەڕیان بەو ئایینە هێنا بوو، کە لەنێو ئەوانەشدا( کوردە مەسیحیەکان بەشێك بوون لیی)لەبەرامبەر ئەو واقیعانەشدا، هەڵوێستی هەردوو دەوڵەت لەئاست کوردە مەسیحیەکاندا جیاواز بوو.

ساسانیەکان بە درێژایی دەسەڵاتیان جگە لە هەندێك سەردەمی جیاواز نەبێت فشاری قورسیان لەسەر کوردە مەسیحیەکان دروست کردبوو، بەتایبەتی لە شاری هەولێر، چونکە سەنتەرێکی گرنگی مەسیحیەکان بوو لە کوردستاندا .[٢١] هەروەها مەسیحیەکان و لەنێوانیاندا کوردەکانیش توانیان لە سەردەمی (خەسرەوی یەکەم /کیسرا ئەنوشیروان/٥٣١ - ٥٧٩ز)[٢٢] بگەنە کۆشکی شاهانە و رازو گلەیی خۆیان بگەیەنە پادشای ساسانی و داوای چاککردنی باری گوزەران و لابردنی ستەم و چەوساندنەوەیان بکەن، لەبەرامبەردا پادشای ساسانی بەڵێنی هاوکاری پێدان[٢٣]، پاشان لە سەردەمی (هورمزی چوارەم/٥٧٩-٥٩٠)[٢٤] کە دوای خەسرەوی یەکەم جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست بڕیاری هاوکاری مەسیحیەکانی داو بڕیاری دا (مەسیحیەت وەك زەردەشتی سەربکات)[٢٥]. ئەوەش بووە سەرەتایەك بۆ پادشا ساسانیەکانی دواتر تابەسیاسەتێکی نوێ مامەڵە لەگەڵ مەسیحیەکاندا بکات.

لەلایەکی ترەوە ئیمپراتۆرە بیزەنتیەکان لەپادشا ساسانیەکان کەمتریان نەکرد، ئەوان تا ساڵی (٣١٣ز) کەتیایدا ئایینی مەسیحی بەرەسمی ناسرا، بەوپەڕی دڕندانە دژایەتی مەسیحیەکان وکوردە مەسیحیەکانیان کردو کەوتنە راونان وئازاردانی مەسیحیەکان[٢٦]. لەودەسەڵاتدارانەی بیزەنتی دژایەتی مەسیحیەکانی کرد(تراجان)بوو ، بەتایبەت لەوشالاوەی دا لە ساڵی(١١٥ز) بۆ ناوچەکانی ئەرمنستان و باکوری خۆرئاوای کوردستان دەستی پێکردو شاری هەولێری مەڵبەندی مەسیحیەکانی ناوچەکەی داگیرکرد وکەوتە ئازارو ئەشکەنجە و راونانی کوردە مەسیحیەکانی شارەکە[٢٧]. هەروەها ئیمپراتۆرەکانی وەك (ڤالریان) و(دقلدیانوس)لەشالاوەکانیان بۆسەر کوردستان و بەگژا چوونی ساسانیەکان لەناوچەکانی کوردوێنی وحدان و مەلاتیە، کەوێنە ئازاردانی دانیشتوانەکەی بە مەسیحییەکانیشەوە[٢٨].

ئەوسیاسەتانە هەردوو دەوڵەتی (ساسانی و بیزەنتی)دەرحەق بە مەسیحیەکان ئەنجامیان دا، پرۆسەی بڵاوبوونەوەی مەسیحیەتی نەوەستان ولایەنگرانی کەم نەکرد، بەڵکو دەیان کەسایەتی کوردی مەسیحی گەیشتنە پایەی بەرزو پلەی گەورەیان پێ سپێردرا، لەوانە(نەستۆر)ی خەڵکی شاری (مەرەش)ی کوردستانی باکور لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی زایینی گەیشتە پلەی (قەشەی کەنیسەی ئەنتاکیە) کە ئەوسەردەمە بەناوبانگترین کەنیسەی رۆژهەڵات بوو. پاشان لە (١٠ی ئابریل/ نیسانی ساڵی ٤٢٨ز) کرابە پاتریاریکی شاری. قوصەتەنتنیە پایتەختی رۆمی بیزەنتی[٢٩]. ئەمەو کوردە مەسیحیەکان لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستان و دەوڵەتی بیزەنتی پاش دانانی بەمەسیحیەتدا دەیان قەشەی کوردیان تیا دەرکەوتو خزمەتیان بە جیهانی مەسیحیەت کرد.[٣٠]

ئەنجام:

دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی (ئایینی مەسیحی )وەك ئایین و بیروباوەڕێکی مێژوویی، خاوەنی رابردوویەکی پرلەهەگبە و رووداوی سیاسی و ئایینیو کۆمەلایەتیو رۆشنبیرییە، کە نزیکەی دووهەزار ساڵ مێژووەکەیەتی ولە سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینی لەشاری(بیت لەحم) دەستی پێکردووە و تارۆژگارەکانی ئەمرۆ، درێژەی هەیە.

سەبارەت بەدەرکەوتنی ئایینەکە لە کوردستان و بڵاوبوونەوەی وەك هەر ئایینێکی ئاسمانی وبیروباوەری ناوچەیی تر، لە سەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینی دەستی پێکردووە، پاش ئەوەی دانیشتوانی کوردستان کەم تازۆر ئاگاداری دەکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایینەکەو رابەرە یەکەمینەکانی بوون. کاتێکیش ئایینەکە سەرەتا لەناو توێژی پیشەوەرو بازرگانان و شارنشینەکاندا بڵاوبووەوەو هەڵگرانی دووچاری زەبرو زەنگ و ئازارو چەوساندنەوەی دەسەلاتدارانی ئەوسای کوردستان هاتن کە لە خۆرهەڵاتی کوردستان دەوڵەتەکانی (پارثی) دوایی (ساسانی)بوون ولە خۆرئاوای کوردستانیش دەوڵەتی بیزەنتی بوو، تا ئەوکاتەی لەسەدەی چوارهەمی زایینی لەلایەن (قوستەنتین)ی یەکەمی پادشای بیزەنتی بەرەسمی ناسراو کرایە ئایینی رەسمی دەوڵەتەکەو لە سەردەمی (هورمەوزی چوارهەم)پادشای ساسانیش لەسەدەی شەشەمی زایینی کرایە ئاینێکی ئازاد لەچوارچێوەی دەوڵەتی ساسانیدا. بەوەش ئازادیەکی زیاتر بەکوردە مەسیحیەکان درا بکەونە جێبەجێ کردنی ئەرکە ئایینیەکەیان و بڵاوکردنەوەی بەناوخەڵکیدا و رێگاش بە خەڵکی درا باوەڕ بەو ئایینە نوێیەی بهێنن، بەوەش لاپەرەیەکی نوێ لەبە مەسیحی بوونی کورد دەستی پێکردو بۆ ساڵ وسەدەکانی دواتر درێژەی کێشا. ئەمەوسەرباری ئەوەی بوونی کەسایەتیەکی کوردی مەسیحیبەناوی (نەستۆریۆس) کەبووە رابەرێکی گەورەی مەسیحیەکانی خۆرهەڵات بەڵگەی ئەوراستیەیەکە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئایینەکە کۆمەڵی کوردەواری ئامێزی بۆ کردەوە وتێکەڵاوبە ژیارو ژیانی خۆی کرد. ئەمە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناواختی ئەو راستیە مێژووییانە خراوەتە روو.

١. هەرشەمی ، شاسوار. خ/مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا/٦٨.
٢. یحیی، عبدالغنی علی/ العملاق ذو الرؤوس السبعة/ مجلة کاروان/ العدد(١٣)/٢٣.
٣. أبونا، الأب البیر/ تأریخ الکنیسة الشرقیة من أنتشارالمسیحیة حتی مجئ الأسلام/١/١٧.
٤. هەرشەمی/مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا /٨٧.

٥. گورانى، على سيدو/ زردشت و الزرادشتية/ مجله المجمع العلمى الكردى/ العدد(١)/ القسم(٢)/٢٢٥.
٦. عەسكەرى، مستەفا / ئاوڕدانەوەيەك لە بزوتنەوەى هەقە/١٠.
٧. سوسه، أحمد/العرب واليهود في التأريخ/١٢٢، زكى بك، محمد أمين/ خولاصەى تأريخى كورد و كوردستان/١١٨.
٨. لەزۆربەى سەرچاوەكاندا بە ئيمپراتۆريەتى رۆمانى هاتووە كە هەرمەبەست (دەوڵەتى بيزەنتىيە)
٩. رشيد، د.جمال و د.فوزى رشيد/تأريخ الكرد القديم/١٢٠.
١٠. هەمان سەرچاوەى پێشوو/١٢٧.
١١. نچكينا وأخرون/ تأريخ جهان/جلد أوّل/١٣٦.
١٢. زكى بك/ خولاصەى تأريخى كورد و كوردستان /١١٦.
١٣. هەرشەمى/ مێژووى ئاراميەكان لە كوردستاندا /٤٠.
١٤. رشيد،د. جمال و د. فوزى رشيد/ تأريخ الكردالقديم/١٣٢.
١٥. كورانى/ زردشت والزرادشتية/٢٢٥.
١٦. ميران، د.رشاد/ رەوشى ئايينى و نەتەوەيى لە كوردستاندا /٢٧-٣١.
١٧. ئينجيل/سەردەمى نوێ /ئينجيلى مەتى/ چاپى ١٩٨٢/٢.
١٨. أبونا/ تأريخ الكنيسة الشرقية من أنتشار المسيحية حتى مجئ الأسلام/٢١،المسعودى، على بن الحسين/ مروج الذهب ومعادن الجوهر/ الجزء الثانى/١٢٢-١٢٣.
١٩. سوسه/العرب واليهود في التأريخ/١٢٢.
٢٠. پێگولۆسكايا،ن. و، وأخرون/ تأريخ ايران - أز دوران باستان تاپايان سده هجدهم ميلادى/٨٠ - ٨١.
٢١. الجوزى، بندرى/من تأريخ الحركات الفكرية في الأسلام/ ١٣٨- ١٣٩.
٢٢. مهرين، مهرداد/ دائرة المعارف - أطلاعات عمومى / ١٢٩.
٢٣. پيگولوسكايا وأخرون/ تأريخ أيران/١٢٩.
٢٤. مهرين، مهرداد/ دائرة المعارف - أطلاعات عمومى/ ١٣٠.
٢٥. پيگولوسكايا وأخرون/ تأريخ أيران/١٣٠.
٢٦. نچكيان/ تأريخ جهان/١٣٤.
٢٧. زكى بك/ خولاصەى تأريخى كورد و كوردستان/ ١١٥، رشيد، د.جمال و د. فوزى رشيد/تأريخ الكرد القديم/١٢٨ - ١٢٩.
٢٨. زكى بك/ خولاصەى تأريخى كورد و كوردستان/١١٦ - ١١٧.
٢٩. هەرشەمى/ مێژووى ئاراميەكان لە كوردستاندا /٩٣.
٣٠. أبونا/ تأريخ الكنيسة الشرقية من أنتشار المسيحية حتى مجئ الأسلام.

کەمال نوری مەعروف

# وتووێژەکەی بەڕێوەبەری شوێنەوار... ڕوون کردنەوەیەک

هەفتەنامەی (الاتحاد)ی بەڕێز لە ژمارە (٤٠٨)ی ڕۆژی ٢٠٠١/٢/٩ وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی خاتوو (رافدە عەبدوڵلا) ئەنجامداوە بەناو نیشانی: (شوێنەواری قەڵای بازیان.. تیشکێکی تر بۆ مێژووی ناوچەکە)، بەڕێوەبەر وەڵامی ژمارەیەك پرسیاری داوەتەوە کە تایبەتن بە مێژوو و شارستانیەت و بوارەکانی شوێنەوارناسی لە کوردستاندا. لە خوێندنەوەی وەڵامەکاندا هەندێك تێبینیم لاتۆماربوون جگە لەوانەش لەبەر ئەوەی کارمەندێکی شوێنەوارم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە پلەی (شارەزا) هەروەها ماوەیەکیش بەڕێوەبەری شوێنەوار بووم کە ئاگاداری کارەکانی بووم لە نزیکەوە بۆیە بە پێویستم زانی تیشکێك بخەمە سەر وتووێژەکە بۆ ئەوەی هەمو لایەك ئاگاداری ڕاستیەکان بێ. تێبینییەکانم لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆدەکەمەوە:

١) لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە کۆنترین شوێنەوار لە ناوچەی سلێمانی بەڕێوەبەر دەڵێ: کۆنترین شوێنەوار کە لە ناوچەکەدا دۆزرابێتەوە شوێنەواری (بەردەبەلکە)ی نێوان چەمچەماڵ و سلێمانییە کە بۆ چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە.

وا دیارە ناوبراو کە، دەڵێ: چاخی بەردینی کۆن ئەوە نازانێ کە تەمەنی ئەو چاخە (٥٠٠) هەزار ساڵە و زانایانی شوێنەوار و مێژووی کۆن کردوویانە بە دوو بەشەوە لێرەدا بەڕێوەبەر پێمان ناڵێ بۆ کام لەو دوو بەشە دەگەڕێتەوە.. ڕاستر وابوو بڵێت:

(بەردە بەلکە) بۆ چاخی (مستێری) دەگەڕێتەوە کە مێژوونووسی گەورە تەها باقر ڕای وایە واتە بەشی دووەمی چاخی بەردینی کۆن هەیشە لە شوێنەوار ناسان بۆ چاخی (ئاشولی) دەباتەوە لەوانە دکتۆر (ناجی الاصیل)، واتە بەر لە (١٠٠) هەزار ساڵ.

٢) لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەوەی شارستانیەتەکەمان کۆنە.. لەو ڕووەوە بەڕێوەبەر دەڵێ: .. بەڵێ کۆنترە لەوەی بە خەیاڵماناندێ، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ئەم بەشە، بەشێکە لە شارستانێتی نێوان دوو ڕوبار.

لە وەڵامی ئەم برگەیەدا دەڵێم: ئایا راستە ئەو شارستانیەتەی لە کوردستانا هەمانە بەشێکە لە شارستانێتی نێوان دوو روبار کە مانای عێراقی کۆن دەگرێتەوە. بەلای منەوە ئەگەر وابیر بکەینەوە ستەمێکی گەورە لە شارستانێتی کۆنی کورد دەکەین چونکە لە رووی تەمەنەوە شارستانێتی ئێمە کۆنترە لە شارستانێتی نێوان دوو روبار، بەڵگەش بۆ ئەمە پاشماوە دۆزراوەکانی شوێنەواری (بەردە بەلکە)ی ناوچەی چەمچەماڵە لێرەدا ئایا بەرێوەبەر ددان بەو راستیەدا دەنێت کە تەمەنی شارستانێتی نێوان دوو روبار لە هەزارەی حەوتەمی بەر لە زایین تێپەر ناکات چونکە هەتاکو ئەو سەردەمەش ناوەڕاست و باشووری عێراق بە ئاو داپۆشراوە واتە ناوی نێوان دوو روبار هەر نەبووە لە لایەکی تر یەکەم شۆڕشی کشتوکاڵی کە سەرەتاکەی لە کوردستاندا سەری هەڵداوە بۆ هەزارەی حەوتەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە کە پاشماوەکانی لە (قەڵا چەرمو)ی دەشتی چەمچەماڵ دۆزرایەوە.

من لەگەڵ ئەو رایە نیم شارستانێتی کۆنی کوردستان کە موڵکی هەموو ئەو گەلە دێرینانەی هەرێمەکەیە بەشێك بێت لە وڵاتی نێوان دوو روبار چونکە ئەم بۆچوونە بەلای منەوە لە، رای ئەو کەسانە دەچێت کە (اعادة کتابة التاریخ) بە فەرمانی بەغدا دەنووسنەوە هەر ئەوانیش دەیانووت: کورد بەشێکە لەگەلی عێراق یان خاکی کوردستان بەشێکە لە خاکی عێراق لای هەموانیش ئاشکرایە ساڵی ١٩٢٥ کوردستانی باشوور خراوەتە سەر عێراق بۆیە بەلامەوە سەیرە کەناوبراو بڵێ: شارستانیەتەکەمان بەشێکە لە شارستانێتی نێوان دوو روبار. وەکو ئاشکرایە (بەش) لە ناو گشتا دەتوێتەوە.. لە شەستەکانیشدا رۆژنامەکانی بەغدا داوای توانەوەی گەلی کوردیان لە ناو گەلی عەرەبدا دەکرد.

بەڕێوەبەر ئەوەی لەبیر کردووە کە ، کوردستان لەکۆنەوە ئاوەدان بووە بە دانیشتوان و لانکەی شارستانیەتی گەلانی زاگرۆس بووە، وەکو: گوتو، لۆلۆ، کاشی، میتانی کە توانیویانە لە مێژووی کۆندا رۆڵی گەورە بگێڕن و شارستانێتی ناوچەکە بەرەو پێشبەرن. هەرگۆتییەکان بوون کە توانییان زیاتر لە سەد ساڵ فەرمانڕەوایەتی وڵاتی نێوان دوو روبار بگرنە دەست. کاشییەکانیش زۆر شتی تازەیان هێناوەتە ناو شارستانێتی کۆنی کورد کە هێشتا لە ناو شارستانێتی نێوان دوو روبار دەرکەوتوو نەبووە لەوانە: (کدورو)ی بەردی دانانی سنوورو ماڵیکردنی ئەسپ کە ئەمەی دواییان رۆڵێکی گەورەی گێڕاوەو گالێسکەکان پێ راکێشاوە کە بە هۆیەوە هونەری شەڕ پێشکەوتنی بە خۆوە دیوە ئەمەش کودەتایەك بووە بۆ ئەو رۆژگارە پڕ ململانێیە.. جگە لەوانەش گەلێك شتی تر دەرکەوتوون کە بە نەخشە هەڵکۆڵراوەکانیانەوە دیارن بە تایبەتی میلە نەخشێنراوە بەردینەکانیان.. هەموو ئەمانەش کاردانەوەی گەورەیان هەبووە بۆ بەرەو پێشبردنی شارستانیەتی کۆنی کورد.

لە سەرو ئەمانەوە سۆمەریەکان کە پسپۆڕەکانی مێژووی کۆن بە باوکی شارستانیەتی نێوان دوو روباری دادەنێن لە گەلانی غەیری سامین واتە ئەگەر بڵێم: لە گەلانی کۆنی زاگرۆسن بە هەڵەدا نەچووم.

من ناڵێم شارستانێتی کۆنی کورد نەکەوتۆتە ژێر کارتێکردنی شارستانێتی ترەوە لە هەندێ سەرەوە بەڵام ئەو سوود وەرگرتنەی زیاتر لە سەردەمە مێژووییەکاندا دەرکەوتوتر بووەو کەمتر لە چاخەکانی پێش مێژوودا رووی داوە. ئەگەر بەو جۆرەی بەڕێوەبەر بیر بکەینەوە ئێرانییەکانیش بۆیان هەیە بڵێن: لەبەر ئەوەی لێمان نزیکن شارستانیەتەکەتان بە بەشێك لە شارستانیەتی خۆمان دادەنێین چونکە لێکچوون لە نێوانماندازۆرە.

بۆیە دەڵێم: ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لەگەڵ راستی مێژوودانارواو ئێمەی کورد لە کۆنترین گەلانی هێندوئارین لە کوردستاندا کە شارستانێتی خۆمان هەبوەو پارێزگاریمان لێکردوە.

پاشماوه دۆزراوەکانی گردی (بەگم)ی ناوچەی شارەزور کە بۆچاخی (حەلەف) دەگەڕێتەوەو نمونەی لە گۆزەو گلێنە نەخشێنراوەکانیدا سەری هەڵداوە بەڵگەیەکی زیندوی ترە بۆ شارستانیەتەکەمان کە چۆن ئەو پیشەسازییە لە کوردستانەوە بەرەو شوێنەکانی دورتر ڕۆیشتوەو بڵاوبۆتەوە هەتاکو گەیشتووە بە (خاپور)ی سوریا و ناوچەی موسڵ. لە سەرو ئەمانەشەوە وشەی نێوان دووڕوبار زاراوەیەکی جوگرافییەو وڵاتی کوردستان لە کۆندا ناگرێتەوە.

٣) لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەو ئاسەوارانەی دۆزراونەتەوە، بەڕێوەبەر دەڵێ: ساڵی ١٩٨٨ کاری کنەو پشکنینمان لە ناوچەی (یاسین تەپە) ئەنجام دا کە (٥٦) ڕۆژی خایاند سەرئەنجام (٣) چینی نیشتەجێ بوونی ئیسلامیمان دۆزییەوە کە بۆ دوا دوای چاخی عەباسی دەگەڕێنەوە.. هەروەها دەڵێ: نێردراوەکە هەوڵی دا چاڵێکی تر هەڵبکەنێت لە ناوچەیەکی نزیك بە سووری دەرەوە کە تیایا ئاسەواری چاخی ئەشکانی پێش ساسانییەکانی دۆزرایەوە.. بۆ وەڵامی ئەمە دەڵێم: ئەو کنەو پشکنینانەی لە گردی یاسین تەپەی شارەزور ئەنجامدرا لە ١٩٩٩/٧/٣١ دەستیپێکرد نەوەکو ١٩٨٨. لە لایەکی تر سەرۆکی تیمەکە بەڕێز نووسەری ئەم ڕوونکردنەوەیە بوو بە هاوکاری ژمارەیەك لە شوێنەوارناسان کە لە نێوانیاندا شوێنەوارناس (ڕافدە عەبدوڵلا عەبدولسەمەد)یش ئەندام بوو. کاتێك تیمەکە دەستیکرد بەکاری خۆی ناوبراو ٢١ ڕۆژ چووە دیدەنی کەسوکاری، بۆ لای ئێمە نەگەڕایەوە. لە ماوەی ٥٦ ڕۆژی کارکردنماندا ئەو زاتە (٦) ڕۆژ لەگەڵمانا بوو، کاتێك بۆمان نووسی دەرماڵەی ئەو شەش ڕۆژەی بدەنێ پێی ناخۆشبوو بۆ ئەو ماوەیەش کارێکی نەکرد بە پێچەوانەی ئەندامانی تیپەکە هەر کەسەو بەباشی کاری خۆی ڕاپەڕاند سەرئەنجام دووچینی نیشتەجێبونمان دۆزییەوە کە بۆ سەردەمی ئیسلامی دەگەڕانەوە واتە چاخی (١٠ - ١٢)ی زاینی جگە لە دۆزینەوەی ژمارەیەك ئاسەوار کە لە نێوانیانا پاشماوەی گۆزەو گلێنەی کوردی هەبوون بە پێچەوانەی قسەی بەڕێوەبەرەکە، دەڵێ: (٣) چینی نیشتەجێ بوونمان دۆزییەوە کە بۆ دوادوای چاخی عەباسی دەگەڕانەوە. جگە لەو شوێنەوارە ساڵی ١٩٩٨ لە گردی قەڵای شیلەی ناوچەی کۆیەش کنەو پشکنینمان کردو پاشماوەی پەرستگایەکی زەردەشتی تێدا دۆزرایەوە کە بۆ چاخی دوایی ساسانی دەگەڕێتەوە و ناوبراو لەم کارەدا ئەندام نەبوو.

٤) لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە ئاسەواری قەڵای بازیان و ئەو ڕاوبۆچوونانەی لە سەریەتی کە هەیە، دەڵێ: (دێرە) و هەمیشە رای وایە پەریستگایەکی زەردەشتییە لەو ڕووەوە بەڕێوەبەر دەڵێ: باوەڕم وایە کە بینایەکی عەسکەرییە بە مانا قەڵایەکەو ستراتیژیەتی عەسکەری خۆی هەیە زیاتر لەوەی پەرستگایەك بێت یان دێرێکی مەسیحی. بۆ وەڵامی ئەمە دەڵێم: ماوەیەك بەر لە ئێستا نووسراوێکم پێگەیشت لە بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی بە ئیمزای ناوبراو ژمارە (٢٥) لە (٢٠٠١/١/١٣) تیایدا داوای ئامادەبوونی ژمارەیەك لە بەڕێزان دەکات کە ناوەکانیان نووسرابوون لە نێوانیاندا ناوی منیش هەبو بۆ ئەوەی سەردانی قەڵای بازیان بکەین بۆ ئاشکرا کردنی زانیاری نوێ هەروەکو ناوبراو دەڵێ: ئەم شوێنەوارە نەدێرێکی عیساییە و نە پەرستگایەکی زەردەشتی بەڵکو کۆشکێکی میری ساسانیە پاش ڕوخاندنی دەوڵەتی ساسانی لە لایەن سوپای عەرەبی ئیسلامی ساڵی ٦٤٢ی زاینی بۆ مەبەستی تر بەکار هێنراوە. کاتێك لە شوێنی ناوبراو کۆ بووینەوە بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری پێشو بە ناوبراومان وت: فەرمو قسە بکە بەڵام نەهاتە زمان لەبەر ئەوەی هیچی پێنەبوو بیڵێ. من لێرەدا وابۆی دەچم ئەم ڕایەشی کە دەڵێ: بینایەکی عەسکەرییە هەروەکو ئەوەی پێشووی ڕایەکی بێبناغەو سەرپێی و بەپەلەیە چونکە لە هیچ شوێنێکدا نەبوە قەڵایەکی سەربازی

لە بنکی شاخێکدا دروست بکرێت لەبەر ئەوەی دوژمن هەر کاتێك بیەوێت دەتوانێت لە شاخەکەوە پەلاماری بداو بە ئاسانی داگیری بکات. لای هەموانیش ئاشکرایە کە قەڵا هەردەم لە شوێنی نزمیدا واتە لە دەشتا دروست نەکراوە بەڵکو لە شوێنێکی بەرزدا دروستکراوە یان لە سەر شاخێك بووە بۆ ئەوەی لە کاتی هێرش و پەلاماردان بۆسەری بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەکەوێتە دەستی دوژمن. ناوچەی دەربەندی بازیانیش لە کۆنەوە بۆ ئێستا ژمارەیەك شەڕی قورسی بە خۆوە دیوە کە لە مێژووی دێرین و هاوچەرخی کوردا تۆمار کراون.

لە لایەکی تر بەڕێوەبەری شوێنەوار دەڵێ: لە

> ناوچەکەدا پاشماوەی شارێك هەیە کە، قەڵاکەی لێیە، باوەڕمان وایە لەو قەڵایانە بێت کە کەوتۆتە سنوورەوەیان ئەترافی ئیمپەراتۆریەتی ساسانی بۆ ئەوە دروستکراوە کە بەرەو رووی ئیمپەراتۆریەتی رۆمانی بێ کە دژایەتی ئیمپەراتۆریەتی ساسانی کردوە.

بۆ وەڵامی ئەم بۆچوونە دەڵێم: وڵاتی کوردەواری واتە ناوچەی سلێمانی هەرگیز ناوچەیەکی سنووری ئەترافی ساسانی نەبوە کە تیایدا قەڵایەك دروستبکەن و بیکەنە بنکەیەکی سەربازی بۆ پارێزگاریکردن بۆ وەستاندنی هێرشی رۆمانیەکان بۆ سەر ناوچەکە کە دژی ساسانیەکان بوون بەڵکو سنووری رۆمانییەکان لە هێڵی سەرووی فورات نەچوە بەو دیوا واتە سوریا و کوردستانی تورکیای گرتۆتەوە.. هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویش لەو رووەوە بە دەستەوە نییە کە راستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێ. وا پێی دەچێت ئەم رایەشی قسەیەکی بێبەڵگە بێت هەروەك چۆن لەوەو پێش بێبەڵگە نیشانی دا کە ئەو شوێنەوارە کۆشکێکی میری ساسانییە.

بۆ ئەوەی بەڕێوەبەر کە، دەڵێ: پاشماوەی شارێك لە ناوچەکەدا هەیە.. من تێناگەم ئەگەر ئەو پاشماوەیە هەیە بۆ روونی ناکاتەوە لە کوێیە و بۆ کام سەردەم دەگەڕێتەوە یان چۆن دەزانێ پاشماوەی شارەو گردێکی ئاسایی نیە کە لەو جۆرانە لە کوردستانا زۆرن. پێی دەچێت ناوبراو لە کەسانی ترەوە هەواڵەکەی وەرگرتبێت بێ ئەوەی لێی بکۆڵێتەوە و راستییەکەی بۆ دەربکەوێت. دەنا ئەوە دەزانم ناوبراو هەتاکو ئێستاش شارەزای ناوچەکە نییە و خۆی ماندو نەکردووە پیایدا بگەڕێ و بزانێت لە شوێنەوار چ هەیە.

٥) بۆ سەردەمی قەڵای بازیان بەڕێوەبەر دەڵێ: بەڵگە بە دەستەوەیە کە ئەم قەڵایە لە سەردەمی ئەمەویەکاندا ئاوەدان بوە. بۆ وەڵامی ئەم بڕگەیە دەڵێم: ئایا کە بەڵگە بە دەستەوەیە بۆ سەردەمی ئەمەویەکان ئەی بەڵگەی چی بەدەستەوەیە کەقەڵایەکی بەرگری بوبێت لە سەردەمی ساسانیەکاندا دروستکرابێت یاوەکو دەڵێی مێژووەکەی لە نێوان (٢٢٦ - ٢٢٧)ی زایینیە ئایا هیچ ئاسەوارێك دۆزراوەتەوە کە ئەو بۆچوونە بسەلمێنێ. من باوەڕم وایە کە ئەو جۆرە بۆچوونانە هەر لە خانەی گوماندا دەمێننەوە چونکە پێویستی بە بەڵگەی تر هەیە کە لێرەدا بەدەستەوە نیە.

٦) بە شێوەی پرسیارەکاندا وا دیارە بەڕێوەبەر خۆی داینانون بەو شێوەیەی کە ویستوویەتی.

٧) خۆزگە بەڕێوەبەری شوێنەوار خاتوو رافدە بەقەدەر کابرای رۆژنامەنووسی عەرەبی کوێتی حەماسەتی ببوایە کە لەسەر تەلەفزیۆن چاوم پێی کەوت و دەیوت: کورد خاوەنی کۆنترین شارستانیەتە لە ناوچەکەدا.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەو دوو رایە دەمێننەوە کە جێگای باوەڕن و دەیبەنەوە بۆ دێرێکی عیسایی یا وەکو پەرستگایەکی زەردەشتی کە بە شێوەی بیناکەوە دیارن. لەوانەشە کنەو پشکنینی داهاتوو لەو بەشەی بیناکەدا کە هێشتا لەژێر زەویدا ماوەتەوە و زانیاریمان لەسەری نیە زیاتر مێژووی ئەو شوێنەوارەمان بۆ ساغ دەکاتەوە.

رزگار سەعید

# قەیرانی ڕووناکبیریی

پاش راپەڕین هەستێکی گەورەی ڕووناکبیری و چەمکی ئەم تەوەرە لە تێگەیشتن و گەیشتن بەئاستێکی دیار رۆڵی هەیە. فاکتەری قەیران تەنها لەوەدا ناوەستێتەوە کە دەستەواژەو وشەی زیندووی بەرامبەریمان کەمە، بەڵکو لەوەدا خۆی دەنوێنێ رەهەندە سەرەکیەکان پەیوەست نین بەجۆری بیرکردنەوەوەو بیر کردنەوەکانیش تەنها تەقلیدین .

لەکۆمەڵگەدا کارێکی نەگونجاوە ڕووناکبیر ئەقڵ و خەیاڵی سەربەست و تایبەتی خۆی راستە وخۆ بەسەر روکار(اتجاه)ی خەڵکیدا بسەپێنێ ، هەرچەندە ئەم جۆرە گفتو گۆو دایەلۆگانە پێویستیان بەدۆزینەوەو زەمینەیەکی هاوبەش هەیە لە نێوان تەوەرەکاندا.

وشەی ڕووناکبیری گەورەترین وشەی ئەمڕۆیە بۆ مامەڵەکردن ، دیالەکتیکی نێوان کەسەکانە بەڵام باس لەیەك شت ناکەن، هەربۆیە ئەم دەستەواژەیە خۆی لەخۆیدا زۆر ئاڵۆزە .

لێرەدا دەتوانین لێکدانەوەی بەدوو جۆری سەرەکی نمایش بکەین:

١- ئەوجۆرە ڕووناکبیریەی زانایانی سۆسیۆلۆژی بەکاری دەهێنن بەم جۆرە پێناسە دەکرێ : ((هەمەکیەکی ئاڵۆزەو مەعریفەو هونەرو یاساو ئەخلاق و ترادسیۆن دەگرێتەوە ، لەگەڵ هەمو تواناو نەریتێکی دیکە کەمرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا دەستەبەری دەکات)). یاخود(( بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگە کە گوزارشت لە هێمای زمانەوانی و ئەفسانەو سروشت و ستایڵی ژیان و دەزگای فێرکاری و ئایینی و سیاسیەکان دەکات))[1].

٢- ڕووناکبیری بەواتا مرۆڤانەییەکەی ((روناکی زهن و چێژ و رەوشت و بوژانەوەیە)) یاخود (( بەرهەمی ئەقڵ یاخەیاڵی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە ئامانج)).لەزمانی کوردیدا وشەی ڕووناکبیر یا رۆشنبیر پێکهاتووە لە بیر+ روناك (رۆشن)، ئەم واتایەش تێکڕای لایەنە فیکری و مەعریفیەکان دەگرێتەوە یاخود بەواتای دروست بوونی ئەقڵی و روحی و ئەخلاقی مرۆڤ دێت لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و خۆ توێژینی جیهان و چێژ وەرگرتن لێی ، چونکە ئەوکاتە ڕووناکبیری دەبێتە پێکهاتەیەکی ناوەکی و ناوەوەی مرۆڤ و پێوستی بە یارمەتی دەرەکی نیە. ئەم وشەیە لەزمانە بیانیەکانی وەك ئنگلیزی بە Culture و زمانی فارسی فرهنگ و عەرەبی بە(الثقافە)دێت کە هێشتا لەروی واتاوە بەرامبەر بەو وشە دەوڵەمەندەی کوردی نیە، زیاتر دەمانخەنە ناو (وەزیفە) ی کارەکانەوە.

(هربرت رید) دەڵێت:(( نمونەی بەرز بۆ ڕووناکبیری ئەوەیە کاتێك ڕووناکبیری بزربێت )) واتە ئەو چەمکە لەمرۆڤەکاندا توابێتەوە نەك لەسەرشانۆ و کتێبەکاندا نمایش کرابێ . ڕووناکبیریی هۆشمەند (واعی)

گەڕانەوەیەك نیە بەڵكو بێدەنگ بەشێكە لەقەوارەی مرۆڤ . كاتێك بمانەوێ لەچەمكی رووناكبیریی بكۆڵینەوە و لێكدا نەوەی واتاكانی بەدەست بخەین ئەوەكارێكی دژوارە چونكە ئەمانە تەنها روناكی و چالاكی دەروونی مرۆڤەكانە. هەرچۆنێك بێت لێرەدا دوو واتای دیاریكراو و تایبەتمان هەیە بەرامبەر بەرووناكبیری گەربەراوردو جیاوازیەكان دەربخەین دەتوانین زیاتر ڕۆشنایی بدەین بەكارەكەمان. واتای یەكەم وەك سروشتی خۆی كۆمەڵایەتیە ، چونكە رووناكبیری لێرەدا وەسفی خەسڵەتەكانی خودی كۆمەڵگەكەی دەكات، یاخود روخسارێكە كەس ناتوانێ بەدەستی بخات تەنها لەرێگەی پابەندبوونی بەكۆمەڵگەیەكی دیاریكراوەوە نەبێت. سۆسیۆلۆژیستەكان باوەڕیان تەنها بەرووناكبیریە كۆمەڵی بەشەریەت لەكۆمەڵی گیانداران جودا بكاتەوە.

واتای دووەم. تاكە كەسییە، چونكە پرۆسەی روناكی و چالاكی پەیوەست دەبێ بەتەنها كەسێكەوە. یاخود كۆمەڵە كەسێك كەهەریەكەیان كەسایەتیەكی بێلایەنیان هەبێت. بەرهەمی رووناكبیریش بەواتایەكی بەربڵاوتر پەیوەستە ، پەیوەستیەكی ئۆرگانی بە كەسێكەوە كەدایهێنا بێت، بەپێچەوانەی بەرهەمی زانستی كە ئەوپەیوەستی كەسایەتیە دیارە بزر دەكات و تەنها لەسەرئاستێكی فراواندا دانی پیا دەنێت . لەلایەكی ترەوە رووناكبیری بەو واتایەی سۆسیۆلۆژیستەكان بەكاری دەهێنن نمایشی كەسێك دەكات كەپەیوەندی بە كۆمەڵگەوە بێت لە كەمترین ئاستدا ، ئەمەش خاڵی سەرەتایە لەژیانی مرۆڤی هوشیاردا چونكە كەس(فرد) رووناكبیری گەلەكەی قبوڵ دەكات ، واتە قبوڵ كردنی بەهاو ڕوكارەكانی ناو كۆمەڵگەی نەش و نماكردنی خودی كۆمەڵایەتیەوە.

بەڵام رووناكبیری بەواتای دووەم نمایشی زۆرترین ئاست دەكات كەتەنها ژمارەیەكی كەم پێی دەگەن .

لێرەدا خاڵی كۆتایی بەرجەستە دەبێت ، یا ئەوئامانجەی كەس دەیەوێت بە درێژایی ژیانی بەدەستی بهێنێ . بەڵام لایەنی سێهەمی رووناكبیریی بەواتای یەكەم دێت كە جوڵەی سستەو پشت دەبەستێ بەوانەی بۆی بە جێماوە، وبێدەنگ ڕادەكشێ بە تایبەتی ئەمە لەكۆمەڵگە تەقلیدیەكاندا روودەدات ، بەڵام رووناكبیری بەرز یابەرهەمی بەرزی رووناكبیری جوڵەی خێرایە و هەربۆیە باڵای بریسكە دەداتەوەو بەردەوام هەوڵدەدات بۆ بەرزترین ئاست.

دوا جیاوازی گرنگ لەوەدایە رووناكبیریی بەواتای یەكەم هەمەلایەنەیەو ئامادەگی هەیە لەهەرشوێنێ كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لێبێت ، ئەوە دەسەلمێنێ كۆمەڵگە بەراییەكانیش رووناكبیرییان هەبووە ، بەڵام واتای دووەم دیاریكراوە تەنها كەمینەیەكی هەڵبژاردە دەگرێتەوە.

## ئایا واتای سێهەم هەیە؟

دەتوانین بڵێین ئەو دوو گوزارەیەی رابردوو لەسەر پانتاییەكی بەرین رۆڵی خۆی دەبینێ كە جیاوازی بەراوردكردنی نێوانیانمان دەستنیشان كرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین وێنا كردنی واتای سێهەم لەنێوانیاندا دەستنیشان بكەین و بە (رووناكبیریی میللی) ناوزەدی بكەین ، بۆ نموونە(كوردستان یەكێكە لەو ناوچانەی لەسەر ئاستێكی فراوان تیایدا بڵاو بوەتەوە وەك شانۆییە كۆمیدیە سادەكان ، بەرنامە كۆمیدیە تەلەفزیۆنیەكان ، وتار خوێندنەوەی ناو مزگەوتەكان و گریاندنی موسڵمانان، گوێگرتن لە گۆرانی بێژە میللەكان و...هتد) ئەم رووناكبیرییە میللیە واتای جیاوازتری هەیە لە رووناكبیری بەواتا كۆمەڵایەتیەكە، چونكە دەرەنجامی كارە رووناكبیریەكە كەسانی تایبەتمەند پێی هەڵدەستن، گەر رێژەی ئاستیشیان هەرچەندێك بێت . هەروەها ترادسیۆن و شێوازی بیركردنەوەی كەس لە كۆمەڵگەدا وەریدەگرێت جیاوازە لە رووناكبیری بەرزەوە ، چونكە چێژی میللی بەرفراوانە، پەیوەستە بەدەرەنجامی رووناكبیریەكەوە لە داهێنانو چێژ و تواناشی دەوێ بگاتە رۆشنبیری بەرز.

ئا بەو جۆرەو لەهەرکۆمەڵگەیەکدا نموونەی بەرزی رووناکبیریی ، لابردن و سوککردنی ئەو بۆشاییەی نێوان رووناکبیریی بەرزو رووناکبیریی میللییە ، بەو واتایەی رووناکبیریی بەرزو پێشکەوتوو بۆ جەماوەرێکە لەتوانایاندابێت چێژی لێببینن ، بەڵام لەباری ئێستاماندا پێویست بە بەردەوامی ئەم دووفاقیە ناکات ، هەرلەبەر ئەوەشە رووناکبیریی بەرز لای رێژەیەکی کەمەو رووناکبیری میللی بەرفراوانترە.

## رووناکبیر لەکۆمەڵگەکاندا

رووناکبیر لە زمانی کوردیدا واتای جیاواز وەردەگرێ لەبوارەکاندا . لەزمانی ئنگلیزیدا وشەی (Intellectual)و لەزمانی فەرەنسیدا (Intellectual)و کەلە هەریەکێکیاندا بەپلەی یەکەم واتە ئەقڵیەکە دەگرێتەوە . هەرچەندە لەزمانی روسیدا (ئەنتلجنسیا) بەوجگە لەواتە ئەقڵیەکەی واتای سیاسی و شۆڕشگێڕی لەخۆدەگرێ بەڵام لەزمانی کوردیدا جگەلەروی ئەقڵیەوە خەیاڵ و داهێنان و روشنکردنەوەی هەموولایەنە مەعریفیەکان دەگرێتەوە.

بەواتایەکی دی رووناکبیر بەوکەسە دەوترێ مەعریفەو چێژی هونەرو ئەدەب و بەرهەمە خەیاڵیەکان و بوارە ئاینییەکان کۆنترۆڵ بکا. رووناکبیر دەتوانێ ببێتە داهێنەرو داهێنان بکات ، گەر رووناکبیر وەرگربێت دەتوانێ بەرهەمی بەرزو نزم جودا بکاتەوە ، ئەمرۆکە لەناو فەرهەنگی کوردیدا قەیرانی رووناکبیری سەری هەڵداوە، ئەویش خودی رووناکبیرە هەڵدەستێ بە سفر کردنەوەی توانا و کەسەکان و رەت کردنەوەی دەزگا ئەدەبی و فیکریەکان تاڕادەیەك گەر لەگەڵ میتۆدی خۆیدا نەگونجێ زۆر ئاساییە هەوڵی داخستنی بۆ بدرێت .

## قەیران چییە؟

یەکەم: قەیران واتایەکی بەرفراوانی هەیە، هەرسەدەیەك لەسەدەکانی مێژوو قەیرانی رووناکبیریی تایبەتی خۆی هەیە . چەمکی قەیرانیش پێدەچێت پێویست بێت بۆ چەمکی رووناکبیریی چونکە رووناکبیر لەزۆربەی سەدەکاندا لەدەرەوەی چوارچێوەی بەها بەربڵاوەکاندا بووەو هەمیشە هەوڵی زیاتری داوە بۆ دەرخستنی جیهان بەباشتر.

قەیران بە پێی سروشتی خۆی دووفاقیە: لەلایەك گوزارشت لە بێتوانایی واقیع دەکا دەربارەی پانتایی فیکر . لەبەرئەوەی فیکر بەپێزترەو بەروکاری ئایندەدا دەچێ و ئامادەگیەکان دا دەپۆشێ ، هەربۆیە بیرمەندو هونەرمەندو ئەدیبەکانی سەردەمی رێنیسانسی ئەوروپی بە بەرهەمە بەپێزەکانیانەوە بەرەو پیری سەدەی نوێ چون و ئەدیب و فەیلەسوفەکانیش بەدەیانساڵ پێش شۆرشی فەرەنسا کەوتن.

قەیران دەکرێت واتایەکی دژ بەوەی سەرەوەش خۆی بنوێنێ ، وەك ئەوەی واقیع دەتوانێ زۆر بەخێرایی پێش فیکر بکەوێت . هەرچەندە ئەم خەسڵەتەی دوایی ناتوانێ لەسەدەی نوێ و بەشێوەیەکی تایبەتی لەکۆمەڵگەی پێشکەوتوودا خۆی نمایش بکات ، چونکە باری گۆڕانکاریە ئابوریو کۆمەڵایەتیو تەکنەلۆژیەکان زۆر خێراترن لەو گۆڕانکاریانەی لەسەر ئاستی فیکر روو دەدەن . گۆڕانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی خێراترو ساناترە لە گۆڕانی ئەقڵی و شێوازی بیرکردنەوەو ئەخلاقیەکان.

دەرەنجامی ئەم ناکۆکیانەش بەدوی قەیرانی رووناکبیرییەوەیە کەلەهەموو نەتەوەیەکدا ستایلی نوێ لەخۆ دەگرێ یاخود لەڕێی چەمکی نوێوە باس دەکرێت . چەمکی قەیران بەرهەمی بەرامبەری نێوان فیکرو واقیعە. چەمك پێویستەبۆ پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤ ونیشانە راستەکانیش بەڵگەن بۆ راپەرینی ئینسانیو هەستەکانی.

دووم: قەیران واتایەکی تەسکیشی هەیە. گەرقەیران بەواتای پێشوو پەیوەست بێت بەکۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیەوە و قۆناغەکانی پێشکەوتن عەقڵی ئینسانی پیادا گوزەر بوبێ ئەوە

چەمکێکی تەسکتری دیکە خۆی نمایش دەکات کە گوزارشت لەنەخۆشی و ئاستەنگیەکانی بکات.

چونکە لێرەدا کەمترین ئاست هەیە بۆ مەرجەکانی روناکبیریی کەتیایدا بگەشێتەوە. گەر ئەو ئاستە کەم نەبێ ئەوە قەیرانێکی روناکبیریی لەجۆری نادروست دروست دەبێت، نموونەش بۆ ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێوەندانەیە کە لەبەردەم سەربەستی رادەربڕیندان یائەو کەسانەی روکارێکی فیکری دیاریکراویان هەیە، ئەم جۆرە لە جیهانی سێ یەم و ناوچەکەماندا زۆربەربڵاوە.

روناکبیری دەسەڵات:

لەژێر رۆشنایی ئەوانەی باسکران ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە پەیوەندی لەنێوان روناکبیری و دەسەڵاتدا هەیە. چونکە دەسەڵات بەرپرسە لەرەخساندی کەشێك روناکبیری تێدا بژی تامەرجە پێویستەکانی تیا گەشەبکات و ئاستێك بۆ بەربەستەکانی رێگاشی دابنێ. لەراستیدا قەیرانی روناکبیریی لەسەر ئاستی هەردوو جیهانی سێیەم و وڵاتانی پیشە سازی پێشکەوتوودا، ئاشکرا کردنی جیاوازیە سەرەکیەکانی سروشتی خودی قەیرانەکەیە.

کاتێك کێشەی گەورە بەرەورووی روناکبیری وڵاتانی پیشەسازی دەبێتەوە ئەوکێشەیە هەڵوێستی ئەقڵ و روحە بەرامبەر ئامێرەکان چونکە هەڵوێستی روناکبیر لە تەکنەلۆژیای نوێدا خێرا دەگۆڕێ. نامۆکاری مرۆڤ لە سەدەی ئامێرەکاندا مرۆڤ دەگۆڕێ بۆشت، بەرهەمە روحیەکانی بەشەریەت لەسەر کەرەستەکان دەسڕێتەوە. ئەمەکێشەیەکی گەورەی روناکبیری ئەوروپی بوو کەلەسەدەی نۆزدەدا بەرەو رووی بوونەوە واتە روناکبیری ئینسانی بۆ زانست گۆڕا، و رەهەندەکانیش زاڵ بوون بەسەر دووفاقی سەرەکی کە عەقڵی مرۆڤی ئەوروپی نوێی دڵخۆش کردبوو. لێرەدا مەبەست لە دووفاقی جیاوازی نێوان زانستی تایبەت بە ماتر یالیزم و بەشێکی، ولەنێوان روناکبیری ئینسانییە کەبۆ ئەنجام گەیاندن و گەشەکردنی تەواوی تواناکانی مرۆڤە.

ناتوانین بڵێین ئەم گفتوگۆیانە دەربارەی روناکبیری و زانست یاتەکنەلۆژیا تەنها لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دەستی پێکرد. (سنو Snow)کاتێك وتارێکی بەناو بانگی بڵاو کردەوە بەناوی (هەردوو روناکبیریی) یەوەکە بووە مایەی مشتو مرێکی زۆر لەناوەندە روناکبیریەکاندا جەختی لەسەربونی لایەنێکی دیکەی سێهەم و چوارەم .....کردەوە. هەرچەندە لەئەوروپادا و لەسەدەی نۆزدەدا لەم جۆرە گفتو گۆیانە زۆرکراو بەتایبەتی لەنێوان (مانیو ئەرنۆڵد) و (تۆماس هکسلی)و لەسەرەتای سەدەی بیستیشدا لەنێوان (ئیلیەت)و رەخنەگراندا بەربڵاوتربوو.(پاشان دێینە سەری). لەتێکڕای بارو دۆخەکاندا هەستە باوەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی قەیرانی راستیەکانی روناکبیری تەحەدای زانست دەکات لەروی روحی و خەیاڵی داهێنەرەکانەوە، بۆیە ناچار ئەقڵی مرۆڤ لەنێوان تەکنەلۆژیاو داهێنراوەکاندا دابەش دەبێ. بەڵام لەجیهانی سێدا کێشەی بنەڕەتی تەحەدا کردنی رژێمە نەك زانست جگە لەهەندێ کێشەی لاوەکی بەرەورووی روناکبیری زانست و تەکنەلۆژیای نوێ دەبێتەوە (بۆنموونە دژ وەستان بەرامبەر سەتەلایت ناوزرانی ).

لەسەرەتادا دەبێت لەواتای رژێم و دەسەڵات بگەین ، دەسەڵاتیش سێجۆرە (ترادسیۆنی بەربڵاو، دەسەڵاتی ئاین، دەسەڵاتی حکومەت). ئەم سێ جۆرە لەدەسەڵات کاریگەری خۆی هەیە لەسەر روناکبیریی و تارادەیەك نێگەتیڤن. دەسەڵاتی ترادسیۆنی بەربڵاو دەتوانێ روناکبیریی سەرکوت بکات چونکە روناکبیریی خۆی لەخۆیدا ململانێی هەیە لەگەڵ بەها باوەکاندا. هەرلەبەرئەمەشە بەردەوام هەوڵدەدات بۆ گۆڕانی باشتر چونکە ترادسیۆن پارێزگاری لەنەریتە باوە چەسپاوەکەی خۆی دەکات و پەیوەستە بەرابردووەوە دەیەوێت رابردوو بچەسپێنێ، بەڵام گەورەترین ململانێی

رووناكبیریی لەولاتانی جیهانی سێهەمدا و بەتایبەتی لەناوچەكەماندا لەگەڵ دەسەلاتی ئایینی و دەسەلاتی حكومی یان حیزبیدایە. دەسەلاتی حكومی یان حیزبی بەشێوەیەكی ئاشكرا دەیەوێت بیرو بۆچوونی خۆی فەرز بكات بەهەمووشێوەیەكی رووناكبیریی و بەریەستیش دابنێ لەبەردەم ئەوكارە رووناكبیریانەی نەیاری روكاری دەسەلاتن. بەوجۆرە رووناكبیریی راستەوخۆ دەكەوێتە ژێر رەحمەتی دەسەلاتەوە، و ئەم كێشەیەش بە پێی زەمەن و نەوە بۆنەوە دەگۆرێ.

## كێشەی رێژەیی لەدەسەلات و هەڵسەنگاندندا

وروژانی كێشەی رێژەیی لەدەسەلات و هەڵسەنگاندندا پێویستە چونكە قسەمان لەسەر قەیران و بەرەو رووبوونەوەی نێوان رووناكبیرییو دەسەلات كردو دیاردەی ئەم قەیرانەمان ئاشكراكرد كەچۆن ترادسیۆن وازلەئەقڵە جیاوازو بێ تواناكان ناهێنێ بەرامبەر نەوەی نوێ كەواتە دەشێت بوترێت ئەم قەیرانە تارادەیەك رێژەییە. چونكە لایەنگرانی ئەم روكارانە پارێزراون و باوەر بەهیچ قەیرانێكی دی ناكەن و تەنها ئەو سەردەمە دەبینن كەزاڵن بەسەر رووناكبیریدا خۆی لەراستیدا ئەوسەردەمە دادەنرێ بەبوژانەوەی روناكبیریی. لێرەدا كاریگەری كێشە رێژەییەكە بەرچاو دەكەوێ و ئەوپرسیارە دروست دەبێ، ئایا راستە رووناكبیریی مل كەچی پێودانگە رێژەییەكانە؟ وەلام، نەخێر چونكە رووناكبیریی لەدیدی هەندێ كەسەوە بەرزەو لەدیدی هەندێكی كەوە نزمە بێ ئەوەی فاكتەرێكیش هەبێت بۆ جیاكردنەوەی هەردوو بۆ چوونەكە چونكە ئەمانە تەنها (بۆچونن).

لێرەدا دەتوانین بەم جۆرە بەرپەرچی ئەو پەڵپانە بدەینەوە،

١- ئەوانەی ئینكاری ئەم جۆرە رێژەییە رووناكبیریە دەكەن هەست بەبونی پێودانگە مەوزوعیەكان ناكەن لەنێوان كارە رووناكبیریەكاندا. ئەم جۆرە دیدو بیركردنەوانە سەربەراوردكردنی (بۆنمونە) رۆمانەكانی ئەجاساكرسیتی و دراماكانی شكسپیر یاخود مۆسیكای رۆك ئان رۆڵ و سەمفۆنیاكانی بتهۆڤن. واتە كۆبونەوەی خەڵكانی زۆر لەبەشیەكەمدا دەخەنە ئەستۆی بەشی دووەم، بەلام وەك ئاشكرایە پێودانگی مەوزوعی هەیە بۆ جیا بونەوەی كارە رووناكبیریەكان هەرچەندەگران و تەنگژەن و ئامادەگیان هەیە گەرنەبوایە نەئەوترا شكسپیر نوسەرێكی مەزنترە لەئەجاساكریستی و مۆسیكای بتهۆڤن نەمرترە لە مۆسیكاكانی دیكە كەئەمانە شوێن بەشوێن و ساڵ بەساڵ لە گۆراندان.

بەرپەرچ دانەوەی دووەم لەرویەكی بەهێزەوەیە و هەولدەدات كۆمەلگە بگۆرێ و نزیكی بكاتەوە لە دەربرینە راستیەكانی رووناكبیری و هەرلەو دیدە بەهێزەوە بانگهێشتی بەستنی ئەقڵ و فیكر دەكات، ئەوەش تەنها لەبەر فاكتەرە ساكارەكەی سروشتی رووناكبیرە.

وەك وتمان، بۆئەوەی بەرەو پێشەوە بچێت، دەبێت فیكر بەكاربهێنرێت لەپێناو وێنەیەكی پێشكەوتوی بۆداهاتوی كۆمەلگەی مرۆڤایەتی، هەرچەندە مێژووی پێشكەوتنی مرۆڤایەتی ئەمەی سەلماندووە.

رووناكبیرە مەزنەكان بەدرێژایی چاخەكان بەبەرهەم پێش زەمەنی خۆیان كەوتوون و رێگەیان پاك كردۆتەوە بۆ ئەو پێشكەوتنانە. ململانێی نێوان لایەنەكانیش، ململانێ بووە لەنێوان چۆنیەتی دروست بوونی جۆری ئەقڵی داواكراوو سەركەوتنی رووناكبیریی تەقلیدیی كەویستراوە ملكەچ بن و پرسیارو رەخنە نەگرن. كێشە سەرەكیەكان بەلاوەكیەكانەوە تێكەڵ بكەن، باری واش دەرەخسێنرێت كە ئەقڵ پەسەند نەبێ ولەئەسڵیشدا داواكراونەبێ. لێرەدا بناغە بابەتیەكان دەردەكەوێ و جەخت لەسەرئەوە دەكرێ كە رووناكبیریی دەبێ بەرگری لەقەوارەی راستی خۆی بكات و رووناكبیریی نزمیش ئاشكرا بكات. كەواتە دەبێت باری رووناكبیریی لەناو چەكاندا گرنگی بداتە ئەقڵ و مرۆڤی كوردی دروست بكات، هەرچەندە لەدواوە

بەپێوەندبەستراوەو پەستێوراوەتەوە لەشوێنی خۆیدا چونکە هەر ئەو ئەقڵە یە کە بوەتە هیوا بۆ ئاییندەی باشتر .

## ڕێگەکردنەوە بۆ ڕووناکبیریی سێهەم:

ڕۆشنبیران دووبەرەن ، بەرەیەکیان زانستی ، بەرەیەکیان ئەدەبی. ڕۆشنبیری زانستی واتە زانستە سروشتییەکان ڕووناکبیریی ئەدەبیش واتە لیکۆڵینەوەی کاریگەری زار کەجیادەکرێتەوە بە ستاتیکای دەربڕین و لەقەسیدەو شیعرو چیرۆك و ڕۆمان و شانۆو وتاری ئەدەبی و کاری هونەری . زانستەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و دەروونی و فەلسەفیش دەچنە ناوئەم روناکبیریەوە . لەم دابەشکردنەدا هونەری شێوەکاری لەپەیکەرو نیگارو مۆسیکاو توێژینەوە ئایینیەکان لەخۆ دەگرێ چونکە هەستکردنە بەستاتیکا و لەهونەرەکانەوە گوزارشتی لێدەکرێ .

لەرۆشنبیری زانستیدا بۆنمونە دەتوانین بڵێین شۆرشی پیشەسازی شۆڕشێك بوو ناوزەد کرا بە شۆڕشی زانستی بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کەشۆرشی پیشەسازی شتێکەو شۆڕشی زانستی شتێکیترە . چونکە یەکەم لەرێگەی بەکار هێنانی کەرەستەو ئامێرەوە شوێنی فراوانی داگیر کردووەو شوێنی (کەس ) بزرەو. دوای شۆڕشی زانستیش دێت کە دەکرێ بڵێین مرۆڤ توانیویەتی ئۆرگانیزمی ئەتۆمی لەسەدەی بیستدا بەدەست بهێنێ چونکە کۆمەڵگە پشت دەبەستێ بەئەلەکترۆن و توانا ئەتۆمیەکان کەجیاوازی هەیە لە هەموو کۆمەڵگەکانی دیکە، هەربۆیە ئەم گۆڕانە لە سەدەی کەرەستەو ئامرازەوە بۆ سەدەی ئەتۆمی ناو دەبرێت بەشۆڕشی زانستی .

ڕاستە سەدەی ئێستا زیاتر باوەڕ بەزانست دەکات وەك لەئەدەب چونکە زانست سەرچاوەی پێشکەوتنی ماتریاڵەکانەو پێودانگی شارستانیەتی نوێیە. بەڵام بەداخەوە زانستیەکان هەست بەوەناکەن کە خودی پیشەسازی پشتی بەستووە بە ئاشکرا کردنی زانستەکان جگە لەوە پێویستی بە میتۆدی کۆمەڵایەتی و دەروونیە (چونکە مرۆڤ تەنها بەنان ناژی)، پێویستە هەوڵە زانستیەکان شان بەشانی هەوڵە کۆمەڵایەتیەکان بێت بۆ ئەنجام گەیاندنی میتۆدی نموونەیی . (سنو) کە راوبۆچونی خۆی دەردەبڕێو باس لە ڕووناکبیریی دەکات وەك قاموسەکان دەڵێت (گەشەسەندنی ئەقڵیە) هەرچەندە باس لەهیچ پێوەرێکی زانستی و ئەدەبی و ترا دسیۆن ناکات هەرچەندە ئەنترۆ پۆلۆژیستەکان بەواتایەکی هونەری باسی لێوە دەکەن و دەڵێن (کۆمەڵە کەسێکن لەژینگەیەکدا دەژین ، نەریتێکی هاوبەش بەستونیەتەوە بەیەکەوە و ڕێگەیان بۆ ژیان یەکە). بەم واتایە ئەدیبەکان لەزاناکان جیا دەکرێنەوە ، چونکە هەر کۆمەڵێك جۆرە ستایلێکی تایبەتی هەیە لەژیاندا ، ئەدیبەکان بەسۆز کاریگەرن. زاناکان دەسەڵاتیان بەسەرئەقڵدا هەیە . هەربۆیە سنو بەگوزارشتەکەی (برونکی ) رازی بووکە (دوو ڕووناکبیریی ) یەکەی گۆڕی بۆ (دوو رژێمی جیهان) لەمەوە سنو جەختی لەسەر دروستبونی ڕووناکبیریی سێهەم لەنێوان ڕووناکبیریی ئەدەبی و زانستیدا کردەوە.

*　　*　　*

پەراوێز

١.سنو: نوسەرێکی ناسراوی ئینگلیزە لەخێزانێکی هەژار لەدایك بووەو هەستی زۆری بەهەژاری کردووەو پێویستیان بە ریفۆرمی کۆمەڵگەبووە. نوسینەکانی تا ئێستا جێی گفتوگۆی زۆری نێوان پیاوانی فیکرە لەجیهاندا، باوەڕی بەوەیە ڕووناکبیری شێوەکانی بێ کۆتایە و ناتوانرێ لەدوو قاڵبی زانستی و ئەدەبیدا بەندی بکەین

سەچاوە:

١.في الطريق الثقافة الثالثه : نوسینی محمود محمود ــ ١٩٨٠

٢.كيف نفكر في أزمه الثقافة؟ نوسینی د. فؤاد زكريا ــ ١٩٨٠

((پاڕانەوە لە ئاو)) کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر جەمال غەمبارە کە سەرەتای ئەم ساڵ لە بەرگێکی قەشەنگدا بنکەی ئەدەبیو ڕووناکبیری گەلاوێژ بەچاپی گەیاندووە و (نۆ) شیعری لە خۆی گرتووە کە بەرهەمی ئەم ساڵانەی دوایی شاعیرن.

جەمال غەمبار یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی نەوەی دوای ڕوانگەو ئەزموونی حەفتاکانی شیعری کوردی. ئەمیش لە سەرەتاوە لە ژێر کاریگەری هەمان شێوازو هەمان ڕوانینی شیعری نەوەی حەفتاکاندا شیعری نووسیوە، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا زیاتر لەو ئەزموونە دیارەی شیعری ئێمە دوور دەکەوێتەوەو هەوڵیداوە ببێتە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی، لەم بوارەشدا جەمال کەسێتێکی شیزۆفرینی هەیە لە نێوان پەیوەست بوون بەو شێوازە شیعریەو هەوڵدان بۆ چوونەدەرەوەی سنوورەکانی ئەو شێوازە، تاکو ئێستاش لە بارێکی ناجێگیردایەو لەسەر خاڵی شلۆقە، ساتێ تێدەپەڕێ و پاشان لەدوا خاڵەوە کە پێی گەیشتووە دەگەڕێتەوە بۆ ژێر چەتری ئەزموونی شیعری حەفتاکان. ڕەنگە ئەوەش زیاتر پەیوەندی بە دەسەڵاتی بەرفراوان و فرە ئاراستەی گوتاری شیعری حەفتاکانەوە هەبێت کە تاکو ئێستاش بەهەمان گوڕو بە ئەزموونتر بەردەوامە بە تایبەتی لە تاقیکردنەوەی شێرکۆ و ڕەفیق سابیردا..


بەهەرحاڵ ئێمە پێشتر سێ لێکۆڵینەوەمان لەسەر شیعری جەمال غەمبار بڵاوکردۆتەوەو لەو لێکۆڵینەوانەشدا دەربارەی ئەزموون و شوێنی ئەو لەسەر جوگرافیای شیعری کوردی لە بیست ساڵی ڕابردوودا دواوین و پێشمان وایە ئەزموونی جەمال لەدوای ڕاپەڕینەوە زیاتر دەوڵەمەندەو خاسێتەکانی بوون بە دەنگی تیادەبینرێت چ لەڕووی شێوازی نووسینەوە چ لە ڕووی جیهانبینی شیعریەوە کە بە جۆرێك بەرەو جیاکردنەوەی خۆی لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی حەفتاکان دەچێت.

عەتا قەرەداخی

# پاڕانەوە لە ئاو
# لەنێوان تێپەڕاندن و گەڕانەوەدا

((پاڕانەوە لە ئاو)) کە ناونیشانی یەکێك لە شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرەی جەمالە، ناونیشانێکی سەرنج ڕاکێشە و کۆمەڵێ مانا لە خۆیدا کۆدەکاتەوەو هەر ئەو ناونیشانە، بریتی‌یە لە بەرهەم هێنانی زەمینەیەك بۆ ڕەهاکردنی خەیاڵ و یادەوەری. ئاو کە سەرچاوەی ژیان و زیندەگانی و بوونە. لە هەمان کاتدا هێمای خاوێنی‌و جوڵەو بەردەوامی و ڕوتی‌و بێ‌بۆنیە، بە مانایەکی تر واتە ((ئاو)) خاسێتە بنەڕەتیەکانی سروشتی هەڵگرتووە، ئەو سروشتەی کە دەستی مرۆڤ و تەکنۆلۆژیتێکی نەداوەو نەیشێواندووەو پیسی نەکردووە، دیسان ((ئاو)) هێمایە بۆ هێزی پاکژکەرەوە، بۆ شتنەوەی هەموو جەستە گوناهاوییەکان و ئامادەکردنیان بۆ ڕاوەستان لەبەردەم ڕۆحی باڵای کردگاردا.

((ئاو)) بە پێی تێڕوانینی کۆن بۆ دروستبوونی گەردوون یەکێکە لەچوار ڕەگەزەکەی کە گەردون پێکدێنن. ئێستا ئێمە لەبەردەمی ئەم ڕەگەزە گرنگ و پڕ بەهایەداین و لێی دەپاڕێینەوە. ئەو واتە (ئاو) بە پێی ئەو پلەو پایەیەی کە شاعیر داویەتێ لە ئاستێکی بەرزدایەو لە ئاستێکی خوارترەوە دەستی پاڕانەوەی بۆ بەرز دەکرێتەوە، ئەوانەی دەپاڕێنەوە هەموومانین، هەموو زیندەوەرانن کەواتە ((ئاو)) ئێستا لە ئاستی هێزی کردگاردایە ئێمەش دەستی نزای بۆ بەرز دەکەینەوە، داوای لێدەکەین تینوێتیمان بشکێنێ، ڕۆحی وشکەوە بوومان پاراو بکات، سروشت ئاوبدات، زیندەگانی ببەخشێت، ڕۆحی پیس بووی مرۆڤایەتی بشواتەوە، ژیانمان لە چەشنێکی نوێدا پێبببەخشێت.. لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت شاعیر هەست بە شێواندنی هارمۆنیای سروشت دەکات و دەزانێت شتەکان وەکو ئەوەی لە گەوهەردا هەبوون نەماون و گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، ئەویش لە شێوازی خاوێن و بێخەوشیانەوە بەرەو دزێوی و ناشیرینی و بەرەو پیس بوون چوون.



ئەوەی لە ئەزموونی ئەم ساڵانەی دوایی شیعری جەمال غەمباردا هەستی پێدەکەین بەرجەستە بوونی هاوکێشەیەکە لە نێوان خودی شاعیرو ئەوانی تردا کە بەردەوام جۆرێك لەناکۆکی و دژایەتی لە نێوان ئەم و ئەواندا هەیەو بەردەوامیش کەسی دووەم کە ئەمی شاعیر دەیدوێنێ دەخرێتە بەردەم هەڵوێستی گوێگرتن و شایەتی دانەوە بۆ لایەنگیری کردنی ئەمی شاعیرو بەدژایەتی ئەوانی نادیار، کە لە هەر شیعرێکدا جۆرە ناسنامەیەکی تایبەتیان هەیەو بە گشتیش لە سنوورێکدا کۆ دەکرێنەوە کە ئەویش سەنگەری بەرامبەر وەستانی ئەمی شاعیرە. شاعیر لە ڕێگای هەست کردن بە جۆرێك لەغەدر لێکردنەوە خۆی دەبینێ و هەموو ئەوانەی تاوانیان بەرامبەر کراوە لە کەسێتی خۆیدا کۆدەکاتەوە کە ئەوەش زۆرجار وەکو خۆلاواندنەوەی لێ دێت، بێگومان ئەوەش دەبێتە خاڵێکی لاواز لە ئەزموونی شیعری جەمالدا و ناراستەوخۆ خۆی دەخاتە بەردەم ئەو تێڕوانینەوە کە ئەوانیتر بەچاوی نەیار سەیری بکەن، کە لە ڕاستیدا دەشێ لە ژیانی خۆیدا وەکو تاك هەست بەوە بکات واقیعی باو ناکۆك و ناجۆرە لەگەڵی، بەڵام ئاخاوتن لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا لە ڕێگای دژە هەڵوێستەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان شاعیر دەخاتە حاڵەتی تەنیاییەوە، هەر ئەو حاڵەتەش لە ئەزموونی ئەم دواییانەی جەمال غەمباردا دەبێتە هۆی دروستکردنی سنوورێك لە نێوان خۆی و ئەوانی تردا، بەڵام جیاکردنەوەی خودی شاعیر لەوانیتر لەسەر بنەمای خۆسەلماندن نیە بە جۆرێك کەخۆی لەسەر بنەمای ئامادە بوون لەوانیتر جیاکردبێتەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای سەیرکردنی ئەوانی ترە وەکو هێزێك کە جۆرێك لە ناهەقیان لەم کردووەو ئەمیش ئێستا لە حاڵەتی هەست بەغەدر لێکردندایە، واتە ئەم وەکو جۆرێك لە قوربانی سەیری خۆی دەکات کە جەلادەکەی ئەوانن.

هەر ئەوەندەم لە دەست هات
خۆم بەو پاسدارە ریشن و جەندرمە
بێ سمێڵانە بناسێنم
منیان کوشت و
دەم و لووتی بڕاویشمیان
دەرخواردی سەگە بێدارو برسیەکانی
ئەو ناوەدا..ل(١٥)

ئەم قوربانیە، قوربانی دەستی کەسانێکە کە ناچارە ناسنامەکەی خۆیان بۆ ئاشکرا بکات.. ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەوانیش بە ئاسانی پەردەی لەسەر لادەبرێت. هەردوو ناوی (پاسدارو جەندرمە)، دوو لایەن لە داگیرکەرانی وڵاتی ئێمە دەنوێنن، لەم حاڵەتەدا (من) دەبێتەوە بە ئێمە. ئەم ڕوانینەی جەمال ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هێڵی سەرەکی ئیشکردنی شاعیرانی نەوەی پێش خۆیەتی.. ڕەفیق سابیر دەڵێت:

لە نێوانی دوو تاوێرا
ئێمە ڕەنجێکی بابردوین
لە سێبەری دوو شمشێردا
ئێمە شەهیدێکی ونبووین.. (وەرزەبەردینە - ل٢٦)

هەر لێرەوە مانەوەی جەمال لەژێر دەسەڵاتی ئەزموونی شیعری نەوەی پێش خۆیدا ئاشکرا دەبێت و هەمان گوتاری سیاسی بنیاد دەنێت، دیسان لەرووی بنیادی دەقەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم کۆمەڵە شیعرەی جەمال و بنیادی شیعری شاعیرانی حەفتاکاندا نابینرێت. ڕەنگە جیاوازی ئاشکرای نێوان ئەزموونی جەمال و ئەزموونی نەوەی پێش خۆی لەوەدا بێت کە بە شێوەیەکی گشتی گوتاری شیعری حەفتاکان گوتاری مانەوە بێت و خودی تاکە کەس تەوەری لێدوان نەبێت و بەڵکو هەموو (من)ێك لە ئەزموونی شیعری حەفتاکاندا بە تایبەتی لای زۆربەی شاعیرەکانی ئەو نەوەیە بریتییە لە (من)ی کورد کە ماهیەتی دەستەجەمی

بوونی هەیە، بەڵام لای جەمال (من) زیاتر خودی تاکە کەسە واتە شاعیر خۆی و خۆی دەکاتە تەوەری لێدوان و، رووداوەکان لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە کە ئەویش جۆرە نەرجسیەتێك لە پشتیەوە وەستاوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پاڵنەری بە تەوەرکردنی خودی شاعیر بریتییە لە گەیشتن بە ئاستی هەست بە غەدر لێکردن کە ئەویش لە دوو ئاستدا خۆی دەبینێتەوە، غەدرێك کە لە (کۆ) واتە هەموومان کراوە، غەدرێك لە تاکەکەس واتە لە خودی ئەو وەکو شاعیر کراوە. لە یەکەمیاندا جەمال وەکو ئەزموونی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ژێر چەتری شاعیرانی حەفتاکان، لە دووەمیاندا بەرەو دواندنی تاکەکەس و بەرجەستەکردنی ئازارو خەونەکانی دەچێت کە ئەمەش لە دەرەوەی سنووری ئەزموونی حەفتاکانە. کاتێ دەڵێین ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار ئەزموونێکە تاکو ئێستا ناسنامەیەکی دیاری کراوی نیە لەسەر بنەمای ئەم لێکدانەوەیە بەڵکو لە نێوان مانەوەو تێپەڕکردندا لە حاڵەتێکی ناجێگیردایە.

ئەوکات پیاوێك دەستی گیای بەهەواوە گرتبوو

ئەوکات کچێك، بە دووربین سەیری بەختی خۆی دەکرد،

ئەوکات چۆلەکەیەك بۆ ئەوەی شەڕانگێزیی خۆی بنوێنێ

هیچ شەرمی لە باخچە نەدەکردو

هەر بۆ ئەوەی جوگرافیای سێو بشێوێنێ

میزی بە مێژووی هەناردا ئەکرد! ل(٦٠)

چۆلەکە کە هێمای ئەوانە لەژێر کاریگەری غەریزەی ئاژەڵانەیدا بێ ئەوەی گوێ لە هیچ بەهاو پێوانەیەك بگرێت دەیەوێت مێژووی ئەمی خاوێن پیس بکات و بیشێوێنێ، ئەمی شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت مێژووی خاوێنی ئەم لە لایەن ئەویترەوە ناشیرین دەکرێت و دەشێوێنرێت، لێرەدا ئەو بۆچوونەی کە ئاماژەمان بۆکرد لە ئەزموونی جەمال غەمباردا کە (من)ی شاعیر هەمیشە خۆی وەکو قوربانی دەبینێت و ئەوانی تریش وەکو جەلاد زیاتر ئاشکرا دەبێت، دەشێ ئەم هێڵە گشتییەش لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا هۆکارەکانی زیاتر لە دەرەوەی شیعردا بن و لە رێگای نەست و خەیاڵەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو دەقەکان، ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە جەمال غەمبار بە جۆرێك لە جۆرەکان بیەوێت واقیعی دەرەوەی دەق بگوازرێتەوە بۆ ناو دەقەکان کە ئەوەش ئاراستەئیشکردنێکە لەگەڵ شیعرو بەرهەم هێنانی شیعریەتدا کۆك نیە، بەڵکو دەق بۆ خۆی پێکهاتەیەکە دەشێ لە رێگای هەڵوەشاندنەوەیدا دەلالەتەکانی بدۆزرێتەوە و مەرجیش نیە دەلالەتەکانی دەق لە واقیعی دەرەوەی دەقدا ئامادەبوونیان هەبێت یان بدۆزرێتەوە.

ئەگەر ئاراستەیەکی ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار لەسەر بنەمای خولانەوە بەدەوری تەواری زاتی خۆدا بەرهەم هاتبێت و گوزارشت کردن بێت لە ئازارە تایبەتیەکانی خودی شاعیر کە واقیعی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دەقەکان دەوری کاریگەریان هەیە لەوەدا کە شاعیر بەو جۆرە گوزارشت لە خۆی بکات و وەکو قوربانی لە خۆی بڕوانێت، ئەوا ئاراستەیەکی تری ئەزموونی جەمال ئەو ئاراستەیە کە هێشتا پایەکانی لەسەر زەمینەی ئەزموونی شیعری نەوەی حەفتاکانەکە ئاراستە یان پانتاییەکی فراوانتری لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا داگیرکردووە.

لە ئاراستەی یەکەمدا واتە خولانەوە بە دەوری (خود)دا، شاعیر لە سنووری لاواندنەوەی خودو شکستەکانی و دەرکەوتنی وەکو قوربانی دەدوێت و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە (خودی) تاك وەکو پێکهاتەیەکی خاوەن ماهیەت و ناسنامە ببینێت و لەجیاتی لاواندنەوەی ئەوخودە، جۆرێك لە مەعریفەی

پەیوەست بە دروستبوونی تاکەکەس و بەبکەربوونی ئەو تاکە کەسەو فرەیی تاکەکان، بەرهەم بهێنێت کە لەو ئاقارەشدا دەروازەی بنیادنانی و ئامادەکردنی تاکەکەسی جۆراوجۆرو ئامادە دەهاتە ئاراوە، لەو میانەشدا ئاراستەیەك لە ئیشكردن بۆ بەرهەم هێنانی گوتاری جۆراوجۆر یان گوتاری جیاوازی سەری هەڵدەدا، هەر لەوێشەوە دەشێ دابڕان لەگەڵ ئەزموونی جێگیرو گوتاری باوی سالانی حەفتا لە شیعری کوردیدا رووبدات. بەلام زیاتر لاواندنەوەی خود و جۆرێك مامەڵە لەگەڵ کردنی کە نزیك دەبێتەوە لە مامەڵەی رۆمانسیانە بواری لەبەردەم ئەو دابڕانەدا لە ئەزموونی جەمالدا تەسك کردۆتەوە و ئەمەش وایکردووە لەو حاڵەتە شلۆقەی کە پێشتریش باسمان کردوە بمێنێتەوە. ئەم شاعیرە زیاتر لەو بوارەدا توانای بەرهەم هێنانی شیعریەتی هەبێت کە درێژکراوەی ئەزموونی شیعری حەفتاکانی ئێمەیەو ئێستاش هەندێ لە شاعیرە دیارەکانی ئەو نەوەهەر بەردەوامن و لە سنووری گوتاری ئەو ئەزموونەدا کە گوتاری مانەوەیە بە جۆرێك کاردەکەن کە دەسەڵاتی ئەوان لە روانگەی ئاستی بەرهەم هێنانەوە لە سنووری ئەو ئەزمونەدا بە جۆرێك دەوڵەمەندە کە ئەگەر شاعیرانی نەوەی دوای ئەوان ئەگەر نەتوانن تێپەڕاندن بکەن و ئەزموونی نوێ بهێننە کایەوە لە شیعری کوردیدا ئەوا ناتوانن لەسایەی هەمان ئەزموونی پێشتردا بە ئاسانی شوێنی دیار بگرن بە تایبەتی هەندێ لەو شاعیرانەی نەوەی پێشوو بە جۆرێك سەرجەم رەگەزەکانی مێژوو، سروشت و کەسێتی کوردیان کردۆتەوە توخمی بەرهەم هێنانی شیعریەت بوارێکی ئەوتۆیان نەهێشتۆتەوە کە شاعیرانی دوای خۆیان بتوانن لێیەوە لە رێگای بەرهەم هێنانی شیعریەتەوە جێگایەکی ئەوتۆ بگرن، بۆیە ئەو شاعیرانەی کە ناتوانن لە دەرەوەی شێوازو جیهانبینی ئەزموونی حەفتاکان شیعر بەرهەم بهێنن وەکو پاشکۆ و دووبارەکەرەوەی ئەزموونی شاعیرانی نەوەی حەفتاکان دەمێننەوە.

جەمال زیاتر لەو پانتاییەدا شیعر بەرهەم دێنێ کە شاعیرانی نەوەی پێش خۆی بەرهەمیان هێناوە کە ئەویش لە سنووری گوتاری روانگەدایە، بۆیە جێگای خۆیەتی لەوە بدوێین ئایا جەمال لە سنووری بەرهەم هێنانی شیعریەتدا لەو بوارەدا لە چ ئاستێکدایەو ئایا توانای بەرهەم هێنانی شیعریەتی هەیە؟

جەمال چ لە ئەزموونی پێش ((پاڕانەوە لە ئاو)) و چ لەم کۆمەڵەشدا جۆرێك لە شیعریەت بەرهەم دێنێت بەلام وەك گوتمان ئاستی بەرهەم هێنانی شیعریەتی ئەم شاعیرە لەو سنوورەدا دەوڵەمەندترە کە وەك درێژکراوەی ئەزموونی شیعری حەفتاکان خۆی نیشان دەدات. هەروەك لەرووی جیهانبینی شیعریەوە کاتێ هەولدەدات لە جیهانبینی باوی شیعری قۆناغی پێش خۆی دەربچێت کەمتر جیهانبینییەکی ئاشکرا بەرهەم دێنێت، ئەم حاڵەتەش تەنیا خاسێتی شیعری جەمال غەمبار نیە بەڵکو بارێکی هەست پێکراوە لە شیعری کوردیدا کە من هۆکەی دەگێڕمەوە بۆ ئەوە کە زۆربەی شاعیرانی ئێمە نازانن چەمکی شیعر چییەو لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە چەمکی شیعر بڕواننە شیعرو شیعریەت بەرهەم بهێنن زیاتر لە روانگەی گواستنەوەی ئەزموونی ئەوانی ترەوە، یان لەژێر کاریگەری ئەوانی تردا شیعر دەنووسن، ئەمە سەرباری نەبوونی روانینێکی ئاشکرا بۆ ژیان و بوون.. سەرباری بێئاگایی لەوەی کە شیعری نوێ وەکو رەگەزێك سەیر دەکرێت کە هەلگری دەلالات و مەعریفەیی جۆراوجۆرە و زیاتر لەو سنوورە دەگرێتەوە کە بە بۆچوونی تەقلیدی بۆ شیعر دیاری کراوە.

((پاڕانەوە لەئاو)) بەرجەستەی ئازارەکانی مرۆڤێك دەکات کە هەست بە کوشتنی جوانی و شێواندنی هارمۆنیای ژیان و سروشت دەکات ئەویش لەلایەن هەموو ئەو هێزانەوە کە هێمای تێکدان و وێرانکردنن، کە لە شیعری ئێوارانی ئیمپراتۆردا بەخودی

ئیمپراتۆر وێناکراوە، لە شیعری ((سەفیرەکانی عیشق))دا ئەو هێزە دزێوە بەپیاوە تیمساحیەکان و رۆح دزەکان وێناکراوە.

ئەمدیوە عەترو قاوە پێکەوە
لەبەردەم پیاوە تیمساحییەکانی
کەناردا نۆش کرێن!   ل٢٠

لە شیعری ((کەسێ نەبوو توڕە ببێ)) ئەو هێزە تێکدەرە بە شمشێر بەدەستان وێناکراوە کە جوانی دەکوژێ و بوون ناشیرین دەکات

لە ئێوارەی باخچەیەکدا، پێت گوتم:
کە شمشێریان بەرووی بەفردا هەڵکێشا
ئیتر کەس نەیتوانی
قسەکان بەرێتەوە ماڵێ   ل٤٠

لە شیعری ((پاڕانەوە لە ئاو))دا ئەو هێزە تێکدەرە بە ((ئەوان)) وێناکراوە کە هەموو جوانیەکان دەشێوێنێ.

مەگەر نازانیت ئەو کاتەی گوڵەکانیان
بە تۆمەتی ئیباحیەت چەپك کرد و
دامێنی میقسەڵەکانی دۆزەخیان پێ سوورکردن.
ل٦٠

لە شیعری ((نەفرەتی مارگریتا))دا سەرباری ئەوەی کە مارگریتا خۆی وەکو ئەو هێزە تێکدەرە وێناکراوە، دیسان بەشێك لە ئێمە، ئێمەی مرۆڤ ئەو هێزە تێکدەرەین کە هارمۆنیای سروشت دەشێوێنین و جوانیەکانی ژیان پیس دەکەین:

بەدیار کام گومانی فاشیلەوە، مارگریتا
لەمەراقی من دەڕوانێت
کە تۆ شووشە عەترەکەی خوات شکاند.. ل٩١

هەروەها دەڵێت:

باشتر بوولەوەی
هاوڕێی ئەو گورگە دووپێو
چاو و گوێ زیتانە بیت
کە دەمامکی مانگیان پۆشیبوو
گیرفانیان، دەمیان، دڵیان سەراپایان
پڕ بوو لە سادییەتی خۆیان
لە جیاتی ئەوەی خۆیان لە نووری بادە هەڵکێشن
هەر لە خۆڕا شەڕ بە پرتەقاڵ بفرۆشن.. ل٩٦

لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەزموونی ((پاڕانەوە لە ئاو)) لەسەر بنەمای دووانەیەك بنیادنراوە کە لە هەندێ حاڵەتدا ئەو دووانەیە لە ئاستی زمانی یەکەمی دەقدا دەبینرێت و لەزۆر حاڵەتیشدا بوونی ئەو دووانەیە لە پشتی زمانی دەقەکانەوە ئامادەبوونی هەیە کە ئەویش دووانەی (ئەو/ من)ە کە لە ئاستێکی تردا دەبێتە دووانەی (ئەوان/ من) یان (ئەوان/ ئێمە) ئەوانی تێکدەرو روخێنەر، ئەوانی شێوێنەری هەموو جوانیەکان، ئەوانی شێوێنەری هارمۆنیای سروشت، کە هەموو شتێ وێران دەکەن، من، یان ئێمە بەشێکین لە سروشت، لە سادەیی و لە بەرامبەر ئەوانی تێکدەردا دەسەوسانین و ئەنجام قوربانیەکی بێ دەسەڵاتین.

لێرەوە بە ئاشکرا ناسنامەی هەریەکە لەدوو جەمسەری ئەو دووانەیە ئاشکرا دەبێت ئەوی هێزو دەسەڵات و منی دەرەوەی دەسەڵات. ئەوی جەلادو منی قوربانی. کە حاڵەتی بوون بە قوربانی لە ئەزموونی ئەم دواییانەی جەمال غەمباردا حاڵەتێکی ئاشکرایە، بوون بە قوربانیش خاسێتی ئەفریدەیەکە کە توانای ئامادەبوون و خۆسەلماندنی نەمابێت، یان تەنانەت گەیشتبێتە ئاستێك کە رۆحی بەرگریشی لەدەست دابێت. ئەوەش بارێکە تیایدا بنەماکانی بوون هەرەس دەهێنێ.

لەم روانگەیەوەیە کە جەمال غەمبار بە ئاراستەیەك لە ئەزموونی شیعری نەوەی پێش خۆی دوور دەکەوێتەوە، لە کاتێکدا ئەزموونی شیعری کوردی نەوەی پێش ئەم ئەزموونێکی کەرنەڤاڵیەو سەرباری فشارو زەبرو زەنگی ئەوان ئەم هەموو رەگەزەکانی

سروشت و مرۆڤ و مێژووی کورد دەکات بە پایەکانی بنیادنانی شیعر لە پێناوی مانەوەدا، بەڵام لەم ئاراستەی ئەزموونی جەمالدا رەگەزەکانی سروشت و مرۆڤ و مێژووی کورد دەکرێن بەبنەما بۆ بەرجەستەکردنی سیمای جوانترین قوربانی کە تەنیا دەستی پاڕانەوە بەرز دەکاتەوەو لە ئاو دەپاڕێتەوە کە دوای مردن خەوشەکان بشواتەوە، تینوێتییەکان بشکێنێ، یان هەموو شتێ رامالێت بەڵکو هەموو ناشیرینییەکان بشارێتەوە. لێرەوە دەردەکەوێت کە بکەرێك نیە بتوانێت لە ئامادەبووندا حاڵەتی بەقوربانی بوون هەڵوەشێنێتەوەو جوڵەی بەرامبەر دروست بکات، لە ئەزموونی شیعری نەوەی پێش جەمالدا ئەو بکەرە ئەگەر لە سنوری خەیاڵیشدا بێت ئەوا ئامادەبوونی هەیەو دەتوانێت یۆتۆپیای سەرکەوتن دروست بکات، یۆتۆپیایەك کە چیتر ئێمە تێیدا قوربانی نەبین، تەنانەت لە بەرجەستە کردن و خستنەرووی هەموو برین و شکستەکانی ئێمەدا لە ئەزموونی نەوەی پێش جەمالدا مەبەست ئەوەیە حاڵەتی تێرامان و خوردبوونەوەمان لادروست ببێت بە مەبەستی دروستبوونەوەو بنیادنانەوە، بەڵام لای جەمال غەمبار ئێمە وەکو قوربانیەك دەخرێینە روو کە چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی خۆمان دەکەین.


ئەمە ئاراستەیەکی دیاری ئەو جیهانبینییەیە کە لە پشتی شیعرەکانی ((پاڕانەوە لە ئاو))ەوە وەستاوە، لە هەر ئاستێکیشدا بە پێچەوانەی ئەم ئاراستە کاری کردبێت ئەوا گەڕاوەتەوە بۆ کارکردن لە سایەی گوتاری باوی شیعری شاعیرانی حەفتاکاندا و هەندێ لە رەگەزەکانی گوتاری مانەوەی بنیادناوە. بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان زمانی شیعری شاعیرانی حەفتاکان و جەمالدا هەیە، لە کاتێکدا زمانی شیعری شێرکۆ و شاعیرانی حەفتاکان فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییەو بێ هیچ زۆر لەخۆ کردنێك ئەوان بە زمانێکی پاراوی کوردی لە رووی زاراوەو بنیادی زمانەوە شیعریەت بەرهەم دێنن، دەقەکانی جەمال پڕن لە زاراوەی عەرەبی ناپێویست کە بوونەتە هۆی لاوازی شیعریەت. لەم بەکارهێنانەشدا جەمال گەڕاوەتەوە بۆ قۆناغی پێش ئەزموونی گۆران، بێگومان زمان رەگەزی یەکەمی دەقە ناکرێت بە گەڕانەوە بۆ زاراوەکانی شیعری کلاسیك تارەگەزی بەرهەم بێت ئەگەر تێڕوانینی تازەگەریانەبوونی نەبێت. لە لایەکی ترەوە هەروەك پێشتر سەبارەت بە شیعری ((کەسێ نەبوو تورە بێ)) گوتبووم ئەو دەقە هەندێ بەشی زیادی تێدایە هیچ بەشدارییەك ناکەن لە بەرهەم هێنانی جیهانبینی گشتی دەقەکەدا، هەمان خاسێت شیعرەکانی تری ((پاڕانەوە لە ئاو)) دەگرێتەوەو چەندین دێڕو بەش هێنراونەتە نێو بنیادی دەقەکانەوە کە بوونەتە هۆی لاوازکردنی شیعریەتی دەقەکان و هیچ بەشدارییەکیان نیە لە بەرهەم هێنانی پرسیارەکانی دەقەکاندا.

بێگومان سەرباری ئەم تێبینییانە، من بەو جۆرە لە ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار دەڕوانم کە یەکێکە لەو چەند شاعیرە کەمەی نەوەی هەشتاکانی شیعری ئێمە کە توانیوویەتی لەسەر رووبەری شیعری ئەم بیست ساڵە جێگای تایبەتی خۆی هەبێت و تاکو ئێستاش هەوڵەکانی بە هەوڵی جیدی دادەنرێن و چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە لەو حاڵەتی شلۆقیەی نێوان تێپەڕاندن و گەڕانەوە بۆ ژێر سایەی دەسەڵاتی گوتاری شیعری حەفتاکان بە ئاراستەی تێپەڕاندن بڕوات و ببێتە دەنگێکی دیاری خاوەن سیمای تایبەتی خۆی...

سلێمانی

بەهاری ٢٠٠١

حەسەن نازدار



# ئەفسونی ئاوێنە ڕەشەکە

مێژووی ئەم ئاوێنەیە دیار نەبوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرسیارێك بوو زمانی گشت وەڵامەکانی لە گۆ خست بوو، هەندێك دەیان ووت (لەو کاتەوەی یەکەم مرۆڤ هاتۆتە سەر ڕووی زەوی ئەم ئاوێنەش دروست کراوەو بۆ ڕاستی قسەکەش چوارچێوەی ئاوێنەکە لە شاخی ئەو بەرانە دروست کراوە کە هابیل بۆ یەکەم جار بۆ خواوەندی خۆی کردبوویە قوربانی). هەندێکی تر ئەم قسانەیان بە درۆ هەڵبەستراو دەزانی و دەیان ووت: (مێژووی دروست بوونی ئەم ئاوێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساتەکانی بەر لە دروست بوونی ئادەمیزادو لەوەش دەچێت ئاوێنەکە خۆی شتێکی ئەزەلی بێت و هەر هەبووبێت) دیارە پوچەڵ کردنەوەی ئەم بەڵگانەش شتێکی حاشا هەڵنەگرەو ناچێتە ژێر عەقڵ و ژیری هیچ کەسێکەوە، چوون ئاوێنە بێ مرۆڤ نابێت و مرۆڤیش بێ ئاوێنە هیچ بوونێکی نییە، لە لایەکی دیکەوە زۆربەی خەڵك لەسەر ئەو باوەڕە بوون کەوا (لە یەکەم ڕۆژی ڕووخانی دەوڵەتی مەدەکانەوە ئەم ئاوێنەیە دروست کراوەو بیری دروست کردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کوڕێکی گەنج ناوی (کۆرش) بووە بە بۆنەی سەرکەوتنی ئەم بەسەر باپیریدا کەدوا پادشای مەدەکان بووە ئەم ئاوێنەیەی دروست کردووە لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا ماوەو لەوەش دەچێت تا دوا مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە بژین ئەمیش هەر بمێنێ و لە ناو نەچێت). من خۆم باوەڕم بە هیچ بەڵگەیەك نەبوو، هەمیشەش عەودالی دۆزینەوەی مێژووی دروست کردنی ئەم ئاوێنە ڕەشە قەترانیە بووم کە باوکمی دوانزە مانگەی ساڵ کردبووە دیلی دەستی خۆی و باوکیشم وەکو یەکێك لە جگەر گۆشە هەمیشە کەسەکانی خۆی پاسەوانی دەکردو دەیپاراست و نەی دەهێشت کەس لە نهێنی ئەم ئاوێنەیە شارەزا بێت، بۆیە هەمیشە باوکم و ئاوێنەکە لەژوانی یەکدیدا بوون و یەکتریان دەدواند، من خۆم چەندان ساڵ و مانگ بە دووی وەڵامی ئەم پرسیارەدا

دەگەڕام و بە نێو قولای مێژووی مرۆڤایەتی‌دا شۆڕ بووەتەوەو دەنك ژوانم لەگەڵ پەڕە زەردەکاندا گرتووە هەتاوەکو لە نهێنی مێژووی ئەم ئاوێنە قەترانیە ئاگادارم کەنەوەو چیدی بەدەست ئەم پرسیارە بێ وەڵامەوە تووشی گرفت نەبم، وەلێ سەرجەم هەوڵەکانم بەهەوا چوون و هیچ شتێکم وەچنگ نەکەوت جێگای باس بێت، تەنها هەندێ ڕوون کردنەوە نەبێت کە پیاوێکی مێزەرە سپی دزداشە لە بەر نەبێت کە لە دێوێکی پەڕەیەکی زەردا فۆتۆکۆپی کرابوو.

ڕۆژێك دوای ئەوەی کەمێك سەیری وێنەکەیم کردو بە ووردی لێی ڕامام لە ناکاو دیتم پێڵوی چاوەکانی پیاوەکە کەوتە جوڵەو زەردە خەنەیەکیش کەوتە سەر لێوەکانی وامزانی چاوەکانم فێڵم لێ دەکەن، بەڵام پاش تۆزێك دەست هێنان بە چاومدا بۆم دەرکەوت چاوەکانم تەواون، بۆیە کەمێك ترسام و بەرەو دواگەڕامەوە، ئەویش بەدەم زەردەخەنەوە بانگی کردم و منیش بە دڵێکی پڕ لە ترسەوە لێی نزیك بوومەوەو ووتی: (هیچ مەترسەو وەرە پێشەوەو وەڵامی ئەو پرسیارەی تۆ لە دووی وێڵی ئەوە لە لای من دەست دەکەوێت)، منیش بە بێ دەنگی و بە ترسێکی پڕ لەزەتەوە گوێم بۆ رادێراو ئەویش دەستی کردەوە بەقسەو ووتی: (سەرەتای دروست بوونی ئەم ئاوێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستەوە لە لایەن خێزانێکی جنۆکەوە دروست کراوەو شوشەکەشیان لە کۆشکەکەی بەڵقیس شاوە بۆ هێناوە، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ماوەتەوەو لەوە دەچێت بۆ هەتا هەتایە بمێنێتەوە).

ئەمن لە دووی وەڵام دەگەڕام و سەرجەم بەڵگەکانیش سنوری پرسیارەکەیان ئەوەندەی تر فراوان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی سەرجەم نهێنی‌یەکانی ئەم ئاوێنە ڕەشە قەترانییەی کە بوەتە خولیای چەند ساڵەم هەمووی لە ژێر کڵاوی باوکم دایەو دەبێت من هەر لە ڕێگەی ئەوەوە ئەم هەموو نهێنیانەی ئاوێنەکە ئاشکرا بکەم.

بەڵام لە بەختی ڕەشی من باوکم لە خودی پرسیارەکەی مێشکم زیاتر ئاڵۆزو ڕەقتر بوو، و بە هیچ شێوەیەك ملی نەدەداو تەنانەت هەر لە منداڵیشمەوە نەی هێشتووە بچمە ئەو ژورەی ئاوێنەکەی تێدا بووەو ئەو ببوە پاسەوانی هەمیشەی و چەندان جاریش لەسەر پرسیارکردن لە بارەی ئاوێنەکە دارکاری باشی کردووم و هەموو جارێکیش بۆ ئاشت کردنەوەم دەیووت: (کوڕی خۆم ئەمە گرفتی تۆ نی‌یەو هەر کاتێك گەورە بوویت هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە). بەڵام من گوێم بە قسەکانی ئەو نەدەداو ئاشکرا کردنی ئەم نهێنی‌یە ببووە خولیاو شەوو ڕۆژ خەونم پێوە دەدی و هەمیشە بە دووی ئەوەدا دەگەڕام باوکم لە ماڵ دەرچێت و منیش بە ئازادی بچمە ژوورەکەیەوەو تاسوخم لە سەیر کردنی ئاوێنەکە بشکێت و پەی بەسەرجەم نهێنی‌یەکانی ئاوێنەکە ببەم و بزانم چ سیحرو ئەفسونێکە لەگەڵ خۆی دا هەڵی گرتووە، ناچار بۆ ئەم کارە فێڵێکم دۆزیەوەو بڕیارم دا بۆ سبەینێ نەچم بۆ قوتابخانەو لە ماڵدا بمێنمەوەو باوکم لە ماڵ چووە دەرەوە لە نهێنی ئاوێنەکە شارەزابم بۆ بەیانی جانتاکەم لەشان کردو بەرەو قوتابخانە کەوتمەڕێ تا ئەو شوێنەی باوکم چاودێری دەکردم و لە ئەودیوی ڕێگا گشتی‌یەکەوە کۆڵانێکی تەسکی تێدا بوو گەڕامەوە. (خانووەکانی ئەم کۆڵانە لەخشتی سورەکراو، دروست کرابوون و سەرەکەشیان گڵ کرابوون خەڵکی بەم خانوانەیان دەووت خانووی جولەکان و باپیریشم خانوویەکی لەوانە کڕیبوو کە ئێمەی تێدا بوو)، کاتێك گەڕامەوە لەسەر حەوشەکەمانەوە بازم دایە خوارەوەو بە هێمنی لە پەنجەرەی ژورەکەی باوکم نزیك بوومەوەو لە سوچێکی پەنجەرەکەوە سەیری ژوورەکەی باوکم کردو بۆ یەکەم جار باڵای بەرزی ئاوێنەکەم دیت، کە

بەقەد باڵای باوکم بەرز بوو، و باوکیشم لەسەر چارپا کۆنە دڕاوەکەی ڕاکشا بوو بە توڕەیەکەوە بەچاوە سورەکانیەوە سەیری ئاوێنەکەی دەکرد، دەستی دەهێنا بە سمێڵە درێژەکانیدا، کە وەکو شاخی گا وەرزشی‌یەکان وابوو، و پەردە ئاوریشمینە ڕەنگاو ڕەنگە گەورەکەی لەسەر لادابوو کەواتا ئێستاش کەس نازانێت یەکەم جار کێ دروستی کردووەو کێ کڕیویەتی و کێش کردوویەتی بەبەرگی ئاوێنە ڕەشە قەترانیەکە، پاش کەمێك سەیرێکی کاتژمێرە گیرفانەکەی کردو هەستایە سەرپێ و سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کردوو، پەردە ئاوریشمینەکەی دادایەوە بەسەر ئاوێنەکەداو چووە دەرەوەو دەرگای ژوورەکەی داخست و کلیلەکەی خستە گیرفانی و دەستێکی هێنا بە جلە مرادخانیەکانیا و دەستەسڕە ئاوریشمینەکەی خستە بەر پشتوێنە گوڵ گوڵیە مەیلەو سەوزەکەی و بەرەو چایخانەکەی مام رەحیم کەوتە ڕێ، ئەم مام رەحیمی قاوەچی‌یە دەستی خەڵکی دەخوێندەوەو زۆر شتی سەیرو سەمەرەی لێ دەگێڕنەوەو دەڵێن جارێك ووتویەتی بە ژنێك (تۆ سکت پڕ دەبێت و لە دوایدا منداڵێکت دەبێت هەموو پەنجەکانی دەست و قاچی مارن و ئەو مارانە تۆ لە ناو دەبەن و دوای مردنی تۆیش منداڵەکە لە ناو دەچێت و گشت مارەکانیش دەتۆپن). لە دوایشدا قسەکەی راست دەرچووەو ژنەکە بەو دەردە چووە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجی هەموانە ئەم مام رەحیمە لەگەڵ باوکم دا زۆر بەینیان خۆش بوو تا ئەو کاتەش ژنی نەهێنابوو شەوان لە چایخانەکەی دەخەوت زۆر شتی نهێنی لە نێوان ئەوو باوکم دا هەبوو).

هەتا باوکم لە چاو ونبوو چاوەکانم شوێنی هەنگاوەکانی کەوتن تا دڵنیابم لە ڕۆشتنی دوای ئەوە تاکێکی پەنجەرەکەم کردەوەو بە ئەسپای چوومە ناو ژورەکەی باوکمەوە کە ئاوێنە ڕەشە قەترانیەکەی تێدابوو، بەر لە هەموو شتێ سەرنجی ئاوێنە ڕەشەکەم دا کە دەتووت تابوتێکی پێچراوەو بە درێژای ڕاوەستێنراوە، ئەوجا چاوم بەناو ژورەکەدا گێرا جگە لە چارپایەکی ژەنگاوی و پێخەفێکی داڕزیوی لەسەر بوو باوکم لەسەری دەخەوت هیچی دیکەم نەبینی کە نزیك بومەوە قاچەکانم بە ئاستەم لە شوێنم دەهاتن و دەستەکانم دەلەرزین و ترپەی دڵم تا دەهات زیاتر دەبوو، هەرچۆنێك بوو چمکێکی پەردە ئاوریشمینە ڕەنگاو ڕەنگەکەم توند گرتوو لەسەر ئاوێنەکەم لادا، هەر لەگەڵ لابردنی پەردەکەدا ئەو خەونەی نەدەبوو بیبینم هاتە دی و لەگەڵ ئاوێنەکەدا ڕووبەڕووی یەکتر وەستاین، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو لە باتی ئەوە کوڕێکی قژ زەردی سورو سپی خڕۆڵە ببینم، وێنەی باوکم بینی بە چاوە سورەکانیەوە بە پەنجەی شایەتوومانی هەڕەشەی سەربڕینی لێ دەکردم وەلێ من گوێم نەدایە و حەزم دەکرد دوای ئاشکرا کردنی نهێنی‌یەکانی ئاوێنە ڕەشە قەترانیەکە لەسەر سێدار چناری باڵابەرزو بە گوریسێکی ڕەشی زبر بکرێم بە دارا وەك ژەنڕاڵێك کە خیانەتی لە وولاتەکەی کردبێت، دوای تەماشاکردنی سمێڵە گەورەکانی باوکم چاوێکم گێڕا بە چوارچێوەی ئاوێنەکەدا دیتم چوار چێوەکەی لە زیوی خشڵە زۆرەکانی دایکی ڕەحمەتیم دروست کراوە، کە لە دوای ئەوەی منی بوو گیانی بەخشی و باوکیشم هەر بەڕەبەنی مایەوەو ژنی نەهێناو بەزیوی خشڵەکانی ئەو ئەم چوارچێوەی بۆ ئاوێنەکە دروست کردوە، ئەوەی بەلامەوە زۆر سەیر بوو تا لە ئاوێنەکە ڕابمایتایە زۆر نهێنی گەورەت بۆ ئاشکرا دەبوو بۆیە من دوای ئەوەی کەمێك لە ئاوێنەکە ڕامام دیتم ئاوێنەکە وەکو پەرتووك لە کۆمەڵێك لاپەڕەی شوشەی ڕەشی قەترانی پێك هاتووەو ئاوێنەکەش کە پەرتوکێکی شوشەی قەبارە گەورە بوو گەلێك نهێنی لە نێو پەڕەکانیدا هەڵگرتبوو، دەستم برد یەکەم پەڕەی ئاوێنەکەم هەڵدایەوەو پەڕەی دووەم کە لە چوارچێوەی ئەو دارگوێزە دروست کرابوو کە باپیرم

له حەوشه گەورەکەی ماڵماندا ناشتبوی و به شێوەی هونەری جوان رازابویەوەو لەسەر ڕووی پەڕەکەش باپیرم دیت بە ریشێکی سپیەوەو مشکی‌یەکی کەوتبووە مل و لەسەر پشتی کەوتبوو، بە چاوە کزەکانیا وادیار بوو کە داوای تۆڵەی لێ دەکردم و هەتا ئەو کاتەش خوێن لە شوێنی ئەو برینە دەهات کە باوکم بەبڕنەوێکی درێژ لەسەر دڵی نەخشاندبووی هەر چەندە ئەو داوای تۆڵەی لە من دەکرد بەڵام باپیریشم لە ئاست باوکمدا گەلێك خراپ بووەو لەسەر ئەم ئاوێنە ڕەشە قەترانیە زۆر جار ئازاری باوکمی داوەو نەی هێشتووە بچێتە ئەو ژوورەی ئاوێنەکەی تێدا بووە لەگەڵ ئەوەشا لە دوای ئەوەی نەنکم مردوە باوکم تاقانەترین کوڕی باپیرم بوەو تا ئەو ڕۆژەی کە باوکم کوشتی پێکەوە ژیابوون. لاپەڕەی دووەمی ئاوێنەکەم هەڵدایەوەو لە لاپەڕەی سێهەمدا کە بە گوێچکە ماسی و لمی ڕەنگاو ڕەنگ چوارچێوەکەی نەخشێنرابوو وێنەی باوکی باپیرم دیت کەواو سەڵتەیەکی قاوەیی لەبەردا بوو، و کڵاوە سپی‌یەکەی هەر لەسەرا بوو. تا ئەو دەمەش خوێن لە شوێنی ئەو برینە دەهات کە باپیرم بە خەنجەرێکی دەبان لەسەر گەردنی نەخشاندبووی و ئەویش هەر بە دەستی کوڕە تاقانەکەی خۆی کە باپیرم بووە کوژرابوو سەرەڕایی ئەوەی تا ئەو دەمەش هەر داوای تۆڵەی لە من دەکرد.

بەم جۆرە یەکەیەکە پەڕەکانی ئاوێنە ڕەشە قەترانیەکەم هەڵدایەوەو لە هەر پەڕەیەکدا وێنەی یەکێك لە باوکەکانی تێدا بوو کە بە دەستی کوڕە تاقانەکانیان (کە دایکیان مردبوون) کوژرا بوون، و هەریەکەیشیان بە جۆرە چەکێك کوژرابوو، هەیانبوو بە تیروکەوان کوژرابوو، هەیانبوو بەشیر هەیانبوو بەڕم، هەیانبوو بە ئێسکی ئاژەڵ... هەیانبوو بە بەرد سەری پانکرابوویەوە لە برینی هەمووشیان خوێن فوارەی دەکردو بە ڕەنگی زەردیاندا وادیار بوو داوای تۆڵە بکەن لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان بۆ خۆی تاوانبار بوو. هەرکەسەشیان بۆ خۆی جۆرە جلی تایبەتی سەردەمەکەی خۆی لە بەردا بوو هەر لە ڕانك و چۆغەی هەتاوەکو مرادخانی و کەواو سەڵتەودزداشەو پێستی ئاژەڵ و هەندێکیشیان بە گژوگیا عەورەتیان داپۆشی بوو. سەرەڕای ئەوەش چوارچێوەی هەر لاپەڕەیەك بە جۆرە کانزایەك نەخشێنرابوو وەك کانزاکانی زیو و دارو ئاسن و فافۆن و قوڕو ئێسقان و بەرد.

لەم کاتەدا لە خەوی بێئاگایی خەبەرم بوویەوەو کتێبە شوشەیەکەم داخستەوەو بە غاردان بەرەو قوتابخانە کەوتمەڕێ نەوەکو باوکم بێتەوە.

من وامزانی بەو هێندە شارەزایی‌یە دەربارەی ئاوێنەکە هەموو شتێك کۆتایی پێ دێت و ئەو کەف و کۆڵەی دەروونم دادەمرکێتەوەو گرێ کوێرەی پرسیارەکەش ئاوەڵا دەبێت کەچی ئەو زانیاریانەی ئەو ڕۆژە دەستم کەوتن زیاتر ئاگری کێشەی‌کەی خۆشکردوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر رقم لە باوکم دەبوویەوەو چەندان جاریش سوکە شەڕمان دەبوو لەسەر سەردانی من بۆ ژوویە تایبەتی‌یەکەی ئەو کە ئاوێنەکەی تێدابوو. کێشەکەی من و باوکم و ئاوێنەکە بەردەوام بوو هەتاوەکو ڕۆژێکی چوارشەمە کاتژمێر دوانزەو نیوی نیوەڕۆ کە ڕەشەبایەکی بەهێزی تۆزاوی هەڵی کردبوو جارجاریش لەگەڵ خۆیدا دڵۆپە بارانی دەهێنا بڕیارمدا کەوا باوکم بکوژم و خۆم ببمە خاوەنی ئاوێنە ڕەشەکەو لەسەرجەم نهێنی‌یەکانی شارەزابم بۆیە ئەو ڕۆژە جامی تووڕەی من پڕ بوو لەگەڵ ئەوەشا گوریسی زوڵمەکانی باوکم گەلێك ئەستور بوو بوون بۆیە دەست بە جێ دەستم دایە دەمانچە چواردە خۆرە مشت سورەکە ئەو دەمانچەی (لە ڕۆژێکی باو بۆراندا لەبەر پشتێنی ئەو پیاوەدا دەرم هێنا کە بە دەستی کوڕە تاقانەکەی لەبەردەم ماڵی ئێمەدا کوژرابوو. بۆیە منیش بەر لە هەموو شتێك دەمانچەکەم هەڵ گرت و چوومە ژوورەوە).

دوای ئەوە بەرەو ژورەکەی باوکم هەنگاوم ناو هەر کە گەشتمە ژورەکەی دیتم باوکم کلیلێکی زیوینی لە دەست دایەو چاوەڕوانی منی دەکرد رەنگە ئەم کلیلەش لە پاش ماوەی خشڵەکانی دایکی رەحمەتیم دروست کرابێ، پێش ئەوەی هەڵمەت بەرمە سەری لێم پاڕایەوە نەیکوژم هەتا وەکو قفڵی کتێبەکە دەکەمەوە بۆیە منیش رازی بووم دوا وەسێتی باوکم بوڵ بکەم و لە نهێنییەکی تری ئاوێنەکە شارەزا بم. هەر کە فقڵەکەی کردەوە ئاوێنەکە وەك دەرگایەك کرایەوەو باوکم خۆی کرد بە ژورداو لە دەستم ڕای کرد منیش دەست بەجێ بە دوای ئەودا ڕام کرد هەر کە چوومە ژورەوە دیتم ناو ئاوێنەکە لە چەند ژورێك پێك هاتووەو هەر ژورەو لە جۆرە شتێك دروست کراوە هەر لە چیمەنتۆو گەچ و قوڕەوە هەتاوەکو زیخ و کەپرو ئەشکەوت، لە هەر یەکێك لەم ژورانەدا یەکێك لە باوکەکانی تێدا کوژرابوو تا ئەو دەمەش خوێن لە برینیان دەچۆڕا چاوەڕوانی تۆڵە سەندنەوە بوون لە باوکم.

هەر کە دەگەشتمە هەر ژورێك یەکێك لە باوکەکان بەو چەکەی کە پێی کوژرابوو ئەویش دوای باوکم دەکەوت هەموویان لەگەڵ مندا دوای باوکم دەکەوتن هەتاوەکو خۆی کرد بە ژورێکدا لە ژووره تایبەتییەکەی خۆی دەچوو دەست بەجێ لە سەر پشت کەوت و دەستەکانی بەرز کردەوەو هیچ قسەیەکی بۆ نەهات منیش بە دەمانچە چواردە خۆرەمشت سورەکە چواردەفیشەکی ئاڵتونیم لە ناو سکیدا جێ هێشت و تا دوا هەناسەش.من و باوکەکان بە دیارییەوە بووین و دوای دڵنیا بوون لە مردنی؛ باوکەکان هەریەکەو گەڕایەوە شوێنی خۆی و منیش لە دەرگای ئاوێنەکە هاتمەوە ژورەکەی باوکم و قفڵەکەم داخستەوە ئیدی لەو ڕۆژەوە خۆم بوومە خاوەنی ئاوێنە رەشە قەترانیەکەو ژورەکەی باوکیشم بوویە شوێنی حەسانەوەم.)

ئەمڕۆ (٢٠) ساڵ بەسەر کوشتنی باوکما تێپەڕیوە، و لەو ڕۆژەوە تا ئێستا من خاوەنی ژورە تایبەتێکە و ئاوێنە رەشە قەترانیەکەم، و چوارچێوەیەکی زێڕینم لە خشڵی ژنە رەحمەتیەکەم بۆ دروست کردووە، ئەوا ئەورۆ چوارشەمەیە، باو بارانێکی توند هەڵی کردووە، کاتژمێر دوانزەو نیوی نیوەڕۆیە. لە ژورە تایبەتییەکەی خۆم دانیشتووم، کلیلە زێڕینەکەم لە دەست دایە، چاوەڕێی کوڕە تاقانەکەم دەکەم خۆی بکا بە ژوردا بە نوێترین چەك لە یەکێك لە ژورەکانی ناو ئاوێنەکەدا بم کوژێت و وێنەکەشم لە سەر یەکێك لەپەڕە شوشەکانیش بنەخشێنێت)..

تێبینی: ئەم چیرۆکە لە پێنجەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی پێ بەخشراوە.

نەسرین جەعفەری



# ئاوێنە

ئاوێنەکە باریك و درێژ بوو. قابێکی سەوزی کاهوویی تێگرابوو. قەراغ و بیجاغی هەموو سوابوون، قولینچکی ڕەش هەڵگەڕابوون، چەند جێ قامکی چەوری پێوە دیار بوو.

جاران قەت چاوی لە ئاوێنە نەدەکرد. ئەگەر ئاوێنەیەکی دەدی. ڕووی لێوەردەگێڕا. ئەگەر دەست و دەم و چاوی دەشووشت، چاوی لە ئاوێنە نەدەکرد. دووچاوی ڕەشی تەماوی چاوی تێوەدەبڕی، ئەویش ڕووی وەردەگێڕا، دەتگوت خۆی لێدەدزێتەوە، بەڵام هەر بیر لە ئەوە کە هەیە و ئەو لێی ناڕوانێ و نایهەوێ خۆی تێدا ببینێ، ئازاری دەدا. بەڵام نا... قەت نەدەگۆڕا، ئەوی دیدەی هەر ئەو بوو. موعجزەیەك ڕووی نەدەدا. تەواوی ئاوێنەکانی کۆ کردەوە، ئاوێنەی ئاودەستەکەشی لابرد.

درێژ دەبوو. ڕابردوو، دوور و تێکەڵاو، لێك و پێك دراو لە پێش چاوی گیانی دەگرت. هەستی بە ڕۆچوون دەکرد. بێدەنگ دەماوە، لەشی خۆی لە بیر دەکرد. دەبوو قامکی خۆی ببڕێ یا زللەیەك لە خۆی بدا، تا هەست بە بوونی لەشی بکا. ژیانی وەکوو خەیاڵێك دەچوو دوور و درێژ... دوور.

ئەوجار کە بێوازی زۆر و هەوای پشووبڕ ناچاری دەکرد پەنجەرەیەك بکاتەوە، دەیدی ژیان لە بەرگی خۆیدا. منداڵ بەرەو قوتابخانە دەچن و ژن و پیاو بەرەو ئیش و کار. باڵندەکانی سەر دارتێل و پشیلەی سەر دیوار و دووکەڵی سەربانان. هەروەکوو خۆیان مابوونەوە. هیچ شتێ نەدەگۆڕا. ساڵیانی ساڵ بوو، هەروا مابوونەوە و ئەویش هاوپێی وان لە چوار دیوارێکی کۆنی چڵکن و بۆر و حەسارێکی قووڵدا هەر وا مابۆوە، سەیر مابۆوە.

لەژێرخانێ خەریکی کۆ کردنەوەی کەل و پەل بوو کە دۆزییەوە. کیفێکی کۆن لە تەختی بنی یەغدانێکدا بوو. بە دەستی زەمان تۆز و خۆڵی فەرامۆشی لێنیشتبوو. دەستی دایە، زیپەکەی ترازاند. شتێکی دەورە سەوزی کاهوویی دیت. گرتی و ئاوەژووی کردەوە. جووتێك چاوی ڕەشی تەماوی


دی، بەڵام گۆڕا. ئاوێنەکە شەوقی داوە. خۆی دیت بە رازاوەیی، لەو ڕۆژانەدا کە تەنیا خەیاڵ پێی دەزانێ.

جێی باوەڕ نەبوو، هەروا ماوە و ڕوانی... ڕوانی. سەعات تێپەڕ دەبوون. ئەو هەر دەیڕوانی، هەتا تاریکی جێی پێ چۆڵ کرد. ئاوێنەکەی هەڵگرت و کیفەکەی بە سینگەوە نا. لە پلیکانان وەسەر کەوت.

چراکانی هەڵکرد. دیسان ئاوێنەکەی دەستدایە. نەکا خەیاڵی کردبێتەوە؟! نەکا لە خەوندا دیتبێتی؟! بە ترسەوە لێی ڕوانی. ئاوێنەکە شەوقی داوە، ڕوخساری گەش و جوان و قژی خۆرەنگی کەوتە بەرچاو.

ئیتر خەوو خواردنی لێهەڵگیرابوو. مەگەر خەو لابەلای کردبا، دەنا لە دەستی نەدەکەوت، ئەودەمیش ئاوێنەکەی دەخستە ناو کیفە کۆن و لە بن سەری دەنا. ئەوجا کار و پیشەی ڕوانین لە ئاوێنەکە بوو. هێندەی لێڕوانی کە دەگەڵ وێنەی ئاوێنەکە ببوونە یەك. وێنەکە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ جوانتر دەبوو. ئیدی وەکوو خۆی نەبوو. هەر جارە لە ڕەنگێکی دەنواند. وێنەی هەموو خۆشی و جوانییەکان بوو. دەیدی و نەیدەدی. گوێی لێبوو و لێنەبوو. جاروبارە تارماییەکی ڕۆژانی ڕابردووی دەهاتەوە بیر کە ئەویش وردە وردە بێڕەنگ دەبوو. وێنەکە ڕەنگی دەگۆڕی و ئەویش دەگۆڕا. سەعاتەکانی تەمەنی، هەڵدەهاتن و هاوپێی وێنەکان تێدەپەڕین ئیدی ئاوێنەکانی لە یادکردبوو. هەستە جوانەکان. عیشق و فیداکاری و وەفا، تەنانەت نەفرەت لەودا مردبوو. هەستی خۆشویستنییەکی دی. ئەفسانە بوو غەیری ئاوێنەکە هیچ کەس و هیچ شتی خۆش نەدەویست. ئەوجار بە دەگمەن ئەو تارماییانەش دەکەوتنە بیری. ڕابردوویەك نەبوو، مەگەر ئاوێنە نیشانی دابا؛ هەر ئێستایەك نەبوو. دەتگوت گوێی نیە و ئەگەر هەیە تەنیا ئەوە دەبیسێ کە ئاوێنە پێی دەڵێ. ئەگەر تەنیا دەمێك وەلای نابا، ترس دایدەگرت، خێرا دەستی دەدایە و بە سینگییەوە دەکوشی. تامەزرۆ چاوی تێوەدەبڕی. مانگ و ساڵ تیژپەڕ بوون، ڕۆژەکان هەر بۆ خۆیان هەڵدەهاتن. خۆشی و شادییەکان، خەم و پەژارە لە ئاوێنەکەدا بوون. هێند تامەزرۆ بوو کە بەرەو ئاوێنەکە باڵی دەگرت، زاتی نەدەکرد چاو بتروکێنێ، نەوەك خەونەکە دوایی بێ. کە وێنەکە ڕەنگی دەگۆڕی، هەر جارە ڕەنگێ. چاوەکانی کاڵ و توند دەبوون، خڕ و گەش، درشت و بچووك. هەر جۆر بان خۆشیدەویستن. ئەو چاوە بەڵەکانە. ئەو کەپۆ کورت و قەپۆزانە هەمووی خۆشدەویستن. لە ڕابردوو تارماییەکی دەهاتە یاد کە وەکوو خەونێك دەچوو. دەیدی بە تاراوە لە ماشێنێك دایە و هیچ زاویەکی لەتەنیشتی دانەنیشتووە، براکەی شۆفێری ماشێنەکەیە و لە دەرکی ماڵە بابی دادەبەزێ ساڵهایە چاوەڕێیە ئەو ماشینە لە دەرکێکی دی ڕایگرێ، بەڵام قەت وەدینایە. ئەو خەیاڵە دەهاتە نێو ئاوێنەکە و خەوشی تێدەخست. بەڵام نا پەردێکی دیش بەینی وی و ئاوێنەکە هەبوو کە ئەویش زیپی کیفەکە بوو. کاتێك دەیکردەوە وەلا دەچوو. زیپی کیفەکە سەخت دەکراوە. ڕۆژێك ویستی بیکاتەوە، هێند بەپەلە بوو نەیدەزانی چۆنی دەکاتەوە. دەستی بە کیفەکەوە دەلەرزی. دەخۆی نووسا و زیپەکەی ترازاند. کیفەکە لە دەستی دەرپەڕی و وەدیوارێ کەوت. سەدان پریشکە شووشە بەولا و لادا کەوتن. لەولاتر چەند لەتە ئاوێنەزاریان لێخوار کردبۆوە، هەزاران چاوی بۆر و تەماوی لێیان دەڕوانی...

ڕێبوار ژوان



# ئیسماعیل

قیرتاوەکەی بەرامبەرمان بە هەڵـەداوان لـە ژێـر تایێری پاسەکەماندا بەرەو دوا ئەخزا. دارەکانی سەر ڕێگا، کە زۆر جاریش ڕۆڵی تیری کارەبایان دەگێڕاو تەلـە قورسـەکانیان دابـووە شـانا، وەك ڕێبوارێکـی سەوادە لە لاڕێکاندا وەستا بوون. لـە شوشـەکەی لا دەستمەوە دیمەنی دەرەوەم لێ بوو بوو بە فیلیمێکی سـامێت، بـێ دەنـگ، بـەلام خـێراو بـە پەلـە. سەرنشـینەکانی دیکـەی پاسـەکە هـەرکام لـە دنیـای خۆیاندا بوون. پیرەژنەکەی لا دەستم بەسەر بەنێکی زلەوە رووی تـێ کردم و لەگـەڵ جوڵانـەوەی دەمـی، وێـڕای ئـەوەی کـە گەواڵـە دوکەڵـەکانی دەرخـواردی منیش ئەدا وتی:

ـ فرەمان مەنیە

ـ بە قەدەر کیسە تەماکۆیێکی تر.

پێکـەنینێکی سـەیر لاشـە کەڵەگەتەکـەی شەکاندەوەو جگەرەکەی لە شوشەکەوە توڕ دا.

ـ ئەڵێی جگەرە ئەکێشی کاك ؟!

ـ من؟! نا، ئەوە کاك مەحمووە.

حەپەسـام، بـە قۆسـتنەوەی تاریکـایی شـەو خـێرا جگەرەکـەم دایـە دەسـتی مـەحمو. بـەلام ئـەو وەك سمۆرەییێکی سرك و زیرەك خۆی گەیاندمێ. هەر دوو دەستی لە ملم ئالاندو وتی:

ـ مەگەر خۆت هەمیشە ناڵێی کە جگەرە خراپە؟

ئەگەر لە بەر تاریکایی نـەبوایێ بـە ئاشـکرا ڕەنگـە هەڵبزرکاوەکەی دەبینیم. نکۆڵی کردن بێ مانـا بـوو، دەبا دانم لە هەڵەکەمدا نابایێ.

ـ ڕاست ئەکەی، داوای لێبوردن ئەکەم ئیسـماعیل، بەلام مرۆڤ هەتا بەسەر زیندو بێ هەڵە دەکـا، تـەنیا مردووەکانن کـە هەڵـە ناکـەن ئامۆژگاریەکـەت بـەجێ بوو.

قەت بڕوام بە تـەمەن نیـە. بـە رای مـن گـەورەیی و بچوکـی لەزانسـت و تێگەیشـتنی مرۆڤـەکاندا دەرئەکـەون، خـۆ وانـەبووایێ ئـەوەتا منداڵێکـی سیانزە، چواردە سـاڵان ئـەم هـەموو ڕێگـا دوورو ناهەموارەی پێ نەدەدامە بەر.

جانتاکـەم کـردەوە، دیارییەکـەییم دەرهێنـاو سـەیرێکی تـرم کـرد. هێشـتا دەنگـی لـە گوێمـدا

ئەزرنگایەوە، کاتێك بەچاوە خێلەکانی تێبروانی بووم و وتبووی:

ــ ئەچیتەوە؟... ئیتر ناگەڕێیتەوە؟

ــ دەچمەوە، بەڵام دەشگەڕێمەوە، تا خەڵك لێرە مابن تاقەتم ناگرێ سەردان نەکەم.

ــ خۆزگە ئەمتوانی لەگەڵتا بێم.

ــ با بۆ جارێکی تر، وەخت زۆرە.

دڵم نەهات بڵێم ناتوانم لەگەڵ خۆمدا بتبەم، بەڵام بۆ ئەوەی کە تەواو لێم نەڕەنجێت وتم:

ــ ... چیت ئەوێ بۆت بێنم؟

ــ هیچ

ــ چۆن هیچ؟

ــ حەز ناکەم پارەت لێ زەرەر بدەم.

ــ کڕین و نەکڕینی دیارێیك نەگیتەرم ئەکا نە دەوڵەمەند.

زەردەیێکی بۆ کردو گەشایەوە، تاوێ چاوی نوقاندو لێوی گەست و ئیمجا وتی:

ــ باشە، کەواتە بلوسێکم بۆ بێنە، بەڵام هەرزان بێ.

بلوسەکەم خستەوە نێو جانتاکەو پاڵم دایەوە، چرکە بە چرکەی ئەو ڕۆژانەم لە ئەرشیفی بیرکردنەوەکانم دا دەرهێناو سەر لە نوێ پیایاندا ئەچوومەوە. ئەو ڕۆژانەی کە لەگەڵ ئەو سمۆرە زیت و چالاکەدا بۆ دۆزینەوەی کارگە کێوی بە باسکەکانی پشتی ئوردوگادا هەڵئەزناین...

لە پڕا دەستی لە دەستم بەرداو بە هەڵەداوان پێشمکەوت و لە پاڵ کارگێکی گچکەدا چینچکەی کرد:

ــ هێشتا بچوکە

ــ کەواتە لاقەی مەکە

ــ دەستی لێ نادەم لە دڵم نایێ...

دیفراوەك کێشەیێکی گرنگی بە بیردا هاتبێ، چاوی بڕیە ئاسۆ و ژێستێکی پسپۆڕانەی بۆ گرت و وتی:

ــ ئەرێ پێت وایە ئەمجارەیان سەربگرێ؟

ــ لەوەناچێ

ــ جاری پێشوش خۆ سەری نەگرت

ــ نا

ــ تۆ ئەو کاتەت لە بیرە؟

ــ تا رادەیێك

ــ من هەر لە بیرم نایێ

ــ تۆ هێشتا لە دایك نەبووبووی

ــ ئەی ئەوانەی پێشوترت لە بیرن

ــ نا، ئەو کاتەش من لە دایك نەبووبووم

هەستا، هەردوو دەستی نایەکەلەکەی و وەك بە هەورازێکدا سەرکەوێ، دەستی کرد بە هەنگاوی قورس، قورس هاویشتن.

ــ ... نازانم بۆ هیچ هیوایێکم بە ئاکامەکەی نیە... باوکیشم ئەڵێ ئەگەر هەموو بچنەوە ئێمە هەر دەمێنینەوە.

ــ باوکت هەڵە ئەکات... بەرد لە شوێنی خۆیا قورسە ئیسماعیل.

لە پڕا وەستا، وەرچەرخایەوەو لە کاتێکدا کە بە چاو و بە لێو پێدەکەنی بەدەنگێکی لەرزۆکی ئاوێتەی شادی و پەشۆکان ئاماژەیێکی کردە کارگە زلەکەی بەر پێی و وتی:

ــ سەیری ئەمە... چەند گەورەیە خوایە. وەخت بوو پێی پیادا بنێم.

پاسەکە بە هەورازێکدا سەردەکەوت، وەك تەوژمی بۆ هاتبێت دەستی کرد بە نەڕاندن کەچی لێخوڕەکەی هەر کۆڵی نەداو تا بە تەواوی سەری نەخست وازی لێ نەهێنا. یەك دووکەس لە سەرنشینەکان تازەلە خەو راچڵەکابوون. سەیرێکی ئەم لاو ئەولایان کردو مەوداکەیان بۆ هەڵسەنگاند. پاشان سەریان بە شوشەکاندا هەڵپەساردەوەو بوون بە میوانی خەوێکی قوڵتر. پیرەژنەکەی پاڵ دەستی منیش هێدی هێدی گەچڵا بوو، سەربەنە زلەکەی سەری بەسەر شانما تلاندبووەوەو خڕوخڕێکی سەیر لە سینگیا وەك مسنیە کۆنە دەنگی ئەدایەوە،

پیرەپیاوێك لـە پشت سـەرمەوە سـەری نا بـە کـەلی نێوان دوو کورسیەکەوەو بە لاقرتیەوە وتی:

ـ خۆ ئەگەر کەنیشکێکی چـوارده سـالان بوایـێ وا بێ خەم سەری نەدەخستە سەر شانو.

گوێم نەدایێ، شێلگیرانە وتم:

ـ بە پیری لـە دایـك نـەبووە، ئـەمیش کـاتی خـۆی هەرەتی چوارده سالانی بریوە.

ـ گەنجێکی سەیری.

پالی دایەوەو نوتەقی لێ برا.

سـەری لەسـەر سینگم هـەلگرت و هاوکـات نیگـای چاوەکانمان پێکەوە یەکانگیر بوون.

ـ خەویش شتێکی خۆشە.

ـ بۆ هاورێ.

ـ کە دەخەوی هەست بەکەم و کـۆرِی ناکـەی، مـن زۆر خەوم بە لاوە خۆشە.

ـ من حەزی لێ ناکەم.

ـ بۆ؟!!!

ـ پێم وایە خەوتن بـەس بـێ، ئەگـەر بـە سـەرەش بێت سەرەی بێداریە.

ـ هەمیسـان قسـەیێکت کـردەوە لـە تـەمـەنی مـن زیاتر.

پەنجەکانم لە نێـوان قـژە سـاف و ئالتونیەکـەی رۆ برد و بە گالتەوە پێم وت:

ـ کەوابوو تۆ لەگـەل خەونـە خۆشـەکانتا دەسـتەو ئێخە بەو منیش لەگەل بێداری خۆما ئێشك ئەگرم.

ئێوارەیێك بە لارە لار هات و لە لام دانیشت، ئاگـام لێی نەبوو، دەست و خەتە وردو دروشتەکەی عەلی لە خۆیدا نوقمی کردبووم.

{ماوەیێك لەمەو پێش بەر لەوەی کە بگەرێتـەوە، کێ بـەرکێیێکمان دانابوو و داوامـان کردبـوو کـە لـە نێوان منداڵان و مێرمنداڵاندا هەر کەس بـیرەوەرییێکی لـەو رژێمە دڕندەیـە هەیـە بیخاتـە سـەر کاغـەز و بەشداری تیادا بکات، ئـەویش بـە بـیرەوەریی دوو حەوتـە بەندیخانـەی خـۆی بەشـداری کردبـوو، لـەو

رۆژەوە زیاتر سەرنجی راکێشابووم، حەزم دەکرد پتر لەگەڵیا هەڵس و کەوتم هـەبێت. زۆرجـار لەمـەر هـۆی گیرانی پرسیارم دەکرد. کـەچی هـەر جـار شـانەکانی هەڵتەکاندن و ئەیوت:

ـ نـازانم... ئـەیانوت ببـە بـە بەعسـی و منیـش نەدەبووم؟

ـ لێشیان ئەدای؟

دەم و چـاوی سـوور هەڵدەگـەراو ئیمجـا بـە تەوسێکەوە وەلامی ئەدایەوە:

ـ زۆر رقم لێیانە.

بابەتەکـەی عـەلیم گـەیاندە کۆتـایی و بـە خۆمـا هاتمەوە، قورسایی نیگاییێکی رقاویم بەسەر لەشمەوە هەست پێکرد. ئاورێکی لادەستم دایەوە:

ـ بەخێر بێی ئیسماعیل، ئەوە کەی هاتووی؟

سـەری داخسـت و بـە چیوەکـەی دەسـتی کەوتـە خەریتە کێشان لەسەر خاکەکە، دلێکی کێشاو ئیمجـا بە دو کێری خوارو خێچ کردی بە چوار کوتـەوە، بـە ئاشـکرا رەنگدانـەوەی قسـەکانم لـە هـەڵس و کەوتەکانیا دەبینی. دەسـتم خسـتە سەرشـانی و بـە ئاوازێکی تر وتم:

ـ چیە؟... ئەڵێی ئیتر لەگەڵما نا نیتە؟

ـ ئەوەندە نوقمی خەڵکی تـری کـە ئیمـەت لـە بیر چووەتەوە.

دەمزانی مەبەستی چیە، زەردەییێکم بۆ کرد و وتم:

ـ ئـەوەندە دل پیس مەبـە، عـەلیش لـە خۆمانـە، ئەویش کەم زیانی لێ نەکەوتووە.

ـ تۆ ئەوت لە من خۆشتر ئەوێ!

ـ چوزانی؟

ـ ئەوە نیە هەر شتەکەی ئەخوێنیتەوە.

ـ بەلام بە هەلەدا چوویتە، من هەردووکتانم بە قەد یەك خۆشدەوێ.

سەری هەڵبری و چاوە پێکەنیوەکانی بریـە چـاوم، گەشا بووەوە. ئیمجا وەك پشیلەییێکی گورج و گۆل پەلاماری دام و نامیە ژێر

دەی ئەگەر راست ئەکەی ئەبێ تۆش چیرۆکێ لەسەر من بنووسی.

- لەسەر تۆ؟!
- ئا...
- جا چیت لەسەر بنووسم؟
- نازانم، هەرچی خۆت ئەیزانی، بەڵام هەر چیرۆك بێت.
- باشە قەی ناکات. ئەی ناوی بنێم چی؟

تۆزێ راما، هەردوو چاوی نوقاند و لێوی خوارینی گەست و پاشان وەك بابەتێکی گرنگی بە بیردا هاتبێت لە پڕ وتی:

- ئیسماعیل

لە کەلەکەی بەرامبەرمەوە هەتاو وەك تەشتێکی پڕ خوێنی لێ هاتبوو. ئەم کاتانە کەشە کە دڵۆڤانتر ئەبوو. منیش خۆم ئاسایی لەسەر تاشە بەردەکەی بەرچادرەکەماندا هەر دوو دەستم کردبوونە ئاڵقەی ئەژنۆو سەرم نابووە بان کاسەی زرانی. نیگای لانەوازی چاوەکانم بە دەرکە هەڵدراوەکەی چادری دەرمانگەکەوە نیشتەوە. عەلی وەك جاران روپۆشێکی درێژی سپیی لەبەر کردبوو. گورج و گۆڵ لەبەر دەم نەخۆشەکاندا شین دەبووەوەو پێداویستیەکانی بۆ دابین دەکردن، لەگەڵ چرپینی دکتۆرەکانیش دا بە هانایانەوە دەرۆیشت و دەبووە گالۆکی دەستیان. کە بینیمی زەردەیێکی کردە پێشەکی و ئازا هاتە لام.

- ها دکتۆر عەلی!

لەگەڵ ئەم رستەیەدا سوور هەڵدەگەرا، کەچی لە دڵیشا حەزی دەکرد. وەها هانی دابوو کە بەردەوام خۆی بە برین پێچی و دەرزی لێدانەوە خەریك دەکرد.

- هەمیسان تەنیای؟

تەنیاییش دنیایێکی تایبەتیە، وەرە دانیشە.

کە دائەنیشت، منداڵەکانی دیکەش لە دەورمان دەبوونەوەو هەر کام قسەو دەنگ و باسێکیان دەهێنایە پێشەوە، بە سۆز و پەلەوە دەدوان و زۆر جاریش دەیاندایە نێو قسەی یەکترداو هەرکام دەیانویست قسەی خۆیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ کەن. وای لێ دەهات کە دەبووە هەرایێکی سەیرو لە کەسیان تێ نەدەگەیشتم. لێرەدا بوو کە عەلی دەیدا لە قاقای پێکەنین و لێوی دەگەست.

عەلی هێمن و لەسەر خۆ بوو. قەت بە پەلە قسەی نەدەکرد و قسەی کەسیشی نەدەبڕی. لە کاتی پێویست دا بێدەنگی رادەگرت. کەمتر لە کاتی کایەکردندا دەمبینی، کە خولکیشیان دەکرد، دەیوت: ((جارێ بەتاڵ نیم، با بۆ جارێکی تر)). ئیمجا بەکاوخۆ بەرەو چادری دەرمانگەکە دەکەوتە رێ. کەسایەتی‌یێکی جیاوازی هەبوو، لە نێو هاوتەمەنەکانی خۆی دا دانستە بوو. کەسایەتی‌یێك کە جاروبار لە نێو کۆمەڵێ منداڵ لە یەکێکیاندا بەدی دەکرێت و هەر لە یەکەم رووبەروو بوونەوەش دا سەرنج رادەکێشێ. یەکەم رۆژ هەر لەو دەرمانگەیەدا چاوم پێی کەوت. کاتێك گەدەم برینەکەی کولابووەوەو بۆ دەویان چووبوومە ئەوێ. سەرەتا بۆی نەدەچووم کە کوردبێ. بەڵام لە دوایی دا کە زانیم کەوتمە قسە لەگەڵی دا:

- خەڵکی کوێی؟
- خانەقین، هەڵبەت لە کەلار دائەنیشتین.

سۆرانیەکەی زۆر تەواو بوو. دیاربوو بەرهەمی خوێندنی قوتابخانەی بوو.

- چۆن لێرەی؟

شانی هەڵتەکاندو بە بێ تاقەتی‌یێکەوە وتی:

- منیش وەکو هەمووی ئەم خەڵکە.
- نا... مەبەستم ئەم شوێنەیە.
- ها، ئێرە؟ پێم وایە هەرکەس بە گوێرەی توانای خۆی دەبێ خزمەت بکات.

وتەکانی گەورەتر بوون لە تەمەنی. دوای ئەوە هەر کات خۆی وتەنی دەستی بەتاڵ ببایێ ئەهاتە لام و بنی قسەی دادەمەزراند، بەشی هەرە زۆری قسەکانی

پرسیار بوون، کەمتر دەدواو زیاتر گوێی دەگرت. کە بۆی دەرکەوت خەڵکی کوێم پتر لەمەڕ شارەکەم پرسیاری دەکرد.

ـ ئەڵێن زۆر لە خانەقین ئەچێت.

ـ لەهەندێ لایەنەوە بەڵێ و لە هەندێ لایەنیشەوە نا.

ـ ئەزانم مەبەستت چیە.

زۆرجار دوا رستەکانی بزەیێکی کەم خایەنیشیان بە شوێنەوە دەبوو.

قەت حەزی لە سیاسەت نەبوو. کەچی رۆژێکیان لە پڕ سەرەتای قسەکانی بەم جۆرە دەست پێکرد.

ـ ئەرێ ((تاواریش)) مانای چیە؟

ـ مانای هەرچی کە بێت ئێستا ئیدی باوی نەماوە

ـ کوردیش تاواریشی هەیە

ـ ئەی نابینی کە لە مۆسکۆ بەفر دەبارێ هاوینان لەگەرمیانی خۆماندا کوڵەبار لەبەر ئەکەن.

هەڵوێستەیێکی بۆ کرد، وەك قسەکان هەرس بکات تۆزێك راماو ئیمجا کەوتەوە دوان:

ـ ئەرێ ئەم هات و چۆیە تاکەیە؟

ـ خوا ئەیزانێ، خۆ کەسیان جەرگیان نەسوتاوە.

ـ ئەڵێی خوێیان بۆ وەشاندوون...

لەبەکارهێنانی ئەم دێرە هەستی بە گەورەیی کرد.

ئیمجا بۆ تەواوکردنی قسەکانی وتی:

ـ ...داخۆم ئێستا خەریکی چین؟

ـ خەریکی چی بن. کای کۆن بە با ئەکەن.

ـ ئیمجا ئەنجامێکیشی دەبێت؟

ـ نا، کەسەکەم. کاکی ئەندازیاریان بۆ ناخەڵەتێت.

ئەوەندە پێیان ئەڵێ کە چۆلەکەی بۆ بگرن.

ـ ئەزانی لالەم چی ئەڵێ؟

مەبەستی مامی بوو

ـ نا، ئەڵێ چی؟

ـ ئەڵێ هەر جارێ کە دێنەوە تاقەتیان ناگرێ سەردانێکی ئەویش نەکەن.

ـ بە ئەمەکن، خوێی کەسێك بکەن خوێدانەکەی ناشکێنن.

دیاربوو جارس بووە، هەر بۆیێ بە بێ تاقەتیەکەوە هەڵی دا:

ـ با لێیان گەڕێین،چیمان داوە بەسەریانەوە.

ـ باشە با لێیان گەڕێین.

چاوەکانی بە دوی هێڵێکی نادیاردا کەوتبوون، رەتی کەوتم و لە ناکاو بە پاسێکی سووردا هەڵتەقیم، کابرای لێخوڕەکەی دابەزی و دەستێکی راتەکاند لەعەلی.

ـ کێیە؟!

ـ لالەمە، من دەچم، دوایی سەرت لێ ئەدەمەوە.

ـ باشە برۆ، خوات لەگەڵ.

{... درەنگانێ لە بازاڕە گچکەکەوە دەگەڕامەوە، منداڵەکان قەرەباڵخیێکی سەیریان لەبەر چادرەکەماندا پێکهێنابوو، کە باش ورد بوومەوە لە نێوانیاندا عەلیم بینی لەسەر تاشە بەردەکە لە شوێنە هەمیشەییەکەی مندا چینچکەی کردووە. کە منی بینی لە شەرماندا سوور هەڵگەڕاو بۆی دابەزی و سڵاوی کرد. منداڵەکانی تریش بە دەنگی ئەم راچەنین و بەرزە پێ هەستان.

ـ بۆ دابەزیت دوکتۆر عەلی؟

ـ نامەوێ شوێنەکەت داگیرکەم

بە گاڵتەوە وتم:

ـ پیاوکە پەکی کەوت ئەبێ خۆی لادا هەتا کەسێکی تواناتر شوێنەکەی پڕ کاتەوە.

نازانم لە رووی بەزەیی بوو یان دڵسۆزی کە لە پڕا دەستی لە گەردنم ئاڵاندو وتی:

ـــ نا، تۆش پەکت نەکەوتووە، مەڵێ پەکم کەوتووە، تۆش خۆ تەمەنت زۆر نیە، بەڵام وەك خەڵکی ئۆردوگا ئەڵێن پیر سەر هەڵکەوتووی.

ـ بۆ وام پێ ئەڵێن؟

ـ ئەڵێن قەت سەیری ئافرەت ناکەی.

تۆزێ خۆم دۆڕاند، زۆر هەوڵم دا لەسەر خۆ بنوێنم کەچی ڕەنگە سوورەکەم هەموو شتێکی درکاند. لەسەر تاشە بەردەکە بۆی دانیشتم. منداڵەکان یەك، یەك لێم نزیك بوونەوەو لە گردوپەڕی بەردەکەدا چینچکەیان کرد. عەلیش لە گۆشەیێکەوە دانیشت و بیانوی قسەکانی دابەدەستەوە:

ـ ئەڵێن دوێنێ هەماری ئۆردوگایان کوتاوە.

ـ کێ؟!

ـ موناقیقەکان، زۆر پیسن لێرەش واز لە خەڵك ناهێنن.

منداڵێکی تر هەڵی دا:

ـ کاتێ پەلاماری کەلاریان دا ئێمە لەوێ بووین. وێنەی پیاوە گەورەکانیان دابوو لە تانکەکانیان و هەر کات گەیشتنە ناوەڕاستی شار خەڵکیان دایە بەر دەستڕێژ.

منداڵێکی تر وتی:

ـ ئێمەش لەوێ بووین لەبەر بێ بەنزینی نەمانتوانی زوو دەرباز بین، باوکم لەو پەلامارەدا تیا چوو.

وتم:

ـ تۆش خەڵکی کەلاری؟

ـ لە بنۆکەوە هی سمودین، بەڵام لە کەلار دائەنیشتین.

منداڵێکی خڕپنەوتی:

ـ زۆربەی دانیشتوانی کەلار هی شوێنانی ترن، من خۆم خەڵکی توزم

ـ ئەوە بۆ؟

ـ ئاخر کەلار سەر سنوورە، خەڵك زووتر فریای دەرباز بوون ئەکەون.

ـ کەواتە چاك خۆتت دەرباز کردووە ئامۆزا.

هەموو منداڵەکان دایان لە قاقای پێکەنین، هەرکام بە پێی تەمەنی خۆیان دەیانویست باس و لێکۆڵینەوەیێکی تازە بهێننە پێشەوەو ڕەنگ و بۆنێکی تایبەتی بدەنێ، لە ئاکامی ئەوکێ بەرکێیەدا هەڵپە هەڵپێکی سەیر دروست بووبوو کەچی لە قوڵایی ئەو هەموو دەنگەدا لە پڕ دەنگێکی نیوە لاواز، ئاوێتەی سۆزو هەستێکی ڕوکێنراو هەڵی دا:

ـ شەڕماڵ وێرانکەرە.

کارتێکردنی ئەم دێڕە هێندە بوو کە بەسەر دەنگەکانی دیکەدا باڵی ڕاکێشا. منداڵەکانی تر وەك زامێکی قوڵیان کولابێتەوە تێن و گۆڕەکەی پێشویان نەما.

خەمێکی چڕ ناوچاوانی هەموویانی داگرت. نیگای چاوەکانم کۆڕەکەی قلیشاندو لە درزو کەلەبەری لاشان و ژێر باڵی ئاپۆڕەکەدا بە منداڵێکی بە باڵا مام ناوەندی و هێسکی و سیپاڵ تۆزینەوە گیرسایەوە. دەم و چاوی نیشانەی خەمێکی قوڵی تێدا دابینرا. ئاسەواری برینێکی کۆن وەك هێڵێکی هەڵاوساو لە پشت لێوە بانینەکەی پەیدا بوو. شنەی بایێکی نەرم بە قژە سافە ئاڵتونیەکەی یاریی دەکرد. چاوەکانی خێل بوون، کەچی ئەو تینەی هەرەتی منداڵی کە لە ڕومەتیا بەدی نەدەکرا، لەو دوو گۆمە تەنگەدا وەك زەریاییێکی ئاڵۆزکاو شەپۆلی دەدا. کاتێك ڕووی سەرنجەکانی بەرەو لای خۆی بینی، تۆزێك سوور هەڵگەڕا، سەری داخست، شەرمێکی ڕاشکاو جێی خەمە قوڵەکەی بەرینی لە ڕومەتیا گرت. وتم:

ـ دنیا هەروا نامێنێ بچکۆل، هەورازو نشێوی زۆرە.

ـ جا کەی بە نشێوەکەی دەگەین؟

ـ کاتێ کە زانیمان چیمان ئەوێ، ئێمە هێشتا خۆشمان نازانین چیمان ئەوێت، هەرکەس کە دەستی خۆی خستە پێشەوەو کەوتە بەرمان کوێر کوێرانە مل دائەخەین و بە دووی ئەکەوین.

سەری هەڵبڕی و بزەیێکی بۆ کرد، گوایە ترسەکەی شکابوو، ئیدی هەستی بە نامۆیی نەدەکرد، ئەمجارە لێبڕاوانە وتی:

ـ ڕقم لە شەڕە.

ـ کەس حەزی لە شەڕ نیە، وەك خۆت وتت ماڵ وێرانکەرە.

– بەڵام گەورەکان حەزیان لێیە.

– گەورەکان تاوانبارن.

– ئەی تاوانی ئێمە؟

هەڵوێستەیێکم بۆ کرد و پاشان وتم:

– گەورەترین تاوانی ئێوەش ئەوەیە کە کوردن.

منداڵەکان وەك هەستیان بە کەسایەتیە بەرزەکەی ئەم هاوتەمەنەی خۆیان کردبێت بە کردنەوەی کوچگێکی تەنگ لە نێوان من و ئەودا پێکەوە پەیوەندیان دایەن. دیاربوو بەرگەی قورسایی نیگاکانی نەدەگرت. چونکو سەری داخست و بە نوکی پێڵاوەکانی بەر بووە خاك و خۆڵەکەی بەر پێی، بۆ ئەوەی لەو تەنگ و چەڵەمەیە رزگاری کەم پرسیم:

– ئەی تۆ خەڵکی کوێی هاورێ؟

– دەربەند، بەڵام دانیشتوی کەلارین.

– تۆش؟!

– بەڵێ، ئەم ئۆردوگایە هەمووی هەروان.

– ئەی ناوت چیە؟

تۆزێك لە وەڵام دانەوەدا درەنگی کرد و پاشان سەری هەڵبڕی و وەك زۆربەی ئەو منداڵانەی کە بە درکاندنی ناوی خۆیان هەوڵ ئەدەن بە زەرەرێکی دەستکرد شەرمەکەیان بشارنەوە پێکەنی و وتی:

– ئیسماعیل}.

وەستانی کوت و پڕی پاسەکە رای چڵەکاندم، ئاورێکی دەوروبەری خۆمم دایەوە، زۆربەی سەرنشینەکان پێش ئەوەی کە بە تەواوەتی بوەستێت هەستابونەوە سەرپێ، پیرەژنەکەی پاڵ دەستی منیش کە تازە لە خەو لێ بووبووەوە وەك گەمژەکان لە چوار دەوری خۆی رادەما، هەموو کە دابەزین من دوا کەس بووم کە پاسەکەم بەجێ هێلا، ماندوبووم. بە زۆر لاقەکانم بە شوێن خۆم دا رادەکێشا. چمانی ئەو هەموو رێگایەم بە پێ بڕی بوو. هەر نەمزانی چۆن گەیشتمە سەر سێڕیانەکەی (ق). کۆمەڵێکی دیکەش بە تەمای ئۆتۆمۆبیل لەو ناوەدا بڵاو پڕ بووبوونەوە. سەیر بوو بە پێچەوانەی جاران کە زیاتر خەڵکی ئۆردوگا – کە بۆ شت کڕین هات و چۆی شاریان دەکرد ئەوحاسەیان پڕ دەکردەوە – ئێستا کە هەموو سەربازو نیزامی بوون. هێندێکیان خۆیانیان بەلا سوچ و کۆڵەکەکاندا هەڵپەساردبوو و هێندێکیشیان خوارو ژووری جادەکەیان گەز دەکرد. سەرەنجام لۆرییێك هات و هەموومانی هەڵگرت. کەشەکە ساردبوو. هەر کام لە تەنیشتێکەوە کزکەمان کرد. لێخوڕەکەش پێی پێوە ئەناو بێ ئەوەی بیر لە هەڵگێڕاوەکانی دوای ئۆتۆمۆبیلەکەی بکاتەوە، بۆی دەرئەچوو. ئاورێکی روانسەری خۆم دایەوە، وەك قەبرێکی دەم کراوە وابوو. هەرچەند جگە لە ئاسمانێکی کرك و شڵ هیچی تر نەدەبینرا، بەڵام هەر ئەوەش دامیە بەر بەرەو یادگارە کۆنەکانم...

– ئەرێ خۆزگە ئەمزانی مردن سامی هەیە؟

– بەسراوەتەوە بە مرۆڤەکەوە

– چۆن؟

– ئەگەر پاك بێت بە لایەوە ئاساییە، بەڵام ئەگەر تاوانبار بێت، با.

– باوکم ئەڵێ گۆڕستان ئاوەدانیە.

– منیش بیستومە

– بەڵام من زۆر لە قەبر ئەترسم

تۆزێك راما، چما دڕدۆنگ بوو لەسەر داڕشتنی پرسیارەکەی، کەچی هەر خۆی پێ نەگیراو وتی:

– ئەی تۆ کاك...؟ لە قەبر ناترسی؟

پرسیارەکەیم بەدڵ نەبوو، چونکو دڵنیا نەبووم وەڵامێکی راستەقینەی ئەدەمەوە، بەڵام هەر جۆرێك بوو وتم:

– لەقەبرێکی گەورەوە بۆ قەبرێکی بچوك، ترسی ناوێ ئیسماعیل.

هەستم بە لەجوڵەکەوتنی ئۆتۆمۆبیلەکە کرد، هەڵبەت درەنگ، چونکو تەنانەت لێخوڕەکەشی پیایدا هەڵزنا بوو و بە سەیرەوە لێم مۆڕ بووبووەوە.

ـ ئێژی خەیاڵی داوە زینت نیە؟

گرد و پەڕی خۆم پشکنی، هەمیسان لە خەڵك دواکەوتبووم، کرێکەم دایێ و بۆی دابەزیم. ڕێگای ئۆردوگا بە پێچەوانەی جاران چۆڵ و هۆڵ بوو. لەو کچ و ژنانەی کە بۆ ئێزنگ و ئاوهێنان دەکەوتنە سەر جادە و یان بە باسکەکاندا هەڵئەزنان خەبەرێك نەبوو. چەند گەز لەولاتر ئاسەواری دوکان و بازاڕە سەرپێیەکان خۆیان دەنواند. لە دوورەوە چادرێك بەدی نەدەکرا. لە هەتەری چاوەکانم گومانم هەبوو، ئەی ئەو هەموو منداڵە چیان لێ هاتبوو؟ تۆ بڵێی لە دوورەوە نەمبینن و ڕانەکەن بە دەممەوە؟ بە نابەدڵی هەنگاوم دەنا. سەرماییەکی سەیرو تەزوی ئەهێنا بە پشتما. دڵەڕاوکە تەنگی پێ هەڵچنی بووم، خەمێکی نادیار وەك ئەو خەمانەی کە پێش ڕوودانی کارەساتێك رووت تێئەکەن ئێخەی گرتبووم. گەییشتمە قەڵەمرەوی ئۆردوگاکە، پاشماوەی یەك دوو چادری هەڵکەنراو وەها ترساندمی کە ئیدی نەموێرا چاو بە دەوروبەری خۆمدا بگێڕم. ڕاستەوخۆ دەمڕوانی و ڕێگای ئامانجێکی نوقم بووم دەکوتا. بە دەشتێکی پان و بەرین دا هەڵتەقیم. سەردەمێك دەوران دەوری چادر بوو. ئەو شوێنەش کە وەستا بووم. جێگای یەکگرتنەوەی منداڵان بوو. پێم لە جەرگی خۆم ناو چاوم بە گردو پەڕی خۆم داگێڕا.

شوێنە میلکانی چادرو دەوارەکان دیمەنێکی دڵتەنگیان پێکهێنابوو. جانتاکەی دەستم بەقەدەر کێوێك قورس بووبوو. بەرگەییم نەگرت و لە دەستم داکەوت. تۆزێك لەولاتر شوێنی چادرەکەی خۆشمانم ناسیەوە. تاشە بەردەکەی بەردەمی وەك جاران تاکەمەر خۆی ژەند بووەقوڕا، ئەمجارە خەست تر، چونکو بێ هاودەم مابووەوەو کەسی شك نەدەبرد تاکو دیسانەوە ڕازی هەزار ساڵەی دنیاییکی هاتو نەهاتی بۆ بدرکێنێت. ئێستاش پاش ماوەییکی دوور و درێژ یەکمان گرتبووەوە، هەڵبەت لە تەنیاییکی چڕو تەماوی‌دا، کەسمان لا میوان نەبوو. بێجگە لە ئاسەواری ژیانی هەزاران کۆچەری بێ سەرو شوێن، ئەویش لەسەردەمێکدا کە بستێ خاك بە نرخی زەریاییك خوێن تەواو دەبێت.

هەر دوو چاوم وەك بەربەستێکی روو لە تەقینەوەیان لێ هاتبوو. بە زۆر ئاوی دەمم ئەخواردەوە. ئەژنۆکانم لە شکانەوەدا بوون و پێش ئەوەی کە بڕوخێم، بۆی دانیشتم. لە دنیای خەیاڵات دا مۆسیقای نەرم و نیانی دەنگێك ڕژایە رووباری هەزاران دەنگی وەك خۆی و تێکەڵ بە سکاڵای سەرەژێر لە دەرونێکی برژاو هەژاندمی:

ـ رقم لە شەڕە.

ـ کەس حەزی لەشەڕنیە، وەك خۆت وتت ماڵ وێرانکەرە.


ـ بەڵام گەورەکان حەزیان لێیە.

ـ گەورەکان تاوانبارن.

ـ ئەی تاوانی ئێمە؟

ـ گەورەترین تاوانی ئێوەش ئەوەیە کە کوردن.

ئەدۆنیس
و: عەبدولکەریم شوانی




# بەناوی خۆرەوە کەنداوەکە دەستی بەسەرداگرتین

-١-

داری هەنجیرێکم بینی ، زۆر سەیر لەدەس مشاری زەمانە رزگاری ببوو،
دەستی بۆ کلیلێك برد، کە بەلۆچەکانی ملیوە شۆڕبو بۆوە،
بۆ ئەوەی بە دەرگاکانی بڵێ: بەهەردوولایا بکەونە سەر پشت:
باڵندەکان وان لەبەر دەرگا
بەڵام ئەم میوانی ئەو نەبوو ، خۆی لە ژەنگی رۆژگار پاککردبۆوە،
خۆی ئامادەکردبوو بۆ کۆچکردن ،
بۆ دوور - لەوانەشە هەتا هەتایی بێت.

-٢-

دوێنێ لە شەوا، بۆم دەرکەوت ،
بێدەنگیی تورەکەیەکی سەوزی هەیەو ئەستێرەکان بردویانە،
ئەو زمان و لێوانەی بە رۆژ دزیونی ، تێی کردووە.
ئەوانە ئەو ئەستێرانەن لە شەوی لادێدا نابینرێن،
مەگەر نووسابن بەسەرو پەنجەی جووتیارەکانەوە.



-٣-

وەکو تۆ هەست پێ ئەکەم، ئەی رووناکایی ،
لەوە ئەچێ خۆر لە دێیەکەمانا پیر ببێ ،
هەروەك دێیەکەش ببێ بە دارشەق و خۆر خۆی بەسەریا بدات .

-٤-

کچەکە، بۆچی ، ئەنگوستیلەی هاوسەرێتی لەدەستا
لە خۆشەویستیی گەلێ فراوانتر دیارە ؟

-٥-

لەکاتی دروێنەدا (بەمناڵیم) هەمیشە دەستی کێڵگەم ئەدی
تەوقەی لەگەڵ دەستی (فەزا) دا ئەکرد
ئەمە هەروەکو ئاهەنگ وابوو،
بۆ شەرابێ لە گۆزەی نەبینراوەوە بڕژێتە خوارەوە،
بۆ ئەوەی هەر چوارلایەکە بیخواتەوە .

-٦-

ئاو نایەتە ناو گۆزەکەیەوە بۆ ئەوەی ئێمە بیخۆینەوە،
هەروەکو وا ئەزانین ،
بەڵکو بۆ ئەوەیە لە قووڵایی تاریکیدا بحەسێتەوە .
لەم قوڵاییەدا نیشتمانەکەی بیر ئەکەوێتەوە ـ دایك،
ئەو هەناوەی جارێکیان لێی تەقییەوە ، بەپێچەوانەی ئێمەوە،
ئەم شلاییەی ناوی لێنراوە مرۆڤ.

-٧-

چەناگەی منارە، خۆی بەسەر لێواری رووناکییا ئەدا .

-٨-

بەڵێ ئەی بێدەنگ ، هەر کێیەك هەی ، تۆ ئەزانیت و گشتمان ئەزانین، کەیەك تاکە وشە لە نووسراوێکدا ،
لەوانەیە زەوی‌و دەریا لەرووت دابخات.

-٩-

گشت خەڵکیی لە مردووەکانیان بێزار بوون،
تەنیا ئێمە نەبێ ، ئەوانەی قسەکانیان بێزار
بوون ـ قسەی سروشت و قسەی غەیب
لای ئێمە مردوو ، بەتەنیا ئەوان زیندوون . بەهێزن .


-١٠-

لەخەو هەڵسام،
کازیوە هێشتان لەسەر تەنووری خۆر نەگەڕابۆوە،

ئەو جێیەی کە هەمیشە نانی بەدڵی خۆی لێ ئەبات.
کانییەکەی دێم بینی ، ئەوی وەختە وشك کات،
پێشی من کەوت بەرەو چێشتخانەکە . پێ خاوس بوو.
وادیار بوو برژۆڵەکانی خەویان تێ نەچوو بوو،
وەختە بوو بەسەر روویا شۆڕبنەوە .
وەکو وای بۆچووم ، بەهاوڕێتی ،
دار تووەکەی ڕۆژانی منالّیم لە باوشیا ئەخەوتم
هەروەها بە هاوڕێتیی رووبارەکەی تەنیشتەوە ،ئەوی لاوازو تەنك بۆتەوە ،تا وای لێهاتووە توانای گریانیشی نەماوە.

-١١-

کەنداوە بچووکەکەی مەلەمان تیا ئەکرد ، بەدرێژایی مانگی ئاب،
خالید ئەلبەرازی و من ، لەناو کۆشی سوکاس - تەپۆلکە شوێنەوارەکە ،دەنگێکی لێ دێ بەژاوەژاوی ئاوی شیرین ئەچێ لەناو ئاوی سوێرا:
کاتێ کە ئێمە بەشداری خۆرمان لە ئاوە سازگارەکەی ئەکرد ، خۆمان ئەکرد بە ناو کۆلکەزێڕینەی رەنگەکانیا،
لەکاتێکا هەوڵمان ئەدا چێژ لە دیتنی فلّچەکانی بکەین ،
کە ئەهات و ئەچوو بەسەر دەفتەری ئاسۆدا.
وامان هەست ئەکرد کە عەشتار خرنگەی پاوانەکانی تیا
بەجێ هێشتووەو ،ڤینۆس لە دوای ئەو،
چەن جار لەسەر چارپاکەی راکشاوە.
باڵندەیەکی جوان، خالید وتی،:
ئەوە کەڵەسمەی دەریایە ، یان تەیرە ئەبابیلەی دەریایە
(بیرم نەماوە)۔ بەسەرمانەوە هەردوو باڵی پانکردبۆوە،
بەترسەوە تێ ئەپەڕی -
لەئێمەنا، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی کەتەنیایە.
چاوەڕێمان کرد ، هاوڕێ مێیەکەی ، یان یەکێ لە هاوڕێ مێینەکانی ببینین.
بەڵام بێکەڵك بوو. لە خۆمان پرسی :
کەواتە کێ مێژووی ئەم تەنیاییە ئەنووسێتەوە؟
کاتێ کە لە ناو کەنداوەکە دەرئەهاتین ، خۆر پێشمان ئەکەوت و هەردوو پێیەکانی ئەنایە سەر کەناری کەنداوەکە -
کەپڕ بوو لە زیخ و چەوو، کەمێك قیراوی پاپۆڕەکانی پەڕینەوە ، لەو کاتەدا برژانگەکانی سوکاس دەلاقەی ئاسۆی بە مەرەکەبی سوور ئەکێشا.
بیرمان ناچوو کە بەدزیو ، تۆزێ ترس و لەرزەوە سەرنجی ئەبەدی بدەین -
کە نووستبوو لە باوشی ئەو کەفەی ئەبریسکایەوەو،



رکابەری دانەکانی رووناکیی ئەکرد.
کەنداوی دۆست،
بەناوی خۆرەوە دەستی بەسەرا گرتین
بەڵێ، پێویستیمان بە مێژوویەکی تری ئاوە.

-١٢-

ئەو دارەی کەمانگ لەسەرخۆ پیا هەڵئەزەنێ ،
بێجگە لەو دارمێوەی گومانم ئەکرد، ئەو کاتەی کەناشترا ، بڕوێ ،
دارێکی تر نەبوو،
زەوی زەرد هەڵگەڕاوە، کەس سەردانی گڵەکەی ناکات
بەشەو، بێجگە لەو فریشتانەی سەفەر ماندووی کردوون،

-١٣-


خۆر لەبەر دەرگایماڵەوە زۆر راوەستا سەبەتەیەکی پڕ لە گوڵی جۆراو جۆری بەدەستەوە بوو.
دەرگاکە داخرابوو.
کلیلەکەی هێشتا لە ژوورە پڕ لە خەونەکانی ، نووستبوو،
خۆر چاوەڕێی نەکرد ،
سەبەتەکەی بەجێ هێشت و ، بەسووکی بەسەر نووکی
دارەکانەوە دەستی بەڕۆیشتن کردەوە .

-١٤-

داری مێوەکە ناتوانێ هەڵمبگرێ ، ئێستا ، لەسەر شانیساڵێکی تر چاوەڕێی ئەکەم.


٢٠٠١/٢/٣ هەولێر
رۆژنامەی (الحیاة)

عبدالقادر سعید



# یەکسانی

من درەنگ زۆر درەنگ بە ئاگا هاتمەوە
درەنگ زۆر درەنگ لە ووشەی تەنیایی و
غوربەت و مانای چەوسانەوە تێگەیم
کاتێ بە بەرچاوی خۆمەوە
دەریای مەرمەڕە پۆلە قاژوی
کۆچ کردووی نێو شەرگەکانی هەڵمژی
ئنجا بەوانەی برینەکانما چوومەوەو
تێگەیم تەنیایی لەباڵی فڕینا یانی چی.
کاتێ پەنجەرەی ژەنگاوی کارگەکانم
بە هەناسەم سڕیەوەو هەردوو دەستم
هەڵبڕی بۆ پرسگای سەر مەرزەکانی ئازادی
ئەوسا لە غوربەت گەیشتم و
زانیم لەچاوی رەنجدا یەکسانی مانای چی.
کاتێکیش لەگەڵ لەشکری



بێ کارەکانی ئاسیاو باشوری،
کیشوەرە گەرمەکانا دانیشتم
تێگەیم جیاوازی لە نێوان مرۆڤا
بە تەنها تیشکێکە بە هەڵە
لە چاوی سەرنج دەردەچێ
بۆم دەرکەوت
شەڕگەکانی برسێتی سەر زەوی‌و
خەیاڵی ئازادی سەر زەوی
هەر کوێ بن تەواو چەند لە یەکتر ئەچێ
من درەنگ زۆر درەنگ بە ئاگا هاتمەوە
نازانم ساڵانی ئایندەم بەشی چیم ئەکات
کە کاتێ دەمەوێ نێرگزی یەکسانی
هەموو کەس بۆنی کاو
ئەڵقەی زنجیری کوێلەیی
هەر هەموو لەبەر یەک هەڵپچڕێ.

KOLN-2000

عەبدوڵڵا ئەحمەد

# ئەدرەسێکی سپی



مانگ
بە سەر ڕایەخی ئەستێرەکان دا
دەڕوانێ و
من لە تەڕایی ئەو برینەدا
ون دەبم!
کەڕاوچییەکان لەسەر سنگی کۆترەکان هەڵیانکەند
من لە هەناسەی ئەو پەپوولەیەدا
خۆم دەشارمەوە
کە بەیانییەك
هەتاو بە پێکەنینەوە هەڵهات
ئەو بۆ ماچێك دەگەڕا
ئینجانەی خەیاڵەکانی ڕووناك کاتەوە
باوکم بۆ چەقۆیەك
هەنارەکەی پێ لەت کا
دەستی خۆی و
بەختی خۆی
بە خوێنی گوڵەکان سورکا
ئەو دەیەوێ



شەوی تەڕی عیرفانێك وشك كاتەوە
هەوەسی پشیلەیەك
لەبەر دەرگای ماڵەكەمان دا
بكوژێ !
خەیاڵی عاشقێك
لە ئاوێنەی شەرەف دا بشكێنێ
سوێندی خواردووە
بە شمشێری دەستی ئایەتێك
دەبێ لە باغچەدا بڕشێتەوەو
نەهێڵێت
چۆلەكە
بە ئاسمانی ئەودیو پەنجەرەكەدا
بفڕێ
سوێندی خواردووە
گوڵ لە ئەندێشەی باران دا
بكوژێنێتەوە
لە سێبەری حەوشەكەمان دا
خەیاڵی كۆتر ڕەش كاتەوەو
خەڵوەتی باڵ
لەزاكیرەی ئاسمان دا
بڕوشێنێ
چەند دڵ ڕەقین ئەی حەبیبە
تۆ چیت بەناڵی وت:
كە من ئاوم
لە كانیەكی بە تریفەی مانگە شەوی گۆران خواردەوە ؟
تۆ چیت لەژوورە سەر لە ژێرو سەختەكەی
خوادا دركاند !
كە من شەوێك
لە مەودای (هیچ)دا ڕەش بووم
كە بەیانی ڕۆژ بۆ ـ وە
منداڵێك بەدەم داكرەاندنی گوڵەبەرۆژەوە
پێی وتم: بمرە
ژیان هێندەی شووشەی پەنجەرەی
ماڵێك گەورەیە



من لە نێوەڕۆیەکی گەرمی هاوین دا
شکاندم
بمرە
چەند دڵ رەقین حەبیبە
حەز دەکەم بۆنم کەی
لە کراسەکەم ورد بیتەوە
ئێوارەیەك
کە کوشتیانم
من بۆ جگەرەیەك دەگەڕام
ئەم تاریکیەیی هەناوم
بکوژێنێتەوە
بۆ تەپڵەکێ
یەئسەکانم داپۆشێ
وورد بەرەوە لێم حەبیبە
کە کوشتیانم
مەسیح لە ناوەڕاستی ئینجیلا
تەزەوقی
لەش و لاری خاچی دەکرد
کە کوشتیانم
سادە بووم وەك شەوی یەڵدا
سپی بووم وەك دڵی مەولەوی
کە کوشتیانم
زەردەخەنە بە لێومەوە ئەبریسکایەوە
لە یادمە
فرمێسکی خوا رژایە ڕوانینمەوە
خەیاڵم تەڕبوو
وەك ڕوومەتی دایکم
لە پەنجەکانمەوە پەپوولەو ماچ
خۆیان رەش کردەوە
دەپێم بڵێ: حەبیبە
کە کوشتیانم
لە عەرشی خوادا
ئەم قەتڵە چۆن باسکرا!
ئەی یەعقووب ئەیووت: با ئاسمان لەت کەین

ئەم برینە خەیاڵی لە ئاو تەڕترەو
بیشارینەوە
کە کوشتیانم
(با)یەکی خەواڵوو
داوای دەکرد:
لاشەکەم لەزەینی خۆیدا مۆمیا بکا
رەسامێك
پۆترێتێ ئەم قەتڵە خستە سەر
ڕەفەی مۆزەخانەی مێژوو
دەبنووسە حەبیبە
قامچیەکانی رۆژهەڵات
سێوی نامۆی شەق دەکەن
باڵی کۆترێکی تەنها
لەزەینی ئاسماندا دەشکێنن
بنووسە حەبیبە
هاوڕێیەتی بەشەوقی گولەیەك
سەبوری کرد
لە برینم
کتێبێك بە تێڕامانی پێغەمبەرێك
خلیسکایە
شیعرێکمەوە
مناڵێك هاروهاجی خۆی بۆ هێنام
کە خواردمەوە
بەرەو
ئەو کۆڵانە باریکە رۆیشتم
بەرەو
ئەو ماڵە تاریکە فریم
کە گوێم لە هەناسە برکێی
سەعاتەکەی دەگرت و
پێی دەووتم:
ئەوەندەی نەماوە بۆ مردنێکی تر
بنووسە حەبیبە
کەفتوای حەرامکردنی ئاوریشم
پەسەند کرا





من بوومه دوو نیوه
لەتێك ژان
لەتێك ئازادی
كه دۆستایەتی كردنی بەتاڵی
بوو بە عادەت
من سەری خۆم دایە دەست شەوێکی تاریك
ببنیم بەخشیە کراسی قەدپاڵێك
ڕۆحم لە چارەکی شەراب دا جێهێشت
دایکم شەرمی دەکرد
دامنێ بۆ میوان
هاورێکانم پێدەکەنین      که ئەخرامە پیاسەی شەقامێکەوه
سەرم نەبوو
چاوم نەبوو
رۆحم نەبوو
بنووسه حەبیبه
ئەم مامۆستا خاڵیانەی لە پۆل دا
قەڵەم دەخەنه پەنجەکانی عەشقەوه
لە دوێنێ دا
مناڵبوون
حەزیان کردووه نەرمی ئاو بگرن
نازی ناز ناز بکێشن
درەنگە حەبیبه
ئەوەتا مانگ
بەسەر ئاوێزەی داوای بارانێك دا
چەماوەتەوه
ئەوەندە پیره
سەری گۆچانەکەی سپی ئەکاتەوه
گەڵێ جاریش
فرمیسکی دەڕژێتە تەنیایی برینمانەوه
ئەو بەرەبەیان
كه لەکانی دەگەڕێتەوه
مردنەکانی ئێمە ئەژمێرێ و
وادەزانێ:
خانووەکەمان لە ئەزەلەوه تاریکه



ئەو کە لە سێبەرەکەی خۆیدا
رادەکشێ
وادەزانێ فێریان کردووین
تف هەڵدەین بۆ ئاسمان و
بە کەلەپچەکانی
دەستی (نور) پێکەنینمان بێ
درەنگە حەبیبە
ئەدرەسەکەم سادەیە وەك شەوی دەیجوور
سپی‌یە وەك غوربەتی نالی
بەجێ پێی گوناهێکدا
بە کوفری سێوێکدا
بە گەرمایە دڵێکداو
بە تەنهایی تیشکێکدا
وەرە
ئەوەتام لە یادەوەری بەفردا ڕاکشاوم
درەنگە حەبیبە
تەنهام حەبیبە
ئەدرەسم سپی‌یەو
بیرت دەکەم حەبیبە

تێبینی: ئەم شیعرە لە پێنجەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی پێ بەخشراوە!

2000 November

▪ داوا دەکەین سەرەتا لە بارەی خۆتانەوە بدوێن:

● من ناوم محەمەد کەمانگەرە و لە بنەماڵەی کەمانگەرم کە عەشیرەتێکی ناوداری کوردن و دانیشتوی ناوچەی کامیارانن لە نێوان هەردوو شاری سنەو کرماشان، و خاوەنی پتر لە پانزە ئاوایین و هەر لە مێژەوە لەو دێ یانە ژیاون و بە کشتوکاڵ خەریك بوون. خۆم لە ساڵی ١٩٤٢ی زایینی لە کرماشان لە دایك بووم، بە هۆی ئەوەی کە باوکم فەرمانبەر بوو لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی کرماشان. هەر لەوێش ماومەتەوە، چومەتە قوتابخانەو دەرسم خوێندوە. پاشان لە ساڵی ١٩٦٠ی زایینی بە شێوەی رەسمی لە رادیۆی کرماشان دامەزرام.

▪ سەرەتای کارە فەرهەنگیەکانت چۆن بوو و لە کوێوە بوو؟

من کاتێ کە لە قۆناغی ناوەندی دەمخوێند هۆگریەکی زۆرم پەیدا کردبوو لەگەڵ کاری شانۆیی و نواندن، هەر بۆیە لە قوتابخانە لەگەڵ چەند قوتابییەکی هاوپۆلم کۆڕێکی هونەریمان پێکهێنا و چەند شانۆیەکمان پێشکەش کرد. دوای ماوەیەك بەرپرسێکی رادیۆی کرماشان کە تازە کەوتبووەکار هات و داوای لێکردین کە هاوکاری رادیۆی کرماشان بکەین و تیپی نواندنی شانۆیی پێك بهێنین. ئەمەش پێویستە بڵێم کە ئەم نواندنە بە فارسی بوو نەك کوردی. رادیۆی کرماشان ئەو کاتە بەرنامەی کوردیشی هەبوو بەڵام نواندنەکەی ئێمە بە فارسی بوو. هەموو هەفتەیەك بۆ ماوەی نیو سەعات ئێمە لەسەر رادیۆی کرماشان خەریکی پێشکەش کردنی چیرۆکی شانۆیی رادیۆیی بووین، دەتوانم بڵێم بەم چەشنە کاری فەرهەنگی خۆم دەسپێکرد. کاتێك کە تەمەنم کەمتر لە شانزە ساڵ بوو لەگەڵ کارگێڕانی بەشی کوردی رادیۆی کرماشان ناسیاویم پەیدا کرد

سازدانی: دڵشاد خۆشناو

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ محەمەد کەمانگەردا

به تایبـەت کـە یـەکێ لـە مامۆستاکانم لـە نـاوەندی، خۆی لەبەشی کـوردی کـاری دەکـرد. ئـەوان داوایـان لێکردم هاوکاریان بکەم و بچمە بەشی کوردی، بـەم جۆرە کەم کەم کاری کوردیشم دەسـپێکرد، ئەڵبـەتـە من پێش ئەوەی فێری نوسین و خوێندنی فارسی ببم لە لای خوالێخۆشبووی باوکم فێر خوێندن و نوسـینی کوردی بووم، دەتوانم بڵێم پێش ئـەوە خوێنـدەواری زمانی فارسی پەیدا بکەم فێری خوێندن و نوسینی کـوردی بـووم. کـاتێك وام لێـهاتبوو فارسـیم چـاك نەئـەزانی بـەڵام بەختەوەرانـە کوردیەکـەم زۆر باشـتر بوو لە فارسـیەکە. نوسراوی کوردیم شـەل و پـەت دەخوێنـدەوە پاشانیش هۆگریـەکی تایبـەتیم پـەیدا کردبوو پتر بە هۆی ئـەو کتێبخانـە گەورەیـەی بـاوکم کـە لـە بەردەسـتمدا بـوو، کتێبی کـوردی و گۆڤـاری کوردی بە تایبـەت گـەلاوێژێکی زۆری تێدا بـوو. لـەو کاتدا گەلاوێژ و چەند بڵاوکراوەیەکی تری کـوردی لـە کوردسـتانی عـێراق چـاپ دەبـوون، بـۆ بـاوکم دەنێرران. من بە هۆی ئـەوەوە توانیم شـارەزاییەکی چاك لەسەر زمانی کوردی پەیدا بکەم.

■ بە هۆی ئەوەی ماوەیەکی چـاك لـە رادیـۆی کرماشـان کارتـان کـردوە، کورتـە مێژوویـەکی راستەقینەی ئـەم رادیۆیـە بـۆ خوێنـەران بـەیان بکەن.

● دەتـوانم بڵێـم رادیـۆی کرماشـان هاوکـات لەگـەڵ رادیـۆی کـوردی تـاران کـاری خـۆی دەستپێکردوە. ئەمەش پاش شۆرشی ـ ١٤ ـ ی گـەلاوێژی عـێراق بەرێبـەری عەبدولکـەریم قاسـم بـوو. کـە سـاڵی ١٩٥٨بـوو لـەو کاتـەدا رادیـۆی کـوردی عـێراق پروپاگەندەیـەکی زۆری دەکـرد دژی ئـێران و دەیگـوت ئـەو جـەماوەرە زۆرەی کوردی ئێران بۆ دەبـێ رادیۆیـەکیان نـەبێت، بۆ دەبـێ رۆژنامـەو گۆڤاریـان نـەبێت، بـۆ دەبـێ خوێندن بە کوردی نەبێت و زۆرشتی تر. هەربەم هۆیـەوە هـەوڵیان دا رادیـۆی کـوردی تـاران و



محەمەد کەمانگەر

کرماشان بکەنەوە. ئەمەش پێویستە بڵێم کرماشان پێش ئەو کاتە رادیۆی تێدانەبوو. چەند رادیۆیەك لە ئێران دامەزرابوو وەکو تاران و تەوریز و ئەبادان. رادیۆی سنە هەبوو کە تیپی سەربازی سنە لەو کاتەدا دایمەزراندبوو. ئەویش نێرەرەکەی سەربازی بوو و بەرپرس و کادرەکانیان هەر سەرباز بوون دەتوانم بڵێم پروپاگەندەی سەربازییان دەکرد، ناوە ناوە بە زاراوەی کوردی سنەیی بەرنامەیان هەبوو. و گۆرانییان بڵاودەکردەوە. چەند هونەرمەندێکیش هەر لەوێدا کاریان دەکرد، کە ناودارترینیان خوالێخۆشبوو حەسەن سوری بوو کە دواتر ناوی خۆی کردە کامگار و باوکی ئەم ((گروپی کامگاران))ە. ئەوانی تر بەها نەورۆزی و حکمەت نەوبەری و چەند گۆرانیبێژێکی تر لەوێدا خەریکی کار بوون. ئەم رادیۆی سنە کە گوتم رادیۆیەکی سەربازی بوو. بەڵام لە دوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم لە تاران و کرماشان بەرنامەی کوردی دەستپێکرد و رادیۆی کرماشان کەوتەکار. هەر لەو کاتەدا بۆ یەکەمین جار سەعات و نیوێك بەزمانی کوردی لە رادیۆی کرماشان بەرنامەی کوردی بڵاو دەکرایەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی کە دەکاتە ١٩٥٩ی زایینی. رادیۆی کرماشان ئیتر رۆژی سەعاتێکی فارسی بوو سەعات و نیوێکیش کوردی بوو، بەم چەشنە ئەم رادیۆیە دەستی بەکار کرد، لە تارانیش هاوکات لەگەڵ کرماشان بەرنامەی کوردی دەستپێکرد و بەڕێزان شکرالله بابان و ئەحمەد موفتیزادە و میدیای زەندی و خوسرەو شێخ کانلو و حسام الدین ئەمین لەم رادیۆیە دەستبەکار بوون. بەرنامەی تاران بۆ ماوەی ١٥ دەقیقە بوو کە ١٠ دەقیقەی سەرەتای بە زاراوەی سۆرانی بوو ٥ دەقیقەشی بە کرمانجی سەرو. بەرنامەکەی کرماشان لەم سەعات و نیوە، سەعاتێکی سۆرانی بوو، نیو سەعاتیشی کرمانجی ((کەلهوڕ))ی. دوای ماوەیەك بەرنامەی تاران کرا بە نیو سەعات، ٢٠ دەقیقە سۆرانی و ١٠ دەقیقە کرمانجی سەروو. دوای ئەوەش کرا بە سەعاتێك ئەویش ٤٥ دەقیقەی سۆرانی بوو، ١٥ دەقیقەی کرمانجی سەروو، ساڵ و نیوێك دوای ئەوە بوو رادیۆی تارانیان داخست و کارمەندەکانیان ناردنە کرماشان، جا کوردیەکەی کرماشان کەم کەم زیادکرا تابوە سێ سەعات، کاتێ کە هاوکارانمان لە تارانەوە هاتن ئێمە لە کرماشان رۆژی سێ سەعات بەرنامەمان هەبوو، کە دوو سەعاتی سۆرانی بوو و سەعاتێکیشی کرماشانی بوو. ئەوانەی کە هاتنە کرماشان بریتی بوون لە بەڕێزان شکرالله بابان و میدیای زەندی و حەسەن زیرەك و سەید عەزیز عەلەوی، ئەمانە هاتنە کرماشان و لەگەڵ ئێمەدا کەوتنە کار و لە لایەکیش توانای پەخشی نێرەرەکەمان بەهێز کرا، لە نێرەرێکی ئەمریکی ١ کیلۆ واتی کرا بە نێرەرێکی ١٠٠ کیلۆ واتی، سەد بەرابەری ئەوەی پێشوو. ئیتر ئەو کاتە نێرەرەکەی زۆر چاك و بەهێز بوو دەنگمان بە زۆر شوێن دەگەیشت، تەنانەت لە ئەمریکاوە نامەمان بۆ دەهات و دەیانگوت هەندێ جار دەتوانین شەپۆلی دەنگتان ببیستین. لە ئەورووپاوە هەر نامەمان بۆ دەهات لە وڵاتەکانی دەوروبەرمان، وڵاتە عەرەبیەکان و کوردستانی عێراق و کوێت و لوبنان و تورکیا تەنانەت لە ئیسرائیلەوەش. بە کورتی نامەیەکی زۆرمان بۆ دەهات و گوێگرێکی زۆرمان هەبوو. با من یادێ بکەم لەوانەی کە رادیۆی کرماشانیان دەستپێکرد. ولی الله کامەرانی و حشمەت خامەکی و زەهرای نائینی کە یەکەم بێژەری ژن بوو خۆی خەڵکی قەزوین بوو بەڵام چونکە مێردەکەی سنەیی بوو ماوەیەکی زۆر لە سنە خزمەتی کردبوو، ئەم خانمە خۆی لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کاری دەکرد و شومەکەشی دکتۆر بوو، هەر بۆیە کوردییەکی چاك فێر ببوو. ئیتر بووبە یەکەم بێژەری رادیۆی کوردی کرماشان، خۆی زاراوەی سنەیی بوو بەڵام ئێمە بە سۆرانی بۆمان دەنوسیەوە ئەویش زۆر چاك دەیخوێندەوەو بێژەرێکی زۆر چاك بوو.

ئێستاش نازانم ماوە یان نەماوە ئەوەندە دەڵێم لە هەر کوێیەك هەیە ئەگەر مابێت هەر سەلامەت بێت، ئەگەریش ڕۆیشتوە ڕەحمەتی خوای لێ بێ و گیانی هەر شاد بێت. ئەمانە لە ڕادیۆی کرماشاندا کاریان دەکرد، وەکو گوتم منیش دوای ئەوەی کە لە تیپی نواندنی فارسی هاوکاریم دەکردن، کەم کەم دەتوانم بڵێم ساڵێك دوای ئەوەی ڕادیۆی کرماشان دەستی بەکارکرد منیش هاتم لەوێدا دەستم بەکار کرد کە لەو کاتەدا تەمەنم هێشتا لە شانزە ساڵ تێپەڕی نەکردبوو.

■ لەو ماوەیەی کە لە ڕادیۆی کرماشان بووی، هونەرمەندان زیرەك و خالقی لەوێ بوون، چ یادەوەریەکت لەگەڵیاندا هەیە؟

● هونەرمەندێکی زۆر لە ڕادیۆی کوردی کرماشان بوون، یادو بیرەوەری من لەگەڵ زیرەکی خوالێخۆشبوو زۆرە، زیرەك لەگەڵ ئەوەی کە نەخوێندەوار بوو، بەڵام بەڕاستی بلیمەت و لێهاتوو و هونەرمەند بوو. من تیپی نواندنی ڕادیۆی کوردیم دەسپێکرد پێش ئەوەی برادەرانی تاران بێنە کرماشان. چەند چیرۆکێکم بە هاوکاری کاك ولی الله کامەرانی پێشکەش کردبوو. کەسانی تریش هاوکاریان کردوم، وەکو خوالێخۆشبوو عەلی زەبیحی و محەمەد مەسعودی و چەند کەسێکی تر کە بەداخەوە ئێستا ناویانم لەبیر نەماوە. کاتێ حەسەن زیرەك هات، زۆری حەز لە نواندن بوو. بەمنی دەگوت منیش دەتوانم یارمەتیتان بدەم وتم چۆن؟ وتی قسەکانی من چەند جارێك بۆم بخوێننەوە تا لە بەریان بکەم و کاتی پێویست دێم دەیانڵێم. هەرواش بوو ئیتر لە چەند نواندنێکی ڕادیۆیی زیرەك بەشداری کرد، خالقی زیاتر دانیشتوی تاران بوو تا ساڵی ۱۳۵۱هـ (۱۹۷۲ز) و کردیانە بەرپرسی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کرماشان. بەڵام هیچ کاتێك ئەو بەڕێوەبەری بەرنامەی کوردی کرماشان نەبووە. بەڕێوەبەری بەرنامەکانی کوردی کرماشان و قەسرشیرین لە ساڵی (۱۳۵۰ تا ۱۳۶۰ واتە ۱۹۷۱ تا ۱۹۸۱) لە ئەستۆی مندا بووە. واتە بۆ ماوەی ۱۰ ساڵ. جا خالقی لە تاران دەژیاو و مامۆستا بوو، دەنگیشی خۆش بوو و گۆرانیشی دەگوت. جارێك هاتە کرماشان و پێمان وت کە باشتروایە بۆ یادو بیرەوەری لێرە گۆرانیەك تۆمار بکەیت، ئەو گۆرانیشە کە دواتر ناوی (دەردی ئەوینمان) لێ نا کە دەڵێ: ((شەوێکە تاریك، ڕێیەکە باریك)) ئەو گۆرانیەی خالقی لە کرماشان و بە یارمەتی ئۆرکێستری بەرنامەی کوردی کرماشان تۆمار کرا، کە بە ڕاستی گۆرانیەکی زۆر خۆشبوو و داواکاریەکی زۆریشی هەبوو ئێستاش هەر لە یادو بیری خەڵکدا ماوەو یەکێکە لە کارە هەرە بەرزو باشەکانی خالقی.

■ یەکەمین ئاوێتە کردنی مۆسیقا و گۆرانی هەورامی بە پێشنیاری جەنابتان ئەنجام دراوە، ئەم کارە چۆن ئەنجام درا؟

● بەڵێ ئەوە دەمخاتەوە یادی ساڵانی ڕابردوو، یەکەم کەس کە هاتە ڕادیۆی کرماشان و گۆرانی هەورامی تۆمار کرد کابرایەك بوو خەڵکی ئاوایی ((دەل)) کە ناوی ئیبراهیم بوو، پێیان دەگوت ((ئیبراهیم دەلی)). ئەوکات برایم چەند گۆرانیەکی تۆمار کرد و ئێمە بڵاومان کردەوە و خەڵك پێیان خۆش بوو. پاشان کەم کەم چەند کەسێکی تر هاتن لە هەورامانەوە هەندێ سیاچەمانەو دیلانێی جۆربەجۆریان پێشکەش کرد. تا کاتێ کوڕێکی گەنج پێم وابێ تەمەنی ۱۵ - ۱۶ ساڵان بوو هاتە لام و زۆر بە شەرمەوە گوتی: پێم خۆشە لە ڕادیۆی کرماشان گۆرانی تۆمار بکەم و دەنگیشم خراپ نییە، وتم: تۆ کێی و لە کوێوە هاتوی؟

وتی: من ناوم ((شەفیع))ە و خەڵکی کێمنەم.

وتم: تا ئێستا لە هیچ شوێنێك گۆرانیت وتووە؟

وتی: لە بەزمی لای خۆمان بەینابەین گۆرانی دەڵێم و خەڵکیش دەڵێن دەنگت خۆشە و خراپ نییە.

وتم: باشە دەشتێکمان بۆبڵێ...... دەنگێکی خۆش و بە سۆزی هەبوو. جا هونەرمەندی ڤیالۆن ژەن موجتەبا میرزادە کە یەکێك بوو لە ئەندامانی تیپی مۆسیقای رادیۆی کرماشان و هاوتەمەن و هاوەڵی خۆشم بوو پێم گوت:

– موجتەبا تۆ دەتوانی لەگەڵ ئەم هەوا کوردیەکەمان بژەنی؟

– شتێکی سەیرە نازانم چییە، هەرچی گوێی لێ دەگرم و سەرنجی دەدەم و لێی دەکۆڵمەوە ناتوانم بڵێم ئەمە چییە، بەڵام دەزانم هەوایەکی زۆر کۆن و قەدیمی دیارە.

ئیتر موجتەبا هەروا خەریك بوو تا بتوانێ مۆسیقای کەمانەکەی لەگەڵ گۆرانیەکەی شەفیع کێمنەیی رێك بخات. پێم وابێ دوو سەعاتی نەخایاند وتی وا دۆزیمەوە ئێستا دەتوانم شتێکی بۆ بژەنم ئەمجارە شەفیع نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ کەمانەکەرێك بخا، چونکە شەفیع وا فێر ببو کە دەمی بکاتەوە ئیتر تا دوایی بڕوا تەواوی بکات، ئیتر توانیمان تا لای ئێوارە شەفیع کێمنەیی هاودەنگ بکەین لەگەڵ کەمانەکەی موجتەبا، ئیتر ئەوەبوو سێ گۆرانی تۆمارکراو و بۆ یەکەمین جار گۆرانی هەورامی لەگەڵ مۆسیقا رێکخرا، کارەکەشی زۆر کارێکی جوان بوو بەڵام بەداخەوە دوپات نەکرایەوە، تا ئەم چەند ساڵەی دوایی وردە وردە هەواو گۆارنی هەورامی توانی خۆی لەگەڵ مۆسیقا رێك بخا، یانیش باشترە بڵێم مۆسیقا توانی خۆی لەگەڵ هەواو گۆرانی هەورامی رێك بخات.

■ چالاکیەکانی رادیۆی کرماشان پێش هاتنی مامۆستا بابان چی بوون؟ چونکە بەڕێز بابان بەم دواییە لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی: رادیۆی کرماشان پێش هاتنی من چالاکیەکی ئەوتۆی نەبوو؟



● بەڵێ بە داخەوە منیش ئەوەم بیست، رادیۆی کرماشان هەروەکو گوتم لە سەرەتای دەیەی شەستەکان بە ساڵی زایینی توانی ئەو چالاکیانەی هەبێت کە توانی تیپی نواندن بۆ خۆی دروست بکات وچەند شانۆیەکی رادیۆیشی پێشکەش کرد. جگە لەمانەش تیپی مۆسیقای خۆی هەبوو کە ئۆرکێستریکی باش بوو کە هەر لەو کاتەدا خوالێخۆشبوو محەمەد عەبدالصمدی و بەهمەن پولەکی و موجتەبا میرزادە و مەحمود مرئاتی و ئیزەدی و ئەمانە لەو ئۆرکێسترە خزمەتیان دەکرد. دوای ئەوە کەم کەم چەند هونەرمەندێکی تر هاتنە ناو ئەو تیپە مۆسیقییە کە بریتی بوون لە دەروێشی کە تاری لێ ئەدا و دووبرای تر کە ناویان ئەردەبیلی بوو لە راستیدا خەڵکی ئەردەبیل بوون بەڵام لە کرماشان لە دایك ببون یەکێکیان ئوکۆردیۆنی دەژەنی و

ئەوی تریان ڤیۆلۆن و ئەمانەش بۆ ماوەیەك لە رادیۆی کرماشان خزمەتیان کرد.

هەر لەو کاتەدا پتر لە ٥٠ گۆرانی کوردی بە زاراوەی کرماشانی و سۆرانی لە رادیۆی کرماشاندا تۆمار کراون. خوالێخۆشبوو ئەحمەد سەلیمی چەندین گۆرانی سۆرانی تۆمار کرد و هونەرمەندان مرتضی توندرو و ئیبراهیم خۆشنەوا و چەندین گۆرانی کەلهۆڕیان تۆمار کرد. چەند هونەرمەندێکی تریش هەبون بەداخەوە کە من ئێستا ناوەکەیانم بیرنەماوە. لەمەش جێگای سەرنجتر ئەوەیە کە چەندین ئافرەت لەم ئۆرکێسترە کاریان دەکرد و گۆرانییان دەگوت وەکو مەلکەزوان کە گۆرانی بێژێکی کرماشانی بوو قەمەری ئەردەلان کە ئەویش کرماشانی بوو، بەلام لە تارانیشدا لە گازینۆو دیسکۆی شەوانە گۆرانییان دەگوت. بەلام هەندێ جار دەهاتنە کرماشان و گۆرانییان تۆمار دەکرد. چەند کچێکی قوتابی کە دەرسیان دەخوێند، هاتنە رادیۆی کرماشان و لەگەڵ تیپی مۆسیقا گۆارنی کوردیان دەگوت و بە زاراوەی کەلهۆڕی، دەتوانم یادێ بکەم لە کچێك کە ناوی وەجیهە بوو ناوی لە خۆنابوو شکۆفە و کچێکی تر ناوی خۆی نابوو نیلوفەر، رەنگە چەند کەسێکی تریش بووبن بەداخەوە من ناویانم بیر نەماوە. رادیۆی کرماشان لەزۆر لایەنەوە چالاکی هەبوو، بێگومان هاتنی هاوکارانمان لە تاران کاریگەری خۆی هەبوو، ناتوانم بڵێم کاریگەری نەبووە، چالاکی ئەو رادیۆیەی پەرەپێداو زیاتری کرد. بەلام ئەوەی کە بڵێم هیچ چالاکیەکی نەبوو بەراستی ئەمە شتێکی باش نییە.

■ سەبارەت بە نواندنی رادیۆیی کاری زۆرتان هەبووە لە رادیۆی کرماشان، ئەم کارەتان چۆن دەسپێکرد؟ و کەی؟

● وەکو گوتم لەو کاتەوەی کە تیپی نواندنی فارسیمان دروست کرد، دوای ساڵێك، رەنگە کەمتریش هاتمە رادیۆی کرماشان وەکو بێژەرێك و وەرگێرێك دەستم بەکار کرد، جا لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارم کرد، کە بەرنامەیەکی هەفتانەی کۆمەلایەتیم هەبێت، هەر خۆم بینوسم و پێشکەشی بکەم. بەرپرسانی ئەوسای رادیۆی کرماشان، پەسەندیان کرد و گوتیان بۆ نمونە یەك دوو بەرنامە ئامادە بکە بزانین چۆنە. بەرنامەکەم ناونابوو ((وتووێژی کۆمەلایەتی)) لەم بەرنامەیەدا من باسم لە نارێکییەکانی ناو کۆمەڵ دەکرد، هەڵس و کەوتە هەڵەکانی خەڵك چۆن راست دەکرێتەوە و چۆن رەفتار بکەن، هەر بۆ ئەوەی باشتر قسەکەم بسەلمێنم، ناچار بووم وەکو تیپی هونەری خۆم رۆڵی چەند کارەکتەرێك بگێرم، بۆ نمونە باسی قەسابێکم دەکرد کە لەگەڵ موشتەریەکانیدا چۆن هەڵس و کەوت دەکات، یان موشتەریەکان چاوەڕوانی شتی دوور لە عەقڵ لە قەسابەکە دەکەن. ئەو کاتە گفتوگۆی نێوان موشتەرییەکان و قەسابەکە، هەر خۆم رۆڵم دەگێرا و هەموو کارەکتەرەکانم هەر خۆم تەنیا بووم. بۆ ئەو کارەیش ناچار بووم دەنگی خۆم بگۆڕم تەنانەت هەندێ جار دەنگی خۆم دەکردە ژنانەش. ئەم بەرنامەیە بۆ ماوەی ٢ساڵ، تا دوو ساڵ و نیو بەردەوام بوو. هەموو رۆژانی چوارشەممە من دەمنوسی و پێشکەشیشم دەکرد. بەرنامەکەزۆر جێگای سەرنجی خەڵك بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیارم کرد کە تیپی نواندنی کوردیش دابمەزرێت، هاودەنگییان لەگەڵ نیشان دام و زۆر پێیان خۆشبوو. لێرەدا بە پێویستی دەزانم یادێ لەوانەی ئەوسا بکەم. وەکو باسم کرد کە یەکێکیان مامۆستای خۆم بو مامۆستا ولی‌الله کامەرانی کە لە ژیانی خۆیدا هەرگیز شتی وای نەکردبوو لەگەڵ ئەوەشدا دەهات لەگەڵ مندا رۆڵی دەگێرا. هەروەها بەرێزان خوالێخۆشبوو عەلی زەبیحی و محەمەد مەسعودی و حشمەتی

خامەکی و تەنانەت زەهرای نائینی، هەموویان یارمەتیان داوم، یەکێکی ترم بیر هاتەوە ئەویش شەوکەت لهۆنی بوو کە بە راستی ئەویش یارمەتی زۆری دام، جێگای باسە کە لهۆنی لە دامەزرێنەرانی رادیۆی کرماشان بووە، لە هەر کوێیەك هەیە یادی بەخێر. دوای ئەوەی کە هاوکارانمان لە تارانەوە هاتن ئێمە درێژەمان بە کارەکانمان دا و تا وای لێهات ئێمە هەموو شەوێ نواندنی رادیۆییمان هەبوو، لێرەدا پێویستە یادێك بکەم لە مامۆستا شکراللە بابان، یەکێ لە چیرۆکەکانی شەو کە خەڵك زۆر پێیان خۆشبوو بەسەرهاتی حەمەشوان بوو کە شکراللە خۆی نووسیبوی. رەنگە پتر لە سێ چوار ساڵ دووبارە کرایەوە و لە سەر داخوازی خەڵك، پێم وابێ سێبەش بوو. ئێستاش لە زۆر ماڵاندا شریتی ئەم چیرۆکە دەست دەکەوێت. بەم جۆرە تیپی نواندن زۆر بەهێز بوو و هەمووشەوێ چیرۆکی شەومان هەبوو، ئەمەش خۆی لە خۆیدا مێژوویەکی چەند ساڵەی هەیە و زۆرکەسی جیاواز تێیدا خزمەتیان کردوە. بە پێویستی دەزانم یادێ بکەم لە شاعیری هاوچەرخ سوارەی ئیلخانیزادە کە ئەویش بەشداری چەند کارێکی کرد هەڵبەتە دە دوانزە ساڵ دوای من، زۆر کەسی تریش هات و چوون و کاری جۆربەجۆریان کرد، بەم جۆرە هەموو شەوێ بۆ ماوەی نیوسەعات چیرۆکی شەو لە رادیۆی کرماشان پێشکەشی گوێگران دەکرا.

■ وەك دەزانین رادیۆی کرماشان ئۆرکێسترێکی چاکی هەبوو، دەکرێ رابردوو و بەرهەمەکانی ئەم ئۆرکێسترە باس بکەن؟

● هەڵبەتە باسی هەندێ شتم کرد وەکو مەسەلەی خۆ رێك خستنی گۆرانی هەورامی لەگەڵ مۆسیقا. ئۆرکێسترەکەشم بە وردی باسکرد و ناوم هێنان، بەڵام پاشان کە خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەك هاتە کرماشان ساڵی ١٣٤١هـ ١٩٦٢زایینی. زیرەك توانی لەگەڵ ئەو ئۆرکێسترە خۆشترین و سەرکەوتوترین گۆرانی تۆمار بکات و پێشکەشی جەماوەری کوردستانی بکات، زۆر لە هونەرمەندان وەکو خوالێخۆشبوو عەتا خانی سەعیدی کە پێیان دەگوت عەتای سەعید مەنسور و سەید محەمەد سەفایی، حەمەی نەجار و زۆر کەسی تر، لە ناوچەی کرماشانەوە لە کولیاییەوە سوڵتان مرادی ئەحمەدی، لە هەورامانەوە کێمنەییەکان (شەفیع کێمنەیی و حەمە حسێن کێمنەیی) و چەند کەسێکی تر، لە سنەوە هونەرمەند عەباس کەمەندی و یداللە یەخچاڵی و زۆر کەسی تر وەکو محەمەد طهماسبی و ئەمانە هەموویان رویان کردۆتە رادیۆی کرماشان، لە سەقزو بانە و مەهابادەوە خوالێخۆشبوو محەمەدی ماملێ و حەسەنی برای و مەلا حسێن عبداللە زادە. ئەم هەموو هونەرمەندە هاتون و نزیکەی سێ سەد چوارسەد گۆرانی چاکیان تۆمار کردوە. لە خودی کرماشانیش کەم کەم کەسانی وەکو حشمت اللە لورنەژاد و سەید جەلال محەمەدیان و زۆرکەسی تر هاتن و بەرهەمی جۆراوجۆریان هەبوو. ئەم ئۆرکێسترە وەکو باسم کرد محەمەد عبدالصمدی سەرپەرشتی دەکرد، بەڵام پاش چەند ساڵێك زیرەك هاتەوە تاران و عبدالصمدی و میرزادەش هاتنە تاران و ئیدی هونەرمەند مەحمود مرئاتی سەرپەرشتی گروپی مۆسیقای دەکرد. دواتر برادەرێکی تریش هات کە کرماشانی بوو ئامێری فلوتی دەژەنی و ناویشی مەسعود زەنگەنە بوو.


■ کاریگەری هونەرمەندە گۆرانی بێژەکان چی بوو لەسەر مۆسیقاژەنەکان لەم تیپەدا؟

● بەڵێ پێم وایە لە هەموویان پتر مامۆستا زیرەك بوو کە کاریگەری هەبوو لەسەر

مۆسیقاژەنەکان لە هەموویان زیاتریش کە کەڵکی وەرگرت لەم کاریگەرییە هونەرمەند موجتەبا میرزادە بوو. و بە پلەی دووەم خوالێخۆشبوو محەمەد عبدالصمدی. ئەم دوانە زۆر چاك کەڵکیان لە ڕێنموونیەکانی زیرەك وەرگرت. دوای ئەوانیش مەحموود مرئاتی کە ئەویش توانی زۆر دەرس وەرگرێت. حەسەن زیرەك کەسێك بوو کە هیچ خوێندنێکی مۆسیقایی نەخوێندبوو نەخوێندەواریش بوو. تەنیا ئەوەندە بوو شارەزاییەکی چاکی هەبوو لە گۆرانی و هەواو ئاوازی کوردی، کە دەتوانم بڵێم خۆی لە خۆیدا قوتابخانەیەك بوو. ئەم قوتابخانەیەش توانی قوتابی چاك پەروەردە بکات ئەوانیش محەمەد عبدالصمدی و میرزادە و مرئاتی، ئەوانیش دەیان قوتابی تریان پەروەردە دەکرد. بۆ نموونە ئێستا مۆسیقاژەنێکی کرماشانی هەیە کە بە تەمەن بچوکەو لەو کاتەدا هەر لە دایکیش نەبووە بەڵام توانیویەتی لە موجتەبا میرزادەوە هەندێ شت فێر ببێ، ئەم هونەرمەندە لاوە ناوی سهیل ئەیوانییە و تا ڕادەیەك مۆسیقاژەنێکی سەرکەوتووە و زۆرچاك هەواو گۆرانی کوردی دەناسێ و دەزانێ و لێی تێدەگات و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری حەسەن زیرەك، بێگومان کەسانی تریش شوێن پەنجەیان دیارە، وەکو هونەرمەندی مقاماتی کوردی خوالێخۆشبوو مامۆستا عەلی مەردان، مامۆستا عەلی مەردان بۆ ماوەی چەند ساڵێك هەموو هاوینێك ٢٠ رۆژ تا یەك مانگ دەهاتە کرماشان و میوانی ڕادیۆی کرماشان دەبوو. هەرچەندە من لێرەدا وەکو ئەمەکناسی سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە ئەوکات ڕێزیان دەنا لە مامۆستا عەلی مەردان، بە شانازیەوە دەهاتن و دەیانگوت پێمان خۆشە شەوێك لە خزمەتتاندا بین و پێمان خۆشە کە چەند رۆژێك تەشریفتان بێننە ماڵی ئێمە و ماڵەکەمان نوریاران بکەن. مامۆستا عەلی مەردانیش دەچوو، زۆر جار منیشی لە خزمەتی خۆیدا دەبردو دەچووین، دەیگوت: ماڵە کوردە پێم خۆشە. زۆرجاران لە کرماشان پێکەوە لە شەقامدا دەگەڕاین و دەیگوت: وا هەست دەکەم لە سلێمانیم، ئەو خەڵکە هیچ جیاوازیان نییە لەگەڵ خەڵکی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر. من زۆر پێخۆشحاڵم بە راستی مرۆڤ کە دێتە کرماشان وا هەست دەکات کە لە جەرگەی کوردستاندایە. مامۆستا عەلی مەردان دوو گۆرانی لە کرماشان تۆمار کرد ئەوانیش ((گیانە بەسیەتی، چەند جارم گوت)) هۆی ئەوەی کە کەم گۆرانی تۆمار کرد زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پاڵە پەستۆی ئەوسای ((ساواك)) زۆرجار ئێمەیان بانگ دەکرد، چەندین جار من بانگ کراوم و لێیان پرسیوم، ئەمە کێیە بۆ هاتۆتە ئێرە؟ و چی دەوێ؟ و بۆ لەگەڵی دەگەڕێی؟ بۆ پێکەوە وێنە دەگرن؟ و بۆ پێکەوە دەچنە (تاق بوستان)؟ بۆ دێتە رادیۆ و گۆرانی دەڵێ؟ نابێ گۆرانی بڵێ و گۆرانیەکەی بڵاوبکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا کەم گۆرانی تۆمار کرد، بەڵام ئەهات چەندین سەعات دادەنیشت لەگەڵ تیپی مۆسیقای کرماشان قسەی دەکرد بۆیان و ڕێنمایی دەکردن، بێگومان ئەو هونەرمەندانەی کە سودیان لە ڕێنماییەکانی مامۆستا عەلی مەردان وەرگرت گەلێك زۆرن.

با یادێکیش بکەم لە هونەرمەند خەلیل سەدیقی، گۆرانی بێژی دەنگخۆش و هونەرمەندی مەهابادی کە هەر چەند لەبەر نەبوونی ئۆرکێسترێکی باش بە چەشنی پێویست و شیاو خەلیل سدیقی نەناسراوبوو بەڵام یەکجار هاتە کرماشان و تاقە گۆرانیەکی تۆمار کرد ئەویش شیعرەکەی مامۆستا هەردی بوو کە دەڵێ ((فاتیمە دوچاوی مەستت پڕ لە سیحرەو

جوانی‌یه)) له‌وێشدا هه‌ر موجته‌با میرزاده ڤیۆلۆنی ژه‌نیوه و یارمه‌تی داوه، به‌راستی ده‌توانم بڵێم شاكارێكی هه‌میشه زیندوی هونه‌ری مۆسیقای كوردییه. به‌ڵێ خه‌لیل سدیقی یه‌كجار هاته كرماشان و یه‌ك گۆرانی تۆمار كرد كه ئه‌و گۆرانیه تا ئێستاش و هیچ كاتێكیش كۆن نابێت، ئه‌مه‌ش یه‌كێكه له‌و كارانه‌ی كه تیپی مۆسیقای كرماشان پێشكه‌شی كردوه، بێگومان مه‌به‌ستی من ئه‌وه‌یه ئه‌وانه‌ی ده‌هاتنه كرماشان هه‌ریه‌كه‌و هێنده‌ی خۆی كاریگه‌ری هه‌بووه له‌سه‌ر تیپی مۆسیقای كرماشان، هه‌روه‌ها خوالێخۆشبوان حه‌سه‌ن جزراوی و محه‌مه‌د عارف جزیری چه‌ندین جار هاتونه‌ته كرماشان و چه‌ند گۆرانییان تۆمار كردووه ته‌نانه‌ت جارێكیش خۆیان



شكرالله‌ی بابان — محه‌مه‌د كه‌مانگه‌ر

ئۆركێستریكیان پێك هێنابوو و حه‌سه‌ن زیره‌كیش له‌گه‌ڵ ئه‌واندا گۆرانی كیژێ مه‌ڕۆ جوانی تۆمار كردوه. له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌شدا خۆشیان چه‌ند گۆرانیه‌كیان تۆمار كردوه له رادیۆی كرماشان. هه‌ندێ جاریش ماوه‌یه‌ك له كرماشان ده‌مانه‌وه له‌و كاته‌دا له كرماشان شوێنێك هه‌بوو ناوی یانه‌ی گومرگ بوو، ئه‌وان ئێواران له‌وێ ئاهه‌نگیان ده‌گێڕا ((مه‌به‌ستم محه‌مه‌د عارف و حه‌سه‌ن جزراوییه)) و خه‌ڵكی كرماشان پێشوازیه‌كی زۆریان لێ ده‌كردن و زۆر به په‌رۆشه‌وه سوپاسگوزاری خۆیان پێشكه‌ش ده‌كرد. زۆر هونه‌رمه‌ندی تریش له كوردستانی عێراقه‌وه هاتون و به‌داخه‌وه من ئێستا ناوه‌كه‌یانم بیر نه‌ماوه، له كاتی خۆی‌دا هه‌مویم نوسیوه‌ته‌وه، به‌ڵام به‌داخه‌وه ئێستا له‌به‌ر ده‌ستم دا نییه. هه‌مویان یادیان به‌خێر بێت، هیوادارم هونه‌ری مۆسیقای كوردی هه‌ر به‌رده‌وام بێت و له گه‌شه سه‌ندندا بێت.

■ چی بووه هۆی ئه‌وه‌ی كه له رادیۆی كرماشان دا بڕێی؟

● به‌ڵێ ساڵی ١٣٦٠ی هه‌تاوی من له رادیۆی كرماشان وازم هێنا، دوای پتر له ٢٠ ساڵ خزمه‌ت، كاتێ كه من روم كرده رادیۆی كرماشان لاوێكی ته‌مه‌ن پانزه شانزه ساڵ بووم كاتێكیش رادیۆی كرماشانم به‌و په‌ڕی دڵته‌نگییه‌وه به‌جێهێشت ته‌مه‌نێكی بیست و چه‌ند ساڵه‌م رابوردبوو. له‌م ماوه‌یه‌دا زۆر شت فێر بووم، له‌م ماوه‌یه‌دا من له بێژه‌ری و وه‌رگێڕیه‌وه ده‌ستم پێكردو ورده ورده وام لێهات به‌شداریم كرد له چه‌ندین خولی ده‌رهێنه‌ری و ئاماده‌كاری و كاری تری رادیۆیی، دواتر بووم به ده‌رهێنه‌رو به‌رپرسی چه‌ندین به‌شی جۆراوجۆری رادیۆی كرماشان. و له دواییدا بۆ ماوه‌ی ١٠ ساڵ من به‌ڕێوه‌به‌ری به‌رنامه‌ی كوردی كرماشان و قصرشیرین بووم و خۆم به‌سه‌ربه‌رز ده‌زانم له‌و ماوه دورو درێژه‌ی



مامۆستا رەبیعی (نوسەرو وەرگێڕ)        مامۆستا عەلی مەردان        محەمەد کەمانگەر

ئەم ١٠ ساڵەدا کە من بەڕێوەبەری رادیۆی بووم، بەرنامەکانی رادیۆ لە رۆژی ٥ سەعات گەیشتە ١٢ سەعات و لە چەند نێرەرێکی زۆر بەهێزی وەکو ٨٠٠ کیلوواتی دەشتی قەزوین و ٨٠٠ کیلۆواتی قصر شیرین و ٨٠٠ کیلۆواتی بناب و ٣٠٠ کیلۆواتی کرماشان بە یەکجار پێکەوە بەرنامەکانی رادیۆی کرماشان بڵاو دەکرایەوە، بەشی جۆراوجۆرمان هەبوو. بەرنامەکانمان تەنیا بەرنامەی فەرهەنگی نەبوو دەتوانم بڵێم بەرنامەکە بەرنامەی سیاسی کۆمەڵایەتی بوو تەنانەت باسی کشتوکاڵ و ئابوری‌و شتی تریشی تێدا بوو. بەشی هونەری هەبوو، بەشی وتووێژمان زۆر چالاک بوو، هونەرمەندی زۆر هاتنە ئەو رادیۆیە و بێژەری زۆر چاکمان هەبوو، کەسانی وەکو مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی و دکتۆر صدیق مفتی زادە و شاعیری هاوچەرخی ئەوکات سوارەی ئیلخانی‌زادە و زۆر کەسانی تر کە بە داخەوە ئێستا ناویانم بیر نەماوە. کاریان لەم رادیۆیە کردوە و شتیان تێدا نوسیوە، کەسانی وەکو عەبدوڵلا مەردۆخی و حسام الدین ئەمین خانم عەزیزە نافعی و پەروین خان و کاک ئەسعەدی مێردی و زۆر کەسانی تر هاوکارییان کردین. رادیۆکەمان بەختەوەرانە رادیۆیەکی سەرکەوتوو بوو. بەڵام بارودۆخ وای کرد کە من ساڵی ١٣٦٠ هـ ـ ١٩٨١ز ئەم رادیۆیە بەجێبهێڵم و دەست لە کاری رادیۆ هەڵگرم. هەر بۆیە پتر لە شەش مانگی پێنەچوو کە نەخۆش کەوتم و نزیکەی ساڵێک نەمتوانی هیچ کارێك بکەم، تا وردە وردە لە کرماشان دوکانێکم کردەوە و خەریکی کاسبی بووم، هەرچەندە نەخۆم و نەخانەوادەکەم هیچ کاتێك ئەم کارەمان نەکردبوو. بەڵام ناچار خەریکی کاسبی بووم بۆ دابین کردنی گوزەرانم. دوای دوو ساڵ دیسان داوایان لێکردم دوبارە بگەڕێمەوە سەرکاری رادیۆی، بەڵام ئەمجارە لە تاران، بەرنامەی کوردی کرماشان دوای من ماوەیەکی زۆری

پێنەچوو لە ڕۆژی ١٢ سەعات کرا بە ڕۆژی ٢ سەعات و دوای ماوەیەکیش بە تەواوی کۆکرایەوە و داخرا. بەم چەشنە دەتوانم بڵێم مێژووی پڕ لە شانازی و سەربەرزی ڕادیۆی کرماشان پاش دوو ساڵ بۆ هەمیشە داخرا و بەسترا. کە هاتمە تاران و لە بەرنامەی کوردیدا یەك دوو ساڵ دەستبەکار بووم یەکسەر کرام بە بەڕێوەبەری بەرهەم هێنان و لەوێشدا ماوەی ١٠ ساڵ وەکو بەڕێوەبەری بەرهەم خزمەتم کردوە. ماوەیەکیش خەریکی بێژەری بووم و ماوەیەکیش خەریکی وەرگێڕان و نوسین هەر لەم ماوەیەشدا چەند کەسێك لەسەر داخوازی من هاتنە ڕادیۆی تاران وەکو بەڕێز، (هێدی) خالد حیسامی کە بەرنامەی وێژەیی دەنووسی و هەر خۆشی پێشکەشی دەکرد. تیپی نواندنمان زۆر باش بوو. زۆر هونەرمەندی چاك خەریکی خزمەت کردن بوون بەختەوەرانە ئەمەیش هەرماوە و هەرچەندە من ئەوە چەند ساڵێکە وازم هێناوەو ئێستا خەریکی خزمەتێکی ترم.

■ ئێستاش کە سکرتێری نوسینی گۆڤاری ئاوێنەیت دەکرێ کورتە مێژوویەکی ئەم گۆڤارە بۆ خوێنەران بڵێن؟

● گۆڤاری ئاوێنە لە ساڵی ١٣٦٨ هەتاوی ١٩٨٩ زاینی دەستی بەکار کردوە، ئەوەش لەسەر پێشنیاری محەمەد عەلی چاووشی کە خەڵکی کرماشانە، ئەم گۆڤارە سەرەتا بڕیار وابوو بە زاراوەی سنەیی دەربچێت و بڵاوببێتەوە، لەو کاتەدا برادەرێك خەڵکی ((قروە)) کە ناوی عەباس عەزیزییە، داوای لێدەکرێت کە ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت چونکە محەمەد عەلی چاووشی لە نوسینی کوردی بێ بەهرەیە و بەڵام خوێندنی کوردی چاکە، خۆشی زاراوەکەی کرماشانییە عەباس عەزیزی لەسەر ئەم بیروڕایە بووکە دەبێ بە زاراوەی سنەیی ئەم گۆڤارە



محەمەد کەمانگەر لە ستۆدیۆی ڕادیۆی تاران

دەربچێت و ئەم کارەشیان کرد دەتوانم بڵێم تا ژمارەی حەوتی ئەم گۆڤارە کە بە چاودێری عەباس عەزیزی دەرچووە، زۆرتر خۆی کێشاوە بۆ لای زاراوەی سنەیی، لە ژمارە حەوتەوە کە ساڵی ١٣٧٠ه واتە ١٩٩١ زاینی داوایان لە من کرد وەکو بەرپرسی ناوخۆی گۆڤار لەوێدا خزمەت بکەم پاش ماوەیەك گوتیان تۆ جێگری سەرنوسەری، لەو کاتەدا ئیتر یەکراست بیروڕای خۆم دەربڕی و گوتم باشتروایە کە ئێمە بکەوینە شوێن زمانی یەکگرتوو و ڕێنووسەکانمان ڕێنوسێکی ڕاستی کوردی بێت، بەو چەشنەی کە پەسەند کراوەو بڕیاری لە سەردراوە و خۆی پێگەیاندوەو بۆتە ڕێنوسێکی گشتی بۆ هەر کوردێك، دەبێ ئێمە لەسەر ئەو ڕێنوسە بین و زاراوەکەشمان لە ڕاستیدا زمانی یەکگرتووبێت باشترە. سەرەتا بەرپرسانی ئاوێنە ئەوکات لەگەڵ ئەو ڕایەی من هاودەنگ نەبوون، ئیتر وردە وردە پێشنیارەکەی منیان پەسەند کرد و وای لێهات پاش ماوەیەك داوامان لە بەڕێز کاك عەلی فەیلی کرد کە ئەویش بێت یارمەتیمان بدات و ئەویش هات، بەداخەوە پاش چەند ساڵێك وازی لێهێناو ڕۆیشت. جا گۆڤاری ئاوێنە جگە لەوەی کە بە زاراوەی سۆرانی شتی تێدا دەنوسرێ و بڵاودەکاتەوە، بەشێکی کرمانجی ژوروشی هەیە کە بەم دواییە بەشی ڕێنوسی لاتینیشمان بۆ زیاد کرد، هەروەها بەشێکی فارسیشی هەیە کە ئەمەش لەسەر تیگەیشتن و لێکۆڵینەوە و ئاگادار بوونە لەسەر کوردستان و کورد، چونکە بەداخەوە زۆر لە کوردەکانی ئێران توانای ئەمەیان نییە کە کوردی بخوێننەوە، ئەو کوردانەی کوردی نانوسن و ناخوێننەوە یا بە فارسی بنوسن بەڵام لەسەر کورد و کلتوری کوردی ئێمە بڵاوی دەکەینەوە، لە گۆڤارەکەماندا بەشە فارسیەکەشمان ناوناوە ((پیك بیستون)) بە تایبەت بۆ کوردی کرماشان و ئیلام هەندێ جاریش شیعر و هەڵبەستی جۆراوجۆریش هەر بە زاراوەی کەلهوڕی بڵاو دەکەینەوە، هەندێ جاریش بە زاراوەکانی تری وەکو گۆرانی و کرماشانی و ئیلامی بڵاو دەکەینەوە. بەم جۆرەش توانیومانە پەیوەندی چاك لەگەڵ خەڵکی کرماشان و ئیلام پەیدا بکەین. دوای چەند ساڵێك ئاکامی ئەو کارەی خۆم بینی کە ئێستا لە ئیلام بڵاوکراوە هەیە بە کوردی و زاراوەی ئیلامی و خەڵکیش زۆر چاك پێشوازی لێدەکەن و خەڵك زۆر ماندەرانە خەریکن بە کوردی دەنووسن و دەخوێننەوە. گۆڤاری ئاوێنە ناتوانم بڵێم گۆڤارێکی سەرکەوتوە بەڵام گۆڤارێکە تا ئەندازەیەك خوێنەری بۆ خۆی پەیدا کردوە، بەڵام بەداخەوە ((سازمان تەبلیغات ئیسلامی)) کە بڵاوکەرەوەی گۆڤارەکەیە وەکو پێویست کارەکان ڕاناپەڕێنن و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانین بە شێوەی مانگانە بەردەوام بڵاوی بکەینەوە، هەر بۆیە سێ چوار مانگ جارێ ژمارەیەك بڵاو دەکەینەوە.

■ دوا وتەت بۆ خوێنەران؟

● ئومێدەوارم بەم چاوپێکەوتنە توانیبێتم مێژووی پڕشکۆی ڕادیۆی کرماشانم باسکردبێ و ڕەنگە هەندێ شتیشم لەبیر چوبێ و یان ناوی هەندێ کەسم لەبیر چووبێ بەهەرحاڵ داوای لێبوردن دەکەم و لێم ببورن.

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: شێنێ مەحموود

# ئەدەب درۆیەکە ڕاستی دەگێڕێتەوە

## گفتوگۆی (سەلمان روشدی) لەگەڵ (گۆنتەر گراس)دا

روشدی: ئەو پرسیارەی لە مێشکمدا دەخولێتەوە پەیوەندی بە جەنگی جیهانی دووەمەوە هەیە، ئایا چی بە مێشکی ئەوانەی جەنگەکەیان دۆڕاندووە دێت لە ئاستی ئەوانەی بردیانەوە؟ لە هەستی راستەقینەی تۆم دەپرسی، چونکە تۆسەر بە لایەنە دۆڕاوەکە بوویت. ئایا کاریگەرییەکی ئەرێیانە یان نەرێیانەی بەسەر نووسینەکانتەوە بوو؟

گراس: بە باری ناچارییەکە قایلبووم، بەوەش قایلبووم کە دۆڕاوبم. بەڵام بۆگەلی ئەڵمان بەم ئاسانیە نەبوو. کاتێك بە یادگەمدا بۆ دواوەوە دەگەڕێمەوە، دەگەمە ئەو بڕوایەی کە بە قایلبوونم بە باری ناچارییەکە، بەوەی کە دۆڕاوم، کە جەنگم دۆڕاندووە. قازانجێکی زۆرم کردووە. ئەو سا تەمەنم (١٧) حەڤدە ساڵان بوو، بە دۆڕانی جەنگ ((دانزنگ))ی شارم دۆڕاند، ئەو شارە پۆڵۆنیەی ئێستا پێی دەووترێت ((گەدانسك)). بە نووسین دەربارەی ئەوشارە هەوڵمدا هەندێکی ئەوشارە بگێڕمەوە. جارێکیتر بە نووسین بیبەرمەوە، لە لایەکی ترەوە لەو بڕوایەدام کە تۆ جەنگێك دەدۆڕێنیت، بەردەوام بیر لە هۆکاری هەڵایسانی دەکەیتەوە. لە ئەڵمانیا بە تایبەتی بیر لە هۆکاری ڕوودانی ئەو تاوانە دەکەیتەوە کە دەکرێ بە کورتی بە (ئۆشوتین)ی ناوبنێین. کاتێك سەردانی هەندێ وڵاتم دەکرد کە خەڵکەکەی لەو بڕوایەدان کە لەریزی براوەکانن، هەمیشە تووشی ئەو کتوپڕیە دەبووم کە ئەوان ناتوانن ئەوەی دۆڕاندوویانە بیهێننەوە یادی خۆیان.

روشدی: ئەوەی ئێستا دەربارەی شار دۆڕاندنەوە وتت زۆرم مەبەستە، چونکە من بە چاو پۆشین لە جیاوازی هۆکارەکانەوە بە هەمان ئەزمووندا تێپەڕیوم. هەستم بە هەمان هەستی تۆ کردووە. هۆکارەکە سادەتر بوو، خێزانەکەمان بەر لەوەی

بگەمە چواردە ساڵی لە شار کۆچی کرد، پاش ئەوە بە مەبەستی خوێندن بۆ ئینگلستان چووم. لەدواییدا خودی شارەکە گۆڕا، ئەو شارەی لە یادمەو تیایدا گەورە بووم رووخێنرابوو، ئەپارتمانی بەرز دروستکرا کە لە کفنی چیمەنتۆ دەچێ. لێرەدا دەبینین، ئەو خەڵکە هێشتا لە شارەکە دەژین، لە دەستیان داوە. لەبەر ئەوەی کە دیارنەماوە بۆیە لە دەستیان داوە، هێشتا هەر ئارەزووی گێڕانەوەی بۆ دەستی خۆم، وەکو خۆی بەر لە تێکدانی دەکەم. ئەو لایەنەی کە بۆ من بەسوود بوو ئەوە بوو کە شارەکە لە سەر زەوییەکی چاککراو دروست کرابوو، زۆربەی ئەم شارەی ئێستا دەیبینین لەسەر زەوییەکی دەریا کە ئینگلیزەکان چاکیان کردبوو دروست کراوە، لە راستیدا (بۆمبەی)ی شارم ئینگلیزەکان دروستیان کردووە، هەستمکرد بۆ ئەوەی شارەکەم دەست بکەوێتەوە دەبێ ئەزموونێك لە چەشنی کردەی زەوی چاککردندا بە خۆمەوە ببینم.

گراس: کاتێك کە کتێبەکەی تۆم دەخوێندەوە هەستمدەکرد کەسێکی لە پشتەوەیە بە نووسین هەوڵی بنیاتنانەوەی شتێك دەدات، شتێك کە لە دەستی داوە بەڵام هێشتا دەستبەرداری نابێت.

روشدی: مەسەلەی دۆران لە یادگەدا هەر دەمێنێت. تێبینی دەکەم کە لە ئەدەبی ئەوروپایی نوێدا چەندین نووسەری دیار هەیە لە نووسینەکانیاندا بایەخ بە بابەتی رابردوو و گێڕانەوەو دروستکردنیەوەو سەر لە نوێ دۆزینەوەی دەدەن، دەتوانم بڵێم کە لە مێشکی زۆر لە نووسەرەکانی شوێنە جیاجیاکانی ئەوروپادا پرۆژەیەکی مێژوویی هەیە.



سەلمان روشدی

گراس: لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە مەیل و پێویستیەك بۆ رووبەروو بوونەوەی مێژوو، مێژووی ئەڵمانیام لە دەروونمدا دۆزییەوە، توانایەکم لە خۆمدا نەبینی تاکو گرنگی پێدانەکانم ئاراستەی بابەتێکی دی بکەم. چار لەم رووبەروو بوونەوەیە نەبوو. لەبەر ئەم هۆیە ئەڵمانیای رۆژئاوام بەجێهێشت و بۆ (بەرلین) چووم. چونکە لە (بەرلین)دا رووبەرووی ئەنجامەکانی جەنگەکە دەبینەوە. هەروا بینینی دیواری (بەرلین)، لە هەموو رۆژێکدا هەستت بە جەنگەکە پتر دەکات، هۆکاری دی ئەوەیە کە لە پاش جەنگ ئەڵمانەکان هەوڵیان دەدا لەریزی براوەکاندا بن. پاش جەنگ وامان لێهات باشترین دیموکرایتخوازبین. هەرچی لە تواماندابوو بۆ قایل کردنی وڵاتە یەکگرتووەکان کردمان. دەتوانی وتەکە فراوانتر بکەیت تاکو دانیشتوانی ئەڵمانیای رۆژهەڵاتیش بگرێتەوە. ئەوانیش بەهۆی چوونە ریزی براوەکانەوە، باشترین سۆشیالیزمیان لێدەرچوو، هەرچییەك (مۆسکۆ)ی ئەوسا ویستی کردیان. زمانی رەسمی ئەو زمانە سیاسییە بوو کە پاش جەنگ لەسەر زاری هەمووناندا ببوو بە باو، کۆتایی جەنگی

بەشتێکی دی ناودەناو دۆخەکە بە ((خۆبەدەستەوەدان))ی نەما، بەڵکو بوو بوو بە ((کارەسات)) و ((مەرگەسات)) و ((کاتژێری سیفر))، درۆی جوان بوون راستییان دەشاردەوە، بە سەردەمی نازیزمیان دەووت ((ساڵە رەشەکان))ی ئەڵمانیا. گۆڕینی (SS) و پارتی نازیزم بۆ جنوکەی زەبەللاح بەم شێوازە گوزارشتی لە راستی ئەوەی هەستیان پێدەکرد نەدەکرد.

ئەمە هۆیەك لەو هۆیانە بوو کە وایان لەمن کرد چاوێك بگێڕمەوەو لە ڕێگەی ڕۆمانەکانمەوە ئەوە روون بکەمەوە ئەوەی روویداوە بەڕۆژی نیوەڕۆ روویدا بوو، دەستەوتاقمی بچووك بچووك زۆر بە هێواشی کەوتنە بایەخدان بە کاروبارەکە، ڕێکەوتنی نێوان سەرمایەداران و ((هیتلەر)) ئەو سەرەتایە بوو کە بە دوایدا گرنگی بۆرژوای بچوکی لێکەوتەوە، ئەو چینەی کە لە پاش دۆڕاندنی جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەری لێشێوابوو، بەدەست هێنانی پشتیوانی ئەم چینەی گەل بۆ ((هیتلەر)) کارێکی ئاسان بوو، ئەو باسی خەون و ئاواتی بۆرژوازە بچووکەکانی دەکرد، ئەو بەڵێنانەی بەدیهێنا کە پێیانی دابوو بەڵام بە شێوازێکی کارەساتی. هەوڵی راڤەکردنی ئەمەم دەدا، بەڵام بە گێڕانەوەی ئەم گۆڕانەی هێواش هێواش و پلە بە پلە بەسەر بۆرژوای بچووکدا هات هەتا گەیشتە خەرەندەکانی تاوان، تاوانی سیاسی.

ڕۆشدی: ئەوەی لێرەدا دەیڵێت ئەوەیە کە ئەرکی ئەدەب بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەرکێکی دژوارە. ئەدەب راستی دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا ئەوانەی لافی راستی گێڕانەوە لێ دەدەن درۆ هەڵدەبەستن. پیاوانی سیاسەت و راگەیاندن، ئەوانەی رای گشتی دروست دەکەن. هەریەك لەوان لەوە پتر نیە کە ئەدیبێکە راستی ساختە دەکات. ئەرکی ئەدیب لێرەدا ئەوەیە کە دەست بە راستی وتن بکات. ئەمە جۆرێکە لەو دژوارییە کە ئێستا لە چەندین وڵاتدا هەیە.

گراس: بڕوام وایە کە هەموو خەون و بیرۆکە نهێنیە دڵڕفێنەکانمان سەر بە راستین، دەتوانم بە تاقە رستەیەك دیواری جیاکەرەوەی ئەو راستیە رووتەی دەیبینین و دەستمان دەیگاتێ ببڕم و بەناخی ئەو شتانەی گەیشتن بییان ئەستەمە بگەم.

ڕۆشدی: لە جیهانی هزری ئێستادا دوولایەن لافی ئەوە لێ دەدەن گوایە ئەرکی نووسەران سیاسەت ناگرێتەوە، لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بە راشکاوی ئەمە دەبینین. ڕێبازێکیان نووسەر لە گرنگی پێدانە گشتیەکان دوورە پەرێز دادەنێت و لێیان جیا دەکاتەوە، رەخنەگرانی پاش نوێگەریمان هەیە کە هەوڵی جیاکردنەوەی نووسراو لە جیهان دەدەن. هۆکارەکانی ئەمان لە هۆکارەکانی دەستەی یەکەم جیاوازن، لەبەر ئەمە نموونەی دووتێژی ریشەیی و پارێزەر دەبینین و هەردووکیان داوا دەکەن و پێشنیار دەکەن کەنووسەر دەست لە کاروبارە گشتیەکان وەرنەدات. ناتوانم بڕوا بەم تێزانە بهێنم. لە کارەکانتدا ڕۆمان بن یان هەڵوێستی ئاشکرابن یان لێدوان دەبینم ریڕەوی گشتیت گرتۆتە بەر ئایا بە هەڵویست بوونت تۆی کردە نووسەر یان پاش بە نووسەر بوونت، پشتیوانی لە کێشە گشتیەکانت کرد؟


گراس: نەخێر، لای من هەموو شتێك کە دەیبینم بە چاوی هونەرمەند و نووسەری دەبینم. بەڵام ئەو راستیەی دەورەم دەدات و ئاپورە دەکات، دەکەوێتە بواری سیاسەتەوە، ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ویستم شتێك بنووسم یان کارێك بکەم کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبێ، لە رستەی دووەممدا خۆم دەبینم بۆ مێژووی وڵاتەکەم، مێژووی خۆم گەڕاومەتەوە، ئەم دۆخە بۆ ئەو راستیە دزێوەم دەگێڕێتەوە کە ئەمڕۆ تیایدا دەژین. لە ئەڵمانیادا هەوڵدەدەن پێمان بڵێن: ((ئەی نووسەران بنووسن، دەربارەی شتی جوان و خەماوی و شاعیریەکان بنوسن. بەڵام هەتا خاوەنی ئەدەب بین ئەوە لەگەڵ کاروبارە

سیاسیەکاندا لەبارو دۆخی رووبەروو بوونەوەدا دەبین. ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا هانی دەدام و کاریگەریەکی بە بەردەوامی پتر دەبوو، گۆڕانی هەڵوێستی نووسین بوو، چونکە پێگەی ژیان گۆڕاوە. لە ئەزەلەوەو بۆ یەکەم جارە لە توانای مرۆڤدا دابێ خۆیان ویران بکەن، پاش هیرۆشیما ساڵ بە ساڵ بارودۆخەکە لە گۆڕاندا دەبوو، رۆژ بەرۆژ لەو رۆژە نزیک دەبینەوە کە مرۆڤایەتی تیایدا دەبڕێتەوەو مێژوو کۆتایی دێت.

ئەگەر لێرەدا، لە ناوەڕاستی ئەوروپا، لە ئەڵمانیادا دەژیایت دەرکت بەوە دەکرد کە لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوەو لە هەموو شوێنێکی دی جیهانەوە پتر پڕ چەکی ئەتۆمی دەبێ چ مانایەك دەبەخشێت. ئەگەر خۆت لەم راستیە بێ ئاگا بکەیت ئەوە بەختەوەرو دەبەنگیت. هەرواش دەبی هەتا لە هەموو رۆژێکدا پەی بەم راستیە نەبەیت. ئاساییە بووترێ بەردەوام بوون بە ژیان لە بارودۆخێکی وادا ئەستەمە. بەڵام لێرەدا، لە ئەڵمانیا لاوەکان دەبینین لە ترس و تۆقیندا دەژین. ئەوەندەش ئازان کە دەتوانن بە بەردەوامی و بە راشکاوی ترسی خۆیان دەربڕن. زۆر لەو کەسانە دەترسم کە دەڵێن ((هیچ پاساوێك بۆ ترس نیە، چونکە ژیان بەردەوام دەبێت و دەبێ بروامان بە ئاییندە بێت)) بەڵام ئەمان بڕوایان نیە بەوەی دەیڵێن. من لەو بڕوایەدام کە یەکێك لەو هەڵانەی ئەڵمانەکان لەم سەدەیەدا و بەر لەم سەدەیەش

کردوویانە، لەوەدا بوو کە ئەوەندە ئازا نەبوون بترسن. بڕوام وایە کە ئەرکێکی ئێمە ئەوەیە لە هەقایەت گێڕانەوەدا بەردەوام بین بەڵام لەبەر رۆشنایی ئەم زانینەی بە دەستمان هێناوە.

رۆشدی: ئایا کێشەکە هەر ئەوەندەیە کە بە تەنیا کێشەی هەقایەت گێڕانەوە بێت؟ من لەو بڕوایەدا نیم کە ئەو هۆکارەی پاڵی بە منەوە ناوە ببم بە نووسەر ئارەزوو بێت. ئارەزووی هەقایەت گێڕانەوە بێت. لە سایەی داب و نەریتێکی ئەدەبی گۆشکراوم، مەبەستم لەو لاوازیەمە لە ئاستی ئەو هەقایەتانەی کە بە منداڵی گوێم لێبوون. زۆریان لە چەشنی هەقایەتەکانی هەزارشەو شەوێك و هەقایەتە خورافیەکانی دی هاوچەشنی بوون، هەتا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە دەبێ چیرۆکەکان ناراست یان ناواقیعی بن و دەبێ ئەدەب جۆرە درۆیەك بێت. پێشبینی فڕینی ئەسپ و راخەر بکەین. لێرەوە ئەو بڕوایە پەیدا بوو کە دەکرێ بەم شێوازە دڵڕفێنەوە ئەو راستییانەی بگێڕینەوە کە لەم جۆرەن و بە شێوازێکی دی ناگێڕدرێنەوە. لەبەر ئەمە من بەم گریمانەیە گۆش کراوم کە شێوازی ئاسایی لە چیرۆکبێژیدا ئەمەیە. کاتێك بەراستی دەستم بە نووسین کرد خۆمم لە ململانێیەکی دژواردا بینییەوە. چونکە ئەو ئەدەبەی من نووسیبووم پێچەوانەی وێنەی ئەو رۆمانە بوو کە لە مێژە ناسیومانە. ئەو وێنەیەی دەیگووت دەبێ رۆمان پشت بەلاسایی کردنەوەو نەریت پەیڕەو کردن



ببەستێت. لاسایی جیهان بکات و ریساکانی سروشت و واقیعە کۆمەڵایەتیەکە پەیڕەو بکات. لەبەر ئەمە خۆم لە ململانێیەکی هەمیشەییدا دەبینم. چونکە راستی گریمانەکانم پێچەوانەی گریمانەکانی چەندین کەسن کە لە رۆژئاوان و بڕوایان وایە کە بەکارهێنانی ئەندێشەو وێناکردن لەکارە نائاساییەکانە، لە کاتێکدا لەلای من ئەمە کارێکی سروشتیە. لەبەر ئەمە دەپرسم دەبێ چ جۆرە ئەدەبێك پێشینەی تۆی پێك هێناوە، ئایا رووبەرووی ئەزموونی هاوچەشن بوویت؟

گراس: پاش جەنگ دەستبەجێ کەوتمەوە خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینە، خوێندنەوەی شتی جیاواز، مەبەستم هەموو ئەدەبێکی قەدەغەکراوە. وەکو سەرەتاکانی (ئینتباعیەکان/ )ی ئەڵمانیاو نووسەرە سریالیزمەکان. نەمدەتوانی کار لەگەڵ ئەم جۆرە ریالیزمەو لاسایی کردنەوەی راستی بکەم. هەروەها من لە منداڵیمەوە نەریتە رۆمانسیە ئەڵمانیەکان بە چیرۆکە خەیاڵیەکانیانەوە هەستی منیان دەبزواند، چونکە ئەوان راستییان دەووت و ئەو ماینەی دەفڕی بەراستی دەفڕی.

روشدی: ماسیەکانیش دەدوێن!

**گراس:** بەڵێ دەدوێن! لە چەندین کتێبی خۆمدا نموونەی لەجۆری ئەم چیرۆکە خەیاڵییانەم بەکار هێناوە. وەکو (ماسی The flownder) و (دەهۆڵی تەنەکە Tin drum).
من لەو بڕوایەدام کە بەکارهێنانی ئەم چیرۆکە خەیاڵییانە ئێمە دەگەیەنێتە جۆرێکی دی لە راستی، راستییەك دەوڵەمەندترە لەوەی کە بە بەکارهێنانی راستی رووت پێی دەگەین، چەندین راستیمان هەیە، کێشەی ئێمە لەوەدایە کە بەبوونی فرە راستی قایل نابین. ئەم لایەنە ئەم راستیەی بەتەنیا دەدوێن، لایەنەکەی تر تەنیا راستیەکەی خۆیی دەوێت، ئەمە هۆکارێکی بەردەوام بوونی بارودۆخی ئەم ململانییەکە تیایدا دەژین.

روشدی: لە (هیندستان)دا سەرەڕای ئەو چیرۆکە خەیاڵییانەی باسمان کردن، لە سەرچاوەیەکی دی زۆرم خواردۆتەوە. مەبەستم لە هەقایەتە زارەکیەکانە، چونکە (هیندستان) هێشتا وڵاتی نەخوێندەوارانە، لەبەر ئەمە دەبینین نەریتی هەقایەتە زارەکیەکان هێشتا بەهێزو چالاکن. ئەوەی لەم هەقایەتانە سەرنج راکێشە ئەوەیە کە جەماوەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. هەقایەتخوانی چاك دەتوانێ وا لە سەدان هەزار کەس بکات کە گوێی لێبگرن. ئەوان دێن و لە کێڵگەیەکدا دادەنیشن تاکو پیاوەکە بێت و هەقایەتەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، لێرەدا دەبینین هەقایەتەکە شێوەیەکی وروژێن وەردەگرێت. بێگومان شێوەیەکی راست و رێك نیە. مەبەستم کە بە هێڵێکی راست لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی ناڕوات بەڵام رووداوەکانی دەخولێنەوەو ئاڵۆز دەبن، سەرەتاکان تیایدا دووبارە دەبنەوە، لە رێڕەوی خۆیان لادەدەن و شێوازی سندوقی (چینی) وەردەگرن. هەقایەت لەناو هەقایەتی دی دەبینین هەتا هەر هەموویان لە خاڵی کۆتاییدا چارەسەر دەکرێن و دەکرێنەوە. لەوانەیە ئەم هەقایەتانە بێ شێوە بێنە بەرچاو کاتێك سەیریان دەکەین ئاڵۆز دیارین و خۆت لەبەر رەحمەتی هەقایەتخوانەکە ببینیت، ئەویش بە ئارەزووی ویستی خۆی چی دەوێت دەیکات.

ئێستاش بە خەیاڵمدا دێت کە پرسیارێکی پێچەوانە بکەم، با وای دابنێین کە ئەم جۆرە هەقایەتانە لە شێوە بەدەر نین. بەڵام شێوەیەکە هەزاران ساڵە بە زیندوێتی ماوەو لەبەر هۆکارێکی بەهێز ئەم سیمایەی وەرگرتووە.

وادیتە بەرچاوم کە هەقایەتخوان پتر لە رۆمانئنوس رووبەرووی کێشەی گوێگر (وەرگر) هێشتنەوە دەبێت، چونکە رۆماننووس لەو ساتەی کە خوێنەر بە بێزارییەوە کتێبەکەی دادەخات ناژی. بەڵام هەقایەتخوان بە بەردەوامی لەو ساتەدا دەژی چونکە ئەو رووبەڕووی گوێگران دانیشتووەو ئەگەر هەقایەتەکەیان بەدڵ نەبێت لە جێگەی خۆیان هەڵدەستن و لێی دوور دەکەونەوە. لەوانەیە هێلکەی تێکچوو یان هەر شتێکی دی کە دەستیان بیگرێت تێی بگرن، لەبەر ئەمە بۆ هێشتنەوەی گوێگران

هەموو توانایەکی خۆی دەخاتەکار، هەر ئەمەش منی گەیاندە ئەو بڕوایەی کەئەوەی دەربارەی ئەم چیرۆکانەمان وتراوە کە لە شێوازێکی بزێوو بە پێچ و پەناو ئاڵۆزن، لە راستیدا لەوە پتر نین کە هەر ئەمانەش هۆی کەمەند کێش بوونی خەڵکەکەن تاکو گوێیان بۆ شلبکەن.

پاش ئەوە کە هەندێ رۆمانی وەکو (تریسترام شاندی) گیانێکی هاوچەشنم بەدیکرد کە لە رۆمانەکانی تردا جیای دەکاتەوەو لەبەر ئەم هۆیە وا دەزانم کە رۆمانێکم دۆزیوەتەوە هەردوو رۆشنبیرییەکە کۆدەکاتەوە، چونکە من لەو رۆشنبیرییەوە بۆ ئەمیان کۆچم کردووە، دەتوانم هەندێك لەو رۆشنبیریە لەگەڵ خۆمدا بهێنم و لەبەر ئەوەی لێرەدا شتێکم دۆزیوەتەوە کە لە ئەوەوە نزیکە، دەتوانم لێی نزیکببم.

گراس: هەستم بە هەستێکی لە چەشنی ئەم هەستەی تۆ کردووە. ئەویش هەر کاتێك بۆ ((گدانسك)) دەگەڕام و بەو شێوەیەم دەبینی کە گەلی ((پۆلۆنیا)) دروستیان کردۆتەوە، بەڵام پاش چەند خولەکێك دەرك بەوە دەکەم کە ئیتر ((دانزینگ)) نەماوەو نیە، لە دەستم داوە، بە دۆڕانەکەم قایل دەبم، بەوە قایل دەبم کەبێ زەوی بم و لە چەندین شوێندا بژیم. ئیتر سکاڵا لە دەستی ئەم دۆخە ناکەم.

من دەرك بە مەزنی ئەوەی دۆڕاندوومە دەکەم و بە زمان دەری دەبڕم. چونکە دەکرێ زمان ببێتە جێنشینگەی نووسەر، لەگەڵ ئەمەشدا وێنای ئەوە دەکەم کە ئەم هەستەی من کە سەر بە زمانێکم ئەگەر مات و بووم بە خاوەن وڵات هەمان ئەم هەستە دەکەم.

روشدی: راستیەکی نامۆم دۆزییەوەو منی تاساندو یەکێك لەو هۆکارانەی ئاشکرا کرد کە وایان لەمن کردبوو روو لەم جۆرە نووسینە مەجازییە خەیاڵاوییە بکەم. راستیەکە ئەوە بوو کە ئەگەر بۆ زانستی بنچینەکانی قسە بگەڕێینەوەو بۆ مانای وشەی ((جان)) و ((وەرگێڕان)) بگەڕێین. دەبینین یەك مانا دەبەخشن، چونکە بنچینە لاتینیەکەی وشەی ((وەرگێڕان))، مانای گواستنەوە دەبەخشێت و بنچینە یۆنانیەکەی وشەی ((مەجان))یش مانای گواستنەوە دەبەخشێت. لەمەوە دەتوانین بۆ گرنگی پێدانم بە بیرۆکەی ((کۆچکردن)) بگەڕێینەوە، چونکە کۆچکردووەکانیش دەگوێزنەوە. بەجەستە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دی دەگوێزنەوە، لەمەوە ئەو بیرۆکەیە لەلام پێکهات کە کۆچکردن مانای مرۆڤ گۆڕین بۆشت، بۆ کەسانی جیاواز یان وەرگێڕدراو دەگەیەنێت. دەبنە کەسانێك بۆ بارێکی ((مەجان))ی گۆڕاون. شێوازی جیهانبینی رەسەنیان بۆ بینینێکی مەجازی وێنەیی گۆڕاوە.

ئەگەر لە سروشتی ئەو هەستەکەی خۆت بەو شوێنەی تۆ سەر بە ئەویت رابمێنیت هەروا لە بیرۆکەی رەگ و ریشە و لەو بیرۆکەیەی کە تۆ سەر بە شوێنێکی دیاریکراویت و لە بیرۆکەی ژیان لە ناو زمانێکی دیاریکراوداو لەبازنەی داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی کە چوارچێوەکەی پێکدەهێنن و شێوەکەیانی پێ وەردەگرن، لەمانە هەموو رابمێنیت، چی بەسەر ئەو کۆچ کردووە دێت کە ئەم سێ فاکتەرەی پێکەوە لەدەست دابێت، ئەو شوێن لەدەست دەدات. زمان لە دەست دەدات، داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی لەدەست دەدات. و خۆی لە شوێنێکی نوێدا، لە زمانێکی نوێدا دەبینێتەوە، لەبەر ئەمە دەبێ خودی خۆی بدۆزێتەوە، ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم/ ئا ـ وەرگێڕ) بەر لە هەموو شتێك چۆن (بۆمبای ئەتۆم)ە، سەدەی کۆچکردنیشە، بەر لە ئێستا، هەرگیز لە مێژوودا رووی نەداوە ئەم هەموو مرۆڤە بەویستی خۆیان یان بەناچاری بێت بەم ژمارەیە لە زێدی خۆیان و پێگەی سەرەتاکانیان بەم ژمارەیە دوور بکەونەوە، لەوانەیە هەر ئەم هۆیە پاساوی کردەی بنیاتنانەوەی ئەو کەسانە بێت کە ئیتر ناکرێت پێناسەی دێرینی ((خود)) بیانگرێتەوە، بەڵام دەتوانن ((خود))ێکی نوێ دروست بکەن.

* ئەم گفتوگۆیە لە ((ناصرة السعدون)) وەریگێڕاوە. بە دەستکارییەکی پێویست و زۆرکەم ئامادەم کردووەو وەرمگێڕاوە.

# ڕۆژنامەی ئێمە نەیتوانیووە لەهەواڵ تێبگات

بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك لەبارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی كوردی و ڕۆڵی ڕۆژنامە كوردییەكان لەدروستكردنی ڕایگشتی و گواستنەوەی هەواڵ بۆ خوێنەران و چەندین لایەنی تر، گفتوگۆیەكم لەگەڵ ڕۆژنامەنووس فاروق عەلی عومەردا سازكرد؛ كە مامۆستایە لەبەشی ڕۆژنامەنووسیی پەیمانگەی تەكنیكیی سلێمانی و خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لەبواری ڕۆژنامەنووسییدا...

سەرەتا دەربارەی ئەزموونی كاركردنی لەبواری ڕۆژنامەنووسییدا وتی:


لەساڵی (١٩٩١)ەوە لەڕۆژنامەكانی بەغدادا كاردەكەم، ئەوانەی بەزمانی كوردی و ئەوانەی بەزمانی عەرەبی دەردەچن. هەڵبەتە زۆرترین شت كە شانازی پێوەدەكەم ئەوەیە لەهەموو بوارەكانی ڕۆژنامەنووسیی، یاخود ڕۆژنامەوانیدا كارمكردووە، واتە بڵێین لە سفرەوە لەبواری ڕۆژنامەگەرییدا كارمكردووە، لەچاپخانەوە؛ نەك وەك كرێكارێك، وەكو سەرپەرشتیاری چاپ، وەكو چاودێرێكی ئەوكارە هونەرییانەی لەچاپدا پێویستن؛ لەكاری ڕۆژنامەییدا ، وەكو هەڵەبڕ ، وەكو موتەرجیم، دوایش وەكو موحەریر، پاشان لە ڕۆژنامەی هاوكاری دا زیاد لەساڵێك بەڕێوەبەری نووسینی بووم، مەبەستم ئەوەیە لەزۆربەی زۆری بوارەكاندا كارمكردووە، لە ڕۆژنامەی "الجمهورية"دا كە زمانحاڵی دەوڵەتی عێراقە

سازدانی: مەم بورهان قانع

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فاروق عەلی عومەردا

لەنەوەدوسیەوە کارم تیا کردووە. هەروەها ستوونێکی هەفتانەیم لە ڕۆژنامەدا هەبوو.. ئیتر لەزۆربەی ڕۆژنامەکانی تردا نووسینم بڵاوکردووەتەوە، جگە لەوە کە شانازی پێوەدەکەم ئەوەیە، لەبواری ئەدەبیشدا چیرۆکم نووسیوە. لە شیعری نەسریشدا هەوڵدانم هەبووە، واتە کەسێکی کاریگەربووم لەبوارە ئەدەبییەکەدا نەك بەتەنها وەك ڕۆژنامەنووس. لەبەرئەوە وای بەباش دەزانم ڕۆژنامەنووس پێویستە توانایەکی زمانەوانی بەهێزی هەبێت. لەم دواییەشدا هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا ببمە پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی "السفير"ی لوبنانی لەبەغدا. بەپێی خسوسیەتی ڕۆژنامەکە شتی زۆرم بڵاوبووەتەوە. خسوسیەتی ڕۆژنامەی "السفير" ئەوەیە ڕۆژنامەیەکی قەومی عەرەبییە، هەڵبەتە منێکی کورد ئیش بۆ ڕۆژنامەیەکی قەومی عەرەبی بکەم هۆی زۆرە، یەکێك لەوانە پێویستییە. دووەم، بەرای من میللەتان بچنە ناویەکترەوە و جۆرێك لە حیواری کاریگەر لەنێوانیاندا هەبێت چاکترە، جگە لەوەیش تۆ لە ڕۆژنامەیەکی قەومی عەرەبیدا بێت، یاخود هەرقەومیەتێکی تر بێت بنووسیت، بێگومان جاروباریش شتێك بڵاودەکەیتەوە خزمەتی نەتەوەکەت بکات، واتە ئەمە مانای ئەوە نییە کە لەخسوسیەتی نەتەوەی خۆت دووربکەویتەوە، چونکە ڕۆژنامەنووس جگە لەوەی بەپێی خسوسیەتی ڕۆژنامەکە دەنوسێ، بەپێی مەرجەعیەتی خۆیشی دەنووسێت، جامەرجەعیەتی ڕۆشنبیری بێت، کۆمەڵایەتی بێت یاخود قەومی.

مەم: لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ: تۆ وای دەبینیت لە ڕۆژنامەیەکی تەواو قەومی دا کە "السفير" پەیرەوی دەکات، جێگای ئەوە دەبێتەوە نەتەوەکانی تر قسەی خۆیان بکەن، بۆ نموونە کورد بتوانێت باسی خۆی بکاو ڕۆژنامەنووسێکی کورد بتوانێت لەسەر کێشەی نەتەوەکەی خۆی بنووسێت .. سنوورەکانی ئازادیی نووسین لەوبارەیەوەو لەو



فاروق عەلی – مەم بورهان قانع

ڕۆژنامەیەدا لە چ ئاستێکدایە؟

فاروق : بەرای من ئەگەر بەزمانێکی وا بینوسیێ کە ئەوان لێی تێبگەن، یاخود قبولّی بکەن. مەبەستم چییە؟ مەرج نییە خزمەتی نەتەوەکەت بکەی بەوەی دروشم دووبارەبکەیتەوە؛ یاخود هاواربکەیت بڵێیت من کوردم. تەنها پێشکەشکردنی شاعیرێکی کورد ئەوە خزمەتێکی گەورەیە بۆ نەتەوەکەت. بۆ نموونە من عەرەبم زۆر بینیوە؛ دەڵێن کورد ئەدەبی نییە! تەسەوربکە ئێمە کە وا لە چەرخی بیست ویەکداین، جیهان ئەوەندە بچووک بوەتەوەو هەموو ئاگایان لەیەکترە، کەچی هێشتا نازانن ئێمە ئەدەبمان هەیە، یاخود شاعیرمان هەیە، یان نا. لەبەرئەوە ئێمە خزمەتێکی ئاوها بچوک بکەین کەوا شاعیرێکی کورد پێشکەش بکەین و بە خوێنەری عەرەبی بناسێنین، ئەوە خۆی لەخۆیدا خزمەتێکە بۆ کوردو هەروەها بۆ ئەو برایەتییەی بمانەوێ و نەمانەوێ بەپێی دراوسێیەتیان و بەپێی مێژووی هاوبەشیان هەیە؛ گەرلە چوارچێوەی ناوچەکەدابێ یاخود لەچوارچێوەی ئاینی ئیسلامدا بێت. لەبەرئەوە بەرای من مەسەلەی کارکردن لە ڕۆژنامەیەکی غەیرە نەتەوەکەی خۆت چاکەی زۆرترە لە خراپەکانی.

مەم: ئەو بۆ چوونەی دەڵێت: کورد ئەدیبی نییە. یان بێئاگان لە مێژووی کورد، ئەمە بۆ ئەو تەماشاکردنە ڕەگەز پەرستانەیە دەگەڕێنیتەوە لەلای عەرەب، یاخود ئێمە کەناڵمان نەبووە تاوەکو بتوانین لێیانەوە گوزارشت لە خۆمان بکەین؟

فاروق: وابزانم هۆکارەکان زۆرن، واتە ناتوانین ئاوها ئاسانی بکەینەوەو بیگەڕێنینەوە بۆ تەماشاکردنێکی ڕەگەزپەرستانە. بەپێچەوانەوە، یەکێك لەوانەی من لەگەڵ ئەو برادەرە عەرەبانەدا کە ئەوقسانەیان کردووە، ویستومە قەناعەتیان پێبکەم کە کورد ئەدەبەکەی هیچی لەنەتەوەکانی تر کەمترنییە. یەکێك لەو هۆیانەی باسیان کردووە ئەوەیە موتەرجیم نییە لەنێو ئەو دوو زمانەدا، زمانی کوردی و عەرەبی. یەکێك لەوانە ئەوەیە کورد لەبارێکی نائاساییدا دەژی؛ کە ئەوەیش بەدەستی خۆی نییە. ئەو بارە نائاساییە وایکردووە کورد نەتوانێت دەنگی خۆی هەبێت، نەتوانێت وجودی خۆی رابگەیەنێت، نەیتوانیوە شوناسنامەی خۆی لەنێو شوناسنامەکانی تردا جۆرێك لە روناکی یان بریقەداریی پێبدات. لەبەرئەوە مەسەلەی تێنەگەیشتنیان لەئێمە، تەنها بۆ مەسەلەی تەماشاکردنی قەومی ناگەڕێتەوە، بۆ زۆرشت دەگەڕێتەوە. بۆ نمونە، کابرایەکی عەرەب دەڵێ: من بچم فێری ئینگلیزی ببم و تێبگەم لە هەست و سۆزی ئینگلیزەکان؛ لەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی پێی گەیشتوون، زۆر زۆر باشترە لەوەی خۆم فێری کوردی بکەم، ئەمە بۆ؟ چونکە ئەو پێویستی بەوانەیە؛ پێویستی بەکورد نییە ، کورد لەروانگەی ئەوانەوە شتێکی ئەوتۆی نییە کە ئەوان پێویستیان پێی بێ، لەوانەیە مەسەلەکە لێرەدابێت.

مەم: لە ڕۆژنامەی " السفیر"دا ئەگەر دەستنیشانی بکەیت؛ لەبارەی ئەو مادانەی کەوەك هەواڵ، ڕاپۆرتە هەواڵ، وتار... بڵاوت کردوونەتەوە، چۆن توانیوتە باس لە کورد بکەیت؛ ئەگەر بەکورتیش بوو بێت؟ باس لەوەبکەیت کورد خاوەنی ئەدەبێکی ڕەسەنە، یان خاوەنی هەریەك لەو بوارە زیندووانەیە کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەخەڵکی یەوە هەیە، لەوانە: ڕۆژنامەنووسیی، هونەر...؟

فاروق: دەتوانم بڵێم: نەك توانیومە ئەوەبکەم، بەڵکو بمانەوێ و نەمانەوێ لەکاتی نووسینی ڕۆژنامەنووسیدا شتی تریش دێنە ئاراوە، بۆ نمونە: چاوپێکەوتنێکم کردووە لەگەڵ شاعیری گەورەی نەك هەر عێراق ، بەڵکو عەرەبیش دکتۆر "محەمەد حسێن ئالیاسین" کە بە خەلیفەی جەواهیری ناودەنرا. ئەوەیان، چونکە من کوردم و لەنزیکەوە دەمناسێ کە شانازی بەنەتەوەکەمەوە دەکەم و هەمیشە حەزم لە خزمەتکردنیەتی ، کاتێك دێتە باسی شیعر

لەعێراقدا، باسی شاعیرەکانی کوردیش دەکات لەعێراقدا، لەوانە گۆران، شێرکۆ.. واتە ئەو شاعیرە ناسراوانەی توانیویانە دەنگی خۆیان بگەیەنن بەعەرەب، مەسەلەن لەتیف هەڵمەت.. مەبەستم چییە؟ ئێمە ئەگەر بەراوردێکی بچوك بکەین لەنێوان ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ هەمان شاعیردا کراون، لەگەڵ ئەو چاوپێکەوتنەی مندا، لەهەموو چاوپێکەوتنەکانی تردا باسی شیعری عێراقی کردووە؛ باسی شیعری کوردی نەکردووە لەعێراقدا، لەچاوپێکەوتنەکەی مندا باسی شیعری کوردی لە عێراقدا کردووە؛ شانەبەشان لەباسکردنی شیعری کوردی عەرەبی لەعێراقدا. دیارە هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی من وەك کوردێك چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵیدا کردووە، نەك کەسێکی تر کاریگەریی ئەوەیە، بۆیە ئەگەر پەیامنێرێکی تری "السفیر" عەرەب بوایە، باسی شیعری کوردی نەدەکرد. مەبەستم ئەوەیە؛ حەزمکرد ئەوەیش بڵێم: کەباسی شیعری کوردی کردووە لەعێراقدا، من داوام لێنەکردووە خۆی باسی کردووە، مانای ئەوەیە دەزانێت من هەرداوای ئەوەیشی لێدەکەم کەئەگەر ڕۆژنامە نووسێکی تربێ و عەرەب بێ، پرسیاری شاعیری کوردی لێناکات، بەڵکو هەرباسی شاعیرانی عەرەب دەکات لەعێراقدا.

مەم: باشە، ئەوە چۆن لێك دەدەیتەوە: شاعیرێکی واگەورەی عەرەب باس لەوە دەکات کورد هاوشانی نەتەوەکانی‌تر شاعیری گەورەی هەیە، لەکاتێکدا ڕۆشنبیرانی تری عەرەب باس لەوە دەکەن کورد ئەدەبێکی زیندووی نییە؟

فاروق: بەرای من، وەك وتم کاریگەریی ئەوە هەیە من وەك کوردێك چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵیدا کردووە، نەك ڕۆژنامە نووسێکی عەرەب.

مەم: پێت وایە ئەو کەسانەی ئەو قەناعەتەیان لەلا دروست بووە کە کورد ئەدەبێکی زیندوی نییە، ئەگەر تۆ چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەیت دەتوانیت ئەو قەناعەتەیان لەلا دروست بکەیت کە کورد ئەدەبێکی زیندووی هەیە؟! یان ئەو بەرەنجامە لەمەنتیقی ڕەگەز پەرستانەی خۆیانەوە پێی گەیشتوون؟

فاروق: نەك دەتوانم بەڵکو کردویشمە . کاتێك گەیشتوونەتە ئەو خاڵەی دەڵێن کورد هەرچ شتێکی هەبێت من ئاگام لێی نی یە، بەمن نەگەیشتووە. لەوکاتەدا دیالۆگەکە دەپچڕێ و ناتوانم پرسیاری تری لێبکەم. بۆ نمونە چاوپێکەوتنم لەگەڵ "عبدالستار ناصر"دا کردووە کە چیرۆکنووسێکی عێراقی بەرزە. داوای ئەوەم لێکردووە باسی چیرۆکی کوردیم بۆ بکات لەعێراقدا، چەند چیرۆکنووسێکی کوردی ناسیوە وەك حسێن عارف، بەڵام چیرۆکی کوردی نەخوێندۆتەوە . بەرای ئەو، چیرۆکنووسی کورد نەیتوانیوە دەنگی خۆی بەخوێنەرە عەرەبەکان بگەیەنێ ، لێرەدا دەچینەوە سەر ئیشکالێکی‌تر، ئەویش ئەوەیە چیرۆکنووسە کوردەکە ڕەنگە گەرئەو شتەی پێ بڵێیت ، لەوانەیە بڵێت: من هەقم بەسەر ئەوەوە چی‌یە ! چیرۆکی من بگات یان نەگات ، من چیرۆکنووسێکی کوردم و بەکوردی دەنووسم ، ئەوە دەچێتە سەر ئەستۆی موتەرجیمە کوردەکان. لەوانەیە موتەرجیمە کوردەکانیش بڵێن: من تەرجومە دەکەم و دەقەکان دەکەمە عەرەبی؛ بەڵام کێ بۆمی بڵاودەکاتەوە؟ کە لەوێشدا دەچینە سەر سیاسەتی ڕۆژنامەکان، واتە توشی سیلسیلەیەکی وەها هاتووم. ئەمجارە دەچینە سەر لێپرسراوی ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەیەکی عەرەبی، دەڵێم باشە ئەوە موتەرجیم هەیە، دەڵێت من تەرجومەی دەکەم و بڵاویناکەنەوە، ئەویش یەکسەر دەڵێت: چۆن بڵاوییکەمەوە، من چەندەهاساڵە ڕۆژنامەکەم لەحاڵەتی نائاساییدایەو نەگەیشتووەتە ئەو رادەیەی لەحاڵەتێکی ئاساییدا شت بڵاوبکاتەوە، بۆئەوەی ئاوڕێکیش لەئەدەبی کوردی بداتەوە..

مەم: بۆنمونە گۆڤارێکی وەکو "المدی" کە لەرێیەوە دەنگی هەندێك لە ئەدیبەکانی کورد دەگاتە عەرەب..

ئەزموونێکی وەها چۆن دەبینی بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێو ئەدەبی کوردو عەرەبدا؟

فاروق: من مادام بینیوە و شتی کوردیشم تیایدا بینیوە، بەڵام ئەگەر مەدا بانگەشەی ئەوە بکات تەمسیلی ئەدەبی عێراقی دەکات، دەبێت رووبەرێکی فراوان دابنێت بۆ ئەدەبی کوردی؛ کە دەبێت بگونجێت لەگەڵ ژمارەی کوردەکان لەچوارچێوەی عێراقدا. بۆنموونە ئەگەر کوردەکانی عێراق سەدا بیست بن، دەبێت گۆڤاری مەدا سەدا بیستی تەرخانبکات بۆ ئەدەبی کوردی؛ کەچی وانییە، هەر ژمارەو یەك قەسیدە یاخود چیرۆکێك بڵاودەکاتەوەو تەواو. بەوشێوەیە دەیەوێت دەریببڕێت کە دیموکراتەو شتی کوردیش بڵاودەکاتەوە، یاخود دڵی گەورەیەو کراوەیەو شتی کوردیشی بڵاودەکاتەوە. بەرای من ئەوە بەس نییەو تەنها ئیدیعایەکە کە دڵگەورەن، یاخود جیاوازن لەرۆژنامەکانی بەغدا. باشترین چارەسەر بۆ کورد ئەگەر بیەوێت جۆرە تەفاعولێك لەگەڵ عەرەبدا بکات ، ئەوەیە خۆی دەزگایەك دابمەزرێنێ بۆ تەرجومەکردنی ئەدەبی کوردی بۆ زمانی ئەدەبی میللەتانی تر، لەپێش هەموویانەوە زمانی عەرەبی ..

مەم: لێرەدا حەزدەکەم ئاماژەیەك بکەیت بە نامەی ماجستێرەکەت کە لەبواری رۆژنامەنووسییدا نووسیوتەو پەسەندکراوە؟

فاروق: حەزدەکەم پێش هەموو شتێك سەرنجت بۆ هەندێك شت رابکێشم؛ ئەویش ئەوەیە: من نامەی ماجستێرەکەم لەبەغدا نووسیوە، لەژێر باری گەمارۆی سەختا، هەم خۆم ئەو توانا مادییە زۆرەم نەبووە کە رێگام بدات شتێکی باش بنووسم و ماندووبوونێکی زیاتری لەگەڵدا بدەم، هەم باری گەمارۆ ئەو رێگەیەی نەدا ئیمکانییەتێکی زیاترم هەبێت بۆ هاتووچۆ؛ بۆ دابینکردنی سەرچاوە و کاتێکی باشترم هەبێت بۆ نووسین . هەروەها باری تەندروستیشم ئەوەندە باش نەبووە زیاتر ماندووبم لەگەڵی ، لەگەڵ ئەوەشدا ، دەتوانم ئیدیعای ئەوە بکەم ئەو نامەیەی نووسیومە بۆ خوێنەری عەرەبە، و بەرای خۆم سەرکەوتووانە موخاتەبەی عەقلیەتی عەرەبی کردووە، دەتوانم بڵێم ئەو نامەیەی لەسەر رۆژنامەگەریی کوردی نووسیومە، بۆ خوێنەری کورد نەنووسراوە واتە " موە جەهـ" نییە بۆ خوێنەری کورد . ئەو نامەیەی کە دووسەد لاپەرەیە بەزمانی عەرەبی، حەزمکرد لەهەولێر یاخود سلێمانی بڵاوببێتەوە، هەڵەکە وایکرد لە هەولێر بڵاوبێتەوە، لەبەرئەوە زۆرم پێخۆش بوو. چونکە من بۆ عەرەبم نووسیوە، بۆ عەقڵیەتی عەرەبم نووسیوە بەڵام بەزمانی کابرایەکی کورد، کەچی ئەوان لە رۆژنامەی "برایەتی" کردویانەتە زمانی کوردی و بڵاویانکردەوە، من بزانم شتێکی زۆر باشیان کردووە، بەڵام کێشەکە چییە؟ ئەوەیە من بزانم لێکۆڵەرەوە کوردەکان خوێنەری کورد پێویستی بەنامەکەی من نییە، وەك چۆن عەرەبەکان پێویستیان پێیەتی. لەبەر ئەوە من بزانم ئەگەر بەزمانی عەرەبی چاپبکرێت سەرکەوتنێکی باشتر بەدەست دەهێنێ؛ وەك لەوەی بەزمانی کوردی چاپ بکرێت، مەبەستیشم ئەوەیە کەوا خوێنەری عەرەب زیاتر لە خوێنەری کورد لەلای پەسەند دەبێت.

مەم: کێ سەرپەرشتی نامەکەتی کردووە؟

فاروق: سەرپەرشتیاری نامەکە، دکتۆر "عبدالستار جواد"ە؛ کە پسپۆرێکی هێجگار شارەزاو بەرزە لەبواری راگەیاندندا، نەك لەسەر ئاستی عێراق بەڵکو لەسەر ئاستی نیشتمانیی عەرەبیشدا، لەگەڵ ئەوەیشدا، پرۆفیسۆر مێژوونووسی کورد دکتۆر "کەمال مەزهەر" زۆر نزیك بووە لەنامەکەوە، بەو حسابەی کە دکتۆر عبدالستار ئەو زانیارییە زۆرەی نییە لە رۆژنامە نووسیی کوردییی، لەبەرئەوە دکتۆر کەمال کە پسپۆرە لەوبوارە. واتە با بڵێین دکتۆر عبدالستار لایەنە ئیعلامییەکەی گرتبووە ئەستۆ ، دکتۆر کەمال مەزهەریش لایەنە زانیارییەکەی.



د. کەمال مەزهەر — د. عبدالسلام السامر — د. عبدالرزاق الدلیمی — د. موئەیەد الخفاف — فاروق عەلی عومەر
١٩٩٩/٨/١٤ گفتوگۆ دەربارەی نامەی ماجستێری خوێندکار (فاروق عەلی عومەر) کە بەپلەی ئیمتیاز پەسەند کراوە

مەم: نامەکەت لەسەر مێژووی ڕۆژنامەنووسییە، ئەگەر لەو لایەنەوە هەندێك شت باس بکەیت؟

فاروق: ڕاستە لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەرییە، بەڵام من فەسڵی یەکەمم تەرخانکردبوو بۆ باسکردنی کۆمەڵگای کوردەواریی؛ لە کۆتایی چەرخی نۆزدەیەمەوە تا نیوەی یەکەمی چەرخی بیستەم. بەڕای من ئەوە گرنگییەکی زیاتری دا بەنامەکە کەباسی کۆمەڵگای کوردەواریم لە هەموو لایەنەکانەوە کردووە، لایەنی ڕۆشنبیریی، کۆمەلایەتی، ئابوریی، سیاسی و دواتر باسی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی کوردم کردووە، دواتریش بە شێوەیەکی فراوان باسی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیم کردووە لەقاهیرە.

مەم: پڕۆژەت نییە بۆ چاپکردنی نامەکەت بەزمانی عەرەبی. کەوات پێ باش بوو. بۆ ئەوەی دەزگایەك هاوکاریت بکات بۆ لەچاپدانی؟

فاروق: حەزدەکەم شتێکی وا ببێت، بەڵام پێش ئەوە حەزدەکەم بیر لەوە بکرێتەوە لای خوێنەری عەرەب دابەش بکرێت؛ نەك لەلای خوێنەری کورد، نەك بەتەنها خوێنەری عەرەب بەڵکو کەسایەتییە عەرەبییەکانی کە لەسەرەتایشدا وتم تەنانەت کەسایەتییە ڕۆشنبیریی و ئەدەبییەکانی عەرەبیش زانیارییان نییە لەبارەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردەوە. بۆیە، پێموایە ئەگەر بەزمانی عەرەبی چاپ ببێت، دەبێت پێشوەخت بیر لەوە بکرێتەوە بەسەرکتێبخانە عەرەبییەکاندا دابەش بکرێت.

مەم: لەبەشێکی نامەکەتدا باست لە ڕۆژنامەی "کوردستان" کردووە. کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردییە. ئەوە چۆن لێك دەدەیتەوە: لەڕۆژنامەی کوردستاندا کە لەژمارەکانی یەك، دوو و سێ‌ی دا نووسراوە لە چاپخانەی "الهلال" چاپکراوە و لە ژمارەکانی چوارو پێنجیشدا نووسراوە لە چاپخانەی "کوردستان"دا چاپکراوە؟ ئەمە لەکاتێکدایە دکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبی "تێگەیشتنی ڕاستیو..." دا کەباس لەو ڕۆژنامەیە دەکات، دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی دانانی ناوی چاپخانەی "کوردستان" بۆئەوەیە میقداد مەدحەت بەدرخان خۆی وانیشانداوە هەستی یان بوونی کوردانەی خۆی بسەپێنێ گوایە کوردیش چاپخانەی هەیە، واتە نووسینی ناوی چاپخانەی کوردستان لە هەستێکی تەواو نەتەوایەتییانەوە سەرچاوەی گرتووە، کەوا چاپخانەیەك نەبووە لەو سەردەمەدا ناوی چاپخانەی "کوردستان" بووبێت، ئەمە لەکاتێکدایە بۆچوونێك هەیە دەڵێت: لە ساڵی (١٨٨٦)داو لەقاهیرە، چاپخانەیەك هەبووە بەناوی "کوردستان"کە خاوەنەکەی "فەرەجوڵلا زەکی الکوردی" بووە، تۆ لەو بارەیەوە چی دەڵێی؟

## نامەی ماجستێرەکەم کە دووسەد لاپەڕەیەو بەزمانی عەرەبی نووسراوە، ڕۆژنامەنووسی گەورەی عێراق و پسپۆڕ لەسەر ئاستی نیشتمانیی عەرەب پرۆفیسۆر عەبدولسەتار جەوادو پرۆفیسۆرو مێژوونووسی کورد کەمال مەزهەر سەرپەرشتییان کردووە

فاروق: بەراستی زانیارییەکی وا باوەڕپێکراو نییە کەوا لەوکاتانەداو لەقاهیرە چاپخانەیەك هەبووبێت ناوی "کوردستان" بوو بێت، بەڵام پرسیارێك دەکەم: گریمان چاپخانەیەك هەبووە بەناوی کوردستانەوە، ئێمەش دەزانین میقداد مەدحەت بەو هەستە نەتەوەییە بەرزەوە، چۆن هەر لەسەرەتاوە لەو چاپخانەیەدا چاپی نەکردووەو ڕۆیشتووە لەچاپخانەی "الهلال"دا ڕۆژنامەکە دەربکات؟! ئەمە پرسیارێکە. دوایی من لەگەڵ دکتۆر کەمالدام لەو باسەیدا؛ چونکە میقداد مەدحەت هەستێکی نەتەوەیی هێجگار بەرزی هەبووە، لەبەرئەوە بێگومان هەر لەوکاتەدا حەزی لەوە کردووە دەزگایەك هەبێت کوردیی تەواو، واتە چاپخانەکە کوردیی بێو ناویشی کوردستان بێ، ڕۆژنامەکەش کوردیی بێو ناوی کوردستان بێ، بەو شێوەیە تەواو مۆرکێکی کوردەواریی پێوە بێت. من بزانم میقداد مەدحەت ئەو تموحە گەورەیەی هەبووە، کەچی ئێستاش لە کۆتایی سەدەی بیستەیەمدا هەرکەسانێکی وەها هەن کە ڕۆژنامەیەك دەردەکەن ئیدیعای ئەوەدەکەن ئەو ڕۆژنامەیە دەزگایەك لەپشتیەوەیەتی نەوەك تەنها ڕۆژنامەکە خۆی لەخۆیدا دەردەچێ، بەبێ دەزگاو ئیمکانیەتێکی گەورە.

مەم: کاتێك "سوڵتان عەبدولحەمید" حوکمڕانی عوسمانییەکانی کردووە، لەوکاتانەداو وەك چۆن هەر دکتۆر کەمال مەزهەر لە "تێگەیشتنی ڕاستیدا" باسیکردووە، کاتێك لە ساڵی (١٨٧٦)دا ناوبراو هاتووەتە سەرحوکم، لەسەردەمیدا نزیکەی بیست هەزار کەس جاسووس بوون! باس لەیاسای چاپەمەنیش دەکات کەلە ساڵی(١٨٥٧) دا دانراوە، گوایە تا ساڵی(١٩٠٠) کەبەشێکی زۆری ماوەی حوکمڕانی سوڵتان عبدالحمید بووە، پێنج جار تەعدیل لەیاسای چاپەمەنیدا کراو (کەدیارە لە بەرژەوەندیی پەیامی ڕۆژنامەگەریدا نەبووە) ئەمە لەکاتێکدا لەو ماوەیەداو پێشتریش وەزعی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەتورکیادا لەمەترسیدا بووە، هەربۆیە بەناچاری هەڵدێن و دەچنە قاهیرە، لەوکاتانەدا کەبریتانییەکان میسر داگیر دەکەن؛ وابزانم ساڵی "١٨٨٢"بوو، ئەم داگیرکردنە کەپێشوەخت ململانێ لەنێو دەسەڵاتی عوسمانی و بریتانیدا هەبووە، هەر ئەوکاتەو لەقاهیرەدا، بریتانییەکان دەرگا واڵادەکەن بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژنامەکان بەنەتەوەو کەمایەتییە جیاجیاکانەوە قسەی خۆیان بکەن؛ کە ئەوکات چەندین ڕۆژنامە لە قاهیرەی تاراوگەدا دەرچووە، کە کورد یەکێك بووە لەوانە. ئەوە چۆن لێك دەدەیتەوە: ململانێی سیاسیی، ململانێی دەسەڵاتەکان و هاوکات زەبرو زەنگ و هەڵاتنی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بۆ میسر، بووە هۆی لەدایکبوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی؟

فاروق: بەدرخانییەکان خۆیان هەڵنەهاتوون. دوای ڕوخانی ئیمارەتی بۆتان و گرتنی بەدرخان پاشای گەورە، واتە دەسەڵاتدارێتی عوسمانی بنەماڵەی بەدرخانییەکانی ڕاونا، هەندێکیانی بۆ شوێنی دوور نەفی کرد لەدەرەوەی کوردستان، واتە ئەم بنەماڵەیە بەناچاری وڵات بەوڵاتیان کرد، کەلەکۆتایی نیوەی یەکەمی چەرخی نۆزدەیەمدا ئیمارەتی بۆتان

روخاو بەدرخان پاشاو کوڕو نەوەکانی نەفیکران، ئەمە هەلێکی وای بۆ ئەو بنەماڵەیە ڕەخساند تێکۆشانی کوردایەتییان لەناو کوردستانەوە بگوێزنەوە بۆدەرەوەی کوردستان، بەلام بەوشێوەیەی پردێك هەرمابێ لەنێو تێکۆشانی دەرەوەو گەیاندنی دەنگیان بۆ ناو کوردستان. یەکێك لەو هەولانەی لەهەمووی گرنگترە، ئەو هەوڵەی میقداد مەدحەت بوو کە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی لەقاهیرە دەرکرد، هەڵبەتە دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە قاهیرە بایەخی تایبەتی هەبوو، چونکە لەبەرئەوەی نزیکترین وڵاتە لە کوردستانەوە کە دەتوانرێت لێیەوە ڕۆژنامەکە بۆ کوردستان بنێردرێت، نزیکترین وڵات بوو کەلەو ڕۆژانەدا هەلومەرجی دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی تیا بووبێت. یەکێك لەو هەلومەرجانە، ئەوەیە دەتوانین بڵێین میسر تارادەیەك دەسەڵاتی بەهێزی تیانەبووە، بەڵکو چەندەها هێز دەسەڵاتیان دابەشکردووە لەنێو خۆیانداو بەسەر وڵاتی میسردا، لەلایەك ئینگلیزەکان لەلایەك عوسمانییەکان، لەلایەك خدێوی خۆی، لەلایەك ئەو کۆمپانیاوگروپ و جالییاتە بیانییانەی لەوێ بوون و هەریەکە و ئیمتیازاتی بۆدانرابوو. لەلایەکی ترەوە "لۆرد کرۆمەر" کە خۆی کابرایەکی لیبراڵی بووەو نوێنەری بەریتانیابووە لەمیسر، ئەمانە هەموو وایکردووە هەموو ئەو دەسەلاتانەی لەوێ، لە میسردا حوکمیان کردووە، لاوازبن. بەهێزترین دەسەڵات ڕەنگە دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بووبێ، کە ئینگلیزەکانیش خۆمان دەزانین هەم حەزیان لەدیموکراتیەت و هەم حەزیان بە بواردان بەدەنگە جیاجیاکان هەیە. لەبەرئەوە میسر زۆر زۆر مەیدانێکی ڕەخساو، گونجاو و شیاوبووە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە دژی دەسەڵاتی عوسمانی، جا بۆ ئەوەی ڕاستیی ئەم قسەیە بسەلمێ، دەبێت سەرنج بدەین کەوا هەموو میللەتانی چەوساوە ئەوڕۆژانە لەمیسر ڕۆژنامەیان هەبووە. ئەرمەنەکان، عەرەبەکان، تورکەکان خۆیان ئەوانەی سەربە ئیتتیحادو تەرەققی بوون دژی سوڵتانی عوسمانی، هەموو ئەوانە ڕۆژنامەیان هەبووە، بە زمانەکانیتر گەر فەڕەنسی بێ یان ئینگلیزی یاخود غەیری ئەوە. بەکورتییەکەی، میسر لەگەشەدانێکی ڕۆژنامەنووسیی هێجگار زۆر بووە. لەبەرئەوە، زیرەکی میقداد مەدحەت لەوەدا بوو، توانی بەهۆی پەیوەندییەکانییەوە ئەو مەیدانە بدۆزێتەوە کە لەمیانیەوە تێکۆشێ و ڕۆژنامە دەربکات.

مەم: ئەی دواتر، هەڵاتنی بنەماڵەی بەدرخانییەکان بۆ ئەوروپا چۆن لێك دەدەیتەوە؟

فاروق: دیارە سوڵتانی عوسمانی نەك هەرتەنها دژی کورد، دژی گشت دوژمنەکانی گوشارەکەی زۆربووە، چونکە گوشاری عوسمانی بۆ سەر میسر مومکین بووە، چونکە خدێوی خۆی بەناوی سوڵتانەوە حوکمی دەکرد، لەبەرئەوە عوسمانییەکان جۆرە نفوسێکیان هەبوو لەمیسرا، واتە کەدەستیان بگەیشتایە هەرکەسێك بۆ زەختکردن، دەستیان دەگەیشت. لەبەرئەوە هەڕەشەو گوڕەشە گەیشتووەتە میقداد مەدحەت و ئەویش ڕۆیشتووە لە شوێنێکیتر ڕۆژنامەکەی دەرکردووە، دیارە نەك ئەوکات، ئێستایش باشترین شوێن بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە بە شێوەیەکی سەربەستانە ئەورووپایە.

**مەم: با بگەڕێنەوە بۆ ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دوای ئەوەی تەمەنی ئەم بزووتنەوەیە بووە (١٠٣) ساڵ، ڕۆژنامەنووسیی کوردیی چۆن هەڵدەسەنگێنی لەبواری ئەوەی هەواڵەکانی شەقام بگوازێتەوە بۆ خەڵکی؟**

فاروق: ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، بابڵێین ڕۆژنامە کوردییەکان، ئەگەر بەراوردیان بکەین بە ڕۆژنامەیەکی وەکو "الحیاة"، "الشرق الاوسط"، دەتوانین بڵێین ئێمە ڕۆژنامەمان نییەو نەگەیشتووینەتە ئاستی ڕۆژنامەی ڕاستەقینە، بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا نابێت چاو بپۆشین لەو بارودۆخانەی

کورد تیایەتی، کورد تائێستا ئیستیقراریەتی وەرنەگرتووە، تائێستا لەناو خۆیدا ناڕێکە، تائێستا دوژمنەکانی هەموویان چاویان خستۆتە سەری و دانیان بۆ تیژکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت تموحی ئەوەمان هەبێت هیچ نەبێت ڕۆژنامەیەکی پێشکەوتوو، هەر هیچ نەبێت لە شێوەی "هاوکاری" سەرەتای حەفتاکان بتوانین پێشکەشی خوێنەری کوردی بکەین، یان ڕۆژنامەی "النور"ی کۆتایی شەستەکان و"التاخي" حەفتاکان.

مەم: واتە بەگشتی ئەو ڕۆژنامە کوردییانەی ئێستا هەن، نەیانتوانیوە بگەنە ئاستی ڕۆژنامەی "هاوکاری"ی سەرەتای حەفتاکان؟!

فاروق: بەڵێ.. بەڵام هەندێك خاڵی گەشەدارمان هەیە..

دوو: بۆ کادیری حزبەکانی تر بۆ ئەوەی بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشن.

سێ: نووسراوە بۆ هاووڵاتی کوردی ساکار، ئەمەش وەك پروپاگەندەیەك بۆ حزبەکە، بەڵام وەك دەربڕێك لەهەست و سۆزو ئاوات و ئامانجی هاووڵاتی کوردی ساکار؛ شتی وای تیانییە.

مەم: ڕۆژنامەکانی لێرە دەردەچن، من وای دەبینم لێکچونێك هەیە لەشێوازیاندا، لەناوەڕۆکیاندا، لەخسوسیەتیاندا بەگشتی، واتە جیاوازییەکی ئەوتۆی جەوهەریی لە نێوانیاندا نییە. ئەمە لە کاتێکدایە نکوڵی ناکرێت سیاسەتی حزبەکان لێك جیاوازن، بەڵام ئەم جیاوازییە لەڕۆژنامەکەیاندا ڕەنگی نەداوەتەوە، کەتۆ وای دەبینی تەنها بۆ کادیرە حزبییەکانی خۆیانەو بۆ سیاسەتی حزبیی خۆیانە. واتە سیاسەتی حزبەکان لێك

## ئەگەر ڕۆژنامە کوردییەکان بە "الحیاة" و "الشرق الاوسط" بەراوردبکەین، دەتوانین بڵێین ئێمە ڕۆژنامەمان نییە

مەم: دیارە کەباس لە ڕۆژنامەو ڕۆڵی گرنگیی ڕۆژنامە دەکرێت، مەبەست ڕۆژنامەی ئازادە، بەڵام دەبینین ئەو ڕۆژنامانەی ئەمرۆ دەردەچن ڕۆژنامەی حزبین، یان گروپێکی دیاری کراو دەریان دەکەن. تۆ ئەگەر بتەوێت تەعبیر لە شەقام بکەیت و خواست و خەمی خەڵکی بڵاوبکەیتەوە، پێویستت بە ڕۆژنامەیەکی تەواو ئازاد هەیە، ئەویش لەبەرئەوەی کۆت و بەندی نییە.

فاروق: ئەو ڕۆژنامانەی ئێستا هەن، ئەڵێی بۆ کادیرێکی حزبی نووسراون، بۆ خوێنەرێکی شەقام نەنووسراون، نەنووسراون بۆ هاووڵاتی کوردی سادەو ساکار، واتە گوتاری ئەم ڕۆژنامانە لە جیاتی ئەوەی بۆ هاووڵاتی کورد بێت، بۆ کادیری حزبیی کوردە.

هەریەك لەو ڕۆژنامانە:

یەك: نووسراوە بۆ کادیری حزبی خۆیان کەبەردەوام پەیوەندی پتەوتر بکەنەوە لەگەڵ حزبەکەیاندا.

جیاوازن، بەڵام ڕۆژنامەکانیان لێکچوون و نزیکیان زیاترە وەك لە جیاوازیی، ئەمەیان چۆن؟

فاروق: وابزانم وەڵامەکەی پێشووم وەڵامە بۆ ئەم پرسیارەیش، مەسەلە لەگۆڕین و جیاوازیی ڕۆژنامەکان لەنەخشەو زمان و زاراوەو لە شێوازی نووسینی هەواڵەکاندا نییە، بەڵکو لەسیاسەتی ڕۆژنامەکەیە؛ کەسیاسەتی ڕۆژنامەکە دەیەوێ پروپاگەندەیەکی حزبییانە بکات. لێرەدا هەموو ڕۆژنامە حزبییەکان یەك دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە هەر ڕۆژنامەیەکی حزبی پروپاگەندە بۆ حزبەکەی دەکات، لەبەرئەوە ئەمە وادەکات کە لەیەك بچن.

مەم: واتەئێیشی ڕۆژنامەکانی ئێرە تەنها بۆ ئەو مەبەستەیە ڕای گشتی لە چوارچێوەی حزبدا دروست بکەن، وەك لەوەی ڕای گشتی بەمانا فراوانییەکەی دروست بکەن؟!

فاروق: بەمەفهومی خۆیان!

مەم: دیارە ئامانجی ڕۆژنامە جیاواز ترە، دروستکردنی رایگشتییە؛ بە جۆرێك فراوان و سەرتاپاگیربێ.

فاروق: دەبێت وابێت. ئەمانە بیر لەرای گشتی ناکەنەوە، سەرنووسەرێك کەرۆژنامەیەکی کوردیی حزبی دەبات بەرێوە، بیر لەوە ناکاتەوە رای گشتی دروست بکات، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن دیعایە بۆ حزبەکەی بکات.. لێرەدا وابزانم مەبەستەکە روونە.

مەم: دیارە ئەمڕۆ لەدنیادا ململانێییەکی زۆر بەهێز هەیە لەنێو ڕۆژنامەکاندا بۆ ئەوەی کامیان زووتر هەواڵێك بڵاوبکەنەوە. بەڵام ئەمرۆ و لەلای خۆمان زۆر هەواڵ هەن لەشەقامەکاندا کەوتوون، ڕۆژنامەی ئێمە یا کەمتەرخەمە لەگەیاندنی بۆ خەڵکی، یان لێیان بێئاگایە، ئەمەیان چۆن لێك دەدەیتەوە؟ بۆیە، تۆ پێت وایە ڕۆژنامەی ئێمە وەك پێویست هەواڵی شەقامی کۆکردبێتەوەو دابێتنی بەخەڵکی؟

فاروق: تائێستاو لەبەر هۆیەکانی پێشوو، ڕۆژنامەی ئێمە نەیتوانیوە لەهەواڵ تێبگات. تائێستا نازانێت هەواڵ چییەو چوارچێوەیەکی دانەناوە بۆ بەهای هەواڵ، بۆنمونە جاری واهەیە هەواڵێکی هێجگار گرنگ لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا دەخوێنینەوە کە شایەنی لاپەڕەی یەکە. جاری وایش هەیە هەواڵێکی پوچ لەلاپەڕەی یەك بڵاودەبێتەوە، بەڵکو شایەنی ئەوەیە هەر بڵاونەکرێتەوە. واتە مەبەستم چییە؟ مەبەستم ئەوەیە فەلسەفەی هەواڵ لەلای ئێمە خۆی نەگرتووە، هەواڵ کۆمەڵێك بەهاو رەگەزە؛ ئەوانە هەواڵ پێك دەهێنن و بڕیاردەدەن هەواڵێك بڵاوببێتەوە یاخود بڵاونەبێتەوە. ئەو شتانەی لای خۆمان بڕیاردەری بڵاوکردنەوەی هەواڵن، شتی سیاسین، یاخود لایەنی کۆمەڵایەتی؛ یاخود میزاجی شەخسییە، یاخود ئارەزووی جۆرە مەسئولێکە لەوەی هەواڵەکەی بڵاوببێتەوە؛ یاخود موجامەلەی سەرنووسەرێکە بۆ لێپرسراوێکی موعەیەن. ئەمانە بڕیاردەدەن لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ! ئەگەرنا حەقیقەتی هەواڵ جیاوازە، هەواڵ دەبێت هەر هیچ نەبێت پەیوەندی بەخوێنەرانەوە هەبێت، کە ئێمە زۆر هەواڵ دەبینین لە ڕۆژنامەکاندا هیچ پەیوەندییان بەخەڵکی ساکارەوە نییەو هیچ شتێك لەلایان ناگەیەنێت، کەچی بڵاویشی دەکەنەوە، رەنگە بە مانشێتێکی گەورەیش بڵاویبکەنەوە، هەڵبەتە هۆکارەکانیش روونن..

مەم: زۆر جار؛ یان ڕۆژنامەکە یان ئەو ڕۆژنامەنووسەی ئیشی کۆکردنەوەی هەواڵە، گلەیی ئەوە دەکات هەواڵ نییە! تۆ ئەوە بەچ جۆرە پاساوێك دادەنێیت؟!

فاروق: بەرای من ئەمڕۆ کوردستانی خۆمان، کوردستانی عێراق ئەوەندە هەواڵی تیایە کەدەتوانیت دە ڕۆژنامەی پێدەربکەیت، نەکرۆژنامە. بۆنمونە، سەربکە بەهەر هۆڵێکی هونەرییدا، سەربکە بەهەر هۆڵێکی رۆشنبیرییدا چالاکیی بەردەوامە، بەردەوام هەموو رێکخراوەکان هەموو خەڵکی لەپەرۆشی ئەوەن چالاکی بنوێنن وداهێنان بگەیەننە خەڵکی، کەچی ڕۆژنامەکان ڕۆشنایی ناخەنە سەر ئەو چالاکییانە، مەبەستم ئەوەیە نەیانتوانیووە بەقوڵی ڕۆبچنە نێو هەواڵەکانەوە.

مەم: ئەوەیان بەدیوێکدا کەباس لەچالاکی دەکەیت، بەڵام هەندێك هەواڵ هەیە ڕۆژنامەنووسەکە خۆی کەبۆنی هەواڵ دەکات و حسێکی ڕۆژنامەنووسییانەی هەیە، هەواڵ دروست دەکات، ئەوەیان چۆن دەبینی؟ بۆنمونە، لەچاودێری ڕووداوێکدایە؛ یاخود بەدوای ڕووداوێك دەکەوێت و دواتر لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیی لە کەسێك وەردەگرێت کە هەندێك راستیی لەبارەی ڕووداوەکەوە بۆ ئاشکرا دەکات؛ کەدواتر ئەمە دەبێتە هەواڵ..

فاروق: خۆی هەواڵ چی دروستی دەکات؟ هەواڵ لە چالاکییەوە دروست دەبێت، یاخود لەڕووداوێکەوە، یاخود لەلێدوانی لێپرسراوێکی گەورەوە دروست دەبێت.

**نەبوونی هەواڵ لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا؛ بۆ کەمتەرخەمی سەرنووسەرەکان دەگەڕێتەوە**

مەم: رەنگە رووداوەکە نهێنی بێ، تۆ دواتر دەتوانی لە رێی بەدواداچوون و وەرگرتنی لێدوانەوە ئاشکرایبکەیت و بیکەیتە هەواڵ.

فاروق: ئەوە هەواڵ نییە، بۆنمونە من بیرلەوە دەکەمەوە کە گەشتوگوزار لەکوردستاندا لەبارێکی ناهەمواردایە، ئەوە هەواڵ نییە من بچم ریپۆرتاجێك لەوبارەیەوە بکەم، ئەوە هەواڵە کە وەزیری شارەوانیی بۆنمونە رایبگەیەنێت لە ئەمرۆ بەدواوە گروپی گەشتوگوزاری بێگانە بۆ گەشتوگوزار دێنە کوردستان.

مەم: من قسەم لەسەر ریپۆرتاج نی یە. گریمان کەسێك تیرۆرکراوەو هیچ هەواڵێکیش لەبارەی تیرۆرکردنەکەیەوە نییە، گریمان "س" کەسە تیرۆرکراوەکەیە، تۆ دەچیت بەدوای چارەنووسی "س"دا دەگەڕێیت و گومان دەکەیت لەون بوونی، دەچیت لێدوانێك لەکەسێکی ئاگادار لەرووداوی تیرۆرکردنی "س" وەردەگریت، ئەویش لەلێدوانەکەیدا پێت رادەگەیەنێت: بەڵێ، پێش چەند سەعاتێك "س" تیرۆرکراوە.. کاتێك کەتۆ ئەو رووداوی تیرۆرکردنە - بێگومان دوای دڵنیابوون لەراستیی هەواڵەکە - بلاودەکەیتەوە، ئەو لێدوانە لەخۆیدا دەبێتە هەواڵ. لێرەدا مەبەستم لەماندوبوونی رۆژنامەنووسەکەیە کەبەدوای هەواڵدا دەگەڕێت، بەلام بەگشتی رۆژنامەنووسیی ئێمە تەمبەڵییەکیان تێدایە کەنەك هەربەدوای هەواڵدا ناگەڕێن، بەڵکو کەمتەرخەمی لەبلاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەشدا دەکەن کەدێنە بەردەستیان!

فاروق: بەڕای من کەمتەرخەمییەکە لەرۆژنامەنووسەکانەوە نییە، کەمتەرخەمییەکە لەسەرنووسەرەکانەوەیە؛ بۆنمونە - وەك وتم - کوردستان پڕە لە هەواڵ؛ سەرنووسەرەکە ئەگەر چوارپێنج رۆژنامەنووس تەرخان بکات بۆ کۆکردنەوەیان، دەتوانێت رۆژانە هەریەك لەو رۆژنامەنووسانە بۆ چەند وەزارەتێك بنێرێت کە هەر چالاکییەکیان هەبێت، هەر هەواڵێکیان هەبێت بیهێنێت بۆ رۆژنامەکەو بایەخی پێبدرێ و بلاوببێتەوە. بەلام وابزانم لێرە تەقلیدی وانییە.

مەم: قسەیەك هەیە کەبووە بەباو و رۆژنامەنووسان بەردەوام دەیلێنەوە؛ ئێمە رۆژنامەی ئازادمان نییە.. دەکرێت تیشك بخەیتە سەر ئەو لایەنە؟ لای تۆ رۆژنامەی ئازاد چییە؟

فاروق: ئەم قسەیە کە رۆژنامەنووسان بەردەوام دەیلێنەوە، وابزانم ئەوە دەنوێنێ ئێستا ئێمە پێویستمان بەرۆژنامەیەکی ئازادو سەربەخۆ هەیە؛ بێلایەنانە بروانێتە شتەکان، واتە مەبەستمان چییە، بارۆژنامەیەك لەسلێمانی یاخود لەهەولێر یاخود لەدهۆك دەربچێت، بەلام مۆرکی حزبایەتی پێوە نەبێت، هەواڵەکە بەزاراوەیەك دانەڕێژرابێ کەبۆنی حزبایەتی لێوە بێ و هەواڵەکە بەشێوەیەکی مەوزوعیانە و بێلایەنانە تۆماربکرێت و گشت رووبەری کوردستان بگرێتەوە. رۆژنامەی ئازاد بەوشێوەیە دروست دەبێت.

مەم: جگەلەوە هەندێك نهێنی هەیە، رۆژنامەنووس مافی سەربەستیی زانینی هەیە؛ بۆ گەڕان بەناو هەموو دۆکیۆمێنتەکاندا، ئەوەیش هۆکارێکی ترنییە دەکرێت لێیەوە بەردەوامی بە دەرچوونی رۆژنامەی ئازاد بدات؛ کە ئێمە هیچیانمان نییە؟

فاروق: یەکەم هەلومەرجی ئازاد ئەوەیە تەمویلەکەی سەربەست بێ، لەلایەنێکی حزبییەوە نەهاتبێت. تۆ (مەبەست هەر ڕۆژنامەنووسێکە - مەم) ئەگەر ناچارنەبێت دەست لەحزبێك پان بکەیتەوە، دەتوانی هەواڵەکان بەشێوەیەك دابڕێژیت و بڵاویانبکەیتەوە نەکەوتبیتە ژێر کاریگەریی هیچ حزبێك. جگەلەوە دەبێت ئێمە جۆرە یاسایەکمان هەبێت بۆ ڕۆژنامەنووسیی کەڕۆژنامەنووسەکان بپارێزن، ڕۆژنامەکان بپارێزن، بێ ئەوەی کەس موحاسەبەی بکات. ڕۆژنامەی ئازاد دەبێت لەبارودۆخ و کەشوهەوایەکی ئازاددا بێت.

مەم: کەواتە بەرلەوەی داوای دەستەبەرکردنی لایەنی مادی بکەین بۆ دەکردنی ڕۆژنامەیەکی ئازاد، پێویستە کۆمەڵێك بنەمای ترهەبن؛ لەوانە پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەنووس...

فاروق: هەمووی.. دەبێت لە یەك کاتدا هەبن.

مەم: باشە.. چۆن ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەبینی کە سەدو سێ ساڵ بەسەر تەمەنیدا تێپەڕیوە؟ دیارە پێشتر باسمانکرد یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەتاراوگە دەرچووە، وای نابینی یەکەمین ڕۆژنامەی ئازاد کە بچێتە نێو تەواوی حەقلە جیاجیاکان و نهێنییەکان بدرکێنێ و هەواڵەکانی شەقام بۆ خوێنەری کورد بگوێزێتەوە، ئەویش هەر لەتاراوگەدا دەربچێ؟!

فاروق: دەتوانم بڵێم بەداخەوە وادیارە .. ئەگینا ئێستا بارودۆخ لەبارە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی ئازادی تیا لەدایك بێت، شیاوە لەلایەنی ئەوەی کە ئەو ڕۆژنامەیە دەتوانێت دەربڕبێت لەهەستی نەتەوەیی، لەوەی تێکۆشێ بۆ کوردایەتی نەك حزبایەتی؛ کەچی تائێستا لەدایك نەبووە، مانای ئەوەیە بەداخەوە هەر لە هەندەران دەبێت.

مەم: یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو حاڵەتە بۆ کاڵبوونەوەی هەستی نەتەوەیی لەلای ڕۆژنامەنووسیی کورد یان خوێندەوارانی کورد ناگەڕێنیتەوە؟

فاروق: ماوەیەکە دێتە گوێم هەستی نەتەوەیی لەلای خوێندەوارانی کورد - بەتایبەتی لاوان - کاڵبووەتەوە؛ یاخود سست بووە. من بەم رایە سەرم دەسوڕمێ، چونکە گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی هەرگیز هەستی نەتەوایەتی لەلای کورد لاوازنابێت؛ لەبەرئەوە عاجبایەتیم لە بۆچوونی وادێت.

مەم: هەندێك ئەوە بەیەکێك لەهۆکارەکان دەزانن.

فاروق: من بزانم هەستی نەتەوایەتیمان هەربەرزەو هیچی بەسەرا نەهاتووە.

مەم: کەواتە دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە بەبڕوای تۆ هەستی نەتەوەیی کاڵ نەبووەتەوە، بەڵکو هەستە حزبییەکە بەسەریدا زاڵە.

فاروق: بەڵێ.

مەم: لەهونەردا یاخود لەئەدەبدا بنەمایەك هەیە؛ ئەویش ئەوەیە: مەرج نییە کەسی نێرەر ئیتر هونەرمەندبێت یاخود ئەدیبێك بێت، کاتێك گوتارێك لەرێی بەرهەمێکییەوە ئاڕاستەی وەرگردەکات. مەبەست نمایشکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەیەتی. پێویست ناکات بێتە ئاستی هوشیاریی و خواستی وەرگرەکەی، واتە بزانێت وەرگر چی دەوێت ئەوە پێشکەش بکات؛ کە زۆر تەوژمی جیاجیای ئەدەبی و هونەریی هەموو بەو ئاڕاستەیە کاریان کردووە؛ کەبەرهەمەکانیان لەسەرو خواستی وەرگرەکانیانەوە بووە، پرسیارەکە ئەوەیە: پەیامی ڕۆژنامەنووسیی و کاری ڕۆژنامەنووس لەوەدایە کار بۆ ئەوە بکات بزانێت وەرگرەکەی چی دەوێت و لەئاستی داخوازییەکانیاندا بێت. دەکرێت لایەنە جەوهەرییەکانی ئەو جیاوازییە دەست نیشان بکەیت؟

فاروق: نازانم..

مەم: بۆ نمونە تۆ چیرۆکێك دەنووسیت؛ ملکەچ نیت بەوەی بزانیت وەرگرەکەت چی دەوێت، بەڵام کە ڕیپۆرتاجێك دەنووسیت یان هەواڵێك بڵاودەکەیتەوە، حساب بۆ خواستی وەرگرەکەت دەکەیت.

فاروق: بەداخەوە نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی جۆرە راپرسییەك رێك بخەین و بزانین وەرگر چی‌دەوێت. وەرگر، بێگومان لەلای ئێمە هاوولاتی ساکارە کە دوورە لەرۆشنبیریی و حزبایەتی و.. کەزۆربەی کۆمەڵەکەمان دەگرێتەوە دوورن لەو قاڵبانەی ناسراون. مەبەستم چیە؟ مەبەستم ئەوەیە، دەبێت بگەینە جۆرە دارشتنێك بۆ دۆزینەوەی ئارەزووەکانی وەرگر تابە پێی ئەو ئارەزووانە کاربکەین. لەرۆژنامەگەرییدا شتێك هەیە پێی دەڵێن "Feed Back" بەعەرەبی "رجع الصدى" واتە دەنگدانەوە. بۆنمونە ئێمە کارێکی رۆژنامەوانی دەکەین.. بڵێین رۆژنامەیەك دەردەکەین. کێشەکە لەوەدایە، لەوانەیە هەشت ساڵ ئەو رۆژنامەیە دربچێت بێ ئەوەی بیر لەوەبکەیتەوە کەوا خوێنەرەکانت کێن؟! چین؟ چییە ئارەزوویان؟ چیان دەوێت؟ رازین بە رۆژنامەکە؟ .. چونکە تۆ رەنگە گرنگی نەدەیت بەوەی چەند لە رۆژنامەکەت فرۆشراوە؟ چەندی گەراوەتەوە؟ چەندی فرێدراوە..؟ ئەوە خۆی لە خۆیدا دەردێکە، چونکە کەکاری رۆژنامە دەکەویت، دەبێت چاوت لە دووشت بێت. یەك: لەژمارەی نەفرۆشراوی رۆژنامەکەت و گەرانەوەی ژمارەی ئەو دانانەی کە دەگەرێنەوە. دوو: چاوت لە خوێنەربێت، دەبێت هەر جارناجارێك ئیستیتلاعێك بکەیت بزانیت خوێنەر چی‌دەوێت. وابزانم ئەوکارە زۆر زەحمەتیش نییە. بۆ نمونە تۆ لە رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" دانیشتویت، تەلەفۆنت لەژێر دەستدایە، دەتوانیت پەنجا ژمارەی هەرەمەکی هەڵبژێریت لەتەلەفۆنەکانی شاری سلێمانی و ژمارەکە لێبدەیت و پرسیار لەو ماڵانە بکەیت و بپرسیت رۆژنامەکە دەخوێننەوە یان نا؟ کە دەیخوێننەوە رازین لەسەری یان نا؟ کەنارازین ئەی چییان دەوێت؟ ئەوە شتێکی زۆر زەحمەت نییە، بەڵام کەس بیری لەشتێکی واکردووەتەوە؟! نەخێر بڕواناکەم، نایشیکەن.

مەم: بۆ نایکەن؟ هۆکارەکەی چییە؟

فاروق: هۆکارەکەی ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ تەمویلی رۆژنامەکە، بەڕای من حزبێك پارەیەکی زۆر تەرخان دەکات بۆ رۆژنامەکەی..

مەم: بەڵام حزبیش مەبەستیەتی بزانێت وەرگرەکەی. کەخوێنەرە یان جەماوەرەکەیەتی. چی دەوێت؟

فاروق: کێشەکە لەوەدایە حزبەکە دەیەوێت پروپاگەندە بۆ خۆی بکات، ئیتر ئەو پروپاگەندەیە سەرکەوتوویێت، سەرکەوتوونەبێت، بیر لەوە ناکاتەوە. بەڕای من چارەسەری ئەوە، ئەوەیە حزبەکە پارەیەکی زۆر تەرخان نەکات بۆ رۆژنامەکەو هەر رۆژنامەیەك هەوڵبدات پشت بەخۆی ببەستێت، پشت بەتەمویلی خۆی ببەستێت، لەرێی ئیعلانەوە، لەرێگای ئیشتراکاتەوە، لەرێگای ئەو چالاکیانەی دەیانکات. ئەوکاتە رۆژنامەکە سووردەبێت لەسەر ئەوەی کەوا هەردانەیەکی بگاتە دەستی خوێنەرێك، دەیەوێت پارەکەی نەداتە رۆژنامەیەك کە سوودی لێ نابینێ.

مەم: هەر لەم بارەیەوە چییە بۆ ئەمڕۆی رۆژنامەنووسیی کوردی چ پێشنیازێکت هەیە؟

فاروق: پێشنیازم ئەوەیە گوێبدەن بەهونەری رۆژنامەنووسیی کە دەبینم زۆر گوێیان پێنەداوە، بۆنمونە چۆنیەتی دارشتنی هەواڵ، چۆنیەتی ناونیشان، چۆنیەتی مانشێت، گوێ بەم شتانە نەدراوە، چۆنیەتی وێنە. بۆنمونە جاری واهەبووە بینیومە لەلای ئێمە بەرپرسێك باڵای کورتە، پێشوازی لەبەرپرسێکی بیانی کردووە کەباڵای بەرزە، کەچی ئەو وێنەیەی لەرۆژنامەکەدا بڵاوبووەتەوە، وێنەی هەردووکیانە کە چاك و چۆنی دەکەن؛ کە بەرپرسە کوردەکە باڵای نیوەی باڵای بیانییەکەیە. لەلای خوێنەری کوردو لەلای هاوولاتی کورد، وێنەیەکی لەوجۆرە رەنگدانەوەی زۆر خراپی دەبێت، بەڕای من هیچی تیانابێت ئەگەر وێنەکەیان بەدانیشتنەوە بڵاوکردبێتەوە؛ کە دیارنابێت کامەیان

باڵای بەرزەو کامەیان باڵای کورتە، مەسەلەکە لە شێوەیاندا نییە، مەسەلەکە لەوەدایە کوردەکە دەڵێت من بۆ باڵام کورتەو بیانییەکە بۆ باڵای بەرزە.. چونکە تۆ (مەبەست هەرهاووڵاتییەکە ــ مەم) لەرێی بەرپرسەکەی خۆتەوە نەتەوەکەی خۆت دەپێوی.

مەم: لەتەوەرێکی تری پرسیارەکانمدا، پێم باشە تیشك بخەیتە سەر رۆڵی هەریەك لەو سەندیکاو رێکخراوانەی بە ناوی رۆژنامەنووسیەوە هەن. تا چەندە دەتوانن مافی رۆژنامەنووس بپارێزن، لەکاتێکدا رۆژنامەنووس پێویستی بەکەسێك یان یاسایەك یان دەزگایەك هەیە داکۆکی لەمافەکانی بکات. بۆنمونە، رۆژنامەنووسێك کەلەکەناڵێکدا کاردەکات سبەینێ بە بیانوویەك فڕێ دەدرێتە دەرەوەی دەزگاکەی بێ ئەوەی هیچ حسابێکی بۆ بکرێت، تۆ لەوبارەیەوە چی دەڵێی؟!

فاروق: ئەو سەندیکاو رێکخراوانەی هەن هەموویان بۆ پروپاگەندەن، هیچیان وجودی فیعلییان نییە، بڕواناکەم توانیبێتیان پشت بەیاسای بەهێز ببەستن.

مەم: ئەی دەربارەی هەقی زانین بەنیسبەت رۆژنامەنووسانەوە چی دەڵێی؟ واتە ئەو فزوڵیەتەی رۆژنامەنووس هەیەتی بۆ دەستکەوتنی زانیاری؛ کەرێگای بۆ خۆش بکرێت تا بەئاکام بگەیەنرێ، پێشنیازت لەوبارەیەوەچییە بۆئەوەی یاسایەك هەبێت رێگا بەرۆژنامەنووسی کورد بدات ئەو مافەیان هەبێت، سنوورەکانی مافی زانینیان فراوان بکرێت؟

فاروق: ئێستا لەجیهاندا ململانێی ئەوە هەیە زانیارییەکان هەمووی نەخراونەتە بەردەم جیهانی سێیەم، جۆرە شاردنەوەیەك هەیە بەنیسبەت ئێمەوە. ئەوە دەمێنێتەوە سەر عەقلیەتی خۆمان وەك رۆژنامەنووس، پێش ئەوەی بمێنێتەوە سەر عەقلیەتی ئەوانەی خاوەن زانیارییەکانن. لەسەرەتاوە باسمکرد کە تائێستا سەرنووسەرەکانی ئێمە رۆژنامەنووسەکانیان نانێرن بۆ وەزارەتەکان تا موشە موش بکەن؛ بزانن چ هەواڵێك هەیە، یان چ زانیاریو رووداوێك هەیە لەو بوارانەی وەزارەتەکان دەیانبەن بەرێوە.

مەم: بەڵام ئەگەر رۆژنامەنووسان ئەو هەستەیشیان لەلادروست بووبێ و بەو مەنتیقە کاربکەن کە باستکرد؛ هێشتا کەمە، چونکە کەناڵەکان یان دام و دەزگاکان کەتەعمیم کرابێت بەسەریاندا هیچ هەواڵێك نەدەنە رۆژنامەنووسان، ئەو هەوڵە پوچەڵ دەکاتەوە، ئەوەیان چۆن دەبینی؟ ئایا لەو حاڵەتەدا رۆژنامەنووس هیچی دەسگیردەبێت؟

فاروق: هەردەگەرێمەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی رۆژنامەگەریی (واتا بوون بە دەسەڵاتی چوارەم ــ مەم) لە دڵفراوانی دەسەڵاتی فیعلییەوە دروست دەبێت. واتە ئەگەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دڵفراوان بێت، حەزبکات رۆژنامەگەریی دەوری هەبێت، دەبێت کەشوهەوایەکی وا دروست بکات زانیارییەکان بدرێن بە رۆژنامەو بڵاوبکرێنەوەو بگەیەنرێنە خەڵکی. بەرای من، یەکێك لەو شتانەی لەیاسای سیستمی جیهانیی تازەوەیە، ئەوەیە دەبێت جۆرە شەفافیەتێك و جۆرە صەراحەتێك هەبێت؛ گەیاندنێکی راستییانە هەبێت بۆ خوێنەران.

مەم: پێشتر باست لەوەکرد؛ ئەگەر رۆژنامەکانی لای خۆمان بە "الحیاە"و "الشرق الاوسگ" بەراوردبکەین،

## رۆژنامەکانی ئێمە دەڵێی بۆ کادری حزبی نووسراون و نەیانتوانیووە بگەنە مرۆڤی سادەی کورد

ئێمە ڕۆژنامەمان نییە؛ کە دیارە هۆکارەکەی بۆ نەبوونی ڕۆژنامەی ئازاد دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە: پێت وایە ئەگەر ڕۆژنامەیەکی ئەهلیمان هەبێت و ئازادانە هەواڵ بڵاوبکاتەوەو قسەی خۆی بکات، ئەوکات دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەمان هەیە؟

فاروق: من نازانم باری ئێستا زۆر گونجاوە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی ئازاد. مەبەستمان چی‌یە لەئەهلی؟ مەبەستمان ئەوەیە بێلایەن بێت؛ و گشت ئامانج و خواستەکانی ڕۆژنامەنووسیی بەجێبهێنێ، واتە ببێتە کارمەندێکی کاریگەر لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، بەڕای من ئەو ڕۆژنامانەی ئێستا هەن - وەك پێشتر باسمکرد - کاریگەرنین لەکۆمەڵی کوردەواریدا. لەبەرئەوە پێویستمان بەڕۆژنامەیەکە بچێتە نێو خەڵکییەوەو کاریگەریی هەبێت بەسەریانەوەو ڕای گشتی دروست بکات، قەناعەت بگۆڕێ‌و قەناعەتی تازە دروست بکات.

مەم: دەشێت پێمانبڵێیت چۆن ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی ئازاد دروست دەبێت؟

فاروق: یەکەم شت دەبێت مەسئولەکان دڵیان گەورەبێ و لەرەخنەو لەراستی نەسڵەمێنەوەو ترسیان لێی نەبێت؛ بەو ئیعتیبارەی خۆشیان وادەڵێن؛ کەوا دەیانەوێ ڕاستی جێبەجێ بکەن. کاتێك کەڕاستی جێبەجێبکرێت، دەبێت ڕۆژنامەنووسیش ببێت بە پاڵنەرێك و پاڵپشتێك. لەبەرئەوە ڕۆژنامەنووسەکە ئۆتۆماتیکی لەخزمەتیاندا دە بێت. لەخزمەتی بۆچوونەکانیاندا. دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی بێلایەن بەبڕوای من حزبەکان ناتوانن و حکومەتەکانیش ناتوانن، بەڵام ئەگەر دەوڵەمەندەکانمان بیر لەوەبکەنەوەو بێنە پێشەوە بۆ ئەم مەیدانە، زۆر شتێکی باش دەبێت، وابزانم هەروەکو چۆن لەشوێنانی تری جیهانیشدا دەرکردنی ڕۆژنامە کارێکی بازرگانییە، کەواتە بازرگانەکانی خۆیشمان ئەگەر بیر لەکارێکی وابکەنەوە بەهۆیەوە سودمەنددەبن، ئەوان تەنها ئەو کەشوهەوایەی بۆ دابین بکەن؛ کە:

یەك: ڕۆژنامەکە بێلایەن بێت. دوو: خەڵکی لێی ڕازی بن. سێ: بەهەموو ئەو ناوچانەدا بڵاوبکرێتەوە کە کوردیان تیا دەژی. ئەوکات بەڕای من دەبێتە پرۆژەیەکی بازرگانی بۆ دەوڵەمەندەکان کە سەرمایەیەکی زۆریان بۆ دەستەبەردەکات. جابۆیە تێناگەم بۆ دەبێت لە پرۆژەیەکی وا دوودڵ بن. ڕاستە نائارامی وەزعی کوردستان لەوبارەیەوە دەوردەبینێ، بەڵام وابزانم ئەگەر لەپایتەختێکی جیهانییەوە دەریبکەن کەبەزمانی کوردی بێت، ئەوکات زۆر ئاساییە بەسەرگشت شوێنە ناکۆکانی کوردستاندا دابەشی‌بکەن، بەڵام دەبێت ڕۆژنامەنووسەکان تیایدا زیرەکانە بیرو بۆچوونەکانی خۆیانی لێوە بخەنە ڕوو و کاری تیابکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت خەڵکەکەیش لەبیرنەکەن کە چییان دەوێت. جگە لەوە من بزانم ڕۆژنامە خۆی پارەکەی دەردەکات، بۆنمونە ئیعلانات بەشێکی زۆری تێچووی ڕۆژنامەکە دەگرێتەوە، جگەلەوە هەڵمەتێکی بۆ بکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئیشتراکات؛ جگە لەوەیش ڕۆژنامە زۆرجار دەتوانێت خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات کە لەمیانییەوە داهاتێکی تری بۆ زیاد دەبێت. من بزانم دەتوانین ڕۆژنامە لەڕوانگەی دەوڵەمەندەکانەوە وا تەماشای بکەین پرۆژەیەکی بازرگانییەو زەرەری تیاناکەین.

مەم: باست لەوەکرد ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئەگەر لەدەرەوەی وڵات دەربچێت، دەشێ بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دابەش بکرێت، بەڵام ئەگەر گریمان لەم ناوچەیەدا کە یەکێتی باڵادەستە ڕۆژنامەیەك دەربچێت کە هەڵگری ئەو لایەنە جەوهەرییانە بێت کە لە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئازاددا هەیە، پێت وایە بتوانێت بچێتە چوارچێوەی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی پارتی‌یەوە، بەتایبەتی لەحاڵەتی بوونی شەڕدا؟

فاروق: شتێك نییە ناوی ناوچەی پارتی و ناوچەی یەکێتی بێت.

مەم: مەبەستم ئەو ناوچانەیە کە یەکێتی تیایدا باڵادەستە؛ لەگەڵ ئەو ناوچانەی پارتی تیایدا باڵادەستە؛ کەبەداخەوە ئەمڕۆ ئەوە بووەتە واقعێکی تاڵ.

فاروق: زۆر ئاساییە ئەگەر ڕۆژنامەیەکی ئازاد دەربچێت ئیتر لە سلێمانی بێت یان لە هەولێر، یان لە هەر شوێنێکی‌تر، بەڵام دەبێت هێزی بەرامبەر کە لەبەرامبەر هێزی ئەم ناوچەیەدایە، وەك وتمان ئەگەر ڕۆژنامەیەکی ئازاد لەم ناوچەیەدا دەربچێت، دەبێت هێزی بەرامبەر وازبێنێت لەعەقلیەتی پیلانگێڕیی کەباوە لەناوماندا، کەلە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا باوە، کەوا تێدەگات شتێك لەبەرانبەرەکەوە بێت، لە چوارچێوەی بەرانبەرەکەیشیەوە بێت ئەوە پیلانێکی تیایە ! بۆیە، دەبێت واز لەو عەقلیەتە بهێنرێ‌و بەتێڕوانینێکی تر تەماشای ڕۆژنامەیەکی لەوجۆرە بکرێ؛ کەباسکرا. هەروەها ئەگەر لەناوچەکانی ئەولایش لە هەولێر ڕۆژنامەیەکی لەوجۆرە دەربچێت، دەبێت هێزو لایەنی ئەملایش بەو ئاڕاستەیە بیرنەکاتەوە کەپیلان لەکارێکی وابگرێت. بۆیە، دەمەوێت بڵێم: دەبێت ڕۆژنامەکە خۆی ناوبژیکەربێت نەوەك لایەنگرو تۆوی گومان بچێنێت.

مەم: ڕۆژنامە بێ‌بەش نی‌یە لەسیاسەت، ڕۆژنامەی ئازادیش بێگومان سیاسەتێك دەیبات بەڕێوە. ئەگەر لەوەزعی سیاسیی کوردستان بڕوانین، ئەو ململانێیەی لەنێوان هەردوو حزبە سەرەکیەکەی کوردستاندا هەیە؛ کە ئێستا هێوربووەتەوەو زیاتر لەسێ ساڵە ڕێکەوتنی واشنتۆن لەنێوانیاندا هەیەو ئیمزاکراوە، بەڵام تائێستا بڕگەیەکی وای لێ جێبەجێنەکراوە تەواوی کێشەکان چارەسەر بکاو جێگای دڵخۆشی بێت، بۆیە گریمان لەم بارودۆخەدا ڕۆژنامەیەکی ئەهلی هەیە کە تەواو ئازادەو لەم ناوچەیەدا دەردەچێت، (هەرچەندە چەند مانگێکە هەفتەنامەی هاوولاتی هەیە کە هەفتەنامەیەکی ئەهلی‌یە، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لەوەیە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ڕاشکاوانە پەنجە بخاتە سەر دیاردەو کێشە سیاسییەکانی نێو هەردوو حزبی باڵادەست و لە حاڵەتێکدا یەکێکیان تاونباربکات).

ئەم ڕۆژنامەیە کاتێك قسە لەسەر ڕێککەوتنی واشنتۆن دەکات، بۆ نمونە لەهۆکاری جێبەجێنەکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنی ناوبراودا پارتی تاوانباردەکات، پێتوایە لەوحاڵەتەدا ئەو ڕۆژنامەیە بگاتە ناوچەی دەسەڵاتی پارتی؟

فاروق: تاوانبارکردنی لایەنێك خۆی لەخۆیدا دەبێتە ئینحیاز.

مەم: ئەوە ئاشکرایە کە ڕۆژنامەی ئازاد نابێت بە هیچ شێوەیەك تەحەیوز بکات، بەڵام پێت وایە (وەك ئەوەی کەبەنمونە هێنامەوە) نابێت تەحەیوز بەلای ئەولایەنەشدا بکرێت کە پێدەچێت لەسەر حەق بێت، زیاتر مەبەستم لەوەیە.. واتە تۆ وای دەبینی ڕۆژنامەی ئازاد دەبێت لەبەرامبەر زۆر حەقیقەتدا بێدەنگ بێت؟

فاروق: مەبەستم ئەوەیە هەواڵەکان بڵاوبکاتەوە، ئیتر هەواڵەکان بەخراپ دەشکێنەوە سەر لایەنەکەی‌تر یان بەباشە، گرنگ ئەوەیە بڵاوییبکاتەوە.

مەم: بەڵام ئەرکی ڕۆژنامە تەنها بڵاوکردنەوەی هەواڵ نییە، ڕەئیش یەکێکە لەخەسڵەتەکانی تری ڕۆژنامە.

فاروق: لەم بارە ناسکەی کوردستاندا، باشتروایە لەڕەئی دووربکەوینەوە، چونکە ڕەئی بدەیت بێگومان ڕەئەکەت عاتفی دەبێت و لەبەرژەوەندی لایەنێك و لەدژی لایەنێك دەبێت، لەبەرئەوە ڕەئی نەدەیت باشترە.

مەم: کەواتە ئەگەر ئێمە بشبینە خاوەن ڕۆژنامەی ئازاد، دەتوانین بڵێین ڕەئی کەیەکێکە لەئەرکەکانی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەکەمان لێی بێ‌بەش دەبێت، لەبەرئەوەی بەپێی نزیکبوونەوە لەو بۆچوونەی پێشتر خستەڕوو، ئەگەر ڕەئی بدەین بەردەوام بوونی ڕۆژنامەکەمان و هاوکات فراوانبوونی ڕێژەی

## سەرنووسەرێك كە رۆژنامەیەكی كوردی دەبات بەڕێوە، بیرلەوە ناكاتەوە رایگشتی دروست بكات؛ بەڵكو بیر لەوە دەكاتەوە چۆن پڕوپاگەندە بۆ حزبەكەی بكات و لێپرسراوەكانی رازیبكات.

خوێنەرانی، لەرووی بڕینی سنووره جوگرافییەكان زەحمەت دەبێت؟

فاروق: مەبەستم چییە؟ دەتوانیت لەمیانی رۆژنامەكەتەوە راستییەكان بڵاوبكەیتەوە، ئیتر باخۆی رای گشتی دروست ببێت، پێویست ناكات وەك رۆژنامەنووسێك لەرێی رەئەوە خەڵكەكەی پێ تێر بكەیت، گرنگ ئەوەیە لەمیانی راستییەكانەوەو بەهۆی خەڵكەوە، رای گشتی دروست بكەین.

مەم: هەریەكێك لەو رۆژنامانەی كە ئەمرۆ هەن زمانحاڵی حزبەكانن، وەك پێشتر باست كرد هەموویان پڕوپاگەندە بۆ حزبەكانیان دەكەن؛ كە توانیویانە رای نوخبەیەكی حزبی و لە چوارچێوەی كادیرو دۆستەكانی حزبەكەیاندا دروست بكەن، پێت وایە ئەگەر رۆژنامەیەكی ئازاد سیاسەتێك تەرح بكات كە یەكانگیرنەبێت لەگەڵ سیاسەتی سەرتاپای حزبەكاندا؛ بتوانێت رای ئەو نوخبە حزبییەش بۆ خۆی كێش بكاو رایەكی گشتی فراوانی سەرتاسەریی لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە؟

فاروق: من بزانم تەقاتوع نییە لەنێوان بۆچوونی رۆژنامە حزبییەكان و ئەو رۆژنامە ئازادەی كەدەمانەوێت، هەموویان دەیانەوێت بۆ كورد شتێك بكەن، لەبەرئەوە ئەگەر رۆژنامەیەكی ئازاد هەبێت، بەئاسانی دەتوانێت خوێنەری هەریەك لەو رۆژنامانە بۆلای خۆی رابكێشێت.

مەم: بەڵام دواجار هەر دەگەڕێینەوە بۆئەوەی كە ئەگەر رۆژنامەی ئازادمان هەبێت ناكرێت رۆژنامەی رەئی بێت، بەڵكو تەنها رۆژنامەی هەواڵ دەبێت.

فاروق: بێگومان.. دەبێت رەچاوی هەموو بارودۆخەكەی خۆت بكەیت كە رۆژنامەكەی لێ دەردەچێت، بۆئەوەی بتوانیت لە پڕۆژەیەكی لەو جۆرەدا سەربكەوێت.

مەم: بەڵام لەهەمان كاتداو لەساتەوەختی یەكەمدا دەركردنی رۆژنامەیەكی لەوجۆرە كە تەنها رۆژنامەی هەواڵ بێت، وای دەبینم بێدەنگ بوون لە ئاست هەندێك رووداو و كێشەی چارەنووسسازدا كە پەیوەندی راستەوخۆیان بەژیانی كۆمەڵ بەگشتییەوە هەیە، بەوپێیەی دەبێت بێدەنگ بیت لەتەرحكردنی رایەكاندا؛ كە ئەمە دواجار دەشبێتە جۆرێك لەبێ هەڵوێستی، تۆ وای نابینی؟

فاروق: حەزدەكەم وا سەیری ئەوەبكەین یەكەم وەزیفەی رۆژنامە هەواڵ گەیاندنە؛ یاخود راستیی هەواڵەكان بگەیەنێت، لەبەرئەوە یەكەم شت كە بیری لێدەكەیتەوە ئەوەیە چۆن راستیی هەواڵەكان دەگەیەنیت، بیرلەوە مەكەرەوە رەئیت لەسەر هەواڵەكان بسەپێنیت، تۆ هەواڵەكان بڵاوبكەرەوە؛ ئیتر با هەواڵەكان خۆیان رای گشتی دروست بكەن.

مەم: گریمان ئەمرۆ بەرێزت كرایتە سەرنووسەری رۆژنامەیەكی ئازادو هەموو پێداویستییەكت بۆ دەستەبەركرا، پێت وایە لەرێی رۆژنامەكەتەوە دەتوانیت هەموو ناوچەكانی هەرێمی كوردستان ببەزێنیت و ئازادانە هەواڵی شەقام و كێشەی هاوولاتیان و هاوكات كێشەی ناو حزبەكان بڵاوبكەیتەوە؟

فاروق: بێ لە خۆبایی بوون؛ بەڵێ.

مەم: پێش کۆتایی؛ دەپرسم: پێت وایە لەرێی ئەم گفتوگۆیەوە توانیوتە شتێك لەبارەی رۆژنامەنووسییەوە بدوێیت؟

فاروق: قسە زۆر هەیە لەبارەی رۆژنامەگەرییەوە بکرێت، بەتایبەتی رۆژنامەگەریی لەلای خۆمان، شت زۆرهەیە، ئینسان توانای ئەوەی نییە هەموو شتەکانە بڵێت، تواناکەش لەژینگەوە دێت، لەخودی کەسەکە خۆیەوە دێت، لەبەرئەوە پێموایە ئەمە قەترەیەکە لەدەریایەك.

مەم: دواجار؛ پێمباشە لەبارەی پرۆژەکانی داهاتووتەوە بدوێیت؟

فاروق: پێشتر دەمەوێت باس لەوە بکەم ئەو بۆچوونانەی لەبارەی رۆژنامەنووسییەوە باسمانکرد؛ بەتەنها تایبەت نین بەبواری رۆژنامەنووسیی، بەڵکو سەرجەم بوارەکانی راگەیاندن دەگرنەوە، بەڵام سەیرم لەوەدێت لێرە کەباس لە رۆژنامەگەریی و قەیرانەکانی دەکەن، تەنها لەسۆنگەی رۆژنامەنووسییەوە قسە دەکەن و بوارەکانی تر فەرامۆش دەکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئێزگە بەبێ ئیزن خۆیان دەکەن بە ماڵماندا و لەبەرامبەردا تەنها رۆژنامەیەکی رۆژانەمان هەیەکە نیوەی خەڵکیش نایبینێت. دەربارەی پرۆژەی داهاتوویشم، ئێستا خەریکی دانانی کتێبێکم لەسەر راپۆرتە هەواڵی رۆژنامەنووسیی؛ کەتێیدا ئەرکی راپۆرت و پەیوەندی لەگەڵ هونەرەکانی تری رۆژنامەنووسیی و نووسینی راپۆرتی رۆژنامەنووسیی...؛ بە پشت بەستن بەنمونەی پراکتیکی لەرۆژنامەو گۆڤارە بەناوبانگەکاندا؛ لەگەڵ چەندین سەرچاوەی رۆژنامەنووسیی. هەروەها بەنیازی نووسینی کتێبێکم لەبارەی "وێنەی چەسپاو - صورة النمطية - ی کورد لەلای میللەتانی دی، چۆنەو چۆن چاکتر دەکرێت؟" کە ئەم بوارەش دەکەوێتە چوارچێوەی زانستی راگەیاندنەوەو لەوبارەیەوە لێی دەدوێم. هەروەها گەر دەستمکرد بە خوێندنی دکتۆرا - کەرەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا بێت - لێکۆڵینەوەیەك دەنووسم بەناوی "کورد لەبەردەم شاڵاوی کەناڵەکانی سەتەلایتدا".

* * *

## کورتەیەك لە ژیانی فاروق عەلی عومەر:

- لەدایك بووی ساڵی (١٩٦٧)ە لە توزخورماتوو.
- ساڵی ١٩٩٢، کۆلیجی ئادابی لەزانکۆی بەغدا تەواوکردووە.
- لە رۆژنامەی "هاوکاری" دا وەك نووسەرو رۆژنامەنووس کاری کردووە.
- وەك رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی "الجمهورية"دا کاری کردوە.
- لە مانگی ئابی (١٩٩٩)وە وەك پایامنێری رۆژنامەی "السفير"ی لوبنانی لە بەغدا کاری رۆژنامەنووسیی دەکات.
- ساڵی (١٩٩٩)و بەپلەی ئیمتیاز نامەی ماجستێرەکەی لەکۆلێجی ئاداب، زانکۆی بەغداد پەسەندکرا؛ کەبەسەرپەرشتی هەردوو پرۆفیسۆر د.کەمال مەزهەرو د.عبدالستار جەوادو بەناوی"رۆژنامەگەریی کوردی لەعێراق ، سەرەتاکان ١٩١٤ - ١٩٣٩"بوو.
- ساڵی ١٩٩٨، کۆمەڵە شیعرێکی کوردی کردە زمانی عەرەبی و بەناوی "المطر الناعم...وظلك"و لەلایەن "دار الشؤون الثقافية العامة في بغداد"بە چاپ گەیاندراو بەزمانی عەرەبیش چیرۆك دەنووسێ.
- لەکاری رۆژنامەنووسیی‌دا بە چاونەترس و راستگۆ ناودەبرێ کە لەوبارەیەوەو لەزۆر بۆنەدا - وەك خۆی دەڵێت - د.کەمال مەزهەر بە "الصحفي المشاكس " ناوی بردووە.
- ئێستایش مامۆستایە لە بەشی رۆژنامەنووسیی پەیمانگەی تەکنیکیی سلێمانی و وانەکانی "هونەری رۆژنامەنووسیی، مێژووی رۆژنامەنووسیی و راگەیاندنی موتەخەسیس" دەڵێتەوە.
- چەندین لێکۆڵینەوەو وتاری لەبارەی کاری رۆژنامەنووسیی لە رۆژنامەو گۆڤارە عێراقی و عەرەبییەکاندا بڵاوکردووەتەوە و دوا لێکۆڵینەوەشی بەناوی" العولمة والتدفق الحر للأخبار والمعلومات"ەو بەم نزیکانە بڵاودەبێتەوە.

ئامادەکردن و وەرگێڕان: م. سیروان کەریم هەورامانی

# لەگەڵ دەرهێنەرە ناودارە بەناوبانگەکانی جیهاندا

# قستنتین ستانسلاڤسکی

# (١٨٦٣ ـ ١٩٣٨)

لەسەرەتای سەدەی رابردوودا رووسیا شوێنی گەورەپیاون و کەڵـە هونەرمەندان و ئـەدیبان و رۆشنبیران بوو. لەنەوەدەکانی سەدەی رابردوو چەند بورکانێکی گەورە لـە هونەردا تەقیـەوە، ئـەم بورکانەش کـارو کاردانـەوەو زیندووبوونـەوە و هەڵسانەوەی فـراوان بـوو لـە روانگـەی هـەموو بوارەکانی ژیـان (کۆمەڵایەتی، فیکری، ئـایینی، رامیاری...هتد) سەرەتایەك بوو بۆ پەیوەندی کردن و بوژانەوە و پەیوەست بوون بە کۆمەڵێکی نـوێ و هاوچەرخەوە. تەنها بە ناو هێنانی هەندێك لەناودارو گەورە لـەو ماوەیەدا سەرنجمان رادەکێشێ چونکە نـاوی نموونـەیین.. (تولسـتۆی، دیستوفیسـکی، جوجـول، تشایکوفسـکی، ریمسـکی، کورسـاکۆف، دیاجیلینی، بافلوفا، کاراسـفیا، نیجنسکی، باکست، بنوا، فوکین، هەروەها بە تایبەتی ستانسلافسکی).

کوستانتین ستانسلافسکی (١٨٦٣ - ١٩٣٨) بـاوکی گـەورەو رابـەری گـەورە و پاڵـەوانی سـەر مـەیدانی شـانۆی رووسـی بـووە، زاڵبـووە نـەك تەنـها بەسەر شانۆی رووسیدا بگرە بەسەر شانۆی جیهانی رۆژئاواییدا و لەنێو هەموو رابەرەکانی هونـەردا بـاڵای بـەرزتر بـوو لـە هـەمووان... زۆر گـەورە و کەڵـە دەرهێنـەرو ئەکتـەرێکی ناسـراوبوو... گرنگـترین کارەکـان و هەوڵدانـەکانی ئـەو تێکۆشانەی بـووە لـە بـواری هونـەری نوانـدن و تەمسـیلدا... کـەبوبووە مەنهـەج و بەرنامەیـەك... ئـەمیش سـەبارەت بـە نواندنی شـانۆیی و بەجێهێنانی نـوێ و هاوچەرخانـە بوو...

هـەتاوەکو بـە هـەموو جیـهان بڵـێ بەرنامەکـەم شمولییـە سـوودو قـازانجی هەیـە بـۆ هـەمووان.. هـەروەها هـەموو جـارێك ئـەیووت و ئەیووتـەوە




(مەنهەجی تایبەتی خۆت بخولقێنە)) ئەو مەنهەجەی وەك چۆن پێمان گەیشتووە موجەرەد تەنها جێبەجێكردنێكی زانستەكانی ستانسلافسكی بوو لە ئەمریكا لەسەر دەستی دووان لەوانەی كە لە ژێر دەسەلاتی ئامۆژگاری خۆیدا بوون ئەوانیش (میشیل تسیكوف و ریتشارد بولسلافسكی) هەروەها توانای ستانسلافسكی لە (الصدق الداخلي) راستگۆیی ناوەكی و چالاكی گورجوگۆڵیدا دەردەكەوێت كە چۆن ئیلتیزاماتی هەبووە لەسەر تەختەی شانۆ لەكاتی نمایش كردنی شانۆیێكدا ئەكتەرەكان مەنهەجی (الصدق الداخلي)یان جێبەجێ ئەكرد.

ئەو ئەفسانەیەی كە تا ئەمڕۆ بەردەوام لە شانۆی مۆسكۆ وەسفی ئەو گەورە پیاوانەی شانۆمان بۆ دەكات ((كنیس تیتان)) هەروەها ((شانۆی ماڵی))ئەوان خۆیان دەورەكانیان دەبینن لە بواری ئابوری دا وەك یاریزانانی شەترەنج چۆن یاری گرنگ و گەورە دەكەن. هەروەك چۆن دەڵێن هەمان شێوەو جۆر بوو لە شانۆی هونەردا ((مسرح الفن)) ئەمەش ئەنجامی بەرهەمی ساڵانی رابردوو بوبوە چەندان مۆم و شەمعە دانە بۆ روناككردنەوەی هونەری شانۆ بەگشتی ئەسوتان لە پێناوی سودو قازانج و بەرجەستە كردن و بەرپاكردنی شۆڕشێكی هونەری بەرفراوان. ئەو مامۆستایانە ئەو دەورەیان ئەنوان بەردەوام لەو توانایەدان ئەو كارانە لەسەر ئاستی جیهانی بكەن... خۆشبەختو خۆشحاڵن بە یەكتری كە توانیویانە ئەو كارانە بكەن لەسەر بنچینەی ئەو (مهنە)، (حرفە) پیشەیان بەردەوام بە تێكەڵ بونیان لەگەڵ یەكتری یارمەتی و كۆمەكی كردنی یەكتری بە پێی كارو پێداویستەكانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و ئەو سروشتەی كە تێدا دەژین.. واتە بەو شێوەیە مرۆڤی پێویستی هەبێت كاری بۆ دەكات.

ئەو ستانسلافسكییە توانی بەرنامەیەكی بەنرخ دابرێژێت بۆ هەموو جیهان لە بواری هونەری شانۆ بە تایبەتی لە دەرهێنان و نواندندا.

ئەو بەجێهێنانە فۆسیولۆجیەی ئەكتەرە بریتیە لەو لێكۆڵینەوەو شیكردنەوە دەرونیانەی كە لە زانستی عەقڵی پزیشكیەوە وەرگیرابوون. ئەمەش زۆر لە ئەكتەر ئەمریكیەكان ئارەزوومەندبوون بەرامبەر پابەندبوون بە ((مەنهەجەكەی)) ستانسلافسكی.. ئەو بەجێهێنانەش ((الاداء)) توانایەكی قوڵی هەیە لە جێبەجێ كردندا... گەورەیی شانۆی سۆفێتی و پێژرەوی لەو كۆمەڵە ئەكتەرە گەورانەدا خۆی دەنوێنێت... كە گەورەترین ئەكتەربوون هەتا ئەمڕۆ بینیبێتمن سەرەرای ئەو هێڵە بەردەوامەی مێژووی سەدەی بیستەم كە چۆن لەسەر دەستی ئەو كەڵە

هونەرمەند و دەرهێنەرو نووسەرە بەناوبانگانە درێژەی رەوتی پێشکەوتن و هاوچەرخێتی و ئیبداع سازی پێ ئەدرێت دیسان ئەگەڕێنەوە بۆ لای ستانسلافسکی و زانستەکانی و ئیبداع و خولقاندنەکانی.. هەروەها پاشان (جیرزی جروتوفسکی) دائەنرێن بە خاوەنی گەورەترین و بەمێزترین کاری کارتێکەر لە شانۆی هاوچەرخدا کە ئەویش لەسەر ئەساس و بنچینەی خەتم بوونی رێبازەکەی ستاسنلافسکی پەرەی داوە بە بەرنامە شانۆیەکەی ((ئەو دیراسەو هەوڵ و تێکۆشانە بەردەوامەی لە تازەگەری هاوچەرخێتی دا بۆ رێکخستن و رێکوپێك کردنی ئەو شێوازانەی تێفکرین و تێبینی و پەیوەندیە جەدەلییە پتەوەکانی لە کارە شانۆیەکانی دا.. ئەمە هەموو وای لێکرد ببێ بە میسالێکی شەخصی... بیر و رای ستانسلافسکی پەخش ئەکرد لەگەڵ گرنگترین ئەو پێشکەوتنە گەورانەی کە لە بواری هونەری شانۆدا ئەکرا سەڕای گۆڕینی شێواز هەمیشەو بەردەوام ستانسلافسکی قەناعەتی بە ((طاقة خلاق)) واتە ((وزەی دروست کردن))ی هەبوو کە چۆن ئەکتەر بەکاری ئەهێنێ لە کاتی نواندنداو ئەبێتە سەرچاوەی سەرەکی ژیانی شانۆیی لەسەر تەختەی شانۆ.

ستانسلافسکی هەستی بەوە کرد کە دەرهێنەرێك کە دەیەوێ شانۆکەی ((پەیامێکی رۆشنبیری)) بێت، بێگومان ئەمەش پێویستە زانستی ئەکادیمی و تەواو بەدیقەت و وردبینی هەبێت لەسەرچاوەی سەرەتایی بەهەموو سەرچاوەکانی شانۆوە بە هەموو بیرو راوبۆچوونی ئەکتەرەکان و دەرهێنەرو بەرهەمهێنەرو ئیداری ئەمەش زۆر تاکمەندە یان شازمەندە لە کۆبونەوەیاندا لەتاکە کەسێکدا... هەروەك چۆن لە دەرهێنەر (((فلادیمیر نیمروفتش دا نشکوف)) ((ئەو دەرهێنەرەیە کە من خەوم پێوە ئەبینی دیارە ئەویش هەمان خەوی ئەبینی بەو شانۆیەوە پاشان بەدیدەنی و چاوپێکەوتنی من)) وە چاوپێکەوتنی لەگەڵ دانشکۆ لە ساڵی ١٨٩٦دا گەورەترین کاریگەری هەبوو بۆ سەر شانۆی رووسی و شانۆی جیهانی بە گشتی.

ئەم چاوپێکەوتنەش گەورەترین رووداو و بەسەرهاتی بەسەر مێژووی شانۆدا هێناوە.

کاتێك ستانسلافسکی و دانشکۆ شانۆی هونەریان دامەزراند شۆڕشێکیان بەرپا کرد لەو شێوازی تەقلیدیەو ئیعلانییە لەبەجێهێناندا واتە ((في الاسلوب التقليدي و الاعلاني في الاداء)) لەسەر یاسای ئەستێرەی تاکی کە ئەگۆڕێ بە بێ پێش کەوتنی رۆحی تیپەکە ((روح الفريق)) ستانسلافسکی وەك هەموو شۆڕشگێڕێك ((کۆغان رۆخاندو هەوڵی نوێمان داوە لە هاوچەرخێتیدا)):

لەو کاتەوە نیمروفتش دانشکۆ یەکێك لە چاکترین و باشترین شانۆکار ((شانۆمەند)) بووە وەك شانۆکارێکی لاو ناسراوە لە رووسیا، و بەو شێوەیەش تەماشا ئەکرا یان حسابی بۆ ئەکرا بە سیفەتێك لە وەچەی ((ئیستروفسکی))یە.. جارێکیان خەڵات کرا بە پاداشتی ((جائزەی جریبوف)) لە شانۆدا هاویەکسان بوو لەگەڵ پێشکەش کردن و نمایش کردنی شانۆیی ((طائر البحر)) وە بە قەناعەتی دانشکۆ بەوەی کە شانۆیی تیشکۆف دائەنرێت بە چاکترین شانۆیی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا.. هەر بۆیەش ئیعلانی ئەوی کرد کە لە نیوەی پاداشتە کە دابەزێت و بۆ مونافەسەکەی و کاتێك شانۆی هونەر دامەزرا بیرو بۆچوونی ئەوە بوو کە شانۆیی ((طائر البحر)).

لە وەرزی یەکەمدا لێی بکۆڵێتەوە و ستانسلافسکی هەڵسێت بە دەرهێنانی.. شانۆی هونەر لە نووسەر ((ئەنطوان تیشکۆف))دا بەهرەی درامی شگ ئەبرد و هەربۆیەش بە تاکمەندی وەسفیان کردبوو.

ستانسلافسکی ئەنووسێت و ئەڵێت: ((تیشکۆف ئەو راستگۆییە ناوەکییەی ((الصدق الداخلی)) پێشکەش کرد ئەویش بنچینەبوو کە پاشان ناسراو

به مه‌نهه‌جی ستانسلافسکی پێویسته‌نزیك ببینه‌وه به هۆی کاره‌کانی تیشکۆفه‌وه‌یان تاکه‌رێگایه‌ك ببێ پێشکه‌ش کردنیان. هه‌تا ساڵی ١٩٠٤ ئه‌م شانۆییه سه‌رکه‌وتنێکی گه‌وره‌ی به خۆیه‌وه بینی له ماوه‌ی پێشکه‌ش کردنی کاره‌کانی تیشکۆف و جورکی و ئه‌سین و کانت و هامسن و شکسپیر و تۆلستۆیی و میتیلنگ. له ماوه‌ی ئاستی به‌رزی ئه‌و ته‌صمیم و دیمه‌نه به‌نرخانه و ئه‌و نواندنه به‌هێزه‌و ئاستی به‌رزی ده‌رهێنان دیاجیلیف) له گۆڤاری هونه‌ردا باسی ره‌سه‌نایه‌تی شانۆی هونه‌ر ئه‌کات و ئه‌ڵێت: (ئه‌م تیپه سه‌ره‌ڕای ئه‌و هه‌موو سه‌رکه‌وتنه‌ی له‌ناو جه‌ماوه‌ردا به‌ده‌ستی هێنابوو ئه‌توانێ کاری ئه‌زموونی هاوچه‌رخانه‌و بلیمه‌تانه‌و نمایش بکات و بتوانێ مغامه‌ره‌ی نوێ نیشان بدات سه‌ره‌ڕای ئه‌و هه‌مووسه‌رکه‌وتنه گه‌وره‌یه ستانسلافسکی هه‌میشه له دڵه‌ڕاوکێ و خه‌م و خه‌فه‌تدا بوو به‌رامبه‌ر به‌وه‌ی که‌وتۆته ناو قوڵایی واقیعه‌که له لوتکه‌ی واقیعێتیدا ئه‌ژی که هه‌وڵی بۆ ئه‌دا و سه‌رکه‌وتنی تیا به‌ده‌ست ئه‌هێنا: ئه‌گه‌ر به‌راوردی شانۆیی بکه‌ین جیاوازه له‌گه‌ڵ هونه‌ره‌کانی تردا به تایبه‌تی هونه‌ره نوێیه‌کان وه‌ك وێنه‌و مۆسیقاو ئه‌حت.

له‌و ماوه‌یه‌شدا چاوی که‌وت به ده‌رهێنه‌رو هونه‌رمه‌ند (فسیفولود مایرهۆڵد) که ئه‌ندامێکی پێشووی شانۆی هونه‌ر بووه) له شانۆی (طائر البحر)ی (تیشکۆفدا) توانی ئیبداعی نوێ بخوڵقێنێ و پاشان وازی له شانۆ هێناو رووی کرده دوورگه‌کان له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێکی تایبه‌تی خۆیدا.

هه‌روه‌ك ستانسلافسکی له شتی نوێ و دیسپلینی نوێ ئه‌کۆڵێته‌وه‌و له هونه‌ره‌که‌دا هه‌وڵی ئه‌دا شتێك بنوێنێ زیاتر رۆح بخاته کاره نوێ و هاوچه‌رخه‌کانییه‌وه‌و زیندوویه‌تی نوێ بنوێنێ. جیاوازی نێوان ئه‌م دوو پیاوه ئه‌وه بوو (ستانسلافسکی) هه‌میشه (متەوه‌تر)ه له دڵه‌ڕاوکێ و رارایی‌دا بووه به‌رامبه‌ر به نوێتر واته هه‌تاوه‌کو دڵنیا نه‌بوایه له‌سه‌رکه‌وتنی کاری نوێ هه‌وڵی بۆ نه‌ئه‌داو ته‌فسیر و شیکردنه‌وه‌و لێکۆڵینه‌وه‌ی نه‌ده‌کرد. به‌ڵام مایر هۆڵد به‌و شێوه‌یه باوه‌ڕی ده‌کرد (فعله) ئه‌و شته نوێیه دۆزیوه‌ته‌وه و به‌ڵام دڵگران بوو له‌وه‌ی که سه‌رکه‌وتن به‌ده‌ست بهێنێت له‌به‌ر که‌م و کوڕی و نه‌بوونی ماوه‌و کاتێکی دیاری کراو فرسه‌تێکی چاك پرۆڤه‌و راهێنه‌ره‌کانی رۆژانه و کار به‌رده‌وام له شانۆیه‌کانی که‌دا وای لێکرد که بوارێك بکاته‌وه بۆ کاری ئه‌زموون، ستانسلافسکی بڕیاریدا یارمه‌تی بات له دامه‌زراندنی (ستۆدیۆی هونه‌ر)داو وازی لێ هێنا هه‌تاوه‌کو له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێك گه‌نجدا سه‌ربه‌ستی وه‌رگرن له ته‌نفیزکردنی ئه‌و بیروڕایه نوێیه‌دا. بیروباوه‌ڕی یه‌که‌م له ستۆدیۆی نوێدا بریتی بوو له‌وه‌ی واقعیه‌ت و ره‌نگی واقیعی (محه‌لی)وای لێهاتووه سه‌رنجی جه‌ماوه‌ری رانه‌کێشێ و باوی نه‌مێنێ.. ئه‌مڕۆش رۆژی ئه‌وه هاتووه نه (ناواقعیه‌ت) ده‌وری خۆی ببینێ و هه‌روه‌ك هه‌موو هه‌وڵدانه‌کانی تر، زۆر پێویسته واقیع به‌و شێوه‌یه (تصور) بکه‌ین وه‌ك ئه‌وه‌نا که رۆژانه ئه‌بینین و رووئه‌دات به‌ڵکو بگره‌و پێویسته به‌و شێوه بێت که هه‌ستی پێده‌که‌ین و و سۆزو خه‌یاڵمانی به‌سه‌ردا ئه‌شکێته‌وه و خه‌ون و خه‌یاڵمان و ساته‌کانی به‌رزبوونه‌وه‌ی سۆزی رۆحماناندا.. پاش وه‌رزی هاوین مایر هۆڵد له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵه‌که‌یدا له ئه‌کته‌ره گه‌نجه‌کان توانی پرۆڤه بکات و راهێنانی رۆژانه بکات و ئه‌م دوو شانۆیه پێشکه‌ش بکات، شانۆیی (موت التجانل) که له نووسینی (میستر لینگ بکات هه‌روه‌ها شانۆیی (شیلۆك وه‌جان) که له نووسینی (هۆبه‌ت مان)بوو که له‌به‌ر چاوی (ستانسلافسکی) پرۆڤه‌ی له‌سه‌ر کراو نمایش کرا وه سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش ئه‌توانین زیاتر ئه‌م کارانه وه‌سف و پێناسه بکه‌ین که زیاتر له کاری

تـازەو جـوان و هاوچـەرخ و سـەرنج راکێشـانەو وردبینانـەو دڵخۆشـکەربوون. لەگـەڵ ئەوەشـدا (ستانسلافسـکی) هەسـتی کـرد کـە ئەکتـەرەکان بچووکترین لاون هێشتا پێنەگەیشتوون بـە کـامڵی سـەرەڕای ئـەوەش سـەرکەوتوون لـە کـارە سەرەتاییەکاندا لە پێویستی زیاتر و راسـت بـوو ئـەو ئارەزووە هەڵسێنەوەی لـە نێوان خـەونو خـەیاڵی دەرهێنەرو لـە نێوان جێبەجێکردن و سـەرکەوتنیدا هاتۆتە دی لەبەر ئەوەی ئەکتەر بە تەنها توانیویـەتی دەوری کاریگەری خۆی ببینێ لەسەر جێبەجێکردنی ئـەو خـەون و خەیاڵـەی دەرهێنـەرو بەشـداربووان بەگشتی و لەبـەر ئـەوەی هەڵسن بـە نیشـان دانـی هونـەری نوێ و هاوچـەرخ، بێگومـان پێویسـتی بـە ئەکتەری نوێ و هاوچەرخ هەیە لەو ئەکتەرانەی جۆرو شێوازێکی جیـاواز بن، کـاری تـەکنیکی و تـەکتیکی نوێ و هاوچەرخ بـەکار بهێنن بـە هـەموو شێوازێکی هاوچەرخانەو ئەزموون کارانە: بەڵام ئـەم جۆرە لـەو ئەکتەرانە زۆر بـە دەگمـەن دەسـتی دەکـەوتن لـەنێو ئەکتەرەکانی ستۆدیۆدا، هەربۆیەش (ستانسلافسکی) هەستی بەوە کرد کە کردنەوەی ستۆدیۆ لـەو کاتـەدا کـارێکی چـاك بـوو بـەڵام لەبـەر نـەبوونی هـەندێك کەرەستەی پێویست و کەم و کوڕی تەکنیك دەبوایە ،وابخرایە بـەڵام ئـەم جـۆرە ئەزموونـە وەك خـۆی ،ەڵێت (بیرۆکەی تازەو هاوچەرخ) ئەگەر عاسـی بـوو ە پێشـکەش کردنـی دەمرێت لـە ماوەیـەکی درێـژدا واتـە هـەموو بیرۆکەیـەکی تـازە پێویسـتە هـەوڵ و تێکۆشان و بەرنامەو نەخشەی کەرەستەو پێداویستی تایبـەتی بۆ دیاری بکرێت لـەم کاتـەدا بە تـەواوی بورکانی شۆڕشـی روسـی یەکـەم تەقینـەوە وای لـە سـتۆدیۆ کـرد مـاوەی چـەند سـاڵێك دوابخرێـت و (ستانسلافسـکی) خـۆی هەڵسێت بـە کرێدانـی کرێـی ئەکتەرەکان واتە دانی پارەی ئەکتـەرەکان لـە لایـەن

خۆیەوە مانگانە تا ماوەی چەند ساڵێك لـێرەدا (مـایر هۆڵ) جارێکی تـر گەڕایـەوە دەوری (کۆنستانسـتین) ببینـێ و هـاندەری کـەبینیبووی لـە نمایشـی یەکـەم شـانۆگەریدا لـە هـەمان کـاتدا ((ستانسلافسـکی)) هەستی کرد لەگەڵ ((دانشکۆ)) گەیشـتونەتە نیـوەی رێگاکـە، و پێویسـتە لـە کۆمـەڵدا لـەلاوە گـەنجـەکان هەوڵ و تێکۆشانی بەرفراوان و گرنگ بکەن هەتاوەکو بتوانـن لـە ((مۆسـکۆ)) بمێننـەوە، نـەك لەبـەر هـۆی سیاسی و بارودۆخی شۆڕشی بەربڵاو لەوکاتەدا بەڵکو لەبەر ئەوەی هیچ بیرۆکەیەکی نـەبوو لـەلایانبێت یـان شـك ببـەن سـەرکەوتوبێت بـەهۆی لاوازی ئەوبارودۆخـەوە پاشـان لـە هـەمان کـاتدا نووسـەری بەناو بانگ و گـەورەیان ((ئەنتوانتیشـکۆف)) کۆچـی دوایـی کـردو پـاش مردنـی شـوانەکەیان موزوفـو سەرنەکەوتنی شانۆگەریەکانی ((مترلیك)) بووە هـۆی پوکانـەوەو شکسـتی دڵتـەزین و کتوپـڕی شـانۆی هونـەری سـتۆدیۆ ((سـتۆدیۆی هونـەر)) لەگـەڵ ئەوەشدا ستانسلافسکی هەسـتی بـەوەکردوە کـە ون بـووە لـە رازی نـەبوونی بەرامبـەر بـە خـۆی وەکـو ئەکتـەرێك و ئـەڵێت: (لـە هـەموو لایەکـەوە تـاریکی دەوری دام، ئیسراحەت و حەسانەوەم نـەماو هـەموو بیروباوەڕێك لە مێشکمدا دەرهات...) لـەم حاڵەتـەدا ئەم حاڵە دەروونیـە وای لـە ستانسلافسکی کـرد کـە هاوینی ساڵی ١٩٠٦ لە (مینلەندا) بەسەر بەرێت: لـەو جۆرە ساتانەی کە پێـی ئـەڵێن بێزاری (متلـەق)یـان . شکستی هونـەری و نـەگونجاندنی بوارەکـانی ژیـان هەمیشە هونەرمەند وای لێهات کـە بگـەڕێن بـە دووی رێگـەی تـازەداو کـاری هاوچەرخانـە بخولقێنـێ.. ئەمەش هەمیشە رێگای تازەی ئاشکرا کردووە کاتێك خـەیاڵی کـردووە و گەیشـتۆتە رێگایـەکی داخـراو ئەمەش بە راستی بەسەر ستانسلافسـکی دا هـات لـە هاوینی ١٩٠٦ لە (فنلەندا) کاتێك وەك خـۆی دەڵێت:

(دانیشتم لەسەر مێز بحەسێمەوە ئەو چەند ساڵەی پێشووم یان ئەو چەند ساڵەی رابردووم لە هونەردا. ئەمەش سەرەتایەك بوو كە ئەو مەنهەجەی ستانسلافسكی بناسرێت و بزانرێت.. لە ساڵی ١٩٨٦دا بە ناوبانگی شوهرەی ستانسلافسكی بەناو هەموو جیهاندا بڵاو بووەو وەكو ئەكتەر و دەرهێنەر و بەشدار بوو لە دروست كردن و دامەزراندنی (شانۆی هونەردا). پاش ئەوەی خزمەت و زانستی زیاتر لە ٣٠ ساڵی لە ئەستۆدا بوو.. كە بە هۆیەوە زانستێكی ئەكادیمی هونەری بەرفراوانی پەخش كرد لە نواندن و بەجێهێناندا بەڵام هەموو ئیشێكی تێكەڵاو بووبوو بە دیاری كردن.. و لە پێناوی هەوڵدان و سەركەوتن و هەر پێشكەوتنێكی راستەقینە پێشەكی پێویستە شیكردنەوەی هەموو زانستێكی كۆكراوەو كۆبووەو. هەموو زانست و توانا و بەهرەمەندییە ئەنجامەكەی لە دوو كتێبی بە پێزو بەنرخدا خۆی ئەنوێنێ.. یەكەم: (ژیانم لە هونەردا) دووەم: (ئامادەكردنی ئەكتەر) بە بەشداربوون لەگەڵ (دافید ماجیشاكت) چاكتر وایە ناونیشانەكەی بە ناوی (كاری ئەكتەر لەگەڵ خۆیدا) بێت (ستانسلافسكی) ئەنووسێت و ئەڵێت:

ئەساس و بنچینەی ئەو مەنهەجە ئەو یاسا ئەندامیانەی ئەكتەر پێك ئەهێنێت كە لە ماوەی كات و بەسەر بردنی مومارەسەكردنی كارەكەیدا پێك ئەهات. و كاری سەرەكی و دەست نیشان كردن و زانست و پەخش كردن هیچ شتێكی تیانەبوو من نەیدۆزمەوەو ئیبداعی نەكەم لە ئەنجامی ئەو زانستەی هەمە و شك ئەبەم سەبارەت بەهرەیی تواناو هەوڵدانم لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەدا لەسەر شانۆ.. دەرهێنەرەكان لە توانایاندایە هەستن بە شیكردنەوەو لێكۆڵینەوە بە بەهرەمەندییەوە سەبارەت بە جۆر ئەو ئەنجامەی كە ویستوویانە پێی بگەن و دەستیان بكەوێت كە خۆیان بە ئەكتەریان ئەووت پێویستە بەو شێوەیە رەفتار بكەن یان بواری ئەكتەرەكانیان ئەدا كە خۆیان ئەو ئەنجامە بە دەست بهێنن. زۆر ئاسایی و ئارەزوومەندییە هەمیشەو بەردەوام كە كارتێكردنی یەكەم هەمیشە لە ژیانی هونەرمەندی گەورەدا كارتێكەرە، و هەر بەو شێوەیە لەلای (ستانسلافسكی) كە زیاتر ئارەزوومەندی بوو. كوڕی خێزانێكی گەورە بوو خاوەن دەسەڵات و رەسەنایەتی زانستی لە خانووی خۆی ماڵی خۆیدا ئەخوێند فێری زانستی نواندن و بالیەو.. هتد ئەبوو.

ئەو منداڵ بوو كاتێك لەسەر دەستی (كاترینا سانكۆفسكا) یاكە یەكێك بوو لە سەماكەرە بەناوبانگەی (سەمای بالی) لە رووسیا لەو سەردەمەدا، و بەو شێوەیە ناسرابوو بە هەست و سۆزی درامی زیندوو، گرنگی دانی بە پاڵپێوەنەرە سایكۆلۆجیەكان و دراسەكردنیان و دیراسەكردنی كەسایەتییەكان ئەوانەی لە دەقە شانۆییەكاندا نووسەرانی شانۆ وەسفیان ئەكردن و ئەیان خوڵقاندن.. ئەوەش یەكێك بوو لەوانەی كە تۆوی هونەرو ئیبداع و خوڵقاندن (كونستانتین ستانسلافسكی)ی بچوكدا بچێنێ.. پاشان (ستانسلافسكی) كەوتە ژێر كاریگەری (میخائیل ششبكین) ئەو ئەكتەر گەورەیەی رووسی كە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەژیا و یەكەم ئەكتەر بوو لە رووسیا لە بەجێهێنانی جوانی (الاداو الجمیل)ی پێشكەش ئەكرد بە شێوەیەكی زۆر ئاسایی و جوان كە سیمای جوانكارو ئیبداعی پێوە دیار بوو و لەگەڵ واقیعدا لەیەك ئەچوون و قوتابییەكانی فێری ئەوە ئەكرد چۆن بتوانن لەسەر ئەو كاروكردوە (فیعل و الافعال)ی رۆژانە تەمسیل بكەن و بتوانن ئەو ژیانە رۆژانەیە دەربڕن بە هەموو

کاروکردەوەو رووداو بەسەرهاتەکانیانەو.. ستانسلافسکی زۆر جار روونی کردۆتەوە ئەڵێت سەبارەت بە (ششبکین)ی هونەرە درامییەکەی هەروەها ئەوەی لە دەوری ئەو بون و خزمەتی هونەریان ئەکرد بە تایبەتی لەو خوتبانەی کە لەسەر گۆگۆڵ و هاوڕێکانی تری باسی تریان ئەکرد، جارێکیان بۆ هاوڕێیەکی نووسی بە تایبەتی کە ئەڵێت هەمیشە وا لە سرووشت بکەن لەبەر چاوتان بێت هەوڵ بدەن بگەن ئەو رادەیەی بچنە پێستی ئەو دەورەی کە تۆ ئەینوێنی دیراسەی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی بکەو ژیانی رابردوو دیراسەی رابردووت لەبیر نەچێ، هەروەها هەموو چینەکانی کۆمەڵ دیراسە بکە هەمیشە وای لە قوتابییەکانی ئەکرد و دووبارەی ئەکردەوە گرنگ نییە بەجێهێنان باش بێت یان خراپ بەڵکو گرنگ ئەوەیە راستگۆبێت چونکە کاتێك راستگۆبێت و بە راستگۆیی نواندنەکەت بەجێهێنا ئەو کاتە چاك و باش دەرئەچێت).

خێزانی ستانسلافسکی بە گشتی ئارەزوومەند بوون بەرامبەر بە شانۆ هەروەها کاتێك مناڵ بوون لە خێزانەکەی خۆیاندا نمایشی شانۆییان پێشکەش ئەکرد.. هەروەها کاری تونیاڵی و لەو ساڵەدا بڕیاریاندا کە (میکادۆ) پێشکەش بکەن و بە درێژی ئەو زستانە خانوەکەیان روکنێك بوو لە یابان کە چۆن کاری نماییش (سیرك)وە کاتێك ئەکتەرەکان بە تایبەتی گەنجەکان ئەگەڕانەوە بۆ شوێنەکان و کارەکانیان جل و بەرگی یابانیان لەبەر ئەکرد و لەشەودا لەبەریان بوو تا بەیانی و لە ماوەی پشووکانی رۆژدا ژیانیان بەسەر ئەبرد.. ستانسلافسکی رووني ئەکردەوە یەك رۆژ بە تەواوی ئەو رێگایەی کە پەیڕەویان ئەکرد بەڵام بەو جۆرەو رێگاو شێواز و شێوەیەی کە ئەوان مەبەستیان بوو وەك یاری سێرك خولانەوەی پانکەیی یاری ئەکرۆپاتیك) ستانسلافسکی روونی ئەکردەوە (بێگومان ئەو کارەی ئێمە کردمان بەسەر چوو سەرەڕای ئەوەش زوو لە بیرمان چوو بەڵام دەوری کاریگەری ئەنجامی چاکی بە جێهێشت لە ئایندەدا لە رۆحی لاوەکانمان و گەنجەکانمان دا).. بەم شێوەیە ستانسلافسکی لاو دراسەی ئەکرد تێبینی وردبینی بەکار ئەهێنا کاری ئەنواند و کاتێك تیپی شانۆی ((مینفین)) بەناوبانگ لە مۆسکۆ، کاری شانۆیی نماییش ئەکرد بەشداری هەموو نماییشەکانی ئەکرد جارێکیان وەك خۆی ئەڵێت من تەنها بینەر نەبووم، بگرە دیراسەم کردووە)) ئەم کارەش دوای چەند ساڵێك پاش ئەوەی ستانسلافسکی بەناوبانگی دەرچوو هیچ ئاهەنگێکی لەدەست دەرنەئەچوولەو ئاهەنگانەی (برادورادنکان) ماوەیەك بە درێژای ژیان راراو دڵەڕاوکێ ئەبوو بەرامبەر بە زانست و لێکۆڵینەوە لەسەر وێنەگرتنی (الصدق الداخلي) لەسەر شانۆ راستگۆی هەست کردن بە سۆزو ئەزموون. و لە ئەزموونەکانیدا وەکو ئەکتەرێك ستانسلافسکی خاوەن ئیبداع و نمرەی ئەوەی لە چۆنییەتی تەصمیم کردنی بابەتی کارەکانیدا هەرگیز لەبیر ناچێ. بەراوردیش ناکرێت تەنها جگە لەو کارانەی ئە زۆر لە سەماکەرە نوێیەکان وەصفیان کردووە و ئەنجامیان داوە لەوانە (مارتا جراهام)و یان ئەو مامۆستایەی وەك (مافیاس الکسندر) ئەکتەرو سەماکەرو گۆرانیبێژ لەسەریانە هەموویان بەکارهێنانی جومگەکان و ماسولکەکانیان بەشیان کردەکانیان و زۆرجار هەڵ ئەکەوێت یەکێك پێیان بڵێت بگرەو پێویستە خۆیان ئەو پرۆڤە و راهێنان و زانستە بزانن کاری پێبکەن.

ئەمەش هەروەك کاری (مارساجراهام میساسی الکسندر) بوو. ستانسلافسکی مایەوە ماوەی چەند ساڵێك مژدەی ئەبەخشی بە بیروباوەڕەکەی واتە

بیروباوەڕی هونەری بە حەماسەت و هەست و سۆزێکی بەرزەوە ئەمەش هەروەك لەگەڵ (كۆبو) توانیان قوتابخانەی (الفی ـ كولومبی) دابمەزرێنن و غیرەت بە ئەكتەرەكانی شانۆی هونەر بدەن و لەگەڵ لاوەكاندا كاربكەن. ئەمەش پاش ماوەیەك زۆر لە ئەكتەرە بەناوبانگەكان و ناودارەكان و گەورەكان توانیان مەنهەجەكەی وەربگرن و دیراسەی بكەن و لێی بكۆڵنەوە لە هەموو زاراوەو مەبەست و مەرامێكی ئەو مەنهەجە كە پاشان (بە ڕێگا) وەصف كرا بۆ هەموو شانۆ بەرنامە شانۆییەكانی جیهان هەر بەو شێوەیش مەنهەجەكە بە راستگۆیی (الصدق) ناسراوە لە بواری هونەری شانۆدا چونكە زۆر دڵسۆزی هونەری شانۆ نواندن بووەو زۆر ئەكتەرو هونەرمەند و دەرهێنەرە شانۆییەكانی پاش خۆی لە جیهاندا ئەو ڕێچكەو ڕێگاو بەرنامە و مەنهەجەیان بەكار هێناوە لە شانۆكەیاندا و توانیویانە ئەو مەنهەجە بە ڕێگای راست و بەرنامەی پاراووپوخت وەسف بكەن بۆ نماییش كردن و پێشكەش كردنی (هونەری راستەقینەن) (الفن الحقیقی).

راستەقینەو خاوەن هەڵوێست كە دڵسۆزی تیا بەدی بكرێت بۆ نەوەكانی پاش خۆی.. ئەو مەنهەجەی زۆر لە دەرهێنەرە جیهانییەكان سوودیان لێ وەرگرت و كردیانە بەرنامەیان بۆ هێنانە دی كاری ئەزموونگەری باشترو نایابترو چاكتر. هەر بەو شێوەیە سوودو قازانجی گشتی هەبوو. لەو دەرهێنەرانەش پاش خۆی كارییان كردووە و سوودیان لە ستانسلافسكی كردووە.

(مایر هۆڵد، تایردف، دانشكۆ، بردك، كردوكوفسكی، تەبیا، گوردی گریك، الیا كازان... هتد)..

تێبینی

بەرنامەی ستانسلافسكی بەرنامەی مەنهەجێكی پوخت و خاوێن و واقیعی بووە لەسەر ئەساس و بنەمای راستەقینە دامەزراوە هەوڵ و تێكۆشانی كردووە بۆ هێنانە دی هونەرێكی واقیعی سەردەم و وەسف كردنی شانۆی سروشتی واقیعی و قوڵبوونەوەو شۆڕبوونەوە بۆ ناوجەرگەی واقیع چارەسەركردنی دەردی سەری و گیروگرفتەكان و رووداو بەسەرهاتەكانی وەسف كردنیان لەسەر تەختەی شانۆ بە چاكترین شێواز و ئامێری واقیعی و خولقاندنی زەمینەیەكی چاك و لەبار بۆ برەو دان بە رەوتی هونەری شانۆ و دانانی مەنهەجێكی پاراو و

سەرچاوە:

بۆ نووسین و ئامادەكردنی ئەم بابەتە سوود وەرگیراوە لە كتێبی/ المسرح التجریبی من ستانسلافسكی الى الیوم.

تألیف: روس ایفانز

ترجمە: فاروق عبدالقادر

عومەر عەبدولکەریم

# رۆژە رەشەکانی کورد

(ئەوکەسەی وتی: گەر بە دەستم بێت بە کورد ئەڵێم... برۆ... برۆ...)[1]

گەلی کورد لە ریزی پێشەوەی ئەو گەلانە دائەنرێ، کە بە درێژایی مێژوو بە گشتی و مێژووی نوێی مرۆڤایەتی بە تایبەتی، غەدرێکی زۆری ناڕەوای لێکراوە لە لایەن گەلانی دەوروبەریەوە لە کاتێکدا گەلی کورد هەمیشە لە حاڵەتی بەرگریدا بووەو بەرگری بەردەوامی لە خاك و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی کردووە، مێژووی مرۆڤایەتیش گەورەترین شاهیدە کە گەلی کورد تەنها خوێنیان لەسەر خاکی خۆیان رژاوەو لە خاکی گەلانی تردا خوێنیان نەڕژاوە بەم حاڵەتەش ئەوترێ بەرگری کردن لە خود (الدفاع عن النفس) ئەمەش نەك هەر بە مافی رەوا دائەنرێ بەڵکو مایەی شانازییە بۆ گەلی کوردونەوەکانی داهاتووش، خۆ ئەگەر وانەبوایە، ئەوە هەر لە مێژبوو ناسنامەی کورد سڕابووەوە...

دوژمنانی کورد لە قۆناغە جیاجیاکاندا سەختترین و خوێناویترین هەڵمەتی نامرۆڤانەیان بەکار هێناوە و ئەوەی بۆیان کراوە کردوویانە و ئەوەی نەیانکردووە بۆیان نەکراوە. وێڕای ئەو هەموو کارە نامرۆڤاییانە و هەڵمەتە خوێناویانە گەلی کورد نەك ناسنامەی خۆی لە دەست نەداوە بەڵکو شان بە شانی گۆڕانکارییەکانی گەلانیتر هەنگاوی کەلتوری و شارستانیەتی خۆی ناوەو لە ڕەوتە مێژووییەکە دوا نەکەوتووە و تامەزرۆی شارستانیەت و ژیانی هاوچەرخ بووە و گیانی تازەگەری و مۆدێرن بە ئاسایی لە ژیانی رۆژانەی دا بەرجەستە ئەبێ.

## وەبیرهاتنەوەیەکی مێژوویی

سەرباری ئەو بەرگری و گیان فیدایییەی گەلی کورد کردویەتی بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی، هەست بە کەلێنێکی گەورە دەکرێ لە مێژووی گەلی کورددا ئەویش یادەوەری مێژووییە (الذاکرة التأریخیة)یە، کە گەلی کورد خیانەتکاران و دوژمنانی خۆی زوو لە یاد ئەکات و لە بری ئەوەی بەردەوام لێکۆڵێنەوە لە هۆکاری خیانەت و دروست بوونی و ناسینی دوژمنانی گەلی کورد و خیانەتکاران بە نەوەکانی کورد تاکو هەموو کوردێك دوژمن و

خیانەتکاری خۆی باش بناسێ و چی‌تر گەلی کورد لە حاڵەتی بەرگری لە نێو ماڵی خۆی دەرچێ و دەستی درێژکات بۆ دوژمنانی خۆی لە هەرکوێیەك بێ و بواری حەوانەوە یان نەدات، هەرهیچ نەبێ ئەو دوژمنە بزانێ کە رۆژێك دێت حسابی بۆ بکرێ تا خەڵکانی‌تر بە ئاسانی سەیری گەلی کورد نەکەن و نەبنە داردەستی دەسەڵاتداران و حکومەتەکانیان بۆ ئەنجام دانی کاری ناڕەوا بەرامبەر بە کورد.

لە شەڕی نێوخۆی ساڵی ١٩٩٤ بە دواوە بە شێوەیەکی سنوردار ناوی (یەزدان شێر) و (مەلای خەتێ) و کەسانی‌تری لەو بارەوە لە نێو نەوەی نوێ و رۆشنبیرانی کورد بڵاوبۆوە رەنگە زۆر کەسان لە گەلی کورد تا ئێستاش ئەو کەسانە نەناسێ، یاخود نەوەی دوای هەشتاکان تاوانبارانی وەك (عبدالسلام عارف و زعیم صدیق مصطفی و طە شکرچی) و ئەوانی تری لەو بابەتە نەناسن کە دەستیان لە (قەتڵ و عام)ی خەڵکانی بێ‌تاوانی گەلی کورددا هەیە...

هەر بۆیە لە نێو گەلی کورددا هەرچۆن تاوانبارانی دژ بە نەتەوەی کورد وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرئەچن، یاخود بە ئاسوودەیی دواساتەکانی تەمەنیان لە هەرکوێ بێ بەسەرئەبەن بۆ نموونە (زەعیم صدیق لە لەندەن بە دەردی خوایی مرد). ئاواش زۆر بە ئاسانی زیاتر خیانەتکارانی گەلی کورد لە ماوەیەکی کەمدا ناسنامەی خیانەت ئەکەن بە ناسنامەی نیشتمان پەروەری و بەرێز و حورمەتەوە لە نێو کورددا مامەڵەیان ئەکرێ و بەمەش گیانی نەتەوایەتی لە نێو گەلی کورددا لاواز ئەبێ و باوەڕبوون بە خەبات و تێکۆشان لاواز ئەبێ و هەربۆیە خیانەتی نەتەوایەتی گەورەش لەنێو کورددا نەك هەر بە ئاسانی هەرس ئەکرێ بەڵکو لە هەندێ حاڵەتدا بە چەپڵە ڕێزانەوە پێشوازی لێ ئەکرێ لێرەدا گەر سەیری (جوولەکە) بکەین پێچەوانەی گەلی کورد خاوەنی (الذاکرة التأریخیة) یادەوەرییەکی مێژوویی کەم وێنەن کە هەرگیز دەست لە دوژمنانی خۆیان هەڵناگرن گەر دوژمنەکەشیان لە گۆڕدابێت! و خیانەتکاران لە نێویاندا دەگمەنە و گەریش بێت وازی لێ ناهێنن تا بە سزای خۆی دەگات و یەکێتی‌یەکی بەهێزیان هەیە و بە هەموو دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵاتی جیهاندا بڵاون و (لۆبی) جوولەکە لە زۆر دەوڵەتی گەورەی وەکو (ئەمریکا) خاوەن بڕیارە و هەموو کارێکیشیان لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی جوولەکەدایە!

هەر بۆیە جوولەکە توانیویەتی لە نێو جەرگەی زیاتر لە بیست دەوڵەتی عەرەبی‌دا دەوڵەتێکی بەهێز دروست بکات کە موبادەرە بەردەوام لە دەست ئەودایە نەك عەرەب.

### (رەشە کوژی، قەتڵ و عام، مەنعی تەجەول)

هەر کە شۆڕشی ١٤ی تەموز بەرپابوو بەویستی (عبدالکریم قاسم) لە دەستووری کاتی عێراقدا خاڵێکی گرنگ دەست نیشان کرا، ئەویش (عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا)[٢] گەلی کوردیش بەو شەریکی‌یە دڵخۆش بوون و داوای کیسە جیایی خۆیان نەکردووە، بەڵکو گەلی کورد لە سنوری دەوڵەتی عێراقی‌دا بە کەمترین مافەکانی خۆی رازی بووە...

کودەتا شوومەکەی (٨ی‌شباط) کە لە لایەن بەعسیەکان و قەومیەکانی عەرەبەوە کرابە یارمەتی ئاشکرای هێزی دەرەکی، هەر لە سەرەتاوە بە هۆی شۆفێنێتی کودەتاچی‌یەکانەوە، ئەو قورە خەستە گیرایەوە کە گەلی کورد تاکو ئێستا و داهاتووش پێوەی ئەناڵێنێ، و گەلی عێراقیش سەرجەم باجەکەی ئەدات، هەربۆیە گەلی کورد نابێت ئەم رووداوە تاڵ و ناڵەبارە لە یاد کات ئاواش ئەبێ ئەو کەسە تاوانبارانەی لە پشت ئەم تاوانانەوە بوون و ئەو تاوانبارانەش هەستاوون بە ئەنجام دانی تاوانەکان هەرگیزاو هەرگیز لە یاد نەکات چونکە لەو سەردەمەشوومەوە شۆفێنێتی عەرەب ویستی تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی مێژوویی لە نێو گەلانی

کوردو عەرەب بچێنێت لە پێناوی ئەنجامدانی بیری ڕەشی شۆڤێنیانەی خۆیاندا لە نێوان کورد و عەرەب دا. هەرلەم سەردەمەوە (تعریب)ی کەرکوك دەستی پێ کرد، ئەو ئاوەی ئەمان ڕشتیان کوردەتاچی‌یەکانی (تەموز) بە قاچ و دەستەوە تێوەی گلان (ڕاگوێزان)، و ئەنفال و تەعریب و تەبعیس و شەڕی بەردەوامی کوردستان و ماڵ وێرانی قەتڵ و عامی گەلی کورد)ی بە دوادا هات و کۆمەڵێ تاوانبارانی تری دژ بە نەتەوەی کورد هاتنە پێشەوە و خیانەتکارانی کوردیش لە چەند کەسێکەوە بوون بە سەدان.. هتد هەر بۆیە ناکرێ گەلی کورد پیاوانی خوێنڕێژی وەك (عبدالسلام محمد عارف و طە



شکرچی و زەعیم صدیق) و ئەوانی تر لە یاد بکات تاکو لە داهاتوودا بتوانین گەلی کورد لە ڕەشەکوژی و قەتڵ و عام و خیانەتکاری بپارێزین... لێرەدا چەند نمونەیەکی ڕۆژانی ڕەش دێنینەوە.

ئەبێ نەوەی نوێ هەرگیز قەتڵ و عامی دەیان ژن و منداڵ و پیرو لاو لە لایەن (سەربازەکانی طە شکرچی) و سووتاندنیان لە نێو ئەشکەوتێکدا لە بادینان لە یادنەکەن.

مەنعی تەجەولی (۹)ی حوزەیرانی ۱۹٦۳ لە شاری سلێمانی و زیندەبەچاڵ کردنی دەیان پیاوی ئەم شارە وەکو (نامیق ئاغاو و حەمەبۆر و کوشتنی مامۆستا یاسین و دەیەها کەسانی تر) و سووتاندن و وێران کردنی سەدان ماڵی سلێمانی و دێهاتەکانی ئەو دەڤەرەو ڕەشەکوژی خەڵکی دێی (سیارە)ی نزیك دەربەندیخان، (زەعیم صدیق مصطفی) پێی هەڵساوەو لە لایەن (عبدالسلام محمد عارف)ەوە فەرمانی پێ دراوە نەوەی داهاتو تریش لێی بێ ئاگا نەبن.

گەر کاتی خۆی حساب بۆ ئەم تاوانبارانە بکرایە ڕەنگە بەعسیەکانی پاشماوەی (۸ شباط) و بە فەرمانی (صدام حسین) کەسانی وەك (علی حسن المجید و حسین کامل و عەمید بارق و ملازم موحسین و رائید تەها) و ئەوانی تر بەم شێوەیە بە دڵنیایی‌یەوە تەراتێنی تاوانیان لە نێو کورددا ئەنجام نەئەدا و کەمێ حسابیان بۆ پاشەڕۆژی خۆیان ئەکرد خۆ هیچ نەبێ کاسەلێسەکانی خۆمان شان بە شانی ئەوان بە ئاسوودەیی هاوتاوان بار نەئەبوون! ؟

تاوانێکی تر کە مشتێکە لە خەرواری تاوانی ناسیۆنالستی عەرەب بەرامبەر گەلی کورد کردوویانە.

هێزەکانی عەلی کیمیاوی هەستان بە جێبەجێکردنی چەندەها کرداری نامرۆڤانە لە گوندێکی نزیك ڕانیە لە چیای (زاب کوجك)، لەو کاتەدا سەرکردەی سەربازەکان کە ئەفسەرێك ئەبێ بە ناوی ((موفق جهاد)) ئاگاداری ئەوە بوو کە هەندێك ژن ومنداڵ و پیاو ڕایانکردووەو خۆیان شاردۆتەوە، ئەفسەرەکە دەستەیەك سەرباز دەنێرێت بۆ پشکنینی ناوچەکە ئەوەندە نابات کە شوێنەکەیان دەدۆزنەوە ئەزانن کە نزیکەی (۳۰)سی

کەس دەبن و لە ئەشکەوتێکی بچوکدا خۆیان شاردۆتەوە، ئەشکەوتەکە نزیکەی یەك کیلۆمەتر لە گوندەکەوە دوور بووە.

ئەفسەرەکە فەرمان دەردەکات کە بەردەمی ئەشکەوتەکە بە پوش و پەلاش و دارو درەخت بتەنن ئینجا نەوتی پێدا دەکەن و ئاگری تێبەردەدەن، ئەوانەی کە هەوڵیان دەدا لەو دوکەڵە خنکێنەرە خۆیان رزگار بکەن دەیان کوشتن و ئاگرەکەش تادەهات زیاتر کڵپەی دەسەند و ئەوانی تریش کە لە ناو ئەشکەوتەکەدا مابونەوە سوتان و تەنانەت یەك تاکەکەسیان رزگار نەبوو.

لێرەدا مەبەست لەم نووسینە ئەوەیە هەر جارەی تاوانبارێك و تاوانەکانی و کەسایەتی و تاوانەکانی بەرامبەر بە گەلی کورد بە خوێنەرانی وکورد بناسێنین، و مەبەستیشمانە ئەم نوسینانە بەرچاوی گەلانی هاومەبەست بکەوێت تا بزانن گەلی کورد تاوانبار لە بیر ناکات هەرچی بێت و لە هەر کوێ بێت و گەلی کوردیش چی تر لە حاڵەتی بەرگریی ناومالّی خۆی دەرچووەو لە مافی خۆی دەست هەڵناگرێ و زەنگێکی مەترسی داریشە بۆ خەڵکانی نەفس نزم و بێ هەڵوێست کەچیتر خۆفرۆشی و خیانەت قبووڵ ناکرێ ئاشکراشە کە گەلێکی کورد گەلێکی بە ئەمەکەو هەر چۆن بەوەفایە بۆ دۆستانی کوردو هاوسۆزانی، لە جادەگشتی و گۆڕەپانەکاندا بە پەیکەر و ناونانی شوێنەگشتییەکان بە ناویانەوە بۆ رێز لێنان و دەربڕینی دڵسۆزی گەلی کورد بۆ کەسانی خاوەن سۆزو مرۆڤدۆست ئاوەهاش بەرامبەر بە دوژمنانی گەلی کوردیش شتێکی ئەبێت بیکات بەرامبەریان لە داهاتوودا دەستەوسان ناوەستێ!

هاوکات بە پێویستی ئەزانم روون بکرێتەوە ئەو دوژمنانەی کورد خەڵکانی ئەفسانەیی نەبوون بەڵکو مرۆڤی ئاسایی بوون هەروەکو کەسانیتر و زۆرجاریش لە رووی هۆش و دەروونییەوە لە خوار مرۆڤی ئاساییەوە بوون وەکو لەم باسەدا دەری دەخەین. چیتر گەلی کورد بە گشتی و تێکۆشەرانی کورد بە تایبەتی خۆیان لە ئاستی ئەو کەسانەدا بە کەمتر نەزانن.

### عبدالسلام محمد عارف

لە ١٩٢١/٣/٢١ لە گەڕەکی (سوق الحمادة) لەبەری کەرخ لە دایك بووە. لە ساڵی ١٩٣٧ وەزارەتی بەرگری رایگەیاند ئەو خوێندکارانە وەرئەگرێ کە هێشتا ئامادەیی یان تەواو نەکردووە: عبدالسلام محمد عارف ئەوکات لە ساڵی کۆتایی ئامادەیی بوو داواکاری پێشکەشکرد پاش ئەوەی فەحسی ئاسایی بۆ کرا لە ١٩٣٨/٢/١٩ وەکو خوێندکار لە کۆلێژی عەسکەری وەرگیرا.

لە ١٩٣٩/٥/٧ کۆلێژی سەربازی تەواو کرد. بوو بە ئەفسەری سەربازی لە سوپای عێراق بە پلەی (ملازم دووەم) لە ساڵی ١٩٤٢دا لەبەسرە یەکەمجار لەگەڵ عبدالکریم قاسم دا یەکیان ناسی و لەو ماوەیەدا هاوسۆزی لەگەڵ بزوتنەوەی (رشید عالی گیلانی)دا هەبوو و بە پاڵەوانێکی نەتەوەیی دائەنا لای خۆی لە ١٩٤٨ بەشداری لە شەڕی فەلەستینیدا کردووە وەکو یاریدەدەری فەوجی دووی لیوای ٤ لە ناوچەی (جنین) لە ٣١ ئازاری ١٩٤٩ لە کلیەی ئەرکان وەرگیراو لە ١٩٥١/٤/٢٣ تەواوی کرد. لە ساڵی ١٩٥٢دا گروپی ئەفسەرانی ئازادیخواز سەری هەڵداولێرەولەوێ باسی ئەکرا و ناوی کەوتە نێو ناوانەوە. لە ساڵانی ١٩٥٤ ـ ١٩٥٨ عبدالسلام محمد عارف لەگەڵ عبدالکریم قاسم دا کاریان پێکەوە ئەکرد، گروپێکی تایبەتیان لە ئەفسەرانی ئازادیخواز دروستکرد سەربەخۆ بوو لە دەستەی باڵای ئەفسەران[٢] هێندە هاوسۆز بوون پێکەوە وای لە عبدالکریم قاسم کرد سوربێت لە وەرگرتنی عبدالسلام لەو دەستەی باڵای ئەفسەرانەدا لە شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨دا عبدالسلام محمد عارف فەرماندەی لیوای بیست بوو بەوەکالەت و پێش لیواکەی کەوت و

به تەنسیق لەگەڵ عبدالکریم قاسم[٤] دەستی بەسەر ئێستگەو تەلەفزیۆن و کۆشکی (رەحاب)ی خێزانی پادشای عێراق و جێگا عەسکەریەکانی بەغدادا گرت و یەکەم بەیانی شۆڕشی گەلاوێژی لە ئێستگەی بەغدادەوە خوێندەوە بۆ گەلی عێراق و کۆتایی بە رژێمی پادشایی هات لە عێراقداو یەکەم جمهوریەت لە مێژووی ئەم وڵاتەدا بەرپا بوو.

(ساویلکەیی)

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ عبدالسلام محمد عارف کەوتە گەڕان بە نێو شارەکانی عێراقدا لەم سەر بۆ ئەو سەری عێراق و وتەی سەرپێیی بۆ خەڵکی ئەو شارانە پێشکەش ئەکرد.. وتەکانی (بێسەرو بەروکاڵ و کرچ بوو) بۆ نمونە زۆربەی جار ئەیووت (نەپاشاما، نە کۆشک، نەیەخچاڵ، نە تەلەفزیۆن، نەقاسە، نەجنوبی، نە شمالی، نە حاکم، نە مەحکوم، نە رۆژهەڵاتی، نە رۆژئاوایی، نەجون بول، بەڵکو حمدوحمود، کۆماری خاکی، ئاسمانی خوایی، دیموکراسی، سۆسیالیستی، هەرەوەزی، نە ئۆتۆمبیل..هتد)[٥]

گەر لەم وشانە ورد بینەوە جگە لە ساویلکەیی و بێئاگایی لە دنیای رۆشنبیری و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و مرۆڤایەتی و بێئاگایی لە شارستانیەتی، هیچی تری لێنابینین هەر کە ئەیبیست خەڵکیش هاواریان ئەکرد (ئەی سلام ئێمە سەربازی تۆین) ئیتر عبدالسلام محمد عارف هێندەی تر لە وتە ساویلکەییەکانیدا گەرمتر ئەبوو...

ـــ (د.صباح العزاوی)[٦] وتی: لە رۆژی ١٥ی گەلاوێژی ١٩٥٨ عبدالسلام محمد عارفم بینی لە (ساحە الشهداء) لەبەری کەرخ لە بەغدا سەری لە ئۆتۆمبیلەکەی دەرهێنا بە قایم هاواری لە یەکێك کرد بە جادەکەدا ئەرۆشت.. هەتیو فلان بینیت چۆن پاشایەتیمان هەڵ گێرایەوە، یەکسەر پێی پێوەناو رۆی و ئێمەش سەرسام بووین لەو کردەوە نابەجێیە.

ـ محمد صدیق شنشل(٧) / وەزیری (الأرشاد) لە یەکەم وەزارەتی شۆڕشدا، وتی: لەگەڵ قاسم دا زۆر باسی ئەوسەردانانەی عارفم ئەکرد کە بۆ شارەکانی عێراق ئەچوو وتەی سەر پێی بۆ جەماوەر ئەووت و کە زۆرجار ئاڵۆزی دەرەکی و ناوەوەشی بۆ عێراق ئەخولقاند و بەشان و باڵی خۆیدا وەکو تاکە پاڵەوانی شۆڕش ئەهات و پێم وت بەڵکو نەیەڵیت لە مەولا رێگری لە عبدالسلام بکات بەلام وەڵامی قاسم ئەوە بوو (واز لە پەتەکە بێنە با لە ملیەوە بئاڵێت).

ـ فائق السامرائی[٨] وتی: لە کاتی کۆبوونەوەی سەرۆك جەمال عبدالناصر عەقید عبدالسلام عارف لە دیمەشق لە ١٩ی گەلاوێژی ١٩٥٨ سەرۆك عبدالناصر سەرنجێکی لە عبدالسلام عارف وەرگرت و بە منداڵ و نەفام لە قەڵەمی دا هۆکارەکەشی ئەوەبوو لە کاتێکدا دانیشتبوین بۆ نان خواردن.. سەرۆك عبدالناصر لە بارەی د.فاضل الجمالی وەزیری دەرەوەی سەردەمی پاشایی دوا یەکسەر عبدالسلام عارف بە زمانێکی توڕە وەڵامی دایەوەو پاش ئەوەی کەوچك و چەتاڵەکەی بە توندی فڕێ دا بەسەر مێزەکەدا وتی ئەتەوێ بیکوژم بە فیشەکێك بە (٢٠ فلس)ە/ پاش کردنەوەی (السد العالی)[٩] لە میسر دبلۆماسیە عێراقیەکان لەگەڵ عبدالسلام ئەبن و (خرۆشۆف ) و (بن بیلا) و (عبدالناصر) و (عبدالله السلال) پێکەوە وەستابوون لە فڕۆکەخانە...

(بن بیلا) دەعوەتی (خرۆشۆف)ی کرد لە داهاتوودا سەردانی جەزائیر بکات... (خرۆ شۆف) سوپاسی کردو قبوڵی کرد. لەم کاتەدا (عبدالسلام) بە وەرگێڕەکەی وت بە پێکەنینەوە بە (خرۆشۆف) بڵێ: گەر بشمرێ بەغداد نابینێ.. کاتێ (وەرگێڕ) قسەکەی عبدالسلامی بە (خرۆشۆف) وت دەم و چاوی تێکچوو سەیری سەرکردە عەرەبەکانی کردو دایە قاقای پێکەنین و وتی ئێوەی عەرەب فێڵبازن.

ـ لە ١٤/٥/ ١٩٦٤[١٠] لە گۆڕینی رێڕەوی نیلدا خرۆشۆف لە سەیارەکەدا بە عبدالناصری وت کەی

لەم بزنەم رزگار ئەکەیت... عبدالناصر وتی کام بزن... خرۆشۆف هاواری کرد عارف، عارف، عارف. رۆژنامەکەی دایە دەستی کە وێنەی عارفی تیا بوو وتی لە بزن ناچێ؟ لەو ماوەیەدا هێندە (خرۆشۆف)ی سەغڵەت کردبوو!

ــ کاتێ سەرۆک کۆمار بوو لە رانیە[11] لە سەربازگەی رانیە ئەفسەرو سەربازەکان داوایان لێکرد وتەیەکیان پێشکەش بکات... وتی چی بڵێم: بامیە سەرکەوت بەسەر شێخ مەحشیدا (عبدالکریم قاسم حەزی لە شێخ مەحشی بوو عبدالسلام عارفیش لە بامیە)!!

ــ لە دوا وتەی پێش مردنی لە (قرنە) لە وتەیەکی سەرپێییدا وتی ئەی گەنجانی (قرنە) گەر تەمەن مۆڵەتم بدات ژن بۆ هەمووتان دێنم و بوو بە پێکەنین و فیکەلێدان... هتد.

پاش خوێندنەوەی ئەم راستیانە کە کورد واتەنی مشتێك نموونەی خەروارێکە لە ناسنامەی ئەو کەسەو لەبەردەست دایە و ئاخۆ چەندین شتی تری شاراوە لە سیفەتی عبدالسلام محمد عارف کە نزیکەی ٤ ساڵ سەرۆك کۆماری عێراق بوو گەورەترین هەڵمەتی سەربازی و قەتڵ و عامی کورد لە سەردەمی ئەم پیاوەوە بۆ سەرکورد دەستی پێکرد و ئاوی (تعریب و ترحیل) بۆ گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا ئەم رشتی.

### حەز بە دەرکەوتن و درۆ

ــ لە ١٩٥٨/٧/١٩[12] لە دیمەشق وتی (لە داوای گەل فەرمانی جەماوەرم دا ئاراستەی باستیلی عبدالاله بنەوە بە تەواوی لە ناوم بردن و پاشایەتیم تەفروتوونا کرد پیاوکوژە تاوانبارەکانیش بە هەمان شێوە... کەچی عبدالکریم جدە[13] کە یەکێکە لە ئەفسەرانی ئازادیخواز لە بەردەم دادگای گەلدا وتی (دەوری عبدالسلام عارف لە شۆڕشی ١٤ گەلاوێژدا ئەوە بووە بەیانەکانی قاسم بەرێت کە بەدەستی قاسم خۆی دانرابوو پێش چەند مانگێك و ئێمەش بینیبوومان.

رفعت الحاج سرپی[14] یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەفسەرانی ئازادیخواز وتی: پاش سەرکەوتنی شۆڕش عبدالسلام حەزی ئەکرد خۆی دەرخات و دەرکەوێت خۆی گێف ئەکردەوە زۆر شانازی بە خۆیەوە ئەکرد لە کاتی پێشکەش کردنی وتە سەرپێییەکانیدا و لەو باوەڕەدام چەپڵە و هاوارو فیکەلێدانی خەڵکی لە رەوتی ئاسایی دەرکرد و پاڵی پێوەنا بەرەو دەرکەوتن و گەشتن بەرەو ئەو حاڵەتە خراپەو بووە هۆکاری ئەوەی زۆربەی نزیکەکانی لێی پاشگەزببنەوە.

ــ لە پێش شۆڕش[15] و کاتی حوکمی قاسم مزایدەی لەگەڵ عبدالکریم قاسم لەسەر (یەکبون)ی عەرەبی و بە تایبەت لەگەڵ میسرو سەرۆك عبدالناصر دەکرد کە دەسەڵاتی کەوتە دەست زۆر بە توندی دژی سەرۆك عبدالناصر و یەکبون بوو لەگەڵ میسر گەربمایە زۆر زیاتر لە سەرۆك عبدالناصر دوور ئەکەوتەوە...

ــ پێش دەسەڵات[16] پیاوێکی بە دین و گوێی نەئەدا بە پارەو ماڵ بەڵام دوایی کە دەسەڵاتی بوو پیاوێکی زۆردار و دڵ رەق و حەزی بە کورسی زەعامەت ئەکردو زیاتر هاوڕێکانی لێدوور ئەکەوتەوە.

ــ لە کاتێکدا لە یاداشتەکانیدا ئەڵێ من لە بەندیخانەدا ئەشکەنجە دراوم و ئیهانەکراوم و عبدالکریم قاسم هاتووە بۆ بەندیخانەکەم قسەم لەگەڵ نەکردووە و زۆر شتیتر... کەچی (مقدم روکن محمد یوسف طه) کە دژی عبدالکریم قاسم بوو لە ٩ی شوبات/ ١٩٦٣دا ئەو نامانەی دۆزیەوە لە مەکتەبی عبدالکریم قاسمدا و نامەی عبدالسلام عارف بوون پڕیەتی لە داواکاری سۆزوبەزەیی لە عبدالکریم قاسم و بە مافی برایەتی کۆنیان و بەزەیی داوای لێ بوردن ئەکات بۆ نمونە یەکێك لە نامەکان ئاوا دەست پێ ئەکات (گەورەم پێشەوام و برام زەعیم عبدالکریم من

لە تۆم وەك هارون لە موسی چاوەڕوانی درێژەی کێشا تاکەی سۆزو لێبوردن چاوەڕێ کەم... هتد

کەچی عبدالسلام نامەکانی فەوتان لە کاتێکدا لە ٩ی شوبات / ١٩٦٣دا لە پێش گوللە باران کردنی عبدالکریم قاسم نەپاڕایەوەونە هێشتی چاوی ببەستن و گوللەباران کرا! ! وەکو عبدالسلامیش بە شان و باڵی خۆیدا نەئەهات.

ـ کاتێ عبدالکریم قاسم[١٧]، عبدالسلام عارفی لە سجن ئازاد کرد بە اسماعیل عارفی وت ئەزانی عبدالسلام چی ئەوێت، ئەیەوێت موچەکەی لەسەر حیسابی جێگری سەرۆك کۆمار بۆ ماوەی بەندیەکەی پێ بدرێت نەك وەکو (عقید) ئەم پیاوە جگە لە خۆی بیر لە بەرژەوەندی گشتی ناکاتەوە...

## بێوەفا

ـ مصطفی علی[١٨]/ وەزیری دادی شۆڕش وتی (عبدالکریم شۆڕشێکی مەزنی بەرپاکرد بەڵام لەگەڵیشی خۆرەی هێنا کە عبدالسلام عارف بوو...

ـ بە پێداگرتن[١٩] و زۆری عبدالکریم قاسم لە لیژنەی باڵای ئەفسەرانی ئازادیخواز وەرگیراو بەمەش هەنگاوێکی گەورە چووە پێشەوە. و لە کاتێکدا عبدالکریم فەرمانی لە سێدارەدانی عبدالسلامی کرد بە ئازادکردنی کەچی لە ١٩٦٣/٢/٩ لە کاتی دەستگیر کردنی عبدالکریم قاسم لە لایەن بەعسیەکانەوە... عبدالکریم وتی سلام من لە سێدارەم نەدایت مەمکوژە... ئەوەبوو عبدالکریم قاسم و هاوڕێکانی درانەبەر ڕێژنەی گوللە و گوللەباران کران.

ـ کاتێ[٢٠] عبدالسلام عارف لابرا لە پلە عەسکەری و حکومیەکانی لە لایەن حکومەتی عبدالکریم قاسم پاشان عبدالکریم ناردی بە دوایدا قسەی لەگەڵ بکات عبدالسلام میلی دەمانچەکەی راکێشا و لە چاکەتەکەیدا شاردیەوە کە چوون بۆ ژورەکەی عبدالکریم قاسم کەوتنە قسەکردن و عبدالکریم ویستی قەناعەتی پێ بکات بەوەی وەکو سەفیری عێراق بچێت بۆ ئەڵمانیا (بۆن) بەڵام عبدالسلام پاش وتووێژێکی زۆر قەناعەتی نەکرد ئنجا عبدالکریم قاسم چوو دەرگاکەی بۆ بکاتەوەو کۆتایی بەو چاوپێکەوتنە بێنێت لەم کاتەدا عبدالسلام ویستی دەمانچەکەی دەربێنێت و عبدالکریم بکوژێ و عبدالکریم پێی زانێ و دەستی گرت و چەند ئەفسەرێك خۆیان کرد بە ژووردا دەمانچەکەیان لێ سەند.

ـ کاتێك پاش کودەتارەشەکەی[٢١] ٨/شوبات/١٩٦٣ و قاسم لابرا عبدالسلام کرابە سەرۆك کۆمار لە لایەن بەعسیەکانەوە و دەسەڵاتی کەوتە دەست پاش کەمێك کەوتە وێزەی ئەو کەسانەو بە چەپ و بە راست لێی ئەدان و عەمروزەیدی ئەکرد بەگژ یەکتردا.

ـ علی صالح السعدی[٢٢] (رازگری هەرێمایەتی بەعسی عێراق لەوکاتەدا) وتی عبدالسلام زۆر بە تەماعی دەسەڵات بوو لە مێژووی عێراقدا ناتوانی کەس بدۆزیتەوە هێندەی ئەو خراپ بێت لە بیرو هۆش و سیاسەت و هەڵس و کەوتدا. کەسێ ڕۆژانە ژیانی بەدۆر کردن و هەڵس و کەوتی هیچ و پووچ بەسەر بەرێت... کەسێك غەدر لە براوکوڕەکەی بکات لە پێناو بەرزبوونەوەی خۆیدا... لەوە زیاتر ئیتر ئێمە هیچیتر ناڵێین وتیان ڕێوی کێ شاهیدتە ووتی کلکم!؟

## خیانەت و سەرسەختی

ـ پاش بەردانی عبدالسلام[٢٣]، عبدالکریم قاسم ڕێی پێدا بچێت بۆ حەج و ئاشکرایە لەوێوە ئەیتوانی بۆ هەر وڵاتێك بچێت و بە باشی وەکو پەناهەندەی سیاسی بژی کەچی لە نێوان سەرسوڕمانی قاسم و ناسراوانی عبدالسلام خۆی دا گەڕایەوە بۆ بەغداد پاش حەج کردنەکە.

[٣٤] له ٢٢ حوزەیرانی ١٩٦٤دا کاتێ باڵیۆزی ئێران (مهدی بیراسته)ی بینی باڵیۆزی ئێران وتی شای ئێران ئەڵێ: پێویسته بایەخ بە شوێنه دینیه پیرۆزەکان (العتبات المقدسه) بدرێت و چاوتان له (شیعه)وه بێت له عێراقدا...

عبدالسلام بەرەقی و تورەییەوه وتی/ بەشاکەت بڵێ که شوێنه پیرۆزەکان ئێمه بایەخی پێ ئەدەین زیاتر له ئێوه وه پێی بڵێ (شیعه)ی عێراق عەرەبی رەسەنن و خانەدانن و شای ئێران دەم راستیان نییه! بەم شێوەیه ئێران و عێراق باڵیۆزیان پاشگەز کردەوه هەر لایەك له راستی خۆی...

## خوێن رێژ

زۆربەی ئەفسەرانی باڵای بزوتنەوەی ئەفسەرانی ئازادیخواز[٣٥] رایان وابوو چارەنووسی خێزانی پادشایی واز لێ بهێنن بۆ رۆژی خۆی. واته رۆژی شۆرش و سەیری بارودۆخەکه بکەن بەرەو چی ئەروات. بەشێکی تر له ئەفسەران جەختیان لەسەر ئەوه بوو دادگایی نوری سعیدو عەبدوڵلا له دادگایی سەربازی بکرێت و له سێداره بدرێن (شافیصل) به زۆر واز له دەسەڵات بێنێ و بنێررێت بۆ دەرەوه. بەڵام عبدالسلام عارف سوور بوو لەسەر کوشتنی هەرسێ گەورە کەواته (نوری سعید و عەبدوڵلا و شافیصل)...

ـ هدیب الحاج حمود[٢٦] وەزیری کشتو کاڵ له کاتی قاسمدا ئەڵێ (عبدالسلام محمد عارف شەوی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ به یەکێك له ئەفسەرەکانی هاورێی وتبوو بەیانی شۆرش ئەکەین بەڵام سێ کۆمەڵ هەیه ئەبێ بن بڕ بکرێن ئەوانیش (کورد و دیان و شیعه)یه.

## کوشتنی[٢٧]

رۆژی ١٩٦٤/٤/١٣ فرۆکەی هەلیکۆپتەرەکەی سەرۆك عبدالسلام محمد عارف له نێوان سێ فرۆکەدا که ئەیان ویست له (قرنه) بەرەو (بەسره) بگەرێنەوه پاش کەمێك فرین له رووداوێکی نادیاردا له رادار ون بوو دەنگی بێ تەلی نەما پاش ئەوەی دواوتەی نقیب خالدمحمدنوری فرۆکەوان وتی ئەوا کەوتم پاشان بۆ بەیانی دوایی پاشماوەی فرۆکەکەو لاشەی هەموو سەرنشینەکانی فرۆکەکه دۆزرایەوه.. لاشەی سەرۆك کۆماری عێراق عبدالسلام محمد عارف به مردوویی دۆزرایەوه پاش ئەوەی کەمێك له سەروقاچی سووتابوون..

لێرەدا نامانەوێ بچینه وردەکاریەکانەوه چونکه مەبەستمان نییه لەم نووسینەدا تەنها مەبەست ئەوەیەکێ له پشتی ئەو رووداوەوەیه؟! رووداوی ئاسایی بوو یان پلان بوو؟ زۆر راو بۆچوون هەیه لەسەر ئەورووداوه که له کاتی خۆیدا له ئاستی جیهانیش دا کاریگەر بوو و زۆر لایەن و تاقم گومانی لێ ئەکراو زۆریش بۆچوون هەیه... با بزانین ئەو بۆچوونانه چین...

١) گومان له لایەنگرانی پادشایی عێراق هەبوو بەکوشتنی عبدالسلام چونکه ئەو لایەنه کوشتنی خێزانی پادشایی یان له چاوی عبدالسلام عارف و عبداللطیف الدراجی و عبدالکریم قاسم ئەزانی پاش نەمانی قاسم هیچ کات ئاوا عبدالسلام محمد عارف و عبداللطیف الدراجی یان بۆرێ نەئەکەوت بیان کوژن که ئەو کاته هەردوکیان له فرۆکەی ناوبراودابوون و پێکەوه تیاچوون.

٢) لایەنگرانی عبدالکریم قاسم پاش کوشتنی قاسم له ستۆدیۆی ئێستگەی بەغداد بۆ هەلێك ئەگەران تۆڵه له عبدالسلام و ئەوانی تر بکەنەوەو ئەم کاتەیان هەڵبژاردبێت.

٣) شیوعیەکان: بێگومان عبدالسلام عارف زۆر دژی شیوعیەت بوو لەسەردەمی ئەمدا خراپترین و پیسترین هەڵمەتی سەرکوت کردنی بۆ کردن بۆیه له کۆبوونەوەی لیژنەی ناوەندی حزب له تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ دروشمی (العمل الحاسم) یان بریار داو له کردەوەیەکی بەهێزدا

به هاوكاری ڕێكخراوی سەربازی حزب (هاشم) كاریان بۆ لە ناو بردنی عبدالسلام عارف ئەكرد.

٤) ئێرانیەكان: لەوتە سەر (پێی یەكانی)دا قسەی نابەجێی بەرامبەر بە شای ئێران ئەوت و بە شان و باڵی د.محمد مصدقی شۆڕشگێری ئێرانی ئەهات كە خۆماڵی نەوتی ئێرانی كردبو ئالۆزی سنوری هەردو ولات و كێشانەوەی باڵیۆزی هەردولا ئەمەش فرسەت بوو لە شارێكی سنوری ئێران و بە ئاسانی كاری وا ئەنجام بدرێت.

٥) بەعسیەكان: هەر لە سەرەتای شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە بەعسیەكان پشتگیریان لە عبدالسلام عارف دەكرد. لە كاتی دادگاییەكەی دا دژی عبدالكريم قاسم وەستان لە كاتی بەندی عبدالسلام عارفدا هاوكاری خۆی و خێزانەكەیان كرد پاش كودەتاشومەكەی ٨شوبات لە ماڵی خۆی عبدالسلام یان هێناو لە (عقیدە)وە مشتێ پلەی سەربازییان خستە سەرشانی و كردیانە (مشیر) پاش ماوەیەك عبدالسلام عارف كە بە تەواوی دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت لێیان بووە (مارەكەی شێخ هۆمەر) و دوژمنی خوێناوی بەعسیەكان پەرش و بڵاوی كردن و زۆری لێ كوشتن و بەندیخانەكانی لێ پڕ كردن هەربۆیە ئەوانیش بەدوای تۆڵەدا دەگەڕان هەر كاتێك بۆیان بگونجێ.

٦) ناصریەكان: پێش شۆڕش و كاتی قاسم، عبدالسلام خۆی بە موریدی جمال عبدالناصر ئەزانی و ناصریەكانی عێراقیش پشتگیریان لێ ئەكرد بەڵام كە دەسەڵاتی تەواوی كەوتە دەست دەركەوت عبدالسلام بە درۆ بەرگی ناصری پۆشیووەو پاشان خۆی بە هاوشانی جمال عبدالناصر ئەزانی. هەر بۆیە پێشتر (عارف عبدالرزاق) كە زۆر (ناصری) بوو كودەتا سەرنەكەوتووەكەی بەرامبەر عبدالسلام ئەنجام داو عبدالسلامیش دڵ ڕەقانە لە لایەنگرانی ئەویدا. وەفاء عبدالسلام عارف ئەڵێ: هاوسۆزەكانی جمال عبدالناصر باوكمیان كوشت پاش ئەوەی باوكم لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی قووت بووبووەوە وەكو هاوشانی بەهێز بەرامبەر جمال عبدالناصر و باوكم خاوەن هێزێكی گەورەبوو بۆیە دەزگاكانی جمال عبدالناصر هەوڵیان دا لە ناوی بەرن و لە ناویان برد! !

٧) عبدالرحمن ألبزاز و دەوروبەرەكەی! هەر لە مناڵیەوە عبدالسلام سەیری عبدالرحمن البزازی وەكو براگەورە ئەكرد و بیرو هۆش و دبلۆماسیەتی البزاز بوو بووەمایەی دڵخۆشی عبدالسلام بەڵام عبدالرحمن البزاز خۆی بە شایستەی سەرۆك كۆمار ئەزانی نەك عبدالسلام و بۆ ئەو ڕۆژە ئەگەڕا.. هەر بۆیە ئەوترا سوودمەندی تەنها لە نەمانی عبدالسلام حكوومەتی البزاز بوو (ئەو كات سەرۆك وەزیران) بوو. كاتێ عبدالرحمن البزاز چووبوولای ژنی عبدالسلام بە مەبەستی پرسەو سەرەخۆشی: لە ڕووی عبدالرحمن البزازدا وتی: هاتووی پرسەم بكەیت. عبدالرحمن تۆ مێردەكەی منت كوشت...

برۆ نامەوێ بە مردنی خوایی بمری. ئەمەوێ لە خوا بە دڵۆپ ئاو بكەن بەدەمتەوە... پاشان عبدالرحمن البزاز لە دوارۆژەكانی تەمەنی دابوو دكتۆرەكان بە دڵۆپ ئاویان ئەكرد بە دەمیەوە و ئەویش مرد! !

٨) كورد: عبدالسلام عارف هەر لە گەڕانەوەی مەلا مصطفی و بارزانی‌یەكانی لەگەڵی بوون زۆرداخ لە دڵ بوو بەرامبەر كورد و بارزانی (مەگەر خۆی نەی وتبوو سێ كۆمەڵ هەیە ئەبێ بن بڕ كرێن ((كورد، دیان، شیعە)) و هەر ئەم كەسە زۆرجار ووتبووی گەر بەدەستم بێت بە كورد و بارزانی‌یەكان ئەڵێم: ((برۆ... برۆ...) و

زۆر جاریش وونبووی سەری مارەکە لە سلێمانی دایە، من لێرەدا ئەو کتێبەی (الرئیس محمد عبدالسلام عارف)ی (احمد فوزی) مێژوونووسی عێراقی بە توانا دێنمەوەو بەجێی شانازی ئەزانم، هیچ نەبێ یەکێك لەو لایەنانەی گومانی کوشتنی عبدالسلام عارفی تێدا هاتووە، کورد بووە مێژوونوسێکی عەرەبی عێراقی مافی رەوای تۆڵەی گەلێك کە کورد لە بۆچوونەکانی کوشتنی عبدالسلام عارف دا بە کورد بزانێ ئەمە خۆی لە خۆیدا هەر چۆن مافی رەوای کورد نیشان ئەدات بە تۆڵەی رەوای خۆی هاوکات توانای گەلی کورد نیشان ئەدات لە تۆڵەی بۆ دوژمنانی خۆی کە لە بەرزترین پلەشدا بێت.

لە سەردەمی ئەم پیاوەدا و لە مێژووی نوێی گەلی کورددا ئەوەی ئەم بە کوردی کرد تا ئەوکات کەس نەیکردبوو.. رەش بگیری سووتانی ژن و منالٚ و لاو لە لادێ و ئەشکەوتەکانی کوردستان.. مەنعی تەجەولی سلێمانی و سوتاندنی دێهاتی کوردستان رێ خۆشکەر بوون بۆ کەسانی وەك صدام حسین و پیاوەکانی علی کیمیاوی و ئەوانی تر رووداوە جەرگ برەکانی راگوێزان و کیمیابارانی هەڵەبجە و کوردستان و ئەنفالی کورد بکەن و دروشمی سێ کوچکەی (ترحیل، و تعریب، و تبعیس) لە کوردستان بەرپا بکەن. بەلام گەلی کورد لە هیچ کات دەستەوسان نەوەستاوە بەرامبەر ئەم تاوانبارەو دەست و تاقمەکەی بەرەنگاری کردن لە شۆرشی ئەیلولدا بەرامبەر رژێمەکەی هەر بەردەوام گیان فیدایی و قوربانی دانی رۆژبەرۆژ لە نێو خەڵکانی کوردستاندا بووە بە نەرێتی مان و نەمان و هەر ئەو کات دروشمی (کوردستان یان نەمان) بووە وێردی سەرزمانی پێشمەرگەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

## سەرچاوەکان


١. عبدالسلام محمد عارف ل١٤٦ احمد فوزي.
٢. عبدالسلام محمد عارف ل١٥ اخمد فوزي.
٣. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل١٧٧ ليث عبدالحسين الزبيدي.
٤. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل١٨٤ ليث عبدالحسين الزبيدي.
٥. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٥٤ ليث عبدالحسين الزبيدي.
عبدالسلام محمد عارف ل٨ احمد فوزي.
٦. عبدالسلام محمد عارف ل٨٣ احمد فوزي.
٧. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٤٥ ليث عبدالحسين الزبيدي.
٨. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٤٧ ليث عبدالحسين الزبيدي.
٩. عبدالسلام محمد عارف ل٨٢ احمد فوزي.
١٠. عبدالسلام محمد عارف ل٨٦ احمد فوزي.
١١. عبدالسلام محمد عارف ل٨٠ احمد فوزي.
١٢. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٥١ ليث عبدالحسين الزبيدي.
١٣. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٤٤ ليث عبدالحسين الزبيدي.
١٤. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٤٥ ليث عبدالحسين الزبيدي.
١٥. عبدالسلام محمد عارف ل٢٣ احمد فوزي.
١٦. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٤٥ ليث عبدالحسين الزبيدي.
١٧. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٥١ ليث عبدالحسين الزبيدي.
١٨. عبدالكريم قاسم، الساعات الأخيرة احمد فوزي ل٤٩.
١٩. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل١٢٩ ليث عبدالحسين الزبيدي.
٢٠. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٥٧ ليث عبدالحسين الزبيدي
٢١. عبدالسلام محمد عارف ل٣٦ احمد فوزي.
عبدالسلام محمد عارف ل٣٣ احمد فوزي.
٢٢. عبدالسلام محمد عارف ل٦٥ احمد فوزي.
٢٣. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل٣٥٥ ليث عبدالحسين الزبيدي
٢٤. عبدالسلام محمد عارف ل٣٨ احمد فوزي.
٢٥. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق ل١٨٩ ليث عبدالحسين الزبيدي
٢٦. عبدالسلام محمد عارف ل٦٣ احمد فوزي + ثورة ١٤ تموز في العراق.
٢٧. عبدالسلام محمد عارف ل١٤١ احمد فوزي.
٢٨. جريدة المستقبل عدد ٢٧ له ١٣/٣/٢٠٠٠.

بەرایی:

رەنگە لە ئێستادا قسەکردن لەسەر هەر دیاردەیەك وەك خودی خۆی بەبێ روانین لەو فاکتەرە مەوزوعیانەی بوونەتە خوڵقێنەری هاتنە ناوەوەی هیچ شتێکی ئەوتۆ بەرپا نەکات یان نەبێتە کەرەستەیەك بۆ لێدوان، ئەوسا خوێنەر (رەخنەگر) ناچاری پەنابردنە بەرزەینێکی دوور لە مەعریفە دەبێت بۆ راڤە کردنی خودی دیاردەکە و پێناچێت هەرلێدوانێکیشی بە ئاقارێکی دروستدا گوزەر بکات.

بۆیە ئەرکی رەخنەیە لە ئێستای بارودۆخی روناکبیریی ئێمەدا بەگشتی و دۆخی هونەر بە تایبەتی بە وردی کاری خۆی لەسەر پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو واقیعە بکات و دواتر پرسیارەکانی خۆی ئاراستەی ئەو پانتاییە چڕکراوە بکات کە بواردەدات بە هاتنە ناوەوەی هەموو ئەو ئاراستە و تەوژمە جیا جیایانەی کەمیان رەسەن و خۆڕاگرن.

دیاردەی بوونی شانۆ لای ئێمە دیاردەیەکی نوێیە و تەمەنی ناگاتە سەدەیەك لەگەڵ ئەوەی ئەو هونەرە لە خۆرئاوا لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە هەیەو تا ئەمرۆ لە برەوو بەردەوامیدایە بە دڵنیایی سروت و ئاپۆری لە شانۆ چوو لەم دەڤەرە زۆربوون بەڵام هیچیان نەچۆنەتە نێو قاڵبێکی سستماتیزە کراوەوە، بۆیە ناکرێت ئەوانە بە شانۆ بشوبهێنین.

شتێکی بەڵگە نەویستە هاتنە ناوەوەی هەر دیاردەیەکی نوێ بۆ نێو کۆمەڵ لە هەر بارودۆخێکدا بێت سەرەتا تەمی گومان دەوری دەتەنێ و دەکەوێتە دژایەتیکردنی چونکە ئەستەمە پێکهاتەکان بە سانایی ئەو دیاردە نوێیە قبوڵ بکەن، تا تەواو خۆی ئاشکرا نەکات و نیگەتیف و پۆزەتیفی بوون و بڵاوی — بە پێی عەقڵیەتی خودی کۆمەڵەکە — دەرنەکەوێت ناکرێت ببێتە بەشێك لە پێکهاتنی.

هونەری شانۆ وەك دامەزراوەیەکی جێگرو پتەو لە نێو کۆمەڵی کوردیدا بەرجەستە نەبووەو هەرگیز هۆکارێکی وەهاش بەدەستەوە نەبووە تابتوانێ

دڵشاد مستەفا

# یادەوەری بینین

داکۆکی لە خۆی بکات، دیوارەکانی تەنکن، شورەکانی هێندە ئەستور نەبوون تا هەمووکەس و لە هەموو کاتێکدا نەتوانن توخنی بکەون بۆیە ئەو هەموو کارە لاوەکی و نەزۆکەش دەشێت وەك بەشێك لەو بزوتنەوەیە تەماشا بکرێت، لەگەڵ ئەوەی وەك سەرهەڵدانێکی نێگەتیف دەبینرێت بەڵام بمانەوێن یان نا بەشێکی پێکهاتنی ئەو نامۆیە یەو نکوڵی لە بوونی ناکرێت.

هەمیشە نێوەندی هونەری کوردی بە گشتی نێوەندی بزوتنەوە شانۆییەکەی بە تایبەتی پانتاییەکی فراوانی بەتاڵ بووە زەوییەکی بەیار هیچ کات رەخنەکارێکی وای تێدا نەکردووە کە لە ئێستادا ببێتە بنەمایەك بۆ کارکردن و هێنانە گۆی رابردوو وەك درێژکراوەی ئێستا. بەڵکو بە بەردەوام قسەکردن لە دەرەوەی ئەو زەمینەیە کراوەو هیچی نەبۆتە ئەو کارکردنە مەبەستگەرایەی هۆشیارییەك بەرەو مەبەستگەرییەکی پۆزەتیف ئاراستەیان بکات.

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین لە یادەوەری بینین بدوێین لەلای ئەو وەرگرەی بە چەندین جۆر لە چارەکەی روانینی سەدەی بیستەمدا هۆڵەکانی شانۆی پڕکردبۆوە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو وەرگرەو چەشنەکانی و ئەو ئەرکەی لە پرۆسەی بەشانۆ بووندا بە گشتی جێبەجێی کردووە. دواتر پرسیاری ئەوەی ئایا شانۆکاری کورد لە کارکردنیا تا چ رادەیەك حسابی وردی بۆ بوونی ئەو وەرگرە کردوەو تا چ ئەندازەیەك لەسەر گریمانی جۆرە جیاوازەکانی ئەو کاری کردووە؟ داخۆ سستمێکی ئەقڵانی پتەو هەبووە بۆ هەڵبژاردن؟ هەڵبژاردنی ئەوکارەی وەرگری جددی لە دەستبژێرەوە دەکاتە گشت؟ یان بە پێچەوانەشەوە کامە میکانیزم خراوەتە گەڕ بۆ راستکردنەوەی هاوکێشەکەی رابردوو؟ دەتوانین لە هەوڵێك بڕوانین کە ویستبێتی وەرگری گشتی و نغرۆی نێو پێکەنینی دروستکراو بگۆڕێتە بەشێك لە دەستبژێرێکی گشتی؟ کامە شانۆ



دەتوانێت زاراوەی (بینەری راستەقینە) بە وەرگری خۆی ببەخشێت؟

هەوڵدەدەین لەگەڵ شیکردنەوەی چارەکەسەدەیەك لە تەمەنی ئەم بزوتنەوەیە شوێنگەی ئەو وەرگرە دەستنیشان بکەین دواتر لەگەڵ دەرئەنجامە گشتییەکاندا لەدوی چارەسەرێك وێڵ بین و چەند پێشنیارێك بۆ راستکردنەوەی چەوتی ئەو دۆخە بخەینە روو رەنگە هەوڵی ئەم باسە تارادەیەك سنوردار بێت چونکە تایبەتە بەو بزوتنەوە شانۆییەی لەدوو دەیەی دوایی سەدەی بیستەمدا لە شاری سلێمانی لە بەرەودا بووە و شارو شارۆچکەکانی تر ناگرێتەوە. بەڵام هیوایەکە تا لە نێو واقیعی ئەمرۆی هونەری ئەم دەڤەرە شوێنێك بگرێت و ببێتە تەواوکەری ئەو هەوڵە جدییانەی دەیانەوێت ئێستای ئێمە راڤە بکەن و سەرجەم ئەو بزوتنەوانەی دەتوانن بەشێك بن لە ژیانی خەڵك تیرۆزە بکەن.

## بەشی یەکەم

## یادەوەری وەك زاراوەیەکی دێرین

لە ئێستای دنیای روناکبیریدا و بە تایبەتی لە توێژینەوە رەخنەیی و زانستیەکاندا ناساندی زاراوەکان لە دیدی توێژەرەوە یەکێکە لەو ئەرکە گرنگانەی دەبێت جێبەجێ بکرێت. تا هیچ جۆرە بەدحاڵیبوونێك لەلای خوێنەر دروست نەکات. بۆیە دەبێت بەناو پێناسە و جۆرەکانی یادەوەریدا گوزەرێکی خێرا بکەین.

لە سایکۆلۆجیادا و بە پێی ئەو دابەشکردانەی زانایانی ئەو بوارە بۆ کەسێتی ئینسان و عەقڵ کردوویانە بە بەر لە هەست دەناسرێ وەك نێوەندێکی تەنك لە نێوان هەست و نەستدا و شوێنی کۆکردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە هەستەکان بە ئینسانی دەبەخشن. لە پێناسەیەکی تردا یادەوەری راستەقینە بەوە دەناسرێت کە (توانای زیندوکردنەوەی دۆخێکی هۆشیاری رابردو و بەسەر چووە لەگەڵ یەقینی تەواو دەربارەی ئەوەی ئەوە بەشێکە لە ژیانی رابردوومان)[1].

هەڵبەتە یادەوەری بەشی خۆی بەهای هەیەو رۆڵی لە نێو پرۆسە جۆراوجۆرەکاندا دەبێت (ئۆگستنیوس) وای دەناسێنێ کە (دەرون یاد کردنەوەیە، درك کردن لەسەر بنەمای یادهاتنەوەی وێنەکانی رابردوو بنیات دەنرێت و کەسێتی لەسەر یاد هاتنەوەی رابردوو بەندە، گەر یادەوەری نەبێت کەسێتی دروست نابێت و درك کردنیش تەواو نابێت و نەریت ناپارێزرێت و ئەندێشە کردن و رادەربڕین و گەیشتن بە حەقیقەت ئەستەم دەبێت)[2]. لە زانستدا یادەوەری چەند جۆرێکی هەیەو بە پێی مەیلی خۆرسك و دەستکەوتو دەگۆڕێت:

١) هەستە یادەوەری: یان یادەوەری وێنەکان کەبە گۆڕینی جۆری وێنەکان دەگۆڕێت گەر وێنەکان بینایی بن بە یادەوەری بینایی ناو دەبرێت گەر دەنگی بێت بە بیستنە یادەوەری ناودەبرێت، هاوکات جوڵە یادەوەری و چەشنە یادەوەری و بەرکەوتە یادەوەری و بۆنە یا دەوەریش هەیە.

٢) سۆزە یادەوەری: ئەم جۆرە بەندە بە روداوەکانی رابردوەوە کەلە کاتی روداني شتێکی هاوشێوەدا رابردوو ئامادە دەبێت و هەمان ئەو هەستانەی سەردەمی یەکەمی روداوەکە وەك خۆی دووبارە دەبێتەوە. زانایانی دەروونناسی لەسەر حەقیقەتی ئەم جۆرە لە یادەوەری ناکۆکن. بەشێکی یەکەم بە حەقیقەت دەزانن نمونەی (کریبو و بولصات، سوللی برودەم) بەشی دووەم کە نکۆڵی لە بوونی ئەو یادەوەرییە دەکەن (کویلم جیمیس، دانتە) نمونەی ئەوانن.

٣) عەقڵە یادەوەری: واتە یادەوەری هزر و دانایی و سەلمێنراوەکان، گەرقسەکردنێك بە هەموو وشەکانیەوە بێنەیاد ئەوە هەستە یادەوەریە، بەڵام گەر تەنها واتا و تیۆرەکان لە یادابوون ئەوە عەقڵە

یادەوەرییە. عەقڵە یادەوەری هاودەمی هەموو یادەوەرییەکانی ترەو لەگەڵیاندا یەکەیەکی ئۆرگانێکی پێك دەهێنێت.


## ١ ـ ٢
## بینین

کردارێکی خۆرسکی دروستە ئەرکەکانی لە کۆئەندامی دەماغدا تەواو دەبێت بە هەردوو چاو دەست پێدەکات و دەڕواتە نێو زەینەوە لەوێ لە دوای لێکدانەوەو هەڵاوێردن ناوزەد بکرێت.

ڕەنگە لە هەوڵێکی زۆر ساکاردا بتوانین پەیوەندییەکی دروست و بەر کەماڵ لە نێوان یادەوەری و بینیندا بدۆزینەوە، بینین یەکێکە لەو کردارانەی بەشداری لە دروستکردنی یادەوەریدا دەکەن بە تایبەتی هەستە یادەوەری کە شوێنی کۆبوونەوەی وێنە بینراوەکانەو بەشداری لە پرۆسەی یادەوەری ناندا دەکات.

(جان لوی بارۆ)لە شیکردنەوەی ئەزمونەکانی ستانسلافسکییەوە ـــ بڕوای بە بوونی دوو چاوی ناوەوە هەیە کە لە نێو زەینی ئینساندا هەبێت بۆیە دەتوانێت وێنەکانی نێو یادەوەری جارێکی تر ببینێتەوە، هەمیشە لە ساتی ئەندێشەکردندا چەندین وێنەی نێو کونجرەکانی هەستە یادەوەری دێن و لەبەردەم ئەو دووچاوەی ناوەوەدا خۆیان نمایش دەکەن بۆیە زمان دەتوانێت وەسفیان بکات لە کاتی پەرش و بڵاوی ئەو وێنانەدا و بوونی هەریەکەیان لە دۆسیەیەکی جیاوازدا کاری دەماغە بە پێی سیناریۆی ئەندێشە کراو بەیەکیانەوە بلکێنێت و بیانکاتە وێنە داواکراوەکە.

کەواتە ژیان دەبێتە ئەو پێشانگە هەمیشەیی و بەردەوامەی بینین کردەیەکی سەرەکیە لە نێویداو بە بەردەوام وێنەکانی ئەو دەبنە ئەزمونێکی بینراوو دەچنەوە نێو زەینی کەسی بینەر، بۆیە هەموو لە ژیان چوەکانیش یان هەموو ئەو کردە و ڕوداوانەی




ژیان داگیردەکەن دەبنە بەشێك لەوکۆگەیەی لەنێو یادەوەریدا دروست دەبن و دەمێننەوە.

## ١ ـ ٣
## وێنە و نەمری

کەمن زۆرکەم ئەو وێنانەی بۆ هەمیشە لەنێو یادەوەریدا دەمێننەوە ڕەنگە وێنەکان بتوانن بۆ ساتەوەختی کەم یان تا ڕادەیەك درێژخایەن جێگەیەك بۆ خۆیان بدۆزنەوە و تێیدا مەلاس بن بەڵام ئاستەمە بەسانایی وێنەیەك دیاری بکەین و بڵێین ئەمە ئەو پەرچووەیە کە بە هیچ شێوازێك دیوارەکانی یادەوەری بەرنادات و بە بزمارێکی زۆر بەهێز بەوێندەردا داکوتراوە. ڕەنگە گەر تەماشای لایەنە سایکۆلۆجیەکەی بکەین و بگەڕێینەوە بۆ شیکارییە دەروونییەکانی فرۆید لەو مەسەلانەدا دەبینین بە پێیی ڕای ئەو، ئەو ڕووداوانەی لە ساتەوەختی ڕودانیاندا جۆرێك لە سەدمە (شۆك)

دروست دەکەن کە کاردانەوەی بینینە ئەوانە لەنێو یادەوەریدا زۆرتر دەمێننەوە، ئیدی جۆری ئەو سەدمانە خۆش بن یان ناخۆش و تاڵ. دەبێت لێرەوە لە کاتی شیکردنەوەو روانین لەو قۆناغە جیاوازانەی بزوتنەوەی شانۆ لە کوردستان پێداتێپەڕ بووە بەوردی لەوە بڕوانین داخۆ کامە ستایڵ یان نمایش و لە چ ساتەوەختێکدا توانیویەتی بینەر توشی ئەو حاڵەتە دەروونییە بکات، واتە لانی کەم پەیوەندی گرتن لەگەڵ بینەردا لەسەر بنەمایەکی سایکۆلۆجی ئامانجی خۆی پێکاوە دواتر بێینە سەر شیکردنەوەی جێکەوتی ئەو بوونە لەسەر رەوتی سەرجەم بزوتنەوەکەو لە پێوداگێکی هونەریدا دەرئەنجامەکەی راڤە بکەین. ئایا هەموو ئەو نمایشانەی سەدمەیان دروست کردووە بە باری پۆزەتیف دا بێگومان کاری پڕ ئەفراندن بوون؟ یان ئایا نمایشێك دەدۆزیتەو، بۆ پراکتیکی ئەو گریمانە؟ تۆ بڵێی کاردانەوەی ئەو سەدمانە لەسەر نێوەندە هونەرییەکە خۆی چۆن بوویێت؟ بەکامە عەقڵییەتەوە پێشوازی لە هەر گۆڕانێك یان جیاوازییەك کراوە؟ کێ ئەو کارەی کردووەو دواتر چۆن تەماشا کراوە؟

## ١ ـ ٤
## وەرگر و چێژ

دیارە پرۆسەی چێژوەرگرتن لە کاری هونەرییدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە چونکە مەعریفەی هونەری هەر چۆنێك بێت لە جەوهەردا ملکەچی ئەو یاسا گشتیانەیە کە بەسەر هەموو بەشەکانی تری مەعریفەدا جێبەجێ دەبێت. چێژی هونەری وەك دۆخێکی سایکۆلۆجی نزیك دەبێتەوە لە دۆخی ئەفراندن، کەواتە پرسیاری یەکەم دەبێت لەوێوە دەست پێبکات کە وەرگر کێیە؟

بوونەوەرێکی زیندووە چوست و چالاك پڕپڕە لە زیندەگی، بەری ئەو بەری هاوکێشەی پرۆسەی ئەفراندن پێك دەهێنێت، توانای وەرگرتنی هەموو ئەو بەرهەمانەی هەیە کە بەرەورووی دەکرێتەوە ئیدی بە خوێندنەوە بێت یان بینین یان بیستن، ئەو پنتەیەکە گوتارەکان بەرەورووی دەڕۆن، پرسیارەکان دەکەونە بەردەمی و دواتر دەبنە هۆی دروست بوونی پرسیاری زیاتر لای ئەو. لەگەڵ ئەوەی شانۆ لێرە دامەزراوێکی نامۆ و نوێیە و (یەکەم نمایشی شانۆیی لە کوردستاندا لە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٠٥)دا بە ناوی (میری دیل) پێشکەش کراوەو لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٢٣دا بە ناوی (عیلم و جەهل)ەوە پێشکەش کراوە.[٣]

دواتر بە هۆی هاتنی گروهی (حقی شبلی)یەوە بۆ هەولێر و سلێمانی هێندەی تر ئەو هونەرە ناسێنراوەو تا رادەیەکی کەم خەڵکی کوردستان پێی ئاشنا بوون و لەوێوە بەکاریگەری ئەو جۆرەکارانە هێندێك هۆشیاری هونەری لەلای خەڵکی کورد دروست بوەو کەسێك دروست بوو بەناوی بینەریان وەك سەرەتا پیرەمێردی نەمر لە رۆژنامەی (ژین)دا بە تەماشاچی ناوبردون.

ئەو کەسە ئیدی تێکەڵاوی ئەو هونەرە بوو، بووە بەشێك لەو هاوکێشە گرنگەی پرۆسەی ئەفراندن و بەشێکی فرە کاریگەر کە بەبێ بوونی ئەو ئیدی هاوکێشەکە لاسەنگ دەبێت و گەلێك زەحمەتە تەواو ببێت ناوی (بینەر) وەك کەسێکی بەرامبەر هونەرمەند ئیدی جێگیر بوو و بەشی خۆی لەنێو ئەو کردارە ئینسانیەدا وەرگرت.

ئەم بونەوەرە فرە هەستەوەرە هەردەمەو دەچێتە دۆخێکەوە و لەگەڵ گەشەسەندنی ئەو هونەرەدا دەگۆڕێت و جۆروبەرگی جیاوازتر بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

لەگەڵ داهاتنی رێبازە نوێیەکانی ئەدەب و رەخنە ئیدی ناوی بینەریش دەگۆڕێت و ئەرکەکانیشی دەبێتە شتێکی تر واتە پێگەیەکی تری بۆ دادەمەزرێت.

بەدرێژایی مێژووی بزوتنەوەی شانۆی کوردی وەك چۆن کارەکان لە بەر لاوازی سستمەکانی پرسیارکردن و روانین و پۆلێن کردن هەموو بەیەك نیگا تەماشاکراون وەرگریش لەو دۆخە جیانەبۆتەوە. واتە بەهیچ شێوەیەك ئەو بەشە گرنگەی پرۆسەی ئەفراندن نەخراوەتە بەردەم راڤەکردنێکی وردو بەهیچ پۆلێن کارییەکدا تێپەڕنەبووە. بۆیە هەوڵدەدەین گریمانی چەند جۆرێك وەرگر بکەین و دواتر لەساتی پراکتیکدا دێنەوە سەر هێنانەوەی نمونە لەنێو ئەو پۆلێنەدا:

أ. وەرگری ئاسایی (ساکار): ئەم بە تەنها رواڵەتەکان دەبینێت و هەرگیز توختی مانا ناکەوێت و ناتوانێت بچێتە نێو قوڵایی بابەتەکانەوە لە مەلەوانێکی نەشارەزا دەچێت کە بە تەنها بە شاباری تەنکاو دێت.

ب. وەرگری لێکدەرەوە (مفسر): ئەم جۆرە توانای لێکدانەوەی ئەو گوزارشتانەی هەیە کەبەرەوڕوی دەبێتەوە بەڵام توانای ئەوەی نیە دەرەنجامێك بەرهەم بهێنێت.

ج. وەرگری ئەفرێنەر (مبدع): ئەم جۆرە دەتوانێت سەرجەمی هێماو ئاماژەو پەیامەکانی لەساتی وەرگرتندا لەنێو کایەیەکدا یەکانگیر بکات و بتوانێ پەی بە پەیامی یان گوتاری بەرهەم بەرێت، رەنگە جیاوازتر لەوانەی باسمان کرد هەر کایەیەکی مەعریفی بۆ خۆی وەرگری خۆی هەڵبژێرێت.

(هەموو وەرگرتنێکی ـ کاری هونەری ـ لەراستیدا پرۆسەیەکی خولقاندنی ئەفرێنەرانەیە لە هۆشیاری وەرگرداو دەرخستنی ئەوەی پرۆسەی چێژ وەرگرتن تەواو دەکات لە خولقاندنی وێنە و فۆرم بۆ ناوەڕۆکی گوزارشتی سۆزداری)[٤]

کەواتە دەشێت بۆ وەرگرتنی نمایشێکی شانۆیی تەواوی ئەوپرۆسەی خولقاندنە بێتەوەگۆڕی بە پێی رانیۆفاپرۆسەی چێژوەرگرتن لە نمایشێکی شانۆیی وەك هەر بەرهەمێکی هونەری بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕدەبێت:

یەکەم: قۆناغی هەستی و سۆزداری و بریتیە لە پرۆسەی چونە ناوەوە و توانەوە لە کارەکەدا لەم قۆناغە توانای وەرگر بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ



بۆچونە نێو سروشتی ئەو سۆزو هەستانەی نمایش دەیانخاتە رو دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەو پەیوەندییە سۆزدارییە ــ هەستیە ناراستەوخۆیەشدا پرۆسەی ئەفراندن لە چێژ وەرگرتندا دەست پێدەکات. لە هەستەوە دەڕوات بەرەو درك کردن و عەقڵ و تێگەیشتن و بیرکردنەوە.

دووەم: لە قۆناغی دووەمی چێژ وەرگرتندا مەعریفە رۆڵێکی گەورەو گرنگ دەبینێ بەبێ ئەم مەعریفە هونەرییە راستەقینەیە ناتوانین پەیوەندی لە نێوان شانۆ و بینەردا دروست بکەین. دەبێت بینەر شادمان بێت بەو مەعریفە پابەندەی لەگەڵ ئەوەی بە جوڵەی لە پڕ ناودەبرێت (بە تایبەت لە شانۆی هاوچەرخدا) بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیکردنە دەربکەوێت دەبێت بینەر دوای ئەکتەر دەست بکات بە کرانەوە و لە هۆڵەکەدا ئەتمۆسفیرێك لە ئەفراندن پەخش بێت.

سێیەم: پابەندە بە پرۆسەی تێگەیشتن و شیکردنەوەی نمایش وەك حەقیقەتێکی هونەری و کارێکی هونەری، لێرەوە ناوەڕۆکی نمایش دەست دەکات بە کارکردن لە بینەر نەك بە تەنها لە میانەی دیالۆژو سروشتی کاراکتەرەکانەوە، بەڵکو لە میانەی یەکگرتنی هۆکارە شانۆییەکانەوە بە شێوەیەکی قەشەنگ. شیکردنەوەی فۆرم و جۆرو پێکهاتەو تایبەتمەندە شێوەکاری و شێوازییەکانی بەرهەمی شانۆیی بە تەنها پێویستی بە بینەرێکی تایبەت نیە بەڵکو بینەرێکی دەوێت خاوەن رۆشنبیرییەکی شانۆیی تەواو.

چوارەم: ئەو قۆناغەیە کە بینەر چێژ لە رێگە و شێوازی ئەفرێنەرەکان وەردەگرێت ئەکتەرەکانی نمایش، ئەم قۆناغە چەند خواستێکی پێویستی هەیە کە لە گریمانی خاوەندارێتی بینەر بۆ شارەزاییەکی پێشینە بەکاری بەشداربوانی نمایش خۆی دەبینێتەوە تا بتوانێ بەراوردێکی ئەفرێنەرانە بۆ دۆزینەوەی تایبەت و گشتی لە سروشتی ئەفرێنەرانەی هونەرمەنددا.

ئەم چوار قۆناغ و هەنگاوە هەرگیز بە تەنها پێك نایەن بەڵکو بەداچون و لە کارلێکدان بەشداری لە چەندین پێکهاتەی جیاوازدادەکەن بە جیاوازی رەگەزە پێکهێنەرەکانی بزوێنەرە پاکژەکانی چێژی هونەری، هەروەها لە فاکتەرو رەگەزی زۆری تر و دۆخە هونەرییەکانی پرۆسەی چێژوەرگرتن وەك دۆخی ئەفراندن دەنوێنن بەرێگەی جۆراوجۆربوونی ناکۆتاوە.

## ١ ـ ٥

## پەیوەندی و بەرامبەر

لە پاش ئەوەی هیگڵ لە (فینۆمینۆلۆژیای رۆح)دا کێشەی بەرامبەری هێنایە نێو بیری فەلسەفییەوە و بەرامبەری بە رەگەزێکی سەرەکی دانا بۆ ئەوەی هەموو خودێك هەست بە هۆشیاری خۆی بکات. (بەرامبەر پێویستیەکی سەرەکییە بۆ ئەوەی من هەست بە بوونی خۆم بکەم، هیچ هەستکردنێك بە خود نیە لەو کاتەدا نەبێ کە دوو هۆشیاری یان دوو کەس بەیەك دەگەن و لەم بەیەکگەیشتنەدا هەریەکەیان دەیەوێت ئەوی تر دانی پیابنێت[٥]).

ئەم گریمانە دەقاودەق لەگەڵ پرۆسەی نمایشی شانۆییدا یەك دێتەوە چونکە ئاستەمە نمایشێکی شانۆیی بەبێ بەرامبەر واتە وەرگر تەواو ببێت. چونکە هەمیشە بوونی ئەو دەتوانێت ئەو زیندەگییە بهێنێتەکایەوە کە نمایش دەکاتە بەشێك لەژیان یان ئامادە بۆ وەرگرتن.

(بینەر بە هۆی چاودێری راستەقینەوە بۆ نمایش، دەبێتە خاوەنی دەستپێشکەری یەکەم لە بازنەی پەیوەندیکردندا، هاتن و ئامادەبوونی پەیامێکی سەرەتایی و بەراییە بۆ ئەوانەی کاری نمایش ئەنجام دەدەن)[٦].

بە دڵنیایی بوونی ئەزمونێك یان كۆبوونەوەی خیبرەیەك لای وەرگر دەبێتە هۆكارێكی چالاك لە پرۆسەی لێككردنەوەی كۆدەكاندا، بە مانایەكی تر لە پرۆسەی چونە نێو نمایشەوە ئەو فاكتەرێكی راستەقینەیە كە دەتوانێت كردەی پەیوەندیكردن بگەیەنێتە ئاكام. ئەفرێنەر دەبێت زۆر هەستیارو وردمامەڵە لەگەڵ توانای وەرگرتن و ئاستی هۆشیاری وەرگردا بكات چونكە هەركاردانەوەیەك لە نێوەندی بینەراندا زۆرجار دەبێتە دۆخێكی گشتی و بەهەند وەرنەگرتنی ئەو گریمانە وادەكات وەرگر لە دەست بچێت و لە ملكەچ بوونی بۆ رۆحی دەستەجەمعی یاخی ببێت و لە سنورەكان بچێتە دەرەوە ئەوسا كرداری وەرگرتن رونادات و بنەماكانی پەیوەندیكردن هەڵدەوەشێتەوە. كەواتە دەتوانین هەموو ئەوانە لەوەدا كۆبكەینەوە كە پەیوەندیكردنی شانۆیی لەگەڵ بینەردا دەست پێدەكات و لەگەڵ ئەویشدا كۆتایی دێت.

## بەشی دووەم
## قۆناغەكانی پراكتیك
## ١ ـ ٢
## قۆناغی یەكەم، ١٩٨٠، ١٩٨٥

دوای گەڕانەوەی چەردەیەك لە خوێندكارانی ئەكادیمیای هونەرەجوانەكانی بەغداو دوای ئەوەی چەندین گۆڕانكاری سیاسی لە ناوچەكەدا رویداو خەونی كورد لە هاتنەدی خودموختاری رما و شۆڕش هەرەسی هێنا، دەبوو شانۆكاری كورد بە ئاراستەیەكی تر بكەوێتە خۆ، بۆ ئەوەی قەرەبوویەكی سایكۆلۆجی و سوسیۆلۆجی بێت بۆ خەڵك لە دوای روخانی دوادەواری ئاواتیان. كاریگەری هەرەس زۆر بەكەمی لەسەر ئەدەب و هونەری كوردی سەنگی خۆی فرێداوە جگە لە قەسیدەیەكی دیاری شێركۆ بێكەس و هەندێك كاری ئەدەبی تر و ئاوارەبوونی چەند نوسەرو روناكبیرێك شیتكی تر نابینیت بۆنی كاریگەر بوونێكی بەهێزی لێ بێت (وەك ئەو كاریگەرییەی نسكۆی ٦٧ لە ئەدەبی عەرەبیدا بەرپای كرد) بۆیە رەنگە هونەرمەندی كوردیش بە هەمان رەوگەدا رۆیشتبێت. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە لە یاد بكەین كە (ح.ش.ع) هێشتا لەبەرەی (جود)دا بوو لەگەڵ حكومەتی بەغداو چەردەیەك لە هونەرمەندیشی لەدەوری خۆی كۆكردبووە. هەرچۆنێك بێت دەرفەتی دوای نسكۆ، دەرفەتی بەتاڵییەكی زۆربوو بەڵام قورس لەسەر دڵی خەڵك و هونەرمەندیش، بۆیە ماوەیەك بواری هەندێك كاركردن درا. شانۆ بووە پانتایی نمایشكردنی ئەو شانۆیانەی بەناوی كاری ئەكادیمی و ریالیزمیەوە پێشكەش دەكران پەیوەندی كردن لەگەڵ بەرامبەر كە وەرگر لە سەر بنەمایەكی سایكۆلۆجی پێك دەهات بینەری زامدار (كوردی زامدار) دەیویست لە هەموو شوێن و بۆنەیەكدا باسی زامەكانی خۆی بكات و بۆ خەڵكیان نمایش بكات. بۆیە شانۆكاری كوردیش كە لە هەنگاوێك كەمتر لەولا ئەوەوە پێ دەكات، هەمان ئەو خواستانەی لەنێو كارەكانی خۆیدا دووبارە دەكردەوە نەیدەویست ئەو متمانەیە لەدەست بدات كە (شانۆ قوتابخانەی گەلە) و دەبێت بینەر فێرخوازێكی بەئەمەك بێت و لەو شانۆیەدا وانەكانی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە فێر ببێت بینەریش بە دڵنیایی بەو رۆڵەی خۆی قایلەو پێی شەرمە لەو پەیمانەو بەندەكانی دەربچێت و هەردولایەنی پەیمان بەستوش تا دەهات پەیوەندیەكەیان لەسەر ئەو بنەما سایكۆلۆجیە پتەوتر دەبوو. وەرگر ئەوەی لەبیر چوبۆوە كەئەو پەیوەندییە بواری بیركردنەوەی نادات و بە تەنها وەك تەواوكەری نەریتی نمایش كاری پێدەكرێت. لە پاش ئەمە شانۆكاری كورد كەوتە داهێنانی ئەزمونێكی نوێ ئەوەی بە نێوی شانۆی داستانی برتۆڵد برێختەوە هاتووەو دەیەوێت دیواری لەمپەری نێوان وەرگرو شانۆ بشكێنێ و بوار بۆ

بەشداریکردنی وەرگر بکاتەوە (ئەودەمەی بینەر دەگاتە ئاستێك لە هۆشیاری دەتوانێ گفتوگۆیەکی هێمن و قوڵ لەسەر ئەو کێشانەی ناو نمایش لەگەڵ ئەکتەردا دروست بکات و پرسیارەکانی خۆی ئاراستەی پانتایی نمایش بکات).

ویستی شانۆکاری کورد ئەوەبوو وەرگرێکی هاوشێوەی دەست بکەوێت کە دەتوانێ لەو خاڵانەی دەشێت بە گفتوگۆ یەکلایی بکرێنەوە بەشداری نمایش بکات و هەوڵبدات لەو یاسایەدا مومارەسەی ئازادییەکانی خۆی بکات؛ بەڵام ئەو کارە هەر روی نەداو شانۆکاری کوردیش زۆر لەوە دڵنیابوو کە کاراکتەری شەرمنی کورد هەرگیز ڕێ بە خۆی نادات ئەو سنورشکێنیە بکات. بۆیە دەچوو ئەکتەرێکی دەبردە نێو هۆڵی بینەرانەوەو دەبووە نمایندەی بینەرو بەناوی ئەوەوە پرسیاری دەکردو وای لە قەڵەم دەدا بەوکردەیە دیواری چوارەمی شکاندوەو ئیتر ئەو ئەزموونە بە شانۆی داستانی وەرگیراو بەجێبەجێکردنەوەی ئەزمونەکانی برتۆلدبرێخت ناودەنرا.

لەم دۆخەشدا کەدەبوو بنەمای پەیوەندیکردن لە سایکۆلۆجیەوە بگۆڕێتەوە ئایدۆلۆژی شانۆکاری کوردو وەرگریش پێکەوە سەرکەوتونەبوون لە گەیشتن بەو ئاستە بۆیە تەنها دۆخی دروست لە پەیوەندیدا هەر ئەو دۆخە بوو کە لەسەر بنەما سایکۆلۆجیەکان بنیات دەنرا. هەوڵەکانی ئەو کاتەی (کۆمەڵی هونەرەجوانەکان بە پێشکەشکردنی شانۆی خۆماڵی و ئامادەکراو نمونەی (سەلەی نانکەر، میراتی، گوڵاڵە) هەوڵێك بوون بۆ لێك نزیك بوونەوە لەگەڵ وەرگردا لە ڕێی قسەکردن لەسەر کێشە هەنوکەیی و نزیکەکانی ئەو و هێنانی وێنەیەك لە ژیانی وەرگرو دوبارە کردنەوەی. دواتر ئەزمونەکانی تیپی پێشڕەو بۆ قسەکردن لەسەر چەمکە قەدەغە کراوەکانی وەك (ئازادی و ـــ حەقیقەت) لە نمایشەکانی (راستیەکە مرد، مرۆڤ و شارەکەی، مێوژی بەرخۆر) و چەندانی تر هاوکات بوو لەگەڵ (مانگی ئاوابوو، کەللەسەر)ی تیپی نواندنی سلێمانی کە هەموو پێکرا لەسەر بنەما سایکۆلۆجیەکان پەیوەندییان دەگرت و دۆخی هاوشێوەی ژیانی کوردیان دوبارە دەکردەوەو ئەوەیان لە وەرگر دەگەیاند کە ئەو پاڵەوانانە کوردن بەڵام بە بەرگی خۆرئاوایی یان وڵاتانی دراوسێوە دەردەکەون، لە هونەری کارکردنیشدا لە ڕێی فیرانستین و پێکهاتەی سێگۆشەیی و سنوردارکردنی دیکۆرەوە بایەخیان بەئامادە بوونی وەرگردەدا.

## ٢ ـ ٢
## قۆناغی دووەم ١٩٨٥ ـ ١٩٩٠

دوای ئەوەی شانۆ بووە پێویستیەکی حەتمی لە ژیانی خەڵکدا و دوای دەرچوونی یەکەم دەستەی خوێندکارانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و خوێندنی هەندێکی‌تر لە خوێندکارانی کورد لە ئەکادیمیای بەغدا، دۆخێکی تر هاتە نێو رەوتی بزوتنەوەی شانۆ لە کوردستان و چەندین گۆڕانکاری خێرا بە سەر سەرجەمی ئاراستەکاندا هات.

خواستی هەندێك فۆرم لەنێو ئەزمونەکانی خۆرئاواوە بووە هۆی پەیدابوونی ئاراستەیەکی تر بەناوی ئەزمونگەری کە لە سەر بنەمای میتۆدەکانی شانۆی خۆرئاوا بنیات نراوە ((دەبێت شانۆکاری کورد چی بڵێت لەبەردەم زاراوەکانی شێوازاندن و بایۆ میکانیکا و قۆستنەوەو پلاستیکادا. داخۆ چۆن دەگەڕێت بە شوێن پراکتیکی ئەم جۆرە میتۆدانەی هیچ هێڵێکی پەیوەندی لەوەوبەر بۆ رژانە نێو بونیاد بنەڕەتیەکان نادۆزنەوە دەتوانێت لە کوێوە بگەڕێت بە شوێن بنیاتنانی جەستەیەکی ئامادە بۆ وەڵامدانەوەی هەموو پەرچە کردارەکانی سەرشانۆ کە ئەو میتۆدەی ئەوەی بۆ دەستەبەر دەکات دەرگای لێ نەکرێتەوە، زەمینەی نەبێت لێوەی ئامبازی سنورە تەلبەندکراوەکان بێت[٧]))

گەر ئەو میتۆدانە مامەڵە لەگەڵ بونیادی کەسێتی کوردی نەکەن بەمانا ناوچەیی و ئەنتۆلۆژیەکەی ناتوانن هیچ جۆرە تەباییەك لەگەڵ شانۆکاری کورددا بەو شێوەیەی پێویستە دروست بکەن. کەواتە لەوێنا کردنەوەی ئەم جۆرە ئەزمونەدا وەرگری کورد دەکەوێتە بەردەم کامە هەڵوێست تۆ بڵێی ئەزمونکار لەم جۆرە کارانەیدا هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی بۆ بوونی وەرگرو تەواوبوونی پرۆسەی وەرگرتن کردبێت. خەونی ئەزمونگەری هێنانەکایەی وەرگرێکی دەستبژێر بوو کە بتوانێت شانۆ لە ڕەهەندە ئیستاتیکیەکەیەوە ببینێت و تارادەیەکی زۆر بە تایبەتمەندی خۆی وەربیگرێت بۆیە لەم ئەزمونانەدا هەولێك بۆ باڵابوونی وەرگرو تا گەیشتن بە ئاستی نمایش هەبووە وەلێ گرفتەکە لەوێدا کەڵەکە بوو کە وەرگری بزوتنەوە شانۆییەکە لەسەر جۆرە کارکردنێکی سانا ڕاهاتووە دوور لەو هەموو نهێنیو جیاوازییانەی ئەم ئاراستەیە دەیخولقێنێ،




گەر نمایشی (مارا ـ ساد)ی (شەماڵ عومەر) بەنمونە وەربگرین، کە کارکردن تێیدا لەسەر دامەزراندنی فەزایەکی بزۆك و پێکهاتەی جیاجیاو گروهی جیاو لەیەك کاتدا جوڵاو کردبوو کە دەشێت وەرگرێکی ئاسایی نەتوانێت لەیەك کاتدا لە هەموویان بڕوانێ و پەیوەندی نێوانیان بەو دروستیە گریمان کراوە بدۆزێتەوە. بۆیە تا ڕادەیەك لەوەدەرنانی گشت لە نێو هۆڵەکاندا کاری هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا توانی کەم تا زۆر دەستبژێرێك بۆ شانۆ پەیدا بکات کە بڕستی بەردەوامی و سەلیقەی زۆر و ئەندێشەی زوروهزری فراوانی هەبێت.

ئەم شێوازی کارکردنە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی ئەزمونەکانی (ئەحمەد سالار)دا، جگە لەوەی یەکێك بوو لە ڕێبەرەکانی شانۆی ئەکادیمی کوردی کەسێکی چالاك بووە لە هێنانەکایەی شێوازی نوێ و جیاوازی کردن(٨). هەولی ئەم بۆ هێنانە ناوەوەی جۆرێك لە شانۆی سروت ئامێزبوو.

(هەرچەندە لە نێوان سروت و نمایشی شانۆدا چەندەها جیاوازی هەیە کە نابێت لەیاد بکرێن). بەڵام دەشێت هەندێك لەو ئەزمونانە بە شانۆی ئاهەنگ سازیشەوە بە سروت ئامێز ناوبەرین. ئەوەی بوار دەرەخسێنێ بۆ جێبوونەوەی کردایی ئاهەنگسازی و ئاپۆڕایی لێرە ئەو بەشدارییە کۆمەڵەییەیە کە پەیڕەوی دەکات. ئێمەی ئێرە لە یەکتر جیانابینەوە و دەترسین لە تەنها بیرا زەفەرمان پێبەرن. ئەو لە یەکتر کۆبونەوەیە دووبارەکردنەوەی ئەو سروت و ئاپۆڕایانەیە کەلە نێو کەلەپوری زاری ئێمەدا هەیەو تا ئێستاش پەیڕەوی دەکرێت بۆیە ئەو بونیادە هەرچی شتێك وەك یادەوەری وێنەیەکی لەوچووی لەوەوبەری هەیە ئامادەیە پێشوازی لێبکات.

پەنهانتییە لە گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێ و جوڵە ئیقاعییەکانی تر بەشێکی گرنگ لە کەلتوری نەتەوەییمان پێك دەهێنن بۆیە زیندوکردنەوەو بەکاربردنیان لە هەر بەرگ و وێنەیەکدا بێت قبولکردنی کارێکی گران و ئالۆزنییە. (ئەحمەد سالار) دوای چەندین ساڵ ئەزمون و کاری بەردەوام تا رادەیەکی باش شارەزای سایکۆلۆجیەتی بینەری کوردە بۆیە بۆ ئەو خواست و خولیایە دەگەڕێت کە وەرگر تامەزرۆیەتی و دەیەوێت بە دیداری شاد بێت (ئەفسانە، چیرۆك، بەیت و سەماو گۆرانی، جل و بەرگ، هەموو ئەوانەن کە دەتوانن رابردوو بگێڕنەوە) کەواتە گەلێك دروستە دۆخی تێکەڵاو بوونی بینەر لەگەڵ ئەم کارەدا دوای بزواندنی یادەوەری. ئەزمونەکانی ئەحمەد سالار بە تایبەتی لە (نالی و خەونێکی ئەرخەوانێدا) گەواهی راستەقینەی ئەم گریمانەن. چەند ئاسان بوو بۆ کەسێتی کوردی یارییەکانی منداڵی خۆی حیکایەتەکان، گۆرانی و شیعر و سەماکان کە یادەوەرییان داگیرکردوە وەك بەشێك لە کەلتوری نەتەوە لەنێو کۆنەشدا چەسپیون جارێکی دی بێنێتەوەو لە تەکیاندا تەبابێت و تەماهیشیان لەگەڵ بکات. کەواتە لێرەدا بەوردی

ڕۆڵی وەرگر لێکدراوەتەوە ئەو. بە سایکۆلۆجیای خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بە گۆرانییەوە دەبرێتە نێو رەوتی نمایشەوە. هەڵبەتە ئەم جۆرە هەڵبژاردنە کەڵەکە بوونی ئەزموونی چەند ساڵەی ئەحمەد سالارە. ئەم هەنگاوە بزوتنەوەی شانۆی ئەزمونگەری وریاتر کردەوە لەوەی ئەم وەرگرەی ئێرە ئیدی دەیەوێت لە نێو نادیاری کەلتوری خۆیدا پرسیار و گەڕانەکانی تەواو بکات بۆیە هەوڵدان بۆکردنی نادیاری ئەوی‌تر بەدیار هیچ شتێکی نوێ ناخاتە سەر یادەوەری ئەم وەرگرەی ئێرە جگە لە بینینەوەی هەندێك فۆرم نەبێت کە رەنگە وێنەکانیان بۆ ماوەیەك وەك هەر ئەنتیکەیەکی‌تر لە نێو یادەوەریدا بمێنێتەوە. بۆیە هەنگاوی ئەزمونگەری ئاراستەیەکی تری بۆ کارکردن هەڵبژارد کارکردن لەنێو کەلتورو کەلەپوری نەتەوەدا بەڵام بەڕوانینێکی‌تر یان جوڵاندنی بونیادێکی تر، هەوڵی (شەماڵ عومەر) بۆ بزواندنی کەلەپورە بەو مانایەی ((بانگهێشتێکی نهێنی یە بۆ زیندوکردنەوەی سروتەکانی هاوبەش کردن لەگەڵ هەموو ئەوانەی وا هەست دەکەن بانگەوازی کەلەپوور لە خودی خۆیانەوە هەڵدەقوڵێ))[٩]. بۆیە بەرەو جۆرێکی‌تر لەکارکردن هەنگاویان نا نمایشەکانی دواتر کە (چاوەڕوانی سیامەند) و دوای ئەویش (ئەوەڵ سەحەر) بوون ئەو دوو نمایشەی تا ئێستاش هەندێك وێنەیان لەنێو یادەوەری وەرگری ئێرەدا جێماون، نمونەی ئەم شێوازی کارکردنە نوێیەی ئەو گروهەن لێرەوە تەوژمەکانی شانۆکاریان بۆ دروستکردنی وەرگرێکی تایبەت کردیان هەوڵیاندا تیکەڵاویەك لە نێوان دەستبژێرو گشتیدا بکەن یان جارێکی تر گشت بکەنە دەستبژێرێکی ئامادەو کارێکی وەها بکەن کە گشت لە قاڵبی دەستبژێردا وەرییبگرێت.

بە دوای ئەم ئەزموونانەدا هەوڵێکی تر هاتە گۆڕێ بۆ دەرچوون لە فەزای شانۆو کارکردن لەدەرەوەی شوێنە تایبەتەکانی شانۆ ئەو ئەزموونەی (رزگار

ئەمین) بە ناوی (شانۆی ماڵ)ەوە هێنایە گۆڕێ لەسەر بنەمای مامەڵە کردنی شانۆکار لەگەڵ شوێندا وەك بەشێك لە یادەوەری وەرگر. ئەم ئەزموونە هەرچەندە رەنگە لە شانۆی وڵاتانی تردا هەبێت. بەڵام لەنێو بزوتنەوەکەی ئێمەدا کارێکی نوێ بوو.

(رزگار ئەمین) هەوڵێکی بۆ هێنانە کایەی ئەم جۆرە لە فۆرمی شانۆ داو لە نمایشی (شیرین و فەرهاد)دا بەرجەستەی کرد کە لە نێو ماڵێکی کەلەپوری سەربە فەرمانگەی شوێنەوار نمایشەکەی پێشکەشکرد ، بینەری شانۆ کە لە میوانی ئەو ماڵە دەچوون کە نمایشەکەی تێدا ئەنجام دەدرا، ئامادە بووان لەسەر ئەو سەکۆیانە دادەنیشتن کە لە حەوشەی ماڵەکەدا دروست کرابوو، جگە لەو فۆرمانەی نمایش کە دەچونەوە نێو سروتە ئاینیەکانی نێو یادەوەری وەرگر. ئەم هەوڵە بۆ بە ئاگاهێنانەوەی رابردوو لە نێو زەینی ئێستادا لەوێوە دێت کە بە دڵنیاییی گەر ئێمە نەتوانین لە ئێستادا بژین و پەیوەندییەکانمان دروستتر لەنێویدا پێك نەیەت، دەبێت زەمەنێك بدۆزینەوە تا لەگەڵ بەرامبەردا لەنێو ئەودایێك. لێرەوە هەوڵی (رزگار ئەمین) دەردەکەوێت بەڕوانین لەوەی کەلەپوور گیانێکی زیندەو کراوە هەرگیز وەك مردو و داخراو تەماشا ناکرێت بۆیە دەیکاتە نێوەندێك بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ وەرگر، وەرگرێکی هۆشیار بە رابردووی خۆی و نزیك لە هەموو ئەو سونبلانەی دەشێت لە ئەفسانەو داستانە کەلەپوورییەکانەوە بێنە نێو رەوتی نمایشەوە. هۆشیار بە خوێندنەوەو بنیاتنانی ئەتمۆسفرێك پڕ لە ئەفراندن. لەم جۆرە نمایشە سروتیانەدا وەرگر پێکهێنەری سەرەکی نمایشەو بەبێ بوونی ئەو هاوکێشەی نمایش تەواو نابێت بۆیە دەشێت لێرەدا قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئەم جۆرە ئەزموونە گرنگی تەواو دەداتە وەرگرو بە پێی ئەو گرنگییەش حسێبی وردی بۆ دەکات.

هاوکات لەگەڵ ئەم ئەزمونانەش کارێکی دی بە نێوی شانۆی سیاسی لە ئارادا بوو ئەوەی دەیویست وەك قۆناغی پێش خۆی شانۆ بکاتە شوێنی خاڵیبوونەوەی بارگەکانی حەماسەتی نەتەوەیی و بڵندگۆی خواستی رزگاربوون، لە لایەك وەك هاندەرێك کاری دەکرد بۆ رق ئەستور بوونی خەڵك لە لایەکی دییەوە بۆ خۆی جۆرێك لە سازکردنەوەی دەرونی توڕە بوو کە رەنگ بوو لە هەڵچونێکدا توشی خۆبینینەوە لە ژورەکانی ئەشکەنجەداندا ببێت. لەم جۆرە ئەزمونە (عوسمان فارس) کاری بۆ دەکرد کە دەشێت کەم تا زۆر بە جۆرێك لە سنوردارییەوە قسە لەسەر ئەزموونی پڕ لە گومان و نهێنی ئەم پیاوە بکرێت کە ئامانج و ئاراستەکانی رون نین و هەر رایەکی تایبەتیش لە چوارچێوەی روانینێکی ساکار دەرباز نابێت. ئەزمونەکانی تری ئەم بوارە کارەکانی تیپە شانۆییەکان و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بوو هەندێك لەوان خەریکی دووبارە کردنەوەی ئەزمونەکانی دوێنی بوون بەڵام بە ستایلێکی تر ئەوان دەقیان لەنێو ئەدەبی ئێرلەندا دەخواست ئەو گەلەی وەك کورد بەدەست کێشەی چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە دەیناڵاند و لێرەوە هاوسۆزییەکیان بۆ وەرگر دروست دەکرد ئەمان شان بە شانی دەرونی وەرگر دەجوڵان و دەیانویست هێندەی تر وێنە ببەخشنە ئەو واقیعەی ئەوی تێدا دەژی. وەرگری نێو ئەم جۆرە نمایشە یان دەمارگیر دەبوو یان دڵگران و غەمبار ئەو دەیزانی کە ئەمانە وێنەکانی (شوێنەکانی) ئەون بەڵام لە ترسی چاوە زیتەکانی سانسۆر بە رەنگەکانی ئەوێ بۆیاخ کراون، لەم جۆرە ئەزمونانەدا ترس ئەو مۆتەکە گەورەیەی دەماغ و دڵی پێچابوو بواری کرانەوەی بەسەر ئەزموونێکی لەوە جیاوازتردانەدەدا بەشانۆکاری کورد و نەیدەویست گیانبازی بەو ئاپۆرایەوە بکات کە ماوەیەکی زۆرە لە دەوری ئاگری، جۆش خواردووی ئەو کۆبوونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی لەم قۆناغەدا چەندین شێوازی کارکردنیتر بە شانۆی کۆمیدیشەوە هاتنە نێو دنیای وەرگری کوردییەوە بەڵام هێشتا ئەو پارێزگاری لەو سەنگینیە کردبوو کە گشتی کردبووە دەسبژێرێکی تێکەڵاو و پۆلێن کراو. ئەوی راهاتوو لەسەر ناسینەوەی سمبلەکان و کردنەوەی هەموو ئەو گرێیانەی کە ماناکان لە پشتیەوە حەشارن، لە ئەم قۆناغەدا وەرگر هەست بە زیندەگی خۆی دەکات بۆیە تا ئێستاش هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشێ.

## ٢ ـ ٣
## قۆناغی سێهەم ١٩٩١ ـ ١٩٩٦

لە مێژبوو کورد هەڵوەدای خەونی ئازادی بوو ئەوەی لە دوور را بەسەر بڵندایی چیا هەمیشە دۆستەکانیەوە وەستابوو. دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و جوگرافیە گەورانەی دنیای بە گشتی گرتەوە و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی شوێنی روداو و کێشە سیاسیە گەورەکانی دنیا، دیسان بووە شانۆی پراکتیك بوونی چەندەها پلانی سیاسی جۆراوجۆر و زەمینەیەك بۆ ئازادبوون لەدەست کۆت و پێوەندەکانی داگیرکەر بۆ زۆر لە گەلانی ژێر دەستە رەخساو کوردیش یەکێك بوو لەوانە راپەرین زەمینەی کرانەوەی هەموو ئەو دەرگا خەتەرناکانەی لەوەوبەر قەدەغە بوون، ترازانی دەروازە کلۆم دراوو نهێنیەکان و رەخسانی دۆخی بزاوتنی ئازادانە، دوو جۆر هەڵویستی هێنایە گۆڕێ کە کایە ئەدەبی و هونەرییەکانی پێکەوە خستە بەردەمیان یەکەم/ هەڵویستی ئەوانەی لەسەر بنەمای رەمزەکانی ئازادی بە مانا سیاسیە سنوردارەکەی کاریان دەکرد کە ئیدی توشی جۆرێك لە دەستەوسانی هاتن و نەیاندەزانی ئیدی بەکامە ئاقاردا برۆن، بە بڕوای ئەوان ئیدی شتێك نەما باس بکرێت رەخسانی زەمینەی ئازادی بەواتای کەوتنی بەهای هەموو رەمزەکان و بەو مانایەی ونبووی بنەمای کارکردن و بابەتەکانی، ئەم چەردەیە هەرزوو بەرزوو کەوتنە بەردەوام شەپۆلی فەرامۆشی و لەسەرەتاوە پاش یەك دوو هەوڵی ساکار هێدی هێدی کشانەوە دواوەو ئەو فەزایەیان بە بەتاڵی جێهێشت. چونکە بە بڕوای ئەوان ئیتر وەرگر بێتە تەماشای چی؟ ئەو پەیوەندییە نهێنییەی ئەو لەگەڵ رەمزەکاندا بۆ وەرگری دروست کردبوو شتێکی ئاسایی و هەموو کەس پێی ئاشنا بوو کەشف بوونی ئەوی نهێنییە بەواتای هەڵوەشانەوەی تەلیسمی بەستنەوەی وەرگر بە کارەکانەوە دێت، بۆیە هیچ پاساوێك بۆ بەردەوامی نەماوەو بەناوی رێکردن بۆ نەوەی نوێ و کاری نوێ ئیدی پاشە کشە دەستی پێکرد. بە دڵنیایی شانۆکارێك زەمینەی ئەفراندنی لەسەر کۆگەیەکی ئەبیستمی پڕو هەمیشە نوێ بنیات نەنرابێت ناتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا مامەڵە بکات و پێداویستیەکانی سەردەم بۆ وەرگر دابین بکات.

دووەم/ کرانەوە بە مانای رەهابوونی هەموو ئەو شتانەی لەوەو بەر تابۆبوون ئیدی رستەیەك نەماوتنی قەدەغە بێت لەمەودوا سنورەکانی ئەفراندن کراوەن سانسۆرێك دەست نانێتە بینینی کارێك و بوار رەخساوە بۆ هەموو ئەو دژە رایانەی دێنە گۆڕێ، لێرەوە رێگاکان بێ خاڵی پشکنین و شانۆکان بێ پاسەوانە چاوزیت و رەنگ هەڵبزرکاوەکان دەستەیەکی تر کە رەنگە سەرەتا لەنێو دەستبژێردا قبوڵ کرابێت بە بڕوایەکی جیاواز و دیدێکی جیاوازەوە لەو هەلومەرجەیان دەڕوانی، ئەوان دەیانویست بە روانینێکی رەخنەگرانەوە لە رابردوو بڕوانن و هەموو ئەو سستمە کۆنە پارێزو نەریتپارێزانە لەبەر یەك هەڵبوەشێنن کەرابردوو وەك وێنەیەکی پڕ لە جوانی پیشان دەدەن و ئێستا بەزادەو درێژکراوەی رابردوو دەزانن، هەڵبەتە عەقڵیەتی نەریتپارێزی کوردی هەرگیز لەوە ورد نابێتەوە کە دەبێت ئێستا بسەلمێت و رابردوو بە درێژکراوەی ئەو ئێستایە لە قەڵەم بدرێت ئەوسا

کردەی بنیاتنان تەواو دەبێت. بۆیە ئەم دەستەیە بە کراوەتر لەسەر ئەو مەسەلانە وەستان. نمایشی (مارا ــ ساد)ی (رزگار ئەمین) نمونەی کاری ئەم هەڵوێستەیە کە دەیویست کارێکی جیاواز لەباوەکان پێشکەش بکات و وەرگر سەرەتا هەموو ئەو شوێنەی بۆ کەشف دەبوو کە ئەکتەر دەیکاتە شوێنی نواندن و لە دولاوە دەیتوانی بە نهێنیەکانی نمایش ئاشنا بێت کە ناوەڕۆکەکەی نارەزایی و پرسیار و پێشبینیەکانی خۆیەتی بۆیە دەتوانێت بە سەلیقەوە تەماشا بکات. هاوکات لەگەڵ ئەم ئەزمونەدا ئەزمونێکی تر بەردەوام بوو کە لەوەوبەر رەنگ رێژی بۆ کرابوو کارەکانی (هادی المهدی) کە لە دوای راپەڕین درێژەی هەبوو بە نمایشی (کالیگۆلا) دەستی پێکرد کە کەم تا زۆر کارکردن بوو لەسەر بەئاگا هێنانەوەی شتەکانی لەوەوبەر بە قسەکردن لەسەر دیکتاتۆریەت. دواتر ئەم کردەیە بەردەوام بوو تا قسەکردن لەسەر بابەتە هەنوکەییەکانی ئینسانی کورد نمونەی (کەس نیە نامە بۆ کۆلۆنیل بنێرێت).

لە دوای هاتنی نەوەیەکی جیاوازتر بۆ نێو بزوتنەوە شانۆییەکە و دۆزینەوەی پانتایی لەوەوپێش زانراو هەوڵێك بۆ ئاشکرا کردنی ئەو شتانەی لەوەو بەر نهێنی بوو بوون یان گۆڕینی نەزانراو بە زانراو هاتە گۆڕێ، کەرەستەی ئەم گروهە جیاوازتر بوو لە رابردوو زەیندێکی ئەکادیمی بەرنامەرێژ بەڵام روانین و دیدی جیاواز جیاواز هەرچەندە کاری ئەم گروهە لە نێو دەزگایەکی هونەری وەك (پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)ەوە دەستی پێکرد بەڵام لەدواییدا ئەو روانینە بەرەو دنیای ئەوانی تر ئەوانی دەرەوەی دەزگاکە پەخش بوو.

لەسەرەتادا ئەم هەوڵە بۆ سەرلەنوێ کۆکردنەوەی بینەری دەستبژێری بە گشتی کراو یان گشتی بە دەستبژێرکراو بوو لەدەوری شێوازێکی تر لە شانۆ ستایلێك کەلەوەبەر بەو وێنانە کاری نەکردووە. هەرچەندە ئەم گروهە لە کارەکانیاندا جۆراوجۆری هەبوو بەڵام بە ئاراستەی لێك نزیك کاریان لەگەڵ وەرگر دەکرد. ـ وەرگرێك کە گشتێکی دەستبژێر بێت ــ بۆیە ئیدی گشت هێدی هێدی فەرامۆش کرا چونکە ئەرکی شانۆ گۆڕا، گەر لەوەبەر بە ئەرکێکی سوسیۆلۆجیاوە کاری بۆ گۆڕپان کردبێت لەنێو دۆخە کۆمەڵایەتیەکاندا کە دۆخی هەنوکەیی وەرگرە بەڵام ئێستا بەرەو ئەرکێکی ئیستاتیکی هەنگاو دەنێت ئەو ئەرکەی کەم تا زۆر بوونی وەرگری دەستبژێر دەسەپێنێ (ئەستەمە وەرگرێکی راهاتوو لەسەر ئەوەی شانۆ شوێنی گێڕانەوەی حیکایەتەکانی ئەوە بەبێ بوونی هیچ ئەزمون و خیبرەیەکی ئیستاتیکی ئێستا بەو پێودانگانە مامەڵەی لەتەك بکرێت. بۆیە دەشێت ئەم گروهە لە سەرەتای هەوڵەکانیاندا وابناسرێن کە ئەوانە بوون خواستی پۆلێن کردی وەرگریان هەبوو بە دڵنیایی وەرگری سادەو وەرگری لێکدەرەوە کە هەر لە چوارچێوەی هاوبەرامبەرەکانیدا دەسوڕێتەوە ناتوانن شوێنی خۆیان لەم جۆرە کارانەدا بدۆزنەوە بەتەنها کەسێك کە دەتوانێت بمێنێتەوە وەرگری ئەفرێنەرە ئەوەی دەتوانێت بەشداری لە نمایشدا بکات بە پەخشکردنی ئەتمۆسفیرێك لە ئەفراندن و بە قۆناعە جیاجیاکانی وەرگرتندا بە شێوەیەکی دروست تێپەڕ ببێت.

نەوەی دووەمی ئەم ئەزموونە کەوتە نێو گومڕاییەوە ئەو ویستی بە هەنگاوەکانی (مامۆستا ــ باوکەکەیدا) بڕواتەوەو هات هەمان ئەزمونی پیادەکردەوە، بۆیە لەو ونبونەی خۆیدا وەرگریشی خستە نێو گێژاوێکی ترەوە کە لێدەرچوونی سانا نەبووە، وەرگر کە بزانێ تێکەڵاوبوون لەتەك نمایشێکی لەو شێوەیەدا خۆونکردنە لەنێو لافاوێکی سەرهەڵگرتودا ئیدی چۆن توخنی دەکەوێت ئەم نەوەیە لەکەم دەستی خۆیەوە دەکەوێتە تاوانبارکردنی وەرگرو دەرگاکانی هۆڵەکانی شانۆیان بۆ دەخاتە سەرپشت تا هەڵبێن وەرگرێك ــ رووداوێك ــ خواستێك ــ ساتێك ــ هەناسەیەك ــ لە کۆی نمایشێکدا نەدۆزێتەوە باس لەو بکات ئیدی بەکامە تاڵی بەستەرەوە لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ نمایشدا

دڵنیا بێت. ئەم نەوەیە کەوتە نێو هەڵەی ئەوەی ئەو پێویستی بەوەرگر نییە و ئەزموونەکانی ئەو بەبێ هیچ جۆرە حسێبێك بۆ وەرگر دەچێتە سەرو هیچ گرنگیەکی بە بەری ئەو بەری هاوکێشەی ئەفراندن نەدا. هەڵبەتە وەرگریش هەڵوێستی هاوشێوەی دەبێت و ئەو شانۆیەی وەرگرو بوونی فەرامۆش کرد ئەویش فەرامۆشی کرد.

هەموو ئەمانە بووە هۆی رەخساندنی زەمینە بۆ جۆرە شانۆیەکی تر، شانۆیەك قسە لەگەڵ وەرگر بکات یان وەرگر خۆی تێدا بدۆزێتەوە (هەردەم وەرگر چێژ لەو دەقانە وەردەگرێت کە لە نێویدا نغرۆ دەبێت)[١٠]. کەواتە گەر ئەم دۆخەی لەنێو شانۆیەکی جددیدا چنگ نەکەوت چی بکات؟، گەر شانۆیەکی بنیاتنراو لەسەر بنچینەیەکی دروست نەبوو بتوانێت پرسیارەکانی ئەم جێگە بکاتەوە؟ گەر شانۆیەك نەما گشتی بەدەستبژێر کراو لەخۆ بگرێت ئەوسا گشت سیفەتی دەستبژێری لەدەست دەدات و دەبێتەوە بە گشتێکی تەنها و نغرۆی سادەیی کە بە ئاسانی بە هەموو شتەکان قایلە و ئیدی پێویستی بەهیچ جۆرە قوڵبوونەوەیەك نییە. لێرەوە بوار رەخسا بۆ شانۆیەك سادە بەڵام پڕ لە قسە ئەوەی هەموو بە ئاسانی تێی دەگەن و دەشێت کەمێك ئاسودەیشیان پێببەخشێت شانۆیەك دێتەکایەوە دوور لە هەموو ئەرکەکان کە گرانترن لە سانا تێگەیشتن دوور لەواتاو حەقیقەت و بەها مەزنەکان ئەوەی لە دواییدا بە شانۆی بازرگانی ناوزەدکرا.

## ٤_٢
## قۆناغی چوارەم ١٩٩٦ ـ ٢٠٠٠

کەشەڕبووە یەکەمین نیشانەی ناسینەوەی وڵات و لەشەڕی شاخ و دۆڵ و بەرزایی و گوندەکانەوە بووە شەڕی دەست بەسەرا گرتنی شارە گەورەکان ئیدی هیوای ئازادی هێدی هێدی ماڵئاوایی کردو بڕوای ئەوە لە گۆڕێ نەما کە جارێکی تر ئەم نیشتمانە کەرت بووە دەبێتەوە بەیەك نیشتمان بۆیە روناکبیری کورد بە گشتی ئاواتێکی نەما کەلەنێو ئەم هەموو مەینەتی و کەسەر بارینەدا تروسکاییەك بێت بۆژیان مەرگدۆستی کەزادەی بارودۆخی جەنگە یەك لە دوای یەکەکان بوو بووە دروشم، بێهودەیی تەنها تەوژمێك بوو کەلەنێو بیرکردنەوەی خەڵکدا جێی دەبۆوە، بۆیە (نەوەی نوێ) ئەو نەوەیەی دەیویست بە هەموو شتەکانیەوە پێ لەنەوەی رابردوی بنێ، کەوتە هەوڵی خۆدەرباز کردن لە تەلیسمەکان هەموو وتەزاکانی پێش خۆی وەلاناو بە دیدێکی ترەوە هات بەڵام ئەو دۆخەی تێدا دەژیا دۆخی دروستبوونی ئەفراندێك نەبوو کە وەرگر بکاتە هاوڕێی، وەگری راهاتوو لەسەر سانایی بابەتەکانی پێشتر و ئێستا پڕ لە ئومێدی ئەو دەمەی دەچێتەوە بەردەم وێنەکانی نائومێدیەکیتر کە لە گۆشەیەکی تری ئەم دنیایەوە هاتووە لە جێی ئەوەی وەك گشتێکی ئینسانی سەیری مەسەلەکان بکات، دەیانبوێرێت و ناتوانێ پەیوەندییان لەگەڵ بگرێ، بۆیە ئەو کارانەی بە کەلتوورێکی تەواو خۆرئاواییەوە هاتنە نێو بزوتنەوە شانۆییەکەوە و سەر لەنوێ بانگەشە بوون بۆ دروستکردنەوەی بینەرێکی دەستبژێر ئەوەی ئامادەیە بە گشتیەوە تێکەڵاوی نمایشەکان ببێت و بتوانێ ئاڵوگۆڕێکی مەعریفی لەمیانەی نمایشەوە بێنێتە گۆڕێ. بەڵام مەخابن بەشێك لەو دەستبژێرە روناکبیرەی دەبوو بێتەوە ناو هۆڵەکانی شانۆ ناجێگیری دۆخی وڵات ئاوارەی تاراوگەی کردبوو، بەشەکەی تریشی لێرە سەرقاڵی ژیان بردبویە نێو تەنیاییەکی کوشندەوە. زۆرینەی ئەو کارانەی لەو میانەیەدا پێشکەشکران زۆر ئەستەم بوو بۆ وەرگرێکی گشتی دەستبژێرکراویش بتوانێ پەیوەندییان لەگەڵ بگرێ چونکە ئەو ئاستی هۆشیارییە گشتیەی ئەو نمایشانە دەیخوازی هێشتا چەند فرسەخ دووربوو لە زەینی ئینسانی کوردەوەو لێیان حاڵی نەدەبوو. نمونەی نمایشەکەی (هۆرێن غەریب) (دوا ئەفسانەی بوون) و (ئۆڤیلیا) کە دوو

نمایشی پڕ لە تایبەتمەندی بوون و دەبووە دەستبژێری دەستبژێرەکان بتوانن لەو مانا نهێنی و شاراوانە تێبگەن. لە پانتاییەکی نوێ بەرهەمهێنراودا دەهاتنە بوون، گوێزانەوەی نمایش بۆ فەزایەکی خواستراو دوور لەو تەختەی شانۆیەی بینەر لەسەری راهاتووە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەستیپێکردبوو، بەڵام کەشف کردنی پانتاییەك لە دەرەوەی شوێنە گشتیەکان لەسەرەتای نەوەدەکاندا دەستیپێکرد. بۆیە هێشتا ئەو ئەزموونە جێی خۆی لەنێو بیرکردنەوەو تێگەیشتنی وەرگری ئێرەدا نەگرتبوو کە چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هات. لە (ئۆڤیلیا)دا یەکێك لە رەگەزەکانی پەیوەندی بە بەرامبەرەوە کە دیالۆژە نەبوو.. لاکان لە وتەیەکدا دەڵێت (لە نێوان دوو مرۆڤدا تەنها دوو شت یان دوو رێ هەیە: یا قسە کردن یا مردن). نەمانی ئەو رەگەزە لە نمایشێکی وا تایبەتمەندا هێندەی تر گەیشتن بە بەرامبەر ئاڵۆز کرد، ئەو بوارەی قسەکردن (دیالۆگ) دەیڕەخساند دەیتوانی پەیوەندییەکی تەندروست بهێنێتە گۆڕێ، ئەو لە نێو ئەو هەموو جەنجاڵی و ئاڵۆزیەی ژیانەوە پێی ناوەتە نێو شوێنێك پانتاییەك تا بە نغرۆ بون لە نێویدا هەناسەیەك ئاسودەیی هەڵمژێ ـ چونکە شانۆ لای ئێمە لە جێی پێویستی بەشێك بووە لە کات بەسەر بردن و ئاسودەیی ـ توشی جۆرێك لە رەتکردنەوە دەبێت وەرگر کە هەستی کرد بوونی ئەو لەو شوێنەدا پێشوازی لێ ناکرێت ناچار دەبێت جێی بهێڵێ بۆیە ئەم جۆرە ئەزمونانە ڕێ خۆشکەربوون بۆ ئەوەی (گشت و گشتی دەستبژێر کراو) ئیدی ئەو هەستەیان لادروست ببێت کە ئەمان لە هیچ حاڵی نابن و پێویستە ئەم جۆرە نمایشانە نەبینن. لێرەوە دەستبژێری شانۆکار بەشێك لەو وەرگرەی لە دەست چووکە دەبوو شانۆ ئاستێکی هۆشیاری گشتیان بۆ دروست بکات.

ئەزموونەکانی نێو پەیمانگای هونەرە جوانەکان بە تایبەت لە فێستیڤاڵەکاندا هێشتا پارێزگاری لەو بوونە ئاپۆراییە کردبوو کە لەوەوبەر هەبوو، هەرچەند بە ژمارە کەمتر بوو بەڵام هێشتا ئومێدێك مابوو بەوەی ئەم دۆخەکاتییەو دەگۆڕێت. ئەزموونی نێو فێستیڤاڵەکان دەیتوانی پەیوەندییەکی کاتی لەتەك وەرگردا دروست بکات. بەڵام لە سادەییدا وای دەکرد شتێکی وا لە نێو یادەوەریدا جێ نەمێنێ هەموو ئەوەی روودەدا لە کاتی خۆیدا روبدات و کاریگەرییەکی ئەوتۆی بۆ داهاتوو نەبێت.

هەرچەندە پەیمانگە وەك شوێنێکی فێرکاری چەند ئەزمونێکی پێشکەش کرد و توانی لە هەندێك کاتدا بچێتەوە سەر هێڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەردا بەڵام بەردەوام نەبوونی ئەم پەیوەندییە وای دەکرد وەرگر بەرەو لایەنەکانی تر کێش بێت.

ئیدی جگە لە فێستیڤاڵەکان نەریتی نمایشی جددی سەربەخۆ بووە کارێکی دەگمەن و زۆر بەکەمی ئەنجام دەدرا، ئاستەم بوو بینەری تامەزرۆی نمایش بتوانێت کارێکی جددی ببینێت بۆیە بە تەنها چاوەڕوانی فێستیڤاڵ و بۆنەکان دەبوویان روی لە دەزگاکان دەکرد کە لە دۆخێکی تەندروستدا بتوانن بەرهەمێك بهێنێتە گۆڕێ شایستەی تەماشا.

## ٥ ـ ٢
## شانۆی بازرگانی و وەرگر

دوای لە دەستدانی زۆر بەهای گرنگی سوسیۆلۆجی و سەرهەڵدانی بیرکردنەوەیەکی جیاواز لەوانەی لەمەوبەر تەوژمێکی دژ بە ئاراستەی پێچەوانە هات و شانۆ چۆڵ و هۆڵەکانی پڕ کرد لە پێکەنینێکی دروستکراو پێکەنینێك کە ئینسانی کوردی بێزار لەو هەموو شەڕو نەهامەتی و نەدارایی و نەبوونیانە خۆی لەساتەکانی گومڕایی و خەم و تەنهایی پێ دەدزیەوە. شانۆیەك هاتە گۆڕێ کە هیچ بەهایەکی هونەری و تا رادەیەکی زۆر رەوشتیشی

تێدا نەما. ئەم شانۆیە دەچووە نێو دنیای حەرامکراوەکانەوە ئەوانەی نەریتەکانی کۆمەڵی کوردی نەیدەهێشت ببنە کەرەستەی گفتوگۆ، بەڵام ئەم چوونە لەسەر بنەمای هۆشیارییەك بنیات نەبرابوو بەڵکو نەستی خەفەکراو دەبووە داینەمۆی هەموو بزاوتەکە. بۆیە هیچ لۆژیکێك هیچ دروستیەك قایل نەبوو فیزای پەڕینەوەی ئاسایی پێبدات. بەڵام بە شێوەیەکی سەیر و لەسەر هەمان ئەو لۆژیکەی حکومەتی عێراقی ئەوی ڕۆژێ لە کاتی جەنگ لەگەڵ ئێران کاری پێدەکرد هەموو دەرگاکانی بۆ برەوسەندنی ئەم جۆرە لە گاڵتەجاڕی خستە سەر پشت ئەوپشت ئەستور بوو بەوتەزای (بینەر ئەوەی دەوێت) بۆیە دەیتوانی لە قایل کردنی گشتێکی سادەی دوور لە هۆشیاریدا سەرکەوتوبێت. بوون و پەرەسەندنی ئەم تەوژمە دەشێت لەسەر چەند فاکتەرێك بنیاتبنرێت:

١) دەسەڵاتی کوردی دەیەوێت بە هەموو شێوەیەك بوار بکاتەوە، بۆ خەریك بوون، خەریك بوونی بینەر بەو پێکەنینەوە تا بواری بۆ بیرکردنەوە لە دۆخی ناهەمواری ژیان نەبێت و هەست بکات لێرە لە نێو ئەو هەموو توندو تیژیەدا ساتێکی دەست دەکەوێت بۆ پێکەنین، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا هەموو ڕەخنە گرتنێکی ئەم تەوژمە لە دەسەڵات لە قسەی ڕوت و سادە و تێپەڕ زیاتر نییە، شتێکە نەجێ دەگرێ و نە دەتوانێ پرسیاری کوشندە ئاراستەی بونیادی ئەو دەسەڵاتە بکات بەڵام بەلای ئەوگشتە ساکارەوە ــ کە زۆرینەی خەڵکە ــ ئەوەشی قسە کردنە دژی ئەوشتە نهێنیانەی نابێت بوترێت و شکاندنی سنوری قەدەغەیە واهەست دەکات ئەو ڕەخنەیەی ئەو هەیەتی و دەبێت بەرەو ڕوی دەسەڵاتی بکاتەوە کە نازانێ ئاکامی خۆی بەچی دەگات ئەوەتا دور لە مەترسی بۆ ئەمی بینەر ئەو تەوژمە دەیڵێت و ئەمیش تا ڕادەیەك ئاسودە دەکات لێرەدا هەموو مەسەلەکە بە سودی دەسەڵاتە لۆکالیەکاندا دەگەڕێ.

٢) چەردەیەك لەوانەی بە ناوی هونەرمەندەوە بانگ دەکرێن بۆ خۆیان بنێسسن ئەوان ناتوانن هێند گەورەبن بگەنە ئاستی بەرپرسیارێتی ئەوەشی بووە فاکتەرێکی گرنگ لە هاندانی ئەم لایەنەدا دارمانی ژێرخانی کۆمەڵە کە بووە هۆی کەوتنەوەی قەیرانێکی ئابووری گەورە و دابەزینی ئاستی ژیان و نەمانی لانی کەمی گوزەران. ئەو چەردەیە خۆڕاگر نەبوو لەبەردەم تەوژمی لە خشتە بردنەکان خۆیان دایەدەست بچوك بوونەوە تا ڕادەی لە دەستدانی بەها ئینسانیەکان خۆشگوزەرانی یان دابین بوونی ژیان وای کرد ئەوان بەرەو ئەو دنیایە مل بنێن هەرچەندە ئەمە پاساوێکی زۆر لاوازە و دۆخی دابەزینی ئاستی ژیان تا ڕادەیەك گشتی بوو بەڵام زۆر هونەرمەند مایەوە و بەو بچوك بوونەوەیە قایل نەبوو.

٣) چۆڵکردنی شانۆکان لە لایەن شانۆکارە جدیەکانەوەو نەمانی نەریتی نمایشی جددی، ڕێی کردەوە بۆ ئەو وەرگرەی کاتی ڤالای هەیە لە نێو ئەو تەوژمەدا بەسەری بەرێت.

٤) هاوکاریکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گەشەسەندندا و پێشکەشکردنی ئەو بەرنامانەی بە ناوی خەندە پەخش و خەمڕەوێنەوە کاریان تێدا دەکرێت، بینەر لەسەر ئەو کاریکاتێرە کورت و دور لە مەبەست و مانایانە ڕادەهێنن، بینەرێك بە بێ پارەو ماندوبوون بەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئەو کارەی پێشکەش بکرێت بەزویی لەسەری ڕادێت و خۆی ناخاتە بەردەم زەحمەتی لە شانۆگەیشتن.

ئاخۆ ئەم جۆرە لە شانۆ کامەوەرگری دروست کرد؟ تۆ بڵێی ئەو بەلێشاو ئامادەبونەی لەو نمایشانەدا دەبینرێت بە دروست بوونی وەرگر لە قەڵەم بدرێت؟ کێن ئەوانەی دەچنە تەماشاو بۆ دەچن؟ لەبەر ئەوەی لە پێکهاتەی ئەو تەوژمە تێگەیشتین ڕەنگە سانا بێت وەڵامەکان بە دڵنیایی ئەو وەرگرەی دەچێتە بینینی ئەم جۆرە کارانە

تاسەر ئێسك نوقمی سادەیین، كەسانێكن خاوەنی پرسیاری جددی و بیركردنەوەی قوڵ نین بۆیە بۆ ئەوان چێژ وەرگرتن ئاسانە لە هەموو شتێك لە خۆی ئاسان بێت.

تێكەڵاوبوونی زۆری خەڵك لەنێو شارداو بە تایبەتی گوندنشینان كە بە دڵنیاییی ئاستی چێژ وەرگرتنی ئەوان سادەترە لە شارنشین. زۆرینەی ئەو وەرگرە پێك دەهێنن كە ناشێت لەسەر ئەو گشتەش ئەژمارد بكرێن كە لەوەوبەر هەبووە واتە ئاستێك هاتۆتە كایەوە، لەژێر گشتیشەوە كە هیچ جۆرە ناونانێكیان بۆ نادۆزرێتەوە. لە ئێستادا ئەوانەی دەچنە بینینی كارە جددیەكانی یەكترو زۆری تریشیان هەر بە تەنها قسەدەكەن و ناچنە بینین.

## دەرئەنجام

لەپاش پراكتیك كردنی تیۆر و گریمانەكانی سەرەتای باسەكە بەسەر ئەو قۆناغانەی بە درێژایی بیست ساڵی رابردوو شانۆی كوردی پێداتێپەڕیووە دەبینین دۆخی پەیوەندی نێوان شانۆكارو وەرگر دۆخێكی نادروستە و لەكەم ئەزموندا شانۆكار حسێبی وردی بۆ بەرامبەر كردووە، بۆ ئەو وەرگرەی بە لێشاو رویكردۆتە ئەو شانۆیە هیچ سستمێكی نەخستۆتە گەڕبۆ پۆلێن كردنی بەڵام دواتر لە ئەزمونەكاندا خۆیان خۆیان رێكخستوە. لەسەرەتادا مامەڵەیەكی سادەو پەیوەندییەكی سادەتر لە دووەمدا هەندێك گۆڕانكاری هاتۆتە كایەو ئەو ئەزموونانەی سروت بنەمایان بووە بواری بەشداریكردنێكی نائەكتیفی رەخساندووەو لە سێهەم قۆناغدا كەم تا زۆر نێوانی وەرگرو شانۆكار گەورەتر بووە و لێكتر دووركەوتونەتەوە، ئاستی هۆشیاری وەرگرو تایبەتمەندییەكانی بەرەو نزم بوونەوە رۆیشتون و شانۆكار دەرگای هۆڵەكانی خستۆتە سەر پشت بەڵام وەرگری چاڕس بوو لە پەنجەرەكانەوە دەچێتە دەرەوە. ئەو سەردەمەی بە هەڵە بە سەردەمی زێڕینی شانۆی كوردی ناودەبرێت بەسەر چوو، نەریتەكانی نمایشی سەربەخۆ نەمان، جگە لە ئاپۆرە و بۆنەو فێستیڤاڵەكان نمایشێكی جددی نەما تا وەرگری تامەزرۆ بۆكاری جددی كۆبكاتەوە، پەیدابوونی رەوتی شانۆی دەستبژێری دەستبژێر هەڵوەشانەوەی گریمانەكانی لەوەوبەر، نەمانی پیرۆزی و هاتنە گۆڕێی تەوژمی شانۆی بازرگانی كە وەرگرو پۆلێنەكانی هەڵدەوەشێنێتەوەو ئیتر كەسێك نامێنێ بیر لە نەریتەكانی شانۆ بكاتەوە و هەموو ئەو ئەركانەشی كەلەوەو بەر لە نێوان سۆسیۆلۆجی و ئیستاتیكیدا هەیبووە نایمێنێ و بە تەنها دەبێتە شوێنێك بۆ كات بەسەر بردن و سیمایەك لە سیما سەیرو سەمەرەكانی دۆخی بێهودەیی و پوچگەرایی.

ئەمانە هەموو پێكەوە هێندەی تر نێوەندە هونەرییەكان ئاڵۆزتر كردوەو وایانكردووە هونەری شانۆ بكەوێتە دۆخێكەوە كە بە قەیران ناوببرێت و هێندەی نەماوە بانگەوازی مەرگی بدرێت.

شانۆكاری تەمبەڵ و ئەوی دی مەتەڵباز و ئەوی تر خاوەن هۆشیارییەكی ئاست نزم و ئەو هونەرمەندە بچوكانەو دەسەڵات و راگەیاندن و چۆڵكردنی وڵات و شانۆ پێكەوە بوونەتە فاكتەرگەلێكی تەباوكۆك لەسەر دروستكردن و هێشتنەوەی ئەو دۆخە. نەبوونی خوێندنەوەیەكی رەخنەیی و تیرۆزەنەكردنی ئەزمونە ئەكتیف و پۆزەتیفەكان و ئەرشیف نەكردنیان بەشێكی ترن لە هۆكارەكانی جێگیربوونی دۆخی قەیران بەرپانەبوونی گۆڕانكاری و نوێ بوونەوە بە مانای هێندەی تر لە مەرگ نزیك بوونەوە.

## راسپاردە و پێشنیارەكانی باسەكە

بۆ دەرباز بوون لەو بازنەی وەهمەی شانۆكاری كورد بە دەوری خۆیدا كێشاویەتی بۆ هاتنە دەرەوە لە سەرەداوەكانی قسەكردن لە دەرەوەی ماناو مەبەستگەری بۆ ئەكتیف كردنی ئەو نەوەیەی

دەبەوێت گۆڕانێك، بونێك، هەناسەیەكی نوێ لە ئەفراندندا بهێنێتە كایەوە. لە دوای دۆزینەوەی فاكتەرەكانی دروست بوونی دۆخی قەیراناوی و لە دەرەنجامی بابەتەكەدا كەشفكردنی لایەنە بەشداربووەكان دەشێت ئەم باسە چەند پێشنیارێك كە بە دروستی دەزانێت بۆ كەمكردنەوەی ئەو نێوانە بۆشاییەی نێوان وەرگرو شانۆكار بیخاتە روو، تا لە ئایندەدا بزوتنەوەیەكی شانۆیی بە گورتر بێتە كایەوە و هەوڵبدات بۆ جێگیركردنی شوناسی ئەو شانۆیە و دامەزراندنی:

أ. خۆشكردنی زەمینە بۆ ئەفراندن بە تایبەت بۆ نەوەی سێهەم ئەوانەی تا ئێستا درۆكانی سەردەمی بازرگانی ئەوقی نەكردون و هێشتا جۆرێك لە حەماسەتیان بۆ كاری جددی ماوە بەسازكردنی فێستیڤاڵی شانۆی لاوان و نرخاندنی ئەزمونەكانیان لەسەر بنەمایەكی هونەری دروست و هاندانی سەركەوتوەكانیان.

ب. هەوڵدان بۆ دوركەوتنەوە لەو قسانەی لە دەرەوەی دەزگای شانۆ خۆیین و هیچ واتایەك بەرهەم ناهێنن و دەبنە هۆی ئاڵۆزتر كردنی دۆخەكەو گۆڕینی ئەو وزەیە لە پێناو هێنانە بەرهەمی كاری جددی و گەڕانەوەی نەمری و پیرۆزی بۆ شانۆ لەرێی پێشكەشكردنی نمایشێكەوە و شایستەی تەماشا بێت.

ج. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی شانۆیەكی بچوك بۆ پێشكەشكردنی هەندێك ئەزموونی شانۆیی بچوك و كورت خایەت بۆ دروستكردنەوەی وەرگری دەستبژێر و دواتر گشتاندنی ئەو دەستبژێرە بەسود وەرگرتن لە ئەزموونی شانۆی {(٦٠)كورسی} كە لە نێوەراستی هەشتاكاندا لە بەغدا توانی شانۆی عێراقی لە تەنگژەی شەڕەكاندا بپارێزێ.

د. هەوڵدان بۆ رەخساندنی زەمینەی لەبار بۆ ئەزموونی (لابۆری شانۆیی) كە دەتوانێ ئەكتەری خاوەن تواناو سەلیقە بەرهەم بهێنێت، دواتر تێكەڵابوون لەگەڵ كەلتووری نەتەوەداو دۆزینەوەو زیندوكردنەوەی سروتە لە شانۆ چووەكان ئەوانەی بواری بەشداربونێكی ئەكتیڤ بە وەرگر دەبەخشن.

هـ. دەزگاكانی راگەیاندن كاریگەری نیگەتیڤی خۆیان لە پەیداكردنی بازار بۆ تەوژمی بازرگانی و دواتر رەواج پێدانی لەرێی بەرنامەكانی خۆیانەوەو بەخشینەوەی نازناوی نادروست و پۆلێن كردنی نازانستی و بەبێ هیچ پێودانگێكی هونەری بە پێچەوانەوە هاندانی هەوڵە جدیەكان و دەستگیرۆیی و ناساندنیان.

و. دابینكردنی لانی كەمی ژیان بۆ هونەرمەندی راستەقینە تا بچوك بونەوە بەو پاساوە نادروستانە نەكاتە پیشە هاوكات هونەرمەند خۆی بەو بچوك بوونەوەیە قایل نەبێت.

ز. دامەزراندنی مەڵبەندی شانۆی كوردی و بە گەڕخستن و چالاككردنی ئەو دامەزراوەی بەشەكانی لێكۆڵینەوە (بۆ تیرۆزەكردنی پرۆژەو ئەزمونەكان)، ئەرشیف (بۆ تۆمار كردن و هێشتنەوەی ئەوەی پێشكەش دەكرێت)، هەڵسەنگاندن و پۆلێن كردن (بۆ جیاكردنەوەی نیگەتیڤ و پۆزەتیف و پێكهێنانی لیژنەی داوەری بۆ فێستیڤاڵەكان لەسەر بنەمای پسپۆڕی).

ح. تیپی نواندنی نەتەوەیی ـــ وەزارەتی رۆشنبیری ـ هەوڵی دامەزراندنی چەند هونەرمەندێك بدات بۆ دابینكردنی ژیانیان دواتر پێشكەشكردنی چەند وەرزێكی شانۆیی (نمایش و لێكۆڵینەوە) كە تەواو نزیك بن لە وەرگرەوە و زیندوكردنەوەی نەریتی چونە شانۆ بەدوور لە فێستیڤاڵەكان.

گ. دامەزراندنی پەیوەندی تەندروست لە نێوان (یەكێتی هونەرمەندانی یەكگرتوی كوردستان) و وەزارەتی رۆشنبیری و پەروەردە و دەزگاكانی تر وەك خەمخۆری بۆ كاری هونەری و روانین لە هونەرمەند بە چاوی رێزەوە نەك بەزەیی.

ی. ناردنە دەرەوەی پسپۆڕانی هونەر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵاو دواتر کردنەوەی بەشی شانۆ لە کۆلیژی هونەرو بەرەودان بە بەشی شانۆی پەیمانگەو پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندییەکانی.

ك. بایەخدان بەوەرگێڕانی سەرچاوەی هونەری پڕ بایەخ بۆ بڵاوبوونەوەی رۆشنبیریەکی هونەری نوێ کە کاردانەوەی خۆی لە سەر وەرگرتبێت..

## پایان

رەنگە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانەی دوای دەرئەنجامی ئەم باسە بوونە خۆسەپێنترین بوون، ئەرکێکی گەلێك گرنگ بێت کە بە دڵنیایی دەبێتە پەیدابوونی لانی کەم هۆشیاری هونەری و دروست بوونەوەی ئەو پردە روخاوەی پەیوەندی لەگەڵ وەرگرو بنیاتنانی نەریتێکی شانۆیی وا کە بینین وا لێبکات دوای تێربوون لەوێنەکان هەنگاو بنێتە ناو شانۆوە کە بێگومان ئەمەیان دەتوانێت وەرگر بە شانۆوە ببەستێتەوە و ئەوسا بچێتەوە سەر هەمان ئەرکی سۆسیۆلۆجی خۆی کە شانۆی وەك پێویستی هەر کۆمەڵێکی مرۆڤایەتی دەسەلماند ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە ئەرکە ئیستاتیکیەکەی لە دەست بدات بەڵکو دەتوانێت لە ڕێی تێکەڵاوبوون لەگەڵ وەرگردا کار لە سەر ئەو ژێ هەستیارانە بکات کە ئەو دەگەیەننەوە بە شانۆ و سەرلەنوێ نانگهێشتنی بکاتەوە بۆ نوێکردنەوەی هاوڕێیەتی ئەو، ئەو هاوڕێیەیە کە هەموو شتەکان بەبێ ئەو یەکسان دەبنەوە بەهیچ. شانۆی ئەمڕۆ هەر بەتەنها، ئەرکی ئەوە نییە کەواز لە گرێ و مەتەڵەکانی بێنێ و لە دەوری ئینسانی ئەم دەڤەرە بسوڕێتەوە بەڵکو دەبێت شوێنی خۆی لە نێو مرۆڤایەتیدا لەدەست نەدات و هێند وریا بێت لەوە تێبگات کە ئەو کەسەی لە هۆڵەکەدا دانیشتووە کەسێکی زانیارو هەستیارە و لە کەمترین جارسبوندا بەجێی دەهێڵێ.

دەبێت ئەم دۆخە لەم وەستاوییە دەربچێت کەی و کێ دەیکات ئەوەیان بۆ شانۆکاری کورد جێ دەمێنێت ئەو دەمەی واز لە قسە گەورەو هیچ بەرهەم نەهێنەکان دێنی و دەچێتەوە نێو هۆڵەکانی شانۆ بۆ کارکردن...

١. جمیل صیلبا (علم النفس) لا ٣٩٦ ـ دار الکتب اللبنانیه. ط٣ ـ ١٩٧٢.

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٣٩٧.

٣. د. فەرهاد پیرباڵ (مێژووی شانۆ لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٧) گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٠ لا .

٤. فیولیتا راینوفا (المسرح و المتفرج) ت. د. محمد عبدالرحمن الجبوری ـ الموسوعة الصغیرة ـ بغداد ـ ١٩٩١.

٥. رێبین هەردی ـ ونبوونی بەرامبەرو مەرگی پەیوەندی ـ گۆڤاری ئازادی ژمارە ٤ ـ لا٧٣، ئەویش لە ـ نقد سارتر لفکرە الخیر عند هوسرل و هیگل و هیدگر ـ فؤاد کامل ـ مجلة الشهر ـ عدد (٦) سنه ١٩٥٦.

٦. کیر ئیلام ـ سیمیاء المسرح و الدراما ـ ترجمة (ئیف کرم) المرکز الثقافي العربي ط ١٩٩٢ بیروت.

٧. دڵشاد مستەفا (گرفتە باڵاکانی میتۆد لە نێو بزوتنەوەی شانۆ لە کوردستان) گۆڤاری شاکار ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٠ لا (٧٨).

٨. هەموو ئەوانەی قسە لەسەردەرچوون لە ستایلی شانۆی تەقلیدی دەکەن نمایشی (چاڵی جەرگی پیرێژن)ی ئەحمەد سالار لە سەرەتای حەفتاکاندا بە یەکەم هەنگاو لە قەڵەم دەدەن.

٩. مطاع الصفدی ـ التراث و المیراث لە کتێبی ـ استراتیجیة التسمیة ـ لا٢٤٥.

١٠. رولان بارت، لذة النص، ت/ محمد برادة ، دار الطلیعة للنشر.

# کەنارەکانی گەلاوێژی نوێ

- ئەستێرەی رۆحی کاك فاتیح عەبدولکەریم
- وێنەیەك بەپێنوس
- دوانامەی هێمنی شاعیر لە کوردستانی عێراق
- زاراوەی گەلاوێژ
- چالاکییەکان
- کتێبنما

# دەساڵ لەمەوبەر

# ئەستێرەی رۆحی کاک فاتیح

# عەبدولکەریم ئەلمودەریسی کشا!

رەئوف عوسمان

ئەوا دەساڵی رەبەق بەسەر گلانی سوارچاکێکی فیکرو ئەندێشە لە هەڵەموت و هەورازی رکی ژیاندا تێدەپەڕێ، دڵی گەورەو بوێری ئەدیب و تێکۆشەری ماندو نەناسی میللەتەکەمان رادەوەستێ و زەنگێکی خەمناك و دڵتەزێن کوردستان دائەچڵەکێنێ، گەڵای لقەسەوزو پاراوەکانی تەمەنی لەبەردەم رەشەبای مەرگاخەزان دەکات، کاك فاتیح (١٩٢٦/١/٧ - ١٩٩١/٥/١٦) کوڕ، گەورەی مامۆستای پایەبەرز عەبدولکەریم مودەریسەو گوڵێکی گەش و بۆنخۆشی باخچەی ئەدەب و روناکبیریی ئەم بنەماڵە زاناو میهرەبانەیە، لەسەرەتاو هەرەتی لاوییا تووشی بەندیخانەو دوورخستنەوەو نان بڕان و ئەشکەنجەی جۆربەجۆر بووە لەسەر هەڵوێستە نیشتمانیو ئازادیخوازەکانی، رۆڵێکی دیارو کاریگەری هەبووە لە دنیای رۆژنامەگەریی کوردیدا چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا، ئەو کاتانەی کە لە بەغدا خوێندکار بووم هەمیشە ئەڵهای مەجلیسەکانیم دەکردو سەرم لێ دەدا، سەردەمانێك سەرقاڵی دیوانی نالی بوو، هەمیشە چەند دەسنوسێکی دیوانی نالی لە بەردەستا بوو، دیارە تەحقیقی تیادەکردو سەرگەرمی راڤەو مشت وماڵی دیوانەکەبوو، هەمیشە ئەوەی لای من



دەوتەوە کە پرۆژەی راپەڕاندنی نالی قوتارکردنی گەنجینەیەکی گەورەو بەنرخی کوردە لە فەوتان و پشتگوێ خستن، ئەم مرۆڤە بەهەشتی و دڵسۆزە، ئەو کاتانەی کە لە رۆژنامەی عێراق - بەشی کوردی - دا کاری دەکرد، زۆر پەرۆشی پێگەیاندنی قەڵەمە لاوەکان بوو، هەمیشە دەیوت گەرەکە لە بچوکترین دەرفەت سود ببینین و هەلەکە بقۆزینەوە، دانیشتن و چاوەڕوانی بێهود، بۆ کورد نەبوەو ناشبێت، کاك فاتیح تاسەر ئێسقان بڕوای پتەوو گەشی بە دوارۆژی میللەتی کوردو ئەدەبەکەی هەبوو، لەگەڵ ئەو هەموو چورتمی ژیانەی کە بەسەری هاتبوو هەرگیز نە ماندوو بوون و نە نائومێدی بەسیمایەوە نەئەبینرا، کاك فاتیح توێژەرەوەیەکی گەورەی کورد، بوو بە قەڵەمە زاناو ماندوونەناسەکەی لە (عەقیدەی مەرضیە)ی مەولەویدا کاری زانایانەی ئەنجامدا، شارەزایەکی بەر فراوانی بوارەکانی عیلمی کەلام و

لۆژیك و عەقایدە و زمانی فارسی و عەرەبی و شێوەزاری گۆرانی و کرمانجی خوارووبوو، گەلێ هەوڵی فەرهادانەی دا بۆ دیوانی فەقێ قادری هەمەوەندو راڤەو (تحقیق) کردنی، ئەمە جگە لە تحقیق و لێکدانەوەی دیوانی سالم کە لەگەڵ مامۆستا عەبدولکەریمی باوکیا ئەنجامی داوە، با ئەو سەدەها وتارو لێکۆڵینەوانەش بوەستێ کە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوی کردبونەوە، ئەمە جگە لە وەرگێرانی چەندان کتێبی خوێندن لە قوتابخانەکاندا و دواجاریش (گەشتی بیارە) کە نامیلکەیەکی شیعریەو دوای خۆی بەچاپ گەێنراوە. کاك فاتیحی ماندوو نەناس و شەکەتی کاروانی ژیان هەستی قووڵی بە نامۆبوون دەکرد لە بەغداداو هەمیشەلای من ئەوەی ئەدرکاند کە ئەڵهای گەڕانەوە دەکات بۆ کوردستان و نایەوێت چیتر غەریبی و ژیانی بەغدا خەمەکانی خەستتر بکەنەوەو لێوی دورە وڵاتی وشك و بەبارترکەن، هەرگیز شەتاوی دیجلە نە کێڵگەی ئاواتە تینوەکانی پاراو دەکرد، نەوڵاتی سوتماکی دڵیشی ئەلاواندەوە، خەمە قووڵەکانی کاك فاتیح خەمی مرۆڤ و نەتەوەو چینەبەش مەینەت و زەحمەت کێشەکان بوو، تا ئەو سەرو بەندەش داخە قووڵ و بەسوێکانی وڵاتی سووتماك و خەمە گەورەکانی ئەنفالیش بە جۆرێك چۆکیان دادابوە سەردڵی برستیان لێ بریبوو، هەرکە باسی هەورامانت بۆ دەکرد کە بە چ دەردێ براوەو چۆن چۆنی چۆڵ کراوە، چاوەکانی بە ملوانکە فرمێسکی گەرم و گوڕ هەڵدەهێنایەوە، پاساری ئاواتی خەزان کردوی هەمیشە کزکز بەسەر چڵە رووت و قووتەکانی نیشتمانەوە هەڵ لەرزی، کەم مرۆڤم لەو سەروبەندەدا ئەدی کەوەك کاك فاتیح بۆ خەمی وڵات بسووتێ، تاریکایی ئەو خەمە ئەبەدیانەی کاك فاتیح مەگەر هەر بە قودیلەی هۆنراوەکانی نالی و مەولەوی روناك بوایەتەوە، خۆزگە خەڵکی وەك من دەیازانی ئەو تۆسقاڵە دڵەی کاك فاتیح چەند سیخناخ بوو لە ئەوینی مرۆڤ و ئەم وڵاتی بەفروکەوە! بەر لەوەی دواهەناسە ساردەکانی بەرەو گەردوون هەڵکشێ لە بەغدا، لە خەستەخانەی (ابن النفیس) بەشی بووژانەوەی دڵ سەردانم کرد، روانینە پڕماناو تەماویەکانی هێمای دووری بۆ خەمی گەورەو وڵاتی لە خوێنا شەلاڵ دەکرد، جوامێری کوڕی وەك کۆترێکی بریندار لەپشت سەریەوە هەڵکورمابوو، بە دەنگێکی ئێجگار نزم پێی وتم... ئاخ ئەگەر ئەمجارە نەئەمردم خزمەتی گەورەی ترم بە مەولەوی دەکرد، چونکە ئەم شاعیرەمان یەکێکە لە داهێنەرە گەورەکانی خۆرهەڵات. ئاخ... نازانم بۆ لەم دەمی مردن و وڕێنەیەدا هەر شیعرەکانی مەولەوی دێنە سەر زمانم و بوونەتە شایەتومان، لەوە دەچوو پەنجە نهێنییەکانی مەرگ هێدی هێدی پێڵوەکانی پێ لێك بنێن... تۆسقاڵە دڵەکەی بگوشن.. چرا کزەکەی بۆ دواجار بکوژێننەوە...


لەوە دەچوو مەولەوی واتەنی:

سەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیاپەی
ئاسیاو خاڵیەن نۆبەتەن سادەی

ئەوە بوو پاش دوو رۆژ مەلی رۆحە سپیەکەی دای لە شەقەی باڵ و رووەو ئاسمانی نەمری هەڵفڕی، هەزار درووود بۆ ئەو گیانە پاك و بێگەردەی کاك فاتیحی ئەدیب و روناکبیرو تێکۆشەری کورد.

# وێنەیەک بە پێنووس
# قوبادی جەلیزادە

به پێنووسی:  عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی



لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا جارجار لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا چاومان بە هەندێك شیعری ناسك دەکەوت لە ژێریا ناوی (قوبادی جەلیزادە دەنووسرا). ئەم دەنگە نامۆ بوو بەڵام زۆر زوو بوو بە بەشێك لە باسی شاعیرو ئەدیب و خوێنەران، لە دانیشتنی تایبەتی چایخانەو جێگا ئەدەبییەکان. لەوانەی هەر زوو باسی بەهرەی قوبادیان کرد، ئەگەر لە یادم مابێت مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم بوو.

قوباد هێمنانە، بێ هەراو هوریاو پڕوپاگەندە کردن هاتە پێشەوە. ئەو کاتە ئێمە هەروەکو شاعیر دەمانناسی، واتا سیفەتی دادوەڕیی سەرنجی ڕانەکێشتبووین. ئێستا چەند جوانی لە شیعرەکانیا دەبینین ئەوەندەش لە کاری دادگا و یاسادا بەر چاومان دەکەوێت. شیعرەکانی ڕۆحێکی جوانی بە بەری کارە یاساییەکانیا کردووە ئەگەرچی شیعرو یاسا دوو جیهانی دوورن لەیەك، ئەمیان پڕە لە هەست و سۆزو سووتان، یاسایش لەسەر ڕەوتێکی عەقڵانیانە دەڕوا.

ساڵی ١٩٨٩ قوبادم لە سلێمانی ناسی، ئێوارانێك



لە کتێبخانەی دالیا یەکترمان ناسی، ڕەنگە ئەو بە وێنەی ڕۆژنامەکاندا منی ناسی بێت بۆیە یەکسەر وتی، تۆ فڵان نیت؟ ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ئەو ئێوارە بەیەکەوە لەگەڵ شاعیر هیدایەتی عەبدوڵڵا حەیراندا سەردانی شێخ سەعیدی خاوەن کتێبخانەکەیان دەکرد. هەر لە یەکەم بینیندا قوبادی جەلیزادەم بەم شێوەیە خوێندەوە، کەسێکی هەست ناسك، موتەوازیع و دوور لە خۆدەرخستن، هێمن و لە سەرخۆ لە بیرکردنەوەدا، لە قسەکردنا، لە سڵاوکردن

و دانیشتنا، لە خواردن و خواردنەوەدا، کە ماوەیەکیش لەگەڵ یەکدا لە گەلاوێژی نوێدا بەیەکەوە کارمان کرد ئەوەم تیا خوێندەوە کە: هێمنیشە لە بڕیاردانە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانیشا؛ کەسێکە لە هەڵچوون و تووڕە بوونیشیا هێمن، لە (قەڵەمێکی ردێن سپیدا) تاقیکردنەوەی قوباد بریتی بوو لە سوودوەرگرتن لە شیعری گەشەداری پێش خۆی و نواندنی بەهرەو تواناو خەیاڵی شیعریی بەپیت لەگەڵ پێداگرتن لەسەر دروستکردنی فەزای بچوك و هەندێك جاریش پەنابردنە بەر لێدانی هونەریی (الضربات الفنیة التنویریة). بەڕای من جیهانی شیعریی قوبادی جەلیزادە پاش ڕاپەڕین چەندین تاقیکردنەوەی تری لەخۆ گرت، فراوانتر بوو، لەسەروی هەموویانەوە تەقاندنەوەی وزەی خەیاڵیی قوباد لە بواری جەستەدا بە شێوەیەکی شیعریی و ڕاست دوور لە ڕەقابەی خۆیی و دەوروبەرو تەنانەت کۆمەڵیش.

قوباد لە شیعری دوای ڕاپەڕیندا کۆتی جەستەی شکاند، سروشتی ڕاستەقینەی جەستەی لە پێشانگای شیعردا پیشاندا. زۆرجار ڕەمزەکانی جەستە وەك ئەرکێکی هونەریی دەچنە ناو پانتاییە کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێرەکانەوە یا بە پێچەوانەوە.

برادەرێك لە بۆنەیەکدا وتی: قوباد حاکمی جوانییە، من دەڵێم قوباد شاعیرو خولقێنەری جوانییە، جوانی حاکمی نییە بە تایبەتی لە دارستانە فراوانەکانی شیعرو ئەدەبدا.

ساڵەکانی هەشتا جارجار وتاری کورتی ئەم شاعیرەم دەبینی بەڵام ئێستا لە نووسینی وتار دوورکەوتۆتەوە. خۆزگە جارجار دەهاتەوە سەر نووسینی ئەم شێوازە نووسینە.

زۆرن ئەوانەی لە بواری هونەری شێوەکاری و سینەماو شیعرو چیرۆك و نووسیندا پزیشك و ئەندازیارو مافناسن، بەڵام کەمیان لەم بوارانەدا سەرکەوتوون. قوباد یەکێکە لەو کەسانەی بواری یاسای گرتووەو بۆ شیعریش وەك مۆم دەسووتێ.

# دوانامەی (هێمن)ی شاعیر لە کوردستانی عێراقدا

بەهجەت عەبدولکەریم عەزیز



ڕۆژێکی ساردی مانگی شوباتی ١٩٧٩، گەرچی ئاسمان هەتاو بوو، بەڵام کزە بایەکی دەهات ئەو کزە بایە ساردییەکی دەخستەلەشی مرۆڤەوە، لە ئۆردوگای زۆرە ملێی (بەستەسێن) کە دەکەوێتە ناوچەی ناودەشت سەر بە قەزای قەڵادزێ. بەرپرسیاری ناونووسین بووم بۆ دیاری کردنی ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی خوێندنی سەرەتایی و نەهێشتنی نەخوێندەواری دابوون.

مامۆستایەکی هاوڕێم پێی ڕاگەیاندم کە (هێمن)ی شاعیر لێرەیەو لە ماڵی (مەلاعەزیز)ە، مەلا عەزیز لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا ناسیاویم لەگەڵ پەیدا کردبوو، کوردێکی کوردستانی ئەودیو بوو نەمدەزانی ئایا ناوی ڕاستەقینەی (مەلاعەزیز)ە یاخود ناوێکی نهێنییە.

کاروباری ناونوسینەکەم جێ هێشت و لەگەڵ ئەو مامۆستایەو مامۆستایەکی تردا (کە یەکەمیان ئێستا لە سویدە و دووەمیان هەر لە شاری سلێمانیە) بەرەو ماڵی مەلاعەزیز کەوتینە ڕێ لە ڕێگا (مەلاعەزیز)مان بینی، هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندین و عەودالی کامێرایەك بوو، ڕێکەوت مامۆستایە کیان کامێرای هەبوو چووین کامێراکەمان هێناو بەرەو ماڵی (مەلاعەزیز) ڕۆیشتین.

کە چووینە بەرماڵەکە مەلاعەزیز چووە ژوورەوە، پاش کەمێك هاتە دەرەوە وتی:

ـ مامۆستا هێمن خەوی لێکەوتووە. منیش وتم

ـ دەڕۆین پاش ماوەیەکی تر دێینەوە.

مەلاعەزیز گوتی:

ـ لە ڕاستیدا بە نهێنی هاتۆتەوەو حەزناکەم کەس بزانێ کە مام هێمن لێرەیە، لەبەر ئەوە دەچینە ژوورەوە، لەوێ دانیشین تابەخەر دێت.

کە چووینە ژوورەوە، لەلای سەرەوە لەسەر دۆشەکێك پاڵ کەوتبوو، بەتانیەکی نوێی بەخۆدا دابوو (لەژوور سەریەوە لەژێر سەرینەکەی پشتێن و دوو شوشەی بیرەی بەتاڵی لێ بوو کە دیاربوو پێش نووستن تەواوی کردبوون).

کاتێك کە لە خەو هەڵسا (مەلاعەزیز) وتی:

ـ مام هێمن میوانت هاتووە.

مام هێمن لە سەر جێگاکە خۆی ڕاست کردەوەو وتی

ـ بەخێربێن سەرچاو، لە ڕاستیدا کاتێك کەبینی میوانەکانی دوویان ئافرەتن ڕووی زیاتر گەشایەوە.

داوای لێبوردنم لێ کرد کە لە خەودابووەو هاتووینە ژوورەوە وەڵامی دامەوە.

ـ بەخێر بێن، چ قەیدی نییە ماڵی خۆتانە.

لەو کاتەدا وێنەیەکی دەرهێنا کوڕێك و منداڵێك بوون لەبەردەم پێپلیکانەیەك دا گەنجەکە لای ڕاست و منداڵەکە لای چەپ وەستابوو.

مام هێمن وتی:

ـ ئەمە (صلاح)ی کوڕمە و ئەوەش کوڕەزامە زۆر زۆر تامەزرۆی دیتنیانم، چەند ساڵە کوڕی خۆت بێت و نەتبینێت ئەمە چارەنووسی ئێمەی کوردە کە دەبێت زۆربەی تەمەنمان لە هەندەران و غەریبی دا بەسەر ببەین.

وەڵامم دایەوە

ـ مامۆستا پێم وایە لێرە لەناو کەس و کاری خۆتدا دەژیت و وا هەست ناکەم کە لە کوردستانی عێراقدا نامۆ بیت.

ـ لێرە نامۆ نەبووم، بەڵام لە هەندەران هەمیشە هەست و دەروونم لەلای نەتەوەکەم، خاکەکەم، خۆشەویستانم بووە کاتی خۆی لە ترسی مردن کوردستانی ئێرانم جێ هێشت ئێستا پیر بووم و بۆ مردن دەچمەوە.

لەگەڵ ئەم وشانەدا چاوێکی گێڕا بە مامۆستا ئافرەتەکاندا کە بە بەرگی کوردییەوە هاتبوونە لای. بزەیەکی شیرین گرتیو ڕووی تێکردن و وتی:

پێم خۆشە، دڵشاد دەبم کە ئافرەتی کورد هاتۆتە کۆڕی ژیانی هاوچەرخەوە، وەك فەردێکی بە هێمەت و بە توانا خزمەت بە گەلەکەمان دەکەن. دزێو ترین شت لە لام خۆڕازاندنەوەی لەرادەبەدەرە، ساکاریم پێ خۆشە، یەکەم شاعیری کوردم کە باسی مافی ئافرەتی کوردم کردووە، لە وڵاتی ڕۆژئاوا ئافرەت زۆر بێنرخ سەیر دەکرێت. تەنانەت لەشی خۆی دەفرۆشێت بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی ژیانی.

لە فەرەنسا برسی بووم، بەڵام دیتم ژن وەك عەبد خۆی ڕووت دەکردەوە بۆ کڕین و چەندەها بیرەوەری

خۆی لە ژیانی لە هەندەران گێڕایەوە، لە دواییدا پێم گوت:

ـ مامۆستا حەز دەکەم چەند وێنەیەك بەیەکەوە بگرین وەڵامی دامەوە

ـ بەسەرچاو ئەمنیش حەزدەکەم بۆ دواجار لە کوردستانی عێراقدا وێنەبگرم چونکە دەشێ جارێکی تر کوردستانی عێراق نەبینمەوە.

چوینە دەروە چەند وێنەیەکمان گرت پاش ئەوە دووبارە چوینە ژوورەوە تا ئێوارەیەکی درەنگ دانیشتین، بەڵام لەبەر ئەوەی دەروونی ناسك و بە ئازاری لە مەهاباد (سابلاخ) بوو ماندوویی بەروویەوە دەردەکەوت لەبەر ئەوە پێمان وابوو کە چاکترە بەجێی بهێڵین.

وتم:

ـ مامۆستا وا دەڕۆیتەوە بۆ کوردستانی ئەودیو حەز دەکەم یادگارێکم بۆ بنووسی ئەویش ئەم نامەیەی بۆ هەموو لایەك نووسی و دایە دەستم.

ئەوەی جێ سەرنجە هەر ئەو شەوە مام هێمن بەرەو کوردستانی ئێران گەڕایەوە و ڕۆژی دواتر سەعات (١٠) بەیانی چەند ئۆتومبیلێك کەچەکداری ئەمنی عێراقی تێدابوو ئەو ناوچەیان پشکنی ئەوجا نازانم ئەمە ڕێکەوت بوو یا بۆ مام هێمن بوو.

(١) لەگەڵ فۆتۆکوپی نامەکە. دەقە ئەسڵییەکە لە لای خۆمە

٧٩/٢/١٨

من وەکو ئینسانێکی مولتەزیم سەعاتی ١٢ نیوەشەو پێم ڕاگەیاندرا بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم پێم نەکرا ماڵ ئاوایی لە هیچ دوست و خوشك و براکانم بکەم ئێستا لە گوندێك بەهۆی مامۆستایەکی کورد ماڵ ئاوایی لە هەموویان دەکەم.

هێمن

# ڕاوە هۆنراوە

لسیل مۆلەر

وەرگێڕانی: سالار مەحموود

(١)

تاقە ووشەیەك بە تەنیا بۆ مەبەستەکە بەسە لە سەر سەری زماندا نیە. بەڵام تۆ دەزانیت کە دوور نیە، ئەو تاقە ماسییەکە کە ناکەوێتە تۆڕەکەتەوە. وێنەکە لە نێو ئاپۆرەیەکی وێنەی لە یەکچوو خۆی حەشاردەدات. بەردێکی دۆمینەیە لە یاری بەردە هەڵگێڕدراوەکاندایە، پێویستی دۆزینەوەت دەبێتە ئالوودە بونێك، ئارەزووێکی هەمیشەیی بێ سنوور، بەر لە تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر خۆتی لێ ئازاد ناکەیت. لێی دەگەڕێی بۆ خۆی. بە خۆت دەڵێی (ئەو)، وێنای ئەوە بکە کە لەیادت کردووە. کاتێك ووشەکە لەوە دڵنیا دەبێت کە لە یادت کردووە، لە حەشارگەکەی خۆی دێتە دەرەوە. بەڵام هەتا ئێستا فرسەت لەهیچ هەلێك ناهێنێت و دەرکەوتنی خۆی بە وورياییەوە ڕێکخستووە، دۆستی تەم و مژاوی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو بە نومایشێك ڕووبەڕووت دەبێت کە لە پاکێتیدا هەمووان تیایدا یەکسان دیارن. بە دڵنیاییەوە چۆن (جان دارك) (ئەلدۆفین) و (ئۆغۆستین) (یەزدان)ی ناسیوە تۆ ئەوە بە تەواوی دەزانیت. تۆ بەختەوەریش نەبوویت. چەند هەفتەیەکە ووشە بۆ ئەو هۆنراوەیەت دەهێنێت کە

بەهۆی ووشە وونبووەکەوە مردبوو، ڕوومەت ئاڵ وەکو (ئەلعازەر) هەڵدەستێت و پێکەوە شەراب دەنۆشن.

(٢)

هۆنراوەکەت لە گۆشەیەکدا ئابلووقە داوە، خۆی بەدەستەوە دەدات. ڕادەکشێت، گوایە مردووە. هێشتا بەرگری ناکات. چەند ئاسانە بە ددانەکانت هەڵی بگریت و بڕۆیت. بەڵام لەو دەنگەی کە لە خرپەی ئێسك و پرووسکەکانەوە بەرز دەبێتەوە دەترسیت. لە هەناوی نەزانراوو تاریکی هۆنراوەکە دەترسیت. بەسەر سەریەوە دەوەستیت. بۆنی فەروەکەی دەکەیت. بە مەبەستی شت زانینەوە تێوەی دەژەنی، پاڵی پێوە دەنێی و بە هەردوو لادا ئەم دیوو ئەو دیوی دەکەیت و لە پڕێکدا دەزانیت کە چاوەکانی کراوەن و بە چاو قایمیەکەوە لە تۆ دەڕوانن. دوور دەکەویت و کلکت بەنێو لاقەکانتدا شۆڕدەکەیت. کاتێك دەگەڕێیتەوە دەبینیت هۆنراوەکە دیار نەماوە.

(٣)

هۆنراوەکە لە سەرتدا تەواوە، باڵاشۆخ و شەنگەکەی ڕەشە، لەسەر بۆشاییە سپیەکەی مێشکت بەرز بۆتەوە. هەموو دێڕێك لەوێ ئارامە، یادکردنەوەی ئاسانە، دێڕەکە دێڕەکەی پێشوو پێشووتریش دەهێنێت. وەکو ئاوازێك کە پاش ووتنی بەشی یەکەم نەك بەر لە ئەو دەستبەجێ بەشی دووهەمی دەچرپێت، هەموو بەیەکەوە تەواو گرێدراون. بەڵام کاتێك قەڵەم هەڵدەگریت، شێوەکە لێڵ دەبێ و کاڵ دەبێتەوەو لە نێو کەمتەرخەمیدا سەرسم دەدات. هەست بە هۆنراوەکە دەکەیت کە هەڵدێت. ناتوانی بە پێی خێرایی ئەوەوە بڕۆیت. بە پەرچووێك هەموو پارچەو تەڵاشەکان چاك دەکەیتەوە و دەتوانیت بە پێی سیستەمی گونجاویان ڕێکیان بخەیت. وا دەزانیت کە ڕزگار کراویت. بەڵام هۆنراوەکە بەو شێوەیە جوان نیە کە لە سەری خۆتت هەڵگرتووە. شپرزەو ددان شاشە: لە نێو لاپەڕەکەدا نیگایەکی تاوانبار کردنت بۆ بەرز دەکات و دەڵێ: ((سەیر بکە چ ئاشووبێکت ناوەتەوەو ببینە دەتوانیت چی بە من بکەیت. ئەمە دوا هەلی تۆیە. لە دەستی مەدە)). دڵ پڕ بە پێزانینەوە قۆڵی لێ هەڵدەماڵی و دەست بەکار دەبێت.

لسیل مۆلەر/ ژنە شاعیرێکی ئەمەریکیە، ساڵی ١٩٨١ خەڵاتی (باشترین کتێبی شیعر)ی وەرگرتووە. ئەم بابەتە لە کۆمەڵە شیعری (پێویستی بە خامۆش بوون)ەوە وەرگیراوە.
(وەرگێڕی عەرەبی)

# زاراوەی گەلاویژ

## پارادۆکس

پارادۆکس وتەیەکە کە بە روو دژی خۆی دەبێتەوە و پووچ دێتە پێش چاو، بەلام لە پشت پەردەی دەرەوەی راستییەکی شاراوە هەیە.

لە پەخشاندا، پارادۆکس رەنگوبۆیەکی گاڵتەئامێزی هەیە.

وێنەی پارادۆکس یا پێکهاتەی پارادۆکس ئەوەیە کە دوو وشە بە شێوەیەکی دژ تێکەڵی یەکتر بن. جۆرێك لە ناگونجانی لە پارادۆکسدا هەیە. لە وشەدا وێنەیەك دەرئەکەوێ کەسەلماندن و دژ بە سەلماندنی تیا دەرئەکەوێ وەك هەیەو نییە. تەنانەت لە ژیان و زمانی دەرۆیشەکانیشدا پارادۆکس هەیە بە تایبەتی لە حاڵەتی سۆزو حاڵێهاتندا جۆرێك شت دەرئەبڕن بە زاهیر شتێکەو بە حەقیقەتی ناوەوەیشی شتێکی تر.

## سەردەمی ژدانۆف

سەردەمی ژدانۆف بە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٦ - ١٩٤٨ دەوترێت کە ئەندری ژدانۆفی شورەوی تەنگی بە نووسەرەکانی سۆفیەت هەڵچنی و کارێکی خراپی خستەسەر سەربەستی وجموجوڵیان. نوسەران هەندێکیان بەوە رازینەبوون لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبی شیوعیدا هێزو خەیاڵی ئەدەبییان بەند بکەن.

لەو نوسەرانەی دژی سیاسەتی سۆفێتی دژ بە سەربەستی ئەدەبی جوڵانەوە: ئانا ئاخماتۆفا، ئوسیب ماندلشتام، میخائیل زۆشچنکو، بوریس باسترناك و سۆلژنیتسین.

## بونیادی قووڵ

بونیادی قووڵ دژی سەربونیادە کە پەیوەستە بە چەمکێکی ئیدیۆلۆجیانەوە، بونیادی قووڵ هەواڵەی سایکۆلۆجیای ناخمان دەکات، ماناکەشی لە مانای شەرعیەتەوە نزیکدەبێتەوە.

چەمکی (قووڵیش) چەمکێکی رێژەییە، چونکە هەموو بەرهەمهێنانی گوتار ئامێزە و بە دوای قووڵترین سادتدا دەگەرێ.

# چالاکیەکانی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ

## لە دووریتان عەتر لە نزیکیتان عەزاب

* رۆژی شەممەی ٢٠٠١/٤/٧ کات ٤:٣٠ی پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ چوارشاعیر سازکرد (مینە، ئەرخەوان، سابیر صدیق، یاسینی فەقێ سەعید) شاعیرەکان یەك هاوڕێ شاعیرەکەی



تری پێشکەش دەکرد، ئەم شاعیرە بەڕێزانە بەزیاتر لە دەقێك کۆڕەکەیان رازاندەوە، جەماوەرێکی بەرچاو لە ئەدیب و نوسەران و ئەدەبدۆستان ئامادەبوون، ئەم کۆڕە نزیکەی کاتژمێرو نیوێکی خایاند.

* بە مەبەستی خستنە رووی رۆڵی ئەو بزوتنەوەو بیروباوەڕە ئایینیانەی کە لە مێژووی کورددا دەوری بەرچاویان هەبوو، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ لە درێژەی چالاکیەکانیدا، لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك) و بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە نووسەران و رۆشنبیران، سێ ئێوارە کۆڕی سازکرد بەم شێوەیە:

١) (هەقە، بزوتنەوەیەکی ئایینی سیاسی کۆمەلایەتییە) بۆ بەڕێز (مستەفا عەسکەری) رۆژی یەکشەممە ٢٠٠١/٥/١٣، لەم کۆڕەدا بەڕێزی سەرەتا بەکورتی باسی لە مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی هەقە کرد، پاشان رۆڵی بزوتنەوەکەی لە مێژووی خەباتی سیاسی و کۆمەلایەتی خەڵکی کوردستان بۆ ئامادەبووان روونکردەوە، کۆڕەکەش لە لایەن بەڕێز (کاوە حاجی عەزیز)ەوە بەڕێوەبرا.

٢) (ئێزدیاتی، بیروباوەڕ - مێژوو - تێکۆشان) بۆ بەڕێز (خەیری شەنگالی) رۆژی دووشەممە ٢٠٠١/٥/١٤، لەم کۆڕەدا بەڕێز (خەیری شەنگالی) بەچڕی و وردی باسی لە بیروباوەڕو دابونەریتی ئێزدیەکان کردو سەرنجی ئامادەبووانی بۆ گەلێك لایەنی گرنگی ئەو بیروباوەڕە راکێشا، پاشان باسی لە تێکۆشانی ئێزدیەکانی کرد لە مێژووی کوردو شۆڕشە یەك لە دوا یەکەکانی گەلی کورددا، هەروەها باسی لەو ستەم و دەستدرێژیانە کرد کە بە درێژایی مێژوو کراونەتە سەر ئێزدیەکان. ئەم کۆڕەش لە لایەن بەڕێز (سەلاحە رەش)ەوە بەڕێوەبرا.

٣) (کاکەیی لە پەراوێزی مێژوودا) بۆ بەڕیز (سەید شەماڵ) رۆژی سێ شەممە (٢٠٠١/٥/١٥)، لەم کۆڕەدا بەڕێزی بە کورتی و چڕی باسی لە مێژووی کاکەییەکان کردو رۆڵی کاکەییەکانی لە مێژووی تێکۆشان و شۆڕشەکانی کورددا خستەروو. ئەم کۆڕەش لە لایەن بەڕێز (کاوە حاجی عەزیز)ەوە بەڕێوەبرا.

جێگەی باسە لە کۆتایی هەرسێ کۆڕەکاندا، دەرگای گفتوگۆ و پرسیار بۆ ئامادەبووان ئاوالاکراو ئازادانە بیروڕاکان ئالوگۆڕ کران و، هەریەك لە کۆڕەکان نزیکەی دوو سەعاتی خایاند.

سەعات (٥)ی پاشنیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە ٢٠٠١/٤/٢٦، لە هۆڵی (دیالۆگ)ی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك)و، بە ئامادەبوونی

ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و ئەدەبدۆستان، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ سێ شاعیری عەرەب و خاتوو ئەرخەوان بە زمانی عەرەبی. رێکخستن، شاعیرە عەرەبەکان کە لە بەڕێزان (حمید مراد، نجم الخطاب، عادل هلال) پێکهاتبوون، هەریەکەیان بە دوو قەسیدە بەشداری کۆڕەکەیان کردو، کۆڕەکەش لە لایەن خاتوو (ئەرخەوان)ەوە بەڕێوەبرا....

## مەولانا خالیدی شارەزووری... رەوتەنییەکی نێوەندی حەقیقەت و عیرفان

لە زنجیرە چالاکیە ئەدەبیەکانیدا و، لە یادی



(١٧٥) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەدیب و رووناکبیری گەورەی کورد (مەولانا خالیدی شارەزووریدا، (سەعات (٤:٣٠)ی پاشنیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠١/٤/١٥ لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان) بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، لە ژێر ناونیشانی (مەولانا خالیدی شارەزووری... رەوتەنییەکی نێوەندی حەقیقەت و عیرفان) ئێوارە کۆڕێکی بۆ بەڕێزان:

١. پرۆفیسۆر د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ لەژێر ناوی (مەولانا خالید لە مێژووی کورددا).

٢. کاک سەلاحەدینی موهتەدی لەژێر ناوی (مەولانا خالید و زمانی فارسی) سازدا.


هەریەك لەو بەڕێزانە بە لێکۆڵینەوەیەکی پوخت و سودمەند بەشداری ئەو ئێوارە کۆڕەیانکرد و گەلێك لایەنی شاراوەو پڕمانای ژیان و شیعرەکانی مەولانا خالیدیان بۆ ئامادەبووان روونکردەوە لە کۆتایشدا ئامادەبووان بە سەرنج و تێبینیەکانیان هێندەی‌تر کۆڕەکەیان رازاندەوە.

جێگای باسە ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و رۆشنبیران ئامادەی کۆڕەکە بوون.

## بۆ؟ دیبانی نیو دەولەتی لەبارەی مۆدێرنێتەوە لە ئارادایە

لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەداو لە درێژەی چالاکیەکانیدا، سەعات (٥) پاشنیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠١/٥/١٧ لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان و بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و رووناکبیران. ئێوارە کۆڕێکی فیکریی بۆ رووناکبیری دوورە وڵات (ئازاد حەمە) سازکرد.


لەو ئێوارە کۆڕەدا بەڕێز (ئازاد حەمە) بەچڕیی‌و پوختی لەبارەی بیری مۆدێرنێتەوە دواو، ئاکامەکانی



ئەو بیرەی لە جیهاندا بۆ ئامادەبووان روونکردەوە.

دوابەدوای کۆڕەکە دەرگای گفتوگۆ بۆ ئامادەبووان ئاوالاکراو ئازادانە بیروڕاکان ئالوگۆڕ کران. کۆڕەکەش لە لایەن بەڕێز (عەتا قەرەداخی)یەوە بەڕێوەبرا.

جێگای باسە کاك (ئازاد حەمە) ساڵانێکە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیەو ئێستا خەریکی نوسینی نامەی دکتۆرایە لە بارەی بیری (پۆست مۆدێرنێتە)وە.



## کۆڕێک بۆ دەرهێنەری گەورەی کورد (بەهمەن قوبادی)

سەعات (٣:٣٠)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٢١ لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ك) و بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە سینەماکاران و هونەرمەند و ڕۆشنبیران، کۆڕێکی ڕووبەڕوو بۆ دەرهێنەری گەورەی کورد (بەهمەن قوبادی) سازدرا... سەرەتا بەڕێز (عەباس عەبدولرەزاق)، هونەرمەند (بەهمەن قوبادی) بە ئامادەبووان ناساند، پاشان (قوبادی) بە کورتی باسی سەرەتای ژیانی خۆی و تەمەنی هونەریی کرد... ئینجا باسی فیلمە بەناوبانگەکەی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان)کرد، کە خاوەنی خەڵاتی کامێرای ئاڵتونی فێستیڤاڵی (کان)ە، هەروەها لە یانزە فێستیڤاڵی تردا بەشداری کردووەو خەڵاتی هەر یانزەیانی بەدەستهێناوە. ئەم فیلمە چەندین ملیۆن دانەی لێفرۆشراوە لە جیهاندا. پاشان دەرگای گفتوگۆ خرایە سەرپشت و چەندین پرسیار لە بارەی پێشکەوتنەکانی سینەمای جیهانی و فیلمی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان) ڕووبەڕووی هونەرمەند (بەهمەن قوبادی) کرایەوە، بەڕێزیشی وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی دایەوە. (قوبادی) گوتی (ساتێك بۆ مەستی ئەسپەکان، بەو سەرکەوتنەی بەدەستی هێنا کارەکانی منی گەلێك قورستر کردو، وایلێکردم کەلەمەودوا زیاتر بە لێپرسراویەتییەوە کار بکەم و هەوڵبدەم کاری سەرکەوتووتر پێشکەش بکەم) هەروەها گوتی (من نە لە پێناوی هونەردا هونەردەکەم و نە لە پێناوی سیاسەتدا هونەر دەکەم، بەڵکو لە پێناوی گەلەکەمدا هونەردەکەم، هیوادارم لەو ڕێگایەوە بتوانم خزمەت بە گەلەکەم بکەم...)

جێگای باسە دەرهێنەری گەورەی کورد (بەهمەن قوبادی) خاوەنی (٣٥) فیلمی سینەماییەو تا ئێستا (٦٨) خەڵاتی ئێرانی و جیهانی بەدەستهێناوە.

## کۆمەڵەی توێژینەوەی ڕۆشنگەری، دووەمین وەرزی چالاکی

کۆمەڵەی توێژینەوەی ڕۆشنگەری، لە دووەمین وەرزی چالاکی خۆیدا لە هۆڵی دیالۆگی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، هەڵسا بە سازدانی سێ ئێوارە کۆڕ بۆ ئەم بەڕێزانە:

١) ڕۆژی دووشەممە (٢٠٠١/٤/١٦) کۆڕێك بۆ بەڕێز (هاوژین مەلائەمین) بە ناونیشانی (ئیسلام و سۆسیالیزم) سازدرا.. لەم کۆڕەدا کاك هاوژین بە وردی باسی لە جیاوازییەکانی (دین بە گشتی و دینی ئیسلام بە تایبەتی لەگەڵ سۆسیالیزم)دا کردو چەند خاڵێکی گرنگی خستەڕوو.. کۆڕەکەش لە لایەن بەڕێز (ئەرسەلان ئەحمەد)ەوە بەڕێوەبرا.

٢) ڕۆژی سێشەممە (٢٠٠١/٤/١٧) کۆڕێك بۆ بەڕێز (جەمال حسێن) لەژێر ناوی (ناسیونالیزم و ئیسلامگەرایی) سازدرا... سەرەتا کاك جەمال بە کورتی و چڕی باسی لە هەرسێ تەوژمە بەناو بانگەکەی بیری ناسیونالیزم کرد لە جیهاندا (١- بیری ناسیونالیزمی شۆڕشی فەرەنسی ٢- قوتابخانەی ئەڵمانی ــ ئیتاڵی ٣- مۆدێلی ئیدۆلۆژیا) ــ پاشان باسی لە ناسیونالیزمی عەرەبی کرد کە بە چ شێوەیەك سودیان لە دینی ئیسلام


وەرگرتووەو بۆ مەبەستەکانی خۆیان بە کاریان هێناوە... ئەم کۆڕەش لە لایەن بەڕێز (راسان موختار)ەوە بەڕێوەبرا.

٣)ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠١/٤/١٨) کۆڕێك بۆ بەڕێز (ئارام قەرەداخی) لە ژێر ناوی (ئیسلام و دیموکراسی) سازدرا... لەم کۆڕەدا کاك ئارام لە جیاوازی سورەتە (مکی و مەدینە)ییەکان دواو گوتی (سورەتە (مکی)یەکان بە زمانێکی نەرم و لەسەرخۆ دەدەوێن و ئازادییەکی تەواویان داوە بە مرۆڤەکان... بەڵام بە داخەوە بە درێژایی مێژووی ئیسلام ئەو سورەتانە پشتگوێ خراون و کاریان پێنەکراوە..) ئەم کۆڕەش لە لایەن بەڕێز (ئەرسەلان ئەحمەد)ەوە بەڕێوەبرا.

شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە نوسەران و ڕۆشنبیران ئامادەی کۆڕەکان بوون و لە کۆتایی هەرسێ کۆڕەکانیشدا دەرگای گفتوگۆ ئاوالاکرا بۆ میوانەکان و ئازادانە بیروڕاکان ئاڵوگۆڕکران...

## سەرەتایەك لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن

چاپی دووەمی کتێبی ـ سەرەتایەك لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن ـ کە نووسەری کورد خوالێخۆشبوو جەلال




تەقی لە ڕووسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی لەسەر ئەرکی کتێبخانەی ـ بەستە ـ کەوتە کتێبخانەی کوردیەوەو جێگای بیر خستنەوەیە کە چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە لایەن چاپەمەنی زامواوە ئەنجام درابوو


ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا هەرسێ نووسەری ناسراوی ڕووسیا (أ.س. ئەخماتۆف و ... ن.ی. گرابەر پاسیك و... ف أ. پیترۆفسکی) بە زمانی ڕووسی نووسیویانە.

خوالێخۆشبو مامۆستا جەلال تەقی لە پێشەکی وەرگێڕانەکەیدا دەڵێ: ئەو کتێبەی ئەم چەند بابەتەم لێ هەڵبژاردووەو وەرگێڕاوەو پێشکەش خوێنەری بەڕێزی ئەکەم، لەسی بەرگی قەبارەی گەورەو بابەتی زۆر پێك هاتووەو لە لایەن ئەکادیمیای زانیاری سۆڤیەتی‌یەوە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ ـ ١٩٦٠دا لە مۆسکۆ چاپ کراوە. بێ گومان جێی شانازی‌یە کە دەزگایەکی گرنگی وەك ئەکادیمیای سۆڤیەتی بۆی چاپ کردوون. ئەوەی پێشکەشی بەڕێزتانی ئەکەم بەشێکی زۆر کەمە لەو بەرهەمە گەورەیە بەڵام بێ دەسکاری ئەو بەشە. هیوادارم کەڵکێکی کەمم گەیاندبێ و جێی ڕەزامەندی تۆی بەڕێز بێ ـ ئەی خوێنەری هێژا.

ئەم کتێبە بریتی‌یە لە سێ بەشی و باسی سەرەتایەك لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن دەکات و بەوردی لێی دەکۆڵێتەوەو وەرگێڕانی ئەم کتێبە پڕ کردنەوەی کەلێنێکی گەورەیە لە کتێبخانەی کوردی‌دا.

## کورد و نیشتمانەکەیان

(کورد و نیشتمانەکەیان) کتێبێکە سەرهەنگ عەبدولوەحید نووسیویەتی و کاك حەمە صالح حاجی مەلا لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی و لەسەر ئەرکی کتێبخانەی بەستە چاپ کراوە. وەرگێڕی ئەم کتێبە بەڕێز حەمە صالح حاجی مەلا لە پێشەکی‌یەکەیدا کە بۆ وەرگێڕانە کوردی‌یەکەی نووسیویەتی دەڵێ: ئەمەی لەبەر دەستدایە هەوڵی ئەفسەرێکی سوپای پاکستانییە، وا پێدەچێ ماوەیەك لە عێراقدا ماوەتەوە... هەروەها دەڵێ: کتێبەکە هەندێك زانیاری مێژوویی تیایە. پێم وایە




بەزۆری پشتی بە سەرچاوە بیانییەکان بەستووە سەرەڕای گەڕانی بە ناوچەکانی کوردستاندا... ئەنجا دەڵێ: ئێمە دەقاو دەق گۆڕیمانە سەر کوردی بە نیازی ئەوەی ئەگەر شتێکی تازەی تیابێت سوودی بۆ گەلەکەمان هەبێت.

سەرهەنگ وەحید لەم کتێبەدا باسی ئاین و مەزەبە ئاینییەکانی نەتەوەی کوردو ژمارەی کوردو زمانی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی و جوگرافیای کردوستان و سەرچاوە ئابوورییەکانی کوردستان و رەگ و ریشەی کوردو سەردەمی جووڵانەوەی فیکری کوردو سەلاحەدینی ئەیوبی و هەندێ لە شۆڕشەکانی کورد دەکات.

بەراستی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی کارێکی گرنگە لە رووبەری وەرگێڕاندا و خوێنەر لەم کتێبەدا هەندێ شتی نوێی لە مێژووی شاراوەی کورد بۆ ئاشکرا دەبێ.

## زەردەشت و جیهانی خۆرئاوا

زەردەشت و جیهانی خۆرئاوا کتێبێکە لە نووسینی — دوشن کیمن — و کاک جەمال ئەحمەدزادە لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی و لەسەر ئەرکی کتێبخانەی — بەستە — لە چاپ دراوە.

ئەم کتێبە بریتییە لە شەش فەسڵ و لە بەشی یەکەمدا باسی لێکۆڵینەوەکانی ئێران ناسی دەکا لە رۆژگارانی کۆن داو لە فەسڵی دووهەم دا باسی هیندو ئێرانی کۆن دەکات و لە فەسڵی سێیەمدا باسی بنەماو رەوشتی ئیمان سەپاندن لە چەند روویەکەوە دەکات و لە فەسڵی چوارەمدا باسی خودای گەورەی ئاینی زەردەشتی دەکات و لە فەسڵی پێنجەمدا باسی ئێران و یۆنان شیدەکاتەوەو لە فەسڵی شەشەمدا باسی ئێران و ئیسرائیل و ئایینەگەنووسییەکان دەکات لە کۆتایشدا باسی ژیاننامەی ـ ئانکتێل دۆپرۆن ـ دەکات و هەروەها بیروڕای زانایانی یۆنانی کۆن لە بارەی زەردەشتەوە شیدەکاتەوەو گەلێ لایەنی شاراوەو نادیار لە ژیانی زەردەشت و ئاینی زەردەشتی روون دەکاتەوەو دەوری گەورەو گرنگی زەردەشت و ئاینەکەی لەو سەردەمەدا دەخاتەروو لێی دەکۆڵێتەوە.



## ئاوێزان

کۆمەڵە چیرۆکێکی برای چیرۆکنوس مامۆستا (جیهان عومەر)ە، کە بە قەبارەیەکی بچوك و لە دوو توێی (٤٤) لاپەڕەدا بە چاپی گەیاندووە، لە (٥)




کورتە چیرۆك و (٣٤) کوتیلە چیرۆك پێکهاتووە.

جێگای باسە مامۆستا (جیهان عومەر) یەکێکە لە ناوە دیارەکانی چیرۆکنوسانی حەفتاکان و، جگە لە کۆمەڵە چیرۆکی (ئاوێزان) ئەم بەرهەمانەشی بە چاپ گەیاندووە.

١ـ شۆڕشی گوێ بەندەرەکە ـــ وەرگێران لە عەرەبیەوە.

٢ـ زەردەخەنەی ژیان ـ کۆمەڵە چیرۆك.

٣ـ وێنەی باوەشی دیوارەکان ـ کۆمەڵە چیرۆك.

٤ ـ کاروانێکی نوێ ـ کۆمەڵە چیرۆك.


هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازین.

تۆ.. ئەی ئەو پیرەمێردە کوێرەی
شەوگار بەبۆنی سروەکانیدا دەناسیتەوە
بە ئاهەنگی چۆلەکەکان بۆ بەیانی پێدەکەنیت
کێ وەك تۆ لەشکۆی هەتاو، سرودی زولاڵی رووبار تێدەگات؟
بەگەڕانی پەنجەکانتدا دیارە، دڵنیایت
ژیان زۆر نهێنی ماوە........

## ئەفسانەکانی ژیان

ناونیشانی کۆمەڵە شیعرێکی کاك (نەبەز ڕەزا)یە، کە لە دووتوێی (١٣٨) لاپەڕەدایەو، بە چاپێکی قەشەنگ، کەوتە بەردەیدەی خوێنەران. ئەم دیوانە (٤٨) شیعری لەخۆ گرتووەو ئەزمونی ساڵانی ١٩٩١ - ٢٠٠٠ی شاعیرەو، ژمارەی سپاردنی وەزارەتی رۆشنبیری (١٤)ی ساڵی ٢٠٠١ی پێدراوە و لە چاپخانەی ژیر لە چاپ دراوە.

هیوای سەرکەوتن بۆ کاك (نەبەز ڕەزا) دەخوازین.



## له ژمارەی داهاتوودا

## بابەتی ئەم نووسەرانە بڵاودەکرێنەوە:

١- قوتبەدینی صادقی.
٢- ئەیوب رەزا.
٣- ئەحمەد بەحری.
٤- لەتیف هەڵمەت.
٥- لوقمان رەشیدی.
٦- کوێستان حەمە رەسوڵ.
٧- صەلاح جەلال.
٨- محەمەد ئەمین عارف.
٩- عوسمان سەید قادر.
١٠-قادر وریا.
١١- جەلال مەحمود عەلی.
١٢-ئاوات ئەحمەد.
١٣-ئەنوەر عەلی قادر.
١٤- ئاوات محەمەد.
١٥-بەختیار سەعید.
١٦-رەحیم لوقمانی.

- مەلەفێک دەربارەی رۆمان نوس:

أ) صنع الله ابراهیم.

ب) جەستەو رۆشنبیریی.